عیزەدین ئیبن ئەسیر

تەواوی مێژوو

بەرگی دووەم

وەرگێڕانی

زاهیر محەمەد ڕەشید

پێداچونەوەی

پرۆفیسۆری یاریدەدەر د.یاسین سەردەشتی

تەواوی مێژوو

بلاْوكراوەی خانەی چاپ و بلاْوكردنەوەی چوارچرا
زنجیرەی ١٥٧
ناونیشان / سلێمانی —سەرەتای شەقامی مەولەوی — بەرامبەر پالاْس
مۆبایل ئاسیا ٠٧٧٠١٥٧٥٠٦٧ — سانا ٠٧٥٠١١٢٨٣٨٨

نرخی ٧٥٠٠ دیناره

تەواوی مێژوو

نوسینی: ئیبن ئەسیر

وەرگێڕانی: زاهیر محەمەد رەشید

بەرگی دووەم

چاپی دووەم

سلێمانی

٢٠١٠

بەناوی خوای جوانکاری بونەوەر

پێناسی کتێب

ناوی کتێب : تەواوی مێژوو

بابەت :مێژوویی

بەرگی: دووەم

نوسینی: ئیبن ئەسیر

وەرگێڕانی: زاهیر محەممەد رەشید

تایپ: نژۆ مستەفا

نەخشەسازی: چوارچرا

نۆبەتی چاپ :چاپی دووەم سلێمانی ٢٠١٠

چاپخانە : چوارچرا

دیزاینی بەرگ: هەرێو عوسمان

تیراژ :١٠٠٠ دانە

ژمارەی سپاردن (١٢٥٢) ساڵی (٢٠٠٨) پێدراوە

پێرست

شاپوور كوڕی ئەردەشیر كوڕی بابەك

كاتێك ئەردەشیر كوڕی بابەك مرد، كورەكەی شاپور لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشت. ئەردەشیر لەكوشتنی ئەشكانییەكان سنوری بەزاند. بۆ لەناو بردنی ئەوان قۆڵی هەڵكرد. هۆكاری ئەم كارە سوێندی باوەپیارەی، ساسان بوو كە: ئەگەر ڕۆژێك فەرمانڕەوایەتی بگرێتەدەست، لەنەژادی ئەشك كوڕی حەرە یەك كەس بەزیندووی ناهێڵێتەوە. ئەم سوێندەی لەسەر كورەكان و پاشاكانی داهاتووی ئێران كردە فەرمانێكی پێویست. یەكەم كەس لەبنەماڵەی ئەو كە لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشت، ئەردەشیر بووە كە هەموو ئەشكانییەكانی بەپیاو و ژن لەتیغی شمشێر گوزەراند. جگە لەكچێكی جوان لەپاشا كوژراوەكان كەلەپایتەخت بینی و شەیدای بوو. ئەو لەنەژادەكەی پرسی و كچ وتی پەرەستاری یەكێك لەهاوسەرانی پاشایە. لێی پرسی كچە یا مێردی بینیوە. وتی: كچم. ئەردەشیر ئەوی وە كوڕی هاوسەر هەڵبژارد و لەهەمان كات نزیكی لەگەڵ كرد و كچ دووگیان بوو.

كاتێك زانی لەپاشا سكی پڕبووە و ناكوژرێت، لەنەژادی خۆی ئاگاداری كردەوە (كەكچی ئەشكە). پاشا لێی سڵەمیەوە و هێرجەد كوڕی ئەسامی بانگ كرد كەپیرەپیاوێكی بەتەمەن بوو. لەراستی ڕوداوەكە ئاگاداری كردەوە و فەرمانی پێدا، ژنەكە بكوژێت تا سوێندی باووباپیرانی بەجێبێنێت. پیرەپیاو كچی برد بۆ ئەوەی بیكوژێت بەڵام كچ لەدوو گیانی خۆی لەپاشا ئاگاداری كردەوەكردەوە. هێرجەد پەرەستارەكانی بۆ ئەوەی ڕاستیی وتەكانی ئەوی بۆ دەركەوێت و مامانەكان جەختیان لەسەر دووگیانی ئەو كردەوە. پیرەپیاو ئەو ژنە جوانەی بردە ژێرزەمینێك و دواتر عەورەتی خۆی بڕی و خستییە ناو كیسەیەك و مۆری كرد و هاتە لای پاشا. پاشا پرسی: چیت كرد؟ پیرەپیاو وتی: ئەوم خستە ژێر زەوی. ئەوسا پیرەپیاو كیسەكەی تەسلیم بەپاشا كرد و داوای كرد مۆری خۆی لێبدات و بەگەنجینەی بسپێرێت. پاشا ئەو كارەی كرد.

ئەو كچە، كوڕیكی هێنایە دنیا. پیرەپیاو پەسەندی نەكرد ناوێكی نزمتری لەپاشای لێ بنێت. هەروەها ترسا لەمناڵییەوە ئەم نهێنییەی لا بدركێنێت. لەبەر

ئەوە، ئەستێرەی ئەوی بانگ کرد و ژماردی و ئەوی ناونا شاپوور (شاهپور، شاهزادە) کە هەم ناو بێت و هەم نیشان. یەکەم کەس بوو بەم ناوە بانگ کرا.

ئەردەشیر مایەوە و منالی نەبوو. رۆژێك پیرەپیاو کە ئەو منالە (شاپوور) لای ئەو بوو، هاتە لای ئەردەشیر و ئەوی بەخەمبار بینی. پرسی: پاشا چ خەمێکی هەیە؟ ئەردەشیر وتی: بە شمیشێری خۆم هێرشم کردە سەر رۆژ ئاوا و رۆژ هەلات و سەرکەوتم بەشێوەیەك پاشایەتی باوکانم بۆمن بەهێز و سەقامگیر بوو. ئێستا دەمرم و منالم نییە. پیرەپیاو پێی وت: پاشا، خوا پایەدارت بکات! تۆ لای من کوڕێکی پاك و گرانبەهات هەیە. ئەو کیسەی لای تۆ دامنا، بیهێنە تا نیشانییەکەی نیشانی تۆ بدەم. ئەردەشیر کیسەکەی هێنا و کردیەوە. عەورەتی پیرەپیاوەکە و نامەیەکی تیا بینی. نوسرابوو: کاتێك کچی ئەشك ئاگاداری کردمەوە لەپاشا دووگیانە و شای شاکان فەرمانی دابوو بیکوژم، بەرموام نەزانی ئەو منالە پاکەی پاشا لەناو ببەم. بەهەمان شێوە کەفەرمانتان دابوو، بەژێرخاکم سپارد (بردمە ژێر زەمین و لەوێدا هێشتمەوە). خۆیشمان بەشێوەیەك پاك کردەوە تا هیچ زیانێك نەتوانێت ئەو مانگ روخسارە بگەزێت(نەتوانێت تاوان بۆ ئەو هەڵبەستێت یا تەمای تێبکات). ئەردەشیر فەرمانیدا لەگەڵ شاپوور سەد کور(بەوتەی دەستەیەك کەس هەزار کوڕ) لەهاوتەمن و هاوشێوەکانی ئەو لەپەیکەر و ئەندام کۆبکەنەوە و دواتر هەموویان برۆنە لای و هیچ نیشان یا جل و بەرگێك ئەوان لەیەك جیا نەکاتەوە. پیرەپیاو ئەو کارەی کرد. کاتێك ئەردەشیر سەیری کرد، لەناویاندا کورەکەی خۆی ناسییەوە. ئەوسا گۆی و چەوگانیان پێدان تاگەمە بکەن. پاشا لەهەیوان دانیشتبوو. گۆی کەوتە ناو هەیوانەکە و کوڕەکان نەیاندەوێرا برۆن و بیهێننەوە. لەناو ئەوان شاپوور هەنگاوی بردە پێش و رۆشتە ناو هەیوانی پاشا. ئەردەشیر لەبوێری ئەو هەستی بەنەژادی ئەو کرد. زانی کورەکەیەتی. پرسی: ناوت چییە؟ وتی : شاپوور.

کاتێك کوڕەکەی بینی لەناو خەلکان ئاشکرای کرد و تاجی پێ بەخشی.

ئەو پیاوێکی بیرمەند و قسەزان و فرەزان بوو. کاتێك پاشا مرد و تاجی خستەسەر، سامانەکانی لەنێوان خەلکانی دوور و نزیك دابەش کرد و لەگەڵ ئەواندا

هەڵس و کەوتی باشەی گرتەبەر. کردەوە باشەکانی ئەو دەرکەوت و بوو بەسەروەری هەموو پاشاکان. ئەو شاری نەیشابور و شاری شاپوور (ئەمیان لە فارس) و فیروز شاپوور – لەئەنبار- و جوندی شاپووری دروست کرد.

دەڵێن: بۆ ماوەیەك لەنەصیبین گەمارۆی خستە سەر رۆمیەکانی. لەم کاتەدا لەپانتایی خوراسانەوە هەواڵێکی بەدەست گەیشت کەپێویست بوو خۆی بۆ چارەسەر کردنی بڕوات. رۆشت و ئارامی بۆ ئەو ناوچە گێرایەوە، دواتر گەرایەوە نەصیبین و دوبارە گەمارۆیدا. دەڵێن دیواری شارەکە لەبەرابەر ئەو دارِما و کەلێنێك دروست بوو و لەوێوە رۆشتە ناوشار. زۆری کوشت و تالآنی زۆری کرد. دواتر رویکردە شارەکانی شام و دەستی بەسەر زۆربەیاندا گرت کەلەناویاندا فالوقیە و قدوقیە (قالونیە و قودقیە)دەبینران. لەشاری ئەنتاکیە گەمارۆی خستە سەر پاشای رۆم و دیلی کرد و هاورێ لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر، ئەوانی هێنا بۆ ئێران لەجوندی شاپوور نیشتەجێی کردن.

داستانی شاری حزر

لەکوێستانی تکریت لەنێوان فورات و دیجلە شارێك بوو پێیان دەوت حزر و پاشایەك کە بەساتروون ناویان دەبرد. ئەو لەجەرمەقیان(جەرامیقە)بوو. عەرەبەکان پێی دەڵێن ضیزن. ئەو لەهۆزی قوزاعە بوو. بەسەر دورگەکەدا فەرمانرەوایەتی دەکرد و سوپای زۆری کۆکردبوویەوە. کاتێك شاپوور لەخوراسان بوو، ساتروون هێرشی کردە سەربەشێك لەپانتاییەکانی سواد. کاتێك شاپور گەرایەوە، لەم کارەی ساترون ئاگاداریان کردەوە. شاپوور هێرشی کردە سەر و بۆ ماوەی چوار ساڵ و بە وتەی دەستەیەك کەس بۆ ماوەی دو ساڵ گەمارۆیدا بەلآم نەیتوانی قەلآکەی تێك بشکێنێت یا بڕواتە ناو قەلآکەی.

ضیزن کچێکی بووبەناوی نەزیرە. ئەو نەخۆشی مانگانەی گرت هاوشێوەی نەریتی ئەو رۆژگارە، بردیانە دەوروبەری شار. یەکێك لەجوانترین ژنانی جیهان بوو و شاپوور یەکێك لەجوانترین پیاوەکان. هەرکام لەم دووانە یەکیان بینی و عاشقی یەك بوون. کچ بۆ شاپوور پەیك و پەیامی نارد: ئەگەر چۆنیەتی تێکشکاندنی

دیوارەکانی شار بەتۆ بڵێم، چی بەمن دەبەخشیت؟ شاپوور وەڵامی دایەوە: سەروەری بەتۆ دەبەخشم و لەپێشی لەژنانیتر. کچ پەیامی دا: کۆترێکی خۆڵەمێشی رەنگ بگرە و تەوقی بکەرە ملّ و بەخوێنی مانگانەی کچێکی چاوشین لەسەر قاچی بنووسە و بەرەڵای بکە. ئەو کۆترە دێتە سەر دیواری شار و دەروخێت. نهێنی جادووەکەی ئەمەبوو. ئەم کارەی کرد و دیواری شار دارما وبەزۆری شمشێر دەستی بەسەردا گرت. زیزن و هاورێکانی کوشت. لەوان کەس نەمایەوە بناسرێتەوە. شارەکەی وێران کرد و نەزیرەی کردە هاوسەری خۆی و لەعین التمر ل باوەشیدا تۆخزنی گرت. کچ سەراسەری شەو لەتاو ئازار دەتلایەوە و ئەردەشێر هەرچەندە هەوڵیدا، هەستی بەهۆکاری ئازارەکەی نەکرد. لەم کاتەدا پەڕی گوڵێکی بینی بەسەر یەکێك لەچرچەکانی سکیەوە لکابوو. شاپوور وتی: باوکت بەچی پەروەردەی دەکردی؟ کچ وتی: بەرۆنەکەرە، مێشك، هەنگوین و شەراب. شاپوور وتی: سوێند بەگیانی باوکت، مەگەر نەنەوەی من خێراتر لەباوکت تۆم ناسی! دواتر فەرمانیدا: پیاوێك لەسەر ئەسپێکی سەرکێش سواربوو و پرچە درێژەکانی ئەو کچەی بەکلکی ئەسپەکەوە گرێدا، لەناکاو ئەسپی غاردا و کچی تیکە تیکە کرد. وتاربێژانی عەرەب لەوتارەکانی خۆیان زۆریان ئاماژە بەم زیزنە داوە.

لەرۆژگاری شاپوور مانی زەندیق دەرکەوت و بانگەشەی پێغەمبەرایەتی کرد و خەڵکانێك شوێنی کەوتن کەپێیان دەوترێت مانەوی.

رۆژگاری پاشایەتی ئەو سی ساڵ و پانزە رۆژ درێژەی کێشا. دەستەیەك دەڵێن: سی و یەك ساڵ و شەش مانگ و نۆ رۆژی خایاند.

پاشایەتی هورموزان کوڕی شاپوور کوڕی بابەك

لە پەیکەر و ئەندام هاوشێوەی ئەردەشێر بوو بەڵام وڵاتداری و کارزانی ئەوی تیا نەدەبینرا. پیاوێکی زیاد لەرادە دڵرەق و سەختگیر و بوێر و ئازا بوو. دایکی لەکچەکانی مێهرەك پاشا بوو کە ئەردەشێر کوشتی و هەموو منداڵەکان و کەس و کاری خستە بەردەم تیغی تیژی شمشێر. ئەمە کوشتارەی لەبەر ئەوە بوو ئەستێرەناسەکان پێیان وت لەنەژادی ئەو پاشایەك دێتە سەرتەخت. دایکی بۆ بیابان هەڵات و لای شوانێك مایەوە. شاپور بۆ راو رۆشتەدەر، هەستی بەتینویەتی کرد. ئەو خێوتانەی بینی دایکی هورموز تیایدا دەژیا، شاپور نزیك کەوتەوە و داوای ئاوی کرد.

کچ ئاوی پێدا و شاپوورجوانی سەرسورهێنەری ئەوی بینی. زۆری نەخایاند یەکێك لەشوانەکان گەڕایەوە و شاپوور لەرەچەڵەکی کچەی پرسی. یەك لەوان وتی: کچی منە. شاپوور ئەوی بۆ هاوسەری خۆی هەڵبژارد و بردی و پاکی کردەوە و جل و بەرگی پۆشاند. ویستی نزیکی لەگەڵ بکات بەڵام کچ خۆی بەدەستەوە نەدا و بۆماوەیەك داخی لەسەر دڵی پاشا دانا. کاتێك ئەمەی بینی لەهۆکاری ئەم کارەی پرسی. کچ وتی کچی مێهرەکە و بۆیە ناهێڵێت نەکا لەئەردەشیر زیان بەشاپوور بگات. شاپوور پەیمانی پێدا ئەم نهێنیە بەنهێنی بهێڵێتەوە. لەسەر جێگای خەوت و هورمزی بۆ هێنایە دنیا. شاپوور بەنهێنی هێشتیەوە تا ساڵەکان لەتەمەنی هورمز بەسەرچوو.

رۆژێك ئەردەشیر سوار بوو و بەشێوەیەکی نهێنی رۆشتە ماڵی کورەکەی خۆی شاپوور. کاتێك نۆقرەی گرت، هورمز چۆگان بەدەست بەدوای گۆیدا رایکرد و هاواری کرد. ئەردەشیر کاتێك ئەوی بینی سەری سورما چوونکە لێکچونی زۆری لەنێوان خۆی و ئەو ((وەك جوانی و بەهێزی و ئەندام رێکی)) بینی و پرسیاری ئەوی لەشاپوور کرد. شاپوور بیرمەند هاتەدەرو بیری کردەوە تا تاوانەکەی خۆی بگرێتە ئەستۆ. ئەو هەموو شتێکی بەراستی بۆ باوکی گێرایەوە. ئەردەشیر شادمان و

پێی وت: ئەوەی ئەستێرەناسەکان وتوویانە، لەکورەکەی تۆ(لە نەژادی مێهرەك)) هاتۆتەدی و ئێستا گیانی من نارامی گرت و ئەوی تیایدا بووە (ئەو ترسەی تیای بووە)نەماوە.

کاتێك شاپوور بەپاشایەتی گەشت، هورموزی کردە فەرمانڕەوای خوراسان و ڕەوانەی ئەو سەرزەمینەی کرد. ئەو دوژمنەکانی سەرکوت و تەنیا و سەربەخۆ فەرمانڕەوایەتی کرد. ئاژاوەچییەکان ترسیان خستە دڵی شاپوور کە کورەکەت دەیەوێت تاجی پاشایەتی لەتۆ وەربگرێت. هورموز ئەمەی بیست — و بەپێی ئەوەی وتراوە- دەستی خۆی بڕی و بۆ باوکی نارد. ئەو بۆ باوکی نامەی نوسی کەخراپەخوازی خراپەکارانی بیستوە و ئەم کارەی کردووە تا گومانی نەهێڵێت چوونکە ئێرانییەکان نەریتیان بەم شێوە بوو پیاوێکی زیان دیتوو (یەك دەست، یەك پێ، شەل و...)یان نەدەکردە فەرمانڕەوای خۆیان. کاتێك دەستی بڕاوی کوڕ گەشتە لای باوك، پەرێشان بوو و لەخەمی کور دڵی لەت لەت. ئەو نامەی بۆ هورموز نوسی و ئاگاداری کردەوە لەبڕینی دەستی ئەو چەندە بە پەرۆش و ناراحەتە. ئاڵای پاشایەتی دوای خۆی بۆ ئەو هەڵکرد و کردیە پاشای ئێران زەمین. کاتێك هورموز پاشایەتی گرتەدەست، لەنێوان خەڵك بەدادپەروەری فەرمانڕەوایەتی کرد و ڕاستگۆیی کردە پیشە و درێژەی بەرێگەی باوکانی دا. بناغەی شارستانی رامهۆرموزی دارشت. رۆژگاری پاشایەتی ئەو یەك ساڵ و دە رۆژ درێژەی کێشا.

پاشایەتی بەهرام کوڕی هورموز کوڕی شاپوور

ئەوپیاوێکی خۆراگر و ئارام بوو، مانی زەندیقی کوشت و پێستی داماڵی و پڕی کرد لەکا و لەسەر دەروازەی یەکێك لەدەروازەکانی جوندی شاپوور- ئێستا بەدەروازەی مانی دەناسرێت- هەڵاوسی.

رۆژگاری پاشایەتی ئەو سێ ساڵ و سێ مانگ و سێ رۆژ درێژەی کێشا.

نوێنەری شاپوور کوڕی ئەردەشیر و کورەکەی هورموز و بەهرام کوڕی هورموز

(لەسەر هۆزی رەبیعە، موزیَر هۆزەکانی تری نیشتەجێی بیابانی عێراق و حیجاز و جەزیرەی ئەو سەردەمە) دوای لەناوچوونی عەمرۆ کوڕی عودەی- یەکێك لەکورەکانی عەمرۆ کوڕی عودەی بەناوی ئەمرو القیسی یەکەم بوو. ئەو یەکەم کەس لەبنەماڵەی نەسر کوڕی رەبیعە، هەروەها یەکەم کەس لەنوێنەرانی ئێران بوو باوەری بەئایینی مەسیحی هێنا. ئەو لەپانتایی فەرمانرەوایی خۆی بۆ ماوەی ١١٤ ساڵ فەرمانرەوایەتی کرد لەم ناوەدا: لەرۆژگاری شاپوور کوڕی ئەردەشیر بیست و سێ ساڵ و یەك مانگ، هورموز کوڕی شاپوور یەك ساڵ و دە رۆژ و بەهرام کوڕی هورموز سێ ساڵ و سێ مانگ و سێ رۆژ.

پاشایەتی بەهرام کوڕی بەهرام کوڕی هورموز کوڕی شاپوور کوڕی ئەردەشیر

پاشایەکی شیاو و زانیاری زۆری لەسەر کاروبارەکان بوو. کاتێك تاجی خستە سەر، مژدەی دادپەروەری بەخەڵکاندا. لەبارەی ساڵەکانی فەرمانروایەتی ئەو جیاوازی هەیە. دەستەیەك هەژدە ساڵ و دەستەیەك حەفدە ساڵیان بۆ دیاری کردووە.

پاشایەتی بەهرام کوڕی بەهرام کوڕی بەهرام کوڕی هورموز کوڕی شاپوور.

کاتێك تاجی خستەسەر، گەورەکانی دەربارە لەخوا بۆ ئەو پارانەوە و ئەو وەڵامی چاکەی دانەوە. پێش پاشایەتی، فەرمانرەوای سیستان بوو. بۆ ماوەی چوار ساڵ پاشایەتی کرد.

پاشایەتی نێرسی کوڕی بەهرام

برای بەهرامی سێیەمە. کاتێك تاجی لەسەر دانا. گەورەکان و دەرباریان رۆشتنە لای و لەخوا پاڕانەوە و ئەو موژدەی دادپەوەری پێدان و بەدادپەروەری پاشایەتی کرد و وتی: سپاس کردن لەبەرابەر ئەوەی خوا بەنێمەی بەخشیوە، پشتگوێ ناخەین. نۆ ساڵ پاشایەتی کرد.

پاشایەتی هورموز کوڕی نێرسی کوڕی بەهرام کوڕی بەهرام کوڕی هورموز

پیاوێکی دڕندە بوو لەبەر ئەمە خەڵکان لێی دەترسان. ئاگاداری کردنەوە لەوەی دەزانێت لەفەرمانرەوایەیتی سەختگیرانەی ئەو دەترسن، بەڵام خوا سەختگیری و دڵرەقی ئەوی بۆ نەرمی و بەخشندەیی گۆڕیوە. نەرمترین هەڵس و کەوتی لەگەڵ ئەوان گرتەبەر. شەیدای شاد کردن و بەخشین بەهەژاران و خوازیاری ئاوەدان کردنەوە و دادپەروەری بوو. ئەو مرد و کوڕی نەبوو لەجێگەی ئەو تاج بکاتەسەر. ئەم کارە لای خەڵکان دژوار و لەبارەی سکپڕی هاوسەرەکانی پرسیاریان کرد و وەڵامیان بیست کەیەکیان سکپڕە.

دەستەیەك دەڵێن: هورموز تاج و تەختی دوای خۆی بەو منالە لەدایك نەبووە بەخشیبوو. ژن شاپوور شان کونکەرەی هێنایە دنیا. رۆژگاری پاشایەتی ئەو شەش ساڵ و پێنج مانگی خایاند. دەستەیەك دەڵێن: حەوت ساڵ و پێنج مانگ. ناوی پاشاکانی ساسانی لەشاپوورەوە تا ئێرە کەم و کوڕی تیا نابینرێت.

پاشایەتی شان کونکەرە (زو الاکتاف)

نەژادنامەی بەم شێوەیە: شاپور کوڕی هورموز کوڕی نێرسی کوڕی بەهرام کوڕی هورموز کوڕی ئەردەشێر کوڕی بابەك. دەڵێن لەسەر پێشنیاری باوك وەك پاشا هەڵبژێردرا. خەڵك لەبەدنیا هاتنی شادمان بوون و ئەم هەواڵەیان لەهەموو سوچ و قوژبنەکانی دنیا بلاّو کردەوە. هاوشێوەی باب و باپیران پێگەی بەوەزیر و دەبیرەکان بەخشی.

پاشاکان بیستیان شای شاکانی ئێران منالّی ناو لانکەیە. لەبەر ئەمە، پاشاکانی تورك و عەرەب و رۆم چاوی تەماحیان لەئێران بڕی. عەرەبەکان نزیکترین خەڵکان لەسەرزەمینی ئێران بوون. لەبەر ئەمە ژمارەیەکی زۆر لەوان لەهۆزی عەبدالقیس و خەڵکی بەحرەین لەرێگای دەریاوە هێرشیان کردە سەر ئێران و قەراغەکانی ئەردەشێر خەرە و ساز و بەرگ و ژیان و مەرومالآت خەڵکیان بەزۆر داگیر کرد و وێرانی زۆریان بەجێهێشت. ئەوان رۆژگارێك لەسەر ئەم کارەیان بەردەوام بوون و کەس لەئێرانیان بۆ بەرپەرچ دانەوەیان هەڵنەستا چوونکە پاشاکەیان منالّێك زیاتر نەبوو.

کاتێك گەشەی کرد و گەورەبوو، یەکەمین نیشانەکانیان لەبیرتیژی و زیرەکی ئەو بینی. لەدەریا هات و هاواری خەڵکانی بیست و لەهۆکارەکەی پرسی. پێیان وت: خەڵك لەسەر پردی دیجلە هاتوچۆ دەکەن و بەدژواری لەناو قەربالّغی یەك تێدەپەڕن. فەرمانیدا پردێکی دیکە دروست بکەن. پردێك بۆ ئەوانەی دێن و یەکیان بۆ ئەوانەی دەڕۆن. خەڵك لەم بیرتیژییەی ئەو شادمان بوون. کاتێك گەشتە تەمەنی شانزە سالّی و توانای هەڵگرتنی نامێر و ئامرازی شەری پێبرا، هاوەڵانی خۆی کۆکردەوە و لێك پچڕانی کارەکانی بیرخستنەوە و وتی دەیەوێت خۆراگری لەبەرابەر نەیاران و دوژمناندا بکات و دژیان بجەنگێت. خەڵك لەخوا پارانەوە و داوایان لێکرد لەپایتەخت بمێنێتەوە و سوپا و فەرماندەکان بۆشەڕ بنێرێت، تا فەرمانەکانی جێبەجێی بکەن. بەلاّم رازی نەبوو و لەناو سوپاکەی خۆی هەزار پیاوی شەرکەری

هەڵبژارد. داوایان لێکرد شەڕکەری زیاتر هەڵبگرێت بەلاّم ئەو بەمە بەسەندەی کرد. شاپوور هاوریّ لەگەڵ ئەوان بەرێکەوت و داوای لێکردن هیچ عەرەبێك بەزیندوویی نەهێڵنەوە. دواتر مەبەستی سەرزەمینی پارسی کرد و هێرشی کردە سەر ئەو عەرەبانەی لەویّ نیشتەجیّ بوون و زۆری لەوان کوشت و دیلی گرت. دواتر لەبەحرەین تێپەری و گەشتە (خط) و دانیشتوانی بەحرەینی کوشت بیّ ئەوەی گرنگی بەتالاّنییەکان بدات. دواتر رۆشتە هیجر کەخەڵکانێك لەهۆزی تەمیم و بەکر کوڕی وایل و عەبدالقەیس لەویّ دەژیان. ئەوەندەی لەوان کوشت خوێنیان رژایە سەر زەوی. عەبدالقەیسی لەناو برد و روی کردە یەمامە و ژمارێکی زۆری لەخەڵکی ئەو سەرزەمینە کوشت و ئاوی عەرەبەکانی بەخاك پڕ کردەوە و کوێری کرد. دواتر مەبەستی بەکر و تەغلەبی کرد کەلەبەرزاییەکانی نێوان شام و عێراق دەژیان. ئەوانی کوشتار و دیل کرد و کانیاوەکانی پڕکردەوە. رۆشت تاگەشتە نزیك شارستان و هەمان بەلاّی بەسەر خەڵکانی ئەو ناوچەیە هێنا. شانی ئەوانی کون دەکرد و ئەوانی دەکوشت لەبەر ئەمە پێی دەڵێن شان کونکەرە. تا رۆژی مردنی ئەم کارەی دەکرد. لەم کاتەدا ئەیادییەکان بۆ جەزیرە گواستیانەوە و هێرشیان کردە سەر سواد. شاپور سوپاکەی بۆ شەڕی ئەوان نارد. لەقیتی ئەیادی لەگەڵ ئەوان بوو و ئەم شێعرانەی بۆ خەڵکانی هۆزی ئەیادی نوسی و بۆی ناردن:

سلام من الصحيفة من لقيط — الي من بالجزيرة من اياد

بان الليث كسرى قد اتاكم — فلا يشغلكم سوق النقاد

اتكم منهم سبعون الفا — يزجون الكتائب كالجراد

واتاکەی:

لەنامە سلاّوێك لەلەقیت بۆ ئەیاد کەدانیشتوانی جزیرەن. پەیام ئەوەی کە: شێری شکاری خوسرەو مەبەستی هێرش کردنە سەر ئێوەی هەیە. نەکات بازاری ئاڵ و گۆری زێر و زێو ئێوە لەوان بیّ ئاگا بکات. لەوان حەفتا هەزار کەس هێرشیان کردۆتە سەرئێوە. ئەوان لەچەندین دەستە و هێز وەك مێرو و کوڵە هێرشبەر بەرەو

ئێوە بەرێکەوتون.

ئەیادیەکان بەقسەیان نەکرد و درێژەیان بەتالآنییەکانی خۆیاندا. ئەو بۆ ئەوانی نوسی:

ابلغ ایادا و طول في سراتهم   انی اری الرای ان لم اعص قد نصعا

واتاکەی:

وتەی من بەئەیاد بگەیەنە و گەورەی ئەوان ئامۆژگاری بکە: پەیامی من ئەوەیە: من راستی دەبینم و ئامۆژگاری راست بەئێوە دەڵێم و ئەنجامی کارەکان. با وابێت لەفەرمانەکانی من خۆتان دوور نەخەنەوە.

ئەم قەسیدە ناودارە لەبارەی هەواڵدانی چۆنیەتی شەڕە و یەکێکە لەباشترین قەسیدەکان لەمبارەوە. ئەیادییەکان پەندیان وەرنەگرت. لەبەر ئەمە شاپوور هێرشی کردە سەریان و هەموویانی کوشت و لەناوی بردن. خەڵکانێك لەوان پەیوەستی رۆمیەکان بوون و لەزیانی شمشێری ئەو رزگاریان بوو. هەڵس و کەوتی لەگەڵ عەرەبەکان بەم شێوە بوو.

بەرابەر بەرۆمەکانیش ئەم هەڵس و کەوتەی گرتەبەر کەلەگەڵ پاشاکەیان کۆنستانتین پەیمانی ئاشتی بەست. ئەو یەکەم کەس لەرۆمییەکان بوو باوەری بەئایینی مەسیحی هێنا. ئێمە لەکاتی ئاماژەدان بەکۆتایی بەسەرهاتی شاپوور، هۆکاری باوەرهێنانی ئەو بەخواستی خوا باس دەکەین. کۆنستانتین مرد و وڵاتەکەی لەنێوان سێ کوڕەکەی دابەش کرد. ئەوان بەپاشایەتی گەشتن و رۆمییەکان دوای ئەوان کەسێکیان لەبنەماڵەی کۆنستانتین بەناوی ئۆلیانوس کردە فەرمانرەوای خۆیان. ئەو لەسەر ئایینی پێشوی رۆمیەکان بوو. کاتێك بوو بەپاشا، ئایینەکەی خۆی ئاشکرا کرد و دینی پێشووی رۆمیەکانی گەراندەوە و پەرسگاکانی خوای وێران کرد و قەشەکانی کوشت و سوپای لەرۆم و خەزەر کۆکردەوە و مەبەستی شەڕی

شاپووری کرد. عەرەبەکانیش بۆ تۆڵەسەندنەوە لەشاپور کۆبوونەوە و لەناو سوپاکەی ئۆلیانوس ژمارەیەکی زۆر لەوان دەبینرا. سیخورەکانی شاپوور لەناو دوژمن، گەرانەوە و هەواڵی جۆراوجۆریان باس دەکرد. شاپوور خۆی لەگەڵ ژمارەیەك لەهاوەڵە باوەرپێکراوەکانی بەرەو رۆم بەرێکەوت. کاتێك گەشتە نزیك یوسانوس (یوییانوس) کەفەرماندەی پێشەنگەکانی رۆم بوو، خۆی داشارد و چەند کەسێکی بەرەو رۆم نارد. ئەوان گرفتار بوون و دەستەیەکیان دانیان بەوەدنا کە شاپوور ئەوانی ناردووە. یوسانوس بە نهێنی پەیامی بۆنارد و ئاگاداری کردەوە. شاپوور بۆ لای سوپاکەی خۆی گەرایەوە و لەنێوان ئێرانییەکان و عەرەبەکان و رۆمەکان شەرێکی قورس رویدا. سوپای شاپوور شکستی خوارد و ژمارەیەکی زۆر لەوان کوژرا. رۆمییەکان دەستیان بەسەر شاری تیسفوندا گرت (تیسور، تیستور) کەهەمان مەداینی رۆژهەلاتە. هەروەها سامان و گەنجەکانی شاپووریان تالآن کرد.

شاپوور نامەی بۆ فەرماندە و سوپاکەی خۆی نووسی و ئاگاداری کردنەوە کەلە رۆمەکانەوە چ زیانێکی بەرکەوتووە. ئەوانی بۆ هاتن و یارمەتیدانی خۆی بانگ کرد. سوپاییەکان لەدەوری کۆبوونەوە. ئەو گەرایەوە و شاری تیسفونی رزگار کرد و ئەلیانوس هات و لەشاری بەهرسیر نیشتەجێ بوو. نێردراوان لەناو ئەواندا هات و چۆیان دەکرد. رۆژێك ئەلیانوس دانیشتبوو لەناکاو تیرێك کە هاوێژەرەکەی نادیاربوو، سنگی پێکا و دەستبەجێ گیانی سپارد. رۆمییەکان پەرێشان و لەرزگاربوون بێ هیوا بوون چوونکە نەیاندەتوانی لەئێران بگەرێنەوە. داوایان لەیوسیانوس کرد ببێتە پاشای ئەوان بەلآم رازی نەبوو مەگەر ئەوەی بگەرێنەوە سەر ئایینی مەسیحی. پێیان وت هەموو مەسیحین و دینی خۆیان لەترسی ئۆلیانوس دادەشارد. ئەو بووە پاشای ئەوان. لەم لا شاپوور رۆمییەکانی دەترساند و داوای لەفەرمانرەواکەیان کرد بروات و چاوی پێی بکەوێت. یوسیانوس هاورێ لەگەڵ هەشتا پیاو هاتە لای شاپوور و شاپوور میوانداری کرد و هەر دووك لەبەردەم یەکدا سەریان دانەواند و دەستیان بەخواردن کرد. شاپوور هەوڵەکانی یوسیانوسی بەرز نرخاند و بەرۆمییەکانی وت: ئێوە وڵاتەکەی ئێمەتان وێران و لەناوتان برد. یا بەهای ئەوەی لەناوتان بردووە بدەن، یا شاری نەصیبین بگەرێننەوە بۆ ئێمە تا

تاوانی وێرانکارییەکەتان بێت. ئەم شارە لەسەردەمی باستانەوە ملکی ئێرانییەکان بوو و رۆمیەکان دەستیان بەسەردا گرتبوو. رۆمیەکان ئەم شارەیان بۆ ئێران گەراندەوە و باریان کرد و شاپوور دوانزە هەزار کەس لەدانیشتوانی ئیستەخر و ئیسفەهانی بۆ ئەو شارە کۆچ پێکرد. رۆمییەکان گەرانەوە و دوای ماوەیەك پاشاکەیان مرد.

دەستەیەك دەڵێن: شاپوور رۆشتە سنورەکانی رۆم و بەهاوەڵانی خۆی وت دەیەوێت بەنهێنی بڕواتە ناو رۆم و لەچۆنیەتی کار و ژیانی خەڵکی شار و دێ کانی ئەوان ئاگادار ببێتەوە. رۆشت و ماوەیەك لەناو ئەواندا گەڕا. ئاگاداریان کردەوە قەیسەر سفرەی بۆ هەمووان راخستووە و خەڵکی کۆکردۆتەوە تا لەسفرەکەی نان بخۆن. ئەو لەجلێ و بەرگی پرسیارکەراندا رۆشتە ئەوێ تا سزار لەسەر سفرە ببینێت. ئەویان ناسییەوە و گرتیان و خستیانە ناو پێستی مانگا و بەستیانەوە. قەیسەر لەگەڵ سوپاکەی رۆشتە سەرزەمینی فارس و شاپووری بەهەمان شێوە لەگەڵ خۆیدا برد. کوشتار و وێرانی زۆری کرد تاگەشتە جوندی شاپوور. خەڵکی ئەو شارە لەناو قەڵاکاندا مانەوە و قەیسەر گەمارۆی خستە سەر شارەکە. رۆژێك پاسەوانەکان و راسپێردراوان لەسەر شاپوور لێی بێ ئاگا بوون. لەنزیك ئەو کۆمەڵێك لەدیلەکانی ئەهواز گرفتار کرا بوون. فەرمانی پێدان بەسەر ئەو پێستەی تیایدا زیندانی کرابوو، رۆن بڕێژن. ئەم کارەیان کرد و پێستەکە نەرم بوو، شاپوور لێی هاتەدەر و پاسەوانەکانی شاری ئاگادار کردەوە و رۆشتە ناو شار. شاپوور خەڵکی شاری کۆکردەوە و ئامادەی کردن و ساز و کەرستەی شەڕکردنی پێبەخشین و بەرەبەیانی ئەو شەوە هێرشی کردە سەر رۆمییەکان و زۆری کوشت و قەیسەری بەدیلی گرت و سامان و ژنەکانی ئەوی تالان کرد. ئەو پاشای رۆمی بە ئاسنی قورس بەستەوە و فەرمانی پێدا ئەوی وێرانی کردووە، ئاوەدانی بکاتەوە و لەجیاتی دارخورما، زەیتون برووێنێت. دواتر ئەوی خەساند، سوار کەرێکی کرد و بۆ رۆمی نارد و وتی: ئەمە سزای ستەمکاری تۆ لەسەر ئێمەیە. ماوەیەك مایەوە و دواتر شەڕی کرد، کوشتی و دیلی گرت و دیلەکانی لەشارێك کەلەپانتایی شووش دا دروستی کرد و ناوی نا(ئێران شاری شاپوور) نیشتەجێ کرد. بەوتەی دەستەیەك ئەو شاری

نەیشابووری لەخوراسان دروست کرد. ئەو لەعێراق بناغەی شاپووری گەورەی دارشت.

پاشایەتی ئەو حەفتا و دوو ساڵی خایاند. لەسەردەمی ئەو نوێنەری فەرمانڕەوای ئەو لەسەر عەرەبەکان (بەناوی ئەمرۆ القەیس کوڕی عەمرۆ کوڕی عودەی)مرد و شاپوور کورەکەی عەمرۆ کوڕی ئەمرۆ القەیسی لەجیاتی باوك لەسەر تەختی فەرمانڕەوایەتی دانیشاند. ئەو لەسەردەمی ماوەی شاپوور و هەموو سەردەمی پاشایەتی براکەی ئەردەشیر کوڕی هورموز و بەشێك لە سەردەمی شاپوور کوڕی شاپوور ژیا.

هۆکاری باوەڕ هێنانی قەیسەر

هۆکاری باوەڕهێنانی قەیسەر بەئایینی مەسیحی ئەمەیە،دەڵێن: ئەو پیر و ئەخلاق ناشیرین و توند و تیژ و خۆی پیس دەکرد. ڕۆمییەکان ویستیان لەپاشایەتی دووری بخەنەوە و سامانەکەی بۆ بەجێبێڵن. ئەو لەگەڵ چاکخوازەکانی خۆی ڕاوێژی کرد و ئەوان وتیان: توانای خۆراگری لەبەردەم خەڵکمان نییە چوونکە بۆ لابردنی تۆ پەیمانیان داوە. بە فریو و فێڵی دینی کاری خۆت ڕێکبخە و کەری خۆت وەپەڕێنە. ئایینی مەسیحی لەم کاتەدا بەشێوەیەکی نهێنی لەناو خەڵکدا بڵاو ببوویەوە. پێیان وت: داوای دەرفەتیان لێبکە تا سەردانی بیت المقدس بکەیت. کاتێك ڕۆشتیتە ئەوێ، باوەر بەئایینی مەسیحی بێنە و خەڵکیش بۆ باوەڕهێنان هانبدە کەلەبەردەم تۆدا سەری ڕێز و کورنوش دادەنەوێن. زیانی کەسەکان لەسوودی خۆتا بۆی بگەرێ. دین بکەرە بیانوێك و نافەرمانان بەدەستی فەرمانبەرانی خۆت لەناو ببە چوونکە ئەمجارە شمشێری دودەم و تیژی دینت بەدەستەوەیە. هیچ خەڵکێك لەسەر دین شەڕیان نەکرد مەگەر ئەوەی سەرکەوتنیان بەدەست هێنا. ئەو، ئەم کارەی کرد و کۆمەڵێکی زۆر شوێنی کەوتن و ژمارەیەکی زۆرتر بەناسازگاری لەگەڵ ئەودا مانەوە و لەسەر ئایینەکەی خۆیان (یۆنانی)بوون. ئەو شەڕی ئەوانی کرد و بەسەر ئەواندا زاڵ بوو، ئەوانی کوشتار کرد و زانست و کتێبەکانی ئەوانی سوتاند. شاری کۆنستانیتن ئۆپێڵی دروست کرد و خەڵکی بۆ ئەوێ کۆچدا. پێش لەمە ڕۆمیە (ڕۆم) پایتەخت ئەوان بوو. پاشایەتی ئەو سەقامگیر و بەسەر شامدا زاڵ بوو. خوسرەوانی ئێران پێشتر (پێش شاپوور شانکونکەرە) لەتیسفون (تستور)دەژیان و ئەمە هەمان شاری ڕۆژئاوایی مەداینە. کاتێك شاپوور لەسەر تەخت دانیشت، ئەیوانی لەمەداینی ڕۆژهەڵات دروست کرد و ڕۆشتە ئەوێ وکردی بەپایتەختی خۆی کەتا ئێستا (ساڵی شەشسەد و بیست و پێنجی کۆچی) ماوەتەوە.

پاشایەتی ئەردەشیر کوڕی هورموز کوڕی نێرسی کوڕی بەهرام کوڕی شاپوور کوڕی ئەردەشیر کوڕی بابەك

(برای شاپووری شانکونکەرە)

کاتێك هاتە سەرکار، گەورەکانی کۆکردەوە و ژمارەیەکی زۆری لەوان کوشت. خەڵك دوای چوار ساڵ ئەویان لەسەر کار لابرد.

پاشایەتی شاپوور کوڕی شاپووری شانکونکەرە

دوای لەسەر کار لابردنی مامی، ئەویان لەسەر تەخت دانیشاند. خەڵك لەرووخانی پاشایەتی باوکی لەسەر دەستی ئەو شادمان بوون. ئەو بۆ بەڕێوبەرانی خۆی نامەی نووسی و فەرمانی دادپەروەری لەگەڵ خەڵکی پێدان. ئەم فەرمانەیشی بۆ کەسانی دەوروبەر و وەزیرەکانی خۆی نوسی.

مامی لەسەر کارلابراوی فەرمانی لێبرد و خەڵکان لێی رازی بوون. دوای ماوەیەك لەپاشایەتی، گەورەکانی دەربار تەناف خێوەتەکەیان بڕی، خێوەتەکەی بەسەردا کەوت و مرد. پاشایەتی ئەو پێنج ساڵ درێژەی کێشا.

بەهرام کوڕی شاپووری شانکونکەرە

بە کرمانشا ناوی دەبەن چوونکە باوکی لەژیانیدا ئەوی کردبووە پاشای ئەم ناوچەیە. دوای هاتنە سەر کار، نامەی بۆ فەرماندەکانی نوسی و فەرمانی ملکەچی و گوێرایەڵی پێدان. لەولاتداریدا هەڵس و کەوتی نەرم و نیان بوو. شاری کرمانی دروست کرد. شۆرشییەکان لەناو کوشتارکەران لێی راپەڕین و یەك لەوان تیرێکی بۆ هاویشت و ئەوی لەسەر خاکی مەرگ دانیشاند. ئەو یازدە ساڵ پاشایەتی کرد.

یەزدگێردی گوناحکار کوڕی بەهرام کوڕی شاپووری شانکونکەرە

دەستەیەك لەزاناكان دەڵێن ئەم یەزدگێردە برای بەهرامی كرمانشایە نەكوڕی ئەو. پیاوێكی دڵرق و توند و تیژ بووە. هیچ كارێكی لەكاتی خۆیدا نەدەكرد و هیچ شتێكی لەسەر جێگای خۆی دانەدەنا. بەدوای كارە ورد و كەم بەهاكاندا دەرۆشت و هەموو هێز و توانایی خۆی لەهەڵخەڵەتاندنی خەڵك و فێل و خراپەكاری بەكار دەبرد و ئەزمون و هۆشی فراوانی بۆ خراپە خوازی و خراپ كرداری لەخۆی نیشاندەدا و شانازی بەخۆیەوە دەكرد. پیاوێكی دڵتەنگ و ئەخلاق ناشیرین بوو، گوناح و تاوانە كەم بەهاكانی نەدەبەخشی وبەنێوەنجیگەری كەسەكان رازی نەدەبوو تەنانەت نێوەنجیگەری نزیكترین كەسەكانی. كەسانی زۆری بەتوندی گیرۆدەی تاوان و تۆمەت دەكرد و كەسی لەسەر شتێك ئەمین نەدەكرد. پاداشتی گیانبازییەكانی خەڵكانی نەدەدایەوە و ئەگەر كەمێكی دەبەخشی، بەبەهادار هەژماری دەكرد. ئەگەر دەیبیست یەك لەهاوەڵانی لەگەڵ یەكێك لەپەروەردە كراوەكان گەشتۆتە هاورێیەتیەكی پاك و بێ ریا، ئەوی لەسەر كار لادەبرد و لەدەرگای خۆی دووری دەخستەوە. لەگەڵ ئەمانەیشدا، هۆشێكی تیژ و فەرهەنگێكی دیار و زۆربەی زانستەكانی بەباشی دەزانی.

ئەو نێرسی فرەزان یا حەكیمی رۆژگاری خۆی وەك وەزیر هەڵبژارد. نێرسی پیاوێكی فرەزان بوو كەفەرهەنگی رۆژگاری خۆی بەباشی دەزانی. یەزدگێرد، نێرسی بە(هەزار بیدە) (هەزار بەندە، هەزار پیشە)ناو برد و خەڵك هیوادار بوون نێرسی كاروباری ئەو رێك بخات و وێرانییەكان ئاوەدان بكاتەوە بەڵام ئامانجی ئەوان دوور و نەهاتەدی.

كاتێك بەسەر وڵاتدا زاڵ و هێزی سەقامگیر بوو، گەورەكان و دەرباریان لێی ترسان (یا ریسوایان كرد). ئەو هێرشی زۆری كردە سەر ناتەوانان و خوێنی زۆری لەوان رشت.

كاتێك خەڵك گرفتاری بوون، لەدرگای خواپارانەوە و داوایان كرد هەرچی زوتر

ئەوان لەم زوڵمە رزگار بکات. مێژوونووسان گومان دەکەن لەگورگان بوو، رۆژێك لەکۆشکەکەی ئەسپێکی سەرکێشی بینی کەهاوتای نەبینراوە. فەرمانیدا زین و لغاوی بکەن. کەس نەیتوانی رامی بکات. یەزدگێرد رۆشتە لای و بەدەستی خۆی زین و لغاوی کرد. ئەسپ لەقەیەکی بەهێزی لەسینەیدا و دەستبەجێ گیانی دا. ئەسپیش غاریدا و کەس نیشانی لێبەدەست نەهێنا. ئەمە یەکێك لەچاکەکانی خوا لەگەڵ بەندەکانی بوو. رۆژگاری پاشایەتی ئەو بیست و دو ساڵ و پێنج مانگ و شانزە رۆژی خایاند.

عەرەبەکان دەڵێن: کاتێك ئەمرۆ القیس یەکەم مرد (ئەو کوڕی عەمرۆ کوڕی عودەی و لەرۆژگاری شاپوور دەژیا) شاپوور لەجیاتی ئەو، ئەوس کوڕی قلامی لەعەملاّقان دانا. پێنج ساڵ پاشایەتی کرد. بەدوای ئەو ئەمرۆ القیس کوڕی عەمرۆ کوڕی ئەمرۆ القیسی یەکەم لەپانتایی فەرمانرەوایەتی پێشین لەسەر کار دانرا. بیست و پێنج ساڵ فەرمانرەوایەتی کرد و لەرۆژگاری یەزدگێردی گوناحکاردا مرد. لەجێگەی ئەو کورەکەی نەعمان و دایکی بەناوی شەقیقە کچی باوکی رەبیعە کوڕی زوهل کوڕی شەیبانیان هێنایە سەر تەخت. ئەو خاوەنی بینای ناوداری (خورنەق)ە. هۆکاری دروست کردنەکەی ئەوە بوو: منالەکانی یەزدگێردی گوناحکار زیندوو نەدەمانەوە. ئەو بەدوای شوێنێکی پاك و خۆش ئاو و هەوادا گەرا و دەرەوەی حیرەیان نیشاندا. ئەو کورەکەی بەهرامی گوری بەنەعمان سپارد و فەرمانیدا کۆشکی خورنەقی بۆ دروست بکات تا ببێتە نشینەگەی ئەو. هەروەها فەرمانیدا ئەو بۆ دەشتەکانی عەرەب ببات. ئەو کەسەی خورنەقی دروست کرد وەستایەك بەناوی سێنێمار بوو. کاتێك تەواوی کرد، لەکارەکەی ئەو سەریان سورما. وتی: ئەگەر دەمزانی کرێکەم بێ کەم و کوڕی دەدەن بەشێوەیەك دروستم دەکرد لەگەڵ خۆردا بسورێت. نەعمان وتی: دەتوانی باشتر لەمە دروست بکەیت؟ فەرمانیدا لەبەرزایی کۆشکەوە خستیانە خوار و دەستبەجێ گیانیدا و عەربەکان کردیانە پەند و چەندین داستان و شێعریان بۆ وتووە.

نەعمان چەندین جار لەگەڵ پاشاکانی رۆم شەڕی کرد و مەینەتی و ئازاری زۆری بەسەر خەڵکانی ئەو سەرزەمینەدا هێنا، زۆری بەدیلی گرت و هەچەندە توانی

تاڵانی کرد؟ پاشای ئێران دو لەشکری کردە هاورێی ئەو کەبەیەکیان دەوت(دوس) و زۆربەی شەڕکەرانی لەهۆزی تنوخ و ئەویتر (شهبا) کە لەئێرانییەکان پێکهاتبوو. ئەو لەگەڵ ئەم دوو سوپادا شەڕی عەرەبەکان و نافەرمانانی خۆی دەکرد.

ڕۆژێك لەشوێنەکەی خۆی دانیشتبوو، لەکۆشکی مەزنی خورنەقەوە لەدەرەوەی دەروانی. لەو سەرەوە نەجەف و باغ و جۆگە جوانەکانی لەوەرزی بەهاردا بینی و دڵخۆشیان کرد. بەوەزیرەکەی وت: ئایا هەرگیز ئەم دیمەنەت بینیوە؟ وتی: نا، خۆزگە بەردەوام دەبوو. پرسی: چی بەردەوامە؟ وەڵامی دایەوە: ئەوەی لەو دنیا لای خوایە. پرسی: چۆن دەکرێت پێی بگەین؟ وتی: بەپشت گوێ خستنی ئەم دنیایە و پەرەستینی خوا. ئەو هەمان شەو وازی لەپاشایەتی هێنا و جل و بەرگی کۆنەی لەبەر کرد و خۆی داشارد و کەس نیشانی لەو بەدەست نەهێنا. بەرەبەیان خەڵك بۆی گەران و نەیاندۆزییەوە.

پاشایەتی ئەو تا کاتی وازهێنان و خۆپارێزی، بیست و نۆ ساڵ و چوار مانگی خایاند. لەوناوە: لەرۆژگاری یەزدگێرد پانزە ساڵ و لەرۆژگاری بەهرامی گور کوڕی یەزدگێرد چواردە ساڵ. زاناکانی ئێران لەمبارەوە ئاماژەیان بەگێرانەوەمیتراوە کە لە شوێنی خۆیدا ئاماژەی پێدەدەین.

پاشایەتی بەهرام کوڕی یەزدگێردی گوناحکار

کاتێك یەزدگێرد بەهرامی گوری هێنایە دنیا، بۆ پەروەردە کردنی پاشایەکی عەرەبی هەڵبژارد. لەبەر ئەمە، مونزەر کوڕی نەعمانی بانگ کرد و پەروەرد کردن و پارێزگاری لەشازادەی بەخت بەرزی بەو سپارد و ڕێزی لێگرت و کردییە گەورە و سەروەری عەرەبەکان. مونزەر لەگەڵ خۆی بردی و بۆ شیردانی ئەو سێ ژنی بەهێز و تەندوروست و وشیار و فرەزانی لەبنەماڵەی گەورەکان هەڵبژارد. دووان لەوان لەرەچەڵەکی عەرەب بوون و یەکیان ئێرانی. ئەوان سێ ساڵ شیریان پێدا. کاتێك گەشتە تەمەنی پێنج ساڵی، ئامۆژگاران و مامۆستاکانی بۆ کۆکردەوە تا نوسین و زانستی دینی و تیرهاویشتنی فێر بکەن و ئەمانە لەسەر داوای بەهرام خۆی بوو. فرەزانێکی لەفرەزانەکانی ئێرانیشی بانگ کرد. بەهرام هەموو ئەو شتانەی ئەم فرەزانە فێری دەکرد، بە ڕاهێنانێکی کەم فێریان دەبوو. کاتێك گەشتە تەمەنی دوانزە ساڵی، لەهەر زانست و هونەرێکی سودمەند بەهرەوەر و لەمامۆستاکانی خۆی پێش کەوتەوە. بەهرام فەرمانی گەڕانەوەی پێدان. ئەوسا داوای ڕاهێنەری سوارکاری و تیرهاویشتنی کرد و ئەوەی بۆ ئەو شیاو و پێویست بوو، فێر بوو. ئەوسا فەرمانیدا ئەسە عەرەبیەکانی کێبڕکێ لەسواری ئامادەبن و لەم کاتەدا، ئەسپێکی سوور ڕەنگ لەمونزەر پێش هەموو ئەسپەکانی دیکە کەوت و ئەسپەکانیتر بەربڵاو هاتنەوە. مونزەر ئەو ئەسپەی گرت و بەدەستی خۆی پێشکەشی بەهرامی کرد.

بەهرام وەریگرت و ڕۆژێك بۆ ڕاو سواری بوو، لەناکاو دەستەیەك کەری کێوی بینی. تیری بۆ هاویشتن و بەدوای ئەوان ئەسپی غاریدا. لەم کاتەدا شێرێکی بینی کەهات و پشتەملی کەرەکێویەکی بەددان گرت و فڕاندی. بهرام تیرێکی هاویشت کەشێر و کەرە کێویەکەی پێکەوە دوری. تیری لاشەی هەر دووکیانی کون کرد و کەوتە سەر زەوی و یەك لەسەر سێی لەزەوی چەقی. هاوەڵانی ئەمەیان بینی و سەریان سورما. بەهرام دەستی بەرابواردن کرد.

کاتێك باوکی مرد، ئەو لای مونزەر کوڕی نەعمان بوو. گەورەکانی ئێران کەلەیەزدگێرد تاوان و خراپەکاری زۆریان بینیبوو، لەسەر ئەوە ڕێککەوتن هیچ کام لەکورەکانی ئەو لەسەر تەختی پاشایەتی دانەنێن. بڕیاریاندا پاشایەتی لەبەهرام

درێغ بکەن چوونکە لەلایەك ئەو لەناو عەرەبەکان گەورە بووە و هەڵس و کەوت و عادەتی ئەوانی گرتووە و لەلایەکیتر کوڕی یەزدگێردی گوناحکارە. ئەوان پیاوێك لەنەژادی ئەردەشێری بابەکان بەناوی خوسرەویان بۆ پاشایەتی هەڵبژارد. ئەو مونزەر و کورەکەی نەعمان و ژمارەیەك لەگەورەکانی عەرەبی کۆکردەوە وچاکەکاری باوکی خۆی لەگەڵ ئەوان و خراپەکاری لەگەڵ ئێرانییەکانی بیر خستنەوە. مونزەر وتی: لەم پێشهاتە نیگەران مەبە تامن چارەیەك بدۆزمەوە. ئەو کەرەستە و ساز وبەرگی شەڕی بەدەههەزار پیاوی شەڕکەری سوارکار بەخشی ولەگەڵ کورەکەی نەعمان بەرەو تیسفون و بەهرسیر، دو پایتەختی ئێران بەرێکەوت. فەرمانی پێدا لەنزیك ئەم دوو شارە نوردو لێبدات و پێشەنگەکانی خۆی بۆ شەر بنێرێت و هەرکەس روبەرووی بوویەوە، بەتوندی هێرشی بکاتەسەر و تالآنی بکات. نەعمان ئەو کارەی کرد. لەولا، گەورەکانی ئێران، پیاوێك بەناوی حەوابی، سەرپەرەستی دەبیرخانەی یەزدگێردیان بۆ لای مونزەر نارد تا هەواڵی هێرش و تالآنەکانی نەعمان بەگوێی ئەو بگەیەنێت. کاتێك حەوابی هاتە لای مونزەر، مونزەر پێیوت: بەپەلە برۆ بۆ لای پاشا (بەهرام). حەوابی هاتە لای بەهرام و لەمەزنی و گەورەیی ئەو ترسا و سەریسورما. بیری نەبوو سەری رێز و کورنوش دانەوێنێت. بەهرام ئەمەی زانی و بەنەرمی هەڵس و کەوتی لەگەڵ کرد و موژدەی هەرچی زیاتر و خۆشتری پێدا و ئەوی بۆ لای مونزەر نارد و فەرمانی پێدا وەلآمێکی شیاوی بداتەوە. مونزەر بەحەوابی وت: شا بەهرام نەعمانی بۆ سەرزەمینی ئێوە نارد چوونکە خوا ئەوی دوای باوکی کردۆتە پاشا. کاتێك حەوابی قسەکانی مونزەری بیست و هەڵس و کەوتی بەهرامی بیرهێنایەوە، زانی، دەکرێت هەموو ئەوانەی بەهرامیان لەپاشایەتی دوور خستۆتەوە، بەبەلگە و بورهان گوێرایەڵ و ملکەچ بکرێن. حەوابی بەمونزەری وت: بەرەو پایتەختی شاکان برۆ چوونکە گەورەکان و دەرباریان لەتۆ کۆدەبنەوە. لەم کارەدا راوێژ بکەن کەکەس لەگەڵ ئەوەی دەیڵێن، ناسازگار نابێت.

٢٠ئنك دوای گەرانەوەی حەوابی لای مونزەر، ئەو هاورێ لەگەڵ سی هەزار پیاوی ،رەب روی کردە پایتەختی ئێران. خەلکی کۆکردەوە و بەهرام لەسەر

تەختێکی رازاوە بەگەوهەر هات. گەورەکانی ئێران دەستیان بەقسە کرد و خراپەکاری یەزدگێردیان بیرهێنایەوە و وتیان: لەسەر ئەم بنەمایە بوو پاشایەتیمان لەکورەکەی وەرگرتەوە.

بەهرام وتی: ئەوەی دەیڵێن بەدرۆی نازانم. من بەردەوام لێی تورە و بێزار بووم و بەردەوام داوام لەخوا دەکرد من بکاتە پاشا تا ئەوەی ئەو لەناوی بردووە ئاوەدان بکەمەوە. لەگەڵ ئەمەیشەدا ئەگەر دوای یەك ساڵ من هەموو بەڵێنەکانی خۆم نەبردەسەر، بەدڵخواز لەپاشایەتی واز دێنم. ئێستا بەو پێشنیارمیش رازی دەبم کە تاج و زێر و زیوە شاییەکان لەناوەراستی دو شێردا دابنێن، هەرکەس توانی هەڵیبگرێت، پاشایەتی ملکی ئەو بێت. موبدی موبدەکانیش ئامادەبوو و بەهرام بەخوسرەوی وت: تاج و زێرەکان بۆ خۆت هەڵبگرە. خوسرەو وتی: تۆ شیاوتریت چوونکە بەمیرات دەیبەیت و من داگیرم کردووە. بەهرام گورزێکی کرد و مەبەستی تاجەکەی کرد، یەك لەو دو شێرە پەلاماری دا و بەهرامیش بەرەو لای رایکرد، سوار پشتی بوو، هەردو لای کەلەکەی بەرانی خۆی گوشی و بە گورز لەسەری دا. دواتر شێرەکەیتر پەلاماریدا. بەهرام هەر دو گوێی گرت و یەك لەدوای یەك سەری دەکێشا بەسەری ئەو شێرەی لەسەر زەوی کەوتبوو. ئەوسا هەردووکیانی بەگورز کوشت، تاج و زێرەکانی هەڵگرت و تاجی لەسەرنا. یەکەم کەس فەرمانی برد، خوسرەو بوو. ئامادەبووان هەموو وتیان: ئێمە فەرمانبرداری تۆین و تۆ بۆ پاشایەتی پەسەند دەکەین و پێی رازی و شادمانین. وەزیر وگەورەکان داوایان لەمونزەر کرد لەگەڵ بەهرام قسە و داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکات. مونزەر داوای لەبەهرام کرد و لێیان خۆش بوو.

بەهرامی گور لەبیست ساڵیدا بوو بەپاشا و فەرمانیدا هۆکارەکانی ئاسوودەی و ئارامی خەڵك ئامادە بکەن. ئەو بۆ خەڵك تاجی کردە سەر و موژدەی بەختەوەری پێدان و بۆ خۆپارێزی لەبەردەم خوا فەرمانیدا. لەسەراسەری پاشایەتی خۆی رابواردنی و کامەرانی پێش کارەکانیتری دەخست بەشێوەیەك پاشاکانی دەوروبەر چاوی تەماحیان لەولاتەکەی بڕی. یەکەم کەس هەنگاوی هێنایە پێش و مەبەستی شەڕی ئەوی کرد، خاقانی تورك بوو کە لەگەڵ دووسەد و پەنجا هەزار پیاوی

شەرکەر روی کردە ئێران. ئەم کارە بۆ ئێرانییەکان دژوار و گەورەکان لای بەهرام کۆبوونەوە و ئاگاداریان کردەوە. ئەو دەستی لەکامەرانی و رابواردن هەڵنەگرت. دواتر کەرەستەی ژیانی هەلگرت و رویکردە ئازەربایجان تا لەئاتەشکەدەی ئەویٚ بۆ پارانەوە و خوا پەرەستی دانیشێت. لەگەڵ حەوت لەگەورەکان و سێسەد پیاوی شەرکەر سەرقاڵی راوکردن بوو لەئەرمەنستان و براکەی نێرسی لەجێگای خۆی دانا. خەڵك وتیان بیٚ گومان لەبەرابەر دوژمنەکەی خۆی رایکردووە. زۆرینەی خەڵك باوەریان وابوو ملکەچی خاقان بن و لەترسی زیانی ئەو بۆ گیان و وڵاتیان، باجی پێبدەن.

ئەم هەواڵە بەگوێی خاقان گەشت و ئەو لەوان ئاسوودە بوو. لەملا، بەهرام هاوریٚ لەگەڵ ئەو تاقمە، لەئازەربایجانەوە روی کردە لەشکری خاقان و لەشەردا خۆراگری کرد و خاقانی بەدەستی خۆی کوشت و سوپاکەی کوشتار کرد. ئەوانەی لەکوژران رزگاریان ببوو، شکستیان خوارد و هەلاتن. بەهرام پێداگرانە بەدوایاندا رۆشت و دەیکوشت و دەیگرت و دیلی دەگرت. خۆی تەندروست و سوپاکەی بیٚ زیان گەرانەوە. بەهرام تاج و گۆچانی گەوهەر نیشانی خاقانیشی لەگەڵ خۆی هێنا. دەستی بەسەر چەند بەشێك لەوڵاتی تورکان گرت و پاسەوانانی سنوری لەسەر دانا. نێردراوانی تورك ملکەچ و فەرمانبردار هاتنە لای و سنوری وڵاتەکەی خۆیان لەگەڵ ئەو دیاری کرد تا لیٚی تێپەر نەبن. بەهرام یەکێك لەفەرماندەکانی خۆی بۆ ئەوسەر روباری (ماورا النهر)نارد کەدەستی بەکوشتن و تالان و دیل گرتن کرایەوە. خۆی گەرایەوە بۆ عێراق و براکەی نێرسی کردە فەرمانرەوایی خوراسان و فەرمانی پێدا لەشاری بەلخ نیشتەجیٚ بێت.

ئاگاداریان کردەوە یەکێك لەگەورەکانی دەیلەم سوپایەکی زۆری کۆکردۆتەوە و هێرشی کردۆتە سەر ناوچەکانی رەی و تالانی کردۆتە پیشە و خەڵکانی دیل کردووە. ئەو دەیلەمیە، وێرانی زۆری خولقاندووە و هاوریٚ سنورنشینەکانی ئەو لەدوور کردنەوەی ناتەوانن. ئەم کارە لای بەهرام گران و دژوار بوو. پاسەوانێکی سنوری لەگەڵ سوپایەکی گەورە بەرەو رەی نارد و فەرمانیدا کەسێك بەنهێنی بنێرێتە لای ئەو دەیلەمیە تا ببێتە هاورێیەکی نزیکی و تەماحی هێرش کردنە

سەر قولایی ئێرانی لا دروست بکات. ئەو پیاوە ئەم کارەی کرد و دەیلەمی سوپاکەی خۆی کۆکردەوە و هێرشی کردە سەر رەی. پاسەوانی سنور بەهرامی ئاگادار کردەوە . بەهرام نامەی بۆ نوسی بەرەوی دەیلەمی بروات و لەشوێنێك (کە لەنامەکەدا نوسیبووی) بمێنێتەوە. لەم کاتەدا بەهرام هاورێ لەگەڵ ژمارەیەکی کەم لەهاوەڵە تایبەتەکانی بەرێکەوت و پەیوەستی سوپاکەی بوو. دەیلەمی لەهاتنی ئەو ئاگادار نەبوویەوە. لەبەر ئەمە تەماحکاری لەودا زیاتر پەرەی سەند. بەهرام سوپاکەی خۆی ئامادەی شەڕ کرد و هێرشی کردە سەر دەیلەمیەکان. روبەرویان بوویەوە و فەرماندەیی شەڕەکەی گرتە ئەستۆ و خۆی هەنگاوی خستە ناو ئاگرەکەی. سەرۆکەکەیانی گرت و سوپاکەیان تێکشکا. فەرمانیدا لەناویاندا جاربدەن هەرکەس پەیوەستی ئەمان بێت لەزیان بەدوور دەبێت. دەیلەمیەکان هەموویان پەیوەستی بوون و ئەو ئازاری پێنەگەیاندن و کەسی نەکوشت و بەنەرمی هەڵس و کەوتی لەگەڵ کردن. ملکەچی و فەرمانبرداری خۆیان نیشاندا. سەرکردەی ئەوانی بەزیندویی هێشتەوە و کردیە یەکێك لەنزیکە تایبەتەکانی خۆی.

دەستەیەك دەڵێن: ئەم روداوە پێش شەڕ لەگەڵ خاقان بوو. و خوا زاناترە.

کاتێك بەسەر دەیلەمیەکان سەرکەوتی بەدەست هێنا، فەرمانیدا شارێك بەناوی فیروزی بەهرام دروست بکەن. ئەم شارە و دێهاتەکەی بۆ ئەو دروست کران. نێرسی کردە وەزیری خۆی و ئاگاداری کردەوە بەنهێنی دەیەوێت بڕواتە هیندستان. بەرێکەوت بەلام کەس ئەوی نەدەناسی. لەگەڵ ئەمەیشدا هیندییەکان بوێری رووبەرووبوونەوەی ئەمیان لەگەڵ ئاژەڵە وەحشی و دڕندەکان دەزانی. لەم ناوەدا فیلێك دەرکەوت و رێگای گرت و کەسانی زۆری کوشت. بەهرام مەبەستی ئەوەی کرد بەدوایدا بڕوات تا لەپێی بخات. پاشای هیندستان نامەی بیست و پیاوێکی هیندی نارد تا بوێری ئەو لەنزیکەوە ببینێت و ئاگاداری بکاتەوە. بەهرام لەگەڵ ئەو پیاوە هیندییە بەرەو دارستان رۆشت. هیندی رۆشتە سەر دارێك و بەهرام لەفیل نزیك بوویەوە و کێشایەدەر. کاتێك لێی نزیك بوویەوە تیرێکی لەنێوان چاوەکانیدا. ئەوەندەی نەمابوو لەناو گۆشتی فیلەکەدا ون ببێت. دواتر لوتی گرت و بەردەوام دەیکوتا تا لەپێ کەوت. سەری لەجەستە جیا کردەوە و هەڵیگرت.

پیاوی هیندی، پاشای لەوەی بینیبووی، ئاگادار کردەوە. پاشای هیندی ڕێزی لەبەهرام- کەهێشتا بەتەواوی ناو و نیشانی ئەوی نەدەزانی- گرت و لەکار و چارەنوسی پرسی. بەهرام وتی کە پاشای ئێران لێی تووڕە بووە و لەبەر ئەمە، پەنای بۆ دەرباری هیند هێناوە. ئەم پاشایە دوژمنێکی بوو سەرسەختانە بۆ بەدەست هێنانی تاج و تەختی پاشایەتی کێبڕکێی لەگەڵ دەکرد. پاشا لەبەرابەر ئەو جۆکی دادابوو و دەیویست ملکەچی بێت و باجی پێبدات. بەهرام ڕێگری ئەم کارەی لێکرد و بۆ شەری دوژمن هانیدا. کاتێك روبەروی یەك بوونەوە بەهرام بەشاسەوارانی وت: ئاگاتان لەپشت سەری من بێت. دواتر هێرشی کردە سەریان و بۆ هەر سوچ و قوژبنێك دەرۆشت، لێی دەکوشتن، تێکی دەشکاندن و هەڵدەهاتن. هاورێکانی بەهرام هەمووی ئەوەی لەناو ئوردوی دوژمندا بوو وەك تالآنی کۆیانکردەوە. لەم کاتەدا پاشای هێند مەکران و دەبیلی بەبەهرام بەخشی وکچەکەی خۆی کردە هاوسەری. بەرهرام فەرمانیدا ئەو سەرزەمینانە پەیوەستی ئێران بکەن.

بەهرام شادمان گەرایەوە و نێرسی هاورێ لەگەڵ چل هەزار پیاوی شەرکەر ناردە شەری رۆمەکان و فەرمانی پێدا داوای باج لەپاشاکانی رۆم بکات. ئەو رویکردە کۆنستانتین ئۆپێل (قوستەنتینە) و پاشای رۆم بەئاشتی لەگەڵیدا رێکەوت. ئەو لەگەڵ هەموو دەسکەوتەکانی بۆ لای بەهرام گەرایەوە. دەستەیەك دەڵێن: کاتێك لەخاقان و رۆم ئاسوودە بوو، بەتەنیایی خۆی رۆشتە سەرزەمینی یەمەن و گەشتە سەرزەمینی سودان یا (سواد) و پیاوە شەرکەرەکانی ئەوانی کوشت و ژمارەیەکی زۆری بەدیلی گرت و بۆ وڵات گەرایەوە.

لەکۆتایی پاشایەتی، بەهرام رۆژێك بۆ راو رۆشتەدەر و بزنە کێویەکی بینی و بەدوایدا رۆشت و لەناکاو کەوتە چاڵێکی قووڵ و لەناودا خنکا. دایکی ئەم هەواڵەی بیست و رایکردە ئەوێ و فەرمانی دەرهێنانەوەی دەرکرد. ئەوان قور و لیتی زۆریان لەناو ئاوەکە دەرهێنا و چەندین تەپۆڵکەیان لێ دروست کرد بەڵام بەهرامیان نەدۆزییەوە.

رژگاری پاشایەتی ئەو هەژدە ساڵ دەمانگ و بیست رۆژ (یا بیست و سێ ساڵی) خایاند.

ئەبوو جەعفەری تەبەری لەژێر ناوی بەهرامی گور نوسیویەتی باوکی ئەوی بۆ پەروەردە کردن سپاردە نەعمان کوڕی مونزەر بەهەمان شێوە کەئاماژەی پێدرا. ئەو لەکاتی ئاماژەدان بەیەزدگێردی گوناحکار وتوویەتی ئەو کورەکەی بەنەعمان ئەمرۆ القیس سپاردووە تاگەورەی بکات. گومانی تێدا نییە دەستەیەك لەزاناکان پشتیان بەم گێرانەوەیە بەستووە و دەستەیەك بەویتر. بەلاَم ئەو بێژەری هیچ کام لەم دوقسەی ناو نەبردووە.

پاشایەتی یەزدگێرد کوڕی بەهرامی گور

کاتێك تاجی شایی لەسەر کرد، بۆ میوانداری لەخەلَك، کۆبۆونەوەیەکی گشتی رێکخست و ئاماژەی بەباوك و کارە چاکەکانیدا و ئەوانی ئاگادار کردەوە ئەگەر زەمانێکی درێژ لای ئەوان بۆ نەهێشتنی نیازەکانیان دانەنیشێت، گۆشەگیری بەردەوام لەبەرژەوەندی ئەوان و شەڕ لەگەلْ دوژمنەکانیان دەبێت. ئەو وتی نێرسی وەزیرەکەی باوکی لەشوێنەکەی خۆیدا هێشتۆتەوە. لەگەلْ خەلَکەکەی خۆی بەدادپەروەری هەلَس و کەوت و دوژمنەکانی سوك و ریسوا و سوپاکەی خۆی تەیار کرد. دو کوڕی بەناوەکانی فیروز و هورموز بۆ هاتە دنیا هورموز فەمانرەوای سیستان و دوای باوك دەستی بەسەر ولاَتدا گرت. فیروز رایکرد و پەنای بردە بەر ولاَتی هیپتالیان و لەپاشاکەیان داوای هاوکاری کرد. فیروز تالەقانی بەو بەخشی و لەبەرامبەر ئەم بەخشینە هاوکاری ویست. ئەو لەگەلْ سوپاکەی خۆی هاتە رەی و براکەی خۆی کوشت. هورموز و فیروز لەیەك دایك بوون. دەستەیەك دەلَێن: ئەوی نەکوشت بەلَکو پاشایەتی لێسەندەوە.

رۆمیەکان باجیان بەیەزدگێرد نەدا و نێرسی لەگەلْ ئەو سوپایەی باوکی یەزدگێرد کۆی کردبوویەوە، بەرێکەوت و خواستەکەی خۆی بەدەستهێنا.

پاشایەتی یەزدگێرد هەژدە سالْ و چوار مانگ یا نۆزدە سالْ بوو.

پاشایەتی فیروز کوڕی یەزدگێرد کوڕی بەهرامی گور

(کوژرانی براکەی هورموز و سێ لەخەزمەکانی)

کاتێك فیروز بەسەر براکەیدا زاڵبوو و بوو بەپاشا، دادپەروەری لەخۆی نیشاندا و بانگەشەی دینداری کرد. بەڵام ئەو پیاوێکی رەشبین و لەگەڵ خەڵکان خراپەکار و بۆ ئەوان شوم بوو. وڵات لەرۆژگاری ئەو بۆ ماوەی حەوت ساڵ توشی قات و قڕی و وشکەساڵی هات. روبار و کارێزەکان وشکیان کرد، ئاوی دیجلە دابەزی، دارەکان وشك بوون، گیا و روەکەکان ژاکان و لەدەشت و دەر وکێو سڕانەوە. باڵندەکان مردن، ئاژەڵە کێوی و دەشتییەکان لەناوچون و برسیەتی و نەداری یەخەی هەموانی گرت. ئەو نامەی بۆهەموو خەڵك نوسی و ئاگاداری کردنەوە کە باج لەسەریان نییە. فەرمانی بەخەڵکیدا و پێشنیاری کرد ئەگەر کەسێك پاشەکەوتی هەیە لەگەڵ ئەوانیتردا دابەشی بکات و رۆژگاری دارا و نەدار یەکسان بێت. ئەوانی ئاگادار کردەوە ئەگەر بزانێت لەشار یا ئاوەدانییەك کەسێك لەبرسانا مردووە، سزایان دەدات و لەناویان دەبات. وڵاتدارییەکی عاقڵانەی گرتەبەر کە کەس برسیەتی نەکێشا جگە لەپیاوێك لە دێی ئەردەشیر خەرە. فیروز لەدەرگای خوا پارایەوە و خوا وشکەساڵی هەڵگرت و وڵات بۆ بارودۆخی یەکەمی گەڕایەوە.

کاتێك خەڵك و وڵات گیانێکی تازەیان گرت و ئەو دوژمن و نەیارانی خۆی سەرکوت کرد، رۆشتە شەڕی هیپتالیەکان. کاتێك پاشای ئەوان ئەخشنوار (ئەحسوار، ئەخشوار) ئەم هەواڵەی بیست، لەئێرانییەکان ترسا. یەکێك لەهاوەڵانی وتی: دەست وپێی من ببڕە و لەگەڵ بنەماڵەکەم بەباشی هەڵس و کەوت بکە. لەسەر رێگا فرێمبدە تا چارەی فیروز بکەم. ئەو ئەم کارەی کرد. فیروز لای تێپەری و لەحاڵی پرسی. وتی: بە ئەخشنوارم وت توانای بەرگری لەبەردەم فیروز و سوپای ئێرانمان نییە و ئەو ئەم بەڵای بەسەر هێنام. من رێگەیەکی نزیکترت نیشان دەدەم کە کەس ئەم رێگای نەگرتۆتەبەر. فیروز بەم هەواڵە شادمان و پشتی پێ بەست. ئەو فیروز و سوپاکەی بیابان لەدوای بیابان بەدوای خۆیدا برد و کاتێك زانی ناتوانن خۆیان رزگار بکەن، بەسەرهاتی خۆی بۆ ئەوان باس کرد. هاوەڵانی فیروز پێیان وت: ئێمە

ئاگاداریمان بەتۆدا بەڵام تۆ نەتبیست. ئێستا جگە لەپێشرەوی، چارەیەکیتر نییە. ئەوان رۆشتنە پێش و کاتێك روبەروی دوژمن بوونەوە، نیوە گیان و تینو بوون. تینویەتی زۆر کەسی لەوان لەپێ خستبوو. کاتێك خۆیان بەم شێواوی و شپرەزەییە بینی لەگەڵ ئەخشنوار رێکەوتن بەو مەرجەی وازیان لێبێنێت بۆ وڵاتەکەی خۆیان بگەرێنەوە و فیروز سوێندی خوارد هیچ کات مەبەستی وڵاتەکەی ناکات. ئاشتی لەسەر ئەم بنەمایە سەقامگیر بوو. فیروز نامەی ئاشتی نوسی و گەرایەوە. کاتێك لەوڵاتەکەی ئارامی گرت، رق و لەخۆرازیبوون ناچاری کرد جارێکیتر مەبەستی وڵاتی ئەخشنوار بکات. وەزیرەکانی ئەویان لەشکاندنی پەیمانەکەی ئاگادار کردەوە بەڵام رازی نەبوو و رۆشتە شەڕی ئەحشنوار. کاتێك لەوێ نزیك بوویەوە ئەخشنوار فەرمانیدا لەپشت سوپاکەی خەندەکێك بەپانایی دەگەز و قوڵای بیست گەز هەڵکەنن و بەچیلکە و چەوێل و خاك داپۆشن. کاتێك فیروز ئەم هەواڵەی بیست، لەشکست گومانی کرد و بەدوایدا رۆشت و سوپاکەی لەبوونی خەندەك ئاگادارنەبوون. ئەخشنوار هاتە لەشکرگای فیروز و هەموو ساز و بەرگی شەڕی بەتاڵان برد و موبد و ژنەکانی بەدیلی گرت. دواتر لاشەی فیروز و سوپاکەی دەرهێنا ەو لەگۆرستانەکاندا بەخاکی سپارد.

دەستەیەك دەڵێن: کاتێك فیروز گەشتە خەندەکە هەڵکەنراوەکەی ئەخشنوار (و هێشتا دانەپۆشرابوو) پردی لەسەر دروست کرد و بۆ خۆی وکەسەکانی ئاڵاکانی هەڵکرد تا لەکاتی گەرانەوە رێگای خۆیان بناسنەوە. ئەو سوپاکەی لەخەندەك تێپەرین. کاتێك دوو لەشکر روبەرووی یەك بوونەوە، ئەخشنوار پشتی بەپەیمانەکانی نێوانیان بەست و لەئەنجامی پەیمان شکێنی ئاگاداری کردەوە. فیروز نەگەرایەوە. هاورێکانی ئامۆژگاریان کرد و ئەو نەیبیست و ورەی ئەوانی لەشەڕ کردن بەلاواز لەقەڵەمدا. ئەخشنوار کەبینی فیروز جگە لەشەڕ داواکاریتری نییە، نوسخەیەکی لە پەیماننامەکە کردە سەر نوکی رمێك و وتی: خوایە، ئەوی لەناو ئەمەدا نوسراوە بێنەرەدی و بە دواهاتەکاتی گیرۆدەی کە. ئەو لەشەڕدا خۆراگری کرد و فیروز و سوپاکەی بەقورسی تێکشکان و کاتێك روویان لەخەندەکەکان کرد، ئاڵاکانیان ون کرد، بە پردەکان نەگەشتن و کەوتنە ناو خەندەکەکان. فیروز و بەشی

زۆری سوپاکەی لەناوچون و ئەخشنوار سامان و چوارپێ و ساز و بەرگی ئەوانی بەتالآنی برد. ئەخشنوار دەستی بەسەر زۆرینەی بەشەکانی خوراساندا گرت. لەم کاتەدا پیاوێك لەفارس بەناوی سوخرا (سوخد) کە لەگەورەکانی ئێران بوو، وەك یەکێك لەفەرمانرەواکان مەبەستی شەڕی هیپتالیەکانی کرد. دەستەیەك دەڵێن: بەم شێوە نەبوو بەڵکو فیروز لەکاتی رۆشتن بۆ شەر، ئەوی لەجێگای خۆی دانابوو. ئەو فەرمانرەوای سیستان بوو. سوخرا روبەروی سەرکردەی هیپتالیەکان بوویەوە و شەڕی لەگەڵ کرد و لەخوراسان دەریپەڕاندن و ئەوەی لە لەشکرەکەی فیروز بە تالآنی بردبوویان، وەریگرتەوە، ئەسیرەکانی ئازاد کرد و بۆ وڵات گەڕاندنیەوە. ئێرانییەکان زۆربە گەورەیان دەزانی بەجۆرێك جگە لەپاشا کەس لەو گەورەتر نەبوو. وڵاتی هیپتالیەکان، تخارستان بوو. فیروز لەکاتی وەرگرتنی هاوکاری کردنی ئەم پاشایە، تاڵەقانی پێبەخشی.

پاشایەتی فیروز بیست و شەش ساڵ یا بیست و یەك ساڵی خایاند.

رووداوەکانی سەرزەمینی عەرەب لە رۆژگاری فیروز و یەزدگێرد

خزمەتی پاشاکانی حەمیر کورەکانی ئەشراف لەحەمیر و کەسانیتر دەیانکرد. یەکێك لەو کەسانەی خەزمەتی حسان کوڕی توبەعی دەکرد، عەمرۆ کوڕی حەجەری کێندی، سەروەری هۆزی کێندی بوو. کاتێك عەمرۆ کوڕی توبەع براکەی خۆی حسان کوڕی توبەعی کوشت، عەمرۆ کوڕی حەجەری هەلگرت و پەروەردەی کرد و کچی براکەی خۆی حسانی پێدا. کەس لەعەرەب بوێری خوازبێنی کردنی لەوان نەبوو. ئەو ژنە، حارس کوڕی عەمرۆی هێنایە دنیا. دوای عەمرۆ کوڕی توبەع، عەبد تەلال کوڕی مسەوەب بەپاشایەتی گەشت. لەبەر ئەمە ئەویان وەك پاشا دەستنیشانکرد چوونکە منالەکانی عەمرۆ کەم تەمەن و منال بوون. پیشتر پەرییەکان توبەع کوڕی حسانیان فریو و عەقلی ئەویان رفاندبوو. عەبد تەلال لەسەر ئایینی مەسیحی یەکەم بوو و ئایینەکەی خۆی دەشاردەوە. توبەع کوڕی حسان لەنەخۆشی رزگاری بوو. ئەو زاناترین خەلکان لەرووداوەکانی پێش خۆی بوو. بووە پاشای یەمەن و حەمیرییەکان ترسیان ئەویان لێ نیشت. کوڕی خوشکەکەی حارس کوڕی عەمرۆ کوڕی حەجەری لەگەلْ سوپایەك بۆ حیرە نارد و ئەم سوپایە شەڕی نەعمان کوڕی ئەمرۆ القیسی (کوڕی شەقیقەی) کرد و نەعمان ژمارەیەك لەکەسان و خزمەکانی خۆی کوشت. مونزەر کوڕی نەعمانی گەورە (کە دایکی ماالسما- ناوی ئاسمان- بوو) لەمەرگ رزگاری بوو. دایکی ژنێك لەهۆزی نەمێری کوڕی قاست بوو. بەم شێوەیە پاشایەتی بنەمالەی نەعمان لەناوچوو و حارس کوڕی عەمرۆ کەنەدی بووە پاشای ئەوان. دەستەیەك لەزاناکان ئاماژەیان بەم رووداوە داوە.

کوڕی کەلبی دەلێت: دوای نەعمان، مونزەر کوڕی نەعمان کوڕی مونزەر کوڕی نەعمان بەپاشایەتی گەشت و چل و چوار سالْ فەرمانرەوایەتی کرد: لەرۆژگاری بەهرامی گور هەشت سالْ، لەرۆژگاری یەزدگێرد کوڕی بەهرام هەژدە سالْ و لەرۆژگاری فیروز کوڕی یەزدگێرد دەسالْ. دوای ئەو ئەسوەد کوڕی مونزەر بیست سالْ پاشایەتی کرد: لەرۆژگاری فیروز کوڕی یەزدگێرد دە سالْ، لەرۆژگاری بلاش کوڕی فیروز چوار سالْ و لەرۆژگاری قوباد کوڕی فیروز شەش سالْ.

ئەبوو جەعفەر لێرەدا بەمشێوە ئاماژەی پێداوە: حارس کوڕی عەمرۆ، نەعمان کوڕی ئەمری القیسی کوشت و ولاتەکەی داگیر کرد و پاشایەتی لەبنەماڵەی ئەودا نەما. لەشوێنێك پێشتر لەمە وتوویەتی مونزەر کوڕی نەعمان یا نەعمان (بەپێی جیاوازی ئاماژە پێدراو) ئەو کەسە بوو لەشکری کۆکردەوە و بەهرامی گوری کردە پاشای ئێران. ئەو دواتر ئاماژەی بەپاشاکانی حیرە لەمناڵەکانی نەعمان تا دوایین کەس داوە. پاشایەتی ئەوان بەعەمرۆ کوڕی حارس کۆتایی نەهات. هۆکارەکەی ئەوە بوو مێژووی عەرەب بەتەواوی نەنوسرابوویەوە و لەبەر ئەمە، هەر کەس هەمان گێرانەوەی گێڕاوەتەوە کەبیستوویەتی.

جیاواز لەمانەیشیان وتووە کە بەخواستی خوا لەداستانی کوژرانی حەجەر کوڕی عەمرۆ ئەمرۆ القس ئاماژەی پێدەدەین.

راستییەکەی ئەوەیە پاشاکانی کێندە، عەمرۆ و حارس، لەنەجد، فەرمانرەوایەتی عەرەبەکانیان کرد. لەخمیەکان کەپاشاکان لەرەچەڵەکی مونزەر بوون، بەردەوام فەرمانرەوایەتیان کرد تا قوباد بەپاشایەتی ئێران گەشت و ئەوانی لابرد و حارس کوڕی عەمرۆ کێندی کردە فەرمانرەوایی حیرە. ئەوسا بەهەمان شێوەکە بەخواستی خوا ئاماژەی پێدەدەین، ئەنەوشیروانی دادپەروەر حیرەی بۆ لەخمیەکان گەڕاندەوە.

پاشایەتی بلاش کوڕی فیروز کوڕی یەزدگێرد

دوای فیروز، کورەکەی بلاش بەپاشایەتی گەشت و لەنێوان ئەو و براکەی قوباد ئاژاوە رویدا کەسەرکەوتنی قوبادی لێکەوتەوە و بوو بەپاشا. کاتێك بلاش هاتەسەر کار، رێزی لەسوخرا گرت و بۆ رێز لێنان لەخزمەتەکانی، چاکەی لەگەڵدا کرد. ئەو گەورە و رێزدار و خوازیاری ئاوەدانی بوو. ئەگەر دەیبیست ماڵێك دارماوە و خاوەنەکانی باریان کردووە، کوێخای ئەو شوێنەی سزا دەدا کەبۆ هەژاری ئەو داماوەی چارەسەر نەکردووە تا ناچار بەکۆچ کردن لەزادگاکەی خۆی نەبێت. ئەو شاری ساباتی لەنزیك مەداین دروست کرد. رۆژگاری پاشایەتی ئەو چوار ساڵی خایاند.

پاشایەتی قوباد کوڕی فیروز کوڕی یەزدگێرد

پێش ئەوەی قوباد بەپاشایەتی بگات، رۆشتبوویە لای خاقان تا بۆ شەڕ دژی براکەی هاوکاری لێوەربگرێت. ئەو هاورێ لەگەڵ ژمارەیەك لەهاوەڵانی خۆی بەنهێنی لای نەیشاوەرەوە تێپەری و زەرمێهر کوڕی سوخرا لەگەڵیان بوو. گیانی خوازیاری پەیوەندی هاوسەریەتی و ئەم نهێنیەی لەگەڵ زەرمێهردا باس کرد و داوای ژنی لێکرد. زەرمێهر رۆشتە لای خاوەنی ماڵ کە لەئەسواران و کچێکی زۆر جوانی هەبوو. زەرمێهر داوای کچی لێکرد و مژدەی خۆشی بەژنەکەی دا و ئەو کچەکەی بەقوباد دا کە هەمان شەو هاتەلای و کچ بە ئەنەوشیروان دووگیان بوو. قوباد دیارییەکی گرانبایی بەکچەکەدا و ئەوی بۆماڵی باوکی گەراندەوە. دایکی چۆنیەتی کاری قوبادی لەکچەکەی پرسی و کچ وڵامی دایەوە هیچ لەکاروباری ئەو نازانێت جگە لەوەی بینیویەتی شەرواڵەکەی بەزێرچنراوە. دایك زانی قوباد لەشازادەکانە. لەم کاتەدا قوباد رۆشتە لای خاقان و دژی براکەی داوای هاوکاری کرد. چوار ساڵ لای مایەوە و بەردەوام مزگێنی هاوکاری دەبیست. سەرئەنجام، خاقان سوپایەکی لەگەڵدا نارد. کاتێك قوباد گەشتە نزیکی ئەو شوێنەی ژنەکەی لەوێ بوو،

پرسیاری کرد و ژنیان هاورێ لەگەڵ ئەنەوشیروان هێنا و هاوسەرەکەی پێی وت ئەمە منالّی تۆ ئەنەوشیروانە. لێرەدا هەواڵیان پێدا براکەی بلاش مردووە. قوباد بەپیرۆزی زانی و ئەوی لەگەڵ دایکی سواری گەردونەیەکی شایانە کرد و بەڵێنی پاشایەتی دوای خۆی پێدا و سوخرای کردە کەسە تایبەتەکانی خۆی و سپاسی خزمەتی کورەکەی، زەرمیهری کرد. سوخرا جڵەوی کارەکانی گرتە دەست و خەڵك شوێنی کەوتن و قوبادیان بەسوك زانی. قوباد نەیتوانی بەرگەی ئەمە بگرێت. ئەو بۆ شاپووری رازی کەئیسپەهبۆدی پانتایی کێوەکان بوو، نامەی نوسی و ئەوی لەگەڵ سوپاکەی بانگ کرد. شاپووری رازی هات و قوباد ئاگاداری کردەوە کە مەبەستی کوشتنی سوخرای هەیە. فەرمانی پێدا ئەم نهێنیە دەبێت نهێنی بێت. رۆژێك شاپوور هاتە لای قوباد و سوخرا لای ئەو بوو. ئەو کەمەندێکی لەملی سوخرا توند کرد و بردیە زیندان. قوباد ئەوی خنکاند و ناردی بۆ کەسەکانی و لەجیاتی ئەو پێگەی بەشاپووری رازی بەخشی وپێشی خست.

لەرۆژگاری ئەو مەزدەك دەرکەوت و ئایینێکی تازەی هێنا. لەدەستەیەك بابەت هاوباوەری زەردەشت بوو، هەندێ شتی لەئایینکەی ئەو کەم کردەوە و شتی پێ زیاد کرد. گومانی دەکرد خەڵك بۆ سەر ئایینی ئیبراهیمی خەڵیل بانگ دەکات بەهەمان شێوە کەزەردەشت لەزەمانی خۆی ئەم کارەی دەکرد.

پەیوەندی هاوسەریەتی لەگەڵ نزیکەکان (وەك خوشك و دایك و کچی پور و ئامۆزا و خاڵۆزای) بەرەوا زانی و کارە حەرامەکانی لەسەر خەڵك حەڵاڵ کرد. لەسامان و زەوی و زار و ژن و کەنیز و کۆیلە هاوسەنگی لەنێوان خەڵکان دروست کرد بەشێوەیەك هیچ کەس بەهیچ جۆرێك لەپێشی بەسەر کەسانیترەوە نەبێت. شوێنکەوتوانی لەکۆمەڵی هەژاران زیادیان کرد و گەشتنە دەیان هەزار کەس. مەزدەك ژنی ئەمی دەگرت و دەیدا بە یەکیتر و ئەم کارەی لەسامان، کەنیز و کۆیلەکان و نیازەکانیتر وەك کشتوکاڵ و ماڵ و بێستان و باغ دەکرد. ئەو بەسەر ولاتدا زاڵ ، پێگەی بەرز و قوباد باوەڕی پێ هێنا. رۆژێك بەقوبادی وت: ئەمرۆ سەرەی منە لەگەڵ ژنەکەی تۆ، دایکی ئەنەوشیروان بخەوم. قوباد ژنەکەی خۆی بەودا. ئەنەوشیروان هەستا، پێلاوەکانی لەقاچی مەزدەك داکەند و هەر دوو قاچی

ماچ کرد و داوای لێکرد دەست بەسەر سامانەکانیتردا بگرێت بەڵام با زاری خۆشەویستی دایکی نەدۆرێنێت. مەزدەك وازی لێهێنا.

ئەو سەربڕینی ئاژەڵی بە نارەوا زانی و وتی: ئەوەی زەوی دەیروێنێت یا ئەوی ئاژەڵەکان بەدیدێنن (وەك هێلکە و شیر پەنیر و رۆن ...)بۆ خەڵك بەسە. بارودۆخ لەسەر خەڵك دژوار بوو بەشێوەیەك کەس نەباوکی خۆی دەناسیەوە نەکورەکەی.

کاتێك دە ساڵ لە پاشایەتی قوباد تێپەری، موبیدەکان و گەورەکان کۆبوونەوە و ئەویان لەپاشایەتی لابرد و لەجیاتی ئەو براکەی جاماسبیان دانا و بەقوبادیان وت: تۆ بەهۆی باوەڕ هێنان بەمەزدەك گوناحکار بوویت و لەگوناحی هاوەڵانی مەزدەك و هەڵس و کەوتی ئەوان لەگەڵ خەڵك شەریکیت. جگە لەمەتۆ رزگار ناکات کەژن و منداڵەکانت بخەیتە بەردەست خەڵك. دەیانویست خۆی بەدەست ئەوان بدات تاسەری ببرن و هاوشێوەی قوربانی بیسوتێنن. ئەو ئەم کارەی نەکرد و ئەوان زیندانیان کرد بەشێوەیەك دەستی کەسی پێنەدەگەشت. زەرمێهر کوڕی سوخرا هاتەدەر و ژمارەیەکی زۆر لەمەزدەکیکانی کوشت و قوبادی بۆ پاشایەتی گەراندەوە و براکەی جاماسبی لەسەر کار لابرد. قوباد دوای ئەوە زەرمێهری کوشت.

دەستەیەك دەڵێن: کاتێك قوباد خرایە زیندان و براکەی جێگەی گرتەوە، یەکێك لەکچەکانی هاتە لای و وای نیشاندا دەیەوێت چاوی پێیبکەوێت. ئەوسا لەفەرشێکییەوە پێچا و کۆیلەیەك هەڵیگرت. کاتێك لەزیندان هاتەدەر، زیندانوان پرسی چی پێیە؟ کچ وتی: جێگایەکە رۆژانی نەخۆشی مانگانەی خۆم لەناو ئەوەدا بەسەر دەبەم. زیندانوان دەستی لێنەدا. کۆیلە قوبادی هێنایەدەر و رایکرد و پەیوەستی پاشای هیپتالیەکان بوو و داوای هێزی شەرکەری لێکرد تا دووبارە دەست بەسەر پاشایەتی خۆیدا بگرێتەوە. کاتێك بەئێرانشار یانی نەیشابوور گەشت، رۆشتە لای یەکێك لەخەڵکانی ئەو شارە کەکچێکی جوانی بوو. ئەوی کردە هاوسەری خۆی کەهەمان دایکی ئەنەوشیروانی دادپەروەرە. ژن هێنانی ئەم لەم رۆشتنەی دابووە نەك لەویتریان. ئەمە وتەی دەستەیەك لەمێژوونوسانە. ئەو گەرایەوە و ئەنەوشیروانی لەگەڵدا بوو. بەسەر براکەی جاماسبدا زاڵبوو و تاج و تەختی پاشایەتی وەرگرتەوە. دوای ئەوە قوباد رۆشتە شەڕی رۆمەکان و شاری ئامێدی گرت

و شارەكانی ئەرجان و حیلوانی دروست كرد و ماڵئاوایی لەدنیا كرد. دوای ئەو كورەكەی خوسرەوی ئەنەوشیروان هاتەسەر كار. رۆژگاری پاشایەتی قوباد لەگەڵ پاشایەتی براكەی چل و سێ سالی خایاند. خوسرەوی ئەنەوشیروان فەرمانرەوایەتی لەسەر ئەوی باوكی بۆی دیاری كردبوو، گرتەدەست.

لەرۆژگاری ئەو، خەزەریەكان هاتنەدەر و پەلاماری ئێرانیاندا و گەشتنە دینەوەر. قوباد یەكێك لەفەرماندەكانی خۆی هاوری لەگەڵ دوانزە هەزار پیاوی شەڕكەر بۆ روبەروبوونەوەی ئەوان نارد. ئەو لەسەرزەمینەكانی ئەوان تێپەری كرد و ناوچەكانی نێوان روبارێكی ناسراو بەناوی (رەس)(ئەرەس) تا شەروانی گرت. دواتر قوباد پەیوەستی بوو و لەسەرزەمینی ئەران بناغەی دوشاری بیلقان و بردعەی دارشت و دروستی كرد. ئەم دوو شارە و شارەكانی دەوروبەری هەموویان شارە سنورییەكان بوون. خەزەرەكان لەحالّی خۆیاندا مانەوە. ئەوسا قوباد بۆ ئالانەكان لەنێوان سەرزەمینی شەروان و ئالان، ئاوبەندێك و چەندین شاری دروست كرد كەهەموویان دوای دروست بوونی دەروازەی دەروازەكان (باب الابوواب) رویان لەوێرانی كرد.

ڕوداوەکانی عەرەب لەڕۆژگاری قوباد

کاتێك حارس کوڕی عەمرۆ کوڕی حەجەری کێندی بووە پاشای عەرەب و نەعمان کوڕی مونزەر کوڕی ئەمری القیسی (وەك ئاماژەمان پێدا) کوشت، قوباد نامەی بۆنوسی: لەنێوان ئێمە و پاشاکەی پێش تۆ پەیمانێك بوو و خوازیاری بینینی تۆم. قوباد پیاوێکی دوور ئەندێش کەچاکەی لەخۆی نیشان دەدا و لەخوێن ڕشتن خۆی دەپاراست و لەگەڵ دوژمنان بەنەرمی هەڵس و کەوتی دەکرد. حارس ڕۆشتە سەردانی. ئەو دووانە یەکیان بینی و پەیمانی ئاشتیان بەست لەسەر ئەو بنەمایەی هیچ عەرەبێك لەڕوباری فورات تێپەر نەبێت. حارس چاوی تەماحی بڕییە سەرزەمینی ئێران و فەرمانی بەسوپاکەی خۆیدا لەفورات تێپەرن و هێرش بکەنە سەر سواد. قوباد ئەم هەواڵەی پێگەشت و زانی هۆکاری ئەم کارە، بزوێنەرەکەی حارسە. بانگی کرد و کاتێك حارس هات، پێی وت: ڕێگران لەعەرەب ئەم و ئەوەیان کرد. حارس وتی: من لەم کارە بێ ئاگا بووم و تەنیا بەزێر و لەشکر دەتوانرێت ڕێگری لەعەرەبەکان بکرێت. ئەو داوای بەشێکی سوادی لەقوباد کرد. قوباد شەش تسوج (پانتایی) لەسوادی بەحارس بەخشی. لەولا، حارس پەیك و پەیامی بۆ توبەع پاشای یەمەن نارد و تەماحی سەرزەمینەکانی ئێرانی خستە بەرچاو. توبەع بەرێکەوت و لەحیرە دابەزی و برازاکەی خۆی شەمیر زوالجەناح ڕەوانەی شەڕی قوباد کرد. قوباد خۆڕاگری کرد بەڵام شەمر تێکی شکاند تا گەشتە ڕەی و ئەوسا لەوێ خۆی پێگەیاند و ئەوی کوشت. دواتر توبەع برازاکەی خۆی شەمر زوالجەناحی بۆ خوراسان و کورەکەی حسانی بۆ سەغد نارد و وتی: هەرکام لەئێوە بەچین بکات فەرمانڕەوایی ئەوێ بێت. هەرکام لەو دووانە سوپایەکی گەوە و مەزنی لەگەڵدابوو کەدەستەیەك دەڵێن ژمارەی سوپاکەیان بەشەشسەد و چل هەزار کەس دەگەشت. ئەو کوڕی براکەی یەعفەری ڕەوانەی ڕۆم کرد و ڕۆمیەکان ملکەچی بوون و باجیان پێدا. یەعفەر ڕۆشت و گەشتە ڕۆمیە و گەمارۆی دا. هاوەڵانی گیرۆدەی تاعون بوون. ڕۆمیەکان هێرشیان کردە سەریان و کوشتاریان کردن بەشێوەیەك یەك کەس لەوان گیانی بەدەر نەبرد.

شەمر زوالجەناح بەرەو سەمەرقەند ئەسپی غاردا و گەمارۆی خستە سەر بەلام نەیتوانی دەستی بەسەردا بگرێت. ئاگادار بوویەوە کەفەرمانرەوای ئەو سەرزەمینە پیاوێکی نەزانە و کچێکی هەیە کەجڵەوی کارەکان لەدەست ئەودایە و کاروبارەکان هەڵدەسورێنێت. شەمر بۆ ئەو کچە دیاری گرانبایی نارد و پەیامی دا: من بۆ ئێرە هاتووم تا پەیوەندی هاوسەریەتی لەگەڵ تۆدا ببەستم. چوار هەزار سنوقی زێر و زیوم پێیە، هەمووی بەتۆ دەدەم و بەرەو چین دەرۆم. ئەگەر ببمە پاشا تۆ دەبیتە شاژن و ئەگەر مردم زێر و زیو بۆ تۆیە.

کاتێك پەیك و پەیامی بەکچەکە گەشت وتی: وەلامم دایەوە، زێر و گەوهەرەکە بنێرێت. ئەو چوار هەزار سنوقی نارد. لەناو هەر سنوقێك دوو پیاو حەشار درابوون. سەمەرقەند دو دەروازەی هەبوو و لەسەر هەر دەروازیەك دوو هەزار پیاو پاسەوانیان دەکرد. ئەو لەنێوان خۆی و ئەوان نیشانەی دانا تا دەنگی زەنگ بەرز بکەنەوە. کاتێك پیاوەشەرکەرەکان هاتنە ناوشار، شەمر لەناو خەڵکدا جاریدا و دەنگی زەنگەکە بەرز بوویەوە. پیاوەکان لەناو سنوقەکان هاتنەدەر و دەروازەکانیان گرت. شەمر هاتە ناوشار و خەڵکەکەی کوشتار کرد و هەموو سامانەکانی تالان و دەستی بەسەردا گرت و بەرەو چین بەرێکەوت. تورکەکانی تێکشکاند و رۆشتە ناو وڵاتەکەیان و چاوی بەحسان کوڕی توبەع کەوت و بینی سێ ساڵ پێش لەو گەشتۆتە ئەو وڵاتە. ئەو دووانە لەوێ مانەوە تا ئەوکاتەی مردن. رۆژگاری مانەوی ئەوان لەوێ، بە پێی ئەوەی وتویانە، بیست و یەك ساڵی خایاند. دەستەیەك دەڵێن: ئەو دووانە گەرانەوە و لەرێگی گەرانەوە لای توبەع تێپەرین و تالانی و دیلی زۆر و زێر و زیویان خستە بەردەم و دواتر هەموویان بۆ سەرزەمینی خۆیان گەرانەوە. توبەع لەیەمەندا مرد و دوای ئەو هیچ کەس لە یەمەن بۆ شەر نەهاتەدەر.

دەستەیەك دەڵێن: ئەو باوەری بەئایینی جوولەکە هێنا. رۆژگاری پاشایەتی ئەو سەد وبیست و یەك ساڵی خایاند.

کوڕی ئیسحاق دەڵێت: توبەعیتر، تەبان ئەسعەد ئەبوکەرب، کاتێك وڵاتەکانی داگیر کرد و لەرۆژهەلات زەمین گەرایەوە، کەوتە سەر رێگەی مەدینە. کاتێك لەسەرەتا لەم شارە تێپەری، خەڵکەکەی ئازار نەدا و یەکێك لەکورەکانی خۆی لەم

شارە بەجێهێشت. ئەم کورە بەشێوەیەکی کتاوپڕ و شاراوە کوژرا. تەبان روی کردە شارەکە و مەبەستی وێران کردنی شارەکە و کوشتاری خەڵکی کرد. کاتێك ئەنسار ئەمەیان بیست بەفەرماندەیی سەرۆکەکەیان عەمرۆ کوڕی تەلە یەکێك لەکورەکانی عەمرۆ کوڕی مەبزول لە منالەکانی نەجار، کۆبوونەوە و بڕیاری بەرگرییاندا. ئەوان رۆژانە شەڕیان لەگەڵ دەکرد و شەوانە پاسەوانیان دەدا. لەوێ بوو تا ئەوەی دو دیندار(خاخام) لەمنالەکانی قورەیزە کەپیاوێکی زانا و بیرمەند بوون، هاتنە لای و پێیان وت: بیستومانە دەتەوێت چی بکەیت؟ ئەگەر لەسەر ئەم کارە پێداگری بکەیت، رێگەت لێدەگرن و دەترسین بەم زووانە ئەشکەنجەیەك بەسەر تۆدا داباریێت. وتی: بۆ؟ وتیان: ئێرە شوێنی کۆچی پێغەمبەرێك لەقورەیشە کەدەیکاتە شوێنی مانەوەی خۆی. ئەو لەوتاری ئەوان سەری سورما و دەستی لەکارەکەی خۆی هەڵگرت و بووە شوێنکەوتەی دینەکەی ئەوان. ناوی ئەو دووانە کەعب و ئەسەد بوو. توبەع و خەڵکەکەی بتپەرەست بوون. ئەو لەمەدینە رۆشتە مەککە. کەعبەی بەپارچە و پەردەی چنراوی یەمەن داپۆشی و یەکەم کەس بوو ئەم کارەی کرد. دەرگا و کلیلی بۆ دروست کرد و کاتێك هاتەدەر و روی کردە یەمەن خەڵکی خۆی بۆ سەر ئایینی یەهودی هاندا. ئەوان رازی نەبوون و داوەریان بردە لای ئاگر. ئەوان ئاگرێکیان بوو لەنێوان ئەواندا داوەری دەکرد و بەگومانی ئەوان ستەمکاری دەخوارد و ستەملێکراو بێ زیان دەهاتەدەر. بەخەڵکەکەی خۆی وت: دادپەروەریتان کرد. خەڵکەکەی لەگەڵ بتەکانیان هاتەدەر و ئەو دوو کاهینە هاتن و کتێبە ئاسمانیەکانیان لەدەستا بوو. هەموویان لەشوێنی ئاگرەکە کۆبوونەوە. ئاگر بڵێسەی سەند و ئەوانی گرتەوە و بتەکانی هاورێ لەگەڵ قوربانییەکان و خاوەنانی بت لەپیاوانی حەمیری خوارد. ئەو دوو کاهینە هاتنەدەر و لەناوچاوانیان ئارەق دەتکا و ئاگر زیانی لێنەدان. خەڵکی حەمیر یەك دڵ و یەك زمان باوەڕیان هێنا.

پێشتر کاهینێك بەناوی شافیع کوڕی کولەیب سەدەفی هاتبووە لای توبەع. توبەع پێی وت: ئایا مەزنییەك بەمەزنی پاشایەتی من دەناسی؟ وتی: نە مەگەر ئەوەی پاشای غەسانە. وتی: ئایا لەو زیاتر مەزنی دەناسی کەلەویش زیاتر بێت؟ وتی: دەناسم بۆ فەرمانرەوایی چاکەکار، هاوکاری گەشتو لەلایەن خوا، وەسف کراو

لە(زەبوور) بەهەڵس و کەوتی بەرز، خەڵکەکەی لەپێش هەموو خەڵکانەوەن لەهەر نوسراوێکدا، تاریکی لەناودەبات بەروناکی روخسار، ناوی ئەحمەدە پێغەمبەری گەورە، خۆش بەحاڵی خەڵکەکەی ئەوکاتەی بۆ پێغەمبەری دەنێردرێت بۆ لای ئەوان لەلایەن خوا، یەکێك لەمناڵەکانی (لوی)ە بەرەچەڵەك و یەکێك لەمناڵەکانی (قوسەی) بەناچاری. خەڵك لەزەبووریان روانی و ئەم وەسف کردنانەیان لەپێغەمبەری ئیسلامدا بینییەوە.

دوای ئەم توبەعە کەهەمان تەبان ئەسعەد باوکیکەرب کوڕی ملکیکربە، رەبیعە کوڕی نەسری لەخمی بووە پاشای عەرەب. کاتێك رەبیعە مرد، پاشایەتی یەمەن بەحسان کوڕی تەبان ئەسعەد گەشت.

کاتێك رەبیعە بەپاشایەتی گەشت، خەوێکی بینی و پەرێشانی کرد. هیچ کاهین و جادوگەرێك و فالگرێکی نەهێشت مەگەر ئەوەی بانگی کرد. بەوانی وت: خەوێکم بینیوە و پەرێشانی کردووم، لێکدانەوەکەییم پێ بڵێن. وتیان: بۆمان بگێڕەوە. وتی: ئەگەر بیگێڕمەوە باوەر ناکەم راستیەکانم پێ بڵێن. کاتێك ئەمەی وت، یەك لەوان هاتە پێش و وتی: ئەگەر پاشا ئەمەی دەوێت دەبێت کەسێك بۆ هێنانی (شەق) و (سەتیح) بنێرێت. لەوان هەرچی بپرسی بەراستی وەڵامت دەدەنەوە. ناوی سەتیح رەبیعە کوڕی رەبیعە (کوڕی مەسعود کوڕی مازن کوڕی زەئب کوڕی عودەی کوڕی غسان بوو) و پێیان دەوت زەئبی چوونکە لەنەژادی زەئب کوڕی عودەی کوڕی غسان بوو. ئەویتریان شەق کوڕی مەسعەب کوڕی یەشکر کوڕی ئەنمار بوو.

ئەو کەسی بەدوای ئەواندا نارد. سەتیح پێش شەق هات. ئەوی لەخەوەکەی خۆی ئاگادار و پرسیاری لێکرد. سەتیح وتی: سەرێکت بینی لەتاریکیەوە هات و لەسەرزەمینێکی تاریك رۆچو و خاوەنی هەر سەرێك دەخوات. پاشا وتی: کەم و کوڕی نەبوو، چۆن لێکی دەدەیتەوە؟ سەتیح وتی: سوێند دەخۆم بەهەموو بەرهەمە گازگرەکان کەلەنێوان دوو سەرزەمیندان، بێ گومان حەبەشیەکان دێنە ناو وڵاتەکەی ئێوە و لەئەبین تا جەرەش دەگرن. پاشا وتی: سوێند بەباوکت ئەی سەتیح ئەمە لێکدانەوەیەکی بەئازار و مەترسیدارە. کاتەکەی کەیە، لەرۆژگاری منە یا دوای من؟ وتی: زەمانێك دوای ئەوە، شەست ساڵ تێپەر دەبێت یا حەفتا ساڵ. پاشا پرسی: ئایا

پاشایەتی ئەوان سەقامگیر دەبێت یا دەروخێت؟ سەتیح وتی: کاتێك حەفتا و چەند ساڵ تێپەڕێت، دەروخێت و هەڵدەوەشێتەوە. ئەوسا هەموویان دەرۆن و هەڵدێن. پاشا وتی: بەدوای ئەو کێ دێت؟ سەتیح وتی: پیاوێك بەناوی ئەرەم زی یەزن کە هێرش دەکاتە سەر ئەوان لەعەدەن و کەس لەوان بەزیندوویی ناهێڵێت لەیەمەن. پاشا وتی: ئایا پاشایەتی ئەو بەردەوام دەبێت یا دەروخێت؟ سەتیح وتی: دەروخێت. دەیروخێنێت ئەو پێغەمبەرەی پەیام دێتە دڵی لەیەزدان بۆ دادپەروەری. ئەو پیاوێکە لەمناڵەکانی غالب کوڕی فەهر کوڕی مالك کوڕی نەسری جەهاندار کەخەڵکی ئەو پاشایەکیان دەبێت تا کۆتایی دنیا. پاشا پرسی: ئایا ڕۆژگار کۆتایی هەیە؟ سەتیح وتی: بەڵێ کۆتاییەکەی ڕۆژێك دەبێت کەکۆدەبنەوە پێشینیان و داهاتووان، بەختەوەر دەبن چاکەکاران و بەدبەخت دەبن خراپەکاران. پاشا وتی: ئەی سەتیح، ئایا ڕاستی بەمن دەڵێیت؟ سەتیح وتی: سوێند بە تاریکی و بەرەبەیان، بە بوومەلێڵ کە دێت لەناکاو، ئەوەی وتم ڕاست و ڕەوایە ئەی پاشا.

کاتێك شەق هات، پاشا وتی: ئەی شەق خەوێکم بینیوە پەرێشانی کردووم. لێکدانەوەی بۆ بکە. پاشا شەقی لەلێکدانەوەکەی سەتیح ئاگادارنەکردەوە بۆ ئەوەی بزانێت ئایا وتەکانیان وەك یەکە یا نە. شەق وتی: بەڵێ، سەرێکت بینی لە تاریکیەوە هاتەدەر و ڕۆشتە ناو بێستان و تەپۆڵکەیەك و خاوەنی هەر سەرێك لەناو دەبات.

کاتێك پاشا ئەمەی بیست وتی کەم و کوڕی نەبوو، لێکدانەوەکەی چییە. شەق وتی: سوێند دەخۆم بەهەر شتێك لەناو دوو سەرزەمیندا هەیە لەمرۆڤ دێنە سەر وڵاتەکەی ئێوە سوپاییەکان و داگیری دەکەن لەئەبین تا نەجران. پاشا وتی: بەگیانی باوکت ئەی شەق بەئازارە! کاتەکەی کەی دەبێت. دوای تۆ بە ماوەیەك، ڕزگار دەکات ئێوە لەوان پیاوێکی گەورە، سوك و ڕیسوایان دەکات، نەپیاوێکی پەستە و نەگوناحکار و لەناو بنەماڵەی زی یەزن دێت بەبەهێزی. پاشا وتی: ئایا پاشایەتیەکەی بەردەوام دەبێت یا دەروخێت؟ شەق وتی: دەروخێت لەسەردەستی پێغەمبەر نێردراوی ڕاستی، کەدادپەروەری بڵاو دەکاتەوە، پیاوی دین دەبێت و گەورە بێ کەم و کوڕی، بۆ خەڵکەکەی دەبێت پاشایەتییەکەی بەردەوام تا ڕۆژی

کۆتایی کە لەناو دەبات ژیانی هەمووان. پاشا وتی: ڕۆژی کۆتایی کامەیە. شەق وتی: ڕۆژێك پاداشت و سزا وەردەگرن فەرمانرەواکان، بانگ دەکەن خەڵك لە ئاسمانەوە. دەبیستن زیندوو و مردوو و دەرۆنە شوێنی موژدە پێدراو هەموو خەڵكان.

کاتێك لە پرسیار کردن لەم دوانە تەواو بوو، منداڵ و کەسانی خۆی کۆکردەوە و هاتە عێراق و ساز وبەرگ و شتە پێویستەکانیتری بۆ ئەوان هێنا. یەکێك لە پاشماوەکانی ڕەبیعە کوڕی مونزەر، نەعمان کوڕی مونزەر پاشای حیرە بوو کە نەژادنامەی بەم شێوەیە: نەعمان کوڕی مونزەر کوڕی نەعمان کوڕی مونزەر کوڕی عەمرۆ کوڕی ئەمری القیس کوڕی عەمرۆ کوڕی عودەی کوڕی نەسر. ئەو هەمان پاشا بوو.

کاتێك ڕەبیعە کوڕی نەسر مرد و پاشایەتی یەمەن بەحسان کوڕی تەبان کوڕی ئەبی کرب کوڕی ملکیکرب کوڕی زەید کوڕی عەمرۆ زوالازعر گەشت، لەناو ئەو شتانەی حەبەشەی هاندا و پاشایەتی لەحسان سەندەوە، یەك ئەوە بوو کەحسان لەگەڵ خەڵکی یەمەن هاتەدەر و ویستی لەگەڵ ئەوان هێرش بکاتە سەر سەرزەمینەکانی عەرەب و عەجەم بەو شێوەی کەتوبەعەکانی پێش دەیانکرد. کاتێك گەشتە عێراق، هۆزەکانی عەرەب لەیەمەن لەرۆشتن لەگەڵ ئەو بێزار بوون و لەبەر ئەمە لەگەڵ براکەی عەمرۆ قسەیان کرد تا حسان بکوژن وئەو لەجیاتی دانێن. ئەو رازی بوو ئەم کارە بکات بەلام زورعەینی حەمیر بەم پێشنیارە رازی نەبوو و عەمرۆی لەم کارە بە دوور دەگرت. ئەو ئامۆژگاری نەبیست. زورعەین ئەم دو دێرەی لەگەلایەکدا نوسی و مۆری کرد و بۆ لای عەمرۆی برد و وتی: ئەم گەلایە لای خۆت بپارێزە:

الا من يشتري سهرا بن يوم	سعيد من يبيت قرير عين
فاما حمير غدرت و خانت	فمعذرة الاله لذى رعين

واتاکەی: های! کێیە ئەو بێدارەی خەوێك بەخەوێکی ئارام دەگۆرێتەوە. بەختەوەرە ئەو کەسەی شەوێك بەدڵی ئارام و چاوانی شادمان ڕۆژ دەکاتەوە. ئەگەر

خەڵکی حەمیر فریویاندا و خیانەتیان کرد، لێبووردنی خوا لەگەڵ زورعەینە کەرێزی لەخواوەند گرت.

کاتێك حسان ئاگادار بوویەوە کەبراکەی لەگەڵ هۆزەکانی یەمەن بۆ رشتنی خوێنی هاودەست بوون بەعەمرۆی وت:

یا عمرو لا تجل علی منیتي　　　فالملك تاخذه بغیر حشود

واتاکەی: ئەی عەمرۆ، لەمەرگی من پەلە مەکە چوونکە دکرێت پاشایەتی بێ کۆکردنەوەی سوپا بەدەست بێنیت.

عەمرۆ لەسەر کوشتنی ئەو پێی داگرت و سەرئەنجام ئەوی لە(رحبە مالك) کوشت. وەك چۆن دەستەیەك وتویانە، بێرە دەڵێن فرضة نعم. ئەو دواتر بۆ یەمەن گەرایەوە، و خەو وئارامی لێ بڕابوو. دەردی خۆی بۆ لای پزیشك و هاوشێوەکانی برد و گلەیی دەست پێکرد و لەبێداری نالاندی کەتەنگی پێهەڵچنیوە. یەك لەوان پێی وت: هەر کەس براکەی خۆی بەستەم بکوژێت، خەوی لێ دەگیرێتەوە. کاتێك ئەمەی بیست، هەموو ئەو کەسانەی کوشت کەبۆ کوشتنی براکەی هانیاندابوو، تا گەشتە زورعەین. کاتێك ویستی بیکوژێت وتی: من لای تۆ نوسراوێکم هەیە کەبێ گوناحی من دەسەلمێنێت. پرسی: چییە؟ وتی ئەو نامەی بەتۆم سپارد، بێنە. عەمرۆ نوسراوەکەی دەرهێنا و بینی ئەو دوو دێرەی تیا نوسراوە. ئەو زورعەینی نەکوشت. ئەوندەی نەخایاند عەمرۆ لەناوچوو و حەمیرەیەکان بڵاوبوونەوە.

من دەڵێم: ئەم داستانە کە ئەبوجەعفەری تەبەری لەکوژرانی قوباد لەرەی و فەرمانرەوایەتی توبەع بەسەر سەراسەری وڵات لەدوای ئەو، ئاماژەی پێداوە، گێرانەوەیەکی قێزەون و هەڵە بێژییەکەی ئاشکرایە و ناراستییەکانی ئاشکراترە کەپێویست بەباس کردن بکات. ئەگەر نەنەوەی ئێمە بەڵێنمان دابوو هەربەسەرهاتێکی مێژووی بەهەمان شێوە یا بەمانای – بێ کەم و کوڕی – ئاماژەی پێبدەین، باس نەکردنی شیاوتر بوو. ناراستییەکەی لەوەدایە دەڵێت قوباد لەرەی

کوژرا لەکاتێکدا لەناو زاناکانی مێژوو و بەسەرهاتەکان لەنێرانییەکان و جیاواز لەوان، دژایەتی نییە و هەموو لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەو لەکاتێکی دیاریکراو بەمەرگێکی ئاسایی کۆچی دوایی کرد. ساڵەکانی پاشایەتی ئەویش زانراوە کەپێشتر ئاماژەمان پێدا. کەس – جگە لەم گێرانەوەیە- ئاماژەی بەوە نەداوە کەئەو کوژراوە. کاتێك ئەو مرد، کورەکەی ئەنەوشیروان لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشت. ئەمە ناودارترین گێرانەوەیە تەنانەت لەشێعری زۆر ناوداری ئەمرۆالقیس ناودارترە کەوتی: ((قفا نبك)).

ئەگەر دوای قوباد، وڵاتی ئێران کەوتە دەست حەمیریەکان، چۆن بوو کورەکەی ئەنەوشیروان دوای ئەو بەپاشایەتی گەشت و ناوی شای شاکانی پێبرا. لەفەرمانرەواییدا بەهێز بوو بەشێوەیەك پاشاکانی جیهان فەرمانی ئەویان دەبرد و رۆمیەکان باجیان بۆ دەنارد.

ئەو دەڵێت: توبەع کورەکەی حسانی بۆ چین نارد و شەمری بۆ سەمەرقەند و کوری براکەی بۆ رۆم. ئەو بەسەر کۆنستانتین ئۆپێڵ زال و دەستی بەسەردا گرت و دواتر بۆ رۆمیە رۆشت و ئەو شارەی گەمارۆدا. خۆزگە دەمزانی یەمەن و حضرموت چەندە بەربلاو و فراوانن کە ئەم دوسوپایەی تیا بێت: یەکێك لەناو وڵات بۆ پاراستنی، یەکێك لەگەڵ توبەع، یەك لەگەڵ حسان کە بۆ وڵاتی بەربلاوی وەك چینی بنێرن و لەگەڵ شەرکەرانی ئەوێدا روبەرو ببێتەوە، یەکیتر لەگەڵ براکەی توبەع بۆ شەری شاهەنشایەك وەك خوسەرەو بروات و شکستی پێبێنێت و دەست بەسەر وڵاتەکەیدا بگرێت و دواتر شارێکی بەگەورەیی و بەهێزی وەك سەمەرقەند گەمارۆ بدات و سەرئەنجام سوپایەك کەیەعفەر فەرماندەیەکی بگرێتە دەست، بروات شەری پاشای رۆم و شارێکی بەربلاوی وەك کۆنستانتین ئۆپێڵ بگرێت! موسوڵمانان بەو سوپا بێ ئەژمارە بۆ گرتنی کۆنستانتین ئۆپێڵ کەوتنە رەنجێکی گیانبڕ و نەیانتوانی دەستی بەسەردا بگرن لەکاتێکدا یەمەن لەبچوکترینی وڵاتە ئیسلامیەکان و لەخۆگری کەمترین دانیشتووانە؟ چۆنە بەشێك لەسوپای یەمەن توانیویەتی ئەو شارە بگرێت. ئەمە شتێکە عەقڵ پێی رازی نابێت و گوێکان نایبیستن.

ئەو زیادی دەکات: پاشایەتی توبەع بەسەر سەرزەمینەکانی ئێران و رۆم و چین و .. دوای کوژرانی قوباد بوو یانی لەرۆژگاری کورەکەی ئەنەوشیروان رویدا لەکاتێکدا کەس بۆچوونی جیاواز نییە کە لەدایك بوونی پێغەمبەری ئیسلام لەرۆژگاری ئەنەوشیروانی دادپەوەرە کەچل و حەوت ساڵ فەرمانڕوایەتی کرد. هەروەها دژایەتی نییە لەوەی کاتێك حەبەشیەکان بەسەر یەمەندا زاڵ بوون، فەرمانڕەوایی حەمیرییەکانیان روخاند. دوایین پاشایان زو نواس بوو و دەزانین پاشایەتی حەمیرییەکان پێش زونواس، کەڵێنی تێکەوتبوو. کاروباریان بەشێوەیەك لەیەك پچرابوو کەحەبەشیەکان چاوی تەماحیان بڕییە ئەو وڵاتە و مەبەستی دەست بەسەرداگرتنیان کرد. فەرمانڕەوایی ئەوان لەسەر یەمەن لەرۆژگاری قوباد بوو. چۆن دەتوانرێت فەرمانڕەوایی لێك هەڵوەشاوەی حەمیرییەکان (لە سەردەمی توبەع خۆی) لە رۆژگاری قوباد بێت و توبەع هەمان کەس بێت کەبەسەر یەمەن زاڵ بووە و قبادی کوشتبێت و پێش زاڵبوونی حەمیریەکان بەسەر یەمەن، دەستی بەسەر وڵاتی قوباددا گرتبێت؟ ئەمە وتارێکی باوەڕپێنەکراوە و روودانی ئەگەری نییە. حەبەشیەکان حەفتا ساڵ یا زیاتر فەرمانڕەوایەتی یەمەنیان کرد و روخانی پاشایەتی ئەوان لەم سەرزەمینە، لەکۆتایی پاشایەتی خوسرەو ئەنەوشیروان روویدا. ئەمە داستانێکی ناودارە و بەسەرهاتی سیف کوڕی زی یەزن تیایدا لەکەس داپۆشراو نییە. یەمەن دوای حەبەشیەکان بەردەوام لەدەست ئێرانییەکاندا بووە تا موسوڵمانەکان هاتن و دەستیان بەسەرداگرت. چۆن دەتوانرێت پاشایەتی توبەع لەسەر سەرزەمینەکانی ئێران و پاشایەتی حەمیریەکانیتر دوای ئەو پاشایەتی حەبەشیەکان، هەموویان لەرۆژگاری چل و چەند ساڵەی خوسرەو ئەنەوشیروانی دادپەوەردا بووبێت؟ ئەمە سەرسورهێنەرترە کەرۆژگارێك کەبەشێکی حەفتا ساڵە، پێش لەچل و چەند ساڵ تێپەرێت. ئەگەر ئەبو جەعفەری تەبەری بیری لەوتارەکەی خۆی دەکردەوە، لەباس کردنی شەرمی دەکرد.

سەرسورهێنەرتر ئەوەی کەدەڵێت: دوای ئەم توبەعە، رەبیعە کوڕی نەسری لەخمی هاتەسەر کار لەکاتێکدا باوەگەورێی عەمرۆ کوڕی عودەی خوشکە زای جەزیمە بوو و پاشایەتی عەمرۆ لەسەر حیرە، دوای خاڵۆی جەزیمە لەسەردەمی

پاشای تیرەکان و نەوەد و پێنج ساڵ پێش لەپاشایەتی ئەردەشیری بابەکاندا بووە. لەنێوان ئەردەشیر و قوباد نزیکەی بیست پاشا فەرمانرەوایەتیان کرد. چۆن دەتوانرێت باوەگەوریی عەمرۆ دوای قوباد فەرمانرەوایەتی کردبێت لەکاتێکدا ئەو رۆژگارێکی دوور ودرێژ لە پێش ئەو بووە؟ ئەگەر ئەبوجەعفەر ئەم رووداوەی لەژێر ناوی (ئاماژەدان بە رووداوەکانی سەردەمی قوباد) نەدەهێنایەوە، دەکرا چارەسەرێکیان بۆ بدۆزینەوە. ئەو بەمە بەسەندەی نەکردووە بەڵکو دوای ئاماژەدان لەرۆشتنی توبەع، وتویەتی: ئەو قوبادی کوشت و بوو بەفەرمانرەوایی وڵاتەکەی.

بەڵام کوڕی ئیسحاق دەڵێت: ئەو کەسەی لەشکری بۆ رۆژهەڵات نارد، دوایین توبەع بوو. مەبەستەکەی لەدوایین توبەع ئەوەیە کەبەرەو رۆژهەڵات لەشکری کێشا و سەرزەمینەکانی گرت. کوڕی ئیسحاق و هاورێکانی دەڵێن: ئەو کەسەی بووە پاشای وڵاتانی رۆژهەڵات زەمین دوای ئەو، بەدوای خۆی چەندین توبەعی بوو کەپاشایەتییان گرتەدەست و ئەوسا بارودۆخی وڵاتیان بۆ رۆژگارێکی درێژ شڵەژا بەشێوەیەك حەبەشیەکان چاوی تەماحیان تێبڕین و بەرەو یەمەن بەرێکەوتن. خۆزگە کەسێك ئەمەی بەراوەرد دەکرد کەئەگەر ئەم توبەعە لەسەردەمی قوباد دابووە، دەبێت دوایین توبەع کەیەمەن لەو سەندرایەوە، لەرۆژگاری نۆمەویەکاندا بێت. فەرمانرەوایی حەبەشیەکان لەسەر یەمەن، دەبوو ماوەیەك دوای هاتنە سەر کاری عەباسییەکان و سەرەتای ئیسلامیش لەسێسەدەمین ساڵی پاشایەتی ئەوان دەستی پێدەکرد تا ئەمە وتەیە بتوانێت جێگەی خۆی بکاتەوە.

ئەو بەدوای ئەمەدا دەڵێت: عەمرۆ کوڕی تەلەی ئەنساری رووبەرووی توبەع بوویەوە لەکاتێکدا دەستەیەك دەڵێن: ئەم عەمرۆیە ژیا و لەسەردەمێك کەپیرەپیاوێکی بەتەمەن بوو، چاوی بەپێغەمبەری ئیسلام کەوت و دوای گەرانەوەی پێغەمبەر لەشەری بەدر گیانیدا. یەکێك لەهێماکانی ناراستی ئەم گێرانەوەیە ئەوەیە کاتێك موسوڵمانەکان مەبەستی سەرزەمینی ئێرانیان کرد، ئێرانییەکان بەردەوام لەنامە نوسین و گفتوگۆکانیان لەزەمانی شەڕ دەیانوت، ئێوە کەم ترین و سوك و ریسواترینی خەڵکانی سەر دنیا بوون. ئەگەر فەرمانرەوایی توبەع لەسەر ئێران، لەرۆژگارێکی نزیکدا بووایە، عەرەبەکان بەئێرانییەکانیان دەوت ئێمە دوێنێ

پاشاکەی ئێوەمان کوشت و فەرمانڕەوایەتی ولآتەکەی ئێوەمان گرد و ڕێزی ئێوەمان خستە ژێر پێ، ژنانی ئێوەمان گرت و پیاوانی ئێوەمان کردە کۆیلە و سامانی ئێوەمان تالآن کرد. بێدەنگی عەرەبەکان لەو ڕوداوە و بێزاربوونیان لەوتەی ئێرانییەکان (لەبارەی پەستی و نزمی عەرەب) هێماوی دووری ئەو ڕوداوە یا لەسەرتاوە، ڕاست نەبوونیەتی. جیاواز لەوەیش، ئێرانییەکان بەم داستانە ڕازی نابن نە لەمێژووی کۆنی خۆیان و نە لەداهاتوویان. ئەوان دەڵێن: پاشایەتی ئەوان لەسەردەمی کیومەرس کەهەمان ئادەمە، نەڕوخا تا ئیسلام هات. ئەم جگە لەڕۆژگاری کورتی پاشای تیرەکانە. لەم ڕۆژگارەیشدا، ئێرانییەکان فەرمانڕەوایەتی بەشێك لەولآتی ئێرانیان دەکرد. جیاواز لەوەیش، نوسەرانی بەسەرهاتەکان، لەبارەی ئەو توبەعەی لەشکری کێشا و سەرزەمینە بەربلآوەکانی گرت، بەشێوەیەکی سەیر گرفتاری چەند لایەنی لەنووسینەکانیاندا بوون. دەستەیەك دەڵێن ئەو شەمر کوڕی غەش و دەستەیەك دەڵێن توبەع ئەسعەد بوو. ئەو شەمر زوالجەناحی بۆ سەمەرقەند نارد و زۆر لەم ناسازگاریانەیە کە ئاماژەدان پێیان ئەنجامی نییە، بۆ ئاشکرا کردنی کەم و کوڕی و ناراستی ئەوان ئەمە بەسە.

پاشایەتی لەختیعە

کاتێك عەمرۆ مرد و حەمیریەکان بلاوەیان لێکرد، پیاوێك لەحەمیر نە لەبنەماڵەی پاشایەتی، بەسەر ئەواندا زاڵ بوو کە پێان دەوت لەختیعە کوڕی تنوف (ینوف) چەند پەنجەیی (شەش پەنجەیی؟). ئەو بووە پاشای ئەوان. ئەمە وتەی کوڕی ئیسحاقە. ئەو کەسە باش و هەڵبژێردراوەکانی ئەوانی کوشت و گاڵتەی بەبنەماڵەی پاشایەتی کرد. پیاوێکی خراپەکار بوو کەدەستەیەك دەیانوت: کارە ناڕەواکانی نەتەوەی لوت دوبارە دەکاتەوە. کاتێك ناوی یەکێك لەشازادە جوانەکانی دەبیست، کەسی دەنارد بەشوێنیدا و دەیهێنا و لەناو حەوزێکدا جوتی دەبوو تا دوای ئەو سەرشۆڕیی نەتوانێت پاشایەتی بکات. ئەوسا بەدەم شۆڕێك لەدەم، دەهاتە لای پاسەوانان و سوپاکەی خۆی و بەم کارەی نیشانی دەدا کاری ئەو کوڕەی تەواو کردووە (گاویەتی). ئەوسەا بەرەلا و ریسوای ناو خەلکی دەکرد.

پاشایەتی زونواس

یەکێك لەشازادەکان زەرعە زونواس کوڕی تەبان ئەسعەد ئەبو کرب بوو. کاتێك براکەی حسان کوژرا، منالێکی کەم تەمەن بوو. ئەو گەشەی کرد وکوڕیکی ڤیت و فۆز لەناو دەرهات. لەختیعە داوای کرد تا ئەو بەلایش بەسەر ئەودا بێنێت کەبەسەر ئەوانیتردا هێنای. ئەو کێردێکی لەگەڵ خۆی هەلگرت و لەناو قاچ و پێلاوەکانی خۆی دایشارد. دواتر لەگەڵ نێردراو رۆشتە لای لەختیعە. کاتێك لەحەوزەکە لەگەڵی بەتەنیا مایەوە، ئەوی کوشت و سەری بڕی و لەسەر پەنجێرەی حەوزەکە داینا و دەمشۆرەکەی خستەدەمی و دواتر هاتەدەر. پێیان وت: ئەی زونواس تەری یا وشك؟ وتی: لەم سەرە بپرسن. زونواس لەهیچ ناترسێت.

بینیان لەختیعەی سەربڕیوە. حەمیریان و پاسەوانانی پاشا بەدوایدا گەران و دۆزیانەوە و کردیانە پاشای خۆیان چوونکە ئەوانی لەبەلای لەختیعە رزگار کرد.

ئەوان دەوریان گرت. ئەو لەسەر ئایینی یەهودی بوو. لەنەجران پاشماوەکان لەشوێنکەوتوانی عیسا کوڕی مریەم ژیانیان بەسەر دەبرد کەدینەکەی خۆیان دەپاراست. ئەوان سەرۆکێکیان بوو کەپێیان دەوت عەبدوللە کوڕی سامر. ئەو ئەم ئایینەی لەنەجراندا بڵاو کردبوویەوە.

وەهب کوڕی مونبە دەڵێت: پیاوێك لەپاشماوەکانی دینی عیسا بوو پێیان دەوت فیمیون (ڤیمیون). پیاوێکی چاکەکار و خۆپارێز بوو، خوا وەڵامی داواکارییەکانی دەدایەوە. بەدنیادا دەگەڕا و لەهەر ئاوەدانییەك دەیانناسی، کۆتایی بەمانەوەی دەهێنا و دەڕۆشت و لەشوێنێکیتر نیشتەجێ دەبوو. جگە لەدەسترەنجی خۆی نانی نەدەخوارد. قوڕەکاری دەکرد و ڕێزی لەڕۆژی یەك شەممە دەگرت و کاری نەدەکرد و دەڕۆشتە دەشت و بیابان و سەراسەری ڕۆژ بۆ نوێژ دەوەستا. لەیەکێك لەئاوەدانییەکانی شام مایەوە و بەنهێنی کرێکاری و خواپەرستی دەکرد. پیاوێك بەناوی ساڵح لەنهێنی ئەو ئاگادار بوویەوە. فیمیون بۆ هەر شوێنێك دەڕۆشت، بەدوایدا دەڕۆشت و فیمیون نەیدەزانی. ساڵح بەنهێنی لەشوێنێك دادەنیشت بەشێوەیەك فیمیونی دەبینی بەڵام ئەونا. فیمیون بۆ نوێژ وەستا، لەمکاتەدا ئەژدیهایەك ڕوی تێکرد. کاتێك فیمیون بینی، لەخوا پاڕایەوە و ئەژدیهاکە دەستبەجێ مرد. ساڵح ئەژدیهای بینی بەڵام نەیزانی چی بەسەر هاتووە. ڤیژاندی ئەی فیمیون، ئەژدیها ڕوی تێکردوویت. ئەو سەیری ساڵحی نەکرد و سەرقاڵی نوێژ کردن و پاڕانەوی خۆی بوو تا ئەوەی شەو داهات. زانی ساڵح ئەوی ناسیوە. ساڵح گفتوگۆی لەگەڵدا کرد و پێی وت: خوا دەزانێت تا ئێستا کەسم ئەوەندە خۆش نەویستووە. ئێستا دەمەوێت بۆ هەر شوێنێك دەڕۆیت لەگەڵ تۆدابم. فیمیون وتی: ببە. ساڵح بووە هاوڕێی. کاتێك بەندەیەك لەبەندەکانی خوا زیانی پێدەگەشت، ئەگەر فیمیون دەڕۆشتە لای، لەخوا بۆی دەپاڕایەوە و ئەو بەندەیە چاك دەبوویەوە. بەڵام ئەگەر بۆ لای نەخۆشێك بانگیان دکرد، نەدەڕۆشت. یەکێك لەدانیشتوانی ئاوەدانی، کوڕیکی کوێری بوو. پیاو ئەوی بردە ماڵێك و داپۆشی و بەفیمیونی وت دەمەوێت بێیتە ماڵەکەی من کاربکەیت. وەرە ماڵ تا کار و کرێکەی بەتۆ بڵێم. فیمیون لەگەڵی ڕۆشت. کاتێك ڕۆشتە ناو ماڵەکە پیاو کورەکەی نیشاندا و داوای

لەفیمیون کرد لەخوا بۆی بپارێتەوە. فیمیون لە خواپارایەوە و کورەکە بینای خۆی بەدەست هێنایەوە.

فیمیون زانی لەو ئاوەدانییەدا ناسراوە. لەگەڵ ساڵح هاتەدەر. ئەو دووانە لای دارێکی گەورە لەشام تێپەرین. پیاوێك بانگی کرد: هەمیشە چاوەڕێی هاتنی تۆ بووین. لێرە بمێنەرەوە و مەڕۆ. وەرە سەرسەرم کەئێستا دەمرم. دەڵێت: ئەو مرد و فیمیون بە خاکی سپارد و لەگەڵ ساڵحدا رۆشت. ئەو دووانە رۆشتن تا گەشتنە یەکێك لەسەرزەمینەکانی عەرەب. دەستەیەك لەعەرەبەکان ئەوانین گرت و لەنەجران فرۆشتیان. خەڵکی نەجران لەسەر دینی عەرەبەکان بوون و دار خورمایەکی گەورەیان دەپەرەست کەلەناو شارەکەدا بوو. ساڵانە لەژێر ئەو دارەدا جەژنیان دەگرت و لەرۆژی جەژن بەجوانترین شێوە ئەو دارەیان دەرازاندەوە. رۆژێك چراغانیان کرد. لەم کاتەدا یەکێك لەگەورەکانی ئەوان فیمیونی کڕی و یەکیتر ساڵح. کاتێك شەو دادەهات فیمیون لەماڵەوە بۆ نوێژ رادەوەستا و ماڵ تا بەیانی بێ چرا بۆ ئەو روناك دەبوویەوە. کاتێك گەورەکەی ئەمەی بینی، سەریسورما و لەدینەکەی پرسی و فیمیون دینەکەی خۆی وت و سەرکۆنەی دینی گەورەکەی کرد و پێی وت: ئەگەر داوا لەو خوایە بکەم کەدەیپەرەستم، ئەو دار خورمایە لەناو دەبات. گەورەی وتی: ئەگەر ئەم کارە بکەیت دێینە سەردینەکەی تۆ و واز لەدینەکەی خۆمان دێنین. فیمیون بۆ نوێژ وەستا و لەخوا پارایەوە. خوا بایەکی بۆ ئەو دار خورمایە نارد، وشکی کرد و ڕزاندی. دوای ئەم روداوە، خەڵکی نەجران هاتنە سەر دینەکەی ئەو و ئەوانی خستە سەر ئایینی مەسیحی و کاروباری ئەوانی لەسەر بنەمای ئایین ڕێکخست. دوای ئەوە، چەندین روداو لەدینەکەی ئەوان هاتە ئاراوە و ئەوانی بەرەو گومرایی و تاریکی برد. لێرەوە ئایینی مەسیحی لەنەجران دەرکەوت.

محەممەد کوڕی کەعبی قۆرەزی دەڵێت: خەڵکی نەجران بتپەرەست بوون. لەیەکێك لەدێهاتەکانیان جادوگەرێك دەژیا کە نەجرانییەکان منداڵەکانی خۆیان بۆ فێربوونی جادوو دەنارده لای ئەو. کاتێك فیمیون گەشتە ئەوێ(ئەو پیاوێك بوو لەسەر ڕێنماییەکانی عیسا خوای دەپەرستی)، هەرجار لەشوێنێك دەناسرایەوە، لێی

دەرۆشتەدەر و لەشوێنێکیتر دەمایەوە. خوا وەڵامی داواکارییەکانی دەدایەوە و ئەو بەخواستی خوا نەخۆشەکانی چاك دەکردەوە. ئەو چەندین نمایشی لەهێزی ئاسمانی پێبڕا بوو. هاتە نەجران و لەخێوەتێك لەنێوان ئەم شارە و شاری جادووگەر مایەوە. سامر کورەکەی عەبدوللە لەگەڵ کورەکانی ناردە لای جادوگەر. ئەو لای فیمیون تێپەری و لەنوێژەکەی ئەو سەریسورما. لای ئەو دانیشت و گوێی لەقسەکانی گرت. هاتە سەر ئایینەکی فیمیون و خوای تاق و تەنیای وەسف دەکرد. بەردەوام گەورەترین ناوی خوای لەفیمیون دەپرسی (فیمیون دەیزانی) بەڵام پێی نەدەوت و دەیفەرموو توانای بەرگە گرتنی ئەوت نییە. سامر گومانی دەکرد کورەکەی لەگەڵ کورەکانیتر بۆ لای جادوگەر دێت و دەروات. کاتێك عەبدوللە بینی فیمیون گەورەترین ناوی خوایی لێ دریێغ دەکات، چەند دارێکی هەڵگرت و هەموو ناوەکانی خوای لەسەر نوسی و یەك یەك خستیە ناو ئاگرەوە، کاتێك دارێك کەگەورەترین ناوی خوای لەسەر نابوو، خستە ناو ئاگر، لێی هاتەدەر و ئاگر زیانی پێ نەگەیاند. ئەوی هەڵگرت و هێنایی و بەسەرهاتەکەی بۆ گێرایەوە. پیاو وتی: لای خۆت بیپارێزە چوونکە ئیتر گومانم نەماوە. عەبدوللە بوو بەعەبدوللەیەك کەهەر نەخۆش و گرفتارێکی لەنەجران دەبینی، دەیوت: ئەی بەندەی خوا، ئایا دێیتە سەردینەکی من تا لەخوا بپارێمەوە لەم نەخۆشی و بەڵایە رزگارت بێت؟ دەیوت: بەڵێ. ئەو دەبووە خواپەرەست و خوای تاق و تەنیای دەپەرەست. عەبدوللە لەخوا دەپارایەوە و خوا چاکی دەکردەوە یا لەگرفتاری رزگاری دەکرد. هیچ کام لەنەخۆش و گرفتارەکانی نەجران نەمانەوە مەگەر ئەوەی هاتە لای عەبدوللە و باوەری هێنا و ئەو لەخوا بۆیان پارایەوە و ئەو نەخۆش یا گرفتارە رزگاری بوو.

ئەم هەواڵەیان بەپاشای نەجران گەیاند. عەبدوللەی بانگ کرد وپێی وت: لەگەڵ ئایینەکەی من ناسازگاریت دەست پێکردووە و خەڵکی شارەکەی منت دژی من راپەراندووە. تیکە تیکەت دەکەم. وتی: ناتوانیت. ئەویان دەبردە سەر لوتکەی کێوێکی زۆر بەرز و فڕیان دەدایە خوار و ئەو لەسەر قاچ دەهاتە خوار و زیانی پێنەدەگەشت. کاتێك عەبدوللە بەسەریدا زاڵبوو، پێی وت: تۆ ناتوانیت من بکوژیت مەگەر ئەوەی باوەر بەخوا بێنیت و ئەو بپەرەستی بەهەمان شێوە من. ئەگەر ئەم

کارە بکەیت دەتوانیت من بکوژیت. پاشا خواپەرەستی کردە پیشە و دواتر بەداردەستەکەی دەستی لێدانێکی هێواشی لێدا و ئەوی کوشت و دواتر پاشا لەجیاتی ئەو لەناوچوو و هەموو خەڵکی نەجران لەسەر دینی عەبدوللە سامر مانەوە.

دەڵێت: ئەوسا زونواس هاورێ لەگەڵ سوپاکەی خۆی روی کردە ئەوان و بۆ باوەڕ هێنان بەئاینی جولەکە هانیدان و لەنێوان باوەڕهێنان و کوژران سەرپشکی کردن. ئەوان کوژرانیان هەڵبژارد. چاڵێکی بۆ هەڵکەندن و ئەوانی کردە ناو ئاگرەوە. بە شمشێریش لێی کوشتن بەشێوەیەك ژمارەی سوتاو و کوژراوەکان گەشتە بیست هەزار کەس.

عەبدوللە کوڕی عەباس دەڵێت: لەنەجران یەکێك لەپاشاکانی یەمەن بەناوی زونواس فەرمانرەوایەتی دەکرد و ناوی شورەحبیل بوو. ئەو حەفتا ساڵ پێش لەلەدایك بوونی پێغەمبەر دەژیا و جادوگەرێکی شارەزا بوو. کاتێك ژیانی درێژەی کێشا، بەپاشای وت: من پیر بووم، کوڕیك بۆ لای من بنێرە تا جادووی فێر بکەم. ئەو گەنجێکی بەناوی عەبداله کوڕی سامری نارده لای. ئەو هاتوچۆی جادوگەری دەکرد. لەسەر رێگای خواپەرەستێکی دەنگ خۆش دەژیا کاتێك بەرەو ماڵی مامۆستاکەی دەرۆشت، لای ئەو پیاوە گوزەری دەکرد و لای دادەنیشت. کاتێك دەگەشتە لای مامۆستاکەی، لێیدەدا و دیوت: بۆ درەنگ هاتوویت؟ و کاتێك بۆ لای باوك دەگەرایەوە ، باوك لێیدەدا و دەیوت: بۆ درەنگ گەراویتەوە؟ کور گلەیی بردە لای ئەو پیاوە. وتی: کاتێك دەرۆیتە لای مامۆستا بڵێ باوکم درەنگی خستم و کاتێك دەرۆیتە لای باوك بڵێ مامۆستاکەم درەنگی خستم. لەو شارەدا ئەژدیهایەکی گەورە رێگەی لەخەڵك گرتبوو. کورەکە بە بەرد کوشتی و هاتە لای ئەو پیاوە و بۆی گێرایەوە. وتی: تۆ چارەنووسێکی دژوار چاوەرێتە. تۆ ب زویی گیرۆدە تاقی کردنەوە دەبیت، و هەرکات ئەمە رویدا ئاگاداربە کەس بۆ لای من نەنێریت. کور کوێری سکوما و گولی چاك دەکردەوە و نەخۆشەکانی شیفا دەبەخشی. پاشا کورە مامێکی کوێری بوو، کاتێك هەواڵی کوژرانی ئەژدیهای بەدەستی کورەکە بیست، پێی وت: لەخوا بۆمن بپارێرەوە تا کوێریم چاك بکاتەوە. کوڕ وتی: ئەگەر خوا بینایت بۆ بگەڕێنێتەوە، باوەری پێ دێنیت؟ وتی: ئەرێ. کور وتی: خوایە ئەگەر راست دەکات

بینایی بۆ بگەڕێنەرەوە. بینایی ئەو گەرایەوە. کورە مام هات لای پاشا و کاتێك ئەوی بینی سەریسورما و پرسی چی بووە. ئەو هیچی نەوت. پاشا پێداگری کرد و ئەو ناوی کوڕەکەی برد. ئەویان هێنا و پاشای پێی وت: جادوگەری تۆ گەشتۆتە ئەم ئاستە کەدەیبینم. کور وتی: من کەس چاك ناکەمەوە، ئەوە خوایە ئەو کارەدەکات و هەر کەسی بوویێت چاکی دەکاتەوە. پاشا ئەوەندە ئەشکەنجەی کرد تا ناوی پیاوەکەی درکاند. پاشا فەرمانیدا ئەو پیاوەیان هێنا وپێی وت: لەدینەکەی خۆت پەشیمان ببەرەوە. ئەو نەیکرد. فەرمانیدا و مشاریان هێنا و خستیانە سەری و لەناوەڕاستەوە کردیان بە دوکەرت. دواتر کورە مامی پاشایان هێنا و وتیان لەدینەکەی خۆت پەشیمان ببەرەوە و ئەو نەگەرایەوە و بووە بەدوو کەرت. بەکورەکەی وت: لەدینەکەت پاشگەز ببەرەوە. ئەو رازی نەبوو. پاشا ئەوی بردە سەر کێوێکی بەرز وخستیە خوار و کور وتی: خوایە، زیانی ئەوان لەمن دوور کەرەوە. کێو ئەوانی لەرزاند و هەموویانی لەناو برد. کور بۆ لای پاشا گەرایەوە و ئەو لەپیاوەکانی پرسی و وتی: خوا زیانی ئەوانی لەمن دوور کردەوە. پاشا تورە بوو و ئەوی بەکەشتی ناردە ناوەراستی دەریا تا بیخەنە ناو ئاو و لەناو بچێت. ئەوان بردیان. وتی: خوایە زیانی ئەوان لەمن دوور بکەرەوە. ئەوان لەئاودا خنکان و ئەو رزگاری بوو و گەرایەوە بۆ لای پاشا. وتی: بە شمشێر بیکوژن. شمشێریان لێدا بەڵام کاریگەری لەسەر ئەو بەجێ نەهێشت و کول بوو. ئەم بەسەرهاتە لە یەمەندا بڵاوبوویەوە و خەڵك ئەویان بەگەورە زانی و زانیان راستی و دروستی لەگەڵدایە. کور بەپاشای وت: تۆ ناتوانی من بکوژیت مەگەر ئەوەی هەموو خەڵکی وڵاتەکەت کۆبکەیتەوە و لەبەرچاوی هەموویاندا تیرێك لەمن بدەیت و بڵێیت: بەناوی خوا کەخواوەندی ئەم کوڕەیە. پاشا ئەم کارەی کرد و کورەکەی کوشت.

خەڵك وتیان: باوەرمان بەخوای کورەکە هێنا. بەپاشا وترا: ئەوەی لێی دەترسایت، روبەروت بوویەوە. ئەو دەروازەکانی شاری بەست و چاڵێکی هەڵکەند و ئاگری رۆشن کرد و خەڵکی یەك یەك لێ تێپەراند. هەرکەس لەدینەکەی خۆی گەرایەوە، رزگاری بوو و هەر کەس نەگەرایەوە، کەوتە چاڵەکە و سوتا.

لەوێ ژنێکی خواپەرست دەژیا، سێ کوڕی بوو و یەك لەوان هێشتا شیری دەخوارد. پاشا بەژنەکەی وت: لەدینەکەت پەشیمان ببەرەوە و گەرنە تۆ لەگەڵ منالەکانت دەکوژم. سەرەتا دوو کورە گەورەکەی خستە ناو ئاگر و ژن رازی نەبوو. دواتر کورە شیرخۆرەکەی هەلگرت تا بیخاتە ناو چاڵی ئاگر و ژن مەبەستی پەشیمان بوونەوەی کرد. منالەکە وتی: دایە، لەدینەکەت پەشیمان مەبەرەوە چوونکە هیچ ترسێك لەسەر تۆنییە. پاشا ئەوی خستە ناو چاڵی ئاگر و دایکی بەدوایدا. ئەمە یەکێگ لەو مندالانە بوو لە تەمەنی منالیدا قسەی کرد.

دەستەیەك دەڵێن: پیاوێك لەرۆژگاری عومەر کوڕی خەتاب وێرانەیەك دەگەرا و عەبدوللە کوڕی سامری بینی کەدەستی لەسەر قەڵشتی سەریەتی. ئەگەر دەستیان هەڵدەگرت خوێن دەهاتە خوار و ئەگەر دەستیان هەڵنەدەگرت، وەك خۆی لێدەهاتەوە. ئەو لەشوێنەکەی خۆی دانیشتبوو. بۆ عومەریان نوسی و ئەو فەرموی کاریان پێی نەبێت.

فەرمانرەوایی حەبەشیەکان لەسەر یەمەن

دەڵێن: کاتێك زونواس ژمارەیەکی زۆری لەخەڵکانی یەمەن بۆ گەرانەوە لەئایینی مەسیحی خستە ناو ئاگرەوە، پیاوێك لەناویاندا رزگاری بوو کەپێیان دەوت ((دوس زوسەعبان)). ئەو، ئەوانی بێزار کرد و تەنگی پێهەڵچنین. ئەو هاتە لای سزار و لەبەرابەر زونواس داوای هاوکاری لێکرد و بەسەرهاتی خەڵکی یەمەنی بۆ گێرایەوە. سزار وتی: وڵاتی تۆ لەئێمەوە دوورە. بەڵام بۆ پاشای حەبەشە دەنوسم کە لەئێوە نزیکە و لەسەر ئەم دینەیە. سزار نامەی بۆ نوسی و فەرمانی پێدا هاوکاری پیاوی یەمەنی بکات. پاشای حەبەشە سوپایەکی کۆکردەوە کەلەخۆگری حەفتا هەزار پیاوی شەڕکەر بوو و لەگەڵ ئەو پیاوەدا ناردی و فەرماندەیی سپردە کەسێك بەناوی ئەیات(ئەربات). لەناو سوپاکەی ئەو ئەبرەهە ئەشرەم دەبینرا. لەدەریاوە بەرێکەوتن تا گەشتنە قەراغەکانی یەمەن. زونواس لەشکری خۆی کۆکردەوە بەلاّم شەڕ روینەدا جگە لەوەی ئەو هەولیدا و لەشکرەکەی شکستی خوارد و ئەریات هاتە ناو یەمەن. کاتێك زونواس بینی چی بەسەرهاتووە، بەئەسپەکەی خۆی لەدەریایی دا

و خنکا. ئەریات سەرزەمینی یەمەنی داگیر کرد و یەك لەسەر سێی پیاوەکانی کوشت. ئەو یەك لەسەر سێی دیلەکانی نارده لای نەجاشی و دواتر لەوێ مایەوە و خەڵکی یەمەنی سووك کرد.

دەستەیەك دەڵێن: کاتێك حەبەشیەکان گەشتنە مەندەب لەوڵاتی یەمەن، زونواس نامەی بۆ گەورەکانی وڵات نوسی و داوای لێکردن بۆ روبەروبوونەوەی دوژمن کۆببنەوە. ئەوان وەڵامیان نەدایەوە و وتیان: هەرکەس لەوڵاتی خۆی بەرگری بکات و شەڕی بۆ بکات. ئەو کلیلەکانی دروست کرد و باری چەند وشتری کرد و رۆشتە بینینی حەبەشیەکان و پێیانی وت: ئەمانە کلیلی خەزێنەکانی یەمەنە، هەڵیانگرن و پیاوان مەکوژن و منالّ و ژنان ئازار مەدەن. ئەوان بوونە هاوەڵی و پێکەوە هاتنە سەنعا. ئەو بەسەرکردەی ئەوانی وت: سوپاکەت بۆ گرتنی دارایی و سامان بنێرە. هاوەڵانی بڵاوەیان لێکرد و ئەو کلیلەکانی پێدان و بۆ گەورەکانی یەمەنی نوسی: هەر گایەکی رەشتان بینی بیکوژن. بەمشێوە هەموو حەبەشیەان کوژران و جگە لەچەند کەسی هەڵاتوو کەس رزگاری نەبوو. کاتێك ئەمە بەگوێی نەجاشی گەشت، حەفتا هەزار پیاوی شەڕکەری نارده شەڕی یەمەنییەکان و فەرماندەیی سپارده ئەریات و ئەشرەم. ئەریات چەند ساڵ لەوێ مایەوە و ئەبرەهە ئەشرەم لەسەر فەرمانڕەوایەتی دژایەتی کرد. ئەو لەسوپای ئەریاتدا بوو. دەستەیەك شوێن ئەریات کەوتن و هەندێ شوێن ئەشرەم. ئەو دووانە شەڕی یەکیان کرد. ئەبرەهە پەیامی دا: رەوا نییە حەبەشیەکان بخەیتە گیانی یەك تا لەناویان بەریت. تەنیا لەگەڵ من شەڕ بکە، هەر کەس سەرکەوت فەرماندەیی بەو بێت.

ئەو دووانە روبەڕوی یەك بوونەوە و شەڕیان کرد. ئەریات ئامرازی شەری هەلگرت و لەسەری ئەبرەهەی دا، سەری شکا و لوتی بڕا و لەبەر ئەوە پێی دەڵێن ئەشرەم (لوت بڕاو). کۆیلەیەکی ئەبرەهە کە لەپشتی سەریانەوە کەمینی گرتبوو، هاتەدەر و ئەریاتی کوشت. ئەبرەهە بەسەر ئەرتەش و وڵاتدا زاڵ و بەعتودەی وت: داوای پاداشت لەمن بکە. وتی: هیچ بووکێك لەیەمەن نەرواتە باوەشی تینوی پیاوەکەی، مەگەر ئەوەی سەرەتا لەباوەشی من ئارام بگرێت. ئەبرەهە وتی: بەمشێوە

دەبێت. ئەو ڕۆژگارێك ئەم کارەی لەگەڵ خەڵکی یەمەن کرد تا ئەوەی پیاوێك لە یەمەن بەسەریدا زاڵ و خوێنی ڕشت. ئەبرەهە شادمان بوو و وتی: ئەگەر دەمزانی داوای ئاوا شتێکم لێدەکات، لەهەڵبژاردنی پاداشت سەرپشکم نەدەکرد.

کاتێك بەسەرهاتی کوشتنی ئەریات بەگوێی نەجاشی گەشت، تووڕەبوو. سوێندی خوارد دەست لەئەبرەهە هەڵنەگرێت تا لەبەردەم ئەودا کورنوش بەرێت و ئەو موی ناوچاوانی ببرێت. کاتێك ئەبرەهە ئەمەی بیست، مشتێك لەخۆڵی یەمەنی هەڵگرت و سەری لێسو و موی ناوچاوی خۆی بڕی و هەمووی بۆ نەجاشی نارد و نامەیەکی نووسی کەگوێرایەڵی ئەوی نیشان دەدا و داوای لێکرد پێ بخاتە سەر ئەو مو و خۆڵە تا سوێندەکەی بەجێبهێنابێت. نەجاشی شادمان و ئەوی لەسەر فەرمانڕەوایی هێشتەوە.

کاتێك ئەبرەهە لەیەمەن جێگیر بوو، پەیك و پەیامی بۆ باوکی مورە زی یەزن نارد و ژنی ئەو ڕێحانە کچی زی جەدنی خوازبێنی کرد و ئەوی وەك هاوسەری هەڵبژارد. ئەم ژنە مەسروقی بۆ هێنایە دنیا وپێشتر بۆ باوکی مورە زی یەزن منداڵێکی بەناوی مەعدی کەرب هێنابووە دنیا کەهەمان سەیف زی یەزنە. باوکی مورە زی یەزن لەیەمەن ڕۆشتەدەر و لەحیرە لای عەمرۆ کوڕی هند نیشتەجێ بوو و داوای لێکرد بۆ خوسرەو شای شاکانی ئێران نامە بنوسێت و پێگەو و گەورەیی پێویست بەو ببەخشێت. عەمرۆ کوڕی هند وتی: من ساڵانە دەرۆمە لای خوسرەو و ئێستا کاتیەتی. باوکی مورە زی یەزن لای عەمرۆ مایەوە و لەگەڵ ئەو ڕۆشتە لای خوسرەو. خوسرەو بەگەورەی زانی و ڕێزی لێگرت و باوکی مورە لای ئەو پارایەوە و نیازەکەی خۆی وت و ئەو بەڵای گێرایەوە کەبەسەرحەبەشیەکانی یەمەن هاتبوو. داوای هاوکاری لێکرد. هەروەها تەماحی خستە بەردەم بۆ گرتنی خاکی یەمەن و سامانە فراوانەکەی. خوسرەو ئەوشیروانی دادپەروەر پێی وت: ئارەزومە هاوکاری تۆ بکەمنو نیازەکەت بێنمە دی بەڵام ڕێگاکانی گەشتن بەوڵاتەکەی تۆ دژوارن. با بیربکەمەوە. خوسرەو فەرمانیدا شوێنی نیشتەجێ بوونی بۆ ئامادە بکەن. ڕێزیان لێگرت وباوکی مورە بۆ ماوەیەك لای ئەو مایەوە و سەرئەنجام کۆچی دوایی کرد.

لەولا کورەکەی مەعدی کەرب کوڕی زی یەزن لە داوێنی ئەبرەهە گەورە بوو و

گومانی کرد باوکی خۆیەتی. رۆژێك یەکێك لەکورەکانی ئەبرەهە جنێوی بەخۆی و باوکی دا (مەعدی کەرب زانی جگە لەئەبرەهە باوکێکی دیکەی هەیە). ئەو سەبارەت بەباوکی لەدایکی پرسیاری کرد و دایك راستی پێوت. ئەو مایەوە تا ئەبرەهە و کورەکەی یەکسوم مردن. ئەوسا لەیەمەن هاتەدەر و ئەوەی کرد کەبەخواستی خوا ئاماژەی پێدەدەین.

پاشایەتی خوسرەو ئەنەوشیروان کوڕی قوباد

کوڕی فیروز کوڕی یەزدگێرد کوڕی بەهرامی گور کوڕی یەزدگێردی گوناحکار

کاتێك تاجی خستەسەر، وتارێکی پێشکەش بەخەڵك کرد. دواتر لەخوا پارایەوە و بەپاکی ناوی برد. دواتر بەئازارەکانی خەڵك راگەشت و ئەوەی گرفتاری ببوون (وەك بەفیرۆچونی کارەکانیان و دین و منداڵەکانیان) دیاری کرد و مژدەی دا هەموویان راست دەکاتەوە. فەرمانیدا و رێبەرە مەزدەکیەکان کوژران و سامانی ئەوان لەناو نەداراندا دابەش کرا.

هۆکاری کوشتنی ئەوان ئەوە بوو قوباد (وەك ئاماژەمان پێدا) بووە شوێنکەوتوی ئایینی مەزدەك و هەموو فەرمانەکانی مەزدەکی جێبەجێ کرد(وەك بێ دینی و کارە هاوشێوەکان کە لەباسی پاشایەتی قوباد ئاماژەمان پێدا). لەم زەمانەدا مونزەر کوڕی ما السما فەرمانرەوایی حیرە و سنورەکانی لەئێران بوو. قوباد داوای لێکرد بروا بەئایینی مەزدەکی بێنێت بەلام مونزەر رازی نەبوو. ئەو داوای لەحارس کوڕی عەمرۆ کێندی کرد و مونزەری لەولاتەکەی دەربەراند. رۆژێك دایکی ئەنەوشیروان لای قوباد بوو. مەزدەك هاتە لای و کاتێك دایکی ئەنەوشیروانی بینی، بە قوبادی وت: ژنەکەت بە من بدە تا چێژی لێوەربگرم. قوباد وتی: ژنەکەم بۆ خۆت هەڵبگرە. ئەنەوشیروان لەشوێنەکەی هەستا، گریا و پاڕایەوە تا مەزدەك دەست لەدایکی هەڵگرێت. تەنانەت قاچی مەزدەکی ماچ کرد. مەزدەك دەستی لێهەڵگرت. ئەم کارە کاریگەری نگەتیفی لەسەر ئەنەوشیروان بەجێهێشت.

قوباد لەسەر ئایینی مەزدەکی مرد و ئەنەوشیروان بەپاشایەتی گەشت. کاتێك

مونزەر لەمردنی قوباد ئاگادار بوویەوە، روی کردە بارەگای ئەنەوشیروان. ئەو دەیزانی ئەنەوشیروان لەسەر دین و لایەنگری باوکی لەمەزدەك لەگەڵ ئەو ناسازگارە. ئەنەوشیروان لەسەرەتاوە حاشاکەر و دوژمنی ئەم دینەبوو. ئەوسا ئەنەوشیروان میوانییەکەی گشتی رێکخست و مەزدەك هاتە لای و مونزەریش. ئەنەوشیروان وتی: من دو ئارەزوم هەبوو کەهیوادارم خوای گەورە هەر دووکیانی بۆ بەدی هێنابێتم. مەزدەك پرسی: شای شاکان، کام ئارەزووانە؟ ئەنەوشیروان وتی: ئارەزووم بوو ئەم پیاوە بەرێزە بەپاشایەتی بگەیەنم و ئەم بێ دینانە بکوژم. مەزدەك پرسی: ئایا دەتوانی هەموو خەڵك بکوژیت؟ ئەنەوشیروان وتی: ئەی روسپی زادە! سوێند بەخوا لەو رۆژەوەی قاچی تۆم ماچ کرد تا ئەمرۆ بۆنی بۆگەنی گۆرەوییەکانت لەلوتم دوور نەکەوتۆتەوە. فەرمانیدا و لەداریان دا و کوشتیان. لە یەکرۆژدا سەد هەزار کەسی لەمەزدەکیەکان لە گازر تا نەهرەوان و مەداین کوشت و لەداری دان. لەو رۆژەوە بەئەنەوشیروانی دادپەروەر ناوبرا.

ئەنەوشیروان بەدوای حارس کوڕی عەمرۆ گەرا. ئەم هەواڵە لەئەنبار بەو گەیشت. ئەو لەگەڵ هاورێ و کەس و سامانەکانی خۆی هاتەدەر و هەڵات. لەسەر رێگەی خۆی لەسەویە تێپەری و مونزەر لەگەڵ سوارەکانی تەغلەب و ئەیاد و بەهرا شوێنی کەوت. روی کردە سەرزەمینیە کەلب و رزگاری بوو و ئەمان دەستیان بەسەر سامان و زێر و چوارپێکانی گرت. منالەکانی تەغلەب چل و هەشت کەسیان لەمنالەکانی ئاکێل المورار گرت و هێنایانە لای مونزەر. موزنەر لەشوێنێك بەناوی (حفر المال) لەسەرزەمینی منالەکانی مەرینی عیبادی، لەنێوان ئاوەدانی منالەکانی هند و کوفە لەسێدارەیدان. ئەوەی عەمرۆ کوڕی کلسوم وتویەتی ئاماژەیەکە بەم داستانە:

فابووا بالنهاب و بالسبایا   و اکوریاء الملوکط مصفدینا

واتاکەی: تالآنی و دیلەکانیان هێنایەوە و هاورێ لەگەڵ ئەوان شازادەکانیان هێنا کە هەموویان زنجیر کرابوون.

ئەمرۆ القیس لەبارەی ئەوان دەڵێت:

ملوك من كوريى حجر كوري عمرو	يساقون العيشة يقتلونا
فلو فى يوم معركة اصيبووا	و لكن في ديار كوريى مرينا
ولم تغسل جما جمهم بغسل	و لكن فى الدماء مرملينا
تظل الطير عاكفة عليهم	و تنتزع الحواجب و العيونا

واتاكەی: پاشایانێك لەمناڵەكانی حەجر كوڕی عەمرۆ بوون. ئەوانیان دەكێشا تا دەمەو ئێوارێ لەداریان بدەن. خۆزگە لەگۆڕەپانی شەڕ لەخاك و خوێندا گەوزابوون. بەڵام بەداخەوە لەسەرزەمینی مناڵەكانی مەرین كوژران. سەریان نەشۆر بەڵكو لەخوێندا سوور بوو. باڵندەكان لەبەیانی تا ئێوارێ لەسەر جەستەكانی ئەوان هەڵدەفرین و برۆ و چاوەكانیان دەرهێنان.

كاتێك ئەنەوشیروان مەزدەك و هاوەڵانی كوشتار كرد، فەرمانیدا ئەو دەستە لەمەزدەكیان كەدەستیان بەسەر سامانەكانی خەڵكدا گرتبوو، بكوژن و سامانەكان بۆ خاوەنەكانیان بگێڕنەوە و هەر مناڵێك كە لەسەر باوكی دژایەتی هەیە و باوكی ناناسن، بەو كەسانە بدەن كەلەوانە و بەشێك لەسامانی ئەو پیاوە (ئەگەر پێی رازی دەبێت) بەو ببەخشن و هەر ژنێك كەبەزۆر براوەتە ماڵی كەسێك، لەو زۆردارە مارە بكەن و دواتر ژنەكە سەرپشك بكەن لەوەی لای دەمێنێتەوە یا جیا دەبێتەوە مەگەر ئەوەی مێردێكی بێت و بۆ ئەوی بگەڕێننەوە.

دوبارە فەرمانیدا ژنان و كچی گەورەكان كەسەرپەرستەكانیان مردون، بكەنە هاوسەری هاوتای مێردەكانیان و لەخەزێنە مارەیی ئەوان بدەن. ئەو لەمناڵەكانی ئەوان بۆ مەبەستەكانی خۆی كەڵكی وەرگرت و پردەكانی سەر لەنوێ دروست كردەوە و وێرانییەكانی ئاوەدان كردەوە. ئەسوارانی بانگ كردەوە و زێری بەخشی وكرێیدا و لەسەر رێگاكان كۆشك و قەڵاكانی دروست كرد و فەرمانداران و كاربەدەستانی هەڵبژارد و شێوازی ئەردەشێری گرتەبەر. ئەو سەرزەمینانەی بەزۆر لەئێران سەندرابوون، دووبارە دەستی بەسەردا گرتنەوە. لەناو ئەم سەرزەمینانە، دەتوانین ناوی ئەمانە ببەین: سند، سندوست، رەخج، زابولستان و تەخارستان.

ژمارێکی زۆری لەنازوریان کوشت و ئەوانی لەولات دەکرد.

لەم کاتەدا ئەبخازیان و بەنجریان و بەلەنجەریان و ئالانەکان مەبەستی سەرزەمینی ئێرانیان کرد و هێرشیان کردە سەر ئەرمەنستان تا خەڵکەکەی تالان بکەن. رێگاکەیان تەخت و ئاسان بوو. خوسرەو ئەنەوشیروان رێگەی پێدان تا لە قولایی ولاتدا رۆچون و دواتر لەشکری خۆی کردە سەریان، رووبەروویان بوونەود و شکستیان پێهێنان، ژمارەیەکی زۆریان کوشت جگە لەدە هزار کەس کە دیل کران و لەئازەربایەجان نیشتەجێ کران.

خوسرەو ئەنەوشیروان منالێکی بوو کە بەگەورەترین منالی هەژمار دەکرا و ناوی ئەنوشزاد بوو. پێیان وت کورەکەی بێ دینە. ئەنەوشیروان ئەوی بۆ جوندیشاپور نارد و ژمارەیەك لەهاوەلانی خۆی کە باوەری بەدینەکەیان بوو، کردە هاوەڵی تا بۆ دینی راستی بگەرێننەوە. لەو کاتەی ئەوان لای ئەم بوون، پێیان وت باوکی رۆشتۆتە سەرزەمینی رۆم و نەخۆش کەوتووە. ئەو هێرشی کردە سەریان و ئەوانی کوشت و زیندانییەکانی رزگار کرد و داوای هاوکاری لێکردن و سوپایەکی لەدز وجەردەکان کۆکردەوە. نوێنەری باوکی لەمەداین لەشکرێکی بۆ رووبەروو بوونەوەیان کۆکردەوە و لەجوندیشاپور گەمارۆیان خستەسەر. ئەم بەسەرهاتەیان بۆ ئەنەوشیروان نوسی. ئەنەوشیروان بۆ نوێنەرەکەی نوسی و فەرمانیدا هەولی زیاتر بدات و کورەکەی بەدیلی بگرێت. ئەو ئاڵقەی گەمارۆکەی تەنگتر کرد و بەزۆری شمشێر رۆشتنە ناو شار و ژمارەیەکی زۆریان لەخەڵك کوشت و ئەنوشزادیان بەدیلی گرت. لەم کاتەدا هەواڵیان بۆ ئەنەوشیروان هێنا کەباوەگەورێی دایکی داوەری رازی لەفەرماندارى سیستان یاخی و شەڕی لەگەڵدا کردووە و فەرمانداری سیستانی کوشتوە. دواتر پەنای بردۆتە بەر شاری رەخج و تیایدا حەشاری گرتووە. نامەیەکی بۆ خوسرەو نوسی و داوای لێخۆشبوونی کرد تا کەسێك بنێرێت بۆ ئەوەی شارەکەی پێ سبپێرێت. خوسرەو ئەو کارەی کرد و لێی خۆشبوو.

پاشا فیروز لە سول و ئالان بینایەکی دروست کردبوو تا بەهۆیەوە پارێزگاری لەولات بکات و هاوشێوەی قەلا کەلکی لێوەربگرێت. قوباد شتێکی پێ زیاد کرد و کاتێك خوسرەو ئەنەوشیروان بەپاشایەتی گەشت، لە سول و گورگان چەندین بینا و

قەڵای دروست کرد و بەهۆیانەوە وڵاتەکەی پاراست.

ئەوسا سیجیوەر (سجیو) خاقان مەبەستی وڵاتی ئەوی کرد. ئەو سەرکردەی تورکان بوو. خەزران و ئەبخازیان و بەلەنجەریەکانی پەیوەستی خۆی کرد و ئەوان ملکەچی بوون. بەسوپایەکی بێ ژمار هێرشی کردە سەر ئێران. نامەی بۆ ئەنەوشیروان نوسی و داوای باجی لێکرد و ئاگاداری کردەوە ئەگەر باج نەدات، فلان کار و فیسارە کار دەکات. خوسرەو بەهیچ یەك لەخواستەکانی رازی نەبوو چوونکە وڵاتەکەی بەهێز و سنوری ئەرمەنستانی بەهێز و قایم کردبوو. ئەنەوشیروان بەژمارەیەکی کەم بەسەندەی کرد و لەگەڵ ئەوان بەرێکەوت. خاقان مەبەستی ئەوی کرد بەڵام کارێکی پێنەکرا و بێ هیوا گەرایەوە. ئەم خاقانە ئەو کەسە بوو (ورد)پاشای هیپتالیەکانی کوشت و بەشێکی بەربڵاوی لەوڵاتەکەی ئەوان گرت.

فەرمانرەوایی خوسرەو ئەنەوشیروان لەسەرزەمینی رۆم

لەنێوان خوسرەو ئەنەوشیروان و غتیانوس پاشای رۆم، شەڕ فەرمانرەوا بوو. لەیەکێك لەرۆژەکانی ئەم شەڕە، لەنێوان پیاوێك لەعەرەب بەناوی خالد کوڕی جەبلە (فەرمانرەوای عەرەبەکانی شان لەلایەن غتیانوس) و پیاوێك لە لەخم بەناوی مونزەر کوڕی نەعمان (فەرمانرەوای عەمان و بەحرەین و یەمامە و تائیف و شوێنەکانیتری حیجاز لەلایەن خوسرەو) ئاژاوەیەك هەڵیکرد. خالد هێرشی کردە سەر کوڕی نەعمان و ژمارەیەکی زۆری لەهاوەڵانی کوشت و سامان و داراییەکانی تاڵان کرد. خوسرەو نامەی بۆ غتیانوس نوسی و پەیمانی ئاشتی خۆی لەگەڵ ئەودا بیرهێنایەوە و ئاگاداری کردەوە کە مونزەر لەلایەن خالدەوە چی بەسەر هاتووە. داوای لێکرد فەرمان بەخالد بدات شامانەکان بۆ خاوەنەکانی بگەرێنێتەوە و خوێنبایی کوژراوەکان بدات و مافی مونزەر لەخالد وەربگرێت. ئەگەر ئەو کارە نەکات پەیمانی ئاشتی شکاندووە. ئەو بەردەوام بۆ تۆڵەسەندنەوەی مونزەر لەخالد نامەی نوسی بەڵام ئەو گرنگی پێ نەدان.

خوسرەو ئەنەوشیروان بۆ شەڕ ئامادەبوو. لەگەڵ حەفتا و چەند هەزار پیاوی شەڕکەر هێرشی کردە سەر غتیانوس. رێگای ئەو لەجزیرەوە بوو. ئەو لەسەر رێگای

خۆی شارەکانی دارا و رەهای گرت و سەرزەمینی شامی بڕی و دەستی بەسەر منبەج و حەلەب و ئەنتاکیە (باشترین شارەکانی شام) گرت. هەروەها فامیە، حومس و زۆربەی شارەکانی دەوروبەری ئەم شارانەی بەزۆری شمشێر گرت و سامان و داراییەکانی تالآن کرد. دانیشتوانی ئەنتاکیەی بەدیلی گرت و ئەوانی بۆ سواد کۆچ پێکرد و فەرمانیدا لای تیسفون شارێکیان هاوشێوەی ئەنتاکیەیان بۆ دروست بکەن و ئەوانی تیا نیشتەجێ بکەن. ئەمە ئەو شارەیە بە رۆمیە ناودەبرێت. پێنج تسوجی بۆ دیاری کرد: نەهرەوانی سەرەوە، نەهرەوانی ناوەراست، نەهرەوانی خوارەوە، بادرایا و باکسایا. بۆ دیلەکان رۆژی و ساز و بەرگی شەڕی دیاری کرد و سەرپەرەستی ئەوانی بەپیاوێك لەمەسیحیەکانی ئەهوازدا تا بەهۆی هاودینییەوە ئارام بگرن. عتیانوس شارەکانیتری شامی بەسامان و دارایی زۆر کڕییەوە و پەیمانیدا ساڵانە باجی بۆ بنێرێت بەو مەرجەی ئەنەوشیروان هێرش نەکاتە سەر وڵاتەکەی. هەر ساڵ باجیان بۆ ئەنەوشیروان دەبرد.

ئەنەوشیروان لەرۆمەوە هێرشی کردە سەر خەزران و ئەوانی کشتار و تاڵآن کرد و دادی مسکێنەکانی خۆی وەرگرت. دواتر مەبەستی یەمەنی کرد و لەوێش دەستی بۆ کوشتار و تالآن کردنی خەڵك درێژ کرد و گەرایەوە بۆ مەداین لەکاتێکدا لوتکە و سەرزەمینەکانی ئەوێ و سنوری بەحرەین و عەممانی گرتبوو. نەعمان کوڕی مونزەری کردە پاشای حیرە و رێزی لێگرت و دواتر رۆشتە شەڕی هیپتالیەکان تا تۆڵەی باوەگەورێی خۆی فیروز وەربگرێت. خوسرەو رۆشتە سەرزەمینی هیپتالیەکان و پاشاکەیانی کوشت و بنەماڵەکەی روخاند و لەبەلخ و ماوەرالنهر تێپەری و سوپاکەی خۆی لەفەرغانە دابەزاند و دواتر بۆ مەداین گەرایەوە و لەشکرەکەی خۆی نارد بۆ یەمەن کەحەبەشیەکانیان کوشت و ئەم وڵاتەیشیان داگیر کرد.

رۆژگاری پاشایەتی ئەو چل و هەشت یا چل و حەوت ساڵی خایاند.

لەدایك بوونی پێغەمبەری ئیسلام لەرۆژگاری ئەودا بوو. دەڵێن: عەبدوللە کوڕی عەبدالموتەلیب لەبیست و چوار ساڵی پاشایەتی ئەنەوشیروان لەدایك بوو و پێغەمبەر لەچل و دوەمین ساڵی پاشایەتی ئەو.

هشام کوڕی کەلبی دەڵێت: فەرمانرەوایی بەسەر عەرەبەکان لەلایەن ئێرانییەکان

بەمشێوە بوو: ئەسوەد کوڕی مونزەر، براکەی مونزەر کوڕی مونزەر کوڕی نەعمان حەوت ساڵ، نەعمان کوڕی ئەسوەد چوار ساڵ، باوکی یەعفەر کوڕی عەلقەمە کوڕی مالك کوڕی عودەی لەخمی سێ ساڵ، مونزەر کوڕی ئەمری القەیسی یەکەم چل و نۆ ساڵ، نازناوی ئەو دوشاخدار (زو القرنین) بوو و ئەمە بەهۆی دو پرچەوەیە کە لەهەردولای سەری خۆی دەیهۆنییەوە. دایکی ماویە کچی عەمرۆ کوڕی جەشم کوڕی ئەمر کوڕی قاست ناسراو بەناوی ما السما (ئاوی ئاسمان، لەبەر جوانی زۆر) بوو، کورەکەی عەمرۆ کوڕی مونزەر شەش ساڵ، دەڵێت هەشت ساڵ و هەشت مانگ لەفەرمانرەوایی ئەمەیان (مونزەر کوڕی ئەمری القیس) تێپەری کەپێغەمبەر چاوی بەدنیا هەڵهێنا و ئەمە لەساڵی (عام الفیل) لەرۆژگاری خوسرەو ئەنەوشیرواندا رویدا.

کاتێك سەرزەمینی یەمەن ملکەچی خوسرەو بوو، یەکێك لەفەرماندەکانی خۆی لەگەڵ سوپایەکی بەهێز بۆ سەرمەندیبی هیند (سەرزەمینی گەوهەر)نارد کەشەڕی لەگەڵ پاشای ئەو سەرزەمینە کرد و کوشتی و سامان و دارایی زۆری بۆ ئەنەوشیروان ناردەوە. لەو کاتەدا لەسەرزەمینی ئێران کەمتیار نەبوو و کەمتیارەکان لەرۆژگاری ئەنەوشیروان لەولاتانی تورکەوە رویان کردە ئەم سەرزەمینە. ئەم کارە لای خوسرەو گران و موبدی موبدەکانی بانگ کرد و پێی وت: هەواڵمان پێگەشتووە ئەم درندانە رویان کردۆتە سەرزەمینی ئێمە و ئێمە بەگرانی دەزانین، باوەری خۆتان لەمبارەوە بەئێمە بڵێ. وتی: لەپیاوانی دینیمان بیستومە کەدەیانوت: هەرکات داد بەسەر بێداد زاڵ نەبێت و خەڵکانی سەرزەمینێك ستەم لەیەك بکەن، دوژمنەکانیان هێرشیان دەکەنەسەر و ئەو بەلایان بەسەردێت کەئارەزومەند و خوازیاری نین. ئەوەندەی نەخایاند هەواڵ بەخوسرەو گەشت کە لاوە تورك نەژادەکان هێرشیان کردۆتە دوورترین بەشەکانی ولاتەکەی. ئەو فەرمانی بەوەزیر و کاربەدەستانی خۆیدا لەوەی دەیکەن پێ لەراستی نەبەنەدەر و هەرکارێك لەسەر بنەمای دادپەروەری ئە نجام بدەن. ئەوان ئەم کارەیان کرد و خوا دوژمنەکانی بێ شەڕ لەولاتەکەیان دور خستەوە.

کارەکانی ئەنەوشیروان لەئەرمەنستان و ئازەربایجان

بەشێك لەئەرمەنستان و ئازەربایجان ملکی رۆمیەکان و بەشەکەیتری بەدەست خەزەرەکانەوە بوو. قوباد لەدەوری ئەو بەشانەی پەیوەستی ئێران بوو، بوورجێکی دروست کرد. کاتێك قوباد مرد و کورەکەی ئەنەوشیروان بەپاشایەتی گەشت، هێرشی کردە سەر بورجان و فەرغانە و گەرایەوە و شارەکانی شابەران و مەسقەت دەروازەی دەروازەکانی (باب الابوواب) دروست کرد. بۆیە ناویان ناوە دەروازەی دەروازەکان چوونکە لەسەر رێگەیەکی کوێستانی دروست کرابوو و چەندین دەروازەی بۆ دانرا و لەسەر هەردەروازەیەك کۆشکێکی بەهێز لەبەرد دەبینرا. ئەو لەم شارەدا خەڵکانێکی بەناوی (سیاسجین) (نەساجین، نەشاستجین، نشەتگان؟ سەناسنجین)ی نیشتەجێ کرد. لەسەرزەمینی جوزران (خوراسان، غەوزان) شاری سەغدبیلی بنیاتنا و سەغدییەکان و پارسیەکانی بۆ ئەوێ کۆچ پێکرد. هەروەها شاری باب اللدانی (دەروازەی ئالان) دروست کرد و هەموو سەرزەمینەکانی ئەرمەنستان کە لەدەست رۆمیەکاندابوو، داگیری کرد و شاری ئەردەبیل و ژمارەیەك لە قەلاَکانی ئاوەدان کردەوە. نامەی بۆ پاشای تورکان نوسی و خوازیاری ئاشتی و برایەتی بوو و کچەکەی بۆ خۆی داوا کرد و داوای خزمایەتی کرد و هەرکام کچی خۆی دابەویتر.خوسرەو ئەنەوشیروان کچێکی بۆ خاقانی تورك نارد کەیەکێك لەهاوسەرەکانی وەك کچی خۆی هەڵیگرتبوویەوە. وای نیشاندا کەکچی خۆیەتی. پاشای تورك کچی خۆی نارد. ئەوان چاویان بەیەك کەوت. ئەنەوشیروان فەرمانی بەژمارەیەك لەپیاوە باوەرپێکراوەکانی خۆیدا هێرش بکەنە سەر تورکەکان و بیانخەنە ناو ئاگرەوە. ئەو کارەیان کرد و کاتێك بەیانی بوویەوە، پاشای تورك لەم کارەگلەیی کرد و ئەنەوشیروان وتی ئاگاداری ئەو کارە نییە. دوای چەند شەوێکیتر ئەو کارەی دوبارە کردەوە و پاشای تورك دوبارەی گلەیی و گازندەی کرد و ئەنوشیروان داوای لێبووردنی لێکرد. دواتر ئەنەوشیروان وتی لەبەشێك لە لەشکرەکەی خۆی کە کەپری دروست کراو لەگیای وشك بوو، ئاگر بکەنەوە.

بۆبەیانی گلەیی لەپاشای تورك كرد و وتی: منت لەسەر بنەمای تۆمەت سزادا!. پاشای تورك سوێندی خوارد كەبەهیچ جۆرێك ئاگاداری ئەو كارە نییە. ئەنەوشیروان وتی: لەشكرەكەی من و تۆ لەپەیمانی ئاشتی ئێمە توورەن چوونكە بەخشش و تالآنی لەگۆردا نییە. دەترسم كارێكی نەشیاو بكەن و دوبارە دۆستایەتیمان بۆ دوژمنایەتی بگۆرێت. چارە ئەوەیە فەرمانێك بدەیت تامن دیوارێك لەنێوان خۆم و تۆ دروست و دەروازەكانی تیا جێگر بكەم. بۆ لای تۆ كەس نەیێت مەگەر ئەوەی تۆ داوای بكەیت وبۆ لای ئێمە كەس نەیێت مەگەر ئەوەی ئێمە داوای بكەین. پاشای توركان رازی بوو.

ئەنەوشیروان لە قەراغ دەریا تا كوێستانەكان دیواری دروست كرد و درگای ئاسنی بۆدانا و پاسەوانانی بۆ پاسەوانی كردن راسپارد. بە پاشای توركیان وت: ئەنەوشیروان فریوی دای و لەبەردەم تۆ دیوارێكی بەهێزی دروست كرد و تۆ نەتوانی چارەی ئەو بكەیت.

ئەوسا ئەنەوشیروان پاشاكانی لەسەر شوێنە جیاوازەكان دانا و (خاوەنانی تەخت) پیلان شا، لەكز، مەسقەت و .. لەنێوانیاندا بوون. ئەرمەنستان لەدەست ئێرانییەكاندا بوو تا ئیسلام دەركەوت و زۆر لەسیاسجین لەقەلآ و شارەكانی خۆیان نارازی و لێی هاتنەدەر تا ئەوێ بوو بەوێرانە و خەزەرەان و رۆمیەكان دەستیان بەسەردا گرت. كاتێك ئیسلام هات، ئەوان لەوێ بوون.

داستانی فیل سواران

کاتێك پاشایەتی ئەبرەهە درێژەی کێشا و ئەو دەستی بەسەر سەراسەری یەمەندا گرت، لە شاری سەنعا (قەلیس)ی دروست کرد.ئەمە کەنیسەیەك بوو هاوتاکەی لەسەر زەوی نەبینراوە. دواتر بۆ نەجاشی نوسی: بۆ تۆ کەنیسەیەکم دروست کرد کەهاوتای نییە. کار بەجێ ناهێڵم تائەوەی روی حاجیانی عەرەب دەکەمە ئێرە.

کاتێك عەرەبەکان ئەمەیان بیست پیاوێك لە(نەسا)کاران لەمناڵەکانی فوقەیم تورەبوو . رۆشتە ناو ئەو کەنیسە و پیسایی تیا کرد و دواتر گەرایەوە بۆ لای کەسەکانی خۆی. ئەبرەهەیان لەم کارە ئاگادار کردەوە و پێیان وت: ئەو پیاوێك لەکەسانی بنەماڵەیەك لە مەککەیە کە عەرەبەکان حەجیان لا دەکەن. کاتێك بیستی تۆ دەتەوێت حاجیان روبکەنە ئێرە، تورەبوو و کەنیسەکەی تۆی بە پیسایی پیس کرد. ئەبرهەی توورە، سوێندی خوارد بێ گومان دەرواتە مەککە و کەعبە وێران دەکات. فەرمانیدا حەبەشیەکان ئامادە شەڕ بن. سوار لەسەر فیلێك بەناوی مەحمود هاتەدەر. دەستەیەك دەڵێن: ئەو سیانزە فیلی بوو کەبەدوای مەحمودەوە بوون. خوای گەورەی بۆیە فیلی بە تاك هێناوە چوونکە مەبەستی فیلە گەورەکەی ئەوان مەحمودە. لەبارەی ژمارەی ئەوان ئاماژە بەوتاری تریش دراوە.

کاتێك بەرێکەوت، عەرەبەکان بیستیان و دژایەتی کردنی ئەویان بەمافێکی رەوای خۆیان زانی. پیاوێك لەگەورەکانی عەرەب بەناوی زونەفەر روبەروی بوویەوە بەلاّم شکستی خوارد و بەدیلی گیرا. ئەبرەهە ویستی بیکوژێت بەلاّم لای خۆی لەزینداندا هێشتییەوە. ئەوسا درێژەی بەرێگای خۆیدا. نۆفەیل کوڕی حەبیب خەسعەمی روبەروی بوویەوە و شکستی خوارد وگرفتار بوو. ئەو پەیمانی بەئەبرەهەدا رێگای نیشان بدات. ئەبرەهە ئەوی هێشتەوە و درێژەی بەرێگای خۆیدا. کاتێك گەشتە تائف، خەڵکانی سەقیف، باوکی رەغاڵیان لەگەڵدا نارد تا رێگەی نیشان بدات. ئەو رۆشت و لەموغەمەس دابەزی. لێرەدا باوکی رەغاڵ مرد و عەرەبەکان گۆری ئەویان بەرد باران کرد و ئەمە ئەو گۆرەیە بەردەوام بەردبارانی

دەکەن.

ئەبەرهە پێش خۆی، ئەسوەد کوڕی مەقسودی بۆ مەککە نارد و سامانی دانیشتوانی ئەوێی تالآن کرد و لەو ناوەدا دوسەد وشتری عەبدولموتەلب کوڕی هاشمی گرت. ئەوسا ئەبرەهە حوناتەی حەمیری بۆ مەککە نارد وپێی وت: بەدوای گەورەی قورەیش بگەرێ و پێی بڵێ من بۆشەڕ لەگەڵ ئێوە نەهاتووم بەڵکو بۆ وێران کردنی کەعبە روم کردۆتە ئێرە. ئەگەر پارێزگاری لێنەکەن، پێویستم بەشەڕلەگەڵ ئێوە نییە.

کاتێك پەیامەکەی بەعەبدولموتەلب گەشت، وتی: سوێند بەخوا ئێمە مەبەستی شەڕ کردن لەگەڵ ئەومان نییە. ئەمە ماڵی خوا و هاورێی ئەو ئیبراهیمە. ئەگەر پارێزگاری لێبکات ماڵ و بارەگای خۆی پاراستووە و ئەگەر تەسلیمی دوژمنەکەی خۆی بکات، ئێمە کارمان بە پارێزگاری کردن لەو نییە.

عەبدولموتەلب بەنێردراوەکەی وت: من ببە بۆلای پاشا. ئەو لەگەڵ عەبدولموتەلب بەرێکەوت تا گەشتە ناو لەشکر و عەبدولموتەلب پرسیاری زونەفەری کرد کەهاورێی بوو. پرسی: ئایا دەتوانی لەوەی بەسەرمان هاتووە، هاوکاریمان بکەیت؟ زونەفەر وتی: پیاوێکی دیل کە لەدەست پاشایەك گرفتارە و چاوەروانی مەرگ دەکات، چۆن دەتوانێت هاوکاری ئێوە بکات؟ بەلآم ئەنیسی فیلدار هاورێمە. بۆ کارەکەی تۆ رایدەسپێرم و تۆ بەگەورە و داوای لێدەکەم لای پاشا مۆڵەتی بینین بۆ تۆ وەربگرێت و ئەو، ئەگەر بتوانێت نێوەنجیگەری بکات. عەبدولموتەلب وتی: بەسمە. زونەفەر پەیك و پەیامی بۆ لای ئەنیس نارد و ئاگاداری کردەوە کە ئەو گەورەی قورەیشە و مۆڵەتی دەوێت تا چاوی بەپاشا بکەوێت. ئەبرەهە مۆڵەتی پێدا.

عەبدولموتەلب پیاوێکی گەورە، رێزدار و روخۆش بوو. کاتێك ئەبرەهە بینی، رێزی لێگرت. لەتەخت هاتەخوار و لەسەر فەرش لای ئەو دانیشت و بەوەرگێرەکانی خۆی وت: بپرسن نیازەکەی چییە. وەرگێر ئەمەی وت و عەبدولموتەلب وتی: نیازم ئەوەیە دووسەد وشترەکەم بۆ بگەرێنیتەوە. ئەبرەهە بەوەرگێرەکەی وت: کاتێك تۆم

بینی شاد بووم و خۆشم ویستی و کاتێك قسەت کرد، لێت سڵەمیمەوە. ئایا لەگەڵ من سەبارەت بەوشترەکانی خۆت قسە دەکەیت و لەو ماڵەی دینی تۆ و دینی باوکانی تۆیە و من بۆ وێران کردنی هاتووم، بێدەنگ دەبیت؟ وتی: من خاوەنی وشترەکانم. کەعبە خواوەندێکی هەیە و پارێزگاری لێبکات. ئەبرەهە وتی: ئەو بێ هیوا نابێت لای من بگەڕێتەوە. فەرموی: وشترەکانی بۆ بگێرنەوە. کاتێك وشترەکانی وەرگرتەوە، پەتی کردە ملیان و کردیە قوربانی مەککە و لە بارەگای خوایی بەرەڵای کردن تا زیانیان بەرکەوێت و خوا تورە بێت. ئەوسا گەرایەوە بۆ لای قورەیشیەکان و بەسەرهاتەکەی بۆ گێرانەوە و فەرموی لەگەڵ ئەودا لەمەککە بێنەدەر و بۆ ئەوەی زیانیان بەرنەکەوێت رووبکەنە کوێستان. ئەوسا هەستا و ئاڵقەی درگای کەعبەی گرت و ژمارەیەك لەقورەیشیەکان لەگەڵ ئەو هەستان و لەخواپارانەوە و داوای شکانی ئەبرەهەیان کرد. عەبدولموتەلب ئاڵقەی درگای کەعبەی گرت و وتی:

یا رب لا ارجولهم سواکا	یا رب فامنعه منهم حماکا
ان عدو البیت من عاداکا	امنعهم ان یخربووا فناکا

واتاکەی:

خوایە جگە لەتۆ هیوام بەکەس نییە. خوایە بارەگای خۆت لەزیانی ئەوان بپارێزە. دوژمنی کەعبە، دوژمنی تۆیە. رێگەمەدە ئەوان ماڵەکەت وێران بکەن.

هەروەها وتی:

لاهم ان العبد یم	منع رحلة فامنع حلالك
لا یغلکورِي صلیبهم	ومحالهم غدرا محالك
و لئن فعلت فانه	امر تتم به فعا لك
انت الذی ان جاءبا	غ نرتجیك له کذلك
ولوا و لم یحو و اسوی	خزی و تهلکم هنالك
لم استمع یوما بار	جس منهم یبغوا قتالك

جروا جموع بلا دهم — والفيل كي يسبووا عيالك

عمدوا حماك بكيدهم — جهلا و مارقبوو جلالك

واتاکەی:

خواوەندا، هەر بەندەیەك پارێزگاری لەباروبنەی خۆی دەكات، تۆ پارێزگاری لەبارەگای خۆت بكە. با خاچ و هێزی ئەوان بەسەر هێزی تۆدا زاڵ نەبێت. ئەگەر ئەم كارە بكەیت، كارێكە كۆتایی بەكارەكانی خۆت دێنیت. گەرانەوە و جگە لەریسوایی و لەناوچون هیچیان لەگەڵ خۆیان نەبرد. هیچ كات گلاۆتر لەوانم نەبینیوە چوونكە مەبەستی شەڕ لەگەڵ تۆیان هەیە. سوپای وڵاتەكەی خۆیان و فیلەكانیان كۆكردەوە تا بنەماڵەكەی تۆ دیل بكەن. ئەمان بە فریو و نەزانی خۆیان مەبەستی بارەگای تۆیان كردووە و ڕێزیان لەگەورەیی تۆ نەگرت.

ئەوكات ئاڵقەی درگای كەعبەی بەردا و لەگەڵ قورەیشیەكان بەرێكەوت و هەموویان رۆشتنە كەلێنی كێوەكان و لەوێ پەنایان گرت و دەیانروانی تا بزانن كاتێك ئەبرەهە دێت، چی بەسەر مەككەدا دێنێت.

كاتێك ئەبرەهە شەوی كردە رۆژ، ئامادە رۆشتنە ناو مەككە بوو و فیلەكەی خۆی مەحمودی تەیار كرد. ئەو دەیویست كەعبە وێران بكات و بۆ یەمەن بگرێتەوە. كاتێك فیلیان بەرێخست، نوفەیل كوڕی حەبیب خەسعەمی هات و گوێی گرت و وتی: ئەی مەحمود، بۆ ئەو شوێنەی هاتوی بگەرێرەوە كە تۆ لەبارەگای پیرۆزی خوایت. ئەوسا گوێچكەی بەردا. فیل خۆی خستە سەر زەوی و نوفەیل بەپەلە بەرەو كێومكە رۆشت. لەفیلیان دا بەڵام نەجوڵا. رویان كردە یەمەن، فیل هەستا و دەستی بەراكردن كرد، رویان كردە شام، ئەو كارەی كرد، رویان كردە رۆژهەڵات، هەمان كارو كاتێك رویان كردە مەككە، كەوتە سەرزەوی. خوا بۆ ئەوان باڵندەكانی ئەبابیلی لەدەریاوە نارد و ئەوانە باڵندەی هاوشێوەی شەمشەمە كوێرە بوون كە هەركام سێ بەردیان هەلگرتبوو: یەكیان بەدەنوك و دووانیان بەچنگ. بەردەكانیان بەسەر سوپای ئەبرەهەدا باراند. هەر بەردێك بەئەندازەی نۆك یا ماشێك بوو و بەرهەركەس دەكەوت، دەستبەجێ گیانی دەدا. هەموویان لەو بەردانەیان بەركەوت.

خوا لافاویشی نارد و ئەوانی راماڵی و بۆ دەریایی بردن. ئەوانەی رزگار بوون هاوڕێ لەگەڵ ئەبرەهە رایان کرد و رویان کردە یەمەن و لەنوفەیل کوڕی حەبیبیان دەپرسی تا رێگەیان نیشان بدات. کاتێك نوفەیل بینی خوا چ ئەشکەنجەیەکی بەسەردا داباراندن، وتی:

لین المفرو تلا له الطالب و الا شرم المغلوب ليس الغالب

واتاکەی:

شوێنی راکردن کوێیە کە ئەوەی بەدواتانا دەگەڕێت خوایە. و لوت براو تێکشکاوە نەسەرکەوتوو.

هەروەها وتی:

الا حييت عنا يا ردينا نعمناكم مع الاصباح عينا

اتانا قابس منكم عشاء فلم يقدر لقا بسكم لدينا

ردينة لو رايت و لم تريه لدي جنب المصعب ما راينا

اذا لعذرتنى و حمدت رايى و لم تأسى لما قدفات بينا

حمدت الله اذ علينت طيرا و خفت حجارة تلقى علينا

و كل القوم يسأل عن نفيل كأن على للحشبان دينا

واتاکەی:

ها، سڵاو لەئێمە بێت ئەی رەدینە، بەهەڵاتنی بەرەبەیان چاوەکانمان بەئێوە روناك بوویەوە. شەوانە ئاگرخوازێك لای ئێوە هاتە لای ئێمە و ئێمە نەمانتوانی بۆ ئەو کارێك بکەین. ئەی رەدینە، ئەگەر ئەوەی ئێمە لای ئەو بەردەڵانە بینیمان بینیبووتان (کە نەتانبینی) لەم کاتەدا بەداوای لێخۆشبوونی من رازی دەبوویت و باوەری بەباوەڕی من دەهێنا. بۆ ئەوەی لەدەست ئێمەدا نەماوە، داخ ناخۆیت. خوامان سپاس کرد کاتێك باڵندەکانمان بینی و لەبەردێك دەترساین بەرسەرمان کەوێت. هەمووی ئەم خەڵکە بەدوای نوفەیلدا دەگەڕێن. دەڵێی من قەرزاری حەبەشیەکانم.

ئەبەرهە لەجەستەیدا زیانی بەرکەوت بەشێوەیەك ئەندامەکانی یەك یەك دارزان و کاتێك ئەویان بردە سەنعا، لەجوجکێکی بێ پەڕ دەچوو. ماتێك مرد، سینەی قەڵشی برد و دڵی کەوتە خوار.

کاتێك ئەبرەهە مرد، کورەکەی یەکسوم کوڕی ئەبرەهە بوو بەپاشا. ئەبرهەیان بەناوی ئەو بەباوکی یەکسوم ناودەبرد. یەمەنییەکان و حەمیرییەکان ملکەچی بوون. حەبەشیەکان ژنانی ئەوانیان بەهاوسەری گرت و پیاوەکانیان کوشت و کورەکانیان وەك وەرگێر لەنێوان خۆیان و عەرەبەکان بەکار برد.

کاتێك خوا حەبەشییەکانی لەناوبرد و پاشاکەیان هاورێ لەگەڵ رزگاربووان گەرایەوە بۆ یەمەن، عەبدولموتەلب بەیانی ئەو رۆژە هاتەخوار تا بزانن چی دەکەن. باوکی مەسعودی سەقەفی لەگەڵیابوو. ئەو دووانە هیچ دەنگێکیان نەبیست. هاتنە شوێنی لەشکرەکەی ئەوان و هەموویان بەکوژراو بینی. عەبدولموتەلب دوو چاڵی بۆ خۆی و باوکی مەسعود هەڵکەند. هەردوکیان پڕ بوون لەزێر. بانگی خەڵکی کرد و گەرانەوە و لەبەخشینەکانی ئەوان کەڵکیان وەرگرت. عەبدولموتەلب تا کۆتایی تەمەنی بەهۆی ئەو زێر وزیوانە بێ نیاز ژیانی بەسەر برد.

خوا لافاوی نارد وحەبەشیەکانی راماڵی و هەموویانی لەناو برد. کاتێك خوا حەبەشیەکانی لەکەعبە دوور کردەوە و ئەو گرفتارییەی بەسەردا هێنان، عەرەبەکان رێزیان لەقورەیشیەکان گرت و وتیان: بنەماڵەی خوا لەبەرژوەندی ئەوان شەڕی کرد. دواتر یەکسوم مرد و لەجیاتی ئەو براکەی مەسروق هاتە سەر تەخت.

گەرانەوەی یەمەن بۆ حەمیریەکان و دەرپەراندنی حەبەشیەکان

کاتێك یەکسوم مرد، براکەی مەسروق کوڕی ئەبرەههە بووە پاشای یەمەن. ئەو هەمان کەسە بەدەستی وەهرەز کوژرا. کاتێك گرفتاری خەڵکانی یەمەن دژوار بوو، سەیف کوڕی زی یەزن هاتەدەر و مەبەستی سزاری رۆمی کرد و پشتی کردە خوسرەو ئەنەوشیروان. هۆکاری پشت کردن لەئەنەوشیروان ئەوە بوو پاشای ئێران لەهاوکاری کردنی باوکی سستی کرد. کاتێك ژنەکەیان بەزۆر لەو داگیر کرد، روی کردە دەرباری خوسرەو ئەنەوشیروان و بۆ روبەروبوونەوەی حەبەشیەکان داوای هاوکاری لێکرد. خوسرەو مزگێنی پێدا بەلاَم نەیخستە بواری جێبەجێ کردنەوە و زی یەزن لای ئەو مایەوە و لای ئەو مرد. کورکەی سەیف لەداوێنی ئەبرەههە پەروەردە کرابوو و گومانی دەکرد کوڕی ئەوە. رۆژێك یەکێك لەکورەکانی ئەبرەههە جنێوی بەخۆی و باوکی دا. هاتە لای دایکی و پرسی: باوکم کێیە؟ دوای چەند جارێك هاتوچۆ لەنێوان ئەم دووانە، دایکی راستیەکانی پێوت و ئەوی لەباوکی ئاگادار کردەوە. ئەو مایەوە تا ئەبرەههە مرد وکورەکەی یەکسوم هاتەسەر کار و ئەویش مرد. سەیف کوڕی زی یەزن دوای ئاگادار بوون لەرەچەڵەکی خۆی، رۆشتە رۆم بەلاَم مەبەستەکەی لە دەرباری رۆم بەدەست نەهێنا چوونکە لەگەڵ حەبەشیەکان هاودین بوون. ئەو دووبارە گەرایەوە لای خوسرەو. رۆژێك کەسوار ببوو، رێگەی لێگرت و وتی: ئەی شا، لای تۆ مافێکی مردووم هەیە. شا دابەزی و وتی: کێیت و مافت چییە؟ وتی: کوڕی ئەو پیرەپیاوە یەمانییەم کە مژدی هاوکاریت پێدا و لەدەرباری تۆ مرد. ئەو مژدەیە مافی منە. خوسرەو دڵی بۆی سوتا و پێی وت: ولاَتی تۆ لەئێمە دوورە و داهاتی کەم. رێگاکەی دژوارە و من لەشکری خۆم ناخەمە مەترسییەوە. فەرمانیدا سیم و زێریان پێدا. سەیف کوڕی زی یەزن هاتەدەر و دەستی بە بەخشینی سیم و زێر کرد بەرادیەیەك خەڵکی بێ نیاز بوون. خوسرەو بیستی و وتی: بۆ لەگەڵ پێدراوی شایی ئەم کارەت کرد. وتی: بۆ زێر نەهاتووم بەڵکو بۆ پیاوانی شەڕکەر. ولاَتی ئێمە پڕە لە زێر و زیو.

خوسرەو لەوتارەکەی سەریسورما و وتی: ئەو داماوە گومان دەکات وڵات و سەرزەمینەکەی خۆی باشتر لەمن دەناسێت! ئەو لەگەڵ وەزیرەکانی خۆی راوێژی کرد کە لەشکر بنێرێت یا نەینێرێت. موبدی موبدەکان وتی: ئەی شا، ئەم کورە مافی رووکردنە تۆی هەیە کەمژدەی هاوکاریشت بەباوکی دا و ئەو لەدەرباری تۆ مردووە. لەزیندانەکانی تۆ پیاوانی بەهێز و تێکۆشەری زۆر هەیە. ئەگەر شا بخوازێت، ئەوانی لەگەڵدا بنێرێت. ئەگەر سەرکەوتن لەبەرژەوەندی پاشا دەبێت و ئەگەر بمرن لەوان رزگاری دەبێت و خەڵکی وڵاتەکەی لەوان رزگار دەکات. خوسرەو وتی: باوەری راست ئەمەیە. فەرمانیدا زیندانییەکان بێنن و ژماردیان کەنزیکەی هەشسەد کەس بوون. ئەو یەکێك لە فەرماندەکانی خۆی بەناوی وەهرەزی کردە فەرماندەیان کەخۆیشی لەناو زیندانییەکاندا بوو. ئەویان لەگەڵ هەزار سوار بەبەرابەر دەزانی. فەرمووی ئەوانیان لەهەشت کەشتیدا سوار کرد و رویان کردە دەریا. دوو کەشتی لە ئاودا نوقم بوو و سواربووانی کەشتیەکانیتر لەبەستێنی حضر موت دابەزین. خەڵکێکی زۆر دەوری زی یەزنیان گرت. مەسروق بە سەد هزار پیاوی شەرکەر لەحەبەشی و حەمیری و ئەعراب روبەرویان بوویەوە. وەهرەز دەریایی لەپشت سەر بوو. کەشتیەکانی ئاگردا تا هاورێکانی بە هیوایی هەڵاتن و خۆدەرباز کردن نەبن. هەموو خواردن و جل و بەرگەکانی(جگە لەوەی خواردبوویان و لەبەریاندا بوو) سوتاند و بە هاوەڵانی خۆی وت: بۆیە کەشتیەکانم سوتاند تا ئەگەر حەبەشیەکان بەسەرتانا زاڵبوون، دەستیان بەسەردا نەگرن. ئەگەر ئێمە بەسەر ئەواندا سەرکەوین چەند بەرابەر وەردەگرین. ئەگەر لە گەڵ من شەڕ دەکەن و خۆراگری دەکەن، پێم بڵێن و ئەگەر نایکەن، پشت بەم شمشێرە دەبەستم تا نوکەکەی لە پشتم بێتەدەر. ئێستا بزانن ئەگەر فەرماندەکەتان ئەم کارە بکات چی بەسەر ئێوەدا دێت. وتیان: لەگەڵ تۆ شەڕ دەکەین تا هەمووومان بمرین یا سەرکەوین. وەهرەز بە سەیف کوڕی زی یەزنی وت: چیت پێیە؟ سەیف وتی: ئەوەی بتەوێت لەپیاوی شەرکەری عەرەب و شمشێری عەرەب. ئێستا قاچی من بە قاچی خۆتەوە ببەستە تا پێکەوە بمرین یا سەرکەوین. وەهرەز وتی: دادپەروەریت.

سەیف هەرچەندەی توانی لەخەڵکانی خۆی کۆکردەوە. یەکەم خەڵکان

کەپەیوەستی بوون سەکاسێکەکان لە کێندە بوون. مەسروق لەکۆبوونەوەی سوپای نێران و یەمەن ئاگادار بوویەوە و ئەویش لەشکری خۆی کۆکردەوە. وەهرەز هاوەڵانی خۆی بۆ شەڕ ئامادە کرد و وتی: تیر بخەنە ناو کەوان و کاتێك فەرمانم دا، پێکەوە تیربارانیان بکەن.

مەسروق لەگەڵ سوپایەکی گەورەوە هات کە لەزۆریدا ئەملاولاکەی دیار نەبوو. ئەو سوار لەسەر فیل و تاجێك لەسەر و لەسەر ناوچاوی یاقوتێکی سوری بەئەندازەی هێلکەیەك دانابوو. ئەوندە لەخۆبایی بوو جگە لەسەرکەوتن هیچیتری نەدەبینی. چاوەکانی وەهرەز بەهۆی پیری کەمسۆ ببوون. لەبەر ئەمە وتی: گەورەکەیان نیشانی من بدەن. وتیان: سوار لەسەر فیلە. مەسروق سوار ئەسپ بوو. وتیان: ئەو ئەسپ سوارەیە. دوبارە مەسروق لەسەر ئەسپ دابەزی و سوار ئێسترێك بوو. خەڵك بەوەهرەزیان وت: ئەوەی سوار لەسەر ئێسترە. وەهرەز وتی: سوك بوو و پاشایەتییەکەی بەرەو نەمان دەچێت. دوبارە وەهرەز وتی: برۆکانم بەرز بکەنەوە (چوونکە برۆکانی ب هۆی پیری کەوتبوونە سەر چاوی). برۆکانی ئەویان بەدەسماڵێك بەست. ئەوسا تیرێکی ئەستوری خستە ناو کەوان و وتی: مەسروق نیشان بدەن. مەسروقیان نیشاندا و ئەو وتی: ئێستا تیرێکی بۆ دەهاوم. ئەگەر بینیتان هاوەڵانی لەشوێنی خۆیان نەجولان، خۆراگر بن تا فەرمانتان پێبدەم چوونکە تیرەکەی بەر نەکەوتووە. ئەگەر بینیتان سوڕان و ئاوڕیان دایەوە، بزانن تیرەکەمی بەر کەوتووە و لەم کاتەدا هێرشیان بکەنە سەر. ئەو تیری هاویشت و لە نێوان دوو چاوی مەسروق نیشتەوە. هاوەڵانی وەهرەز تیربارانیان دەست پێکرد. مەسورق و ژمارەیەك لەسوپاکەی کوژران. مەسروق لە ئێستر کەوتە خوار و هاورێکانی دەوریان گرت. ئێرانییەکان لەناکاو هێرشیان کردە سەریان. حەبەشیەکان جگە لەتێکشکان، چارەنوسێکیان نەبوو. سوپای ئێران تالآنی زۆر و بێ ئەژماریان لەحەبەشیەکان گرت.

وەهرەز وتی: دەست لەعەرەبەکان هەلگرن و رەشەکان بکوژن و یەك کەس لەوان زیندوو مەهێڵنەوە. پیاوێك لەعەرەب شەو ورۆژێك هەڵات و ئەوسا لەتیردانەکەی خۆی تیرێکی بینی. هاواری کرد: ئەی هاوار لە دایکت! دووری رێگایە یا درێژی

شوێنی گەڕانەوە! وەهرەز رۆشتە ناو سەنعا و دەستی بەسەر یەمەندا گرت و نوێنەرانی خۆی رەوانەی شارەکانیتر کرد.

رۆژگاری پاشایەتی حەبەشیەکان لەسەر یەمەن حەفتا و دو ساڵی خایاند. لەم ماوە چوار پاشا فەرمانڕەوایەتیان کرد. ئەریات، ئەبرەهە، یەکسوم و مەسروق. دەستەیەك دەڵێن: نزیکەی دووسەد ساڵ یا زیاتر و یا کەمتر بوو. وتاری یەکەم راستترە.

کاتێك وەهرەز بوو بەپاشای یەمەن، نامەی بۆ خوسرەو نوسی و ئاگاداری کردەوە و سامانەکانی بۆنارد. خوسرەو نامەی بۆ نوسی کەسەیف کوڕی زی یەزن بکاتە فەرمانڕەوایی یەمەن(دەستەیەك دەڵێن: مەعدی کەرب کوڕی سەیف زی یەزن بکاتە فەرمانڕەوا) وسەراسەری خاکی وڵاتی پێ بسپێرێت. خوسرەو باجی لەسەر دانا تا ساڵانە بۆی بنێرن. وەهرەز ئەوی کردە فەرمانڕەوا و بۆ لای خوسرەو گەڕایەوە. سەیف بووە پاشای یەمەن و دەستی بەگەڕان بە دوای حەبەشیەکان کرد. ئەوەندە کارەکەی بەسەختی گرتبوو کەسکی ژنانی سکپڕی هەڵدەدڕی (و منالی حەبەشی دەردەهێنا و سەری دەبڕی). لەوان ژمارەیەکی کەمی هێشتەوە کە کاری کارەکەری و کۆیلایەتی پێدەکردن. لەپیاوەکانی ئەوان ئەسپ سوارەکانی دروست کرد کەبە ئامرازەکانی شەڕ لە پێشیەوە رایان دەکرد. رۆژگاری ئەو زۆری نەخایاند. رۆژێك هاتەدەر و حەبەشیەکان لە پێشیەوە بەئامرازەکانی شەڕ رایان دەکرد کەلەناکاو هێرشیان کردە سەری و لێیاندا تا مرد. رۆژگاری پاشایەتی ئەو پانزە ساڵی خایاند. لەم کاتەدا پیاوێك لەحەبەشیەکان دژیان راپەری و لەیەمەن دەستی کرد بە کوشت و بڕی خەڵك و تاڵانکاری. کاتێك خوسرەو ئەنەوشیروان ئەم هەواڵەی پێگەشت، وەهرەزی لەگەڵ چوار هەزار پیاو نارد و فەرمانیدا لەیەمەن هیچ رەش یا کوڕی عەرەبی لەرەش بوو نەبینێت مەگەر ئەوەی بیکوژێت چ بچوك بێت چ گەورە. هەر پیاوێك قژی لولی بێت و دەمارێکی رەشی تیا ببینێت، بیکوژێت. وەهرەز بەرێکەوت و هاتە یەمەن و ئەوەی خوسرەو فەرمانی دا بوو ئەنجامیدا و بۆ خوسرەوی نوسی و ئەو، وەهرەزی کردە فەرمانڕەوای یەمەن و ساڵانە باجی بۆ دەنارد تا مرد. خوسرەو دوای ئەو کورەکەی مەرزبان کوڕی وەهرەزی کردە پاشا.

دوای ئەو تینجان کوڕی مەرزبان، دوای ئەو خورەخەسرە کوڕی تینجان کوڕی مەرزبان.

دواتر خوسرەو پەرویز لەو تورە و ئەوی لەیەمەن بانگ کردەوە. کاتێك گەشت، یەکێك لەگەورەکانی ئێران میوانداری کرد و شمشێرێکی لە باوکی خوسرەو پەرویز کردە نێوەنجیگەر(تا ببێتە هۆکاری پاراستنی ئەو). خوسرەو پەنای دا و لەخوێنی خۆشبوو بەڵام ئەوی لەفەرمانڕەوایی یەمەن لابرد. ئەو بازانی بۆ یەمەن نارد و مایەوە تا خوا پێغەمبەرەکەی محمدی نارد.

دەستەیەك دەڵێن: ئەنەوشیروان زەرینی دوای وەهرەز کردە پاشا. ئەو پیاوێکی خوێنخۆر بوو. کاتێك دەیویست سوار ئەسپ بێت، یەکێکی دەکوشت و لەسەر لاشەکەیەو تێدەپەڕی. ئەنەوشیروان مرد و ئەو بەهەمان شێوە پاشای یەمەن بوو. دواتر هورموز ئەوی لەسەر کار لابرد.

لەبارەی نوێنەرانی خوسرەوان لەسەر یەمەن جیاوازی زۆرە کە لە ئاماژەدان پێی سودمان نەبینی.

کارەکانی قورەیش دوای لەناووچونی فیل سوارەکان

کاتێك روداوی فیل سواران رویدا، قورەیشیەکان لەبەرچاوی عەرەبەکان گەورە بوون و خەڵك ئەوانیان بە بنەماڵەی خوا ناو برد و وتیان: پاشماوەکانی خوان کەئەو پارێزگاریان لێدەکات. قورەیشیەکان کۆبوونەوە و وتیان: ئێمە منداڵەکانی ئیبراهیمین و پاسەوانانی بارەگایی خوایی و پارێزەرانی کەعبە و نیشتەجێ کانی مەککە. هیچ کام لەعەرەبەکان پێگەی ئێمەیان نییە و ئەم ناوبانگە چاکەیان پێنەبراوە. با لەسەر ئاشتی و پێکەوە سازان پەیمان ببەستین کە شتەکانی دەرەوەی حەرەم هاوشێوەی شتەکانی ناوی رێز لێ نەگرین. ئەگەر ئەمانە بەیەك رادە رێزیان بۆ دابنێین، عەرەبەکان ئێمە و بارەگاکەمان بەسوك دەزانن و دەڵێن: قورەیشیەکان ناو حەرەم و دەرەوەی حەرەم وەك یەك رێزی لێدەگرن. لەبەر ئەمە، مانەوە و هاتنەدەرەوەیان لەعەرەفە بەنارەوا زانی لەگەڵ ئەوەی دەیانزانی و بێزاربوون کەئەم کارانە لەئایینەکانی حەج و سونەتەکانی ئیبراهیمە. لەعەربەکانیتر دەگێرنەوە کەئەوان لەناوی دەمانەوە و نەدەهاتنەدەر. ئەوان وتیان: ئێمە پارێزەرانی حەرەمین و جگە لەو هیچ بەگەورە دانانێین. ئێمە خەڵکانێکی شەیدا و شەیدایی هۆکاری سەختگیری ئێمەیە. ئەوان لەدینی خۆیان سەختگیریان کرد و بۆ هەر کام لەژنانی خۆیان کە لەدەرەوەی حەرەم منداڵیان بێت، ئەو مافەیان دانا کە ئەوان بۆ پارێزگاری کردن لەحەرەم بوویان. لەم کارەدا هۆزەکانی کەنانە، خوزاعە، و عامر شەریکیان بوون و بۆ منداڵەکانی خۆیان ئەو مافەیان بەرەوا بینی. دوبارە داهێنانێکی تازەیان هێنایە ئاراوە و وتیان: بۆ شەیدایان و سەختگیران رەوا نییە لەکاتی ئیحرام کەشك بسوون و کەرە بتوێننەوە و برۆنە ناو ماڵە پەشمینەکان و هەروەها رەوا نییە جگە لەیەکێك لەماڵە چەرمینەکان سێبەر بکەن. وتیان: بۆ خەڵك رەوا نییە، خواردنێك کە لەگەڵ خۆیان دەیهێنن بۆ حەرەم، ئەگەر حەج یا عەمرە بکەن، لێرەدا بیخۆن. کاتێك بیانەوێت بەدەوری کەعبەدا بسورێنەوە، جگە لەجل و بەرگی شەیدایی نابێت بپۆشن وئەگەر بەدەستی نەهێنن، بەروتی بەدەوری کەعبەدا بسورێنەوە. ئەگەر

یەکێك لەگەورەکانی ئەوان ئەم جلەی دەست نەکەوێت و نەیەوێت و بۆ خۆی بەڕەوا نەبینێت بەروتی بەدەوری کەعبەدا بسورێتەوە، لەجل و بەرگی خۆیدا ئەم کارە بکات و کاتێك تەواو بوو، ئەو جل و بەرگە دانێت و فڕیی بدات و ئەو جل و بەرگە جگە لەو کەسیتر نەدەستی لێبدات و نە لەبەری بکات. بەم جلانەیان دەوت، فڕێدراوەکان.

عەرەبەکان بەم ئایینانە رازی بوون و بەشێوەیەك بەدەوری ماڵی خوا دەسورانەوە کە ئەوان بۆیان دیاری کردبوون. ئەوان خواردنەکانی خۆیان کە لەدەرەوە دەیانێهێنا بەجێ دەهێشت و لەخواردنەکانی حەرەمیان دەکڕی و دەیانخوارد.

ئەمانە تایبەت بوو بەپیاوان. بەڵام ژنان هەموو جلەکانی خۆیان جگە لەروپۆش دەردەهێنا و بەروکراوەیی دەسوڕانە و دەیانوت:

الیوم یبدو بعضه او کله	و ما بدامنه فلا احله

واتاکەی:

ئەمرۆ هەموو یا هەندێك لەو دەردەکەوێت. ئەوەی دەردەکەوێت، بەڕەوای نازانم.

ئەم خەڵکە لەسەر ئەم باوەڕە بوون تا ئەوەی خوا پێغەمبەرە خۆشەویستەکەی نارد و ئەم ئایینانەی لەناو برد. ئەو لەعەرەفاتەوە بەرێکەوت و بەجل و بەرگێك کە لەدەرەوەی حەرەم لەبەری کردبوو، بەدەوری ماڵی خوادا سوڕایەوە و موسوڵمانان خواردنی دەرەوەی حەرەمیان لەرۆژەکانی حەج کردن لەناو حەرەمدا خوارد و خوای گەورە ئەم ئایەی نارد: کەواتە بگەڕێنەوە لەو رێگاوەی خەڵکان دەگەڕێنەوە و داوای لێ خۆشبوون لەخوا بکەن کەئەو بەخشەر و بەخشندەیە.(بقره/٢/١٩٩). مەبەستەکەی لەخەڵك، عەرەبەکان بوو. دوبارە خوا لەبارەی جل و بەرگ و خواردنی دەرەوەی حەرەم و بەجێهێشتنی لەناو حەرەم، فەرمووی: ئەی منداڵەکانی ئادەم، لای هەر شوێنی نوێژ کردنێك، ئارایشت هەڵگرن و جل بپۆشن و بخۆن و بخۆنەوە بەڵام زێدەرۆیی مەکەن و لەسنور تێمەپەرن چوونکە خوا زێدەرۆکانی

خۆش ناوێت. بلێ: کێ زیوەرەکانی خواوەند و ئەم شیرینی و خۆشییانەی خوا کردوویەتی بەرۆژی بەندەکانی خۆی، ناڕەوا کرد و حەرامی کرد؟ بلێ: ئەمانە هەمووی لەم دنیا بۆ خواپەرستانە و لەو دنیایش تایبەتە بەوان. بەم شێوەیە کەوتارەکانی خۆمان دەنێرین و ئەمە هەمووی بۆ ئەو کەسانەیە کەزانست و ئاگاییان هەبێت (اعراف/٧/٣٠/٣١).

پەیمانی خەڵکانی بۆنخۆش و پەیمانی هاودەستەکان

پێشتر ئاماژەمان پێدا، کە قوسەی بەکورەکەی عەبد الدار چی بەخشی و لەو ناوە: پەردەداری، ئاو دان، میوانداری و هەلگرتنی ئالاً. ئەوسا هاشم و عەبد شەمس و موتەلیب و نوفل و کورەکانی عەبد مەناف کوڕی قوسەی بینیان کەبۆ ئەو پێگانە لەمناڵەکانی عەبدالدار شیاوترن چوونکە لەناو خەڵکەکەی خۆیان لەوان لەپێشتر و گەورەترن. ویستیان ئەمانەیان لێ بستێننەوە. لەم کاتەدا بوو دوبەرەکی و چەند بەرەکی لەناو قورەیشییەکان هاتە ئاراوە. دەستەیەك پەیوەستی مناڵەکانی عەبد مەناف بوون و دەستەیەك لەگەڵ مناڵەکانی عەبدالدار کەدەیانوت ڕەوا نییە ئەوەی قوسەی بەوانی بەخشیوە، لەوان وەربگرینەوە چوونکە کارەکانی قوسەی لەناو ئەوان ئایینێکی فەرمانڕەوا بوو کەهەمووان لایەنگیریان لێدەکرد چوونکە ئەو پیاوێکی گەورە و ڕێزدار و پیرۆز بوو و کارەکانی دەبوونە هۆی پیرۆزی. هەڵسوڕێنەری کاری مناڵەکانی عەبد مەناف کوڕی قوسەی، عەبد شەمس بوو چوونکە گەورەترینی ئەوان و هەڵسوڕێنەری کاروباری مناڵەکانی عەبدالدار کە بەپارێزگاری کردن لەوان هەستا، عامر کوڕی هاشم (هشام) کوڕی عەبدمەناف کوڕی عەبد الدار بوو. ئەمان دەوری مناڵەکانی عەبد مەنافیان گرت: مناڵەکانی ئەسەد کوڕی عەبدالعزی کوڕی قوسەی، مناڵەکانی زوهرە کوڕی کلاب، مناڵەکانی تەمیم کوڕی مورە و مناڵەکانی حارس کوڕی فەهر کوڕی مالك کوڕی نەزر. ئەمانەیش پەیوەستی مناڵەکانی عەبدالدار بوون: مناڵەکانی مەخزوم، مناڵەکانی سەهم، مناڵەکانی جومح و مناڵەکانی عودەی کوڕی کەعب. عامر کوڕی لۆئەی و مەحارب کوڕی فەهر لەناو ئەوان هاتنەدەر و پشتیوانیان لەهیچ کام نەکرد. هەر کام لەم دوو دەستە لەناو خۆیان پەیمانێکی بەهێزیان بەست تا ئەو کاتەی ئاو هەموو پارچەکە تەر نەکات(جاویدان) لەهاوکاری کردنی یەك درێغ نەکەن و دەست لەپشتیوانی کردنی یەك هەڵنەگرن. مناڵەکانی عەبدمەناف کاسەیەکی پڕ لەگوڵاویان هێنا(یا یەکێك لەژنانی عەبد مەناف هێنای) و لەماڵی خوا دایاننا و دەستیان کردە ناوی و هاوپەیمان و هاودەست بوون و دەستیان لەکەعبە سوو. مەبەست لەم کارە ئەوە بوو

ئەو پەیمانە هەر چی زیاتر بە هێزتر و سەقامگیرتر بکەن. لەبەر ئەمە پێیان دەڵێن (بۆنخۆشەکان) (مطیبین).

منالەکانی عەبدالداریش هاتن و لەگەڵ هۆزەکانی خۆیان لەماڵی کەعبە کۆبوونەوە و پەیمانیان بەست لەهاوکاری کردنی یەك درێغی نەکەن و دەست لەپشتیوانی کردنی یەك هەڵنەگەرن. ئەمانیش پێیان دەڵێن (هاوپەیمانان) (احلاف). ئەوسا هەردوو دەستە بۆ روبەروبوونەوە و شەڕ ریزیان بەست و بریاریان لەسەر شەڕدا. لەو کاتەی رووداني شەڕ نزیك ببوویەوە، داوای ئاشتیان کرد لەسەر ئەو بنەمایەی کاری ئاو گەیاندن و خواردن بەمنالەکانی عەبد مەناف بسپێرن و پەردەداری و بەرێوەبردن و هەلگرتنی ئالآ بەمنالەکانی عەبد الدار. پێکەوە ئاشتیان کرد و هەر دوو دەستە بەمە رازی بوون و دەستیان لەشەڕ کردن هەلگرت و هەرکام لەسەر پەیمانەکەی خۆیان پابەند بوون تا ئەوەی ئیسلام هات. لەم کاتەدا پێغەمبەر فەرمووی: هەرکەس لەرۆژگاری نەزانیدا(جاهلی) پەیمانی بەستووە، ئیسلام بەهێزتری کردووە بەلأم لەئیسلامدا پەیمان نییە (ریزبەندی خەڵکانی سەرزەمینێك لەبەرابەر یەك).

ئاو گەیاندن و پێدانی خواردن کەوتە دەست هاشم کوڕی عەبد مەناف چوونکە عەبد شەمس بەردەوام لەگەشت و گوزار و سامانی کەم و نانخۆری زۆری بوو. هاشم جوامێرێکی بەتوانا و بەخشەر بوو.

شیاو بوو ئەم داستانە پێش لەداستانی فیل سواران ئاماژەی پێبدەین. لەبەر ئەوە دوامان خست ئەو روداوانە پەیوەستی یەك بوون وبەدوای یەك دەهاتن.

کارەکانی خوسرەو ئەنەوشیروان لەبواری باج وەرگرتن و سوپاداری

پاشاکانی ئێران پێش خوسرەو ئەنوشیروان بەم شێوە باجیان لەخەڵك وەردەگرت کە لەسەر بنەمای ئاویاری و ئاوەدانی زەوییە کشتوکاڵییەکان لەبەشە جۆراوجۆرەکانی وڵات، یەك لەسەر سێ، یەك لەسەر چوار و یەك لەسەر پێنج و یەك لەسەر شەشیان وەردەگرت. گزیت (جەزیە)یەش ئەندازەکەی زانراو بوو. قوباد فەرمانیدا زەوییەکان بپێون و ئەندازەگیری بکەن تا باج وەرگرتن لەسەر بنەمایەکی راست بێت. ئەو پێش ئەوەی کۆتایی بەم کارە بێنێت، مرد. کاتێك ئەنەوشیروان بەپاشایەتی گەشت، کۆتایی بەو کارە هێنا و ئەندازە زانراوەکانی باج لەسەر گەنم، جۆ، ترێ، خورما، زەیتون و برنجی دانا. هەر جۆرێك ئەندازەیەکی باجی دیاریکراوی بوو. لەسێ جار یا بە سێ بەش وەریان دەگرت. ئەمانە ئەو بنەمایانە بوو عومەر کوڕی خەتاب بەکاری بەست. خوسرەو ئەنەوشیروان بۆ داوەری شارەکان نوسراوێکی لەپێرستی باجەکان نارد تا باج وەرگران هیچی پێ زیاد نەکەن. فەرمانیدا زیان بەدانەوێڵەی هەر کەسێك گەشت، بەئەندازەی زیانەکە لەباجەکەی کەم بکەنەوە. سەرانەیشیان لەسەر خەڵکان دانا بەڵام ئەم چینانەیان لەسەرانە بەخشی: گەورەکان،خاوەن بنەماڵە گەورەکان، ئەفسەران، سوپاییەکان، هیربودان، دەبیران، بەرێوبەرانی دەربار و موبدەکان. هەرکام لەخەڵك لەسەر بنەمای پێگەکەی لەدوانزە درەم، هەشت درەم، شەش درەم و چوار درەم. عومەر کوڕی خەتاب ئەم شیوەی بەکار بەست و تەنیا کارێ کەئەنجامی دا ئەوە بوو باجی سەرانەی لەکەمتر لەبیست ساڵ و زیاتر لەپەنجا ساڵ وەرنەدەگرت.

دواتر خوسرەو یەکێك لەدەبیرە دیارەکان لەگەورەکانی بەناوی بابەك بۆ ناونوسی سوپاکەی و پێدانی مانگانەی ئەوان دیاری کرد. ئەو داوای لەخوسرەو کرد هێزی زیاتر بکات و لەکارەکەیدا سەربەستی بکات. ئەو رۆشتە بینینی سوپا و لەوێ دانیشت. فەرمانیدا هەموو سوپا بەکەرەستەی شەڕو ئاژەڵەکانیان، هاتن و کاتێك ئەو خوسرەوی لەناویاندا نەبینی، فەرمانی گەرانەوەی دا. ئەم کارەی لە دوو رۆژدا دووبارە کردەوە و لەسێیەم رۆژدا فەرمانیدا جار بدەن: کەس لەماڵەوە دانەنیشێت

تەنانەت ئەگەر تاجی پاشایەتی لەسەردا بێت. خوسرەو ئەمەی بیست و جل و بەرگی شەڕی لەبەر کرد و تاجی خستە سەر و هات. ئەو هاتە لای بابەك تا بیبینێت. بابەك کەرەستەکانی شەڕی ئەوی بەتەواو زانی جگە لەدوو زرێ کەبۆ ئەویان دانابوو و کەلکیان لێوردەگرت (تا لەکاتی تیرهاویشتن ئەگەر یەکیان بدرێت، یەکیان نەکەوێت). بابەك ئەو دووانەی بەخوسرەو نەبینی و نەینوسی و وتی: هەمووی ئەوەی پێویستە بیهێنە. خوسرەو کەوتە بیری دوو زرێکە و بەستی. جارچی بابەك جاریدا. بۆگەورەی شاسوار، سەروەری بوێران، چوار هەزار درەم. بابەك ناوی خوسرەوی دیاری کرد. کاتێك لەشوێنەکەی خۆی هەستا هاتە لای خوسرەو و لەکردەوەی خۆی داوای لێخۆشبوونی کرد و بیری خستەوە هیچ کارێك بەبێ وردبینی و دور ئەندێشی ناکرێت. خوسرەو وتی: ئەوەی دەبێتە هۆی بەهێز کردن و ساماندانی پاشایەتییەکەمان، لای ئێمە ناپەسەند نییە.

لەوتەکانی خوسرەو ئەنەوشیروانی دادپەروەرە: سپاس کردن و بەخشینە خواییەکان هاوشێوەی دوو تای شایەنە. هەرکام قورستر بێت، سوکتر نیازمەندی دەبێت کەزیاد بکات و خۆی لەگەڵ هاوتاکەیدا بەرابەر بکات. کاتێك بەخشینی خوایی روی لەزیاد بوون کرد و سپاس کردن کەم، بەخشین کەم دەبێتەوە چوونکە بەخشین پێویستی بەسپاس کردنی زۆرە و هەرچی سوپاس کردن زۆرتر بێت، بەخشین زیاتر دەبێت و لێی تێدەپەڕێت. من لەسپاس کردن وردبوومەوە و بە دوو شێوەم بینی: بەشێکی بەوتارە و بەشێکی بە کردار. وردبوومەوە تا بزانم خوا کام کارەی زیاتر لەهەمووان پێ خۆشتر و پەسەندترە. بینیم ئەوەیە ئاسمانەکان و زەوی پێی سەقامگیر و کێوەکان خۆراگر و جۆگەکان سەرڕێژ و خەڵك خوازیارن پێی. ئەمە هەمان راستی و دادپەروەرییە. بەردەوام روم کردە ئەمە کارە و راستی و دادپەروەریم کردە پیشە. بینیم بەرهەمی راستی و دادپەروەری، ئاوەدانی وڵاتە کەسەقامگیری ژیانی خەڵك و ئاژەڵەکان و باڵندەکانی پێوەی بەستراوە. کاتێك لەم کارەدا نغرۆ بووم بینیم شەڕکەران، بەکرێگیراوانی ئاوەدان کردنەوە و بەکرێگیراوانی ئاوەدان کردنەوە، شەڕکەرانن. شەڕکەران کرێی خۆیان لەباجدەران و شارنشینان وەردەگرن چوونکە بەرگری کردن لەوان و شەڕکردنیان بەنوێنەرایەتی لەوان

لەئەستۆدایە. لەسەر ئاوەدان کەران و شارنشینانە کرێی ئەوان بێ کەم و کوڕی بدەن چوونکە ئاوەدانی و ئاسایش و تەندروستی لەگیان ومالّ بێ ئەوان دەستەبەر نابێت. هەروەها بینیم بۆ شەڕکەران، خواردن و خواردنەوە و لەدایك بوونی منالّ و بەبەرهەم کردنی ژنان و بەدنیا هێنانی کوران و کچان بەبێ دانی باج وکاری ئاوەدان کەران ئامادە نابێت. لەبەر ئەمە لەباجدەران بۆ شەڕکەران بەو ئەندازەی نیازەکانی ئەوان وەلاّم بداتەوە، وەرمگرت و بۆ باجدەران، زەوی وکار و داهات و بار و بەرگیان بەو ئەندازەی کەئاوەدانی و بۆخەرجیەکانی ئەوان بەس بێت، دیاریم کرد و ستەمم لەهیچ کام نەکرد. من شەڕکەران و باجدەرانم وەك دوو چاوی بینا و هاوتای دوو دەستی بەتوانا و دوو پێی تیژپێ بینی لە بەهەرکام زیان بگات، ئەوی دیکەیش زیانی بەردەکەوێت.

ئێمە لەچۆنییەتی کاری پێشینانی خۆمان وردبووینەوە و هیچ کارێك لەکارەکانی ئەوان کەهۆکاری نزیك بوونەوە لەیەزدان و ناوی چاکە لای خەلّکان و باشتر بوونی سوپا و جەماوەر بێت، پشت گوێ نەخست و هەموویمان ئەنجام دا و خراپیەکانمان نەبینی مەگەر ئەوەی دەسبەرداری بووین و هاورێیەتی باوك و باپیران ئێمەی ناچار بەهاورێ بوون و دلّدادە بوونی هیچ شتێك نەکرد.

من لەچۆنیەتی کاری هیندییەکان و رۆمەکان وردبوومەوە و باشییەکانی ئەوانم هەلّبژارد. خواستەکانمان ئێمەی بەرەو خۆشیەکانمان رانەکێشا و هەمووی ئەمانەمان بۆ نوێنەران و هاوەلاّنمان لەولاّتانیتر نوسی.

ئێستا لەم وتانە وردببنەوە کەشایەتی بۆ فراوانی زانست و ئاوز و هێزی خۆپارێزی دەدات. کەسێك کەرۆژگاری بەم شێوە بێت، شیاوە تا رۆژی کۆتایی بیکەنە نمونەی دادپەروەری.

خوسرەو ئەنەوشیروانی دادپەرومر چەندین منالّی فرەزانی بۆ هاتە دنیا. ئەو پاشایەتی دوای خۆی بەکورەکەی هورموز بەخشی.

لەدایك بوونی پێغەمبەری ئیسلام لەسالّی فیل (عام الفیل) لەچل و دوەمین سالّی پاشایەتی خوسرەو بوو. لەم رۆژەدا شەڕی (زی جبلە) رویدا کە لەشەڕە ناودارەکانی عەرەبە.

لە دایك بوونی پێغەمبەری خوا (٥٣ ك – ١١ ك/ ٥٧١/٦٣٢ ز)

قەیس کوڕی مەخرەمە و قساس (غیاس) کوڕی ئەشیم و عەبدوللە کوڕی عەباس دەڵێن: پێغەمبەری خوا لەساڵی فیل لەدایك بوو. کوڕی کەلبی دەڵێت: عەبدوللە کوڕی عەبد المطلیب باوکی پێغەمبەر لەبیست و چوارەمین ساڵی پاشایەتی خوسرەو ئەنەوشیروان لەدایك بوو و پێغەمبەر لەچل و دوەمین ساڵی فەرمانرەوایەتی ئەو. خوا لەبیست و دوەمین ساڵی پاشایەتی خوسرەو پەرویز کوڕی خوسرەو هورموز کوڕی خوسرەو ئەنەوشیروان بۆ پێغەمبەری هەڵیبژارد و لەسی و دوەمین ساڵی پاشایەتی خوسرەو پەرویز لەمەککەوە بۆ مەدینە کۆچی کرد.

کوڕی ئیسحاق دەڵێت: پێغەمبەر ڕۆژی دوشەممە دوانزەهەمین شەو لەرەبیع الاول چاوی بەدنیا هەڵهێنا و لەدایك بوونی ئەو لەماڵێکی ناسراو بەناوی (ماڵی کوڕی سوف) رویدا. دەڵێن: دواتر پێغەمبەر ئەم ماڵەی بەخشی بەعەقیل کوڕی ئەبی تالب و ماڵەکە لەدەست ئەودا بوو تا مرد. کورەکەی بەمحەممەد کوڕی یوسف برای حەجاج کوڕی یوسفی سەقەفی فرۆشت. ئەو ماڵەکەی خۆی کەناسراو بەناوی (ماڵی کورەکەی یوسف) بوو، دروست کرد و ئەم ماڵەی تیا جێکردەوە تا ئەوەی خەیزەران (ژنی مەهدی و دایکی هادی و هارونی عەباسی) ئەوی جیاکردەوە و مزگەوتێکی دروست کرد. دەستەیەك دەڵێن: لەدایك بوونی پێغەمبەر لەدەیەم یا دوەمین شەوی ربیع الاول بوو.

کوڕی ئیسحاق دەڵێت: ئامینە کچی وەهب دایکی پێغەمبەر دەیگێڕایەوە کاتێك سکی بەپێغەمبەر پڕبووە، کەسێك هاتۆتە خەوی و پێی وتووە: تۆ بە سەرووەری ئەم خەڵکە سکت پڕە. کاتێك هێناتە دنیا بڵێ: ئەو لەزیانی هەر رژدیبەرێك بەخوای تاقانە دەسپێرم. دواتر ناوی بنێ محەممەد. کاتێك بەپێغەمبەر سکی پڕبوو، روناکییەکی درەوشاوە لەخۆیدا بینی کەتوانی کۆشکەکانی (بصری)ی لەشام پێببینێت. کاتێك هێنایە دنیا، باوەپیارەی عەبدالموتەلیبی ئاگادار کردەوە: کوڕێك بۆتۆ هاتۆتە دنیا، وەرە و لێی بڕوانە. عەبدالموتەلیب هات و ئەوی بینی و ئامینە

داستانی خەوەکەی خۆی گێرایەوە و وتی پێیان فەرمووە دەبێت چ ناوێکی لێ بنێن.

عوسمان کوڕی باوکی عاس دەڵێت: دایکم بۆی گێرامەوە کەئەو شایەتی لەدایك بوونی پێغەمبەر لەئامینە کچی وەهب بووە. وتی: هیچم لەماڵەکەدا نەبینی مەگەر ئەوەی روناك بوویەوە و من سەیری ئەستێرەکانم کرد بۆ پێشەوە غاریدان دەدا وەك بڵێی دەیانەوێت بێنە سەرزەوی.

یەکەم کەس شیری بەپێغەمبەر دا، سەوبیە کەنیزی ئەبولەهەب بوو. لەشیری کورکەی خۆی مەسروح شیری پێدا. پێشتر شیری بەحەمزە کوڕی عەبدالموتەلیب دابوو و دوای ئەو باوکی سەلە کوڕی عەبد ئەلئەسەدی مەخزومی شیردا. سەوبیە پێش کۆچی پێغەمبەر لەمەککە دەهاتە لای و پێغەمبەر و خەدیجە رێزیان لێدەگرت. خەدیجە کەسی بۆ لای باوکی لەهەب نارد تا سەوبیە بکرێت و ئازادی بکات، بەڵام باوکی لەهەب رازی نەبوو. کاتێك پێغەمبەر بۆ مەدینە کۆچی کرد، باوکی لەهەب ئازادی کرد و لەم کاتەدا پێغەمبەر دیاری دەنارد تا بیستی سەوبیە لەگەرانەوە لەخەیبەر گیانی داوە. لەکورەکەی مەسروحی پرسی، وتیان: پێش دایکی مردووە. پرسی: ئایا هیچ کەس وکار یا خزمێکی هەیە؟ وتیان: لەو کەس بەجێ نەماوە.

دوای سەوبیە، حەلیمە کچی باوکی زوەیب عەبدوللە کوڕی حارس کوڕی شێجنە لەمناڵەکانی سەعد کوڕی بەکر کوڕی هوازن، شیری بەپێغەمبەردا. ناوی هاوسەرەکەی کەپێغەمەری لەشیری ئەو تێردەکرد، عەبدالعوزەی و ناوی هاوشیرەکانی عەبدوللە و ئەنیسە و جوزامە (شەیما)بوو. ئەم کچە بەناوی شەیما ناوی دەرکرد. ئەو لەپەرستاری پێغەمبەر هاوکاری دایکی دەکرد.

کاتێك پێغەمبەر خەدیجەی بەهاوسەری هەڵبژارد، حەلیمە هاتەلای و پێغەمبەر رێزی لێگرت و دیاری زۆری پێبەخشی. ئەو پێش گرتنی مەککە بەدەست پێغەمبەر چاوی لەدنیا بەست. کاتێك مەککە لەلایەن موسوڵمانانەوە دەستی بەسەرداگیرا، خوشکەکەی هاتە لای پێغەمبەر و پێغەمبەر هەواڵی حەلیمەی پرسی و ئەو وتی مردووە. چاوەکانی پێغەمبەر فرمێسکی تێزا. پێغەمبەر پرسیاری بەجێماوەکانی حەلیمەی کرد و ژن پێی ناساند. ئەو داوای بەخششی لەپێغەمبەر کرد و پێغەمبەر

نیازەکەی بەراوەردە کرد.

عەبدوللە کوڕی جەعفەر کوڕی ئەبی تالب دەڵێت: حەلیمەی سەعدی دەیگێڕایەوە: لەشارەکەی خۆم هاورێ لەگەڵ ئەو ژنانە هاتمەدەر کەهەموویان بەدوای منالی شیرخۆردا دەگەران. وشکەسالی بوو و هیچمان بۆ نەمابوویەوە. من سوار مێچکە کەرێکی سپی بووم و ئێمە مێچکە وشترێکی پیرمان هەبوو کەیەك دڵۆپ شیری تیا نەبوو. سەراسەری شەو لەگریانی منالەکەم (لەتاو برسیەتی)نەخەوتم. مەمکم ئەوەندی شیر تیا نەبوو برسیەتییەکەی بشکێنێت. وشترە پیرە مێچکەکەیش بەهەمان شێوە. بەلام ئێمە هیواداربووین. مێچکەکەرەکەی من لەبەرناتەوانی و لاغری ببووە هۆی ئازاردانی کاروانەکە. هاتنیە مەککە و پێغەمبەریان بردە لای یەك یەکی ژنەکان و هیچ کام رازی نەبوون چوونکە وتیان ئەو باوك مردووە. ئەمە لەبەر ئەوەبوو چوونکە ئێمە چاوەروانی پاداشت لەباوکی منالەکە بووین. دەمانوت: باوکی مردووە، دایك و باوەپیارەی دەتوانن چیمان بۆ بکەن؟ هەر ژنێك منالێکی هەلگرت جگە لەمن کەکەسم دەستنەکەوت. کاتێك ویستمان بگەرێینەوە بەهاوسەرەکەم وت(ئەو لەگەڵ من بوو): بە باشی نازانم بێ منال بگەرێمەوە چوونکە شەرم لەهاورێکانی خۆم دەکەم کە نەمتوانیبێت منالێك پەیا بکەم. سوێند بەخوا دەرۆمە مالی ئەو کورە باوك مردووە و هەلێدەگرم. هاوسەرەکەم وتی: ئەم کارە بکە، ئەگەری هەیە خوا لەپاداشتی ئەم کارە بەرەکەتێکمان پێ ببەخشێت. رۆشتم و هەلمگرت. کاتێك هەلمگرت و خستمە سەر داوێنم، هەر دوومەمکەکەم شیریان بۆ دەباراند، بەشێوەیەك هەرچەندەی دەویست، خواردی. ئەو خواردی و تێربوو و براکەی خواردی و تێر و هەردووکیان خەوتن. کورەکەم پێشتر خەوی لێنەدەکەوت. هاوسەرەکەم رۆشتە لای پیرە وشترەکەمان و بینی گوانەکانی پڕ شیرە. لێی دۆشی و خواردی تا تێر بوو و دەرخواردی منی دا و خواردم و تێربووم. دەڵێت: هاوسەرەکەم بەمنی وت: دەزانی حەلیمە، سوێند بەخوا منالێکی پیرۆزت هەلگرتۆتەوە. وتم: سوێند بەخوا ئەو هیوام هەیە. دەڵێت: دواتر هاتینەدەر و سوار مێچکە کەرەکە بووم و منالەکەم سوار کرد. لەم کاتەدا کەر بەغاردان دەرۆشت و هیچ یەك لەکەرانی ئەوان نەیتوانی بەمن بگاتەوە بەشێوەیەك ژنانی هاورێم وتیان:

کچی باوکی زوەیب، کەمێك چاوەڕێمان بکە، مەگەر ئەمە هەمان کەر نییە پێی هاتی؟ وتم: سوێند بەخوا ئەوە. ژنان دەیانوت: بۆتە کەرێکیتر، شتێك لەئارادا هەیە. دواتر گەراینەوە بۆ ماڵەکانمان لەناو منالەکانی سەعد کەهیچ زەوییەك لە زەوییەکانی خوامان بەوشکتر لەو نەدەزانی. لەوە بەدوا مەر و بزنەکانم بەگوانی پڕ شیر و تێر ئێواران دەگەرانەوە و ئێمە دەماندۆشین و دەمانخوارد و کەسانیتر یەك دڵۆپیان لەگوانەکانیان نەدەبینی. کار گەشتە ئەوەی بینەرێك لەخەڵکانی خۆمان وتی: هاوار لەئێوە، لەوێ مەرەکانتان بلەوەرێنن کەکچی باوکی زوەیب دەیلەوەرێنێت. بەڵام مەرەکانی ئەوان برسی دەگەرانەوە و بێ شیر و ئەوانەی من تێر و پڕشیر.

ئێمە بەردەوام لەخوا بەرەکەت و باشی زیاترمان دەبینی تا دوو ساڵ تێپەری و من ئەوم لەشیر گرتەوە. ئەو بەشێوەیەك گەشەی دەکرد، منالآنیتر پێینەدەگەشتن. هێشتا دوو ساڵ لەتەمەنی تێپەری نەکردبوو، ببووە کوڕیکی بەهێز. ئەومان بۆ دایکی گەراندەوە بەڵام زۆرترین تکا و داوامان کرد تا لای ئێمە بمێنێتەوە چوونکە بەرەکەتی فراوانمان لێ بینیبوو. لەگەڵ دایکی سەبارەت بەمانەوەی لای ئێمە دواین و ئەو رازی بوو. دەڵێن: ئەومان گەراندەوە. سوێند بەخوا هێشتا چەند مانگ لەگەرانەوەی تێپەری نەکردبوو کەهاورێ لەگەڵ براکەی لەگەڵ مەروماڵآتەکەمان دەرۆشتە دەشتی پشت ماڵمان. لەناکاو براکەی هات و بەمن و باوکی وت: ئەو کورە قورەیشیە! دوو پیاوی جل سپی هاتن و سکیان هەڵدری و دڵیان بەدەست ژێرورووو کرد. دەڵێت: ئێمە بەپەلە و راکردن رۆشتین و بینیمان راوەستاوە و روخساری سور هەڵگەراوە. دەڵێت: من و باوکی باوەشمان پیا کرد و وتمان: کورم، چیت بەسەر هاتووە؟ وتی: دوو پیاو هاتن و سکیان دریم و لەسینەمدا بەدوای شتێك گەران کەنەمزانی چییە. دەڵێت: گەراینەوە بۆ خێوەتەکانمان و باوکی بەمنی وت: سوێند بەخوا دەترسم زیانێك بەم منالە گەشتبێت. پێش ئەوەی نەخۆشییەکەی دەرکەوێت، بیبەرەوە بۆ لای کەسەکانی.

دەڵێت: هەڵمانگرت و بردمانە لای دایکی. ئامینەی دایکی وتی: ئەی دایکی، بۆ هێناتەوە؟ تۆ زۆرت هەوڵ دەدا لای ئێوە بێت. وتم: خوا کورەکەمی گەورە کرد و من

کاری خۆم تەواو کرد، ئێستا دەترسم شتێکی بەسەر بێت. لەبەر ئەمە ئەوم بەو تەندوروستییەی ئارەزومەندی پێی، بۆ تۆ گەراندەوە. ئامینە وتی: ئەمە کاری تۆنییە، راستی بەمن بڵێ. دەستی لێ هەڵنەگرتم تا داستانی دوو پیاوی سپی پۆشم بۆ گێرایەوە. ئامینە وتی: ترسایت جنۆکە دەستی لێبووەشێنێت؟ وتم: بەڵێ. ئامینە وتی: کاتێك دووگیان بووم، لەخەودا بینیم رووناکییەك لەمن هاتەدەر کەهەموو کۆشکەکانی بصری م بینی و روناکی کردەوە. ئەوسا لەسکدا هەڵمگرت و سوێند بەخوا هیچ مناڵێکم نەبینیوە لە سکدا وەك ئەو سوك و ئاسان بێت. کاتێك ئەوم هێنایە دنیا، بەدەست کەوتە سەر زەوی و ئەوسا سەری بۆ ئاسمان بەرز کردەوە. ئەو لای من دابنێ و بەسلامەتی بگەرێرەوە.

رۆژگاری شیرخواردنی پێغەمبەر دوو ساڵی خایاند. حەلیمە – بەوتەی هەندێ کەس- لەپێنج ساڵیدا ئەوی بۆ لای دایکی و باوەگەورێی، عەبدالموتەلیب گەراندەوە.

شەداد کوری ئەوەس دەڵێت: رۆژێك لای پێغەمبەر بووین، پیرەپیاوێك لەمناڵەکانی عامر هات و ئەو پاشا و سەروەری خەڵکەکەی خۆی و بەتەواوی پیر و بەتەمەن بوو. پاڵی بەداردەستەکەیەوە دا و لەبەرابەر پێغەمبەر دا وەستا، وتی: ئەی کوری عەبد الموتەلیب، پێیان وتم گومان دەکەیت پێغەمبەریت و خوا تۆی بەهەمان ئایین نارد کەئیبراهیم و موسی و عیسای رەوانە کرد. بزانە وتەیەکی گەورەت هێناوەتە سەرزمان. پێغەمبەرانی پێش تۆ لەمناڵەکانی ئیسرائیل بوون و تۆ ئەم بت و بەردانە دەپەرەستی. تۆ و پێغەمبەری! هەر وتەیەك ناوك و گەوهەرێکی هەیە. ناوك و گەوهەری وتەکەی تۆ چییە؟

پێغەمبەر لەپرسیاریەکەی سەری سورما و پێی خۆش بوو. دواتر فەرمووی: ئەی برایەك کە لەمناڵەکانی عامری، دانیشە. ئەو دانیشت. پێغەمبەر پێی وت: گەوهەر و ناوکی وتاری من ئەوەیە کە هەمان ناوبراوی ئیبراهیم و هەمان مژدەی عیسام. من یەکەم مناڵی دایکم بووم و لەهەمووی مناڵەکانیتر گرانتر هەڵیگرت. ئەوسا لەخەودا بینی، ئەوەی لەسکیدایە، روناکییە. دایکم دەیوت: چاوەکانی من بەدوای روناکی دەرۆشت و روناکی لەچاوەکانم پێش کەوت تا رۆژهەلات و رۆژئاوای بۆ روناك کردەوە. منی هێنایە دنیا، گەورە بووم و گەشەم کرد. منیان بۆ شیر خواردن

بەمناڵەکانی سەعد کوڕی بەکر سپارد. ڕۆژێك لەگەڵ کورانی هاوتەمەنی خۆم لەماڵ دوورکەوتمەوە، لەناکاو سییان بە مشتی زێرین و پڕ لەسەهۆڵ هاتن و منیان لەناو هاورێکانم هەڵگرت. هاورێکانم رایانکرد تا گەشتنە لێواری دۆڵ و ئەوسا رویان کردە ئەو سییانە و وتیان: چیتان لەم مناڵە دەوێت؟ ئەو باوکی نییە و ئەگەر بیکوژن کەس بۆ تۆڵە سەندنەوە دواتان ناکەوێت. کاتێك کورەکان بینیان ئەو سییانە وەڵام نادەنەوە، بەراکردن رویان لە دێ کرد و ڤیژاندیان و خەڵکیان بۆ هاوکاری کردنی من لەبەرابەر ئەو سییانە ئاگادار کردەوە. یەك لەو سییانە هات و بەنەرمی منی لەسەر زەوی خەواند و ئەو سات سینەمی تا لای ناوکم بڕی. سەیرم دەکرد و هەستم بە ئازار نەدەکرد. ئەو ناو سینە و سکی منی دەرهێنا و بە سەهۆڵ شۆردی و بەجوانی پاکی کردەوە. دواتر دڵی دەرهێنام و قەڵشتی و پەڵەخوێنێکی رەشی لێدەرهێنا و فرێدا. ئەو دەستی تیا دەگەراند وەك بڵێی بەدوای شتێکدا دەگەرا. لەناکاو بینیم ئەنگوستیلەیەك لەروناکی لەدەستیدا بوو کەچاوی بینەرانی زەق دەکرد. ئەو دڵمی بەو خۆشەویستییە ژێرو روو و دڵمی لەروناکی لیپاولیپ کرد. ئەمە هەمان روناکی پێغەمبەری و فرەزانی بوو. دواتر دڵمی خستە شوێنی خۆی. ساردی ئەنگوستیلەکەی ئەوم تا رۆژگارێکی درێژ هەست پێدەکرد. سێیەمین بەهاوەڵەکەی وت: برۆ ئەولا. ئەو رۆشتە دواوە. ئەو دستی بەسەر سینەی من تا لای ناوکم هێنا و ئەو قەڵشتە گەورە بەفەرمانی خوا یەکی گرتەوە. دواتر دەستی منی گرت و بەرزی کردمەوە و بەنەرمی لەسەر پێ رایگرتم. ئەوسا بەیەکەم کەس کەسکی منی هەڵدریبوو، وتی: ئەو لەگەڵ دە کەس لەئۆمەتەکەی هاوسەنگ بکە. ئەو کارەیان کرد و من سەنگینتر بووم. وتی: ئەو لەگەڵ سەد کەس لەئۆمەتەکەی هەڵسەنگێنە. هەڵیسەنگاند و من پێش کەوتم. وتی: ئەو لەگەڵ هەزار کەس لەئۆمەتەکەی بخەرە ناو تای شایەن. منیان لەبەرابەر هەزار کەس خستە تای شایەن و من قورستر بووم. وتی: وازی لێبێنن. ئەگەر ئەو لەگەڵ هەموو ئۆمەتەکەی هاوسەنگ بکەن، ئەو سەنگینتر دەبێت. دواتر منیان بەسنگیانەوە نوساند و سەر و ناوچاویان ماچ کردم، وتیان: ئەی هاورێ! ئارام بە، ئەگەر بزانی چ باشییەکیان بۆ تۆ لەبەرچاو گرتووە، چاوەکانت روناك دەبن.

دەڵێت: لەمەدا بووین کە لەناکاو هەمووخەڵکانی دێ بەراکردن هاتن و دایکیشم(ئەوەی شیری پێدەدام) لەپێشیانەوە، بەبەرزترین دەنگ دەیقیژاند. بەردەوام دەیوت، ئەی هاوار لەکورە ناتەوانەکەم! ئەوان هاتنە لای من و سەر و روخساریان ماچ کردم و وتیان: خۆش بەحاڵی تۆ کە کوڕیکی ناتەوانیت! دواتر دایکی شیردەرم وتی: ئەی هاوار، کورە تەنیاکەم! ئەو سییانە هاتنە لای من و منیان بەسینەیانەوە نوساند و ماچیان کرد، وتیان خۆزگەمان بەتۆ کەتەنیا نیت. خوا لەگەڵ تۆیە. دوبارە دایکی شیردەرم وتی: لەناو هاوتەمەنەکانت تۆیان بەناتەوان بینی و لەروی ناتەوانییەوە ئازاریان دایت. ئەوان هاتنە لای من، منیان بەسینەوە نوساند، ماچیان کرد و وتیان: خۆزگەمان بەتۆ ئەی کوڕی باوك مردوو! چوونکە رێزدارترین کوڕی لای خوا. ئەگەر بزانی چ باشییەکان چاوەرێتن! دەڵێت: دواتر منیان هێنایە لێواری دۆڵەکە و کاتێك دایکی شیردرەرم منی بینی، وتی: کورەکەم، ئەمە تۆیت بەزیندووی دەتبینم! هات و منی لەئامێز گرت. سوێند بەو کەسەی گیانم لەدەست ئەودایە، لە داوێنی ئەودابووم و ئەو منی بەخۆیەوە دەگوشی کەبینیم دەستم لەناو دەستی یەك لەواندایە. سەیری هەر سێکیانم دەکرد و گومانم دەکرد خەڵك ئەوان دەبینن. دەستەیەك لەخەڵك دەیانوت: ئەم کورە لەپەری یا دێوەکان زیانی بەرکەوتووە. بیبەنە لای کاهینی دێ تا لێی بروانێت و دەرمانی کات. وتم: ئەم هاوار هاوارە بۆچییە؟ من زیانم بەرنەکەوتووە. بیر و هزرم تەواو، دڵم ئارامە و هەست بەرەنج و ئازار ناکەم. باوکی شیردەرم وتی: نابین وتاری؟ هیوادارم زیان بەرکورەکەم نەکەوتبێت. دوبارە هاودەست و هاورا بوون من ببەنە لای کاهین. منیان بردە لای. کاتێك داستانی منیان بۆ گێرایەوە، وتی: بێدەنگ بن تا لەزمانی کورەکە خۆی بیبیستم چوونکە من لەکاری ئەو شارەزاترم. من لەسەرتاوە تا کۆتاییم بۆ گێرایەوە. کاتێك قسەکەی منی بیست، لەئامێزی گرتم و دواتر بەبەرزترن دەنگ وتی: ئەی عەرەبەکان، ئەم کورە بکوژن و خوێنی من لەگەڵ ئەودا برێژن! سوێند بە لات و عزی ئەگەر ئەو لەسەر کارەکەی خۆی ئازاد بکەن، بێ گومان پشت دەکاتە دینەکەی ئێوە و ناسازگاری لەگەڵ ئێوە دەگرێتەبەر و ئایینێك دێنێت هاوتاکەیتان نەبینیبێت.

دایکی شیردەرم منی لەئامێزی دەرهێنا و وتی: تۆ نەخۆش و شێتی نەکورکەی من. بۆخۆت بۆ کەسێك بگەرێ تا بتکوژێت. من کوری خۆم ناکوژم.

دواتر منیان بۆ کەس و کاری خۆم گەراندەوە و لەوەی بینیبووم، بەترسەوە دەژیام و شوێنی قەڵشتەکە هاوشێوەی رشتەیەك لە سینەوە تا ژێر دڵم دیار بوو. ئەمە ناوك و گەوهەری وتاری من و سەرەتای کاری منە ئەی برام لەمناڵەکانی عامر.

پیرەپیاوی عامری وتی: خوایەك کەجگە لەو خوایەك نییە، بەشایەت دەگرم کەوتار و کرداری تۆ راستە و دروست. چەند پرسیارێکم هەیە وەڵام بدەرەوە. پێغەمبەر فەرمووی: بپرسە. پیرەپیاو وتی: زانست چی زیادی دەکات؟ پێغەمبەر فەرمووی، فێرکردن و راهێنان. پیرەپیاو پرسی: چ شتێك دەبێت هۆکاری زۆربوون لەهەر شتێك؟ پێغەمبەر فەرمووی: پێداگرتن. پیرەپیاو پرسی: ئایا چاکەکاری لەپاڵ ئەنجامدانی کاری قێزەون ئەنجامی دەبێت؟ پێغەمبەر فەرمووی: بەڵێ، گەرانەوە بۆ لای خوا گوناح دەسرێتەوە و چاکەکان خراپەکان لەناو دەبەن و کاتێك بەندەیەك لەکاتی خۆشیدا لەخوا بپارێتەوە، خواوەندی لەکاتی گرفتاریدا دەست دەکەوێت. پیرەپیاوی عامری پرسی: بەچ شێوەیەك؟ پێغەمبەر فەرمووی: بەشێوەیەك کەخوای گەورە دەفەرمێت: سوێند بەمەزنی و گەورەیم بۆ بەندەکەم دوو ئارامی ئامادە ناکەم و ئەو بەدوو ترس ئازار نادەم. ئەگەر لەم دنیا لەمن بترسێت، رۆژێك کەبەندەکانم لەبارەگای پیرۆز کۆدەکەمەوە، ئارامی پێ دەبەخشم و لەگەڵ ئەوانەی سەرکوتیان دەکەم، سەرکوتی ناکەم. بەڵام ئەگەر لەم دنیا لەمن بەئارامی ژیا، رۆژێك کەبەندەکانم لەو شوێنەی مژدەم پێداوە، کۆدەکەمەوە، ترسم بەسەر ئەودا زاڵ دەبێت و ئارامی لێ دەبرێت.

پیرەپیاو وتی: ئەی کوری عەبد الموتەلیب، پێشنیاری چی دەکەیت؟ پێغەمبەر فەرمووی: بەپەرستینی خوایەك کەشەریکی نییە، بەوەی هاوتاکانی خوا لەناوبەریت و باوەر بەلات و عزی لە دڵ دەرکەیت و بەوەی پێغەمبەر و نوسراو لەلایەن خواوە هێناویەتی، باوەر بێنیت و نوێژ لەکاتی خۆیدا بخوێنیت ویەك مانگ لەساڵ بەرۆژ بیت و زیادی سامان خۆت لەرێگای خوا خەرج بکەیت تا خوا

گوناحەکانی تۆبسرێتەوە و ئەگەر بتوانیت برۆیتە ماڵی خوا بۆ حەج و ئەگەر لەگەڵ ژن جوت بوویت، سەر و جەستە بشۆیت و باوەر بەمەرگ و ژیانی دوای مەرگ و بەهەشت و جەهەننەم بێنیت. پیرەپیاو وتی: ئەی کوڕی عەبدوئەلموتەلیب، ئەگەر ئەو کارە بکەم، چیم دەست دەکەوێت؟ پێغەمبەر فەرمووی: بەهەشت کە لەژێریدا روبارەکان ڕەوانن و ئەمە پاداشتی کەسێکە دڵ و گیانی پاك بکاتەوە (طة/ ٢٠/٧٦).

پیرەپیاو وتی: لەگەڵ ئەمانە لەم دنیا چی هەیە؟ من ژیانی باش و خۆشم خۆشدەوێت. پێغەمبەر فەرمووی: بەڵێ، هاوکاری و هاویاری لەشارەکان. ئەو رازی بوو و باوەری بەپێغەمبەر هێنا.

کوڕی ئیسحاق دەڵێت: عەبدوللە کوڕی عەبد ئەلموتەلیب باوکی پێغەمبەر مرد و دایکی پێغەمبەر ئامینە کچی وەهب کوڕی عەبد مەناف کوڕی زوهەر سکی بەپێغەمبەر پڕبوو.

هشام کوڕی محەممەد دەڵێت: عەبدوللە باوکی پێغەمبەر مرد و ئەو لەم کاتەدا بیست ساڵ و هەشت رۆژ یا یەك ساڵ تەمەنی بوو.

واقدی دەڵێت: ئەوەی لای ئێمە راستە ئەوەیە عەبدوللە کوڕی ئەلموتەلیب هاورێ لەگەڵ کاروانێك لەقورەیش لەشامەوە بۆ مەدینە هات و لەوێ لەکاتێکدا نەخۆش بوو، مایەوە تا چاوی لەدنیا بەست و ئەویان لەماڵی نابغە(ماڵی گەورە) بەخاك سپارد.

کوڕی ئیسحاق دەڵێت: دایکی، ئامینە لە(ابوا) لەنێوان مەککە و مەدینە گیانیدا و پێغەمبەر شەش ساڵان بوو. ئەوی بۆ لای خاڵۆکانی لەمناڵەکانی نەجار هێنابوو تا یەك ببینن. ئەو لەگەرانەوە چاوی لەدنیا بەست. دەستەیەك دەڵێن: ئامینە هاتە مەدینە تا سەردانی ئارامگای هاوسەرەکەی خۆی عەبدوللە بکات و پێغەمبەر و پەرەستارەکەی دایکی ئەیمەن لەگەڵیدا بوون و کاتی گەرانەوە لە ئەبوا چاوی لەدنیا بەست. دەستەیەك دەڵێن: عەبد ئەلموتەلیب هاتە سەردانی خاڵۆکانی لەمناڵەکانی نەجار و پێغەمبەر هاورێ بوو. لەکاتی گەرانەوە ئامینە مرد و لەدۆڵی ئەبوزەر بەخاك سپێردرا. وتاری یەکەم راسترە.

کاتێك قورەیشیەکان رۆشتنە شەڕی ئوحود، ویستیان پەیکەری ئامینە دەربێنن، بەڵام کەسێك لەناویان وتی: ژنان ژێردەستن و محەممەد دەتوانێت زیان بەژنەکانی ئێوە بگەیەنێت. خوا بۆ ڕێزلێنان لەدایکی پێغەمبەر ئەوانی لەم کارە دور خستەوە.

کوڕی ئیسحاق دەڵێت: عەبدالموتەلیب لەهەشت ساڵی یا دە ساڵی پێغەمبەر کۆچی دوایی کرد و کاتێك مرد، لەسەر داوای ئەو، سەرپەرەستی پێغەمبەر بەمامەکەی ئەبوتالب گەشت. ئەو لای ئەو پەروەردە و گەورە بوو. ئەمە لەبەر ئەوە بوو عەبد الموتەلیب خۆشەویستی ئەبوتالبی بۆ پێغەمبەر دەبینی.

کوژرانی تەمیمیان لەمەشقەر

هشام دەڵێت: وەهرمز کالاّ بێ وێنە و سامانە فراوانەکانی لەیەمەن بۆ خوسرەو نارد. کاتێك کاروانەکان بەسەرزەمینی مناڵەکانی تەمیم گەشت، سەعسەعە کوڕی ناجیە موجاشەعی باوەگەورێی فەرمزدەق وتاردەری ئەوان، ئەوانی بۆ هێرش کردنە سەر کاروان هاندا. ئەوان رازی نەبوون. سەعسەعە وتی: دەبینم کوڕانی بەکر کوڕی وایل ئەم کاروانە تالاّن دەکەن و بۆ شەڕ کردن لەگەڵ ئێوە کەڵکی لێوەردەگرن. کاتێك ئەمەیان بیست، هێرشیان کردە سەر کاروانەکە و تالاّنیان کرد. پیاوێك لەمناڵەکانی سەلیت کەپێیان دەوت نەتیف، تورەکەیەکی پڕ زێری دەسکەوت. لەوسەردەمەوە بووە پەندی پێشینان کەدەیانوت: فلاّن گەنجی نەتیفی دۆزییەوە. کاروانیان بەرێکەوتن تا گەشتنە لای هوزە کوڕی عەلی حەنەفی لەیەمامە. ئەو ئەوانی داشارد و لەگەڵ خۆی بردنیە لای خوسرەو. خوسرەو ئەم کارەی پێ خۆش بوو و فەرمانیدا رشتەیەکیان لەگەوهەر هێنا و لەدەوری سەریان بەست و لەو کاتەوە بە(هوزەی تاجدار) ناویان دەبرد.خوسرەو پرسیاری مناڵەکانی تەمیمی لێکردن کەئایا لەخەڵکی ئەون یا پەیمانی ئاشتیان لەنێواندایە. هوزە وتی: لەنێوان ئێمە جگە لەمردن هیچ نییە. خوسرەو وتی: بەمەبەستەکەی خۆت دەگەیت. پاشای ئێران ویستی سوپا بکاتە سەر تەمیمەکان بەلاّم پێی وترا، ئاویان کەمە و سەرزەمینەکەیان شوم. پێشنیاریان پێکرد ئەم کارە بەنوێنەری خۆی لەبەحرەین بسپێرێت. ئەو ئازاد فیروز کوڕی جوشەیش بوو کەعەرەبەکان بە(جیاکەرەوە بەشمشێر) بانگیان دەکرد چوونکە دەست و پێی خەڵکانی دەبڕی. فەرمانی کوشتنی تەمیمیەکانی پێدا و ئەم کارەی کرد. خوسرەو نێردراوێکی بۆ لای ئەو نارد و هوزەی بانگ کرد و جارێکیتر رێزی لێگرت و خەلاّتی کرد و فەرمانیدا لەگەڵ نێردراوەکەی بڕواتە لای ئازاد فیروز. ئەو دووانە لەکاتی کۆکردنەوەی دانەوێڵە گەشتنە لای ئەو و تەمیمیەکان بۆ کۆکردنەوە و بەدەست هێنانی خواردن هاتبوونە (هیجر). ئازاد

فیروز فەرمانی بەجارچییەکدا جاربدات: هەموو تەمیمیەکان لێرەدا کۆببنەوە کەپاشا فەرمانی خواردن و توێشو دانی ئەوانی دەرکردووە. تەمیمیەکان هاتنە و رۆشتنە ناو مەشقەر کەناوی قەلآیەکە. کاتێك رۆشتنە ناو قەلآ، ئازاد فیروز پیاوەکانی ئەوانی کوشت و کورەکانی راگرت. لەم رۆژەدا سوارکاری قەعنەبی ریاحی سوارکاری یەربوع کوژرا. ئازاد فیروز کورەکانی سواری کەشتی کرد و لە رێگەی کەنداوی فارسەوە رەوانە ئێرانی کردن.

هوبەیرە کوڕی حودەیرەی عودەی دەڵێت: دوای داگیر کردنی ئیستەخر، ژمارەیەك لەتەمیمیەکان بۆ لای ئێمە گەرانەوە. پیاوێك لەتەمیم بەناوی عوبەید کوڕی وەهبیان بەزنجیری درگاوە بەستبوو، زنجیرەکەی پچراند و هەڵات. هوزە داوای سەد ئەسیری لەئازاد فیروز کرد کە پێی بەخشرا و ئەوانی ئازاد کرد.

پاشایەتی هورموز کوڕی ئەنەوشیروان

دایکی کچی خاقانی گەورە بوو. هورموز کوڕی خوسرەو پیاوێکی فرمزان، خاوەن فەرهەنگ و خوازیاری چاکەکاری لەگەڵ نەداران و زەخت کردن لەستەمکاران بوو. ئەمانە لێی رەنجان و بوونە دوژمنی. لەدڵی ئەویشدا بێزاری و دوژمنایەتی ئەوان رەگی داکوتا. پیاوێکی دادپەروەر بوو. لە دادپەروەریدا گەشتە ئاستێك کەرۆژێك سواربوو و بەرەو سابتی مەداین رۆشت. لەرێگا لەناو رەزەکان تێپەری کرد. یەکێك لە وارە تایبەتەکانی ئەو لەسەر دیوارەوە رۆشتە ناو رەزەکان و چەند بۆڵێك ترێی لێکردەوە. پاسەوانی رەز ئەوی بینی و هاواری کرد. سوار بەرادەیەك لەهورموز ترسا کە بەپاسەوانەکە کەمەربەندێکی زێرینی لەجیاتی چەند بۆڵە ترێکەدا تا دەستی لێهەڵگرت.

دەڵێن: ئەو پیاوێکی بەختەوەر و کامەران بوو. دەستی بۆ شتێك درێژ نەدەکرد مەگەر ئەوەی بەدەستی دەهێنا. پیاوێکی وشیار بەڵام رەشبین بوو کەزیاتر پشتی بە خاڵۆ تورکەکانی خۆی دەبەست. ئەو لەزاناکان(دین پیشەکان) و خاوەن بنەماڵە گەورەکان و سامان زۆرەکان سیانزە هەزار و شەسەد کەسی کوشت. ئەو جگە لەدڵدانەوەی هەژاران و نەداران بیری لەهیچیتر نەدەکردەوە. زۆربەی گەورەکانی خستە زیندانەوە و پێگەی ئەوانی دابەزاند و سوپای بێ داهات کرد. لەبەر ئەمە زۆربەی کەسانی دەوروبەری لێی دوور کەوتنەوە و شایە، پاشای تورکان لەگەڵ سێسەد هەزار پیاوی شەرکەر لەشانزەهەمین ساڵی پاشایەتی ئەو هێرشی کردەسەر و تاهەرات و بادغیس هاتە پێش و پەیامی بۆ هورموز و ئێرانییەکان نارد و فەرمانیدا رێگاکان تەخت و سەر لەنوێ دروستیان بکەنەوە تا ئەو هێرش بکاتە سەر سەرزەمینی رۆم. پاشای رۆم لەگەڵ هەشتا هەزار پیاوی شەرکەر بۆ روبەروبوونەوەی ئەو رویکردە سنورەکان. پاشای خەزەر لەگەڵ سوپایەکی گەورە گەشتە دەروازەی دەروازەکان (دەربەندی ئێستا). لەم کاتەدا ژمارەیەك لەعەرەبەکان هێرشیان کردە سەر سواد و تاڵانیان کرد. هورموز بەهرامی چوبینی لەگەڵ دوانزە هەزار شەڕکەری

هەڵبژێردراو لەسوپاکەی خۆی نارد و ئەو سەرسەختانە بۆ پێشەوە رۆشت و روبەروی پاشای تورك بوویەوە و بەیەك تیر لەپێی خست و بەرەو لەناوچونی برد و سوپای تورك بەمە هەموو شتێکی خۆی دۆراند. دواتر برمدە کوڕی شایە روبەروی بوویەوە کەبەهرام ئەویشی تێکشکاند و ئەوی لەیەکێك لەقەلأکان زیندانی کرد تا لەبەرابەر بەهرام چۆکی دادا و خۆی تەسلیم کرد. بەهرام بەدیلی ڕەوانەی بارەگای هورموزی کرد و سامانەکانی قەلأکەی تالأن کرد. سامانەکان زیاد لەرادە فراوان بوون.

دواتر بەهرام و هاورێکانی لەهورمز ترسان و ئەویان لەسەر کار لابرد و بەرەو مەداین رۆشتن و جاریاندا کەکورەکەی پەرویز بۆ پاشایەتی شیاوترە. دەستەیەك لەدەرباریانی هورموز یارمەتی ئەوانیاندا. مەبەستی بەهرام ئەوەبوو هورمز لەکورەکەی پەرویز و ئەو لەم دوور بکاتەوە. ئەگەر پەرویز سەرکەوێت، کاری بەهرام ئاسان دەبێت و ئەگەر باوکی سەرکەوێت، بەهرام رزگاری دەبێت چوونکە دەبینێت لەنێوان باوك و کور دژایەتی هەیە و ئەو ژەهری خۆی بەهورموز دەرێژێت چوونکە ئەو (بەهرام) لە دڵدا ئەندێشەی بەدەست هێنانی تاجی شایی دەپەروەراند.

کاتێك پەرویز لەم کارە ئاگادار بوویەوە، لەباوك ترسا و بەرەو ئازەربایەجان رایکرد و ژمارەیەك لەسنورداران و سوپاسالاران گرتیان. گەورەکانی مەداین و لەناو ئەوان (بەندویە) لەگەڵ بەستام خاڵۆی پەرویز کۆبوونەوە و هورموزیان لەسەر کارلابرد و چاوەکانیان کوێر کرد و چوونکە بەکوشتنی شادمان نەبوون، ئەویان لەو حاڵەدا هێشتەوە. ئەم هەواڵە بەپەرویز گەشت و مەبەستی گەڕانەوە بۆ پایتەختی کرد.

رۆژگاری پاشایەتی هورموز یانزە ساڵ و نۆ مانگی خایاند. بەوتەی هەندێ کەس دوانزە ساڵ. پیش ئەو یا دوای ئەو هیچ پاشایەکیان لەئێران کوێر نەکرد.

لەکارە باش و هەڵس و کەوتە پەسەندەکانی ئەو، ئەوەی کەدەگێرنە کاتێك لەدروست کردنی ماڵەکەی خۆی (بەشێوەیەك کەدەیروانی سەر دیجلە لەبەرابەر مەداین)تەواو بوو، خواردنێکی فەراوانی ئامادە و سفرەیەکی گەورەی راخست و

لەهەموو شوێنەکانەوە خەڵکی بۆ سەر سفرەکەی بانگ کرد. ئەوسا پرسی: ئایا لەماڵەدا هیچ کەم وکوڕیەکتان بینی؟ هەمووان وتیان: نەمانبینی. پیاوێك هەستا و وتی: تیایدا سێ ئیراد بەرچاو دەکەوێت. یەکەم ئەوەی خەڵك ماڵی خۆی لەدنیادا دروست دەکات و تۆ دنیات لەماڵی خۆتا جێگە کردۆتەوە. تۆ لەفراوان کردنی هەیوان و ماڵەکانی لەسنور تێپەریوی چوونکە رێگات بۆ خۆر و هۆکارە ژەهراویەکان ئاوەڵا کردووە و ئەمە شتێکە دەبێتە هۆی رەنجانی ئەوانەی لێرە دەمێننەوە و لەزستان سەرمای زۆر دروست دەکات. دووەم ئەوەی پاشاکان ماڵی خۆیان لەسەر روبارەکان دروست دەکەن تا دیمەنی ئاو و سەوزی هەبێت و لەم رێگاوە مەلی بیر و ئەندێشەیبان بفرێت و چاوەکانیان روناك ببێتەوە. تۆ دیجلەت پشت گوێ خست و ماڵەکەت لەم بیابانەدا دروست کرد. سێ ئەوەی ماڵی ژنانت لەژێردەستی (باکور یا خوارەوەی با)ماڵی پیاوان دروست کردووە بەشێوەیەك کەبەردەوام با ئاوازی ژنان و بۆنی خۆشی ئەوان بەگوێ و لوتی پیاوان دەگەیەنێت و ئەمە کارێکە پیاوەتی پەسەندی ناکات و پیاو پێی هەڵناستێت.

هورموز وتی: فراوانی ماڵ و هەیوانەکان و شوێنی دانیشتن، باشترینی ماڵەکان ئەوەیە چاو تیایدا بفرێت. گەرمای زۆر و سەرمای سوتێنەر دەتوانین بەباوەشێن، پەردە و ئاگر و جلّ و بەرگ چارە بکەین. بەلاّم دراوسێیەتی دەریا، دەبێت بڵێم لەماڵێکدا دەژیام لەوێوە دەمروانییە سەر دیجلە. رۆژێك کەشتیەك رۆشتە ژێرئاو و دانیشتوانی کەشتی هاواری هاوکاریان بەرزبوویەوە و باوکم بۆیان بەداخ و فەرمانی بەکەشتیەکانیتر دا هاوکاریان بکەن. تا ئەمان گەشتن ئەوان لەناودا خنکان. لەوکاتەوە پەیمانم بەست نەبمە دراوسێی پاشایەکی لەخۆم بەهێزتر. بەلاّم دروست کردنی ماڵی ژنان لەباکور، لەبەر ئەوەیە باکوور هەوای نەرم و ئازاری کەمتری هەیە وژنان بەردەوام لەماڵەوەن(رەوا نییە ئەوان بخرێنە ژێر زەخت و گوشارەوە و لەناو ماڵەکان برزێن). ئەم کارە لەبەر ئەوە بوو. بەلاّم داستانی پیاوەتی ئەوەیە کەلێرە پیاوان بوێری ئەوەیان نییە بەتەنیا برۆنە لای ژنان و هەر کەس دێتە ئەم ماڵە کۆیلە یا بەندەی گەورەیەکە. بەلاّم تۆ ئەم قسانەت جگە لە رق نەکرد. منی لێ ئاگادار بکەرەوە.

پیاو وتی: من دێ یەکەم هەیە کەداهاتەکەیم دەکردە خەرجی نانخۆرەکانی خۆم. سنوردار بەسەر مندا زاڵ بوو و دەستی بەسەردا گرت و لێی سەندم. مەبەستی هاتن بۆ دەرباری تۆم کرد و دوو ساڵ لەدرگای تۆمامەوە تا لەتۆ بپارێمەوە بەلاّم تۆم نەبینی مۆڵەتی بینینی تۆیان بەمن نەدا. مەبەستی ڕۆشتن بۆ لای وەزیرەکەی تۆم کرد و لای ئەو پارامەوە بەلاّم ئەو مافی منی وەرنەگرت. من تا ئێستا باجی دێ دەدەم تا ناوم لێی پاك نەبێتەوە. ئەمە گەورەترین ستەمە کەمن باجەکەی بدەم و داهاتەکەی کەسێکیتر بیبات.

هورمز لەوەزیرەکەی خۆی پرسی و ئەویش قسەی پیاوەکەی بەراست زانی و وتی: ترسام سنوردار ئازارم بدات. هورموز فەرمانیدا لەسنوردار دوو بەرابەری ئەوەی داویەتی وەربگرێتەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ و بەو پیاوەی بدەن تا لەهەر شوێنێك دەیەوێت بەکاری ببات. ئەو وەزیرەکەی لەسەر کار لابرد و بەخۆی وت: ئەگەر وەزیر لەستەمکار دەترسێت، کەسانیتر شیاوترن بۆ ترس. فەرمانیدا سنوقێکیان دانا، قوفڵی دەکرد و بەئەنگوستیلەکەی خۆی مۆری دەکرد و لەدرگای کۆشك دایدەنا. سنوقەکە کەلێنێکی هەبوو کەسکالاّکەران سکالاکانیان خۆیان تێدەخست. ئەو حەفتەی یەك جار دەیکردەوە و ستەمکارانی دەدۆزییەوە و بەدوای کاری خەلّکدا دەڕۆشت. دوبارە بیری کردەوە و وتی: دەمەوێت سکالاّی خەڵك لەدەمی خۆیانەوە ببیستم. لەبەرئەمە زنجیرێکی هەڵگرت کەسەرێکی لەئاسمانی ماڵەکەی و شوێنی دانیشتنی ئەو و سەرەکەی تری لەدەرەوەی ماڵەکەی بوو. زنجیر لەدەلاقەیەکدا بوو و زەنگێکی پێوە هەلاّواسرابوو. سکالاّکەر زنجیرەکەی رادەکێشا و زەنگەکە بەرزدەبوویەوە و ئەوی ئاگادار دەکردەوە. ئەو سکالاّکەری بانگ دەکرد و ئازاری دڵی کەم دەکردەوە.

پاشایەتی خوسرەو پەرویز کوڕی هورموز

یەکێك لەبەهێزترین و سەختگیرترین پاشاکانی ئێران و زیرەکترین و وردبینترین ئەوان بوو. پێگەیەکی بەرزی لەسۆنگەی بوێری و بەهێزییەوە بەدەست هێنا و سامانەکانی کۆکردەوە و بەخت و چارەنوس هاوکاریان کرد. لەم لایەنانەوە پاشاکانی پێش خۆی پێی نەگەشتبوون. لەبەر ئەمە پێیان دەوت پەرویز(یانی پیرۆز). لەژیانی باوکی بەهرامی چوبینە لای هورموز دووزمانی کرد کەپەرویز پاشایەتی بۆ خۆی دەوێت. کاتێك ئاگاداری ئەم کارە بوویەوە بەنهێنی بۆ ئازەربایەجان رۆشت یا کارێکیتری کرد کەئاماژەی پێدرا. کاتێك گەشتە ئازەربایجان، گەورەکانی ئەو دەڤەرە بۆ پاشایەتی ئەو پەیمانیان بەست و خەڵکانی مەداین بڕیاریاندا باوکی لەسەر تەخت لاببەن و لەچاڵی نێن. کاتێك پەرویز ئەم هەواڵەی بیست هەوڵیدا پێش بەهرامی چوبینە بگاتە مەداین. ئەو هاتەشارەکە و تاجی لەسەر نا و لەسەر تەخت دانیشت و دواتر رۆشتە لای باوکی کەکوێریان کردبوو. بەباوکی وت: تاوانی لەم کارەدا نییە و هەلاتنی لە ترسی باوکی بووە. باوك وتەکانی ئەوی بەراست زانی و داوای لێکرد هەر رۆژ کەسێکی بنێرێتە لای تا خوی پێبگرێت و ئارام ببێت. هەروەها داوای کرد دادی ئەو لەوکەسانەی لەسەر تەخت لایان برد و کوێریان کرد، وەربگرێت. ئەو بیانوی هێنایەوە کەبەهرامی چوبینە لەگەڵ سوپاکەی لەنزیك پایتەختە و لەبەر ئەمە جگە لەسەرکەوتن بەسەر بەهرام ناتوانێت تۆڵەی ئەو بستێنێت.

بەهرام رۆشتە نەهرەوان و پەرویز مەبەستیی ئەوێی کرد. شەڕ رویدا و پەرویز بینی هاوەڵانی لەشەڕدا سستی دەکەن. پاشەکشێی کرد و هاتە لای باوەکی و بۆی گێرایەوە و راوێژی پێ کرد. باوك پێی وت بڕواتە لای موریس پاشای رۆم. ئەو جارێکیتر لەشکری رازاندەوە و بەدەستەیەکی بێ وێنە کەدوو خاڵۆکەی بەستام و بەندویە و کردویە براکەی بەهرام لەناویاندا بوون، هاتەدەر. کاتێك هاتەدەر، هاوەڵانی ترسان بەهرامی چوبینە باوکی بگەڕێنێتەوە بۆ سەر تەخت و کەس بۆ

لای پاشای رۆم بنێرێت و خوازیاری گەرانەوەی ئەوان بێت و پاشای رۆم ئەوان بێنێتەوە سەر تەخت. لەبەر ئەمە داوای مۆڵەتیان لەپەرویز کرد تا باوکی بکوژن. وەلآمی نەدایەوە. بەندویە و بەستام و دەستەیەك لەهاوەلآنیان گەرانەوە بۆ لای هورموز و ئەویان خنکاند و گەرانەوە بۆ لای پەرویز و بەپەلە بەرێکەوتن تا لەفورات تێپەرین و رۆشتنە ناو مالێك بۆ ئەوەی بحەوێنەوە. کاتێك رۆشتنە ناو مالەکە، سوپاکەی بەهرامی چوبینە کە لەپێشیانەوە پیاوێك بەناوی سیاوەش بوو، گەمارۆیان خستنە سەر. بەندویە بەپەرویزی وت: بیر لەچارەیەك بۆ خۆت بکەرەوە. پەرویز وتی: چارەیەك نابینم. بەندویە وتی: من گیان لەرێگەی تۆ دەبەخشم. بەندویە داوای جلەکانی پەرویزی کرد و لەبەری کرد. پەرویز و هاوەلآنی لەدرگایەکی دیکەوە هاتنەدەر و بۆ کوێستان رایانکرد و لەوێ خۆیان داشارد. بەهرام کوری سیاوەش گەشتە مالەکە و بەندویەی بەجل و بەرگی پەرویزەوە بینی و گومانی کرد بەراستی پەرویزە. بەندویە تکای کرد تا بەرەبەیان مۆلەتی پێبدات تا خۆی بڕواتە لای و بێ شەر خۆی بدات بەدەستەوە. ئەو رازی بوو. بەیانی بەهرام کوری سیاوەش بەفریوەکەی بەندویەی زانی و ئەوی گرت و بردییە لا ی بەهرامی چوبینە. بەهرامی چوبینە هاتە پایتەخت و تاجی لەسەرنا و پاشایەتی گرتەدەست. خەلك پشتیان تێکرد بەلآم لەترسا ملکەچی بوون. بەهرام کوری سیاوەش لەگەلّ بەندویە بریاریاندا لەناکاو بەهرامی چوبینە بکوژن. بەهرامی چوبینە ئەمەی زانی و بەهرام کوری سیاوەشی کوشت و بەندویە رایکرد و روی کردە ئازەربایجان. لەولا خوسرەو پەرویز رۆشتە ئەنتاکیە و هاوەلآنی خۆی بۆ لای پاشای رۆم نارد. پاشای رۆم مژدەی هاوکاری پێدا و پەرویز کچەکەی ئەوی بەناوی مریەم وەك هاوسەر هەلبژارد. ئەو سوپایەکی حەفتا هەزار کەسی بۆ هاوکاری پەرویز ئامادەکرد. لەناو ئەوان شەرکەرێك دەبینرا لەگەلّ هەزار پیاو بەرابەری دەکرد. پەرویز ئەوانی رێکخست و بەرەو ئازەربایجان کەوتە رێ. لێرە بەندویە لەگەلّ پێشەنگەکانیتر و ئەسواران لەگەلّ چل هەزار پیاوی شەرکەر لەئیسفەهان و فارس و خوراسان پەیوەستی بوون و بەرەو مەداین بەرێکەوتن. بەهرامی چوبینە روبەرووی بوویەوە و لەنێوان ئەوان چەندین شەری قورس رویدا.

ئەو شەڕکەرەی لەگەڵ هەزار پیاو بەرابەری دەکرد، کوژرا بەڵام بەهرامی چوبینە شکستی خوارد و بەرەو تورکان رایکرد. خوسرەو پەروزی لەئوردوو هاتەدەر و رۆشتە ناو پایتەخت و سامانی لەناو رۆمیەکاندا دابەش کرد. هەمووی ئەم سامانانە بەبیست هەزار هەزار (بیست ملیۆن)(درەم؟ دینار؟ چی) خەمڵێنرا. ئەوانی بۆ وڵاتەکەیان ناردەوە.

بەهرامی چوبینە لای تورکەکان مایەوە و رێزدارانە ژیانی بەسر برد. پەروزی پەیك و پەیامی دیاری گرانبایی لە گەوهەر و زێر بۆ هاوسەری پاشای تورك نارد و داوای لێکرد بەهرام بکوژێت. ژن کەسێکی راسپارد تا بەهرام بکوژێت و کوشتی. کوژرانی ئەو لای پاشای تورك ناخۆش و دواتر زانی هاوسەرەکەی بەم کارە هەستاوە و لەبەر ئەمە بەرەڵای کرد. دواتر پەرویز بەندویەی کوشت و ویستی بەستامیش بکوژێت بەڵام ئەو رایکرد و لەتەبەرستان قەڵای گرت. پەرویزکەسی نارد و ئەویشی کوشت.

رۆمیەکان پاشاکەیان لە واردەهەمین ساڵی پاشایەتی پەرویز لەسەر کار لابرد و کوشتیان و بەتریقێك بەناوی فوکاسیان کردە پاشای خۆیان. مناڵەکان و بنەماڵەی موریس خوازیاری پاشایەتی یەکێك لەکورەکانی ئەو بوون کەبۆ لای پەرویز هەڵاتبوون. ئەو سوپای کردە هاورێی و ئەوانی بۆ سەر تەخت گەراندەوە و کردی بەفەرمانڕەوایی رۆم و فەرماندەیی سوپاکەی خۆی بەسیان لەئەسواران و ئەفسەرانی خۆی سپارد. یەك لەوان بەپوران ناودەبرا. خوسرەو هاورێ لەگەڵ سوپایەك بۆ شامی نارد و ئەو رۆشتە قولای شام تا گەشتە بیت المقدس و ئەو دارەی مەسیحیەکان گومان دەکەن عیسای پێ لەخاچ دراوە، هەلگرت و بۆ پەرویزی نارد. فەرماندەی دووەمیان بە شاهین ناو دەبرد. پەرویز ئەوی لەگەڵ سوپایەك بۆ میسر نارد و دەستی بەسەردا گرت و کلیلەکانی ئەسکەندەرییەی بۆ خوسرەو پەرویز ناردەوە. فەرماندەی رۆم کەبەرزترینیان بوو، بەفەرخان بانگ دەکرا. ئەو فەرماندەیی دوو ئەفسەرەکەی پێشوی بەو سپارد. دایکی ئەو ژنێکی بەبەرهەم بوو کەجگە لەکور مناڵی نەدەبوو. پەرویز ئەوی بانگ کرد و وتی: دەمەوێت سوپایەك بۆ رۆم بنێرم و دەستەیەك لەکورەکانی تۆیش لەگەڵیدا. پێم بڵێ کامیان بکەمە فەرمانده. وتی:

بەهمان لەرێوی دەچێت و لەشاهین بیرتیژترە. فەرخان لەڕم کاریگەرترە. شەهر بەراز بەم شێوە و بەو شێوەیە لەفرەزانیدا.

پەرویز وتی: ئەم فرەزانە دەکەمە فەرماندە. ئەو فەرماندەیی سوپاکەی بەو سپارد و شەهر بەراز روی کردە رۆم و ئەوانی کوشتار و ولاتەکەیانی خاپور و وێران کرد. داری لەولاتەکەیان بڕی و لەقولای ولاتەکەیان تا کۆنستانتین نۆپێل (قوستەنتینە) رۆشتە پێش و لەکەنداوی نزیك ئەوێ دابەزی، هێرشی دەبرد و تالانی دەکرد و وێرانی دەکرد بەلام کەس ملکەچی پاشایەتی و گوێرایەلی کورەکەی موریس نەبوو جگە لەوەی رۆمیەکان فوکاسیان بەهۆی خراپەکاری ئەوەوە کوشت و هراکلیوسیان دوای ئەو هێنایە سەرتەخت و ئەو هەمان کەسە موسولمانەکان شامیان لەدەست دەرهێنا.

کاتێك هراکلیوس بینی چ وێرانی و تالانییەك بەسەر ولاتەکەیدا هاتووە، لەدرگای خوای گەورە پارایەوە و گریا. ئەو پیاوێکی لەخەودا بینی کەریشێکی پڕ و پێگەیەکی بەرز و جل و بەرگێکی جوانی لەبەردابوو. لەم کاتەدا(لەخەودا) کەسێك هاتە لای ئەو دووانە و ئەو پیاوەی لەشوێنی دانیشتنەکەی هێنایە خوار و بەهراکلیوسی وت: ئەو بەتۆ دەسپێرم. هراکلیوس خەبەری بوویەوە و خەوەکەی بۆ کەس نەگێرایەوە. شەوی دووەم دووبارە لەخەودا بینی ئەو پیاوە لەشوێنەکەی خۆی دانیشتووە. لەم کاتەدا دوبارە کەسی سێیەم بەزنجیرێکەوە هات و کردییە ملی ئەو پیاوە و بەهراکلیوسی سپارد و وتی: من خوسرەو دەرەبست بەتۆ دەسپێرم. برۆ شەڕی ئەو بکە کەبەسەریدا سەردەکەویت و تۆڵە لەدوژمن دەکەیتەوە. لەم کاتەدا بوو خەوی خۆی بۆ گەورەکانی رۆم گێرایەوە. ئەوان بۆ شەڕ کردن لە گەڵ خوسرەو رێنونییان کرد. هراکلیوس ئامادەی شەڕ و یەکێك لەکورەکانی خۆی لە کۆنستانتین نۆپێل دانا و رێگەیەکی جیاواز لەرێگای شەهر بەراز، بڕی. لەقولایی ئەرمەنستان پێشرەوی کرد و مەبەستی گرتنی جەزیرەی کرد و لەنەصیبین دابەزی. خوسرەو لەشکری بۆ روبەروبوونەوەی ئەو نارد و فەرمانی بەسوپاکەیدا لەکوسڵ چاوەڕێ بن. پەیامی بۆ شەهر بەراز نارد و فەرمانی گەڕانەوەی پێدا تا هەمووان بتوانن لەبەرابەر هراکلیوس خۆراگری بکەن. لەبارەی چۆنیەتی لەشکرکێشانی ئەو

ئاماژە بەبابەتی دیکە دراوە. یەکێك لەم گێرانەوانە دەڵێت: شەهر بەراز رۆشتە ناو رۆم و شامی ژێروروو کرد تا گەشتە سەرزەمینی ئەزەرعات و روبەرووی سوپای رۆم بوویەوە و ئەوانی تێکشکاند و بەسەریاندا زاڵ بوو. زۆربەیان بەدیلی گرت و تالأنی کرد کۆتایی بەهێرش کردنەکەی هێنا.

رۆژێك فەرخان شەرابی خوارد و وتی: لەخەودا بینیم لەسەر تەختی خوسرەو پەرویز دانیشتووم. خوسرەو ئەمەی بیست و بۆ براکەی ئەو شەهەر بەراز نامەی نوسی و فەرمانی کوشتنی دا. شەهر بەراز وەلأمی پەرویزی دایەوە کە فەرخان بوێرەو بەئاسانی دوژمنان لەناو دەبات. خوسرەو جارێکیتر نامەی نوسی و فەرمانی کوشتنی فەرخانیدا. دوبارە شەهر بەراز نامەی نوسی و بیانوی هێنایەوە. بۆ سێیەم جار خوسرەو پەرویز نامەی نوسی بەلأم شەهر بەراز ئەوی نەکوشت. لەبەر ئەمە پەرویز نامەی لەکار لابردنی شەهر بەراز و فەرماندەیی گشتی فەرخانی دەرکرد. شەهر بەراز فەرمانی برد. کاتێك فەرخان بووە فەرماندە. نامەبەر نامەی لەخوسرەو پەرویزەوە هێنا و کەفەرمانی کوشتنی شەهر بەرازی تیی نوسرابوو. فەرخان مەبەستی کوشتنی ئەوی کرد بەلأم شەهر بەراز داوای لێکرد مۆڵەتی بدات بۆ ئەوەی وەسیەتی خۆی بنوسێت. مۆڵەتی پێدا. شەهر بەراز تۆمارێکی ویست و سێ نامەکەی خوسرەو پەرویزی نیشاندا و ئاگاداری کردەوە و وتی: سێ جار بوومە نێوەنجیگەر و تۆم نەکوشت و تۆ دەتەوێت بەیەك نامە من بکوژیت. براکەی داوای لێبووردنی کرد و ئەوی گەراندەوە سەر تەختی فەرماندەیی و هەردووك بۆ سازان لەگەڵ پاشای رۆم دژی خوسرەو پەرویز بڕیاریاندا. شەهر بەراز نامەی بۆ هراکلیوس نوسی و وتی من پێویستییەکم بەتۆ هەیە کە پەیك ناتوانێت بیگەیەنێت و نامە توانای ئەوەی نییە. هاورێ لەگەڵ پەنجا رۆمی وەرە سەردانی من کەمن بەپەنجا پیاوی ئێرانی دێمە سەردانی تۆ. سزار بەهەموو سوپاکەی خۆیەوە هات و سیخورەکانی دانا تاراستی قسەکەی شەهر بەرازیان بۆ دەرکەوێت چوونکە دەترسا فێڵێك لەئارادا بێت. سیخوران گەرانەوە و وتیان شەهر بەراز لەگەڵ پەنجا ئێرانی هاتووە. پاشای رۆم هاتە سەردانی و هەمان ژمارەی لەپیاوانی شەرکەر لەگەڵ خۆی برد و لەنێوان ئەوان چەندین وەرگێر دەبینران کەوتەکانی ئەوانی دەگواستەوە.

شەهر بەراز پێی وت: من و براکەم ولاتەکەی تۆمان وێران کرد و ئەوەمان کرد کەخۆت دەیزانی. ئێستا خوسرەو رژدی بەئێمە دەبات و دەیەوێت ئێمە بکوژێت. ئێمە ئەومان لەسەر کار لابردووە و دەمانەوێت هاورێ لەگەڵ تۆ شەڕ بکەین. هراکلیوس لەم وتەیە شادمان و هەردوولا لەسەر ئەوە رێکەوتن وەرگێرەکان بکوژن تا نهێنییەکەیان ئاشکرا نەبێت. هراکلیوس لەگەڵ سوپاکەی خۆی رویکردە نەسیبین.

ئەم هەواڵە بەخوسرەو پەرویز گەشت و یەکێك لەفەرماندەکانی خۆی بەناوی راهزار لەگەڵ دوانزە هەزار سوپایی بۆ شەڕی هراکلیوس نارد و فەرمانی پێدا لەنەینەوا لەسەرزەمینی موسڵ بمێنێتەوە و لەدیجلە ئوردو لێبدات و رێگە نەدات هراکلیوس بپەرێتەوە. ئەو لەدەستگردی پاشایەتی(دەسکە الملك) مایەوە. رەهزار سیخورەکانی نارد و ئەوان ئاگاداریان کردەوە کەهراکلیوس حەفتا هەزار پیاوی شەڕکەری لەگەڵدایە. ئەو پەیامی بۆ خوسرەو پەرویز نارد وئەوی ئاگادار کردەوە و وتی لەشەڕ کردن لەگەڵ هراکلیوس ناتەوانە چوونکە ئەو سوپا گەورەی لەژێر فەرماندایە. خوسرەو پەرویز بەبیانوەکەی رازی نەبوو و فەرمانی شەڕی پێدا. ئەو فەرمانی برد و سوپاکەی خۆی رازاندەوە. هراکلیوس هێرشی کردە سەر سوپاکەی پەرویز و دوورتر لەشوێنی ئوردووی راهراز لەدیجلە گوزەری کرد. راهزار مەبەستی ئەوی کرد و هەردووك چاویان بەیەك کەوت و شەڕ دەستی پێکرد. راهزار و شەش هەزار لەپیاوانی کوژران و پاشماوەکان هەلاتن. خوسرەو لەدەستگردی پاشایەتی بوو کەهەواڵەکەی پێگەشت. ترسا و بۆ مەداین گەرایەوە و سەنگەری گرت چوونکە توانای خۆراگری لەبەردەم هراکلیوسی نەبوو. نامەی بۆ فەرماندەکانی سوپا تێکشکاوەکەی نوسی و ئەوانی لەسزادان ترساند و بەم شێوە زیاتر تورەیی ئەوانی بزواند. هراکلیوس تا دەروازەکانی مەداین رۆشتە پێش و دواتر بۆ ولاتەکەی خۆی گەرایەوە.

هۆکاری گەرانەوە ئەوە بوو کاتێك خوسرەو توانای خۆراگری لەبەردەم هراکلیوسی نەما روی کردە فێڵ و نامەیەکی بۆ شەهر بەراز نوسی و وەسفی کرد و سپاسی کرد و وتی: کارێکی باشت کرد کەفەرمانی منت بەکاربەست و تێکەڵ

بەپاشای رۆم بوویت و ئەوت تا قولایی ولات هێنایە پێش. ئێستا کە ئەو لەقولایی ولاتی ئێمە خێوەتی هەلداوە و دەستی ئێمەی لەسەر خۆی ئاوەلا کردووە، باوەرم وایە تۆ لەپشتەوە هێرشی بکەیتە سەر و من لەپێشەوە و کۆبوونەوەی ئێمە لەفلان رۆژ بێت وبەم شێوە یەك کەس لەوان رزگاری نەبێت. ئەوسا نامەکەی لەداردەستێکی ئاونوسدا شاردەوە و خواپەرستێکی مەسیحی کە لەمالێك لەنزیك مەداین دەژیا، بانگ کرد و پێی وت: پێویستیم بەتۆ هەیە. ئەو پیاوە وتی: پاشا گەورەترە لەوەی پێویستی بەمن بێت بەلام خزمەتکار و فەرمانبردارم. پەرویز وتی: رۆمیەکان لەنزیك ئێمە دابەزیون و رێگایان لێ بەستووین. پێویستم بە هاورێکانم لەشامە و تۆ پیاوێکی مەسیحیت و ئەگەر لای رۆمیەکان تێپەریت لەکارەکەی تۆ سەریان سورنامێنێت. من نامەیەکم بۆ شەهر بەراز نوسیوە کە لەناو ئەم داردەستەدایە، بیگەیەنەرە دەست شەهر بەراز. پەرویز دووسەد دیناری بەو پیاوە بەخشی. پیاو داردەستەکەی کردەوە و نامەکەی خوێندەوە وبەرێکەوت. کاتێك گەشتە سوپای رۆم و رۆمی و ناقوس و خۆپارێزەکانی بینی، دلی بۆیان سوتا. بەخۆی وت: لەخرابترینی خەلکانم ئەگەر رۆمیەکان لەناو ببەم. رۆشتە خێوەتی پاشا و لەرووداوەکە ئاگاداری کردەوە و نامەکەی پێدا. ئەو نامەکەی خوێندەوە. لەم کاتەدا پیاوەکانی پیاوێکیان لەشام گرتبوو کەنامەیەکی پێبوو و خوسرەو پەرویز لەگەلێدا هاودەست ببوو. خوسرەو ئەم نامەی لەزمانی شەهر بەرازەوە بۆ خۆی نوسیبوو کەدەیوت: من بەردەوام سەرقالی فریودانی پاشای رۆم بووم تا باوەرِی پێکردم بەو شێوەی تۆ فەرمانت دابوو لەکاریگەری فریوەکەی من تا قولایی ولات هاتە پێش. ئێستا پاشا بفەرمێت رۆژی چاوپێکەوتن لە چ رۆژێك دەبێت تا لەپشتەوە هێرشی بکەمە سەر و پاشا لەپێشەوە و هیچ کەس لەسوپاکەی تەنانەت خۆی رزگاری نەبێت. خوسرەو بەم نامەبەرەی وتبوو لەشوێنێکەوە بروات بکەوێتە دەست رۆمیەکان.

کاتێك پاشا نامەی دووەمی خوێندەوە، هەوالی یەکەمی بەراست زانی و بێ گومان باوەری پێیکرد و وەك تێکشکاوان مەبەستی راکردن و گەرانەوە بۆ ولاتەکەی خۆی کرد. هەوالی گەرانەوەی پاشای رۆم بەشەهر بەراز گەشت و ئەو ویستی کارەکانی

پێشوی خۆی قەرەبوو بکاتەوە لەبەر ئەمە روبەروی رۆمیەکان بوویەوە و ژمارەیەکی زۆری لەوان کوشت و لەنامەیەکدا بۆ خوسرەو نوسی: فێلێی خۆم لەگەڵ رۆمیەکان بەکار برد تا هاتنە عێراق (ئەوانم لێرە کوشتار و تالآن کرد). شەهر بەراز ژمارەیەکی زۆری لەسەری کوژراوە رۆمییەکان بۆ خوسرەو نارد. لەبارەی ئەم روداوە بوو خوا ئەم ئایەی دابەزاند: الف، لام، میم. رۆمیەکان لەنزیکترین شوێنی زەوی شکستیان خوارد بەلآم ئەوان دوای ئەم تێکشکانە سەردەکەون (رۆم/٣٠/٢—١). مەبەستی لەنزیکترین شوێنی زەوی ئەزەرعاتە کەنزیکترین شوێنی سەرزەمینی رۆمییەکان بەسەرزەمینە عەرەبیەکانە. رۆمیەکان لەیەکێك لەشەڕەکانی خۆیان لێرە شکستیان خواردبوو. پێغەمبەر و موسوڵمانەکان لەسەرەتا لەسەرکەوتی ئێرانییەکان بەسەر رۆمیەکان (چوونکە خاوەنی کتێبن) ناشادمان بوون. کافرەکان شادمان چوونکە ئاگرپەرەستەکان وەك ئەوان بێ کتێبن. کاتێك ئەم ئایە دابەزی ئەبووبەکەری سدیق گرێوی لەگەڵ ئوبەی کوڕی خەلەف کرد کەرۆمیەکان تا نۆ ساڵیتر بەسەر ئێرانییەکاندا سەردەکەون. گرێوەکە لەسەر سەد وشتر بوو. ئەبووبەکر گرێوەکەی بردەوە. لەم کاتەدا گرێو کردن کارێکی ناڕەوا بوو. کاتێك رۆمییەکان بۆ جارێکیتر سەرکەوتنەوە، هەواڵەکەی بەپێغەمبەر گەشت کەلەشەڕی حوَدەیبیەدا بوو.

ئەو نیشانانەی خوسرەو لە پێغەمبەری خوای بینی

یەك ئەوە بوو خوسرەو پەرویز لەبەردەم دیجلە العورا ئاوبەستێکی گەورەی دروست کرد و سامانی زۆری تیا بەکار برد (دیجلە العورا یەکێك لەلقەکانی دیجلە لەنزیکی بەسرەیە). تاقی هەیوانەکەی ئەو بینایەکی زۆر بەرز و بەهێزی بوو کەهاوتاکەی نەبینراوە. لەدەرباری ئەو سێسەد وشەست پیاو لەوشیاران و پێشگویان لەکاهینە و جادوگەر و ئەستێرەناسان دەژیان. لەناو ئەوان پیاوێك بوو لەعەرەب بەناوی سایب کەبازان ئەوی لەیەمەنەوە بۆ دەرباری خوسرەو ناردبوو. کاتێك خوسرەو خەمبار دەبوو، ئەوانی کۆدەکردەوە و دەیوت: لەم کارە وردببنەوە، بزانن چۆنە.

کاتێك محەممەد بۆ پێغەمبەری هەڵبژێردرا، تاقی هەیوانی خوسرەو پەرویز بێ قورسایی قەڵشتی برد و لەئاوبەستی دیجلە العورا درز دروست بوو. کاتێك ئەمەی بینی، وتی: کۆشکی هەیوانم قەڵشتی برد بێ ئەوەی شتێك قورسایی لەسەر بکات و ئاوبەستی دیجلە العورا درزی برد بێ ئەوەی زەختی لێبکرێت. وتی: شا شکا. ئەوسا کاهینان و جادوگەران و ئەستێرەناسانی کۆکردەوە و سایب لەگەڵیاندابوو. بەوانی وت: بەوردی لەم کارە بروانن. ئەوان وردبوونەوە بەلأم قەراغەکانی ئاسمانیان لەسەر داخرا و زەوی رەش و تاریك داگیرسا. ئەوەی دەیانوست بەدەستیان نەهێنا. سایب لەشەوێکی رەش و تاریك، شەوی لەسەر تەپۆڵکەیەك رۆژ کردەوە. لەناکاو هەورە بروسکەیەکەی بینی لەحیجازەوە هەستا و رۆژهەلأت زەمینی داپۆشی. کاتێك شەوی کردە رۆژ، لەژێر قاچی خۆی بێستانێکی سەرسەوزی بینی و لەسەر ئەم بنەمایە، لەناو پێشگوییەکانی خۆی وتی: ئەگەر ئەوەی دەیبینم راست بێت، بێ گومان لەحیجاز پاشایەك دێت کە فەرمانەکانی رۆژهەلأت زەوی دەگرێتەوە و زەوی بەشێوەیەك بۆ ئەو دەبێت هیچ کات بۆ پاشایەك نەبووە.

کاتێك کاهین و ئەستێرەناسان و جادوگەران کۆبوونەوە و بینیان چییان بەسەردا هاتووە، و سایب لەچاوەکانی خۆی روانی، بەیەکیان وت: سوێند بەخوا لەنێوان ئێوە

و زانستەکەتان جگە لەرووداوێکی ئاسمانیی جیایی دروست نەکردووە. ئەو پێغەمبەرێکە هەڵبژێردراوە یا هەڵدەبژێردرێت و ئەم پاشایەتییە دەروخێنێت و لەناوی دەبات. ئەگەر هەواڵی ئەم رووداوە مەرگ ئافرێنە بەخوسرەو بدەن، بێ گومان هەمووتان دەکوژێت. ئەوان پەیمانیان بەست لەخوسرەوەی بشارنەوە. پێیان وت: وردبووینەوە و بینیمان بناغەی ئاوبەستی دیجلە العوراء و تاقی هەیوانی شایی لەکاتژمێرێکی شوومدا دانراوە. کاتێك شەو و رۆژ بەدوای یەکدا هاتن و رۆشتن، شومی جێگەی ئەوانی گرتەوە و ئەوەی لەو کاتەدا بنیات نرا بوو، لەناوی برد. ئێمە بەشێوەیەك کاتژمێرەکان بۆ تۆ دادەرێژین بناغەی بیناکانی خۆت لەسەر ئەو بنەمایە دارێژیت تا کەلێنیان تیا دروست نەبێت. ئەو کارەیان کرد و پێشنیاری بینایان پێکرد. ئەو دیجلە العوراءی لەماوەی هەشت مانگدا دروست کرد و سامانێکی زۆری تیا بەکار برد. کاتێك تەواوی کرد، بەوانی وت: ڕەوایە لەسەر دیوارەکەی دانیشم؟ وتیان: ڕەوایە. ئەو لەگەڵ ئەسوارانی خۆی لەوێ دانیشت بەڵام لەناکاو ئاوی دیجلە بیناکەی ئەوی لەبناغەوە تێکشکاند و ئەو نیوە گیان لەژێر وێرانییەکان هاتەدەر. لەبەر ئەمە کاهین و ئەستێرەناس و جادوگەرانی خۆی کۆکردەوە و نزیکەی سەد کەس لەوانی کوشت و وتی: ئێوەم لەخۆم نزیك و سامانی زۆرم پێ بەخشین و ئێستا لەگەڵ مندا گەمە دەکەن! وتیان: ئەی پاشا، وەك جاری پێشو ناراستمان وت. جارێکیتر ئەو کارەیان بۆ ئەنجامدا و ئەو بینای دروست کرد. پێیان وت لەسەر بەرزاییەکەی دانیشێت. ئەو ترسا، سوار لەسەرئەسپ رۆشتە سەر بیناکە. هەرئەوەندەی دەستی بەرۆشتن کرد ئاوی دیجلە بیناکەی روخاند و ئەویان نیوە گیان هێنایەدەر. ئەوانی بانگ کرد و وتی: سوێند بەخوا بێ چەند و چون هەمووتان دەکوژم مەگەر ئەوەی راستیم پێبڵێن. ئەوان راستیان پێوت. وتی: هاوار لەئێوە! بۆ لەسەرەتاوە راستیتان نەوت تا بیر لەچارەیەك بکەمەوە؟ وتیان: ترساین. ئەوانی بەجێهێشت و کاتێك بینی توانای خۆراگری لەبەردەم دیجلەی نییە، وازی هێنا. ئەم کارە بووە هۆی ئەوەی لەوێ چەندین زۆنکاوی گەورە دوروست بێت کە پێش لەوە نەدەبینران. سەراسەری زەوییەکەی ئاوەدان بوو.

کاتێك ساڵی شەشەمی کۆچی / ٦٢٨ زایینی دەستی پێکرد، پێغەمبەر، عەبدوللە

کوڕی حوزافەی سەهمی بۆ دەرباری خوسرەو پەرویز نارد. لەم کاتەدا دیجلە و فورات خروشان کەپێشتر هاوشێوەی نەبینرابوو و دوای ئەوەیش نەبینراوە. کەلێن و درزەکان دروست بوون و ئەوەی خوسرەو دروستی کردبوون، لەناو چوون. هەوڵیدا رێگە لەناو بگرێت بەڵام وەك ئاماژەی پێدرا ئاو بەسەریا زاڵ بوو و رویکردە زۆنکاوەکان و کشتوکاڵی داپۆشی و ژمارەیەك لەدێهاتەکانی بردە ژێرئاو. ئەوکاتەی عەرەبەکان رویان کردە ئێران و شەڕ ئێرانییەکانی لەئاوەدان کردنەوەی وڵاتەکەیان دور خستەوە، کەلێن و درزەکان فراوانتر و گەورەتربوون. کاتێك رۆژگاری فەرمانڕەوایەتی بەحەجاج کوڕی یوسفی سەقەفی گەشت، کەلێن و درزی تر دورست بوو کە ئەو بەمەبەستی زیان گەیاندن بەجوتیارە ئێرانییەکان چاکی نەکردنەوە چوونکە تۆمەتی لەدێدارە ئێرانییەکان دەدا کەهاوکاری کوڕی ئەشعەسیان کردووە. کارەکە گەورە و بەدبەختی خەڵك زیادی کرد و ئێرانییەکان لەئاوەدان کردنەوەی دوور کەوتنەوە و تا ئێستا بەهەمان شێوەیە.

باوکی سەلە کوڕی عەبدوالرەحمان کوڕی عەوف دەڵێت: خوا فریشتەیەکی بۆ خوسرەو پەرویز نارد و ئەو لەژووری ناوەوەی هەیوانەکی بوو، هیچ کەس بوێری رۆشتنەی لای نەبوو. لەناکاو لەکاتی نیمەرۆ بۆ ماوەیەکی کورت خەوی لێکەوت، ترساو فریشتەی لەسەر سەری خۆی دەبینی کەدەیوت: ئەی خوسرەو باوەر بەئایینی ئیسلام دەکەیت یا ئەم داردەستە دەشکێنم؟ خوسرەو وتی: بەڵێ، بەڵێ! ئەوسا پشتی تێکرد و بانگی پاسەوان وپارێزەرانی خۆی کرد و بەتورەی لەگەڵ ئەوان دوا و پرسی: کێ ئەم پیاوەی هێناوەتە لای من؟ وتیان: کەس نەهاتۆتە لای ئێمە و ئێمە کەسمان نەبینیوە! ساڵێکیتر فریشتە لەوکاتەدا هاتەسەر سەری و وتی: ئیسلام هەڵدەبژێریت یا ئەم داردەستە بشکێنم؟ خوسرەو وتی: بەڵێ، بەڵێ! ئەو لەپاسەوان و درگاوانەکانی خۆی تورە بوو. کاتێك ساڵی سێیەم هات، هات و وتی: باوەر دێنیت یا ئەم داردەستە بشکێنم؟ خوسرەو وتی: بەڵێ، بەڵێ! ئەو داردەستەکەی شکاند و رۆشتەدەر. زۆری نەخایاند پاشایەتییەکەی بەرەو نەمان ڕۆشت و کورەکەی لەگەڵ ئێرانییەکان هاوپەیمان و ئەویان کوشت.

حەسەنی بەسری دەڵێت: هاوەڵانی پێغەمبەر پێیان وت: ئەی پێغەمبەری خوا، بەڵگەی خوا بۆ خوسرەو چییە؟ وتی: خوا فریشتەیەکی بۆ نارد کەدەستی خۆی لەدیواری ماڵەکە دەهێنایەدەر و روناکی لێ دەهاتەناو. کاتێك ئەمەی بینی، ترسا. فریشتە پێی وت: ئەی خوسرەو مەترسە! خوا پێغەمبەرێکی هەڵبژاردووە و نوسراوی بۆ ڕەوانە کردووە. شوێنی کەوە تا ئەم دنیا و ئەو دنیا بۆ تۆ پایەدار بێت. خوسرەو وتی: با بزانم.

گێرانەوەی داستانی زی قار

لە پێغەمبەر ئەم قسەیان گێراوەتەوە: کاتێك سوپای رەبیعە بەسەر سوپای خوسرەو زاڵبوو و ئەم هەواڵەی پێگەشت، فەرمووی: ئەمە یەکەم رۆژە عەرەبەکان بەسەر ئێرانییەکان زاڵ دەبن و بەهۆی منەوە سەرکەوتن. ئەم قسەی ئەویان هەڵگرت و ئەمە هەمان رۆژی روداو بوو.

هشام کوڕی محەممەد دەڵێت: عودەی کوڕی زەید تەمیمی و دوو براکەی عەمار (ئەبی) و عەمرۆ(سەمی) لەگەڵ خوسرەوان دەژیان و لەگەڵ ئەوان خزمایەتیان دەکرد. کاتێك مونزەر کوڕی مونزەر بوو بەپاشای عەرەب، کورەکەی نەعمانی بۆ پەروەردە کردن بەعودەی کوڕی زەید سپارد. ئەو جگە لەنەعمان یانزە کوڕی بوو. ئەوانیان لەبەر جوانی روخسار بە(درەوشاوەکان) بانگ دەکرد. کاتێك مونزەر کوڕی مونزەر مرد و منالەکانی خۆی بەجێهێشت، خوسرەو کوڕی هورموز ویستی کەسێك هەڵبژێرێت و بیکاتە پاشای عەرەبەکان. عودەی کوڕی زەیدی بانگ کرد و پرسیاری کورەکانی مونزەری لێکرد. عودەی وتی: پیاوانی بەهێز و گەشە کردوون. خوسرەو فەرمانیدا و ئەوانیان بانگ کرد. ئەو نامەی نوسی و ئەوانی ئامادە کرد. عودەی بەروالەت براکانی نەعمانی پێش دەخست و وای نیشان دەدا کەنەعمانی ناوێت. لەگەڵ یەك یەکی ئەوان بەتەنیایی دانیشت و بەهەرکامی وت: ئەگەر خوسرەو پرسی: دەتوانیت عەرەبەکان ملکەچ و فەرمانبرداری من بکەیت، بڵێ، دەتوانم هەموویان ملکەچ و گوێرایەڵ بکەم جگە لەنەعمان. بەنەعمانی وت: کاتێك خوسرەو سەبارەت بەبراکانت لێی پرسی، بڵێ: ئەگەر من لە ملکەچ کردنی براکانم ناتەوان بم لەملکەچ کردنی کەسانیتر ناتەوانترم.

لەناو منالەکانی مەرینا پیاوێك بوو پێیان دەوت عودەی کوڕی ئەوس کوڕی مەرینا. پیاوێك وشیار و شارەزای وتاردان. ئەو بەئەسوەد کوڕی مونزەری دەوت: دەزانی هیوام بەتۆیە و چاوم لەتۆ بڕیوە، بەباشی دەزانم گوێ بەقسەی عودەی کوڕی زەید نەدەیت چوونکە ئەو چاکەخوازی تۆ نییە. ئەسوەد گوێی لەقسەکانی ئەو

نەگرت.

کاتێك خوسرەو بەعودەی کوڕی زەیدی وت ئەوان لەگەڵ خۆیدا بێنێت، ئەو یەك یەك ئەوانی هێنا. خوسرەو لەهەرکامی دەپرسی: ئایا دەتوانی عەرەبەکان فەرمانبرداری من بکەیت؟ ئەو دەیوت: هەمووان جگە لەنەعمان. کاتێك نەعمان هاتەلای، پیاوێکی بینی بەروخسارێکی سوور و ناشیرن و کورتەبالا. لەوی پرسی: ئایا دەتوانیت عەرەبەکان و براکانت فەرمانبرداری من بکەیت؟ وتی: بەڵێ، ئەگەر نەتوانم ئەوان فەرمانبردار بکەم بۆخەڵکانیتر ناتەوانترم. خوسرەو ئەوی کردە پاشا و تاجی لەسەرنا کەبەهاکەی شەست هەزار درەم خەمڵێنراوە. لەم کاتەدا عودەی کوڕی مەرینا بەئەسوەدی وت: لەخۆت بروانە کەگوێت لەوتەی چاکەخوازی خۆت نەگرت.

دواتر عودەی کوڕی زەید خواردنێکی ئامادە کرد و عودەی کوڕی مەرینای بانگ کرد و وتی: دەمزانی تۆ هاورێکەی خۆت، ئەسوەدت زیاتر لەهاورێکەی من، نەعمان دەویست. من بۆ شتێك کەخۆیشت گرفتاری بوویت سەرکۆنە مەکە. دەمەوێت رقی من لەدڵ نەگریت چوونکە بەشی من لەم کارەدا زیاتر لەبەشی تۆ نییە. ئەوسوێندی بۆ کوڕی مەرینا خوارد کەهیچ کات خراپەی ئەوی ناوێت و خراپە لەو ناڵێت. کوڕی مەرینا هەستا و سوێندی خوارد بەردەوام لەئەندێشەی زیان گەیاندن بەو دەبێت و خراپەی ئەو دەڵێت. نەعمان هات و لەحیرە نیشتەجێ بوو. کوڕی مەرینا بەئەسوەدی وت: ئەگەر پاشایەتیت لەدەستدا، بێ خەم مەبە لەوەی دادی خۆت لەعودەی وەربگرێت چوونکە مەعدییەکان فریویان زۆرە کەهیچ کات دانامرکێنەوە. شتێکم بەتۆ وت کەفەرمانت نەبرد، ئێستا دەمەوێت هەر سامانێکیان بۆ هێنایت بەمنی بڵێیت. ئەسوەد رازی بوو.

کوڕی مەرینا زۆر دەوڵەمەند و هیچ رۆژێك نەبوو مەگەر ئەوەی دیاری و خەڵاتی بۆ نەعمان دەنارد. لەم رێگاوە بووە رێزدارترین خەڵك لای ئەو. کاتێك باسی عودەی کوڕی زەید هاتەناو، وەسفی دەکرد بەڵام دەیوت بەداخەوە کەپیاوی فێڵ و فریوە. ئەو هاوەڵانی نەعمانی بۆ لای خۆ راکێشا و ئەوان پەیوەستی بوون. ئەو لەگەڵ ئەوان هاودەست و بەنەعمانیان وت: عودەی کوڕی زەید دەڵێت تۆ

بەڕێوەبەری کارەکانی ئەویت. بەردەوام لای نەعمان خراپەیان دەوت تا دڵی لێی پیس بوو. نەعمان داوای لەعودەی کوڕی زەید کرد سەردانی بکات. عودەی داوای مۆڵەتی لەنەعمان کرد تا برواتە سەردانی نەعمان و خوسرەو مۆڵەتیدا. کاتێك هاتە لای سەیری نەکرد و خستیە زیندان و مۆڵەتی بینینی پێنەدا. عودەی لەزیندان بەردەوام قسەی دەکرد. وتەکانی بەگوێی نەعمان گەشت و لەکارەکەی خۆی پەشیمان بوویەوە بەڵام لەلایەکیتر لەئازاد کردنی دەترسا.

عودەی نامەی بۆ براکەی ئەبی نوسی و لە بارودۆخی خۆی ئاگاداری کردەوە. کاتێك نامەکەی خوێندەوە سەبارەت بەو لەگەڵ خوسرەو قسەی کرد. خوسرەو نامەی بۆ نەعمان نوسی و پیاوێکی نارد و فەرمانیدا عودەی ئازاد بکرێت. براکەی عودەی رۆشتە لای نێردراوی خوسرەو و تکای کرد پێش رۆشتنە لای نەعمان برواتە لای براکەی لەزیندان. ئەو ئەم کارەی کرد و لەزیندان رۆشتە لای عودەی و وتی خوسرەو شای شاکانی ئێران ناردویەتی و فەرمانی ئازاد کردنی تۆی دەرکردووە. عودەی پێی وت: لای من مرۆ و نامەکەی خوسرەو بەمن بدە تا بینێرم بۆ نەعمان چوونکە ئەگەر تۆ لای من برۆیتە دەر، دەمکوژێت. نێردراو گوێی لەقسەکانی نەگرت. دوژمنانی عودەی هاتنە لای نەعمان و ئەم هەواڵەیان پێراگەیاند و ئەویان لەئازاد کردنی عودەی ترساند. ئەو چەند پیاوێکی نارد کەعودەیان خنکاند و بەخاکیان سپارد. نێردراو هاتە لای نەعمان و نامەکەی پێدا. نەعمان وتی: فەرمانبردارم کەنامەیەکی بەرێزە. ئەو بۆ نێردراوەکە کەنیزێکی لەگەڵ چوار هەزار مسقاڵ زێر نارد و پەیامی دا: بەیانی لەزیندان برۆ لای و ئەو لەگەڵ خۆت ببە. نێردراو بەیانی رۆشتە زیندان بەڵام هیچ نیشانێکی لەعودەی نەبینی. زیندانوان وتی: چەند رۆژێکە مردووە. نێردراو گەرایەوە لای نەعمان و وتی دوێنێکە عودەی بینیوە بەڵام ئەمرۆ هیچ نیشانێکی لێ بەدەست نەهێناوە. نەعمان وتی: تۆ درۆ دەکەیت. ئەو بەرتیلی زیاتری پێدا و پەیمانی لێوەرگرت راستی روداوەکە بەخوسرەو نەڵێت بەڵکو بڵێت عودەی پێش گەشتنی ئەو مردووە. دەڵێن: نەعمان لەکوشتنی ئەو پەشیمان بوویەوە و دوژمنانی عودەی بەسەر نەعماندا زاڵ بوون و ترسی ئەوانی کەوتە دڵەوە. رۆژێك نەعمان بۆ راو رۆشتەدەر ویەکێك لەکورەکانی عودەی

بەناوی زەیدی بینی. قسەی لەگەڵ کرد و لەبینینی زیاد لەرادە شامان و بۆ باوکی داوای لێخۆشبوونی کرد و ناردی بۆ لای خوسرەو شای شاکانی ئێران و نامەی نوسی و لەنامەکەدا وەسفی زەیدی کرد و داوای کرد پێگەی باوکی بەزەید بدرێت. خوسرەو ئەوکارەی کرد. زەید بووە سەرپەرەستی دەبیرخانە کەلەوێوە نامە بۆ عەرەبەکان دەنێردرا. خوسرەو پرسیاری نەعمانی لێکرد و زەید بەباشی وەڵامی دایەوە و بۆ چەندین ساڵ لەپێگەی باوکی لای خوسرەو مایەوە. ئەو زۆر دەرۆشتە لای خوسرەو.

پاشاکانی ئێران نوسراوێکیان بوو کە تیایدا ئاماژەیان بەژنانی دڵخوازی خۆیان دەدا. ئەوان کەسیان بۆ دۆزینەوە ئەم ژنانە بەو تایبەتمەندیانە دەنارد بەڵام ژنی عەرەبیان نەدەویست. زەید بەخوسرەوی وت: من لای بەندەکەت نەعمان لەکچانی خۆی و کچانی مامی زیاتر لەبیست کچ دەناسم بەم تایبەتمەندیانە. دەڵێن: خوسرەو بۆ نەعمان سەبارەت بەم ژنانە نامەی نوسی. زەید بەخوسرەوی وت: ئەی پاشا، خراپترین تایبەتمەندی عەرەب و نەعمان ئەوەیە خۆیان لەناعەرەبەکان بەگەورەتر دەزانن. دەترسم لەخۆبایی بوونی ئەم ژنانە ببزوێنێت. ئەگەر من برۆمە لای نەعمان ناتوانێت ملکەچی فەرمانی من نەبێت. من بنێرە لەگەڵ پیاوێك کەعەرەبی بزانێت. خوسرەو پیاوێکی چالاك و وشیاری لەگەڵدا نارد. ئەو دووانە بەرێکەوتن تا گەشتنە حیرە و رۆشتنە لای نەعمان. زەید پێی وت: پاشا بۆ کەسان و کورانی خۆی ژنی دەوێت. ئەو ویستی رێز لەتۆ بگرێت و لەبەر ئەمە منی بۆ لای تۆ نارد. نەعمان وتی: ئەم ژنانە چۆن بن؟ زەید وتی: ئەمە تایبەتمەندی ئەوانە کەهێناوە.

داستانی تایبەتمەندی ژنان بەم شێوە بوو کەمونزەر کەنیزێکی بۆ ئەنەوشیروان نارد کە لەکاتی هێرش کردنە سەر حارس کوڕی باوکی شەمیری غەسانی گرتبووی. ئەو تایبەتمەندییەکانی کەنیزەکەی بەم شێوە بۆ خوسرەو نوسی: ژنێکە باڵا نێوەنج، رەنگی رۆشن و ددانی پاك و سپی، پێستی سپی، مژۆڵی درێژ، دەموشاوە وەك مانگ، چاورەش، چاوگەورە، چاوکراوە وەك ئاسك، لوتی بەرز و باریك بەشێوەیەك ناوەراستەکەی کەمێك بەرزبووبێتەوە و کونەکانی تەسك و شێوەیەکی جوان، خەرامان، برۆی درێژ و گێراو، چاوجوان، کۆڵمی هەڵاوساو، ئەندامێکی رێك، قژی

ڕەش و درێژ و پڕ و پەخشان، گەردنێك بەو ئەندازە کێشراو کەگوارەکان بەر شانی نەکەوێت، سینە پان، مەمکی قوت، بازوو و شانی خڕ و بەرز، مەچەکی جوان، دەستی نەرم و ناسك، پەنجەی درێژ، ئەندامێکی رێك و جوان، سکی ناسك و بەپشت چەسپاو، کەمەری باریك، سمتی بەرز و قوت، رانی نەرم و پڕ گۆشت و سپی ، ماسولکەی تەر و تازە، شانی گەورە، ئەژنۆی گەورە، قولاپەی پڕ، جێگەی پاوانە تێر لەماسولکە، سمتی خڕ و بلورین، خەرامان، چاوانی خەوالوو، جلی ناسك، گوێرایەڵی قسەی هاوسەر، نە پێستی مەیلەو شین نەرەنگی روی لەرەش، دەستەمۆ لەبەرابەر هاوسەر، سەنگین و دڵرەق لەبەرابەر بێگانە، لەهەژاریدا گەورە نەبووە، سەرحاڵ و زیندوو، ئارام و دڵپاك، خەزم وکەس و کاری رێزدار، کاتێك باسی نەژادی خۆی دەکات بەباوك بەسەندە دەکات نەبنەماڵە و بەبنەماڵە بەسەندە دەکات نە بەگەورەکان و خەڵکان، کارەکان بەفرەزانییەوە ئەنجام دەدات، ئەندێشەی ئەندێشەی گەورەکانە و کاری کاری نیازمەندان، دەستی داهێنەر، زمانی کورت، دەنگێکی ئارم و هێدی، ماڵ دەرازێنێتەوە و پشت دەکاتە دوژمنان، ئەگەر روی تێبکەیت چێژ لەژیان دەبەیت و ئەگەر دەستی لێ هەڵگریت بەوە بەسەندە دەکات کەچاوەکانی داخات، کوڵمەکانی سور و لێوەکانی لەتینویەتی تۆ بلەرزێت. هەرئەوەندەی تۆ بەخوازیار ببینێت خۆی دەخاتە باوەشت و تا فەرمان لەتۆ وەرنەگرێت دانانیشێت.

خوسرەو بەمە رازی و فەرمانیدا ئەم تایبەتمەندییانە بنوسن.

ئەم نوسراوە تا رۆژگاری خوسرەو کوڕی هورموز مایەوە. زەید ئەم تایبەتمەندییانەی بۆ نەعمان خوێندەوە. ئەم وتارە لای ئەو گران کەوت. بەزەید و نێردراوی وت: ئایا لەنێوان چاوکراوەکانی سودای عێراق و ئێران ئەوەندە ژن دەستناکەوێت بەسەندەی ئێوە بکات؟ نێردراو بەزەیدی وت: چاو کراوە چی بێت؟ وتی: مانگا. نێردراو عەرەبی نەدەزانی و زەید بۆ تۆڵەسەندنەوە گەمەی بەوشەکان دەکرد.

نەعمان ئەو دووانەی ناردەوە و بۆ خوسرەوی نوسی: ئەوەی دەتەوێت لای من دەست ناکەوێت و بەزەیدی وت: لەمن خۆشبە.

کاتێك ئەو دووانە بۆ لای خوسرەو گەڕانەوە، بەزەیدی وت: کوا ئەو جوانە بێ

هاوتایانەی بۆمنت وەسف دەکرد؟ زەید وتی: من پێشتر بەپاشام وت عەرەبەکان ژنەکانیان لەکەسانیتر دریغ دەکەن و ئەمە لەبەر بەدبەختی و سەرسەختی ئەوانە. لەم نێردراوە بپرسە لەوەلامی داواکارییەکەی تۆی چی وت چوونکە من شا لەوە بەرێزدارتردەزانم بتوانم ئەم وتانە بێنمە سەر زمان. خوسرەو لەنێردراوی پرسی و ئەو وتی نەعمان دەڵێت: مێچکە گاکانی سوادی عێراق و ئێران بەسەندەی ئێوە ناکات کەچاوتان برپوەتە ژنانی ئێمە. زەید تورەیی لەچاوی پاشا خوێندەوە. ئەم وتەی کاریگەری لەسەر پاشا دانا و وتی: چ زۆرن ئەو بەندانەی لەمە خراپتر بەسەر خۆیان دێنن و خۆیان لەناو دەبەن.

ئەم وتەیە بەگوێی نەعمان گەشت و خوسرەو چەند مانگێك گوێی لێخەواند. نەعمان لەم ماوەدا سەرقاڵی ئامادە کردنی خۆی بوو. سەرئەنجام نامەی خوسرەو هات و نەعمانی بانگ کرد. کاتێك نامە گەشت کەرەستە و ئامرازی شەڕ و توێشوی هەلگرت و رویکردە دوو کوێستانی تەی چوونکە لەخەلکانی ئەوێ هاوسەری گرتبوو. داوای لەوان کرد پەنای بدەن و لەبەرابەر دوژمن هاوکاری بکەن. ئەوان لەترسی خوسرەو پەنایان نەدا. ئەو دەرۆشت و هیچ کام لەعەرەبەکان پەنایان نەدا. سەرئەنجام بەشێوەیەکی نهێنی لەدەشتی زی قار لەناو کورانی شەیبان دابەزی. لێرە چاوی بە هانی کوڕی مەسعود کوڕی عامر کوڕی عەمرۆ شەیبان کەوت و ئەو سەروەرێکی مەزن و پارێزگاری لەپەنابەرانی خۆی دەکرد. بنەماڵەی ئەو لەبنەماڵەی زوجەدیس لەقەیس کوڕی مەسعود کوڕی قەیس کوڕی خالد کوڕی زوجەدین بوو کەخوسرەو ئۆبۆلەی پێبەخشیبوون. نەعمان لەسەر ئەم بنەمایە رازی بوو خۆی و بنەماڵەکەی بەو بسپێرێت. ئەو زانی هانی هاوشێوەی مناڵەکانی خۆی پارێزگاری لێدەکات. لەناو سامانەکانی ئەو چوارسەد و بەوتەیەك هەشسەد زرێ دەبینرا.

نەعمان بەرەو لای خوسرەو بەرێکەوت و زەید کوڕی عودەی لەسەر پردی سابات بینی. زەید وتی: ئەی نەعمان، خۆت رزگار بکە. نەعمان وتی: ئەی زەید ئەمە تۆ بوویت ئەم کارەت کرد. سوێند بەخوا ئەگەر رزگارم بێت بێ گومان ئەو بەلات بەسەردا دێنم کەبەسەر باوکت هێنام. زەید پێی وت: ئەی نەعمان خۆت رزگار بکە

چوونکە سوێند بەخوا لای ئەو داوێکم بۆناویتەوە کەئەسپی چالاك و بەهێزیش ناتوێنت لێی دەرباز بێت.

کاتێك خوسرەو بیستی نەعمان لەدەرگای بارەگایە، چەند کەسێکی نارد و قۆلبەستیان کرد و ڕەوانە خانەقینیان و زیندانییان کرد و بەهۆی نەخۆشی تاعونەوە مرد. خەڵك گومان دەکەن ئەو لەسابات مرد. ئەوان ئەم شێعرەی ئەشعی بە نمونە دەهێننەوە:

فذاك و ما انجى من الموت ربه　　　　بساباط حتى مات و هو محرزق

واتاکەی: خواوەندەکەی لەمەرگ رزگاری نەکرد تا لەزیندان لەسابات مرد

مردنی ئەو پێش هەلآتنی هەتاوی ئیسلام بوو.

کاتێك مرد، خوسرەو ئەیاس کوڕی قەبیسەیی تایی لەسەر حیرە و پانتاییەکانی فەرمانڕەوایی نەعمان کردە فەرمانڕەوا. خوسرەو لەکاتی رۆشتن بۆ شەڕی رۆم لای ئەو گوزەری کرد و ئەو خەلآت و دیاری بۆ ناردبوو. خوسرەویش سپاسی کرد. لەبەر ئەمە لەم کاتەدا کەسی نارد بەدوایدا. خوسرەو کەسی نارد وئەیاس فەرمانی بەقەبسیەدا سامانە پاشماوەکانی نەعمان کۆبکاتەوە و بۆی بنێرێت. ئەیاس بەقەبیسەدا کەسی بۆ لای هانی کوڕی مەسعودی شەیبانی نارد و فەرمانیدا سامانەکانی نەعمان بەو بسپێرێت. هانی رازی نەبوو، کاتێك هانی سەرپێچی کرد، خوسرەو تورە بوو. نەعمان کوڕی زەرعەی تەغلەبی کە خوازیاری لەناوچونی هیلال کوڕی بەکر کوڕی وایل بوو، لەم کاتە لای خوسرەو بوو. ئەو بەخوسرەوی وت: مۆڵەت بەوان بدە تا زستان پشت سەر بنێن و گرفتاری گەرمای هاوین بن و هاوشێوەی پەروانە کەدەکەوێتە ناو ئاگر، هێرش بکەنە زی قار و ئەوسا بەو شێوەی دەتەوێت دەست بەسەر ئەواندا دەگریت. خوسرەو درەنگی کرد تا ئەوان هاتنە خیزەلآنە پێچاوپێچەکانی زی قار. ئەوسا نەعمان کوڕی زەرعەی کردە سەریان کەئەوانی لەسێ هەڵبژاردندا سەر پشك کرد: یا سامانەکانی نەعمان کوڕی مونزەر بەدەستی خۆیان بگێرنەوە، یا سەرزەمینەکەی خۆیان بەجێ بێڵن و کۆچ بکەن و یا بۆ شەڕ و کوژران ئامادە بن. ئەوان بەرێوبردنی کارەکانی فەرمانڕەوایەتی و فەرماندەیی خۆیان بەحەنزەلە کوڕی سەعلەبەی عیجلی سپارد. ئەو ئەوانی بۆ شەڕ

کردن هاندا. ئەوان پاشایان لەشەڕ کردن ئاگادار کردەوە. خوسرەو ئەیاس کوڕی قەبیسەی کردە فەرماندەی سوپا و سنوورداره ئێرانییەکانی کردە هاوڕێی و لەهۆزەکای عەرەب فەرمانی هاوکاری کردنی بەتەغلەب و ئەیاد و قەیس کوڕی مەسعود کوڕی قەیس کوڕی زی جەدینیدا. قەیس کوڕی مەسعود فەرمانڕەوایی قەراغەکانی سەفوان بوو، چەندین فیلی شەڕکەری نارد. لەم کاتەدا پێغەمبەر بۆ پێغەمبەرایەتی هەڵبژێردرابوو. لەم بگرە و بێنەدا هانی کوڕی مەسعود کەرەستەو ئامرازەکانی شەڕ و زرێکانی نەعمانی لەناو پیاوانی خۆی دابەش کرد.

کاتێك ئێرانییەکان لە ناڵەکانی شەیبان نزیك بوونەوە، هانی کوڕی مەسعود وتی: ئەی دەستەی بەکرییەکان، ئێوە توانای خۆراگری لەبەردەم خوسرەوتان نییە، روو بکەنە بیابان و هەڵێن. خەڵك رویان کردە بیابان. حەنزەلە کوڕی سەعلەبەی عیجلی هەستا و وتی: ئەی هانی، دەتویست ئێمە رزگار بکەیت بەڵام ئێمەت لەناو برد. ئەو خەڵکی گەراندەوە و بەندی کەژاوەکانیان بڕی یانی ئەوبەندانەی بارو بنەیان لەسەر وشترەکان پێدەبەست و لەبەر ئەمە پێی دەڵێن (بەند پچڕێن). ئەوسا بۆ خۆی بارەگایەکی دروست کرد و سوێندی خوارد تا ئەم بارەگایە بەرپا بێت، رانەکات. خەڵك گەرانەوە و بەئەندازەی نیوەی مانگ ئاویان بۆ خۆیان پاشەکەوت کرد. لەم کاتەدا ئێرانییەکان هاتن و لەخەمینەی زی قار شەڕیان لەگەڵدا کردن. ئێرانییەکان شکستیان خوارد و لەترسی تینویەتی بەرەو جەبابات (حەمامات) رۆشتن. هۆزەکانی بەکر و عیجل شوێنیان کەوتن و بوێری زۆریان لەخۆیان نیشاندا. لەم کاتەدا سوپای ئێران گەمارۆیاندان و خەڵك وتیان: داخ بۆ هۆزی عیجل کەهەموویان لەناوچوون. دواتر هۆزی بەکر هێرشی کرد و بینی عیجلییەکان شەڕ دەکەن و ژنێك لەوان دەڵێت:

ان يظفروا فينا الغرل　　　　ايها فداء لكم بنى عحل

واتاکەی:ئەگەر بەسەر ئێمەدا زاڵبن پێستی نێرینەی خۆیان تا بن لەئێمە دەچەقێنن. شەڕ بکەن فیدای ئێوە بن منااڵنی عیجل.

ئەوان سەراسەری ئەو رۆژە شەڕیان کرد و ئێرانییەکان لەتاو تینویەتی رویان لەناوەکانی زی قار کرد. ئەیادییەکان(کە لەبەرژەوەندی ئێرانییەکان شەڕیان دەکرد) پەیك و پەیامیان بۆ بەکرییەکان نارد و وتیان: ئەگەر دەتانەوێت ئەمشەو هەڵدێین و ئەگەر ناتانەوێت دەمێنینەوە تا شەڕ دەست پێدەکات و ئەوسا لەبەرژەوەندی ئێوە رادەکەین. وەڵامیان دایەوە: بمێننەوەو کاتێك شەڕ دەستی پێکرد هەڵبێن و گۆڕەپان چۆڵ بکەن. زەید کوڕی حەسانی سەکونی کە هاوپەیمانی مناڵەکانی شەیبان بوو، وتی: فەرمان ببیستن و سەنگەر بگرن. ئەم کارەیان کرد وشەڕیان کرد و یەکتریان بۆ ئەو شەڕ هاندەدا. لەم کاتەدا کچێکی خزمی شەیبانی دەیوت:

ویها بنی شیبان صفا بعد صف ان تهزموا یصبغوا فینا القلف

واتاکەی: درود لەمناڵەکانی شەیبان کەریز لەدوای ریز شەڕیان کرد. ئەگەر ئێوە شکست بخۆن ئەوان نێرینەی خۆیان بە خوێنی مێی ئێمە رەنگین دەکەن.

حەوسەد کەس لەمناڵەکانی شەیبان قۆلی کراسەکانیانی خۆیان لەجێگەی شانەکانەوە بڕی و فڕیاندا تا دەستیان بۆ شمشێر وەشاندن سوك بێت. ئەوان لەبەرابەر ئەوان شەڕێکی گەرمیان کرد و ئێرانییەکان پیاوەتی و جوامێری فراوانیان لەخۆیان نیشاندا. لەولا بەرد کوڕی حارسەی یەشکری هات و لەم لا هامرزنسوی. بەرد ئەوی کوشت. دواتر باڵی چەپ و راستی بەکرییەکان هێرشیان هێنا و ئەوانەی خۆیان حەشار دابوو لەحەشارگەی خۆیان هاتنەدەر و هێرشیان کردە سەر ناوەراستی سوپا کەئەیاس کوڕی قەبیسەی تایی فەرماندەیان بوو. لەم کاتەدا ئەیادییەکان بەو شێوەی بەڵێنیان دابوو، رایانکرد و ئێرانییەکان شکستیان خوارد و بەکرییەکان شوێنیان کەوتن. کوشتاریان کرد بەڵام تاڵانییان نەکرد. وتاردەران لەبارەی شەڕی زی قار ئاماژەیان بەگێرانەوەی زۆر داوە.

پاشاکانی حیرە دوای عەمرۆ کوڕی هند

ئێمە ئاماژەمان بەپاشاکانی بنەماڵەی نەسر کوڕی رەبیعە تا مردنی عەمرۆ کوڕی هند دا. ئێستا درێژەی پاشاکانی ئەم بنەماڵە دوای عەمرۆ کوڕی هند:

براکەی قابووس کوڕی مونزەر چوار ساڵ کەهەشت مانگی لەرۆژگاری ئەنەوشیروان و سێ ساڵ و چوار مانگی لەرۆژگاری هورموز، سوهرەب، مونزەر کوڕی نەعمان چوار ساڵ، نەعمان کوڕی مونزەر باوکی قابوس بیست و دوو ساڵ کەحەوت ساڵ و هەشت مانگی لەرۆژگاری هورموز و چوارده ساڵ و چوار مانگی لەرۆژگاری کورەکەی پەرویز، ئەیاس کوڕی قەبیسی تایی هاورێ لەگەڵ نەخیرخان لەرۆژگاری خوسرەو کوڕی هورموز چواردەساڵ کە لەهەشتەمین مانگی فەرمانڕەوایەتی ئەو پێغەمبەر بۆ پێغەمبەرایەتی هەڵبژێردرا، ئازاد کوڕی مابیان (ساسان) هەمەدانی حەفدە ساڵ کە لەرۆژگاری خوسرەو کوڕی هورموز چوارده ساڵ و هەشت مانگ و لەرۆژگاری شیرویە کوڕی خوسرەو هەشت مانگ و لەرۆژگاری ئەردەشیر کوڕی شیرویە یەك ساڵ و حەوت مانگ و لەرۆژگاری پورنەندۆخت کچی خوسرەو یەك مانگ.

دواتر مونزەر کوڕی نەعمان هاتە سەر کار. ئەو هەمان کەسە کەعەرەبەکان بە (لەخۆرازی) ناوی دەبەن و لەرۆژی شەڕی (جواثا) کوژرا. فەرمانڕەوایەتی ئەو تا هاتنی خالد کوڕی وەلید هەشت مانگی خایاند. ئەو دواهەمین پاشا لەبنەماڵەی نەسرە. بەنەمانی ئەو و روخانی پاشایەتی ئێران، فەرمانڕەوایی بنەماڵەکەیشی لەناوچوو. کەواتە، بە وتەی هشام، هەموو پاشاکانی بنەماڵەی نەسر بیست کەس بوون کەپێنسەد و بیست و دوو ساڵ و هەشت مانگ فەرمانڕەوایەتیان کرد.

مەرزوان و فەرمانڕەوایەتی ئەو لەیەمەن لەلایەن هورموز

هشام دەڵێن: خوسرەو هورموز دوای لەسەر کار لابردنی زەرین لەیەمەن، مەرزوانی بۆ فەرمانڕەوایەتی ئەم سەرزەمینە دیاری کرد. تا ئەو کاتەی چەندین منالی بۆ هاتە دنیا، لەیەمەن مایەوە. ئەوسا خەڵکانی کێوێك کەپێیان دەوت (مە ضایع) باجیان پێنەدا. مەبەستی ئەوانی کرد بەڵام بینی ناتوانێت بەسەر کێودا سەرکەوێت چوونکە زۆر بەرز و دژوارە و تەنیا یەك ڕێگەی هەیە کەیەك پیاو دەتوانێت پارێزگاری لێبکات. کێوێکیتر لەبەرابەر ئەم کێوەدا بوو. ئەسپی غاردا و لەدۆڵەکەی تێپەری و کاتێك حەمیرییەکان ئەویان بینی، وتیان: ئەمە دێوە! گەمارۆی خستە سەر قەلآکەیان و باجی لێوەرگرتن. مەرزوان نامەی بۆ خوسرەو نوسی و ئەوی لەم پێشهاتە ئاگادار کردەوە. خوسرەو ئەوی بانگ کرد و کورەکەی خەرخسرەی لەجیاتی دانا. مەروزان روی کردە دەرباری خوسرەو و لەناو ڕێدا مرد. خوسرەو خەخسرەی لەسەر کار لابرد و بازانی لەجێگەی ئەو دانا. ئەو دوایین فەرمانڕەوایی یەمەن لەلایەن ئێرانییەکانەوە بوو.

کوژرانی خوسرەو پەرویز

خوسرەو بەهۆی سامانی فراوان و داگیر کردنی زۆربەی وڵاتانی دوژمن و سازگاری چارەنوس و بەختی بەرز و زەمان، لەکۆتاییەکانی تەمەن بوو بەپاشایەکی یاخی و ستەمکار. تەماحکاری زەوت کردنی سامانی خەڵکان بوو، لەبەر ئەمە دژایەتی خەڵکان بزوا. دەستەیەك دەڵێن: ئەو دوانزە هەزار یا سێ هەزار ژنی بوو و لەگەڵیان دەخەوت. چەندین هزار کەنیز و پەنجا هەزار چوارپێ لەناو سامانەکانی ئەودا دەبینران، ئەو تەماحکارترینی خەڵکان بۆ کۆکردنەوەی جۆرەکانی گەوهەر و دەفر و هاوشێوەکانی بوو. دەڵێن: فەرمانیدا ئەو باجانەی لەماوەی هەژدە ساڵی فەرمانڕەوایەتی خۆی کۆیان کردبوویەوە بژمێرن و کاتێك ئەو کارمیان ەکرد، بەرابەر بوو لەگەڵ سەد هەزار هەزار و بیست هەزار هەزار(سەد و بیست ملیۆن) مسقاڵ سکەی زێر. خەڵکی سوك کرد و فەرمانی بەپیاوێك بەناوی زادان دا هەموو گرفتار و زیندانییەکان بکوژێت. زادان ئەو کارەی نەکرد و زیندانییەکان بوونە دوژمنی. هەروەها فەرمانیدا بوو تێکشکاوەکانی شەڕی رۆم بکوژن و ئەوانیش بوونە دوژمنی. ئەو فەرمانی بەپیاوێکدا پاشماوەی باج لەخەڵك وەربگرێت و ئەم پیاوە ستەمی فراوانی لەخەڵك کرد . خەڵکان لێی بێزار بوون. دەستەیەك لەگەورەکان رویان کردە بابل و شیرویەی کوڕیان هێنا. خوسرەو منداڵەکانی خۆی لەبابل دانابوو ونەوانی لەخۆتێهەڵقرتاندن لەکاروبارەکان دوورخستبوویەوە و چەندین کەسی راسپاردبوو فەرهەنگ وزانستی شایانەیان فێربکەن. شیرویە شەوانە گەشتە بەهرسیرو ئەوکەسانەی لەزیندان هێنایەدەر کەخوسرەو فەرمانی کوشتنی ئەوانی دەرکردبوو. زیندانییەکان لەدەوری کۆبوونەوە و هاواریان کرد قوباد شای شاکانە(ناوی ئەو لەسەرەتادا قوباد بوو) ئەوان هاتن و بەرەبەیان گەشتنە دەرباری خوسرەو و خوسرەو بەراکردن بەرەو باخێك لەنزیك کۆشکەکەی خۆی رۆشت. خەڵك ئەویان گرت و کورەکەیان هێنایە سەرتەخت. ئەو کەسی بۆلای کورەکەی نارد وسەرکۆنەی کرد کەبۆ بەم کارانە هەستاوە. دواتر خەڵك بەهاوکاری کورەکەی

کوشتیان. رۆژگاری پاشایەتی ئەو سی هەشت و ساڵی خایاند.

لە سی و دوەمین ساڵ و پێنجەمە مانگ و پانزەهەمین رۆژی پاشایەتی ئەو پێغەمبەر لە مەککەوە بۆ مەدینە کۆچی کرد.

دەڵێن: خوسرەو هەژدە منالی بۆ هاتە دنیا کەگەورترینیان ناوی شەهریار بوو. شیرین ئەوی بەمنالی خۆی هەلگرتبوویەوە. ئەستێرەناسەکان بەخوسرەویان وتبوو لەیەکێك لەمناڵەکانی تۆ مناڵێك دێتەدنیا کەوێرانی و لەناوچوونی ئەم پاشایەتییە لەسەر دەستی ئەو دەبێت. نیشانەکەی ئەوەیە لەبەشێکی جەستەی کەم ئەندامە. ئەو مناڵەکانی خۆی لەخەوتن لەگەڵ ژنان دور کردەوە تا ئەوەی شەهریار لەدەردی گیانبڕی بێ ژنی گازندەی بردە لای شیرین. شیرین کەنیزێکی بوو کەخزمەتی دەکرد و گومانی دەکرد ئەو هیچ کات دووگیان نابێت. ئەو کەنیزی بۆ لای شەهریار نارد. کاتێك شەهریار لەگەڵی خەوت، بەیەزدگێرد دووگیان بوو. شیرین بۆ ماوەی پێنج ساڵ ئەوی داشارد. ئەوسا بینی خوسرەو لە هەرەتی پیری خوازیاری منالی مناڵەکانیەتی. پێی وت: ئایا شادمان دەبیت یەکێك لەمنالی مناڵەکانت کور بێت؟ وتی: بەڵێ. شیرین یەزدگێردی بردە لای. ئەو یەزدگێردی لەخۆی نزیك کردەوە. رۆژێك لەکاتی گەمە ئەوەی وترابوو، بیری کەوتەوە و فەرمانیدا یەزدگێردیان روت کردەوە. ئەو عەیبی لەلایەکی کەلەکەی بینی و ویستی بیکوژێت. بەلاّم شیرین رێگەی لێگرت و وتی: ئەگەر چارەنوسی پاشایەتی ئەمە بێت ناتوانین ریگری لێ بکەین. شیرین فەرمانیدا یەزدگێردیان بۆ سیستان برد. دەستەیەك دەڵێن: بەم شێوە نەبوو بەڵکو فەرمانیدا ئەو لەدێهاتێك لەسواد بەناوی خەمانینە رابگرن. کاتێك خوسرەو پەرویز کوڕی هورموز کوژرا، کورەکەی شیرویە بەپاشایەتی گەشت.

پاشایەتی خوسرەو شیرویە
کوڕی پەرویز کوڕی هورموز کوڕی ئەنەوشیروان

کاتێك شیرویە کوڕی پەرویز کەدایکی مریەم کچی موریس پاشای ڕۆم بوو، بەپاشایەتی گەشت، گەورەکان و دەرباریان هاتنە لای و وتیان: ڕەوا نییە ئێمە دوو پاشامان هەبێت. یا خوسرەو بکوژە تابەندەی تۆ بین و یا ئەو دێنینە سەر تەخت و تۆ لەسەر کار لادەبەین. شیرویە تێکشکا و باوکی لەپایتەخت هەڵگرت و بردیە شوێنێکیتر و زیندانی کرد. ئەوسا گەورەکان کۆبوونەوە و وتیان: بریارماندا کەسێك بۆ لای خوسرەو بنێرین و کارەخراپەکانی بیربخەینەوە و لەدواهاتی کارە نارەواکانی ئاگاداری بکەینەوە. شیرویە پیاوێکی بەناوی ئوستادی خۆشنوسی ناردە لای خوسرەو و فەرمانیدا لەزمانی ئەو بەباوك بڵێت: خراپەکاری و ستەمکاری ئەم بەڵای بەسەردا هێنای. یەك ئەوەی چاوی باوکت کوێر کرد و دواتر کوشتت. ئەویتر هەڵس و کەوتی خراپت لەگەڵ منداڵەکانت بوو کە لەهاونشینی لەگەڵ خەڵك دوورت کردینەوە و ئەوەی هۆکاری خۆشی ئێمە بوو لەئێمەت زەوت کرد. دواتر خەڵکانت دەخستە زیندانی هەمیشەیی. لەگەڵ ژنان خراپ هەڵس و کەوتت دەکرد و هەموویانت بۆ خۆت دەویست. دڵرەقی و ستەمکاری و بێ بەزەییت بەرامبەر بەچینەکانی ژێردەست یەکێکیتر لەهۆکارەکان بوو. سامان ودارایییەکانی خەڵکت بەزۆر لەخاوەنەکانی داگیر دەکرد. لەشکرت بۆ ماوەیەکی درێژ بۆ سنورەکانی ڕۆم و شوێنەکانیتر نارد و ئەوانت لەبنەماڵەکانیان دوور خستەوە. خیانەتت لەمۆریس، پاشای ڕۆم کرد لەکاتێکدا چاکەی لەگەڵ تۆدا کرد و کچەکەی کردە هاوسەری تۆ بەڵام بەپێچەوانەوە ئەو دارەی نەخۆت و نەخەڵکەکەت پێویستیان پێی نەبوو، لەوان درێغ کرد. ئەگەر پاساوت بۆ کارەکانی خۆت هەیە و یا دەتەوێت داوای لێبووردن بکەیت، بیڵێ. ئەگەر نیتە بۆ لای خوا بگەرێرەوە تا فەرمانی خۆی لەبارەی تۆوە بدات.

دەڵێت: پەیك هات و پەیامی گەیاند و خوسرەو پەرویز وتی: لە لایەن منەوە بەشیرویەی تەمەن کورت بڵێ بۆ کەس شیاو نییە جگە لەدڵنیابوون لەتاوانەکانی

خۆی تۆبە و داوای لێخۆشبوون بکات چ بگات بەگوناحە گەورەکان و .. ئەوانەی تۆ ئێمەی پێ تۆمەتبار دەکەیت. ئەی نەزان، ئەگەر ئێمە بەم شێوە بووین کە تۆ دەڵێیت، بۆ تۆ ڕەوا نییە ئەم تاوانە گەورانە کەدەبێتە هۆکاری کوشتنی ئێمە، بەزیانی خۆت لەدنیادا بلاوبکەیتەوە چوونکە ئەم کەمی و کورِیانە پێش هەرکەسێك داوێنی خۆت دەگرێت. داوەرانی ولآتی تۆ کورِیك کەشیاوی کوشتن لەلایەن باوکەوە بێت، لەولآت و خەڵکەکەی خۆیان دوور دەکەنەوە و لەهاودەمی و هاونشینی لەگەڵ گەورەکان چ بگات بەوەی بیکەنە پاشا. لەگەڵ ئەمانەیشدا، (سپاس بۆ خوا) ئەوەندە بۆ چاکسازی لەخۆمان و کورەکانمان و خەڵکان هەوڵماندواە کە کەم و کورِی تیا نابینرێت. هەنووکە داستانی تاوانەکانی خۆمان بە بەربلآوی دەگێرینەوە تا زانستی تۆ بەنەزانی زیاد بکات. یەك لەوەلآمەکانی ئێمە ئەومیە: خراپەکاران و دلّرەشان، ئەوەندە دەنەی باوکی ئێمە خوسرەوی هورموزیان دا و تاوانی خیانەتیان خستە پالّمان کەمەبەستی گیانی منی کرد. لەبەر ئەوەی کە لەرەشبینی ئەو شتی زۆرمان بینیبوو، ترساین و لە دەربار خۆمان دوور خستەوەە و رۆشتین بۆ ئازەربایجان. هەمووان ئەم راستییە دەزانن. کاتێك پەردەی بەختی ئێمە بەو شێوەی دەزانن درِا، دوبارە رومان کردە دەرگای باوکم. لەم کاتەدا بوو ئەو پیاوە دووورووە یانی بەهرام هێرشی کردە سەرمان و ئێمەی لەولآتەکەمان دور خستەوە. ئێمە رومان کردە رۆم و دوبارە گەراینەوە بۆ سەر پاشایەتی خۆمان و تاوانی خوێنی باوکمان لەبکوژەکانی گرتەوە.

بەلآم ئەوەی سەبارەت بەهەڵس و کەوتی ئێمە لەگەڵ منالّەکانمان باست کرد، وەلآمەکەی ئەوەیە: ئێمە چەندین کەسمان بۆ ئێوە دانا تا ئێوە لەبلآوبوونەوە لەولآت و ئەنجامدانی کارە نەشیاوەکان بگێرێتەوە بۆ ئەوەی خەلّك و ولآت هەردووك زیانمەند نەبن. لەمباروە ئێمە خەرجی زۆرمان کرد و ئەوەی نیازتان بوو، خستمانە بەردەستتان. بەتایبەت لەبارەی تۆ، ئەستێرەناسەکان بەئێمەیان وت کەدژی ئێمە رادەپەریت و پاشایەتی لەئێمە دەسەنیت. پاشای هیندوستان نامەی بۆ تۆنووسی و دیاری بۆ ناردی. ئێمە نامەکەمان خوێندەوە و بینیمان دوای سی و هەشت سالّ لەپاشایەتی ئێمە، مژدەی پاشایەتی بەتۆ دەدات. نامەکەمان هەلّگرت و رۆژی لەدایك

بوونی تۆمان نوسی و هەردووکیمان بەشیرین سپارد و هەنوکەیش لای ئەوە. ئەگەر دەتەوەێت وەریگرە و بیخوێنەرەوە. ئەم کارانە نەبووە هۆی ئەوەی ئێمە باشی و چاکی خۆمان لەتۆ وەربگرینەوە چ بگات بەوەی تۆ بکوژین.

بەلاّم ئەوەی سەبارەت بەزیندانی کردنی کەسەکان ئاماژەت پێدابوو، وەلاّمی ئێمە ئەوەیە: ئەوانەمان خستە زیندان کەدەبوا یا بکوژرێن یا دەست و قاچ یا ئەندامێکیتریان ببردرێتەوە. وەزیریان و کاربەدەستان بەردەوام بۆ کوشتنی ئەوان ئێمەیان هاندەدا و رێگەیان نەدەدا ئەوان بۆ خۆیان چارەیەك بدۆزنەوە. ئێمە بەهۆی خۆشویستنی خەڵکان و بێزاربوون لەرشتنی خوێنی ئەوان، کارەکانی ئەوانمان دوادەخست و چارەنوسی ئەوانمان بەخوای گەورە دەسپارد. ئێستا ئەگەر تۆ ئەوانت لەزیندان دەرهێناوە. گوناحی خواوەندی خۆت کردووە و تامەکەی دەچێژیت.

بەلاّم ئەوەی دەڵێیت ئێمە زێر و زیوی و کالاّ گرانبایەکان بەستەمکاری و بێ بەزەییانە زەوت دەکەین، وەلاّم ئەمەیە: بزانە ئەی نەزان، دوای خوای گەورە تەنیا سوپای زۆر و دارایی بێ ئەژمارە کەپاشایەتی بەهێز دەکات. بەتایبەت ئەم وتارە بۆ ئێران زەمین راستە کەدوژمنەکان لەهەر لاوە دەوریان داوە و دورخستنەوەی ئەوان بەبێ سوپای زۆر و کەرەستەکانی شەڕ ئەگەری نابێت و هەمووی ئەمانە بەزێر و زیو دابین دەکرێت. پێشینان دارایی و کەرەستەکانی شەڕ و شتی هاوشێوەیان کۆکردبوویەوە بەلاّم ئەو پیاوە دوورووە یانی بەهرام تالاّنی کرد و جگە لەکەمێکی نەهێشتەوە. کاتێك دووبارە پاشایەتی خۆمان وەرگرتەوە و جەماوەری خەڵك فەرمانیان لێ بردین، دوو کامروسان(پادوسپان) و دو سوپا سالاّرمان بۆ بەشە جۆراوجۆرەکانی ولاّت نارد تا زیانی خراپە خوازان و دوژمنان دور بکەنەوە و هێرشیان کردە سەر سەرزەمینی ئەوان و رەگ و ریشەی خراپەیان دەرهێنا. خەزێنەکانی زێر و زیوی ئەوانیان بەسامانە فراوانەکان لەهەر جۆرە کالاّیەك بەو ئەندازەی جگە لەخوا نازانێت، بۆ ئێمە هێنا. هەواڵمان پێگەشتووە دەتەوێت ئەم هەموو سامانە لەناو خراپەکاراندا دابەش بکەیت کەشیاوی کوشتنن. ئاگادارت دەکەمەوە ئەم سامانە بەرەنج و هەوڵی زۆر و بەتەخت کردنی رێگەی زیان و ترسی گیان بەدەست هاتووە. ئەم کارە مەکە چوونکە ئەم سامانە پاڵپشتی ولاّت و پاشایەتی

تۆیە و هێزێکە بوو دورکردنەوەی نەیاران. کاتێك نوستادی خۆشنوس بۆ لای شیرویە گەرایەوە، وەلامەکانی باوکی پێوت. ئەوسا گەورەکانی ئێران رویان کردە شیرویە و وتیان: یا فەرمان بدە باوکت بکوژن یا دەرۆینە ژێر فەرمانی ئەو و تۆ لەسەر کار لادەبەین. ئەو بەنارەزامەندییەوە فەرمانی کوشتنی باوکی دا و کەسێکی بۆ ئەم کارە راسپارد کەخوسرەو پەرویز ئازاریدابوو. ئەوەی بەدەستی خۆی کوشتی، گەنجێك بەناوی مێهرهورموز کوڕی مەردانشا لەدەشتی (نیمروز)بوو.

کاتێك خوسرەو پەرویز کوژرا، شیرویە سەروچاوی خۆی رنی و فرمێسکی لەچاوباراند. پەیکەری ئەویان هەلگرت وگەورەکانی ولأت تا ئارامگاکەی لەگەلی رۆشتن. کاتێك بەخاك سپێردرا، شیرویە فەرمانی دا مێهرهورموز بکوژن. رۆژگاری پاشایەتی ئەو سی و هەشت سالی خایاند.

دواتر شیرویە بە لەناوبردنی براکانی هەستا و حەڤدە لەوانی کوشت. هەموویان پیاوانێکی ئازا و فرەزان بوون. ئەم کارەی بە ئاژاوە گێری فیروزی وەزیر ئەنجامدا.

زۆری نەخایاند شیرویە گرفتاری نەخۆشیە جۆراوجۆرەکان بوو و خۆشی لەدنیا نەبینی. مەرگی ئەو لەدەستگردی پایتەخت روویدا. ئەو دوای کوشتنی براکانی گرفتاری خەمۆکی بوو و ئارم و ئۆقرەی لێبرا. دەلێن رۆژی دوەمی کوشتنی براکانی پوران و ئازەرمیدۆخت رۆشتنە لای و بەتوندی هەلس و کەوتیان لەگەل کرد و وتیان: تەماح بۆ راگرتنی تاج و تەختی سەلتەنەتی لەرزان، تۆی ناچار بەکوشتنی باوك و براکانت کرد. کاتێك ئەم قسانەی بیست گریا و تاجی لەسەر فرێدا. دەلێن: زۆربەی کەسانی بنەمالەکەی کوشت. لەرۆژگاری ئەو تاعون کەوتە ئێران و زۆربەی ئەوانی لەناوبرد. رۆژگاری پاشایەتی ئەو هەشت مانگی خایاند.

پاشایەتی ئەردەشیر

حەوت ساڵە بوو کە وەك پاشا هەڵبژێردرا.

کاتێك شیرویە مرد، ئێرانییەکان کورەکەی شیرویەیان بۆ پاشایەتی هەڵبژارد. پەروەردە و سەرپەرەستی کردنی ئەو لەئەستۆی پیاوێك بەناوی بەهادۆر جۆسنس بوو. پێگەی ئەم پیاوە (خانسالار)بوو. ئەو زۆر بەباشی کاروباری هەڵدەسوراند و لەرێگەی ئەم ولآتداریە عاقلآنەوە کارێکی کرد کەس پاشا بەبچوك و کەم تەمەن نەزانێت. شەهر بەراز و ئەو سوپایەی خوسرەو پەرویز خستبوویە ژێرفەرمانی، لەسنوورەکانی رۆم مابوونەوە. دوای ئەو کارەی لەگەڵ رۆمیەکان کرد، بارودۆخی باشی بۆ رەخسا. کالآ و دیاری کەم وێنەی بۆ دەربار دەنارد و پەروزی و شیرویە نامەیان بۆ دەنوسی و راوێژیان لەگەڵ دەکرد. بەلآم ئێرانییەکان بۆ هێنانەسەر کاری ئەردەشیر راوێژیان لەگەڵ نەکرد و ئەم پێشهاتەی کردە بیانوێك بۆ چاوبرینە دەسەلآت و سوك کردنی ئەردەشیر پاشای بچوك و کەم تەمەن. لەخۆبایی بوونی ئەو زیادی کرد. لەگەڵ سوپاکەی رویکردە مەداین. ئەردەشیر و بەهادۆر جۆسنس و ئەندامانی بنەماڵەی پاشایەتی رویان کردە تیسفون. شەهربەراز لەم شارە گەمارۆیدان و ئاگر هاوێژی بەکار برد و ئەوانی ئاگر باران و بەردباران کرد بەلآم سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا. لەبەر ئەمە پشتی بەفێڵ و فریو بەست و سوپاسالار نیمروز و فەرماندەی پاسەوانانی شاری هەڵخەڵەتاند و سەرئەنجام دەروازەی شاریان بۆ کردەوە. هاتە ناو شارەکە و ژمارەیەك لەگەورەکانی کوشت و سامانی ئەوانی تالآن کرد. یەك لەهاوەلآنی ئەو بەفەرمانی ئەو ئەردەشیری لەهەیوانی خوسرەوشا قوباد کوشت. رۆژگاری پاشایەتی ئەو یەك ساڵ و شەش مانگی خایاند.

پاشایەتی شەهەربەراز

ئەو لەبنەماڵەی پاشایەتی نەبوو.

کاتێك ئەردەشیر کوژرا، شەهر بەراز کەناوی (فەرۆخان)بوو، لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشت. کاتێك هاتەسەر تەخت، ژانە سکێکی گیانبڕی گرت بەلاّم پاش ماوەیەك باش بوویەوە.

لەم ناوەدا سێ برا لەخەڵکانی ئیستەخر بڕیاریاندا لەتۆڵەی خوێنی ئەردەشیر، بیکوژن. ئەوان لەناو پاسەوانەکانی ئەودا دەبینران. ئایینی دەرباری لەوکاتەدا بەشێوەیەك بوو پاسەوانەکان لەدوو ریزدا دەوەستان و ئامرازی شەڕ و شمشێر و رمیان هەڵدەگرت. کاتێك پاشا لایانەوە تێدەپەری یەك یەك سەریان دادەنەواند و هاوشێوەی نوێژخوێنان سەریان لەقەڵغانەکانیان دەدا و بەمشێوەیە رێزیان لەپاشا دەگرت. رۆژێك شەهربەراز لەسەرئەسپەکەی خۆی دانیشت و سێ برا لای یەك وەستان. کاتێك شەهەربەراز گەشتە لای ئەوان، بەڕم سینەیان کون کون کرد. ئەو کەوتە خوار و دەسبەجێ گیانی دا. بەتەناف قاچیان بەست و بەراکێشان بردیان و دەستەیەك لەگەورەکانی ولاّت هاوکاریین کردن. تەمەنی پاشایەتی ئەو چل رۆژی خایاند.

پاشایەتی پوران
کچی پەرویز کوڕی هورموز کوڕی ئەنەوشیروان

کاتێك شەهربەراز کوژرا، ئێرانییەکان شازدەکچ، پورانیان هێنایە سەرتەخت چوونکە هیچ پیاوێك نەمابوو ئەو پێگەی پێببەخشن. کاتێك پوران لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشت، کردەوەی باشی لەگەڵ خەڵك گرتەبەر و دادپەروەرانە فەرمانرەوایەتی کرد. سەرلەنوێ پردەکانی دروست کردەوە، پاشماوەانی باجی وەرنەگرت و داری خاچی بۆ پاشای رۆم گەراندەوە. پاشایەتی ئەو یەك مانگ و چوار ساڵی خایاند. دوای ئەو پیاوێك بەناوی (خۆشنوش بەندە) لەئامۆزا دوورەکانی خوسرەو پەرویز هاتەسەر کار. سوپاییەکان ئەویان کوشت چوونکە هەڵس و کەوتی ئەویان بەدڵ نەبوو.

پاشایەتی ئازەرمیدۆخت کچی پەرویز

کاتێك خۆشنوش بەندە کوژرا، ئێرانییەکان ئازەرمیدۆخت کچی پەروزییان بۆپاشایەتی هەڵبژارد. یەکێك لەجوانترین ژنانی جیهان بوو. فەرماندەی ئەرتەشی ئێران لەم کاتەدا پیاوێك بەناوی فەرۆخ هورموز سپاسالاری خوراسان بوو. ئەوکەسێکی بۆ خوازبێنی ئەم کچە نارد و کچ وەلامی دایەوە: هاوسەر گرتن بۆ ئێمە رەوانییە. مەبەستی تۆ چێژ بردنە لەمن. کەواتە لەفلاَن کات وەرە لای من و لەئامێزم بگرە. ئەو هەوساری پچراند و لەو شەوە رۆشتە سەردانی شازدەکچی وڵات. کچ بەنهێنی فەرمانی بەفەرماندەی پاسەوانەکان دا بیکوژێت. ئەو فەرۆخ هورموزی کوشت و جەستەکەی فرێدایە گۆرەپانی گەورەی پایتەخت. بۆ بەیانی خەڵك بەکوژراویان بینی و بەخاکیان سپارد. کورەکەی ئەو رۆستەمە کە لەقادسیە

لەبەرابەر موسوڵمانەکان خۆراگری کرد. ئەو جێگری باوکی بوو لەخوراسان. رۆستەم لەگەڵ سوپاکەی خۆی هاتە مەداین و چاوە جوانەکانی ئازەرمیدۆختی هەڵکۆڵی و کوێری کرد. هەندێك دەڵێن: ژەهر خواردی کرد. رۆژگاری پاشایەتی ئەو شەش مانگی خایاند. دەڵێن: لەم کاتەدا پیاوێك بەناوی خوسرەو کوڕی مێهر جۆسنس لەکورەزاکانی ئەردەشیری بابەکان کە لەئەهواز دەژیا، دەرکەوت و گەورەکانی وڵات ئەویان کردە پاشا و تاجیان لەسەر کرد. ئەو چەند رۆژ دوای پاشایەتییەکەی کوژرا. دەستەیەك دەڵێن: ئەوەی دوای ئازەرمیدۆخت پاشایەتی گرتەدەست، خەرزاد خوسرەو لەکورەزاکانی خوسرەو پەرویز بوو. دایکی ئەو ژنێکی بەرەگەز کورد و خوشکی بەستام بوو. ئەویان لە(سەنگدژ) لای نەسیبین دۆزییەوە. ئەو چەند رۆژێك لەسەر تەخت مایەوە و دواتر ئەویان لەسەر کار لابرد. رۆژگاری پاشایەتی ئەو شەش مانگی خایاند.

ئەوانەی وتویانە خوسرەو مێهر کسنس پاشایەتی گرتەدەست، دەڵێن: کاتێك کوژرا، گەورەکان بەدوای کەسێك دەگەران بەرەگەز بگەڕێتەوە سەربنەماڵەی پاشاکان، تەنانەت ئەگەر ژنینش بێت. لەم کاتەدا پیاوێك لەپاشماوەکانی میسانیان هێنا کەناوی فیروز کوڕی مێهران جۆسنس بوو و بە(جۆسنسەندە)(خۆشنوش بەندە) ناودەبرا و دایکی چواربەخت کچی یەزدان زان کوڕی ئەنەوشیروان بوو. ئێرانییەکان وەك پاشا هەڵیانبژارد. سەری گەورە بوو، کاتێك ویستی تاج لەسەر بکات وتی چ تەسکە ئەم تاجە! گەورەکان ئەم وتەیان بەشێوەیەکی خراپ لێکدایەوە و دەسبەجێ کوشتیان.. دەستەیەك دەڵێن: کوژرانی ئەو دوای چەند رۆژ بوو.

پاشایەتی یەزدگێرد کوڕی شەهریار کوڕی پەرویز

لەم کاتەدا بارودۆخی ئێرانییەکان روی کردە بەدبەختی و چارەرەشی و موسوڵمانەکان هاتنە سەرزەمینی ئەوان. ئێرانییەکان بە دوای کەسێك لەبنەماڵەی پاشایەتی دەگەران تا بیکەنە پاشای خۆیان و لەژێر ئاڵای ئەودا شەڕ بکەن و وڵاتی خۆیان لەزیانی ئەنیران (نائێرانییەکان) دووربکەنەوە. ئەوان یەزدگێرد کوڕی شەهریاریان لەئیستەخر دۆزییەوە. ئەویان هەڵگرت و هێنایانە مەداین و لەسەر تەخت دایانیشاند.. بەڵام فەرمانرەوایی ئەو لای کەسەکانی گوماناوی و وەزیرەکان کاروبارەکانیان بەڕێوەدەبرد چونکە بارودۆخی ئێران شێواو و شپرزە و پاشاکەیان کەم تەمەن بوو. دوژمنان لێیان راستبوونەوە و بارودۆخی وڵات بەتەواوی دژوار و ئەنیران (جیاواز لەئێرانییەکان) هاتنە ناو وڵاتەکەیان. دوای دوو ساڵ لەپاشایەتی ئەو، عەرەبەکان هێرشیان کردە سەر ئێران. هەموو رۆژگاری ئەو بیست و هەشت ساڵی خایاند. ئەو ناجوامێرانە کوژرا.

بەسەرهاتی ئەو لەکاتی نوسینی فتوحاتی ئیسلامی ئاماژە پێدەدەین.

ئەمە دوایین پاشای ئێران بوو. دوای ئەوە مێژووە ئیسلامیەکان بەپێی ساڵەکانی کۆچی باس دەکەین. پێشتر رۆژە ناودارەکانی عەرەب و شەڕەکانیان باس دەکەین. دواتر بەخواستی خوای گەورە ئاماژە بەرووداوەکانی رۆژگاری ئیسلام دەدەین.

شەڕەکانی عەرەب لەرۆژگاری نەزانیدا(جاهلی)

ئەبوجەعفەری تەبەری لەشەڕکانی ئەوان جگە لەرۆژەکانی زی قار، جەزیمە ئەبرەش، زەبا، تەسم و جەدیسی بیرنەهێناوەتەوە. ئەوانیش تەنیا لەسەردەمی پاشایەتی ئەوان باس کردووە. ئەو بەسەرهاتەکانیتری پشت گوێ خستووە. ئێمە رۆژە ناودارەکان و روداوە ناسراوەکان کە لەخۆگری ژمارەیەکی زۆری خەڵك و کوشت وکوشتاری فەراوان بووە، ئاماژە پێدەدەین. ئێمە باسی هێرش و شەڕ بچوکەکان ناکەین چوونکە ژمارەیان زۆر و لەبژاردن نایەن. ئێستا بەیاری خوا دەڵێین:

شەڕی زوهەیر کوڕی جەنابی کەلبی
لەگەڵ غەتفان و بەکر و تەغلەب و مناڵەکانی یەقین

زوهەیر کوڕی جەناب کوڕی هوبەل کوڕی عەبدوللە کوڕی کەنانە کوڕی عەوف کوڕی عوزرەی کەلبی یەك لەو کەسانە بوو کەخەڵکی هۆزی قوزاعە دەوریان گرت. ئەویان بەهۆی بە بەڕشتی لەبڕیار بەکاهین ناو دەبرد. ئەو دوو سەد و پەنجا ساڵ و بەوتەی هەندێ کەس چوارسەد و پەنجا ساڵ ژیا و دوو سەد جار رۆشتۆتە گۆڕەپانی شەڕ. پیاوێکی بوێر، سەرکەوتوو و کردەوە بەرز بوو.

هۆکاری شەڕ لەگەڵ غەتەفان ئەوەبوو کاتێك مناڵەکانی بەغیز کوڕی ریس کوڕی غەتەفان لەتەهامە هاتنەدەر، هەموویان بەرێکەوتن و لەم ناوەدا (سدا) کەلقێك لەهۆزی مەزجێح بوو، روبەرویان بوویەوە و رێگەی لێ گرتن. شەڕ لەنێوانیان رویدا و کورەکانی بەغیز هاورێ لەگەڵ ژن و مناڵ و سامانەکانی خۆیان بۆ پێشەوە دەرۆشتن. لەبەرابەر سدائییەکان بەرگریان لەخۆیان دەکرد. ئەوان بەسەر سدائیەکان سەرکەوتن و زۆر لەوانیان کوشت. لەم رووەوە بەغیزیەکان بەرێز و مەزن

بوون و سامانەکانیان زیادی کرد. کاتێك ئەمەیان بینی وتیان: سوێند بەخوا بێ گومان بارەگایەك وەك مەککە بۆ خۆمان دروست دەکەین کەراوچی نەکوژرێت و پەنابەرەکەی ئارام بێت و زیانی پێ نەگات. بۆ خۆیان بارەگایەکیان دروست کرد و منالەکانی مورە کوڕی عەوف سەرپەرەستی ئەوانیان گرتە دەست. کاتێك کردار و وتار و هاوپەیمانی ئەوان بەزوهەیر کوڕی جەناب گەشت، وتی: سوێند بەخوا تا من زیندووبم بەم کارە رازی نابم و هەرگێز رێگەنادەم غەتەفانییەکان بۆ خۆیان بارەگایەك دروست بکەن. ئەو لەناو خەڵکەکەی خۆی جاریدا و ئەوان کۆبوونەوە. لەناو ئەوان وتارێکی پێشکەش کرد و رۆژگار و کرداری غەتەفانییەکانی گێرایەوە و ئەوی بیستبووی، باسی کرد. وتی: گەورەترین هۆکاری شانازی کە من و ئێوە دەتوانین بۆ خۆمانی پاشەکەوت بکەین، ئەوەیە رێگەی ئەم کارە لەوان بگرین. خەڵکان وەلامیان دایەوە و رەزامەندی خۆیان نیشاندا. هاورێ لەگەڵ ئەوان رۆشتە شەڕی غەتەفانییەکان و قورسترین و خوێناویترین شەڕەکانی دەستپێکرد. زوهەیر بەسەر ئەواندا زاڵ و دادی دڵی لەوان سەند و شاسوارێك لەوانی لەناو بارەگاکەیان گرت و کوشتی و ئەو بارەگای روخاند. ئەوسا غەتەفانییەکانی بەخشی و ژنەکانی دانەوە سامانەکانی پاراستن.

زوهەیر لەمبارەوە وتوویەتی:

فلم تصبر لنا غطفان لما ... تلاقينا و احزرت النساء

فلولا الفضل منا ما رجعتم ... الى عذراء شيمتها الحياء

فدونكم ديونا فاطلبووها ... و اوتارا ودونكم اللقاء

فانا حيث لا يخفى عليكم ... ليوث حين يحتضر اللواء

فقد اضحى لحى بنى جناب ... فضاء الارض و الماء الرواء

نفينا نخوة الاعداء عنا ... بارماح اسنتها ظماء

ولولا صبرنا يوم التقينا ... لقينا مثل ما لقيت صداء

غداة تضرعوا لبني بغيض ... وصدق الطعن للنوكى شفاء

واتاکەی: کاتێك یەکمان بینی و ژنەکان لەبەندا گرفتار بوون، غەتەفانییەکان

لەبەردەم ئێمەدا خۆراگریان نەکرد. ئەگەر بەخشینەکانی ئێمە نەدەبوو، ئێوە ئیتر لەباوەشی کچێکی شەرمێوندا ئارامتان نەدەگرت. ئێستا قەرزەکانتان وەربگرنەوە و بە دوای خوێنە رژاوەکاندا برۆن و ئەگەر دەتوانن بیهێنن بۆ گۆرەپانی شەڕ. ئێمە لەوێین و بەو شێوەین کەلای ئێوە شاراوە نییە. کاتێك ئالاّ هەڵبکرێت، شێری ژیانین. ئێستا پانایی زەوی و ئاوی سازگار تایبەت بووە بەکورەکانی جەناب. ئێمە گەردنی درێژی دوژمنانمان لەخۆمان دور کردەوە و ئەم کارەمان بەو ڕمانە کرد کەنوکەکانیان تینوی خوێنن. ئەگەر لەرۆژی شەڕ خۆراگریمان نەدەکرد، ئەوەمان بەسەردەهات کەبەسەر سدائییەکان هات. لەو بەرەبەیانە کەبەغیزیەکان دەگریان و دەپارانەوە. داکوتانی سازگار بە ڕم، باشتر کردنی نەزان و بێ ئاوزانە.

هۆکاری شەڕی ئەو لەگەڵ بەکر و تەغلەب منالّەکانی وایل ئەوە بوو کاتێك ئەبرەهە گەشتە نەجد، زوهەیر رۆشتە لای. ئەو ڕێزی لێگرت و پێش عەرەبەکانیتری خست. دواتر ئەوی کردە فەرمانرەوایی بەکر و تەغلەب (دوو هۆز لەبنەماڵەی وایل). ئەو بووە فەرمانرەوایی ئەوان تا ساڵێکی وشك و دژوار گەشت کەدانی باجی دڵخواز لەسەر ئەوان گران تەواو بوو. زوهەیر شەڕی لەگەڵ کردن و لەوەرگاکانی لەوان سەندەوە تا باج و قەرزەکانی خۆیان بدەن. مردنی ئاژەڵەکانیان نزیك بوویەوە. کوڕی زیابە یەکێك لەمنالّەکانی تەیم الله کوڕی سەعلەبە کەشەڕکەرێکی خوێنرێژ بوو، ئەمەی بینی و کاتێك زوهەیر نوستبوو، هاتەسەر سەری و شمشێری لەسکی چەقاند و قورسایی خۆی خستەسەری بەشێوەیەك کەشمشێر پێستی ژێرەوەیشی هەڵدڕی و نوکەکەی هاتەدەر و لەئەرز رۆچوو. سك و ریخۆڵەکانی بەسلامەتی مایەوە. تەمیمی گومانی کرد ئەوی کوشتووە و زوهەیر زانی تەندروست رزگاری بووە و لەبەر ئەمە بەدژواری خۆی گرت و نەجولاّ تا ئەو پیاوە خوێنرێژە هێرش نەکاتەسەری و بەیەکجاری خوێنی نەرێژێت. تەمیمی بۆ لای خەڵکەکەی خۆی گەرایەوە و ئاگاداری کردن کەزوهەیری کوشتووە.

هاورێیانی زوهەیر جگە لەکەمێك لەخەڵکەکەی نەبوون. فەرمانیدا بەرواڵەت مەرگی ئەو رابگەیەنن و لەبەکرییەکان و تەغلەبیەکان بۆ بەخاك سپاردنی مۆڵەت وەربگرن. کاتێك مۆڵەتیان وەرگرت، قوماشێك لەجیاتی ئەو بەخاك بسپێرن و ئەو

بۆ چارەسەر کردن بۆ لای خەڵکەکەی ببەن. ئەم کارەیان کرد. بەکرییەکان و تەغلەبییەکان مۆڵەتیان دا ئەو بەخاك بسپێرن. زەوییان هەڵکەند و لەقولاّییدا رۆشتنە خوار و دواتر قوماشێکیان بەخاك سپارد کەهەر کەس بینی، وتی بێ گومان مردووێکە بە خاکی دەسپێرن. دواتر بەپەلە ئەویان بۆ لای خەڵکەکەی برد. زوهەیر سوپایەکی زۆری کۆکردەوە تا هێرش بکاتە سەریان. هەواڵەکەیان پێگەشت و کوڕی زیابە بەم شێوەی وت:

طعنة ما طعنت فة غلس اللي ييل زهيرا و قد توافى الخصوم

حين يحمى لة المواسم بكر اين بكر و ايم منها الحلوم

خانني السيف اذ طعنت زهيرا وهو سيف مضلل مشئوم

واتاکەی: کاتێك دوژمنەکان بەیەك گەشتن، لەتاریکی شەو بەتوندی شمشێرێکم لەزوهەیردا. بەشێوەیەك بەکرییەکان مەرگی ئەویان جەژن گرت و ئاییی بەخاکسپاردنیان ئەنجامدا. ئێستا بەکرییەکان لەکوێن و ئامانجەکانیان بۆ کوێ رۆشت و چیبوو بە فیرۆ چوو؟ شمشێرەکەم خیانەتی لێکرد و کاتێك لەزوهەیرم دا دڵی کون نەکرد. شمشێر خوار و بەدبەختی بوو.

زوهەیر هەر کەسێکی توانی، لەیەمەن کۆیکردەوە و هاورێ لەگەڵ ئەوان رۆشتە شەڕی بەکر و تەغلەب. ئەوان زانیان و سەرسەختانە بەرگریان کرد. شەڕێکی قورسی لەگەڵ بەکردا کرد و ئەوانی تێکشکاند. دوای ئەوە لەگەڵ تەغلەب شەڕی کرد و ئەوانیش شکستیان خوارد. کولەیب و موهەلهیل دوو کورەکەی رەبیعە ئەسیر کران و سامانەکان دەستیان بەسەردا گیرا و کوژراوەکان لەتەغلەبیەکان زیادی کرد. ژمارەیەك لەشاسوارەکان و بوێران و گەورەکانیشیان ئەسیر کران. زوهەیر لەمبارەوە هۆنراوەیەکی هۆنییەوە کە ئەمە چەند دێرێکیەتی:

اين اين الفرار من الحذر المو ت اذا يتقون بلااسلاب

اذ اسرنا مهلهلا و اخاه و ابن عمرو في القيدو ابن شهاب

و سبينا من تغلب كل بيضا ء رقود الضحى برود الرضاب

حین تدعو مهلهلا یال بکر ها اهذی حفیظة الاحساب
و یحکم و یحکم ابیح حماکم یا بنی تغلب انا ابن رضاب
وهم هاربوون فی کل فج کشر ید النعام فوق الرو ابی
و استدارت رحی المنایا علیهم بلیوث من عامر و جناب
فهم بین ها رب لیس یألو و قتیل معفر فی التراب
فضل العز عزنا حین نسمو ثل فضل السماء فوق السحاب

واتاکەی: شوێنی راکردن کوێیە؟ کوێیە؟ کاتێك ئەوان بەسەلەبەکان مەرگیان لەخۆیان دوور دەکردەوە. کاتێك موهەلهیل و براکەیمان گرفتار کرد و کوڕی عەمرۆ و کوڕی شەهابمان بەند کرد. لەناو تەغلەبیەکان هەر ئەندام سپییەکی خەوتو لەنیمەرۆ و هەلگری ئاوی دەمی فێنك کەرەوەی جەرگەکانمان دیل کرد. ئەوساتەی موهەلهیلییەکان دەیانقیژاند: ئای بەکرییەکان! ئایا شێوەی پارێزگاری کردن لەخۆتان و کەس وکارتان بەم شێوەیە؟ هاوار لەئێوە ! هاوار لەئێوە! بارەگاکەتان لەیەك هەلۆەشا، ها ئەی تەغلەبییەکان، من کوری رەزابم. ئەوان لەهەر رێرەوێك هەلاتن بەهەمان شێوە کەوشترملەکان لەسەر تەپۆلکەکان بلاو دەبنەوە. لەسەردەستی کەلە پیاوانی وەك عامر و جەناب، ئاشی مەرگ لەناو ئەوان سورا. ئەوان بوون بەدوو دەستە: دەستەیەکیان رایکرد و ئاوڕیان بۆ دواوە نەدایەوە و دەستەیەکیان کوژران و لەخاك و خوێندا گەوزان. کاتێك سەر بەرز بکەینەوە، پایەبەرزی ئێمە زیاد دەکات و پێش دەکەوێت بەهەمان شێوە کەئاسمان لەسەر هەورەکان راوەستاوە و لەپێشە.

هۆکاری شەڕ کردنی ئەو لەگەڵ منالەکانی قین کوڕی جسر ئەوە بوو یەکێك لەخوشکەکانی زوهەیرلەناو ئەوان مێردی کردبوو. رۆژێك نێردراوی ئەو ژنە هات و هەنبانەیەکی پڕ لەزیخ و هەنبانەیەکی پڕلەچقلی (گەومن)ی هێنا. زوهەیر وتی: ئەم ژنە ئاگادارتان دەکاتەوە کەدوژمنێکی بەهێز و تێکۆشەر هێرش دەکاتە سەر ئێوە. لەمالەکانی خۆتان برۆنەدەر و کۆچ بکەن. جولاح کوڕی عەوف سۆحەمی وتی: بەوتەی ژنێك لەمالەکانی خۆمان ناڕۆینەدەر. زوهەیر کۆچی کرد و جولاح مایەوە.

بەرەبەیان دوژمن هێرشی کردە سەریان و هەموو کەسانی جولاحیان کوشتار کرد و سامانەکانی ئەوانیان تالان کرد. زوهەیر رۆشت و لەگەڵ منداڵەکانی خۆی لەجەناب کۆبوویەوە. ئەم هەواڵە بەسوپا گەشت و مەبەستی ئەویان کرد. لەبەرابەر ئەوان خۆراگری کرد و ئەوانی تێکشکاند و سەرکردەی ئەوانی کوشت و ئەوان بێ هیوا پاشەکشێیان کرد. کاتێك ژیان زوهەیر درێژەی کێشا و ساڵەکانی تەمەنی درێژ بوویەوە، کوڕی براکەی خۆی عەبدوللە کوڕی عەلیمی کردە جێگری خۆی. زوهەیر رۆژێك وتی: بزانن هۆز دەبێت رۆژێك کۆچ بکات. عەبدوللە وتی: بزانن کەهۆز دەمێنێتەوە. زوهەیر وتی: ئەوە کێیە مەبەستی ناسازگاری دەژەنێت؟ وتیان: کوڕی براکەت عەبدوللە کوڕی عەلیم. وتی: دوژمنترین دوژمنانی پیاو کوڕی براکەیەتی. ئەوسا دەستی بەخواردنەوە کرد و ئەوەندەی خواردەوە تا مرد.

لەناو ئەو کەسانەی لەگەڵ ئەو خواردیانەوە تا مردن، عەمرۆ کوڕی کلسومی تەغلەبی و باوکی عامیر رمباز دەینران.

شەڕی بەرەدان

داستانی ئەم شەڕە بەم شێوە بوو: زیاد کوڕی هوبوولە پاشای شام کە لەهۆزی سەلیح کوڕی حیلوان کوڕی عیمران کوڕی حاف کوڕی قوزاعە بوو، هێرشی کردە سەر حۆجر کوڕی عەمرۆ کوڕی مەعاویە کوڕی حارسی کێندی پاشای عەرەبەکانی نەجد و پانتاییەکانی عێراق ناسراو بەناوی (اكل المرار). پێشتر حۆجر هێرشی کردبووە سەر هۆزەکانی کیندە و رەبیعە لەبەحرەین. ئەم هەواڵە بەگوێی زیاد کوڕی خوبولە گەشت. ئەو سوپاکەی خۆی بۆ لای بنەماڵە و کەسانی حۆجر و رەبیعە نارد و مەبەستی تالآن کردنی سامانی ئەوانی کرد و ئەوان (خلوف)بوون یانی پیرەپیاو و ژنان و منالّ کەپیاوەکانیان رۆشتبوونە شەڕ و ئەوان بێ کەس و پەنا لەماڵەکاندا دەژیان. زیاد هێرشی کردە سەر بارەگای ژنان و ئەوانی گرفتار کرد و سامانەکانی تالآن و دیلەکانی گرت کەهند کچی زالّم کوڕی وەهب کوڕی حارس کوڕی مەعاویە لەناویاندا بوو.

پیاوانی هۆزی حۆجر و کیندە و رەبیعە لەتالآن و دەستدرێژی زیاد ئاگادار بوونەوە و لەشەڕ گەرانەوە و شوێنی کەوتن. گەورەکانی رەبیعە وەك عەوف کوڕی موحەلیم کوڕی زوهەل کوڕی شەیبان و عەمرۆ کوڕی ئەبی رەبیعە کوڕی زوهەل کوڕی شەیبان و هاوشێوەکانی ئەم دووانە، لەگەڵ حۆجر بوون. ئەوان عەمرۆیان لەبەرەدان لەنزیك عەین ئۆباغ بینی و بینیان لەشوێنێکی ئەمندا قەلأی گرتووە و کەس ناتوانێت بیدۆزێتەوە. حۆجر لەداوێنی کێو دابەزی و هۆزەکانی بەکر و تەغلەب لەگەڵ حۆجر لەداوێنی کێو لەسەحسەحان لەسەر ئاوێك کەبەحەفیر ناویان دەبرد، ئۆردوویان هەڵدا. عەوف کوڕی مۆحەلیم و عەمرۆ کوڕی ئەبی کوڕی زوهەل کوڕی شەیبان پەلەیان کرد و بەحۆجریان وت: ئێمە دوای زیاد کەوتوین ئەگەری هەیە بتوانین هەندێ لەوەی بەتالآنی بردووە وەربگرینەوە. ئەم دووانە شوێنی کەوتن. لەنێوان ئەو و عەوف پەیمانی برایەتی بەسترابوو. عەوف هاتە لای و پێی وت: ئەی باشترینی لاوەکان، ژنەکەم ئۆمامە بۆ من وەگەرێنە. ئەو ژنی گەراندەوە و

ژن دوگیان بوو. ژن کچێکی هێنایە دنیا و عەوف ویستی زیندە بەچاڵی بکات بەڵام عەمرۆ کوڕی ئەبی رەبیعە رێگری کرد و وتی: ئەگەری هەیە خەڵکانێك لەو دروست ببن. لەبەر ئەمە ئەویان بە دایکی خەڵك (ام الناس)ناوبرد. حارس کوڕی عەمرۆ کوڕی حۆجر اکل المراری بەهاوسەری هەڵیبژارد کەعەمرۆی بۆ هێنایە دنیا و لەبەر ئەمە بەویان وت کوڕی ام الناس.

دواتر عەمرۆ کوڕی ئەبی رەبیعە بەزیادی وت: ئەی باشترینی جوامێران، ئەو وشترەکانی منی داگیر کردووە، بۆم بگەڕێنەرەوە. وشترەکانی گەڕاندەوە و لەناو ئەوان وشترێکی نێربوو کە خۆی لەچنگی ئەو دەرباز کرد و روی کردە وشترە مێ کان. عەمرۆ ئاوقای وشترەکەبوو و بەچالاکی لەزەویدا. زیاد پێی وت: ئەی عەمرۆ، ئەگەر ئێوە منالەکانی شەیبان، پیاوانتان وەك وشتر لەزەوی دەدا، بۆ خۆتان کەسێك بوون و بەم شێوە سوك و ریسوا نەدەبوون. عەمرۆ پێی وت: کارێکی کەمت کرد وناوێکی گەورەت برد و زیانێکی مەترسیدارت لەسەر خۆت دروستکرد. سوێند بەخوا تاوانەکەی دەدیتەوە و رۆژێك دگات ددانەکانی من لەخوێنی خۆت تێراو بکەیت. ئەوسا لەسەر سەمەندی تێژپێی خۆی سوار بوو رویکردە حۆجر و کەس ئاگاداری نەبوویەوە. حۆجر، سەدوس کوڕی شەیبان کوڕی زوهەل و سۆلیع کوڕی عەبد غەنمی نارد تا هەواڵەکانی تایبەت بەوان کۆبکەنەوە بۆ ئەوەی لەچۆنییەتی سوپا ئاگادار ببنەوە. ئەم دووانە بەرێکەوتن و شەوانە هاتنە سەر سوپاکەی زیاد و بینیان تالانییەکان دابەش کراون. لەمکاتەدا مۆمیان هێنا و خواردنی رۆن و خورمایان بەخەڵکاندا. کاتێك خەڵك لەخواردن تێربوون، زیاد وتی: هەر کەس کۆڵێك دار بێنێت، باوەشێك خورمای پێدەدەم. سەدوس و سەلیع دوو کۆڵیان هێنا و دوو باوەش خورمایان وەگرت و لەنزیك خێوەتەکەی ئەو جێگەیانگرت. لەم کاتەدا سەلیع بۆ لای حۆجر گەرایەوەو ئەوی لەچۆنیەتی سوپاکەی زیاد ئاگادار کردەوە و خورماکەی نیشان دا.

سەدوس وتی: من لەشوێنی خۆم ناجوڵێم تا هەواڵێکی راست کۆدەکەمەوە. لای ئەو خەڵکە مایەوە و گوێی هەڵخست و قسەکانیانی بیست. هند، ژنی حۆجر، لەپشت سەری زیاد بوو. ژن بەزیادی وت: ئەم خورمایان لەهیجر بۆ حۆجر بەدیاری هێناوە

و ئەم خورمایان لەدومە الجەندەل. دواتر هاوەڵانی زیاد لێی دورکەوتنەوە. سەدوس دەستی لەسەر شانی یەکێك لەهاونشینەکانی خۆی دا (ئەم کارەی لەترسی ناسینەوە کرد) و پرسی: تۆ کێیت؟ وتی: فلان کوڕی فلان. سەدوس لەخێوەتەکەی زیاد نزیك بوویەوە بەشێوەیەك وتووێژی ئەوانی دەبیست. زیاد لەژنی حۆجر نزیك بوویەوە و بۆنی کرد و ماچی کرد و لەئامێزی گرت و خۆشەویستی لەگەڵ کرد. زیاد بەژنەکەی وت: ئێستا چ گومانێکت لەبارەی حۆجرەوە هەیە؟ ژن وتی: گومانم نییە بەڵکو دڵنیام. سوێند بەخوایەتی خوا کەحۆجر لەشوێنکەوتنی تۆ دەست هەڵناگرێت تەنانەت ئەگەر پەنا ببەیتە کۆشکە سورەکان (یانی کۆشکەکانی شام). ئێستا ئەو دەبینم لەگەڵ شاسوارەکاندا بەدوای تۆ بەڕێکەوتووە. ئەو ئەوان هان دەدات و ئەوان ئەو هان دەدەن و تینوی خوێنی تۆیە و لێوەکانی هاوشێوەی وشترێك کەچقڵی خواردبێت، کەفیان کردووە. رابکە، رابکە! لە پشت سەرت کەسێکی پێداگر، خەڵکانێکی زۆر، فرێوێك و باوەڕێکی بەهێز هەیە. زیاد دەستی بەرز کردەوە و شەقەزلەیەکی لەروخساری ئەو مانگ روخسارەدا و دواتر پێی وت: بۆیە ئەم قسانە دەکەیت چوونکە دڵت لای ئەوە و خۆشت دەوێت. ژن وتی: سوێند بەخوا کەس بەئەندازەی ئەو دوژمنم نییە و کەسم بە دوور ئەندێشتر و چالاکتر لەو لەبێداری و خەودا نەبینیوە. ئەگەر چاوەکانی بخەوێت، ئەندامێکیتری بەئاگایە! کاتێك دەیویست بخەوێت، فەرمانی بەمن دەدا کاسەیەك پڕ شیر لەسەر سەری دانێم. شەوێك کەخەوتبوو و من لەنزیکیەوە بووم بووم، رەشمارێك هات و لەسەری نزیك بوویەوە. ئەو سەری خۆی لابرد. روی کردە دەستی و ئەو دەستی خۆی داشارد. روی کردە قاچی و ئەو قاچی خۆی بەرزکردەوە. رەشمار روی کردە کاسە شیرەکە و کەمێکی لێخوارد و دواتر هەڵیهێنایەوە و کردیەوە ناو کاسە شیرەکە. وتم: ئێستا هەڵدستێت وشیر دەخوات و دەمرێت و من لێی ئاسودەدەبم. لەخەو هەستا و وتی: کاسەی شیرەکە لەمن نزیك بکەرەوە. شیرەکەم دایە دەستی بۆنی کرد و فڕیدا و رشتی. دواتر وتی: رەشمار چی لێهات؟ وتم: لێرەدا مارێکم نەبینیوە. وتی: سوێند بەخوا درۆ دەدەکەیت. سەدوس وتووێژی نێوان ژن و زیادی بیست. ئەو گەڕایەوە و هاتەلای حۆجر و کاتێك گەشت وتی:

اتاك المرجفون با مرغيب   على دهش و جئتك باليقين
فمن يك قد اتاك بامر لبس   فقد اتى بار مستبين

واتاکەی: ئاگادارکەرەوان، بەترسەوە، بۆ تۆ هەواڵێکیان لەکارە نهێنیەکان هێناوە و من بەتەواوی دڵنیام. ئەگەر کەسێکیتر هەواڵێکی ناراست و نامۆی بۆ تۆ هێنابێت، من هەواڵێکی رون و ئاشکرام بۆ هێناویت.

دواتر ئەوەی بیستبووی، بۆ حۆجری گێرایەوە. حۆجر لەگەڵ گوێ گرتن لەوتەکان گەمەی بەچقل و چەوێڵ دەکرد و لەتاو رق و داخ لەو چقڵەی دەخوارد و لەبەر تاڵی نەیدەزانی چی دەخوات. کاتێك سەدوس وتارەکەی خۆی تەواو کرد، بینی حۆجر چقڵەکەی خواردووە. لەم رۆژەوە بەویان وت ئاکل المرا(چقڵخۆر). مەرار چقڵ یا گیایەکی زۆر تاڵە کەهیچ ئاژەڵێك نایخوات و ئەگەر بیخوات دەمرێت. دواتر حۆجر فەرمانیدا لەناو خەڵك جار بدەن. ئەو لەگەڵ هاوەڵانی خۆی سوار بوو بەرەو زیاد غاریدا. شەڕێکی هەرچی قورستر رویدا و زیاد و شامییەکان شکستیان خوارد و ژمارەیەکی زۆریان لێ کوژرا. بەکر و کیندە هەموو سامان و ئەسیرەکانیان وەرگرتەوە. سەدوس روانی و زیاد کوڕی هوبوولەی ناسییەوە و هێرشی کردەسەر و لەئەرزیدا و دەست وپێی بەست. کاتێك عەمرۆ کوڕی ئەبی رەبیعە ئەوی بینی، رژدی برد و بەرِم هێرشی کردە سەری و کوشتی. سەدوس تورە بوو و وتی: دیلی منت کوشت کەخوێنبایی ئەو خوێنبایی پاشاکانە. ئەو دووانە داوەریان بردە لای حۆجر. حۆجر لەسەر عەمرۆ و خەڵکەکەی دانی خوێنبایی پاشای دیاری کرد و لەسامانی خۆی هاوکاری کردن. حۆجر ژنەکەی خۆی گرت و بەدوو ئەسپی تیژپێ بەستیەوە. ئەوسا ئەسپەکانی غاردا و ژنەکەی لەت لەت کرد. دەستەیەك دەڵێن بەم شێوە نییە بەڵکو ئەوی سوتاند. ئەو لەم بارەوە وتویەتی:

ان من غره النساء بشی ء   بعد هند لجتهل مغرور
حلوة العين و الحديث و مر   كل شیء اجن منها الضمير
كل انثى و ان بدت منها   اية الحب حبها خيتعور

واتاکەی: هەر کەس دوای هند شەیدای ژنان بێت، شەیدایەکی نەزانە. چاوەکانی شیرینە و تەکانی شیرینتر. بەلأم هەمووی ئەوەی لەدڵیدا شاراوەیە، تاڵ و ژەهراوییە. هەر مێینەیەك هەرچەندە نیشانەی هاوڕێیەتی نیشانی تۆ بدات، هاوڕێتییەکەی رەنگاورەنگ و ناسەقامگیرە.

دواتر حۆجر بۆ حیرە گەڕایەوە.

من دەڵێم: دەستەیەك لەزاناکان بەم شێوەیان وتووە کەزیاد کوڕی هوبولەی سەلیحی پاشای شام شەڕی حۆجری کرد. ئەمە راست نییە چوونکە پاشاکانی سەلیح لەدەوروبەری شام لەوشکانی لەخاکی فەلەستین تا قنسەرین و سەرزەمینەکانی رۆم نیشتەجێ بوون. لەدوای ئەوان غەسانییەکان ئەم سەرزەمینەیان گرت. هەموویان کاربەدەستانی رۆمی بوون بەهەمان شێوە کەپاشاکانی حیرە نوێنەرانی پاشاکانی ئێران لەفەرمانرەوایەتی کردنی وشکانی و عەرەبەکانیتر بوون. سەلیح و غەسان هیچ کام بەشێوەیەکی سەربەخۆ فەرمانرەوایی شام نەبوون و بەشێوەیەکی خودموختار و بێ پەیوەست بوون بەلایەنێکیتر، تەنانەت یەك بست لەخاکی شامیان لەژێر دەستدا نەبوو.

ئەوەی دەڵێن: پاشای شام، راست نییە. زیاد کوڕی هوبولەی سەلیحی پاشای بەرزاییەکانی شام، رۆژگارێکی درێژ پێش لەحۆجر ئاکل المرار بوو چوونکە حۆجر باوەگەورێی حارس کوڕی عەمرۆیە کە لەرۆژگاری قوباد باوکی ئەنەوشیروان فەرمانرەوایەتی حیرە و عەرەبەکانی عێراقی دەکرد. لەنێوان پاشایەتی قوباد وکۆچ کردنی پێغەمبەر بۆ مەدینە، نزیکەی سەد و سی ساڵە. غەسانییەکان لەدوای سەلیحییەکان بۆ شەشسەد ساڵ (و بەوتەی هەندێ کەس بۆ پێنسەد ساڵ) فەرمانڕەوایەتیان کرد. ئەمان لەدوای سەلیحەوە بوون و زیاد دوایین پاشای سەلیح نییە. لێرەوە درێژی رۆژگاریش درێژییەکی تر بەخۆوە دەگرێت. ئەمە جیابوونەوە و کەلێنێکی گەورەیە. کەواتە چۆن راستە کەزیاد کوڕی هوبولەی لەرۆژگاری حۆجر پاشا بێ بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەری؟ لەبەر ئەوەی مێژونوسانی عەرەب لەسەر ئەم شەڕانە کۆکن، ئەبێت رێگە چارە و سازگارکردنێکی رون و ئاشکرای بۆ

بدۆزینەوە. ڕاستترین وتە ئەوەیە: زیاد کوڕی هوبولە هاوڕۆژگاری حۆجر سەرپەرەستی دەستەیەك لەخەڵك یا فەرمانڕەوا بەسەر بەشێك لەدەوروبەری شام بووە. بەم شێوەیە ئەم وتەیە ڕاست دەبێت. و خوا زاناترە.

ئەمیش کەدەڵێن حۆجر بۆ حیرە گەڕایەوە، ڕاست نییە چوونکە پاشاکانی حیرە منداڵەکانی عودەی کوڕی نەسری لەخمی بوون و پاشایەتی ئەوان تا ڕۆژگاری قوباد پچڕانی تیا نییە وتەنیا لەم سەردەمەدا بوو پچڕانی تێکەوت. ئەو بوو کەحارس کوڕی عەمرۆ کوڕی حۆجری ئاکل المراری بۆ فەرمانڕەوایەتی دیاری کرد. پێشتر ئاماژەمان بەمەدا. کاتێك ئەنەوشیروان هاتە سەر کار، حارسی لابرد و لەخمییەکانی بۆ پاشایەتی گەڕاندەوە. لەوانەیە دەستەیەك لەکێندیەکان، کوێرکوێرانە ئاماژەیان بەم بابەتە دابێت. و خوا زاناترە.

باوکی عوبەیدە ئاماژەی بەم شەڕەداوە بەڵام نەیوتووە کەکوڕی هوبولە خەڵکی سەلیح بووە. ئەو وتوویەتی ئەم پیاوە، غالیب کوڕی هوبولە یەکێك لە اشاکانی غسانە بووە. ئەو ئاماژەی بۆ گەڕانەوەی حۆجر بۆ حیرە نەداوە. بەم شێوەیە تۆزی گومان لەم داستانە دەسردرێتەوە.

کوژرانی حۆجر باوکی ئەمرۆ ئەلقەیس و شەڕەکان بەهۆی کوژرانی ئەو تا مردنی ئەمرۆ ئەلقەیس

ئێمە سەرەتا ئاماژە بەهۆکاری پاشایەتی ئەو بەسەر عەرەبەکانی نەجد دەدەین و دواتر رووداوەکان تا کوژرانی ئەو و دواهاتەکان درێژە پێدەدەین.

پێشترنەزانەکانی بەکر بەسەر بیرمەندەکانی ئەواندا زاڵ بوون و کاروبارەکانیان گرتە دەست. لێرەوە بوو کەبەهێز ناتەوانی لەناوبرد. بیرمەندان بە ردی هەموو لایەنەکانیان لێکدایەوە و بڕیاریان دا پاشایەك بۆ خۆیان هەڵبژێرن تا دادی ناتەوان لەبەهێز و زۆردار وەربگرێت. عەرەبەکان ئەوانیان لەم کارە دورخستەوە و زانیان ئەم کارەیان بۆ ناچێتە سەر کەپاشا لەخۆیان بێت چوونکە ژمارەیەك دەبنە فەرمانبرداری و ژمارەیەك نافەرمان (عەرەبەکان لەخۆ بێزار و بێگانە پەرستن). ئەوان بەرەو لای تۆبعان رویان کردە یەمەن کەبۆ عەرەبەکان هاوشێوەی خەلیفە بۆ موسوڵمانان بوو. داویان لێکرد پاشایەکیان بۆ هەلبژێرێت. تۆبەع، حۆجر کوڕی ئاکل المراری بۆ پاشایەتی هەڵبژارد. ئەو رۆشتە لای ئەوان ولەسەرزەمینی (بەتن عاقڵ) دابەزی و هێرشی کردە سەر بەکرییەکان و هەمووی ئەوەی لەدەستی لەخمییەکان بوو (لەسەرزەمینی بەکرییەکان) لەوانی سەندەوە و مایەوە و لەوێ مرد و هەر لەوێ بەخاك سپێردرا.

کاتێك ئەو مرد، عەمرۆ کوڕی حجر ئاکل المرار کەئەویان بەمەقسور (دەست کورت، کوڵ) بانگ دەکرد، دوای باوك هاتە سەر تەخت. لەبەر ئەوە پێیان دەوت مەقسور چوونکە نەیتوانی جێگەی باوکی لەپاشایەتیدا بگرێت. براکەی معاویە کەئەویان بە (جون) رەش ناودەبرد، فەرمانداری یەمامەبوو. کاتێك عەمرۆ مرد، دوای ئەو کوڕەکەی حارس جێگای گرتەوە. ئەو لەکاری پاشایەتیدا سەختگیر و بەهێز و بەناوبانگ بوو. کاتێك قوباد کوڕی فیرۆز پاشایەتی ئێرانی گرتەدەست، هاورۆژگاری ئەو مەزدەك دەرکەوت و خەڵکی بۆ بێ باوەڕی و بێ دینی بانگێشت کرد کەپێشتر ئاماژەمان پێدا.

قوباد بانگێشتەکەی وەڵام دایەوە و لەم کاتەدا پاشایەتی لەدەستی مونزەر کوڕی ما السما نوێنەری فەرمانڕەوای خوسرەوان لەسەر حیرە و دەوروبەرەکەی بوو. قوباد داوای لێکرد باوەڕ بەئایینی مەزدەکی بێنێت. بەڵام ئەو رازی نەبوو. پاشای ئێران حارس کوڕی عەمرۆی بۆسەر ئایینی مەزدەکی بانگێشت کرد و ئەو رازی بوو و قوباد ئەوی کردە پاشای حیرە و مونزەری لە پاشایەتی وڵاتەکەی لابرد.

سەبارەت بەپاشایەتی ئەو ئاماژەیان بەبابەتی دیکەیش داوە کە لەرووداوەکانی رۆژگار قوباد ئاماژەمان پێدا.

ئەوان بەم شێوە مانەوە تا خوسرەو ئەنەوشیروان دوای باوکی قوباد بەپاشایەتی گەشت و مەزدەك و هاورێکانی کوشتار کرد و مونزەر کوڕی ما السمای وەك پارێزگاری حیرەدیاریکرد و بەدوای حارس کوڕی عەمرۆدا گەڕا کە لەماڵەکەی خۆی لەهەمبارێکدا دەژیا. ئەو هاورێ لەگەڵ منداڵ و سامانەکەی و نۆکەرەکانی هەڵات و مونزەر لەگەڵ سوارەکانی تەغلەب و ئەیاد و بەهرا شوێنی کەوتن. حارس کوڕی عەمرۆ بۆ سەرزەمینی کەلب رایکرد و رزگاری بوو و ئەوان سامان و نۆکەرەکانی ئەویان تاڵان کرد و دیلیان کرد. تەغلەبیەکان چل و هەشت کەسیان لەبنەماڵەی ئاکل المرار (و لەناو ئەواندا عەمرۆ و مالیك کوڕانی حارس) ئەسیر کرد و بۆ لای مونزەریان برد کە ئەوانی لەسەرزەمینی مناڵەکانی مەرینا کوشت. عەمرۆ کوڕی کولسوم لەمباروە دەڵێت:

فآبوو بالنهاب و بالسیایا	و ابنا با لملوك مصفدینا

واتاکەی: ئەوان لەگەڵ دیلەکان و سامانە تاڵان کراوەکان هاتن و ئێمە شازادەکانمان بەدیلی گەڕاندەوە.

ئەمرۆ ئەلقەیس سەبارەت بەوان دەڵێت:

ملوك من بني حجر بن عمرو	یساقون العیشة یقتلونا
فلو في یوم معركة اصیبووا	و لكن في دیار بني مرینا
دولم تغسل جما جمهم بغسل	و لكن في الدما مر ملینا
تظل الطیر عكافة علیهم	و تنتزع الحواجب و العیونا

واتاکەی: چەندین پاشایان لەمناڵەکانی حوجر کوڕی عەمرۆ هێنا تا شەوانە خوێنیان بڕێژنە سەر زەوی. خۆزگە لەگۆڕەپانی شەڕدا دەکوژران بەلاّم بە داخەوە لەسەرزەمینی مناڵەکانی مەرینا گیانیان دا. سەری ئەوان نە لەناو ئاو و گولاّو بەڵکو لەناو خوێندا گەوزا. باڵندەکان بەردەوام بەسەر لاشەکانیان هەڵدەفڕین و چاو و برۆی ئەوانیان هەڵدەکەند.

حارس لەسەرزەمینی کەلب مایەوە. کەلبیەکان گومانیان وایە ئەوان ئەمیان کوشت و بیرمەندانی کیندە گومان دەکەن کەئەو رۆژێك بۆ ڕاو رۆشتەدەر و دوای بزنێکی نێر لە اسکەکانی کێوی و دەشتی کەوت و لەشوێن کەوتنی ئەو هیلاك و ناتەوان بوو. لەبەر ئەمە سوێندی خوارد جگە لەجەرگی ئەو هیچیتر نەخوات. سوارەکان ئەویان دۆزییەوە و دوای سێ رۆژ هێنایانەوە کەنزیك بوو لەبرساندا بمرێت. جەرگی بزنیان بۆ برژاند کەبەشێکی بەگەرماوگەرمی و خوارد و لەهەمان ساتدا گیانی دا.

کاتێك حارس لەحیرە بوو، گەورەکانی چەندین هۆز لەنزار رۆشتنە لای و وتیان: ئێمە فەرمان لەتۆ دەبەین. لەنێوان ئێمە لەدوژمنایەتی و کوشت و بڕ و خوێن ڕشتن ئەوە کەوتۆتەوە کەئاگاداری، ئەترسین هەموومان لەناوبچین. کوڕەکانت لەگەڵ یێمە بنێرە تا بێنە لای ئێمە و دەستی ئێمە لەکوشتنی یەکتر کورت بکەنەوە. ئەو کوڕەکانی کردە فەرمانڕەوای هۆزە عەرەبەکان. کوڕەکەی حوجری کردە فەرمانرەوای غەتەفان، مناڵەکانی ئەسەد کوڕی خوزەیمە، شۆرەحبیلیان (کە لەرۆژی شەڕی کولابدا کوژرا) کردە فەرمانڕەوایی بەکر کوڕی وایل و ئەوانیتر، مەعدی کەڕب (ناسراو بەبۆنخۆش لەبەر ئەوەی سەری خۆی بەمادە بۆنخۆشەکان چەور ئەکرد) کردە فەرمانرەوای قەیسی عەیلان و هۆزەکانیتر و سەلەی کردە فەرمانرەوای تەغلەب و نەمری کوڕی قاست و مناڵەکانی سەعد کوڕی زەید کوڕی مەنات لەمناڵەکانی تەمیم.

حوجر لەناو مناڵەکانی ئەسەد مایەوە. لەسەر ئەوان دیاری وباجی دانابوو کەساڵانە بۆ کۆکردنەوەی نیازەکانی خۆی لەوانی دەستاند. رۆژگار بەمشێوە تێپەڕی.

دواتر ئەو کەسانێکی بۆ وەرگرتنی باج ڕەوانە کرد. ئەوان لەسەرزەمینی تەهامە بوون. ئەوان لەنێردراوەکانیان دا و دەریان کردن. ئەم هەواڵە بەحوجر گەیشت و ئەو لەگەڵ سوپایەك لەرەبیعە و سوپایەك لەئەرتەشی براکەی لەقەیس و کەنانە هێرشی کردە سەر ئەوان و گەورەکانیانی گرت و یەك یەکیانی بەداردەست کوشت. سامانەکانی تالآن کرد. ئەوانی بردە تەهامە و ژمارەیەکی زۆر لەگەورەکانی خستە زیندانەوە کە لەناو ئەواندا وتەبێژی ناوداری عەرب عوبەید کوڕی ئەبرەس دەبینرا.

ئەو هۆنراوەیەکی هۆنییەوە و ناردی بۆ لای حوجر و تیایدا داوای لێخۆشبوونی لێکرد. دڵی حوجر نەرم بوو و کەسی نارد و ئەوانی گەڕاندەوە. کاتێك گەشتنە دووری یەك ڕۆژە لەو، کاهینی ئەوان عەوف کوڕی ڕەبیعە کوڕی عامری ئەسەدی پێشگویی کرد: کێیە ئەم پاشا ناودارە، بەختەوەر و بەهێزە، لەناو وشترانێك هاوشێوەی گایەلی ئاسکەکان، ئەمە خوێنی ئەوە هەڵوقلآو، بەیانی ئەو یەکەم کەس ئەبێت لەتالآنی کوژراوەکان. وتیان: ئەو کێیە؟ وتی: ئەو ئەحجەرە پاشای سەرگەردان. ئەوان هەموو سوار چوارپێ دەستەمۆکان و تیژ پێ و بلەز و ناسازگارەکانی خۆیان بوون و هێرشیان کرد تا گەشتنە لەشکرگەی حوجر و لەناو جێگاگەی هێرشیان کردە سەری و خوێنیان ڕشت. عیلەبا کوڕی حارس بەشمشێر لێیدا و کوشتی. حوجر باوکی ئەوی کوشتبوو. کاتێك کوژرا منداڵەکانی ئەسەد وتیان: ئەی دەستەکان قەیس و کەنانە، ئێوە برایان و کوڕە مامەکانی ئێمەن وئەم پیاوە لە وێن و خانەدانی ئێمە دوورە و لەئێوەیش. ئێوە کرداری ئەوتان بینی و بینیتان خۆی و خەڵکەکەی چۆن مامڵەتان لەگەڵ دەکەن. ئەوان هاورێ و کەسەکانی حوجریان تالآن کرد. لاشەی ئەویان لەپارچەیەکی سپییەوە ئالآند و خستیانە سەر ڕێگە. کاتێك قەیس و کەنانە ئەویان بینی، جل وبەرگ و کەل و پەلەکانی ئەویان تالآن کرد. عەمرۆ کوڕی مەسعود پەنای بەبنەماڵەکەی دا.

دەستەیەك دەڵێن: کاتێك حوجر خۆ ڕێکخستنی منداڵەکانی ئەسەدی بینی، ترسا و لەعویمێر کوڕی شێجنە یەکێك لەپیاوەکانی منداڵەکانی عوتارد کوڕی زەید کوڕی مەنات کوڕی تەمیم بۆ کچەکەی هند و ژنان و کەسەکانی داوای پەنای کرد. ئەوسا بەمنداڵەکانی ئەسەدی وت: ئەگەر ئێوە بەمشێوەتان دەوێت من لەناو ئێوە دەڕۆم و

بەجێتان دەهێڵم. ئەوان لەسەر ئەمە لەگەڵیا رێك کەوتن. ئەو ڕۆشت و رۆژگارێك لەناو خەڵکەکەی خۆیدا مایەوە. دواتر لەشکرێکی گەورەی بۆ شەڕ لەگەڵ ئەوان کۆکردەوە و هێرشی کردە سەر ئەوان و لەخۆبایی بوو و شانازی بەسوپاکەی خۆیەوە کرد. مناڵەکانی ئەسەد رێك کەوتن و وتیان: سوێند بەخوا ئەگەر بەسەر ئێوەدا زاڵ بێت وەك مناڵ هەڵس و کەوتتان لەگەڵ ئەکات. بەڵام لەم ژیانە چ سوود؟ هاوشێوەی پیاوان و گەورەکان بمرن و لەم سوکایەتییە خۆبەدوور بگرن. ئەوان کۆبوونەوە و رووبەرووی حوجر بوونەوە و چاویان پێیکەوت و شەڕیکی قورسیان هەڵگیسراند. سەرکردەی ئەوان عەلبا کوڕی حارس بوو. هێرشی کردە سەر حوجر و بەشمشێر لێیدا و گیانی گرت. کێندییەکان و هاورێکانیان شکستیان خوارد و هەڵاتن. مناڵەکانی ئەسەد زۆر لەهاورێیان و کەسەکانی حوجریان گرفتار و خەڵکەکەی ئەویان تاڵان کرد بەشێوەیەك بەدەستی پڕ لەسامان گەڕانەوە. دەستیان بەسەر کەنیز و ژن و سامانەکانی ئەویشدا گرت و لەناو خۆیاندا دابەشیان کرد.

دەستەیەك دەڵێن حوجر بەزیندوویی دەستگیر و زیندانی کرا. لەم کاتەدا کوڕی خوشکی عەلبا هەستا و بەکێردێك لێیدا چوونکە حوجر باوکی ئەوی کوشتبوو. کێرد ئەوی بریندار کرد بەڵام نەیکوشت. حوجر وەسیەت نامەی خۆی نوسی و دایە دەستی پیاوێك و پێی وت: سەرەتا برۆ لای کوڕەکەم نافیع (ئەو کوڕە گەورەیە)، ئەگەر گریا و شینی کرد لێی خۆش ببە و پرسیاری یەك یەکی بنەماڵەکەی لێ بکە و داوا بکە میوانداریت بکات تا دەڕۆیتە لای کوڕە بچوکەکەم ئەمرۆ ئەلقەیس. هەر کەس نەگریا، ئەسپ و کەرەستەکانی شەڕ و وەسیەت نامەکەم بەو بسپێرە. ئەو لە وەسیەت نامەکەی خۆیدا نوسیبووی کە کێ کوشتوویەتی و چارەنوسی بە کوێ گەشتووە.

پیاو وەسیەتنامەکەی بردە لای نافیع، ئەو گریا. دواتر ڕۆشتە لای یەك یەکی ئەوان و بەهەمان شێوە شینیان کرد. دواتر ڕۆشتە لای ئەمرۆ ئەلقەیس و ئەوی بینی لەگەڵ هاونشینەکەی خۆی شەراب دەخوات و تاوڵە دەکات. پێی وت حوجر کوژرا. ئەمرۆ ئەلقەیس سەیری نەکرد. هاونشینەکەی دەستی لەیاری هەڵگرت. ئەمرۆ ئەلقەیس وتی: یاری بکە. ئەو درێژەی بەیارییەکە دا و دواتر وتی: نەمویست

دانیشتنەکە لەتۆ تێك بدەم.

دواتر بەسەرهاتی باوکی لەنێردراوەکە پرسی و ئەویش هەموو شتێکی گێڕایەوە. ئەمرۆ ئەلقەیس وتی: ژن و بادە لەمن حەرام بوو تا ئەو کاتەی لەمناڵەکانی ئەسەد سەدکەس نەکوژم وسەد کەسیش رزگار نەکەم.

حۆجر بەبیانوی ئەوەی ئەمرۆ ئەلقەیس شێعری دەهۆنییەوە، ئەوەی لەخۆی دور کردەوە. شەرمی لەم کوڕە بوو و خوی بەلەپێشتر لەو دەزانی. دایکی ئەمرۆئەلقەیس فاتیمە کچی رەبیعە کوڕی حارس خوشکی کولەیب کوڕی وایل بوو. ئەو لەناو هۆزە عەرەبەکاندا دەگەڕا و لە تاڵاوەکاندا دەیخواردەوە و دەڕۆشتە راو و ئاسکی چاو ڕەش و کچی سیمین لەشی نێچیر دەکرد. کاتێك هەواڵی کوژرانی باوکی پێگەشت، لە((دممون)) لەخاکی یەمەندا بوو. کاتێك بیستی، ئەمەی شێعرەی وت:

تطاول الليل علينا دمون   دمون انا معشر يمانون

و اننا لقومنا محبوون

واتاکەی: لەدممون شەو هێرشی کردە سەرمان و شەو درێژەی کێشا. ئەی دممون، ئێمە یەمەنییەکانین. خەڵکانی خۆمان خۆش دەوێت

دواتر وتی: لەعەقڵدا منی بە سوك زانی و بۆ تۆڵە سەندنەوە منی هەڵبژارد. ئەمرۆ وشیاری نەبێت و سبەی مەستی. ئەمرۆ بادەیە و بەیانی کارێکی گەورەی نەسادە. ئەم وتانە بوونە پەند. دواتر کۆچی کرد تا گەشتە لای بەکر و تەغلەب و داوای یارمەتی لەوان کرد. ئەوان وەڵامیان دایەوە و ئەو سیخوڕەکانی بەرەو مناڵەکانی ئەسەد نارد کەئاگادار بوونەوە و پەنایان بۆ مناڵەکانی کەنانە برد. سیخوڕەکانی ئەمرۆ ئەلقەیس لەگەڵ ئەواندا بوون. عەلبا کوڕی حارس پێی وتن: ئاگادر بن چوونکە سیخوڕەکانی ئەمرۆ ئەلقەیس بەهەواڵەکانی ئێوە بۆ لای ئەو گەڕانەوە و ئێوە لەناو مناڵەکانی کەنانەن. شەوانە کۆچ بکەن و مناڵەکانی کەنانە ئاگادار مەکەنەوە. ئەوان کۆچیان کرد. ئەمرۆ ئەلقەیس لەگەڵ هاوڕێیانی خۆی لەبەکر و تەغلەب هات و گەشتە ناو مناڵەکانی کەنانە. گومانی دەکرد ئەوان

منالّەکانی ئەسەدن. شمشێری خستە نێوانیان و وتی: خرۆشان بێت خوێنی پاشا، خرۆشان بوو خوێنی پالّەوان! پێیان وت: لەنفرین بەدور بیت، ئێمە خوێنبایی تۆ نین. ئێمە منالّەکانی کەنانەین. بەدوای خوێنی خۆت برۆ و بیگرە چوونکە لەدوێنێەوە رایان کرد. ئەو بەدوای منالّەکانی ئەسەد غاریدا و ئەوان شەوانە لەدەست ئەو هەلاّتن. لەمبارەوە وتی:

الا یا لهف نفسي اثر قوم هم کانوا الشفاء فلم یصابووا
وقا هم جد هم ببني ابیهم و بالاشقین ما کان العقاب
و افلتهن علباء جریضا ولو ادرکته صفر الوطاب

واتاکەی: درێغ لەگەرانی گیانی من بەدوای ئەو هەلاّتووانەی کە ئەگەر بەردەست دەکەوتن، دەبوونە هۆی باشبوونەوەی گیانی من و ئاگری تۆلّە سەندنەوەی منیان دادەمرکاندنەوە بەلاّم درێغ کەرایان کرد. باوەگەورێی ئەوان منالّەکانی باوکیان کردە قەلّغانی ئەوان و لەناو دوو دەستە بەدبەخت، سزا بۆ بەدبەخت ترین دابەزی. عەلبا کەنزیك بوو کەوتە داوی لەناوچوون، ئەوانی رزگار کرد و لەچنگی منی دەرهێنا. ئەگەر ئەوم دەگرت، مەشکەکان لەشیرخالّی دەبوونەوە (دلّی لۆانلێو لەخەم خالّی دەبوویەوە).

مەبەستی لە (کورانی باوکیان) منالّەکانی کەنانەیە کەبوونە قەلّغانی منالّەکانی ئەسەد. چوونکە کەنانە و ئەسەد منالاّنی خەزیمەن و برای یەکتر. ئەوەی کەوتی: (صفر الوطاب) لەبەر ئەومیە کەدەلّێن: ئەویان کوشت و وشترەکانیان دزی و لەبەر ئەمە شیری ئەوان وشك بوو، یانی کۆتایی هات. دەستەیەك دەلّێن: ئەویان کوشت و لەبەر ئەمە پێستی لەخوێن خالّی بوویەوە.

دواتر ئەمرۆ ئەلقەیس بەدوای منالّەکانی ئەسەد رایکرد و لەکاتی نیمەرۆ ئەوانی دۆزییەوە. لەم کاتەدا ئەسپ و سوارەکانی ئەو رووبەرووی مەرگ ببوونەوە و لەتینویەتی تەنگیان پێ هەلّچنرا بوو. منالّەکانی ئەسەد لای ئاوەکە جێگیر ببوون. ئەو شەری لەگەلّ ئەوان دەسپێکرد و زۆرێك لەم ئاوەدا کوژران و منالّەکانی ئەسەد

رایان کرد. دەمەو بەیانی، بەکر و تەغلەب لەبەدواداچونی ئەوان خۆیان بەدور گرت و وتیان: خوێنی خۆتت وەرگرت و تۆڵەی باوکت سەندەوە. وتی: نە بەخوا. وتیان: بەڵێ، بەلاّم تۆ پیاوێکی شووم و ڕقاویت. ئەوان لەکوشتنی منالّەکانی کەنانە پەشیمان بوونەوە و لەدەوری ئەو بلاّوەیان کرد. ئەو ڕۆشتە لای هۆزی شنوئە و داوای یارمەتی کرد. ئەوان هاوکاریان نەکرد و وتیان: ئەسەدییەکان برا و هاوسێی ئێمەن. ئەو لەناو ئەوان ڕۆشت ولەماڵی گەورەی مورسەد دابەزی. ئەو مورسەد ئەلخەیر کوڕی زی جودەن حێمەیری بوو. لەنێوان ئەواندا خزمایەتی بوو. داوای یارمەتی لێکرد و ئەو پێنسەد پیاوی شەرکەڕی حێمەیری کردە هاورێ. مورسەد پێش کۆچ کردنی ئەمرۆ ئەلقەیس مرد و دوای ئەو پیاوێك بەناوی (قۆرمۆل) پاشایەتی گرتەدەست. ئەو توێشوی بەئەمرۆ ئەلقەیس دا و دواتر سوپاییەکانی کردە هاورێی و خەڵکانێکی بێ سەر وپێ لەعەرەبەکان شوێنی کەوتن. ئەو خەڵکانیتری لەهۆزەکانیتری عەرەب بەکرێ گرت و هاورێ لەگەڵ ئەوان هێرشی کردە سەر منالّەکانی ئەسەد و بەسەر ئەواندا زاڵ بوو.

دواتر مونزەر شوێن ئەمرۆ ئەلقەیس کەوت و لەدۆزینەوەی ئەو پێداگر و سوپای بۆ گرتنی ئەو بەرێ خست. ئەمرۆ ئەلقەیس توانای خۆراگری لەبەردەم ئەودا نەبوو و حێمەیرییەکان و هاورێکانیتری لەدەوری ئەو بلاّوەیان لێکرد. ئەو لەگەڵ ژمارەیەك رزگاری بوو و ڕۆشتە لای حارس کوڕی شەهابی یەربوعی باوکی عەتیبە کوڕی حارس. مونزەر کەسی بۆ لای ئەو نارد وئاگاداری کردەوە کەئەگەر ئەوان تەسلیم بەو نەکاتەوە، هێرش دەکاتە سەریان. ئەو، ئەوانی تەسلیم بەو کرد. ئەمرۆ ئەلقەیس هاورێ لەگەڵ یەزید کوڕی معاویە کوڕی حارس و کچەکەی هند (کچی ئەمرۆ ئەلقەیس) و کەرەستە و کەل و پەلەکانی شەڕ و سامان و زرێکانی خۆی هەلاّت و رزگاری بوو. ڕۆشتە لای سەعد کوڕی زەبابی ئەیادی سەرەوەری خەڵکەکەی خۆی . ئەو ئەمرۆ ئەلقەیسی پەنا دا وئەمرۆ ئەلقەیس لەشێعر و هۆنراوەکانی خۆی بەپیاوەتی و جوامێری وەسفی کردووە. دواتر لای ئەو کۆچی کرد و لای مۆعەلی کوڕی تەمیمی تایی دابەزی و لای ئەو مایەوە. چەند وشترێکی بوو کەلەوان ڕۆژی خۆی بەدەست دەهێنا. لەم زەمانەدا دەستەیەك لەجەدیلە کەپێیان

دەوتن منالەکانی زەید، هێرشیان کردە سەر و وشترەکانیان تالآن کرد. منالەکانی نەبهان بزنێکیان پێدا تا شیرەکەی بدۆشێت و نۆشی بکات. ئەو وتی:

اذا ما لم ابل فنعز　　　　کان قرون جلتها العصی

واتاکەی: ئەگەر وشترێك نەبێت، بزنێك کاری ئەو دەکات....

ئەم بەیتانە درێژەی هەیە.

لەوێش کۆچی کرد و رۆشتە لای عامر کوڕی جوین. دەیویست دەست بەسەر سامان و کەسەکانی ئەمرۆ ئەلقەیسدا بگرێت. کاتێك لەئەندێشەکەی ئاگادار بوویەوە، پەنای بۆ پیاوێك لەمنالەکانی سۆعەل بەناوی حاریسە کوڕی مۆڕ برد. ئەو پەنای بەئەمرۆ ئەلقەیس دا. لەئەنجامدا، لەنێوان عامر کوڕی جوین و پیاوی سۆعەلی شەڕ رویدا. کاتێك بینی لەسەر بوونی ئەو لەنێوان هۆزی تەی شەڕ دروست بووە، لای ئەوان کۆچی کرد و مەبەستی پیاوێکی یەهودی بەناوی سەمەئوال کوڕی عادیای کرد کە بەیاسای جولەکەکان رێزی لێگرت و پەنایدا. ئەمرۆ ئەلقەیس رۆژگارێکی درێژ (ئەوەندەی کە خوا ویستی) لای ئەو مایەوە و دواتر داوای لێکرد نامەیەك بۆ حارس کوڕی ئەبی شەمێری غەسانی بنوسێت تا بیگەیەنێتە سزار. سەمەئوال ئەو کارەی کرد و ئەمرۆ ئەلقەیس رێگەی شوێنی مەبەستی گرتەبەر و بنەماڵە و کەل وپەلەکانی خۆی بەسەمەئوال سپارد. کاتێك گەشتە لای سزار رێزی لێگرت.

ئەم هەواڵە بەمنالەکانی ئەسەد گەشت و ئەوان پیاوێکیان بەناوی تەماحیان نارد کەئەمرۆ ئەلقەیس براکەی کوشتبوو. پیاوی ئەسەدی کاتێك گەشت کەئەمرۆ ئەلقەیس بەرێکەوتبوو و سزار سوپایەکی گەورەی لەگەڵ دا ناردبوو کە لەناو ئەوان دەستەیەك لەشازادەکان دەبینران. کاتێك ئەمرۆ ئەلقەیس دوورکەوتەوە، تەماح بەسزاری وت: ئەمرۆ ئەلقەیس گومڕایەکی خراپەکارە. ئەو لەگەڵ کچەکەی تۆدا پەیوەندی هەبوو و نامە و نامە گۆرینەوەیان لەنێواندا بووە و ئەمرۆئەلقەیس خۆی پێ دەگەیاند و چێژی لێوەردەگرت (و بەئەگەری زۆر سکی پڕ دەکرد). ئەو لەبارەی کچ و وەسف کردنی جوانییەکانی ئەو، چەندین شێعری هۆنییەوە کەکچەکەی لەناو

عەرەبەکان ریسوا کرد(تۆمەت بوو یا راست؟ لە ئەمرۆ ئەلقەیس کەگەنجێکی قۆز و خۆش رابوێر و ژن خۆشەویست و جوان پەرەست بوو و هەموو ژیانی لەباوەشی مانگ روخسارەکاندا بەسەر بردبوو، دور نەبوو). سزار جلێکی رازاوەی بەزێر چنراوی ژەهراوی بۆ نارد و بۆی نوسی: ئەو جلانەی خۆم لەبەرم دەکرد بۆ رێز لێنان بۆ تۆم نارد. لەبەری کە و هەواڵەکان شوێن بەشوێن بۆ من بنێرە. ئەمرۆ ئەلقەیس شادمان بوو و لەبەری کرد. ژەهر بەخێرایی کاریگەری لەسەر جەستەی دانا و پێستی دارزی و لەبەر ئەمە بەبریندار ناویان دەبرد. ئەو لەمبارەوە وتی:

لقد طمح الطماح من نحو ارضه ليلبسني مما يلبس ابووسا
فلو انها نفس تموت سويه و لكنها نفس تساقط انسا

واتاکەی:

تەماح لەسەرزەمینی خۆی کۆچی کرد تا من لەنێوان ئەوەی دەپۆشێت، دەرد و ئازار بپۆشێت. خۆزگە ئەمە گیانێك بووایە بەتەنیایی و بەرابەری بەڵام گیانێکە، گیانی فراوانی بەدوادا دادەرمێت.

کاتێك گەشتنە شوێنێك لەخاك رۆم کەبەئەنقەرە (ئەنکارا) ناویان دەبرد، وتی: چەند زۆرن وتارە ئاشکراکان، گورزە کاریگەرەکان، کەدەمێنێتەوە بەیانی لەئانکارا. ئەو ئارامگای ژنێکی لەشازادەکان بینی کە لەقەراغ کێوی عەسیبەب بەخاك سپێردرابوو. لەبەر ئەمە وتی:

اجارتنا ان الخطوب تنوب و انى مقيم ما اقام عسيب
اجارتنا انا غريبان هاهنا و كل غريب للغريب نسيب

واتاکەی: ئەی هاوسێی من، پێشهاتی گیان بڕ و بەئازار بەردەوام دەگەن و من تا کاتێك ئەم کێوە لێرەدا پایەدار بێت، دەمێنمەوە. هاوسێی من، ئێمە هەردوك لێرە بێ ئاشناین. هەر بێ ئاشنایەك خزمی بێ ئاشناکانە.

ئەوسا مرد و لەپاڵ ئارامگای ئەو ژنە بەخاك سپێردرا.

کاتێك ئەمرۆ ئەلقەیس مرد، حارس کوڕی ئەبی شێمری غەسانی رۆشتە لای سەمەئوال کوڕی عادیا و داوای کەل و پەلەکانی ئەمرۆ ئەلقەیسی کرد. سەد زرێ و برێك سامانی جۆراوجۆر بوو. سەمەئوال ئەوانی نەدایەوە. حارس یەکێك لەکوڕەکانی سەمەئوالی گرت و وتی: یا کەل و پەلەکانت تەسلیم دەکەیتەوە یا کوڕەکەت سەر دەبڕم. سەمەئوال نەیدایەوە. ئەو کوڕەکەی سەربڕی و باوك لە پرسەی کوڕەکەی ئەمەی وت:

وفيت بـا درع الكندى	اذا ما ذم اقوام وفيت
و اوصى عـاديـا يوما بـان لا	تهدم سا سموال ما بنيت
بنى لى عـاديـا حصنـا حصينـا	و مأ كلما شئت استقيت

واتاکەی:پارێزگاریمان لە کەل و پەلی شازادەی کێندی کرد، بەڵێ لەو شوێنەی کەسانیتر پشت بەسەرزەنشت کردن دەبەستن، من پشت بەپایەداری لەهاوڕێیەتی دەبەستم. رۆژێك باوکم عادیا پێی راسپاردم کەئەی سەمەئوال ئەوەی من دروستم کردووە، تۆ خاپوری نەکەیت. عادیا بورجێکی بەهێزی بۆمن دروست کرد و ئاوێکی رەوان کرد کە هەرکات بمەوێت لێی دەخۆمەوە.

ئەعشایش ئاماژەی بەم روداوە داوە. دەڵێت:

كن كـالسموال اذطاف الهمام به	فى جحفل كسواد الليل جرار
اذ سامه خطتى خسف فقال له	قل ما تشأ فانى سامع حار
فقال غدرو ثكل انت بينهما	فاختر فما فيهما حظ لمختار
فشك غير طويل ثم قال له	اقتل اسيرك انى مانع جارى

واتاکەی: هاوشێوەی سەمەئوال بە کاتێك پیاوێکی مەترسیدار لەگەڵ سوپایەکی قورس و رەشی وەك شەو هێرشی کردە سەر و ویستی خوێنی برێژێت. کاتێك دوو بەرنامەی سەخت و مەترسیداری پێ پێشنیار کرد و ئەو وتی: هەرچیت ئەوێ بڵێ

من بەگوێی گیان گوێت لێ ئەگرم. وتی: یاخیانەت یا جەرگ سوتان. هەرکامیانت ئەوێت و لەهەرکامیان سود دەبەیت هەڵبژێرە، لەم کارەدا ئازادی. ئەو کەمێك درەنگی کرد و وتی: دیلەکەی خۆت بکوژە چوونکە من پارێزەی پەناهێنەرەکەی خۆمم.

شەڕی خەزاز

داستانەکە بەم شێوە بوو: یەکێك لەپاشاکانی یەمەن چەندین ئەسیری لەهۆزەکانی مۆزێر و رەبیعە و قوزاعە لەدەستدا بوو. دەستەیەك لەگەورەکانی موعد بەمیوانی ڕۆشتنە لای. ئەم کەسانە لەناویاندا دەبینران: سەدوس کوڕی شەیبان کوڕی زوهەل کوڕی سەعلەبە، عەوف کوڕی موحەلیم کوڕی زوهەل کوڕی شەیبان، عەوف کوڕی عەمرۆ کوڕی جوشەم کوڕی رەبیعە کوڕی زەید مەنات کوڕی عومەر زەحیان. پیاوێك لەبەهرا بەناوی عوبەید کوڕی قەراد کەلەناو دیلەکاندا بوو، چاوی بەوان کەوت. ئەو وتار خوێن بوو. داوای لەوان کرد هاورێ لەگەڵ ئەو کەسانەی داوای ئازادی ئەوانیان دەکرد، ناو ببەن. ئەوان سەبارەت بەدیلەکان و ئەو لەگەڵ پاشا قسەیان کرد. پاشا هەموویانی بەوان بەخشی. عوبەید کوڕی قەرادی بەهراوی وتی:

نفسی الفداً لعوف الفعال	و عوف و لا بن هلال جشم
تداركنی بعد رما قد هوي	ت مستمسكا بعراقی الوذم
و لولا سدوس وقد شمرت	بی الحرب زلت بنعلی القدم
و نادیت بهراً كی یسمعوا	و لیس باذانهم من صمم
و من قبلها عصمت قاسط	معدا اذا ما عزیز ازم

واتاکەی: گیانی من فیدای عەوفی چاکەکار کوڕی موحەلیم و عەوفی کوڕی عەمرۆ و جەشم کوڕی هیلال بێت. کاتێك منی گرتەوە کەکەوتمە هەڵدێر و دوو لێواری روبارم بینی و بەپەتێکی هەڵواسراو ئاوێزان بووم. ئەگەر لەکاتی بلێسە

سەندنی ئاگری شەڕ، سەدوس منی نەگرتبوویەوە، هەنگاوکانی من دەخلیسکان. من هاوارم لەبەرهاوییەکان کرد تا ببیستن و گوێچکەی ئەواندا گران و کەڕ نەبوو. پێش ئەوە فاست، مەعدی چاودێری دەکرد و ئەمە لەکاتێکدا بوو پیاوێکی بەرێز بەرەو بێ ڕێزی هەنگاوی دەنا.

پاشا دوای ئەوە دەستەیەك لەمیوانەکانی وەك بارمتە لای خۆی ڕاگرت و بەوانیتری وت: سەرۆك و گەورەکانی خۆتان بێنە لای من تا بەڵێنی فەرمان بردنیان لێ وەربگرم و گەرنە هاوڕێیانی ئێوە دەکوژم. ئەوان بۆ لای خەڵکەکەی خۆیان گەڕانەوە و ئەم هەواڵەیان پێ ڕاگەیاندن. لەم کاتەدا کولەیب کوڕی وایل پەیکی بۆ لای ڕەبیعە نارد و ئەوانی کۆکردەوە. مەعدیش پەیوەستیان بوو و ئەمە یەکێك لەو کەسانە بوو کەمەعدییەکان لەدەوری کۆدەبوونەوە بەهەمان شێوە کە لەداستانی کوژرانی کولەیب ئاماژەی پێدەدەین. کاتێك لەدەوری ئەو کۆبوونەوە، ئەوانی لەگەڵ خۆیدا برد. سەفاحی تەغلەبی فەرماندەی پێشەنگاکانیان بوو. ئەو هەمان سەلەمە کوڕی خالید کوڕی کەعب کوڕی زوهەیر کوڕی تیم کوڕی ئوسامە کوڕی مالك کوڕی بەکر کوڕی حەبیب کوڕی تەغلەب بوو. فەرمانی بەواندا لەسەر خەزاز ئاگر بکەنەوە تا بتوانن بڕۆنە ئەوێ. خەزاز ناوی کێوێکە لەتێخفە لەنێوان بەسرە تامەککە. ئەم کێوە نزیکە لەکوێستانی سالع. پێی وت: ئەگەر دوژمن گەمارۆیدان، دو ئاگر بکەرەوە. هەواڵی کۆبوونەوە و ڕەوانە بوونی ڕەبیعە بەگوێی مەزجەح گەشت. ئەمان لەگەڵ سوپاکەی خۆیان هاتن و هۆزەکانی نزیك خۆیان بۆ شەڕ هاندا و بۆ شەڕی دوژمن ڕۆشتن. کاتێك خەڵکی تەهامە لەهاتنی مەزحەجییەکان ئاگادار بوونەوە، پەیوەستی ڕەبیعە بوون. مەزحەجییەکان شەوانە ڕۆشتنە کوێستانی خەزاز. سەفاح دوو ئاگری کردەوە. کاتێك کولەیب دوو ئاگرەکەی بینی، بەرەو لای ئەوان غاریدا و بەرەبەیان هێرشی کردە سەریان. لەکوێستانی خەزاز چاویان بەیەك کەوت و شەڕێکی سەخت ڕویدا کەژمارەیەکی زۆر تیایدا کوژران. مەزحەجییەکان شکستیان خوارد و سوپاکەیان هەڵوەشایەوە. سەفاح لەمبارەوە وتی:

و ليلة بت او قد فى خزاز	هديت كتائبا متحيرات
ضللن من السهاد و كن لولا	سهاد القوم احسب هاديات

واتاکەی: ئەو شەوە بیر بێنەرەوە کە لەکوێستانی خەزاز ڕۆژم کردەوە و فەرماندەیی سەربازە سەرگەردانەکانم دەکرد. لەبێ خەویدا گومڕا ببوون و باوەڕی من وایە ئەگەر بێ خەوی نەدەبوو، سەرگەردان و گومڕا نەدەبوون

فەرزدێقیش بۆ سەرزەنشت کردنی جەریر دەڵێت:

لولا فوارس تغلب ابنة وائل	دخل العدو عليك كل مكان
ضربوو الصنائع و الملوك و اوقدوا	نارين اشر فتا على النيران

واتاکەی: ئەگەرسوارەکانی تەغلەب کوڕی وایل نەدەبوون، دوژمن لەهەر لایێکەوە هێرشی دەکردە سەر تۆ. لەپەروەردە کراوان و پاشاکان، دوو ئاگریان کردەوە کە لەهەموو ئاگرەکان بەرزتر بوون.

دەستەیەك دەڵێن: کەس نەیزانی کە لەشەڕی خەزاز چ کەسێك سەرکردە بوو چوونکە عەمرۆ کوڕی کەلسوم کەکوڕی کچی کولەیبە، دەڵێت:

و نحن غداة اوقد فى خزاز	رفدنا فوق رفد الرافدينا

واتاکەی: ئێمە لەو پێگەی کەئاگری خەزاز تیایدا هەڵکرا، زیاتر لەهەموو کەسانیتر هاوکاری هاورێکانی خۆمانمان کرد.

ئەگەر باوەگەورێی ئەو سەرکردەی ئەو سوپایە دەبوو، بەم شێوە شانازی بەخۆی نەدەکرد کەیارمەتی داوە. جیاواز لەوە ئەو کەسانەی لەخەزاز کۆببوونەوە بەهاودەست و هاوپشت ناودەبات و دەڵێت:

فكنا الا يمنين اذا التقينا	و كان الا يسرين بنو ابينا
فصالو صولة فيمن يليهم	وصلنا صولة فيمن يلينا

واتاکەی: کاتێك چاومان بەیەك کەوت و شەڕ رویدا، ئێمە لای راست بووین و براکانمان لای چەپی لەشکر. ئێمە لەناو دەوروبەرەکەی خۆمان هێرشمان دەسپێکرد و ئەوانیش لەناو دەوروبەرەکەی خۆیان هێرشیان دەست پێکرد.

پێیان وت: تۆ خۆت بە لەپێشتر لەبرادەرانت یانی موزێر دانا. چوونکە لەهۆنراوەیەك باسی باوەگەورێی خۆی دەکاتەوە و دەڵێت:

و منا قبله الساعی کلیب فای المجد الا قد و لینا

واتاکەی: پێش ئەو کۆشەرە تێکۆشەرە، کولەیب لەناو ئێمەدا بوو. هیچ رێزدارێك نەبوو مەگەر بەسەریدا زاڵ بووین.

ئەو ئاماژەی بەفەرماندەیی باوەگەورێی خۆی وایل نەداوە و نەمە باشترین شتێك بوو دەیتوانی شانازی پێوە بکات.

کوژرانی کولەیب و شەڕەکانی نێوان بەکر و تەغلەب

گفتوگۆ سەبارەت بەشەڕی نێوان بەکر و تەغلەبە کەکوڕەکانی وایلن.

نەژادنامەی وایل بەمشێوەیە: وایل کوڕی هێنب کوڕی ئەفسا کوڕی دەعما کوڕی جەدیلە کوڕی ئەسەد کوڕی ڕەبیعە کوڕی نزار کوڕی مەعد کوڕی عەدنان. ئەم شەڕە لەسەر کولەیب ڕویدا کە ناو و نیشانی بەم شێوەیە: وایل کوڕی ڕەبیعە کوڕی حارس کوڕی زوهەیر کوڕی جەشم کوڕی بەکر کوڕی حەبیب کوڕی عەمرۆ کوڕی غەنەم کوڕی تەغلەب. لەبەر ئەوەی پێیان دەوت کولەیب (سەگی بچوك) چوونکە کاتێك بەرێ دەکەوت، تولە سەگێکی لەگەڵ خۆیدا دەبرد و کاتێك دەگەشتە شوێنێکی خۆش یا باخێك، لەتوڵە سەگەکەی دەدا و دواتر لەوێ فڕیدەدایە سەر زەوی و تولە سەگ دەیقروسکاند و دەیزوزاند و هەر کەس دەنگی قورسکەی ببیستایە، لەوێ دوردەکەوتەوە و نزیك ئەوێ نەدەکەوتەوە. پێیان وت کولەیب وایل و دواتر کورتیان کردەوە و بەکولەیب ناویان برد. ئاڵای ڕەبیعە کوڕی نزار لەناو کوڕە گەورەکەی ئەودا دەسوڕا و دوای ئەو بەکوڕە گەورە دەگەشت. ئاڵا لەدەست عەنەزە کوڕی ئەسەد کوڕی ڕەبیعە بوو. ئایینی ئەوان بەشێوەیەك بوو کەریشی خۆیان بە ڕەنگی زەرد ڕەنگ دەکرد و سمێڵی خۆیان کورت دەکردەوە. کەسانیتر ئەم کارەیان نەدەکرد مەگەر ئەوانەی لەگەڵ ئەمان نەدەسازان و مەبەستی شەڕی ئەمانیان دەکرد. دواتر ئاڵا کەوتە دەست عەبد ئەلقەیس کوڕی ئەفسا کوڕی دەعما کوڕی جەدیلە کوڕی ئەسەد کوڕی ڕەبیعە کوڕی نزار. نەریتی ئەوان بەمشێوە بوو: ئەگەر کەسێك جوێنی پێ دەدان، شەقەزللەیان لەروخساری دەدا و ئەگەر کەسێکم شەقە زللەی لێدەدان دەیانکوشت. دواتر ئاڵا کەوتە دەست نەمر کوڕی قاست کوڕی هەنب. شێوەی ئەوان بەشێوەیەك هاوشێوەی پێشینانیان بوو. ئەوسا ئاڵا کەوتە دەست بەکر کوڕی وایل. ئەمان کەسانیتریان بەبیانوی جوجکە باڵندەیەك دەڕەنجاند. جوجکەیان لەسەر چاڵێك لەشوێنێکی بەرزدا دەبەستەوە و هەرکەس بەمەی دەزانی لەو ڕێگاوە نەدەڕۆشت. ئەوانەی دەیانویست هاتوچۆ بکەن لەچەپ و ڕاستی ئەو ڕێگاوە

دەڕۆشتن. دواتر ئاڵا بەتەغلەب گەشت. ئەو ئاڵاکەی دایە دەست وایل کوڕی ڕەبیعە. شێوازی ئەو بەهەمان شێوە کەئاماژەمان پێدا، ڕاگرتنی تولە سەگ بوو.

مەعدییەکان زیاتر لەسێ کەس لەدەوری کەسێتر کۆنەبوونەوە: یەکیان عامر کوڕی زەریب کوڕی عەمرۆ کوڕی بەکر کوڕی یەشکور کوڕی حارس یانی عەدوان کوڕی عەمرۆ کوڕی قەیسی عەیلان و ئەو هەمان ئوناس کوڕی موزێر و براکەی ئەلیاس کوڕی موزێر بوو. کاتێك مەعدییەکان پەیوەستی مەزحەج بوون و ڕۆشتنە تەهامە، ئەو سەرکردەیان بوو. ئەمە یەکەم دەرگیری لەنێوان تەهامە و یەمەن بوو. دووەم ڕەبیعە کوڕی حارس کوڕی مەر کوڕی زوهەیر کوڕی جەشم کوڕی بەکر کوڕی حەبیب کوڕی کەلب بوو. ئەو لەرۆژی شەڕی سولان کە لەنێوان تەهامە و یەمەن رویدا، فەرماندەی مەعدییەکان بوو. سێیەم کەس وایل کوڕی ڕەبیعە بوو. ئەو لەرۆژی شەڕی خەزاز فەرماندەی مەعدییەکان بوو و سوپای یەمەنی بلاوە پێکرد و تێکی شکاند. مەعدییەکان بەهرەی پاشایەتی و تاج و فەرمانبەری ئەویان بەودا و ئەو رۆژگارێك مایەوە. دواتر گەردن کێشی و لەخۆبایی بوونی کردە پیشە و ستەمی لەخەڵکەکەی کرد. بێدادی ئەو گەشتە شوێنێك کە لەبەهاران شوێنی باران بارینی تایبەت دەکرد بەخۆی و کەس لەوناوەدا مەڕ یا ئاژەڵی نەدەلەوەڕاند. دەیوت: ئاژەڵانی دەشتی و کێوی ئەم یا ئەو زەمینە لەژێر پارێزگاری مندایە و کەس لەوێ ڕاوی نەدەکرد. کەس وشتری خۆی لەلەوەڕگاکانی ئەودا نەدەلەوەڕاند. بەئاگری ئەو ئاگری نەدەکردەوە، لەناو ماڵەکانی ئەودا هات و چۆی نەدەکرد، و لەو شوێنەی ئەو دانیشتبوو، چوارمەشقی دانەدەنیشت.

منالەکانی جەشم و منالەکانی شەیبان تێکەلاوانی یەك ماڵ بوون و یەك مەبەستیان بووە چوونکە دەیانویست یەکیەتی خۆیان ڕابگرن و دەترسان کە لەناو ئەوان جیایی و دوبەرەکی بکەوێتەوە. کولەیب لەگەڵ جەلیلە کچی مورە کوڕی شەیبان کوڕی سەعلەبە خوشکی جەساس کوڕی موڕ پەیوەندی ژن و مێردایەتی بەست. جارێك لەسەرەتای بەهار کولەیب زەمینێکی لەپانتاییەکان کردە پاسگای خۆی تا کەس نەڕواتە ئەوێ و ئاوی لێ نەبات و ڕاوی تیا نەکات و ئاژەڵ و مەر و ماڵات نەلەوەڕێنێت. جگە لەو کەسەی مەبەستی شەڕی بوو، کەس نەدەڕۆشتە ئەوێ.

ئەوسا پیاوێك کەسەعد کوڕی شومەیس کوڕی تەوق جەرەمیان پێ دەوت، ڕۆشتە لای بەسۆس کچی مونقزی تەمیمی پوری جساس کوڕی مورە. ئەم جەرمیە وشترێکی بوو بەناوی سەراب کە لەسەرەوەی وشترەکانی جساس دەلەوەڕا. ئەمە هەمانە کەعەرەبەکان نمونەی پێ دەهێننەوە و دەڵێن شووم تر لەسەراب و شوومتر لەبەسۆس.

ڕۆژێك کولەیب ڕۆشتەدەر تا سەر لەوشتر و لەوەڕگاکانی بدات. لەوێ دەستی بەهاتوچۆ کرد. وشترەکانی ئەو تێکەڵ بەوشترەکانی جساس بوون. کولەیب سەیرێکی سەرابی کرد و بە ناناشنای بینی. جساس پێی وت: ئەمە وشتری دراوسێکەمان جەرمیە. کولەیب وتی: ئەم وشترە جارێکیتر نەیێتە ناو ئەم لەوەڕگایە. جساس وتی: وشترەکانی من بۆ هەر شوێنێك بڕۆن، ئەم وشترە لەگەڵیانە. کولەیب وتی: ئەگەر جارێکیتر بێتە ئێرە تیری خۆم لەگوانی دەچەقێنم. جساس وتی: ئەگەر تیر لەگوانی بچەقێنیت، ڕمەکەی خۆم لەسینەت دەچەقێنم. ئەو دووانە لەیەك جیابوونەوە. دواتر کولەیب بەژنەکەی وت: ئایا لەناو عەرەب کەسێك دەناسیت پەنابەری خۆی لەبەرابەر مندا بپارێزێت و لەسەر ئەم کارە شەڕ لەگەڵ من بکات؟ ژن وتی: جگە لەجساس کەس بەم خوو و عادەت و پیاوەتییە ناناسم. کولەیب داستانەکەی بەژنەکەی وت. لەوەدوا هەر کات کولەیب دەیویست بڕواتە دەڕ و لەوەڕگاکەی خۆی، ژنەکەی ڕێگەی لێدەگرت و سوێندی دەدا پەیوەندی خزمایەتی نەپچڕێنێت. داوای لەبراکەی خۆیشی جساس دەکرد وشترەکانی بەرەڵا نەکات و ئاژاوە نەنێتەوە.

کولەیب رویکردە لەوڕگاکەی خۆی و سەیری وشترەکانی کرد. مێچکە وشتری پیاوی جەرمی بینی و تیری لەگوانی چەقاند. وشتر بەهاوار هەڵات و ڕۆشت و لای ماڵی خاوەنەکەی ئارامی گرت. کاتێك خاوەنەکەی ئەمەی بینی، فریادی ریسوایی و تۆڵە سەندنەوەی بەرز کردەوە. بەسۆس هاواری دراوسێکەی خۆی بیست و هاتەدەر و کاتێك وشتری لەو حاڵە بینی، دەستی خستەسەر سەرو و قیژاندنی: هاوار لەم ئابڕو چوونە! جساس ئەوی دەدی و هاواری ئەوی دەبیست. ڕۆشتە لای ئەو وتی: ئەی ژن! ئارام بە و مەگری. جەرمیشی ئارام کردەوە. بەو دووانەی وت: بەم زوانە

وشترێکی گەورەتر لەمە دەکوژم. بەم زوانە (غلال) (گرانبایی) دەکوژم. غلال ناوی وشترێکی نێر و بەهێز لەکولەیب بوو کەلەو رۆژگارەدا وێنەی نەبوو. ئەو لەوتەکەی خۆی کولەیبی لەدڵدا دەست نیشان کردبوو. کولەیب سیخورێکی بوو کەوتەکانی ئەوی بیست. کولەیبی ئاگادار کردەوە. کولەیب وتی: ترسی نییە. ئەو لەسوێندەکەی خۆی بەغلال بەسەندەی کردووە. جساس لەوەدوا بەردەوام دەگەڕا تا ئەو لەشوێنێکدا بەتەنیا و بێ پاسەوان ببینێت و بەشێوەیەك بەسەر ئەودا زاڵ بێت. رۆژێك کولەیب هاتەدەر و کاتێك لەماڵەکان دورکەوتەوە جساس سوار ئەسپەکەی خۆی بوو و ڕم لەدەست خۆی بەکولەیب گەیاند. کولەیب وەستا. جساس پێی وت. ڕمم لەسەر پشتت داناوە! کولەیب وتی: ئەگەر راست بکەیت لەپێشەوە رووبەرووم دەبیتەوە. کولەیب سەیری نەکرد. جساس رمی لێدا و ئەوی لەئەسپەکەی خستە خوار. کولەیب وتی: ئەی جساس، شەربەتێك بەمن بگەیێنە. جساس هیچی پێ نەدا. کولەیب گیانی دا. جساس فەرمانیدا بەپیاوێك بەناوی عەمرۆ کوڕی حارس کوڕی زوهەل کوڕی شەیبان تا چەند بەردێك لەسەر پەیکەرەکەی دانێت بۆ ئەوەی ئاژەڵە دڕندەکان نەیخۆن.

موهەلهیل کوڕی رەبیعە برای کولەیب لەمبارەوە وتویەتی:

قتيل ما قتيل المرْ عمرو	و جساس بن مرة ذی صريم
اصاب فؤادة باصم لدن	فلم يعطف هناك على حيمم
فان غدا و بعد غد لرهن	لامر ما يقام له عظيم
جسيما ما بكيت به كليبا	اذا ذكر الفعال من الجسيم
ساشرب كاسها صرفا و اسقى	بكاس غير منطقة مليم

واتاکەی: درێغ لەکوژراوی دوو پیاو کەعەمرۆ کوڕی حارس و جەساس هەڵگری پاسگا بوون. دڵی ئەوی بەڕمی گیان بڕ کون کرد و رێزی لەپەیوەندی خزمایەتی نەگرت. بەیانی و رۆژەکانی دوای ئەوە لەگرێوی کارە گەورەکانن کەپیاوە گەورەکان پێی هەڵدەستن. کاتێك کارە گەورەکانی کولەیب بیر دێنمەوە، بەخەستی بۆی دەگریم و شین دەکەم. بەخێرایی بادەی نابی ئەو بەیەك قوم دەخۆمەوە و

پیاڵەیەکی سەر کراوە و سەر کۆنە نەکراو لەمردنی ئەو هەڵدەدەم.

کاتێك جساس، کولەیبی کوشت، سوار لەسەر ئەسپ گەڕایەوە بەشێوەیەك جلەکانی تا سەروی ئەژنۆی هەڵکشا بوون. کاتێك باوکی مورە ئەمەی بینی، وتی: جەساس کارێکی گەورەی کردووە. تا ئەمرۆ ئەوم بەئەژنۆی روت نەبینبوو. کاتێك لای باوکی وەستا، باوکی وتی: ئەی جەساس، چیت بەسەر هاتووە؟ جەساس وتی: گورزێکم وەشاند کەبەیانی کوڕەکانی وایل بەدەم سەما کردنەوە لێی کۆدەبنەوە. پرسی: گورزت لەکێ دا دایکت بۆ پرسەت دانیشێت! وتی: کولەیبم کوشت. وتی: بەراستی؟ وتی: بەڵێ. باوك وتی: کارێکی خراپت کرد و بارێکی قورست خستەسەر شانی خەڵکەکەت. جەساس وتی:

تأهب عنك اهبة ذی امتناع   فان الامر جل عن التلاحی
فانی قد جنیت علیك حربا   تغص الشیخ بالمأ القراح

واتاکەی: بەشێوەیەك کەپیاوانی بەهێز و رێز لێگیراو ئامادە دەبن، ئامادەی کارێکی دژوار بە کەئەم کارە لەدوژمنایەتی یەکتر و جنێودان بەیەکتر تێپەڕی کردووە. من شەڕێکی قورسم گیرۆدەی تۆ کردووە کەئاوی بەتام لەقورگی پیرەپیاوی شارەزا دەگیرێنێت.

کاتێك باوکی بیستی، ترسا لەوەی خەڵکەکەی دەست لەیارمەتی دانی ئەو هەڵبگرن. لەبەر ئەمە وتی:

فان تك قد جنبت علی حربا   تغص الشیخ بالمأ القراح
جمعت بها یدیك علی کلیب   فلا و کل و لارث السلاح
سالبس ثوبها و اذود عنی   بها عار المذلة و الفضاح

واتاکەی: ئەگەر شەڕێکی گیرۆدەی من کردووە کەئاو لەقورگی پیرەپیاوی شارەزادا دەگیرێنێت، ئەگەر دەستەکانی خۆت بەسەر کولەیبدا زاڵ کرد، ئەتۆ لەحاڵی خۆتدا دەهێڵمەوە ئەکەل و پەلێکی شەڕی بێ نرخ و کۆنم هەیە. بەخێرایی جلی شەڕ لەبەر دەکەم و بەم کارە جل وبەرگی ریسوایی لەخۆم دوردەکەمەوە.

ئەوسا مورە داوای هاوکاری لەخەڵکەکەی کرد و خەڵکەکەی وەڵامیان دایەوە و ڕمەکانیان درەخشان و شمشێرەکانیان تیژ و ئامادە کرد و ڕۆشتن بۆ شوێنی کۆبوونەوەی کەسەکانی خۆیان.

لەم زەمانەدا هەمام کوڕی مورە برای جەساس و موهەلهیل برای کولەیب پێکەوە شەرابیان دەخوارد. جەساس کەنیزێکی نارد و هەمامی ئاگادار کردەوە. کەنیز ڕۆشتە لای هەمام و بۆ سوچێکی بانگ کرد و ئاگاداری کردەوە. موهەلهیل پرسی کەنیز چی بەتۆ وت؟ لەنێوان ئەم دووانەدا پەیمانێك بوو کەهیچ شتێك لەیەك نەشارنەوە. هەمام هەواڵی کەنیزەکەی پێ وت. ئەو ویستی ئەمە بەگاڵتەوە پێکەنین بەموهەلهیل بڵێت. موهەلهیل وتی: قنی براکەی تۆ تەنگتر لەوەیە بتوانێت ئەم کارە بکات! ئەو دووانە دەستیان بەخواردنەوە کردەوە. موهەلهیل وتی: بخۆرەوە کەئەمرۆ بادەیە و بەیانی کار. هەمام خواردییەوە بەڵام ئاگادار و ترساو بوو. کاتێك موهەلهیل مەست بوو، هەمام گەڕایەوە بۆ لای کەسەکانی خۆی. لەهەمان ساتدا هەموویان ڕۆشتنە شوێنی کۆبوونەوەی کەسەکانی خۆیان. هەواڵی کوژرانی کولەیب لەهەموو شوێنێکدا بڵاو بوویەوە و کەسەکانی ڕۆشتن تابەخاکی بسپێرن. کاتێك بەخاك سپێردرا، یەخەکان دڕان و روخسارەکان روشێنران و کچان و پەردە نشینان و ژنانی جوان بەرەو لای ڕۆشتن و شینیان کرد. ژنان بەخوشکی کولەیبیان وت: جەلیلە خوشکی جەساس لەناو ئێمەدا دەرکە چوونکە مانەوەی ئەو دەبێتە هۆی شەرم و سەرزەنشتی ئێمە. جەلیلە وەك ئاماژەمان پێدا ژنی کولەیب بوو. خوشکی کولەیب پێی وت: لەناو ئێمە بڕۆدەر چوونکە تۆ خوشکی کوژەری ئێمە و هاوتای دڵ سوتێنەری ئێمەیت. ئەو ڕۆشتەدەر و لەم کاتەدا باوکی مورە چاوی پێی کەوت و پێی وت: چ هەواڵێکت پێیە؟ جەلیلە وتی: جەرگ بڕانێکی زۆر، خەمێکی هەمیشەیی، نەمانی هاوڕێیان، کوژرانی برایەکی بەرێزتر لەگیان لەبەیانیدا. لەناو ئەم و ئەودا رق دەچێنن و خوێنەکان دەڕێژن. پێی وت: ئایا هەمووی ئەمانە بەلێبوورین و گەورەیی و دانی خوێنبایی بەریسوایی، ناتوانێت دایانمرکێنێتەوە؟ جەلیلە وتی: سوێند بەخوای کەعبە کەئارەزوییەکی هەڵخەڵەتێنەرە. ئایا تەغلەب لەبەرابەر چەند وشتر خوێنی خاوەنەکەی بەتۆ دەبەخشێت؟

کاتێك جەلیلە ڕۆشت، خوشکی کولەیب وتی: کۆچ کردنی جوێندەر و دووری بێدادگەر. هاوار لەبنەماڵەی مورە لەهاتنە بەردەوامەکان. قسەکەی بەگوێی جەلیلە گەشت. ئەو وتی: چۆن ژنێکی ئازاد لە لەناوچونی بارەگا وچاوەڕوانی کردنی تۆڵەسەندنەوە، هۆکاری سەرکۆنە کردن ئامادە دەکات؟ خوا خوشکەکەم بەختەوەر بکات، بۆچی نەیوت: ڕەم کردنی شەرمی ژنان و ترسی دوژمنان. دواتر ئەم شێعرانەی هۆنییەوە:

یا ابنتة الاقوام ان لمت فلا   تعجلی باللوم حتی تسألی
فاذا انت تبینت الذی   یوجب اللوم فلومی واعذلی
ان تکتن اخت امرئ لیمت علی   شفق منها علیه فافعلی
جل عندی فعل جساس فیا   حسرتا عما انجلی او ینحلی
فعل جساس علی وجدی بة   قاطع ظهری و مدن اجلی
لو بعین فقئت عین سوی   اختها فانفقئت لم احفلی
تحمل العین قذی العین کما   تحمل الام اذا ما تفتلی
یا قتیلا قوض الدهر بة   سقف بیتی جمیعا من عل
هدم البیت الذی استحدثته   و سعی فی هدم بیتی الاول
ورمانی قتله من کثب   رمیة المصمی به المستاصل
یا نسائی دو نکن الیوم قد   خصنی الدهر برزْ معضل
خسنی قتل کلیب بلظی   من ورائی و لظی مستقبل
لیس من یبکی لیومیه کمن   انما یبکی لیوم مقبل
یشتفی المدرك بالثأرو فی   درکی ثأری ثکل المثکل
لیته کان دما فاحتلبووا   دررا منه دمی من اکحل
اننی قاتلة مقتولة   و لعل الله ان یرتاح لی

واتاکەی: ئەی کچی جوانی شارسان، ئەگەر دەتەوێت سەرکۆنە بکەیت، لەم کارەدا پەلە مەکە تا بەتەواوی لەداستانەکە بپرسیت و ژێر و ڕوی ئەم کارەت بۆ دەرکەوێت. کاتێك ئەوەی بەهۆکاری سەرکۆنە کردنی ئەزانی بەباشی لێکدانەوەت بۆ کرد، هەرچەندە دەتوانی سەرکۆنە بکە وسەرزەنشتیش. ئەگەر ئەم کارە لەسەر ئەوە

سوراوە کەخوشکی پیاوێك لەداخی ئەو گیان بدات، تۆیش ئەم کارە بکە و گیان بدە. کاری جەساس لای من زۆر گرانە، ئێستا درێغ لەوەی رویداوە و لەو دواهاتانەی رودەدات. کاری جەساس بەو هەموو نزیك بوونەوەی من لەو، نزیك کەرەوەی مەرگی من و شکێنەری پشتی منە. ئەگەر لەم روداوە، لەبەرابەر کوێر بوونی یەك چاو، چاوێکیتر جگە لەهاوتای ئەو کوێر دەبوو، من ترسم نەبوو. چاو گژ وگیا لەخۆیدا بە ئازار دەبینێت بەهەمان شێوە کاتێك دایك منالّ لەشیر دەگرێتەوە، لەجیاتی ئەو منالّە رەنج دەبات.

ئەی کوژراوێك کەرۆژگار بەمەرگی ئەو سەقفی هەردوو مالّەکەمی بەسەردا وێران کردم و بەسەر مندا دایرماند، مالّێك کەتازە دروستم کردبوو، خاپوری کرد و ئێستا هەولّ دەدات مالّە کۆنەکەیشم وێران بکات. مەرگی ئەویش لەنزیکەو تیری بۆ من هاویشت، بەشێوەیەك تیر بۆ ئاسکێك بهاوێژن و لەجێگەی خۆیدا ساردی بکەنەوە، بەشێوەیەك رەگ و ریشەی کەسێك دەربێنن. ئەی ژنانی هاوتای من، ئەمرۆ رێزی من بگرن کەرۆژگار داغێکی جەرگ بڕی لەسەرمن بەجێهێشت. کوژرانی کولەیب ئاگرێکی لەروبەرووەوە بۆ سوتاندنی من داگیرساند و ئاگرێکی بۆ سوتاندنی من لەداهاتوودا پاشەکەوت کرد. کەسێك کە بۆهەردوو رۆژی خۆی دەگریت، وەك ئەو کەسە نییە کەبۆ رۆژێك لەداهاتوودا دەگریت. تۆلّەستێن لەتۆلّە سەندنەوەی خوێنی خۆی دلّی ئارام دەبێتەوە بەلاّم درێغ لەم روداوە، ئەگەر تۆلّە بستێنم، جەرگبڕاوم جارێکیتر جەرگ بڕاو کردووە. خۆزگە ئەم خوێنە تەنیا لەناو دەمار و رەگەکانی مندا بووایە کە لەچاوەکانم دەریان دەهێنا. من کوژەرم و کوژراویش. ئەگەری هەیە خوا لەم ژیانە ئاسودەم بکات.

بەلاّم موهەلهیل، ناوی عودەی و بەوتەی هەندێ کەس ئەمرۆ ئەلقەیس بوو. ئەو خالّی ئەمرۆ ئەلقەیس کوڕی حوجری کێندی بوو. بەموهەلهیل بانگیان کرد چوونکە یەکەم کەس بوو قسەی هۆنییەوە و سامانی بەهۆنراوەکان دا. یەکەم کەس بوو لەوتاردان‌دا درۆی کرد. لەمەستی بەهۆش نەهاتوو، گوێی لەدەنگی ژنان بوو کەدەیانقیژاند: کولەیب کوژرا. ئەو ئەم هۆنراوەی هۆنییەوە و یەکەم کەس بوو سەبارەت بەم روداوە هۆنراوەی هۆنییەوە:

كنا نغار على العواتق ان ترى
بالامس خارجة عن الاوطان

فخرجن حين ثوى كليب حسرا
مستيقنات بعده بهوان

فترى الكواعب كالظباً
اذحان مصرعه من الاكفان

يخمشن من ادم الوجوه حواسرا
من بعده و يعدن بالازمان

متسلبات نكدهن و قدروى
اجوافهن بخرقة و روانى

و يقلن من للمستضيف اذا دعا
ام من لخضب عوالى المران

ام لا تسار بالجزور اذا غدا
ريح يقطع معقد الاشطان

ام من لاسباق الديات و جمعها
و لفادحات نوائب الحدثان

كان الذخية للزمان فقداتى
فقدانه و اخل ركن مكان

يا لهف نفسى من زمان فاجع
القى على بكلكل و جران

بمصيبة لا تستقال جليلة
غلبت عزاً القوم و النسوان

هدت حصونا كن قبل ملاوذا
لذوى الكهول معاء للشبان

اضحت و اضحى سورها من بعده
متهدم الاركان و الابنيان

فابكين سيد قومه و اندبنه
شدت عليه قاطى الاكفان

وابكين للا يتام لما اقحطوا
وابكين عند تخاذل الجيران

وابكين مصرع جيده متزملا
بدمائه فلذاك ما ابكانى

فلا تر كن به قبائل تغلب
قتلى بكل قرارة و مكان

قتلى تعاور ها النسور اكفها
ينهشنها و حواجل الغربان

واتاكەی: دوێنی رژدیمان بەکچە جوانە تازە پێگەشتووەکان دەبرد و تورە دەبووین نەکا لەماڵەکانی خۆیان بێنەدەر و ئازاریان بەرکەوێت. کاتێك کولەیب بەخاك سپێردرا، ئەوان قژ پەرێشان وسەر روت ڕۆشتنەدەر و گومانیان نەبوو دوای ئەو بەریسوایی دەژین. ئەمرۆ کچە مەمك قوتەکان دەبینی کە لەبەر ئەوەی کولەیب لەناو جل و بەرگی مەرگ لەناو گۆڕدا خەوتووە، هاوشێوەی ناسکەکان سەر و ملیان لەهەر جۆرە خشڵێك بێ بەشە. دوای ئەو روخسارەکانیان لەگەرمی، گەنم رەنگ دەبێت و بە نینۆکەکان دەروشێت و رۆژگارەکان دێت و هیوای باش بوونەوە بەخۆیان دەدەن و دەستیان ناکەوێت. نیازەکانیان تاڵان کراوە. مەرگی ئەو ناخی

ئەوانی بەشتێکی تواوە تێراو کرد و ناخی منیش. کچەکان دەڵێن: کوا ئەو کەسەی کە کەسانی پەنا هێنەر و میوان و برسی بێدرەنگ دەگرتەخۆ؟ کوا ئەو کەسەی سەری ڕمەکانی لەخوێنی دوژمنان شادان دەکرد؟ یا ئەو کەسەی وەك گێژەڵوکەیەکی توند هەڵیدەکرد و تەنافەکانی لەت لەت دەکرد و وشتر و مەڕی دەلەوەڕاند و ئاگری هەڵدەئایساند. ئەو کوا؟ ئەوەی خوێنباییەکانی لەپێش کەسانیترەوە دەدا یا ئامادەی دەکرد. ئەوەی پەناگەی خەڵکان لەبەردەم ڕوداوە جەرگ بڕەکان بوو. ئەو کوا؟ ئەو پاشەکەوتی ڕۆژگار بوو. هەنوکە کاتی ونبوونی ئەو گەشتووە و هەر ڕاوەستاوێکی لەناو بردووە. هاوار لەگیانی من لەڕۆژگارێکی مەترسیدار و زیان گەیێنەر کەهەموو قورسایی و باری گرانی خۆی دەخاتە سەرشانی من. ڕۆژگار پرسەیەکی گرانی بەسەر مندا سەپاند کە لەپرسەی ژنان و پیاوان قورستر بوو. ئەم پرسە، ئەو بورجانە بۆ یەك کەوتەکان و گەنجەکان پەناگا بوون، لەناغەوە داڕماند. دوای ئەو بوورجەکان لەستونەوە رووخان و بناغەیان نەما. هەنوکە ئێوە ئەی کچان و ژنان، بۆ ئەو کەسەی گەورە و سەروەری خەڵکەکەی خۆی بوو و هەنوکە لەجل و بەرگی مەرگدا ئالاوە و کفن کراوە، قوڕقوڕ بگرین. بۆ مناڵە بێ باوکەکان بگرین کە بێ سەرپەرەست بوون. بۆ ئەوە بگرین کەئیتر لەمەدوا هاوسێکان دەست لەهاوکاری کردنی ئێوە هەڵدەگرن. لەسەر ملی بڕاوی ئەو بگرین کەدەبینن ئێستا لەخوێنی خۆیدا تلاوتەوە. ئەو گەردنە جوانە، گەردنبەندێکی خوێنینی هەیە. ئەمەیە ئەوەی دەمگریێنێت و دەمسوتێنێت. لەمە دوا لەهەر گۆلاوێك و لەهەر شوێنێك، پیاوانی هۆزی تەغلەب دەکوژم و لەکوژراوی ئەوان تەپۆڵکە دروست دەکەم. ئەو کوژراوانەی لاشخۆرەکان بەسەر سەریانەوە هەڵفڕن و گۆشتی ئەوان بپچڕن و قەلە ڕشەکان بەدەم هەڵبەز و دابەزەوە خۆیان لەگۆشتی ئەوان تێر بکەن.

ئەوسا موهەلهیل ڕۆشتە ئەو شوێنەی براکەی کولەیب لێی کوژرابوو. خوێنی ئەوی بینی. دواتر ڕۆشتە سەر ئارامگاکەی و ئەم شێعرەی هۆنییەوە:

ان تحت التراب حزما و عزما	و خصيما الد ذا معلاق
حية فى الوجار اربد لاين	فعمنه السليم نفث الراقى

واتاکەی: لەژێر خاك ئەندێشەیەکی راست و مەبەستێکی پایەدار نوستووە.

شەڕکەرێکی چارەسەرنەکراو کەگەردنبەندێکی بەملەوە هەڵواسراوە. لەم چاڵەدا مارێك نوستووە کە لەبەرابەر گەستنەکانی ئەو هەناسەکانی جادوگەر کاریگەر نییە.

ئەوسا ئەو مووی خۆی بڕی و جلەکانی کورت کردەوە و لەژنان و خۆشەویستی ئەوان خۆی دور خستەوە و بردن و دۆڕاندن و بادە خواردنەوەی پشت گوێ خست و خەڵکەکەی خۆی کۆکردەوە و پیاوانێکی لەوان بۆ لای منالەکانی شەیبان نارد کەڕۆشتنە لای مورە کوڕی زوهەل کوڕی شەیبان. ئەو لەشوێنەکەی خۆیدابوو، پێیان وت: بەکوژرانی کولەیب لەسەر یەك وشتر، کارێکی دژوارتان کرد و ئالقەی خزمایەتیتان پچراند. ئێمە یەك لەم چوار کارە بەئێوە پێشنیار دەکەین کەبۆ ئێوە هۆکاری رزگاربوونەوە و بۆ ئێمە هۆکاری رەزامەندی و چاوپۆشین. یا کولەیب زیندوو بکەنەوە یا کوژەرەکەی بەئێمە بسپێرن کە لەبەرابەر خوێنی ئەو بیکوژین، یا هەمام بدەنە ئێمە کەهاوتای ئەوە یا ئێمە بەسەر خۆتا (خۆت ئەی مورە کوڕی زوهەل کوڕی شەیبان) زاڵ بکە چوونکە ئێوە بەسەندەن بۆ خوێنی ئەو.

مورە کوڕی زوهەل کوڕی شەیبانی وەڵامی دانەوە: بەڵام زیندوو کردنەوە کولەیب، ناتوانم. بەڵام ئەوەی جەساس بەئێوە بسپێرم، ئەو کۆڕێکی لەخۆبایی بوو بەهۆی کەم ئەزمونییەوە گورزێکی وەشاند و سوار ئەسپەکەی خۆی بوو ونازانم رووی لەکوێ کردووە. بەڵام هەمام باوکی عەشیرەیەك، برای عەشیرەیەکی گەورە و مامی عەشیرەیەکە. ئەمانە هەموویان سواران و شەڕکەرانی خەڵکانی خۆیانن و بەگوناحی یەکیتر بەئێوەی ناسپێرن. بەڵام من، هەر ئەوەندە ماوە شەڕ دەسپێ بکات و ئەسپێك بەغاردان بێت و من یەکەم کوژراو بم. بۆ بەرەو مەرگ ڕابکەم؟ (بەرەو مەرگ ڕانەکەم). من دوو پێشنیار بەئێوە دەکەم: ئێستا کوڕەکانی من، هەر کامیان دەخوازن بیگرن و لەجیاتی کولەیب بیکوژن. هەروەها دەتوانم هەزار وشتری چاو ڕەشی سور موتان وەك خوێنبایی پێ بدەم.

خەڵکانی کولەیب تورە بوون و وتیان: تۆ بە بەخشینی ئەمانە سوکایەتیت بەئێمە کرد و خراپەمان لەگەڵ دەکەیت. ئایا ئەتەوێت بەخوێنی کولەیب شیرمان پێ بدەیت؟ ئایا دەتەوێت بەپێش کەش کردنی وشترەکان، خوێنی کولەیب دەرخواردی ئێمە بدەیت؟ ئاگری شەڕ بڵێسەی سەند. جەلیلە ژنی کولەیب ڕۆشتە

ماڵی باوك و پەیوەستی خەڵکەکەی خۆی بوو. هۆزەکانی بەکر لەشەڕ خۆیان بەدوور گرت و کوژرانی کولەیبیان بەگەورە و هاوکاری کردنی مناڵەکانی شەیبانیان بەناسازگار بینی. لوجەیم و یەشکور خۆیان بەدوور گرت و حارس کوڕی عوباد دەستی لەهاوکاری کردنی ئەوان هەڵگرت و خەڵکەکەی هاورێ لەگەڵ ئەو دەستیان لەشەڕ هەڵگرت. موهەلهیل چەندین شێعری بۆ مەرگی براکەی هۆنییەوە، یەکیان بەم شێوەیە:

کلیب لا خیر فی الدنیا و من فیها	اذا انت خلیتها فیمن یخلیها
کلیب ای فتی عز و مکرمة	تحت السقائف اذ یعلوك سافیها
نعی النعاة کلیبا لة فقلت لهم	مالت بنا الارض نو زالت رواسیها
الحزم و العزم کانا من صنیعته	ماکل الانه یا قوم احصیا
القائد الخیل تردی فی اعنتها	رهوا اذا الخیل لجت فة تعادیها
من خیل تغلب ما تلقی اعنتها	الا و قد خضبووها من اعاجیها
یهزهزون من الحطی مد مجة	صما انا بیبها رزقا عوالیها
لیت السماء علة من تحتها وقعت	و انشقت الارض فا نجابت بمن فیها
لا اصلح اللة منا من یصالحکم	مالاحت الشمس فة اعلی مجاریها

واتاکەی: ئەی کولەیب کاتێك تۆ هاورێ لەگەڵ مردووان لەم دنیایە تێپەڕی، ئەم دنیایە هیچ چاکی و باشییەکەی تیا نییە. ئەی کولەیب، چەندە پیاوێکی بەرێز و هێژا بوویت. ئەو رۆژانە وەك چەپکە گوڵێك لەژێر بانی ماڵەکان کۆڕ خۆشکەری شاسوارەکانی خەڵکەکەی خۆت بوویت و هەنوکە خۆڵی گۆڕیان بەسەر پەیکەرە نازەنینەکەتا پرژاندووە. هەواڵنێران هەواڵی مەرگی ئەویان هێنا و بەوانم وت: ئێستا زەوییە ئێمە دەلەرێنێتەوە یا کێوە بەهێز و سەنگینەکان کە لەسەر زەوی هەڵیان گرتووە. ئەندێشەی ڕاست و مەبەستی بەهێز لەعادەتە باشەکانی ئەو بوون. ئەی خەڵکینە، ناتوانم هەموو چاکییەکانی ئەو باس بکەم. سوارکارە تیژ پێکان و بلەزەکان کە هەوساریان بەرەڵا دەبوو بەغاردان و نەرمی دەڕۆشتن و ئەسپەکانیتر غاریان دەدا تا خۆیان بەو بگەیێنن. لەناو سوارکارەانی تەغلەب کەڕمەکانیان

داناگرن مەگەر ئەوەی لەخوێنی دوژمنان تێراویان کردبێت. ڕمە دروست کراوەکانی ختیان رادەوەشاند. خۆزگە ئاسمان لەسەرەوە دەکەوتە خوار و خەڵکانی دادەپۆشی. خۆزگە زەوی قەڵشتی دەبرد و خەڵکانی قوت دەدا. هیچ کام لەئێمە کە بیەوێت لەگەڵ ئێوەدا ئاشتی بکات، خوا نەیبەخشێت. ئەم سوێندە هەمیشەیی بێت. پایەدار بێت بەوشێوەی خۆر لەشوێنی سوڕانەوەی بەرزی خۆی لەسوڕاندایە.

یەکەم شەڕ لەڕۆژی عەنیزە لەشوێنێك بەناوی (فەلجە) لەنێوان ئەوان رویدا. هەردووك یەکسان بوون. موهەلهیل وتی:

كانا غدوة و بنى ابينا	بجنب عنيزة رحيا مدير
ولولا الريح اسمع اهل حجر	صليل البيض تقرع بالذكور

واتاکەی: دەڵێی ئێمەلەگەڵ کوڕانی باوکمان دەجەنگین و لەلای عەنیزە لەگەڵ ئەوان شەڕ دەکەین، دوبەرداشی سوڕاوین. ئەگەر بایی گۆڕەپانی شەڕنەدەبوو، کەسانی حۆجر دەنگی بەریەك کەوتنی شمشێرەکانیان دەبیسرا کەبەسەر پیاوا نازاکان دەهاتە خوار.

ئەوان بلاوەیان لێکرد و رۆژگارێکیان بەمشێوەیە بەسەر برد. ئەوکات لەسەر ئاوێك بەناوی (نهى) چاویان بەیەك کەوت. مناڵەکانی شەیبان لەسەر ئاوەکە بوون. دەستەیەك دەڵێن ئەمە یەکەم شەڕ لەنێوان ئەواندا بوو. سەرۆکی تەغلەبییەکان موهەلهیل بوو و سەرکردەی شەیبانیان حارس کوڕی مورە. شەڕ لەزیانی مناڵەکانی تەغلەب درێژی کێشا و سەرکەوتن و هێز لەدەستی مناڵەکانی شەیبان بوو. شەڕ لەناو ئەواندا قورس بەلام لەم رۆژەدا کەس لەمناڵەکانی مورە نەکوژرا.

دواتر لەشوێنێك بەناوی (زەنایب) رووبەرووی یەکبوونەوە. ئەمە قورسترین شەڕێك بوو لەنێوان ئەواندا رویدا. مناڵەکانی تەغلەب لەسەرکەوتن نزیك بوونەوەو ژمارەیەکی زۆرلەبەکرییەکانیان کوشت. لەم رۆژەدا ئەمانە کوژران: شەراحیل کوڕی مورە کوڕی هەمام کوڕی زوهەل کوڕی شەیبان باوەگەورێی حەوفەزان و باوەگەڕێی مەعن کوڕی زایدە، حارس کوڕی مورە کوڕی زوهەل کوڕی شەیبان (لەمناڵەکانی زوهەل کوڕی سەعلەبە) عەمرۆ کوڕی سەدوس کوڕی شەیبان کوڕی زوهەل و

کەسانیتر لەگەورەکانی بەکر.

دواتر لەرۆژی واردات چاویان بەیەك کەوت و شەڕێکی قورسیان هەڵایساند کەدووبارە تەغلەبیەکان سەرکەوتن. کوژراوەکانی بەکر زیادی کرد. لەم رۆژەدا هەمام کوڕی مورە کوڕی زوهەل کوڕی شەیبان برای باوك و دایکی جەساس کوژرا. موهەلهیل لایەوە تێپەڕی و کاتێك ئەوی بینی وتی: سوێند بەخوا دوای کولەیب هیچ کوژراوێك بەڕێزتر لەتۆ نەبوو. بەخوا سوێند بەکرییەکان دوای ئێوە دووانە، خێر نابینن. دەستەیەك دەڵێن: هەمام لەرۆژی قوسەیبات پێش لەرۆژی قیزە کوژرا. پیاوێك بەناوی ناشرە ئەوی کوشت کەهەمام ئەوی هەڵگرتبوویەوە و پەروەردەی کردبوو و ناوی نابوو ناشرە. ئەو لای هەمام دەژیا، کاتێك گەورە بوو، زانی تەغلەبیە. کاتێك ئەم شەڕە دەستیپێکرد، هەمام بەردەوام شەڕی دەکرد و کاتێك تینوی دەبوو، دەهات و ئاوی دەخواردەوە. ناشرە جارێکیان ئەوی بێ ئاگا بینی و لەناکاو کوشتی و بەرەو خەڵکی تەغلەب رایکرد. نزیك بوو جەساس بکوژرێت بەڵام تەندروست رزگاری بوو. موهەلهیل وتی:

لو ان خیلی ادرکتك وجدتهم   مثل اللیوث بستر غب عرین

هەروەها لەم هۆنراوەدا دەڵێت:

ولا وردن الخیل بطن اراکة   ولا قضین بفعل ذاك دیونی
ولا قتلن جحا جحا من بکرکم   ولا بکین بها جفون عیون
حتى تظل الحاملات مخافة   من وقعنا یقذفن کل جنین

واتاکەی: ئەگەر سوارەکانی من رووبەرووی تۆ دەبوونەوە ئەوانت هاوشێوەی شێرەکانی ژیان دەبینی کەدور لەدەستن و لەهێلانەکانی خۆیان جێگەیان گرتووە. سوێند بەخوا ئەسپەکانی خۆم دەبەمە (ئەراکە) و بەم شێوە قەرزەکانی خۆم وەردەگرمەوە. بێ گومان لەناو باشترینەکانی ئێوە خەڵکانێك کوشتار ئەکەم و لەم رێگادا فرمێسك لەهەندێ چاو دەبارێنم (چاوەکانی ئێوە گریاناوی دەکەم). کارێك دەکەم ژنانی سکپڕ بەردەوام ترسی ئێمەیان لەدڵدا بێت و منداڵەکانیان ببێت.

سەبارەت بەچۆنیەتی ئەم شەڕانە ئاماژەیان بەگێڕانەوەی دیکەیش داوە کە بەخواستی خوای گەورە ئاماژەیان پێ دەدەین.

باوکی نویرەی تەغلەبی و هاوشێوەکانی پێشرەوەکانی خەڵکانی خۆیان و جەساس پێشڕەوی خەڵکانی خۆی بوو. شەوێك جەساس و باوکی نویرە چاویان بەیەك کەوت. باوکی نەویرە پێی وت: یەك لەم چەند کارە هەڵبژێرە: زۆران بازی، ڕم وەشاندن یا شمشێری وەشاندن. جەساس زۆرانی هەڵبژارد. ئەو دووانە باوەشیان بەیەکدا کرد. خەڵکی ئەوان گومانیان دەکرد دواکەوتوون. بەدوایاندا گەڕان و بینیان کەپێکەوە زۆران دەگرن. نزیك بوو جەساس لەزەوی بدات. ئەم دووانەیان جیا کردەوە.

لەمەدوا تەغلەبیەکان زیاتر لەجاران بەدوای جەساسدا دەگەڕان. باوکی مورە پێی وت: برۆ لای خاڵۆکانی خۆت لەشام و لەوێ پەنا بگرە. ئەو ڕازی نەبوو. باوکی پێداگری کرد و ئەوی لەگەڵ پێنج کەسدا نارد. ئەم هەواڵە بەموهەلهیل گەشت و باوکی نەویرەی لەگەڵ سی کەس لەهاوەڵە ئازاکانی خۆی ڕەوانە کرد. بەپەلە ڕۆشتن و جەساسیان دۆزییەوە. جەساس ڕوبەڕویان وەستایەوە و باوکی نەویرە لەگەڵ هاوەڵەکانی کوژران و لەمان جگە لەدووانیان ڕزگاری نەبوو. جەساس بەسەختی بریندار و بەهۆی کاریگەری ئەم برینەوە مرد. هاورێکانی کوژران و جگە لەدووانیان کەسیان ڕزگاری نەبوو. هەرکام لەڕزگاربووان گەڕانەوە بۆ لای خەڵکەکەی خۆیان.

کاتێك مورە هەواڵی کوژرانی کوڕەکەی، جەساسی بیست، وتی: خەمبارم کە ئەو کەسی لەوان نەکوشت. پێیان وت: بەدەستی خۆی سەرکردەی ئەوان باوکی نەویرەی کوشت و هاورێ لەگەڵ ئەو پانزە کەسی بەدەستی خۆی کوشت کەلەم کارەدا هاریکاری نەبوو. ئێمە ئەوانیترمان کوشت. مورە وتی: ئەمە ئەو شتەیە دڵم بەجەساس خۆش دەکات.

دەستەیەك دەڵێن: جەساس دوایین کەس بوو لەشەڕی بەکر و تەغلەب کوژرا. هۆکاری کوژرانەکەی ئەوە بوو کەخوشکەکەی جەلیلە ژنی کولەیب کوڕی وایل بوو. کاتێك کولەیب کوژرا ئەو دووگیان گەڕایەوە بۆ لای خەڵکەکەی خۆی و لەم ناوەدا شەڕ دەستی پێکرد و هەردوولای شەڕکەر دوژمنایەتیان لەگەڵ یەکتر کرد. دوای

ئەوە ڕێکەوتن. پێشتر بۆ لەناوبردنی یەکتر هەوڵیان دەدا. خوشکەکەی جەساس کوڕیکی هێنایە دنیا و ناوی نا هێجرێس. جەساس پەروەردەی و گەورەی کرد و کچەکەی خۆی کردە هاوسەری. کوڕ جگە لەو کەسی بەباوك نەدەزانی. ڕۆژێك لەنێوان هێجرێس و یەکێك لەبەکرییەکان دەمەبۆڵەیەك ڕویدا و بەکری پێی وت: تۆ دەست لەخراپە هەڵناگریت تا ئەو کاتەی ئەتنێرینە لای باوکت. هێجرێس دەستی لێ بەردا و خەمبار گەڕایەوە بۆ لای دایکی و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە. کاتێك لای ژنەکەی خەوت، ژن پەرێشانی و شڵەژانی پێوە دی. ژن ئەمەی بەباوکی یانی جەساس وت. جەساس وتی: سوێند بەخوای کەعبە خوێنی دەوێت! ئەو بەنیگەرانی و پەریشانی شەوی کردە ڕۆژ. ئەوسا زڕکوڕەکەی خۆی هێجرێسی بانگ کرد و وتی: تۆ کوڕی منیت و لای من ئەو پێگەت هەیە کەخۆت دەیزانی. من کچەکەم کردە هاوسەری تۆ. شەڕ لەگەڵ باوکی تۆ دەگرێتەوە بۆ چەندین ساڵ پێش و ئێمە ئێستا ئاشت بووینەوە و دەستمان لەیەك هەڵگرتووە. پێم خۆشە تۆیش لەسەر ئاشتی بمێنیتەوە و وەك خەڵکان هەڵس کەوت بکەیت. لەگەڵ من بێیت تاهاوشێوەی کەسانیتر پەیمانت لێ وەربگرین. هێجرێس وتی: ئەم کارە دەکەین. جەساس ئەوی سوار ئەسپ کرد. ئەو سوار بوو و کەرەستەی شەڕ و تیر و کەوانی هەڵگرت و وتی: کەسێکی وەك من بێ کەل و پەلی شەڕ ناڕواتە لای کەسەکانی خۆی. ئەو دووانە هاتن تا گەشتنە دەستەیەك لەخەڵکەکەی خۆیان. جەساس داستانەکەی باس کرد و ئاگاداری کردنەوە کەهێجرێس ئەو بەڵێنەی خەڵکەکەی داویانە، دەیدات و ئەو کارە دەکات کە ئێوە کردتان. کاتێك دەفری خوێن(وەك تەشت و هاوشێوەکانی کەبۆ پەیمان بەستن دەستیان تێ دەکرد) هێنایان و ڕویان کردە شوێنی پەیمان بەستن، هێجرێس ڕمەکەی خۆی گرت و وتی: سوێند بەئەسپەکەم و دو گوێچکەم و ڕمەکەم و دو تیرەکەی و شمشێرەکەم و دو لێوارەکەی کەپیاو، واز لە کوژەری باوکی ناهێنێت. جەساس سەیری دەکرد (یا ئەو سەیری جەساسی دەکرد). دواتر گورزێکی لەجەساس دا و کوشتی و هەلاَن و گەڕایەوە بۆ ناوخەڵکەکەی. ئەو دوایین کوژراوی بەکر بوو. گێڕانەوەی یەکەم ڕاست ترە.

ئێستا دەگەڕێینەوە سەر داستانەکە.

کاتێك جەساس کوژرا، باوکی مورە پەیامی بۆ موهەلهیل نارد و پەیامی دا: تۆ خوێنی خۆتت گرت و جەساست کوشت. ئێستا دەست لەشەڕ هەڵبگرە و واز لەسەرسەختی وخوێن ڕشتن بێنە و پەیمانی ئاشتی ببەستە کەبۆ هەردوو هۆزەکە باشتر و بۆ دژومنان خراپترە. ئەو بەم داوایە رازی نەبوو. حارس کوڕی عیباد پشتی کردبووە شەڕ و نەهاتبووە گۆڕەپانی شەڕ. کاتێك جەساس و هەمام کوڕەکانی مورە کوژران. ئەو کوڕەکەی خۆی بوجەیر، هەمان کوڕی عەمرۆ کوڕی عیباد بۆای حارس کوڕی عیبادی لەسەر وشترێك نارد و هاورێ لەگەڵ ئەو بۆ موهەلهیلی نوسی: تۆ لە کوشتار زێدەڕۆییت کرد و زیاد لەوەی چەندین کەست لەبەکرییەکان کوشت، تۆڵەی خۆیشت سەندەوە. هەنوکە من کوڕەکەم بۆ لای تۆ دەنێرم. یا بیکوژە و لەنێوان ئەم دوو هۆزە ئاشتی سەقامگیر بکە یا ئازادی کە و ئاگری کینە بەئاوی ئاشتی دامرکێنەرەوە. لەم شەڕانەدا کەسانێك لەناوچوون کەمانەوەیان بۆ ئێمە و ئێوە باشتر بوو. کاتێك لەنامەکە ئاگادار بوویەوە بوجەیری گرت و کوشتی و وتی: بەقەیتانی پێلاوەکانی کولەیب بگەرێرەوە! کاتێك باوك ئەم هەواڵەی بیست، گومانی برد کەئەوەی لەجیاتی براکەی کوشتووە تا لەنێوان ئەو دوو هۆزەدا ئاشتی سەقامگیر بکات. لەبەر ئەمە وتی: چ کوژراوێکی باش بوویت کە ئاشتیت لەنێوان دو کوڕەکەی وایلدا سەقامگیر کرد. پێی وترا کەموهەلهیل وتویەتی: بە قەیتانی پێلاوەکانی کولەیب بگەرێرەوە. لەم کاتەدا حارس کوڕی عیباد تورە بوو وتی:

قربا مربط النعامة منی   لقحت حرب وائل عن حیال
قربا مربط النعامة منی   شاب رأسی و انکرتنی رجالی
لم اکن من جناتها علم اللة   و انی بحرها الیوم صالی

واتاکەی:

شوێنی بەستنەوەی ئەسپەکەم (نعامە) لەمن نزیك بکەنەوە کەشەڕی وایل یەخەی گرتوین و ئەبێت خۆمانی بۆ ئامادە بکەین. شوێنی بەستنی نەعامە لەمن نزیك بکەنەوە کەسەرم سپی بوو و هاورێکانم لەبیریان کردم تا ئەو جێگەی

نەیناسیمەوە. خوا ئەزانێت من لەتاوانبارانی ئەم شەڕە و هەڵگیرسێنەرانی نەبووم بەڵام ئەمڕۆ لەئاگرەکەیدا دەسوتێم.

ئەسپەکەی یانی نەعامەیان هێنا. لەو رۆژگارەدا هاوتای نەبوو. سواری بوو و فەرماندەیی بەکرییەکانی گرتە دەست و لەشەڕدا ئامادە بوو. یەکەم رۆژ کەئەو تیایدا ئامادە بوو رۆژی قێزە بوو کەپێیان دەوت رۆژی (سەر تاشراوەکان).بۆیە ئەو ناوەیان لێنا چوونکە بەکرییەکان سەری خۆیان تاشی بۆ ئەوەی یەکتر بناسنەوە. تەنیا باوکی مەسامیعە جەحدەر کوڕی زوبەیعە کوڕی قەیس ئەم کارەی نەکرد و وتی: من کورتم، ناشیرینم مەکەن. قژەکانم لەنێوە بەیەکەم سوار کە لەدوژمن بێتە پێش دەکڕمەوە. لەم کاتەدا عەناق دەرکەوت و هاتە پێش. جەحدەر کوڕی زوبەیعە هێرشی کردە سەر و ئەوی کوشت. ئەو لەو رۆژەدا دەیخوێند و دەیوت:

ردوا علی الخیل ان المت ... ان لم اقاتلهم فجزوا المتی

واتاکەی: ئەگەر ئەسپەکان رۆشتنە راو، بەمن بیانگەڕێیننەوە. و ئەگەر شەڕم لەگەڵدا نەکردن، سەرم بتاشن.

لەم رۆژەدا حارس کوڕی عیباد ئازایانە شەڕی کرد و لەناو تەغلەبیەکان کوشتارێکی سەخت و گیانبڕی بەرێخست.

لەم رۆژەدا خارس کوڕی عیباد موهەلهیل کەهەمان عودەی بێت، ئەسیری کرد بەڵام ئەوی نەدەناسی. حارس پێی وت: موهەلهیلم نیشان بدە تا ئازادت بکەم. عودەی وتی: ئایا بەڵێنی خوایی ئەدەیت کە ئەگەر ئەو بەتۆ نیشان بدەم ئازادم بکەیت؟ حارس وتی: بەڵێ. موهەلهیل وتی: خۆمم. حارس قژی ناوچاوانی بڕی و ئازادی کرد و لەمبارەوەوتی:

لهف نفسی علی عدی و لم اع ... رف عدیا اذ امکنتنی الیدان

واتاکەی: هاوار لەگیانی بەئازاری من کەکاتێك دەستم بە عودەی گەشت نەمناسیەوە.

ئەو رۆژانەی شەڕ لەنێوان ئەم دوو دەستە گەرم بوو، پێنج رۆژ بوون: رۆژی یەکەمی عونەیزە کەهەر دوولای شەڕ بەرابەر بوون، رۆژی دووەم واردات کە لەبەرژەوەندی تەغلەب و زیانی بەکر کۆتایی هات، رۆژی سێیەم کە لەبەرژەوەندی بەکر و زیانی تەغلەب بوو، رۆژی چوارەم قوسەیبات کەبەکرییەکان شکستێکی قورسیان خوارد تا ئەو رادەی گومانیان دەکرد رزگاریان نابێت، رۆژی پێنجەم یا رۆژی سەرتاشراوەکان کەحارس کوڕی عیباد تیایدا ئامادە بوو. دوای ئەم شەڕانە شەڕی بچوکتریش رویاندا. لەوانە: رۆژی نەقیە و رۆژی فەسڵ لەبەرژەوەندی بەکر لەبەرابەر تەغلەب. دوای ئەوە لەشکرکێشی ئەنجام نەدرا بەڵکو شێوەی پەلاماردانی بەخۆوە گرت. شەڕی نێوانیان چوار ساڵی خایاند.

دواتر موهەلهیل بەخەڵکەکەی وت: باوەڕم وایە خەڵکی خۆتان بەزیندویی بهێڵنەوە چوونکە ئەوانە باشەی نێوەیان دەوێت. لەسەرەتای شەڕەوە تا ئێستا چوار ساڵ تێپەڕیوە بەلآم سەرزەنشتان ناکەم چوونکە داوای خوێنی خۆتان دەکرد. ئەگەر ئەم ساڵە درێژانە بەنارامی و ئاسودەی تێدەپەڕین، لەدرێژی خۆیان خەڵکیان بێزار دەکرد چ بگات بەوەی لەدرێژی ئەم ساڵآنەدا دوو هۆز لەناو چوون و منداڵەکان بێ باوك. شینێکە پایەدار، ناڵەیەکە لەهەر سوچ و قوژبنێك بڵند، فرمێسکێکە دەبارێت و وشك نابێت، جەستەیەکە لەسەر زەوی ماوەتەوە، شمشێرێکە لەکالآن دەرکێشراوە و ڕمێکە بەرز کراوەتەوە. بەیانی ئەم خەڵکە بەهاورێیەتی پەیوەندی خزمایەتی بۆ لای ئێوە دەگەڕێنەوە و خزمەکان بۆ یەك میهرەبان دەبن بەشێوەیەك تەنانەت لەقەیتانی پێلاوەکانیش لەسەر بنەمای بەرابەری لەگەڵ یەك هەڵس وکەوت دەکەن.

دواتر موهەلهیل وتی: گیانی من بەوە شاد نییە لەناو نێوەدا بمێنمەوە و کوژەری براکەی خۆم ببینم و سەیری بکوژی کولەیب بکەم. لەوە دەترسم نێوە ناچار بە لەناوبردنی ئەوان و خۆتان بکەم. بەرەو یەمەن دەڕۆم. ئەو ڕۆشتە یەمەن و لەناو (جەنب) کەلقێك لەهۆزی مەزجیحە نیشتەجێ بوو. ئەوان هاتنە خوازبێنی کچەکەی بەلآم نەیدا. بۆ ئەو کارە ناچاریان کرد و مارەیی ئەویان لەپێستی چەرمین هێنایە پێش. ئەو لەمبارەوە هۆنییەوە:

اعزز على تغلب بما لقيت	اخت بنى الاكرمين من جشم
انكحها فقدها الاراقم فى	جنب و كان الحباء من ادم
لو با بانين جاء يخطبها	ضرج ما انف خاطب بدم

واتاکەی: دژوار بێت لەسەر تەغلەبیەکان ئەوەی خوشکی منالّەکانی بەرێز لەجەشم گرفتاری بوو. نەبوونی ئەراقم ئەوەی ناچار بەمێرد کردن لەجەنب کرد و مارەییەکەی لەناو پێست هێنرا. ئەگەر بێن ونەو بەهاوسەنگی دوو کێوی ئەبان بەزێر خوازبێنی بکەن، لوتی خوازبێنیکەر لەخاك و خوێن دەدرێت.

ئەراقم هۆزێك لەجەشم کوڕی تەغلەب بوون. یانی داخەکەم ئەراقم نین کەخەڵکانی خانەدان لەوان بوون. لەبەر ئەمە پیاوێك ئەوەی کردە ژنی خۆی و مارەییەکەی بەپێست دا.

دواتر موهەلهیل بۆ سەرزەمینی خەڵکەکەی خۆی گەڕایەوە و عەمرۆ کوڕی مالیك کوڕی زوبەیعە بەکری لەپانتاییەکانی هیجر ئەسیری کرد بەلاّم ڕێزدارانە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کرد. لەم کاتەدا بازرگانێکی بادە فرۆش کەبادەکانی خۆی لەهیجرەوە هێنابوو، هات. ئەو هاورێی موهەلهیل بوو. لەهەمان کاتی گرفتاری، بازرگان بادەی پێش کەش کرد. کوڕانی مالیك لەدەوری کۆبوونەوە و وشترێکی گەنجیان کوشت و لای موهەلهیل لەو ماڵەی عەمرۆ بۆی جیا کردبوویەوە، بادەیان خوارد. کاتێك لەبادە سەرخۆش بوون، موهەلهیل دەستی بەخوێندن کرد و ئەوەی لەپرسەی براکەی کولەیب وتبووی، هێنایە سەرزمان و بۆ کولەیب گریا. عەمرۆ ئاوازەکەی بیست و وتی: ئەو تێراوە، سوێند بەخوا لای من ئاو ناخواتەوە تا (زەبیب) بگات. زەبیب وشترێکی نێری گرانبایی بوو کەبۆ هێنانی ئاو ڕۆشتبووە شوێنێکی دوور و دوای پێنج ڕۆژ، ئەویش لەگەرمای سوتێنەری هاوین دەگەڕایەوە. منالّەکانی مالیك بەدوای زەبیبدا گەڕان و پێداگریان کرد بۆ ئەوەی موهەلهیل لەناونەچێت بەلاّم نەیانتوانی بیدۆزنەوە و موهەلهێل لەتینویەتیدا مرد.

دەستەیەك دەڵێن: کچە پوری موهەلهیل کەکچی (موجەلەلی تەغلەبی) بوو، ژنی

عەمرۆ بوو. ئەو لەو کاتەی موهەلهیل دیل کرا بوو، هەوڵیدا بڕواتە لای و لەگەڵیا هاوئامێز بێت. موهەلهیل ئەم هۆنراوەی بۆ ئەو دڵدارە هۆنییەوە:

طلفة ما انتة المجلل بيضا	ء لعوب لذيذة فى العناق
فاذهبى ما اليك غير بعيد	لا يؤاتى العناق من فى الوثاق
ضربت نحرها الى وقالت:	يا عدى لقد وقتك الاواقى

واتاکەی: کچی موجەلەل دڵدایەکی کەم تەمەن وگەنجە. پێستێکی سپی هەیە. لێزانە و لەکاتی هاوئامێزی چێژێکی خۆش دەبەخشێت. لە من دوورکەوەرە نازەنینم بەڵام نەئەوەندەی دەستم بەتۆ نەگات. ئەوەی لەبەندا بێت ناتوانێت هاوئامێز بێت لەگەڵ ژنان. نازەنینم سینەی لەمن سوو، وتی: ئەی عودەی، کەسانی زۆر تۆیان راگرتووە.

ئەمانە بەیتی زۆر بوون، ئەمەیان بەگوێی عەمرۆ کوڕی مالیك گەیاند. سوێندی خوارد تا زەبیب نەگات ئاو بەموهەلهیل نەدات. خەڵك داوایان لێکرد زەبیب پێش کاتی دیاریکراو بێنێت. ئەوی هێنا و ئاوی دا بەموهەلهیل تا سوێندەکەی خۆی بردبێتە سەر بەڵام لەپیسترین ئاوەکانی ئەوێی دەرخوارد دا و لەئەنجامدا نەخۆش کەوت و مرد.

شەڕی نێوان حارس ئەعرەج و مناڵەکانی تەغلەب

باوکی عوبەیدە دەڵێت: بەکرییەکان و تەغلەبییەکان لەمناڵەکانی وایل، دوای کۆتایی هاتنی شەڕەکەیان رۆشتنە لای مونزەر کوڕی ما السما ، ئەوکەسەی ئاشتی لەنێوان ئەوان سەقامگیر کرد، قەیس کوڕی شەراحیل کوڕی مورە کوڕی هەمام بوو. دواتر مونزەر ئەوانی بۆ شەڕی ئاکیل ئەلمورار نارد و کوڕی عەمرۆ کوڕی هیندی کردە فەرماندەی مناڵەکانی بەکر و مناڵەکانی تەغلەب و وتی: برۆ شەڕی خاڵەکانت. ئەو ڕۆشتە شەڕی ئەوان و شەڕێکی قورس رویدا کەتیایدا مناڵەکانی ئاکیل المورار شکستیان خوارد و گرفتار بوون. ئەوانیان هێنا بۆ لای مونزەر و ئەوانی کوشتار کرد.

دواتر تەغلەبیەکان لەمونزەر پچڕان و پەیوەستی شام بوون. ئێمە هۆکاری ئەم کارە لەکاتی گێڕانەوەی بەسەرهاتی مناڵەکانی شەیبان ئاماژەی پێدەدەین. شەڕی نێوان ئەوان و بەکرییەکان دوبارە سەری هەڵدایەوە. لەم ناوەدا پاشای غەسان لەشام یانی حارس کوڕی ئەبی شیمری غەسانی لەلای چەندین دەستەی بەربڵاو لەتەغلەبیەکان تێپەڕی کرد کە بەباشی پێشوازیان لێنەکرد. عەمرۆ کوڕی کەلسوم سوار بوو و رۆشتە بینینی پاشای غەسان. حارس پاشای غەسان پێی وت: چ هۆکارێك وای لەخەڵکەکەت کرد بەباشی پێشوازی لەمن نەکەن؟ وتی: لە تێپەڕینی تۆ ئاگادار نەبوون. پاشا وتی: ئەگەر بگەڕێمەوە شەڕێکی وایان لەگەڵ دەکەم بۆ هەمیشە بەئاگا بن. عەمرۆ وتی: هەر خەڵکێك بەئاگا بێتەوە، باوەڕیان بڵند و کۆڕەکانیان بەهێز دەبێت، ئەوان لەخەو هەڵمەستێنە. پاشا وتی: ئەبینم کەمن لەوان ئەترسێنیت. سوێند بەخوا ئەگەر لاوە دانا و فرەزانەکانی غەسان ئەسپەکانیان لەنێوان ئێوەدا غار بدەن، بەشێوەیەکی وا خەڵکەکەی تۆ دەخەوێنن کە هیچ کات لەخەو هەڵنەستن. ریشەی ئەوان دەردەهێنرێت و پاشماوەکانیان بەرەو رێگە دژوارەکان و چاڵە خاڵی کراوەکان لەناو دووردەخرێنەوە و لەناو دەچن. دواتر عەمرۆ کوڕی

کولسوم ڕۆشت و هاتە لای خەڵکەکەی خۆی و وتی:

الافا علم ابيت اللعن انا	ابيت اللعن نابى ما تريد
تعلم ان محملنا ثقيل	و ان دبار كبتان شديد
و انا ليس حى من معد	يقاومنا اذا لبس الحديد

واتاکەی:ئەی پیاوەی گەورە، لەنفرین بەدور بیت. بزانە و لەنفرین بەدوور بە کەئێمە لەوەی تۆ دەتەوێت خۆ دوور دەخەینەوە. بزانە باری ئێمە گرانە و وێرانی و مەرگی بەدیهاتو لەهێرش کردنە سەر ئێمە سەخت. هیچ هۆزێك لەمەعدییەکان ئەگەر ئاسنیش بپۆشن توانای بەرگەگرتنی ئێمەیان نییە.

کاتێك حارس ئەعرەج گەڕایەوە ڕۆشتە شەڕی منالەکانی تەغلەب و هەردوولا شەڕیان کرد و شەڕ قورس بوو. حارس و غەسانییەکان شکستیان خوارد و براکەی حارس لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر کوژرا. عەمرۆ کوڕی کولسوم وتی:

هلا عطفت علة اخيك اذا دعا	بالثكل ويل ابيك يا ابن ابى شمر
فذق الذى جشمت نفسك و اعترف	فيها اخاك و عامر بن ابى حجر

واتاکەی: هاوار لەباوکت ئەی کوڕی ئەبی شیمر، بۆ، چوونکە براکەت هاواری دڵ سوتانی بەرز کردەوە، بەمیهرەبانی رووت تێنەکرد؟ ئێستا ئەوەی خۆتت گیرۆدە کرد، بیچێژە و لەم شەڕەدا براکەت و عامیر کوڕی ئەبی حۆجر بناسە و بیانبینە.

شەڕی عەین ئۆباغ

ئەم شەڕە لەنێوان مونزەر کوڕی ما السما و حارس ئەعرەج کوڕی ئەبی شیمری جەبەلە رویدا. دەستەیەك نەژادنامەی ئەویان بەم شێوە وتووە: باوکی شیمر عەمرۆ کوڕی جەبەلە کوڕی حارس کوڕی حۆجر کوڕی نەعمان کوڕی حارس ئەیهەم کوڕی حارس کوڕی ماریەی غەسانی. سەبارەت بەرەچەڵەکەی ئەو ئاماژەیان بەبابەتی دیکەیش داوە. ژمارەیەکی زۆرتر ئاماژەیان بەم رەچەڵەکە داوە و ئەمە راستترە. ئەو بوو باروبنەی ئەمرۆ ئەلقەیس و زرێکانی ئەوی لەسەمئوال کوڕی عادیا داوا کرد و کوڕەکەی ئەوەی لەسەر ئەم کارە کوشت. ئاماژەیان بە شتی دیکەیش داوە و خوا زاناترە.

هۆکاری ئەم شەڕە ئەوە بوو مونزەر کوڕی ما السما پاشای عەرەب لەگەڵ هەموو مەعدییەکان لەحیرەوە بەرێکەوت و لەعەین ئۆباغ لەشوێنێك بەناوی زات ئەلخیار دابەزی. بۆ حارس ئەعرەج کوڕی جەبەلە کوڕی حارس کوڕی سەعلەبە کوڕی جەفنە کوڕی عەمرۆ مزەیقیا کوڕی عامیری غەسانی پاشای عەرەب لەشام پەیامی نارد: یا باج بدە یا لەگەڵ لەشکرەکەی خۆم بگەڕێمەوە یا ئامادەی شەڕبە.

حارس پەیامی ناردەوە: دەرفەتمان پێبدە تا راوێژی خۆمان بکەین. ئەو سوپاکەی خۆی کۆکردەوە و روی لەمونزەر کرد و پەیامی بۆ نارد: من و تۆ دوو پیرە پیاوی بەساڵاچووین. لەشکرەکەمان لەناو نەبەین بەڵکو یەکێك لەکوڕەکانی من و یەکێك لە کوڕەکانی تۆ پێکەوە شەڕ بکەن و هەرکام کوژرا ئەویتر جێگەی بگرێتەوە و ئەگەر منداڵەکانمان کوژران من دێمە شەڕی تۆ و هەرکام کوژراین، پاشایەتی بۆ ئەویتر بێت. مونزەر یەکێك لەپیاوە ئازاکانی سوپاکەی بانگ کرد و فەرمانی پێدا لەنێوان دوو سوپادا راوەستێت و وا نیشان بدات کەکوڕی مونزەرە. کاتێك هاتەدەر حارس کوڕەکەی خۆی ئەبوبەکری بۆ شەڕ نارد. کاتێك کوڕەکە ئەوی بینی، بۆ لای

باوکی گەڕایەوە و وتی: ئەمە کوڕی مونزەر نییە بەڵکو کۆیلە یایەکێك لەپیاوە نازاکانی ئەوە. حارس وتی: ئایا لەمەرگ ترساویت؟ لاو بۆ لای گەڕایەوە و شەڕی لەگەڵ کرد و شەڕکەرەکەی مونزەر کوشتی و سەری بردە لای مونزەر و لەسەر زەوی دایـنا و جارێکیتر هاتە ناو گۆڕەپان و داوای شەڕکەری کرد. حارس یەکێتر لەکوڕەکانی بۆ سەندنەوەی تۆڵەی براکەی نارد. ئەو هاتە دەر و کاتێك سەیری کرد، بۆ لای باوکی گەڕایەوە و وتی: باوکە، سوێند بەخوا ئەمە کۆیلەکەی مونزەرە. حارس وتی: پیرەپیاو فێڵ نادۆرێنێت. کوڕ هات و هێرشی کردە سەر و کوژرا.

کاتێك شیمر کوڕی عەمرۆ حەنەفی کەدایکی غەسانی و خۆی لەسوپاکەی مونزەردابوو، ئەمەی بینی، وتی: پاشا، فێڵ و تەڵەکە کاری پاشاکان و گەورەکان نییە. تۆ دووجار فێڵت لەکوڕە مامەکەت کرد. مونزەر تورە بوو. فەرمانی دەرکردنی ئەویان دەرکرد. ئەو پەیوەستی سوپاکەی حارس بوو و هەموو شتێکی باس کرد. حارس وتی: داواکاری خۆت بڵێ. وتی: هاونشینی و دۆستایەتی تۆم دەوێت. کاتێك بەیانی گەشت، حارس سوپاکەی خۆی رازاندەوە و بۆ شەڕ هانیدان و ئەوان چل هەزار پیاوی شەڕکەر بوون. ئەوان بۆ شەڕ ریزیان بەست. شەڕێکی سەختیان کرد و مونزەر تیایدا کوژرا و سوپاکەی شکستیان خوارد. حارس فەرمانیدا دوو کوڕە کوژراوەکەی هاوشێوەی دوو تای بار بخەنە سەر وشترێك. مونزەری هاوشێوەی سەربار خستە سەریان و وتی: سەربارێك لەسەر دوو تابار. ئەم قسەیە بوو بەپەند. ئەو بەرەو حیرە بەرێکەوت و تالانی کردو ئاگری تێبەردا. دوو کوڕەکەی لەوێ بەخاك سپارد و دوو (غری)لەسەر ئارامگاکەیان دروست کرد. دەستەیەك لەمێژونوسان ئاماژەیان بەمە داوە. باوکی رەعلای زوبەیانی لەمبارەوە دەڵێت:

کم ترکنا بالعین عین اباغ — من ملوك و سوقة اکفاء

امطرتهم سحابة الموت تترى — ان فی الموت راحة الا شقیاء

لیس من مات فاستراح بمیت — انما المیت میت الاحیاء

واتاکەی: لەعەین یانی عەین ئۆباغ پاشاکان و خەڵکانێکی هاوتا لەتەپەکانمان لەناو خاك و خوێندا بەجێهێشت. هەوری مەرگ بەردەوام بەسەر ئەواندا باری، مەرگ دەبێتە هۆکاری ئاسودەیی خراپەکاران. ئەوەی بمرێت و ئاسودە بێت، مردوو نییە، مردوو ئەوەیە لەناو زیندووەکاندا دەژیت بەڵام گیان و ناخ و ئەندێشەی خەوتووە.

شەڕی مەرج حەلیمە

کاتێك، بەهەمان شێوەکە ئاماژەی پێدرا، مونزەر کوڕی ما السما لەناچوو، کوڕەکەی مونزەر بەپاشایەتی گەشت. ئەویان بەئەسوەد (ڕەش) ناودەبرد. کاتێك هێزی سەقامگیر بوو، سوپاکەی خۆی کۆکردەوە و بۆ تۆڵەسەندنەوەی باوکی ڕۆشتە شەری حارس ئەعرەج. ئەو پەیامی بۆ حارس نارد: بۆ شەڕ لەگەڵ تۆ، پیرەپیاوە شارەزاکانم سوار لەسەر ئەسپە چالاکە نێرەکان ئامادە کردووە. حارس وڵامی دایەوە: من گەنجەکانم سوار لەسەر ئەسپە بلەزەکان بۆ شەڕی تۆ ئامادە کردووە. مونزەر بەرێکەوت تا لەمەرج حەلیمە دابەزی. لەم کاتەدا ئەو دەستە لەدێهاتییەکان کەبەرەچەڵەك غەسانی بوون، ئەو ناوچەیان بۆ ئەسوەد بەجێهێشت. نێرەیان بەناوی حەلیمە کچی حارسی غەسانی ناو نا. دوای ئاماژە دان بەم شەڕە ئاماژە بەم بابەتەیش دەدەین.

دواتر حارسیش بەرێکەوت و لەمەرج حەلیمە دابەزی. ئەو فەرمانی بەدێهاتییەکانی مەرج دا خواردن بۆ سوپاکەی ئامادە بکەن. ئەوان ئەم کارمیان کرد و خواردنیان لەناو دیگە گەورەکاندا هێنا و لەلەشکرگا بەجێیان هێشت. کار گەشتە ئەو شوێنەی هەر کەس دەیویست شەڕ بکات، ئازادانە ئەهاتە سەر دیگەکان وتێرسکی، خواردنی دەخوارد. شەڕی نێوان حارس و ئەسوەد چەندین ڕۆژی خایاند بەلاّم هیچ کام بەسەر ئەویتر دا سەرنەکەوت. کاتێك حارس ئەمەی بینی لەکۆشکە بەشکۆکەی خۆی دانیشت و کچەکەی هیندی بانگ کرد و فەرمانیدا ئەندازەیەکی زۆر بۆنی خۆش لەسەر و سینەی سپی و بلورینی خۆی بپرژێنێت و لەو بۆنە خۆشە بکاتە ناو دیگەکان و هاورێکانی بۆنخۆش بکات. دواتر حارس جارپدا: ئەی لاوەکانی غەسان، هەرکام لەئێوە پاشای حیرە بکوژێت کچەکەم هند دەکەم بەهاوسەری. لوبەید کوڕی عەمرۆ غەسانی بەباوکی وت: ئەی باوکە، من پاشای حیرە دەکوژم یا بەناچار لەبەرابەر ئەو دەکوژرێم. من لەئەسپەکەی خۆم رازی نیم، ئەسپەکەی خۆت(زەیتییە) بدە بەمن تا سواری بم و شەڕ بکەم. باوك ئەسپەکەی خۆی پێدا.

کاتێك خەڵك رویان لەجەنگ کرد و ماوەیەك شەڕیان کرد. لوبەید هێرشی کردە سەر ئەسوەد و گورزێکی لێدا و لەئەسپەکەی فڕیدایە خوار و هاوەڵانی ئەسوەد بۆ هەر سوچ و قوژبنێك رایان کرد و شکستیان خوارد و هەڵاتن. ئەو هاتەخوار و سەری ئەسوەدی بڕی و روی کردە حارس. ئەو لەکۆشکەکەیدا سەیری دەکردن. لوبەید هات و سەڕی ئەسوەدی خستە بەردەم پێی حارس. حارس پێی وت: ئەوە کچە مامەکەت، وەریبگرە کەکردمە هاوسەری تۆ. لوبەید وتی: نا، من دەڕۆم و هاوکاری خەڵکەکەم دەکەم و کاتێك گەڕانەوە، دەگەڕێمەوە. گەڕایەوە و روبەروی براکەی ئەسوەد بوویەوە کەخەڵك هاوکاریان دەکرد. شەڕی دەکرد و بەهەموو هێزیەوە هەوڵی دەدا. لوبەید ڕۆشتە پێش و شەڕی کرد و کوژرا. لەم شەڕەدا دوای ئەو شکستە کەس جگە لەو نەکوژرا. لەخمییەکان دوبارە شکستیان خوارد و لەهەموو شوێنێك کوشتار کران و غەسانییەکان لەگەڵ باشترین سەرکەوتنەکان گەڕانەوە.

دەڵێن: لەم ڕۆژەدا تەپ وتۆزێکی سەخت بەرزبوویەوە، ئەوەندە زۆر بوو کەهەتاوی داپۆشی و ئەستێرەکان دوور لەشوێنی هەڵاتنی خۆر، بۆ زۆربەی خەڵکان دەرکەوتن چوونکە ئەسوەد هەموو سوپای عێراقی هێنابوو و حارس هەموو عەربەکانی شام. ئەم شەڕە یەکێك لەناودارترین شەڕەکانی عەرەبە. یەکێك لەوتاردەرەکانی غەسان شانازی پێوەدەکات و دەڵێت:

يوم وادى حليمة و از دلفنا	بالعناجيج و الرماح الظلماء
اذ شحنا اكفنا من رقاق	رق من وقعها سنا السحناء
و اتت هند بالخلوق الى من	كان ذا نجدة و فضل غناء
و نصبنا الجفان فى ساحة المر	ج فملنا الى جفان ملاء

واتاکەی: لەشەڕی سەرزەمینی حەلیمە بەشمشێرە درەوشاوەکان و ڕمەکانی تینوی خوێنی خەڵکان پێشڕەویمان کرد. دەستی خۆمان لەو کۆیلانە پڕ کرد کە لەکەوتنی ئەوان سەنای سەحنا نەرم بوو. هیندی جوان روخسار هاتە پێش و بۆنی

خۆشی بۆ هەر کوژەرێکی رێزدار هێنا. دیگەکانمان لەپانتاییەکانی مەرج بەهێز کرد و رومان کردە دیگە پڕ لەخواردەمەنییەکان.

سەبارەت بەکوژرانی ئەو ئاماژەیان بەگێڕانەوەی دیکەیش داوە کەئێمە ئاماژەیان پێ دەدەین.

دەستەیەك لەزاناکان دەڵێن: هۆکاری شەڕ ئەوەبوو حارس کوڕی ئەبی شیمری جەبەلە کوڕی حارس ئەعرەجی غەسانی لەکچی مونزەر کوڕی مونزەری لەخمی خوازبێنی کرد و خوازیاری ئەوە بوو شەڕی نێوان لەخم و غەسان کۆتایی پێبێت. ئەو کچەکەی، هیندی کردە هاوسەری ئەو. بەڵام کچ پیاوانی نەدەویست لەبەر ئەمە کارێکی لەگەڵ پێستی خۆی کرد کە وەك گولی دەرکەوت. بەباوکی وت: ئەمە پێستی منە و تۆ وەك دیاری من بۆ لای پاشای غەسان دنێریت؟ پاشا لەبەشودانی ئەو پەشیمان بوویەوە. دواتر حارس ناردی بەشوێن کچەکەدا و داوای کرد بەڵام باوك ئەوی راگرت و بیانوی هێنایەوە.

مونزەر بۆشەڕ هاتەدەر و حارس کوڕی ئەبی شیمر لەشکری بۆ حیرە نارد و ئەوێی تاڵان کرد و ئاگری تێ بەردا. کاتێك مونزەر ئەم هەواڵەی بیست، لەشەڕ گەڕایەوە و رەوانەی شەڕ لەگەڵ غەسان بوو. ئەم هەواڵە بەحارس گەشت و هاوەڵان و خەڵکەکەی کۆکردەوە و لەگەڵیانا بەرێکەوت. دوو لەشکر لەعەین ئۆباغ بەیەك گەشتن. بۆ شەڕ ریزیان بەست و شەڕ دەستی پێکرد و لەهەردوو لای شەڕکەر شەڕێکی قورس دەستپێێکرد. باڵی راستی مونزەر هێرشی کردە سەر باڵی چەپی حارس. کوڕەکەی کەلەوێدا بوو، کوژرا. باڵ چەپ شکستی خوارد. باڵی راستی حارس هێرشی کردەسەر باڵی چەپی مونزەر و شەڕەکەرەکانی شکستیان خوارد و فەرماندەکەیان فەروە کوڕی مەسعود کوڕی عەمرۆ کوڕی ئەبی رەبیعە کوڕی زوهەل کوڕی شەیبان کوژرا. غەسانییەکان لەناوەڕاستەوە هێرشیان کردە سەر مونزەر. هاوەڵانی مونزەر بۆ هەر سوچ و قوژبنێك بلاوەیان لێکرد. لەوان کەسانێکی زۆر کوژران و ژمارەیەکی زۆر بەدیلی گیران. لەوانە منالەکانی تەمیم و دواتر لەمنالەکانی حەنەزلە سەد کەس ئەسیر کران کەیەك لەوان شەئس کوڕی عەبدە بوو. براکەی عەلقەمە کوڕی عەبدەی وتاردەر بەمیوانی رۆشتە لای حارس و داوای

ئازاد بوونی براکەی کرد. ئەوی بەهۆنراوەیەکی ناودار وەسف کرد کەسەرەتاکەی بەمشێوەیە:

طحابك قلب فة الحسان طروب بعيد الشباب عصرحان مشيب
تكلفنى ليلى و قد شط اهلها وعادت عواد بيننا وخطوب

لەم هۆنراوەدا دەڵێت:

فان تسألونى بالنساء فاننى بصير بادواء السناء طبيب
اذا شاب رأس المرء اوقل ماله فليس له من ودهن نصيب
يردن ثراء المال حيث و جدنه و شرح الشباب عندهن عجيب
و قاتل من غسان اهل حفاظها و هنب و قاش جاولت و شبيب
تخشخش ابدان الحديد عليهم كما خشخشت يبس الحصاد جنوب
فلم تنج الا شطبة بلجامها و الا طمر كالقنباة نجيب
و الا كمى ذو حفاظ كأنه بما ابتل من حد الظبات خضيب
و فى كل حى قد خبطت بنعمة فحق لشأس من نداك ذنوب
فلا تحرمنى نائلا عن جنابة فانى امرؤ وسط القباب غريب

واتاکەی: لەناو جوان روخساران، دڵ گرفتار و شەیدای تۆ بوو و درەخشایەوە، چ دڵێکی سەوداگەر بوو! کەمێك دوای گەنجی و لەسەرەتایی پیری دڵت لەمن فڕاند. لەیلی بارێکی گرانی بۆ من بەجێ هێشت و کەسەکانی ئەو ستەمیان لەمن کرد، لەناو ئێمەدا پێشهاتەکان رویاندا و روداوە پشت شکێن و سەنگینەکان رویاندا. ئەگەر سەبارەت بەژنان لەمن بپرسیت دەبێت بڵێم لەگەڵ دەردی ژنان ئاشنام و پزیشکێکی وردبینم. کاتێك سەری پیاو سپی بێت یا سامانەکەی بەرەو کەمی بڕوات، ئەو لەخۆشەویستی ژنان بەشی نییە. ژنان لەهەر شوێنێك سامان ببینن، بەدوایدا ڕادەکەن. وسەرەتای جوانی لای ئەوان درەوشانەوەیەکی سەیرە. لەناو غەسانییەکان بەهێزەکانی ئەوان بوێرانە جەنگان، هەنب شەڕی کرد، قاس بۆ شەڕەکە هەوڵیدا و

شەبیب ئاگاداری شەڕەکە بوو. لەو ڕۆژەدا خوێناویەدا جگە لەئەسپێکی بڵندی بالآبەرز کەس رزگاری نەبوو، جگە لەئەسپێکی پێ پیرۆزی تیژپێ کە لەتیژی و چالاکی، لەرِم دەچێت، جگە لەدلێرپیاوێك کەوەك بڵێی ئەوەندە خوێنی دەرخواردی لێوارەکانی شمشێرەکەی خۆیداوە، سەر و روخساری خۆی بەخوێن رەنگ کردووە. تۆ لەناو هەر دەستەیەك، گەلآی زۆرت لەبەخشینەکانی خۆت بلآو کردۆتەوە. ئێستا شاس شیاوە لەبەخشینەکانی تۆ بەهرەیەك ببات. من لەدەرگای خۆت دوور و بێ هیوا مەکە چوونکە لەناو ئەم خێوەتانە بێ ئاشنام.

کاتێك گەشتە ئەم وتە کە(شاس شیاوە لەبەخشینەکانی تۆ بەهرەیەك وەربگرێت) پاشا وتی: ئەرێ بەخوا، ئەو شیاوە بەهرەکان ببات. ئەوسا شاسی ئازاد کرد و وتی: زیاد لەئازادی برادەر، داوای بەخشین بکە یائازادی خەڵکەکانت. پاشا بەهاونشینەکانی خۆی وت: ئەگەر بەخشین بخاتە پێش ئازادی دیلەکان لەخەڵکەکەی خۆی، هیوایەکی باشی لێناکرێت. بەلآم عەلقەمە کوڕی عەبەدە وتی: پاشا، من هیچ شتێك پێش خەڵکەکەی خۆم ناخەم. پاشا دیلەکانی لەخەڵکەکەی ئەو ئازاد کرد و ئەوی بەجل و بەرگی گرانبایی پۆشاند و سامانی پێدا. ئەو لەگەڵ هەموو دیلەکان ئەم کارەی کرد و توێشوی زۆری پێدان. کاتێك گەشتنە سەرزەمینەکەی خۆیان، هەموویان بەشاس بەخشی و وتیان: تۆ هۆکاری ئازادی ئێمە بوویت، ئێستا بەم زێرانە رۆژگاری خۆت بوگزەرێنە. سامانی زۆری لەوشتر و جل وبەرگی گرانبایی و شتیتر دەستکەوت.

هەروەها سەبارەت بەکوژرانی مونزەر وتویانە: ئەو سوپایەکی گەورەی کۆکردەوە و لەگەڵیا بەرێکەوت تا گەشتە شام. پاشای شامیش کەبەوتەی زۆربەی مێژوونوسان حارس کوڕی ئەبی شیمر بوو، بەرێکەوت و لەمەرج حەلیمە دابەزی. ئێرەیان بەناوی حەلیمە کچی پاشا ناوناوە. پاشای لەخمی لەمەرج سۆفر دابەزی. حارس دوو سواری وەك پێشەنگ رەوانە کرد. یەکێك لەم دوو سوارە (خەساف) بوو. ئەسپی ئەو لەگەڵ سێ ئەسپ غاریدەدا بەلآم هیچ کامیان پێی نەدەگەشت. ئەو دوانە هاتن و لەگەڵ لەخمییەکان (عێراقیەکان) تێکەلآو بوون و لەپاشا نزیك بوونەوە. لەبەرابەر ئەودا مۆمێك دەبینرا کەپارێزەرەکەیان کوشت. خەڵك ترسان و شمشێرەکانیان

لەکالاَن دەرکێشا و کوشتاری یەکیان کرد تا بەیانی هات. لەم کاتەدا نێردراوانی پاشای غەسان هاتن و باجیان هێنا و داوای ئاشتیان کرد. پاشای شام پەیامی دا: من سەرۆکی هۆزەکان بۆ لای تۆ دەنێرم و چۆنیەتی بۆ تۆ باس بکەن. سەد کوڕی لاو ئامادە بوون. دەستەیەك دەڵێن، هەشتا کەس بوون. ئەو بەکەرەستەی شەڕ ئەوانی رازاندەوە و بەکچەکەی حەلیمەی وت کە جل وبەرگی جوانیان لەبەر بکات و بەبۆنی خۆش، بۆنخۆشیان بکات. کچ ئەو کارەی کرد کەباوك فەرمانیدابوو. کاتێك لوبەید کوڕی عەمرۆ سوارکاری ئەسپی زیتیە، لەبەردەم کچەکەوە تێپەڕی، ئەوی گرت و ماچی کرد. کچ گریان گەڕایەوە بۆ لای باوکی. باوك وتی: ئەو شێرە پیاوی ئەم خەڵکەیە و ئەگەر بەسلامەت رزگاری بێت تۆ دەکەمە هاوسەری ئەو. سوارەکان بەغاردان بەرێکەوتن. کاتێك لەسوپای عێراقی نزیك بوونەوە، پاشا گەورەکانی سوپا و گەورەکانی ولاَتی خۆی کۆکردەوە. غەسانییەکان هاتن. کەرەستەی شەڕیان پێبوو کە بەجل و بەرگی رازاوە و گرانبایی دایانپۆشیبوو. کاتێك هەموویان لای پاشای عێراق کۆبوونەوە، کەرەستەکانی شەڕیان ئاشکرا کرد و هەرکەسیان بینی کوشتیان. لوبەید کوڕی عەمرۆ پاشای عێراقییەکانی کوشت. لەولا ئەوان گەمارۆی غەسانییەکانیان دا و هەموویان کوشت تەنیا لوبەید کوڕی عەمرۆ رزگاری بوو چوونکە ئەسپەکەی لەپێ نەکەوت. سوار ئەسپەکەی بوو و بەغاردان هات و بەسەرهاتەکەی بۆ پاشا باس کرد. پاشا وتی: کچەکەم حەلیمە دەکەمە هاوسەری تۆ. لوبەید وتی: رازی نابم چوونکە خەڵکان دەڵێن: ئەو تەنیا هەلاَتووی سەد پیاوی شەڕکەربوو. دواتر بۆ گۆڕەپانی شەڕ گەڕایەوە و شەڕی کرد و کوژرا. عێراقییەکان بەدوای گەورەکانی خۆیان گەڕان و بینیان هەموویان کوژراون. لەبەر ئەمە سست و لاواز بوون و غەسانییەکان هێرشیان کردە سەریان و پەلاماریان دان.

من دەڵێم: رەچەڵەك ناسانی عەرەب و زاناکانی بەسەرهاتەکان سەبارەت بەدرێژی رۆژگاری شەڕەکان و لەپێش بوونی هەندێك لەوان لەدەستەیەکیتر، بەجیاوازی قسەیان کردووە. سەبارەت بەکوژرانیش گێرۆدەی جیاوازی بوون. دەستەیەك لەوان دەڵێن: رۆژی شەڕی حەلیمە هەمان رۆژە کەمونزەر کوڕی ما السما تیایدا کوژرا. رۆژی شەڕی ئۆباغ هەمان رۆژە کەمونزەر کوڕی مونزەر تیایدا کوژرا.

دەستەیەك دژی ئەمە دەڵێن. دەستەیەك هەردوو شەڕەكە بەیەك دەزانن و دەڵێن: جگە لەمونزەر كوڕی ما السما نەكوژرا و كوڕەكەی مونزەر كوڕی مونزەر لەحیرە مرد. دەستەیەك وتوویانە: كوژراوی پاشاكانی حیرە كەسێك جگە لەم دوانە بوو. راستییەكەی ئەوەیە كەبێ گومان مونزەر كوڕی ما السما كوژرا. بەلآم سەبارەت بەكوڕەكەی بیروبۆچونی جیاواز زۆرە و راستییەكەی ئەوەیە ئەو نەكوژراوە. ئەوان دەڵێن كوژرا، لەبارەی چۆنیەتی و هۆكاری كوشتنەكەی جیاوازییان هەیە بەهەمان شێوە كەئاماژەمان پێدا.

من لەبەر ئەوە ئاماژەم بەجیاوازییەكانی ئەواندا (هەرچەند رووداوەكە یەكێك بوو) چوونكە هەركام لەهۆكارەكان یەكێك لەزاناكان ئاماژەی پێداوە. ئەگەر یەكیمان پشت گوێ دەخست ئەوەی ناناشنا بوو، گومانی دەكرد هەر هۆكار، رووداوێكی تایبەتە و ئێمە لەبیرمان كردووە. لەبەرئەمەبوو ئاماژەمان بەهەمووی دا.

کوژرانی موزەڕت ئەلحجارە

ئەو عەمرۆ کوڕی مونزەر کوڕی ما السمای لەخمی پاشای حیرە بوو. ئەویان بە موزەڕت ئەلحجارە (گەوزێنەری بەرد) ناوبردووە، چوونکە هێزێکی تاببەت و زۆرداری بووە. دایکی هیند کچی حارس کوڕی عەمرۆ مەقسور ئاکل ئەلمەرار بوو. ئەم ژنە بەپوری ئەمرۆ ئەلقەیس کوڕی حۆجر کوڕی حارس هەژمار دەکرا.

هۆکاری کوژرانەکەی ئەوەبوو رۆژێك بەهاونشینەکانی خۆی وت: ئایا کەسێك لەعەرەبەکان لەخەڵکی وڵاتەکەی من دەناسن کەدایکی خۆی بەلەوە بەرزتر بزانێت کەخزمەتی دایکی من بکات؟ وتیان: تەنیا کەسێك دەناسین کەعەمرۆ کوڕی کولسومی تەغلەبیە. دایکی ئەو لەیلی کچی موهەلهەیلە و مامی ئەو کولەیب وایل و هاوسەرەکەی کولسوم و کورەکەی عەمرۆ کوڕی کولسومە. عەمرۆ کوڕی حارس بێدەنگ بوو و ڕقی ناخی خۆی خواردەوە. ئەو کەسی بۆ لای عەمرۆ کوڕی کولسوم نارد و خوازیاری بینینی ئەو بوو، وتی: دایکت لەیلیش بێت و چاوی بەدایکی من بکەوێت. عەمرۆ کوڕی کولسوم هاوڕێ لەگەڵ سوارەکان و دایکی لەتەغلەب هات. ئەو لەسەر کەنارەکانی روباری فورات دابەزی. عەمرۆ کوڕی حارس (یا عەمرۆ کوڕی هیند) لەهاتنی ئاگادار و فەرمانیدا خێوەتەکان لەنێوان و فورات و حیرە هەڵبدەن. ئەو گەورەکان و سەرکردەکانی وڵاتەکەی خۆی بانگ کرد و خواردنێکی پاکی ئامادە و دواتر خەڵکی بۆ سەر سفرەکەی بانگێشت کرد و لەخێوەتەکان خواردنی بۆ ئەوان هێنا. دایکی یانی هیند بارەگایەکی لەنزیك خێوەتەکە بوو. لەیلی دایکی عەمرۆ کوڕی کولسوم لەگەڵ ئەو لەبارەگاەدا بوو. عەمرۆ کوڕی حارس بەدایکی وتبوو: کاتێك خەڵك لەخواردن تەواو بوون و جگە لەخواردنە خۆشەکان هیچ نەمایەوە، نۆکەرەکان بنێرەدەر و کار بەلەیلی بکە تا بەردەوام خواردنی خۆش بەتۆ بدات.

هیند ئەوەی کوڕەکەی وتبووی بەکاری برد و کاتێك شیرینی و چەرەسیان هێنا، هیند وتی: یا لەیلی ئەو چینیە بدە بەمن. لەیلی وتی: هەر کەس کارێکی هەیە خۆی بەئەنجامدانی هەستێت. هیند پێداگری کرد. لەیلی وتی: ئاخ، هاوار

لەریسوایی! ئای تەغلەبییەکان! کوڕەکەی عەمرۆ کوڕی کولسوم ئەمەی بیست و خوێن لەروخساری کۆبوویەوە. ئەوان شەرابیان دەخواردەوە. عەمرۆ کوڕی هیند زیانی لەروخساری ئەو خوێندەوە. عەمرۆ کوڕی کولسوم روی کردە شمشێرەکەی عەمرۆ کوڕی هیند کە لەخێوەتەکە هەڵواسرابوو. لەوێ جگە لەو شمشێرە شمشێریتر نەدەبینرا. هەڵیگرت و کێشای بەسەر عەمرۆ کوڕی هیند و ئەوی کوشت. هاتەدەر و بانگی دا: ئای تەغلەبییەکان! ئەوان سوار بوون و خێوەتەکانی عەمرۆ کوڕی هیندیان تالآن کرد و ژنانیان ئەسیر کرد و بەرێکەوتن و خۆیان گەیاندە حیرە. ئۆفنونی تەغلەبی وتی:

لعمرك ما عمرو بن هند و قد دعا — لتخدم ليلى امه بموفق
فقام ابن كلثوم الى السيف مصلتا — و امسك عن ندمانه بالمخنق

واتاکەی: بەگیانی تۆ سوێند کەعەمرۆ کوڕی هیند کاتێك لەیلی بانگ کرد تا نۆکەری دایکی بکات، بەختەوەر نەبوو. لەم کاتەدا عەمرۆ کوڕی کولسوم روی کردە شمشێرە هەڵواسراوە لەکێلان دەرکێشراوەکە و بەقورگی گیراو، لەخواردنەوە لەگەڵ هاونشینەکان دەستی هەڵگرت.

یەکەم شەڕی کەلاب

کوڕی کەلبی دەڵێت: یەکەم کەس لەکێندیەکان کەپاشایەتی و فەرمانڕەوایەتی بەهێز و سەقامگیری بوونیات نا، حۆجر ئاکیل ئەلمرار کوڕی عەمرۆ کوڕی مەعاویە کوڕی حارسی کێندی بوو. کاتێك مرد، دوای ئەو کوڕەکەی عەمرۆ هاوشێوەی باوکی فەرمانڕەوایەتی کرد. ئەویان بە مەقسور (کورت) ناو بردووە چوونکە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایەتی ئەو کورتتر لەباوکی بوو (یاپانتایی فەرمانڕەوایەتییەکەی کەمتر لەباوکی بوو یابەهەمان پانتایی بەسەندەی کرد). ئەم عەمرۆیە لەگەڵ کچێك بەناوی (دایکی ئۆناس) کچی عەوف کوڕی موحەلەم شەیبانی پەیوەندی ژن و مێردایەتی بەست. ئەم ژن حارسی بۆ هێنایە دنیا کەدوای باوکی چل ساڵ فەرمانڕەوایەتی کرد. دەستەیەك دەڵێن: ماوەی فەرمانڕەوایەتییەکەی شەست ساڵی خایاند. ڕۆژێك بۆ ڕاو ڕۆشتەدەر و ڕوبەڕوی گایەلێك کەڵەکێوی بوویەوە و شوێنیان کەوت. لەناویان یەکیانی هەڵبژارد و شوێنی کەوت و کاتێك ئاژەڵەکە نەبووە نێچیری، سوێندی خوارد پێش لەخواردنی جگەری ئەو لێو بۆ هیچ خواردنێکی دیکە نەبات. تا (مەسحەلان) ڕۆشتە پێش. سوارەکان بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەدوایدا گەڕان و دۆزییانەوە. ئەویان بینی لەکاتێکدا لەمردن نزیك ببوویەوە. جگەری کەڵەکێوییێکیان هێنا و لەسەر ئاگر برژاندیان و بەگەرمی دەرخواردیاندا و دەست بەجێ گیانی سپارد. حارس کوڕەکانی لەناو هۆزە عەرەبەکان بڵاو کردبوویەوە و هەرکامی کردبوویە فەرمانڕەوایی هۆزێك: گەورەترین کوڕەکەی، حۆجری کردە فەرمانڕەوای مناڵەکانی ئەسەد و کەنانە، شۆرەحبیلی کردە فەرمانڕەوا لەسەر بەکر کوڕی وایل و منالەکانی حەنزەلە کوڕی مالیك کوڕی زەید مەنات کوڕی تەمیم و منالەکانی ئەسید کوڕی عەمرۆ و منالەکانی تەمیم و هۆزی ڕەباب، بچوکترین منالی خۆی یانی سەلەی کردە فەرمانڕەوا لەسەر منالەکانی تەغلەب و نەمیر کوڕی قاست منالەکانی سەعد کوڕی زەید مەنات کوڕی تەمیم، کوڕەکەی مەعدی کەرب ناسراو بەناوی (غەلفا)ی کردە فەرمانڕەوا لەسەر قەیسی عەیلان. هەواڵی ئەم کارە لەداستانی

کوژرانی حوجر باوکی ئەمرو ئەلقەیس ئاماژەی پێدرا. لەبەر ئەوە لێرە ئاماژەمان پێدا چوونکە پێویستە.

کاتێك حارس مرد، کوڕەکانی بلاو بوونەوە و قسەکانیان بوو بەچەند و ئاژاوەچییەکان کاریگەریان لەسەر دانان (هەرکامیان دژی ئەویتر هان دەدا). لەنێوان ئەو تیرانەی لەهوزەکانی ئەوان بوون، لەجیاتی یەکیەتی، شەڕ کردن و پەلاماردانەکان بو سەر یەکتر هاتە ئاراوە و لە لەناوچوون و رووخان نزیك بوونەوە بەشێوەیەك هەرکام لەبەرابەر ئەویتر دەستی بەلەشکرکێشی کرد و بەسوپاکەی خوی هێرشی کردە سەر بەرابەرەکەی. شەرەحبیل لەگەڵ پیاوە شەرکەرەکانی خوی بەرێکەوت و لەئاوگرێك لەنێوان بەسرە تا کوفە کە بەناوی کەلاب دەناسرا، دابەزی.

سەلەیش هاورێ لەگەڵ شەرکەرەکانی خوی، هاوری لەگەڵ (پەروەردەکراوەکان) هات. ئەم پەروەردە کراوانە دەستەیەك خەڵکی بێ رەچەڵەك و بەربلاو بوون کەلەم لاولا کوبووبونەوە و دەوری پاشا عەرەبەکانیان گرتبوو. ئەمان رویان کردە کەلاب و فەرماندەی تەغلەبییەکان سەفاح کوڕی خالید کوڕی کەعب کوڕی زوهەیر بوو. دوو لەشکر بەدژواری روبەروی یەك بوونەوە و لەبەرابەر یەك خوڕاگریان کرد. لەکوتایی ئەو روژەدا، منالەکانی حەنزەلە و عەمرو کوڕی تەمیم و هوزی رەباب دەستیان لەهاوکاری کردنی بەکر کوڕی وایل هەلگرت و هەلاتن. بەکرییەکان خوڕاگریان کرد و منالەکانی سەعد و هاورێکانیان پشتیان کردە تەغلەبیەکان و تەغلەبیەکان خوڕاگریان کرد. جارچی شەرحبیل جاریدا: هەر کەس سەری سەلە بێنێت سەد وشتری پێدەدرێت. جارچی سەلە جاریدا: هەرکەس سەری شەرەحبیل بێنێت، سەد وشتری پێدەدەم. لەم کاتەدا شەڕەکە زیاتر تەشەنەی سەند و هەر کەس هەولی پێش کەوتن و سەرکەوتنی دەدا تا بتوانێت یەکێك لەم دوو پیاوە بکوژێت و سەد وشتر بەدەست بێنێت. لەکوتایی روژ، سەرکەوتن بەتەغلەب و سەلە برا و شەرەحبیل هەلات. لەم کاتەدا، زوسنینەی تەغلەبی شوێنی کەوت. شەرەحبیل ئاوڕی بو دایەوە و شمشێرێکی لەئەژنوێدا و قاچی قرتاند. زوسنینە زڕبرای باوکی حەنش بوو. ئەو بەبراکەی خوی باوکی حەنشی وت: ئەم پیاوە منی کوشت. زوسنینە گیانی سپارد. باوکی حەنش بەشەرەحبیلی وت: خوا من بکوژێت ئەگەر تو نەکوژم. شوێنی

کەوت وپێی گەشتەوە. شەرەحبیل وتی: ئەی باوکی حەنش ، شیر، شیر! یانی خوێنبایی. باوکی حەنش وتی: شیری زۆرت رژاندۆتە سەر زەوی! شەرەحبیل وتی: ئایا دەتوانرێت پاشایەك لەخوێنی مسکێنێکدا بکوژرێت؟ باوکی حەنش وتی: براکەم پاشای منە. گورزێکی لەشەرەحبیل دا و ئەوی لەئەسپ خستە خوار، خۆیشی هاتە خوار، سەری بڕی وهەڵیگرت و دایە دەست کوڕە مامەکەی. هێنای و لەبەردەم سەلەدا خستیە سەر زەوی. سەلە وتی: خۆزگە ئەم سەرە بەرێزەت بەهێواشی دەخستە سەر زەوی! پەشیمانی و خەم و پەژارە لەروخساری سەلە دەرکەوت. ئەیو حەنش هەڵات و سەلە وتی:

الا ابلغ ابا حنش رسولا	فمالك لا تجيء الى الثواب
لتعلم ان خير الناس طرا	قتيل بين احجار الكلاب
تداعت حوله جشم بن بكر	و اسلمه جعاسيس الرباب

واتاکەی: یەکێك بۆ لای باوکی حەنش بنێرن و پێی بڵێن بۆ نایێت پاداشتەکەی وەربگریت. تا بزانی باشترین کوژراوەکان لەسەر زەوی ئەو کوژراوە بوو کەلەناو بەردەکانی کەلاب لەخاك و خوێندا تلا. پیاوانی جەشم کوڕی بەکر هاوکاریان کرد و سوك و پەستەکانی رەباب پشتیان تێکرد.

باوکی حەنش وەڵامی دایەوە وتی:

احاذر ان اجيئك ثم تحبوو	حباء ابيك يوم صنيبعات
و كانت غدرة شنعاء تهفو	تقلدها ابووك الى الممات

واتاکەی: دەترسم بێمە لای تۆ و ئەو کاتە پاداشتی من بدەیت کە لەپاداشتە بێ شەرمانەکەی باوکت لەرۆژی سەنیبعات بچێت. فێڵێکی دزێو و قێزەون بوو کە لەسەردەستی باوکت کرا و تا سەردەمی مەرگ بە ملیەوە بوو.

هۆكاری شەڕی سەنیبعات ئەوە بوو یەكێك لەكوڕەكانی حارس بۆ شیرخواردن نێردرابوو بۆ ناو دوو هۆزی تەمیم و بەكر. مارێك پێوەیدا و منالەكە مرد. حارس پەنجا پیاو لەبەكر و پەنجا پیاوی لەتەمیم گرت و كوشتی. دوای كوژرانی شەرەحبیل، منالەكانی زەید مەنات كوڕی تەمیم هاوكاری ژن و منالەكانی ئەویان كرد و زیانی خەلكیان لەوان دوور كردەوە و ئەوان پەیوەستی خەلك و پەناگاكانیان بوون. كاتێك هەوالی كوژرانی شەرەحبیل بەبراكەی مەعدی كەرب(غەلفا) گەشت، بۆ پرسەكەی ئەم هۆنراوەی وت:

دان جنبی عن الفراش لنابی	كتجافی الا سر فوق الظظراب
من حدیث نمی الی فما تر	قاعینی و لا اسیغ شرابی
مرة كالذعاف اكتمها النا	س علی حر ملة كالشهاب
من شرحبیل اذ تعاوره الار	ماح من بعد لذة و شراب
یا ابن امی و لو شهدتك اذتد	عو تمیما و انت غیر مجاب
ثم طاعنت من و رائك حتی	یبلغ الرحب او تبز ثیابی
احسنت وائل و عادتها الاحـ	ـسان بالنحو یوم ضرب الرقاب
یوم فرت بنو تمیم و ولت	خیلهم یكتسمن بالاذناب

واتاكەی: كەلەكەی من لەسەر جێگا بەئازار دێت و ڕەم دەكات هاوشێوەی وشترێكی بریندای سینە زامدار كەلەسەر بەرد دەخەوێت، ئازار دەبینێت. ئەمە لەزیانی ئەو هەوالەیە كە بەمن گەشت و ئێستا چاوەكانم لەگریان ناوەستن و شەراب بۆ من سازگار نابێت، هاوشێوەی شرنگی گیانبڕ تالە، خەلكان دایانشارد و دەرخواردی منیان دا بەشێوەیەك لەتە ئاسنێك هەورەبروسكە ئاسا لەسەر ئاگری سور بكەنەوە و لەسەر جەرگی كەسێك دایبنێن. یادی شەرەحبیل بەرز بێت كاتێك ڕمەكان دەوریان گرتبوو و ئەمە دوای رۆژگارێك خۆش گوزەرانی و شەرابخۆری بوو. ئەی كوڕی دایكم، خۆزگە ئەو كاتە لای تۆ بووم كەداوای هاوكارت لەتەمیمیەكان دەكرد و وەلامت نەدەبیست. ئەوسا من بەدوای تۆ روم دەكردە شەڕ و رمم لەسینەكان دەچەقاند تا بكوژرێم یا بەئارەزوم بگەم یا جل و بەرگەكانم دوای كوژران بەتالان

ببەن. وایلییەکان پیاوانە چاکەیان کرد و چاکەکاری لەگەڵ ناشناکان عادەتی ئەوانە. ئەو رۆژەی تەمیمییەکان هەڵاتن و ئەسپەکانیان پشتیان کردە پەلاماردان و کلکیان دەلەقاند.

ئەمە هۆنراوەیەکی دوور و درێژە. ئەوسا تەغلەبییەکان سەلمەیان لەناو خۆیاندا دەرکرد و ئەو رویکردە بەکر کوڕی وایل و پەیوەستی ئەوان بوو. تەغلەبییەکان پەیوەستی مونزەر کوڕی ئەمرۆ ئەلقەیس بوون.

یەکەم شەڕی ئەوارە

ئەمە ئەوشەڕ بوو لەنێوان مونزەر کوڕی ئەمری ئەلقەیس وبەکر کوڕی وایل رویدا.

هۆکاری شەڕەکە بەمشێوە بوو: کاتێك تەغلەبییەکان سەلمەیان لەناو خۆیاندا دەرکرد، ئەو پەنای بردە بەر هۆزی بەکر کوڕی وایل بەهەمان شێوەی ئێستا ئاماژەمان پێدا. کاتێك گەشتە ناوبەکرییەکان فەرمانیان لێبرد و لەدەوری کۆبوونەوە وپێیان وت: جگە لەتۆ کەس فەرمانرەوای ئێمە نەبێت. مونزەر پەیکی بۆ ناردن و دوای ملکەچی لێکردن. ئەوان سەریان دانەنەواند. مونزەر سوێندی خوارد کەبێ گومان هێرش دەکاتە سەریان ونەگەر بەسەریانا سەرکەوێت، یەك یەکیان لەسەر بەرزای کێوی ئەوارە سەر دەبرێت تا خوێن بگاتە داوێنی کێوەکە.

لەگەڵ سوپاکەی خۆی هێرشی کردە سەریان. روبەروی یەك بوونەوە و شەڕێکی قورسیان کرد. شەڕ بەشکانی بەکرییەکان و ئەسیر بوونی یەزید کوڕی شورەحبیل کێندی کۆتایی هات. مونزەر فەرمانیدا و ئەویان کوشت. لەشەڕەکە، ژمارییەکی زۆر لەخەڵکان کوژران. مونزەر ژمارەیەکی زۆری لەبەکرییەکان ئەسیر کرد و فەرمانیدا لەسەر بەرزایی کێوەکە بیانکوژن تا خوێن بگاتە داوێنی کێومکە. هەرچەندەیان کوشت، خوێن بەستی یا لەزەویدا ڕۆچو و نەگەشتە داوێن. بەمونزەریان وت: لەنفرین دور بیت، ئەگەر هەمووبەکرییەکان بکوژیت خوێن ناگاتە داوێنی کێومکە! شیاوە لەکاتی سەرِ برین خوێن بکەیتە سەر قوڕگیان تا خوێن بگاتە داوێنەکە (سوێندی پاشا بەجێ بێت). ئەو کاریان کرد و خوێناو بەداوێنی کێومکە گەشت. فەرمانیدا ژنەکانیان خستە ناو ئاگر و سوتاندیانن.

پیاوێك لەقەیس کوڕی سەعلەبە بەردەوام لەدەرباری مونزەر دەژیا. ئەو لەگەڵ مونزەر قسەی کرد و خوازیاری ئازاد کردنی دیلەکانی بەکر کوڕی وایل بوو. مونزەر ئەوانی ئازاد کرد. ئەعشا بۆ شانازی کردن بەنێوەنجیگەری قەیس لای مونزەر سەبارە بەبەکرییەکان هۆنییەوە:

و منا الذی اعطاه بالجمع ربه	علی فاقة و للملوك هباتها
سبایا بنی شةیبان یوم اوارة	علی النار اذ تجلی له فتیاتها

واتاکەی: لەناو ئێمەدا ئەو کەسە دەبینرێت کەپاشاکەی بەخشینەکانی خۆی پێبەخشی کەسەخت نیازمەندی بوو و پاشاکان بەخشینەکانیان فراوانە. دیلەکانی منالّەکانی شەیبانیان لەرۆژی شەڕی ئەوارە هێنایە کوشتارگە و کچەکانیان دەخستە ناو ئاگر.

دووەم شەڕی ئەوارە

عەمرۆ کوڕی مونزەری لەخمی یەکێك لەکوڕەکانی خۆی بەناوی ئەسعەد ناردە لای زەرارە کوڕی عودەسی تەمیمی تا پەروەردەی بکات. کاتێك گەورە بوو و گەشەی کرد، وشترێکی مێ لایەوە تێپەڕی و کوڕەکە بەهاروهاجی و لەخۆپەسەندیدا، تیرێکی بۆ گوانی خست و لەگوانی چەقی. خاوەنی وشتر پیاوێك بەناوی سومید لەمناڵەکانی عەبدوللە کوڕی دارمی تەمیمی، هێرشی کردە سەر کوڕەکە و خوێنی ڕژاند وهەڵات و ڕوی کردە مەککە و بووە هاوپەیمانی قورەیش. عەمرۆ کوڕی مونزەر پێش لەمە هاورێ لەگەڵ زەرارە ڕۆشتبووە شەڕ بەڵام سەرنەکەوتبوو. کاتێك گەشتە قەراغ دوو کوێستانی تەی، زەرارە پێی وت: هەر پاشایەك کەدەڕواتە شەڕ تا سەرنەکەوێت، ناگەڕێتەوە. ڕوبکەرە هۆزی تەی چوونکە لای ئەوانی. ئەو هێرشی کردە سەریان ونەسیری گرت و کوشتی و تاڵانی دەستپێکرد. لێرەوە خەڵکانی تەی ڕقیان لەزەرارە هەڵگرت. کاتێك سومید ئەسعەدی کوشت (زەرارە لەم کاتەدا لای عەمرۆ کوڕی مونزەر بوو)، عەمرۆ کوڕی مێلقەتی تایی بۆ هاندانی ئەو دژەی زەرارە ئەم هۆنراوەی وت:

من مبلغ عمرأ بأن الـ — ـمرء لم يخلق صباره
ها ان عجزة امه — بالسفح اسفل من اواره
فاقتل زرارة لا ارى — فى القوم او فى من زرارة

واتاکەی: کێ ئەم پەیامە لەمن بەعەمرۆ کوڕی مونزەر دەگەیەنێت کەخەڵك لەئاسن دروست نەکراون. ئێستا سەرینی دایکی لەداوێنی کێوی ئەوارمیە. زەرارە بکوژە چوونکە لەناو ئەم خەڵکە ڕێزدارتر لەو نابینم.

عەمرۆ وتی: یا زەرارە دەڵێی چی؟ وتی: درۆیان بەتۆ وتووە و دوژمنی ئەوان لەگەڵ خۆت ئەزانی. عەمرۆ وتی: ڕاستت وت. کاتێك شەو داهات، زەرارە بەپەلە بۆ

لای خەڵکەکەی خۆی غاریدا و زۆری نەخایاند نەخۆش کەوت. کاتێك بینی مەرگی نزیك بۆتەوە، بەکوڕەکەی وت: ئەی حاجب، کۆیلەکانی من بەمناڵەکانی نەهشەل بسپێرە. بەکوڕی براکەی عەمرۆ کوڕی عەمرۆی وت: لەسەر تۆ بێت کەعەمرۆ کوڕی مێلقەت لەناو ببەیت چوونکە ئەو پاشای دژی من هاندا. کوڕ وتی: مامە گیان دووترین کەسی دووردەست و بەهێزترینیانت بۆ من هەڵبژارد.

دوای مردنی زەرارە عەمرۆ کوڕی عەمرۆ لەگەڵ دەستەیەك ئامادەی شەڕ بوو و هێرشی کردە سەر تەی و شەڕی لەگەڵ کردن و دوو تەریفی کوشت: تەریف کوڕی مالیك و تەریف کوڕی عەمرۆ. مێلقەتیش کوژرا. عەلقەمە کوڕی عەبدە ئەم هۆنراوەی هۆنییەوە:

و نحن جلبنا من ضرية خيلنا نجنبها حد الاكام قطاقطا
اصبنا الطريف و الطريف بن مالك و كان شفاً الواصبين الملاقطا

واتاکەی: ئێمە ئەسپەکانمان لەناو دڕندەکان کێشایە دەر و ئەوانمان لەوردە بارانەکان لای تەپۆڵکەکان دوور کردەوە. تەریف کوڕی عەمرۆ و تەریف کوڕی مالیکمان کوشت بەڵام ئەوەی بووە هۆی ئاسوودەی دڵی داغداران مەلاقیت بوو.

کاتێك هەواڵی مردنی زەرارە بەگوێ عەمرۆ کوڕی مونزەر گەشت، رۆشتە شەڕی مناڵەکانی دارم کەسوێندی خواردبوو سەد کەس لەوان لەجیاتی کوڕەکەی ئەسعەد بکوژێت. ئەو رۆشت و گەشتە کوێستانی ئەوارە و بینی (دارمیەکان) هەواڵی هاتنی ئەویان بیستووە و لەترسا بڵاوەیان لێکردووە. لەشوێنەکەی خۆیدا مایەوە و چەندین دەستەی بۆ شەڕی ئەوان ڕەوانە کرد. نەوەد و نۆ کەسیان بۆ ئەو هێنا و ئەمە زیاد لەو کەسانە بوو لەهێرشەکانی خۆیان کوشتبوویان. ئەوانی کوشت. لەم کاتەدا وتاردەرێك لەبەراجیم هاتە لای تا وەسفی بکات. ئەو پیاوەی بەخت هەڵگراوەی گرت و کوشتی و سەد کەسی تەواو کرد. دواتر وتی: بەدبەخت ئەو

کەسەی لەبەراجیمەوە دێت. ئەم قسەیە بوو بەپەند.

دەستەیەك دەڵێن: ئەو ئاگاداری کردنەوە کەئەوان دەسوتێنێت و لەبەر ئەمە بە((محرق)) سوتێنەر ناو برا. نەوەد و نۆ کەس لەوانی سوتاند. لەم ناوەدا پیاوێك لەبەراجیمی لەوێوە تێپەڕی و بۆنی گۆشتی سوتاوی کرد و گومانی کرد پاشا خواردنی ئامادە کردووە و کەبابی برژاندووە. مەبەستی ئەوێی کرد. پاشا وتی: تۆ کێیت؟ وتی: لە نفرین دور بیت، میوانێك لەبەراجیمم. پاشا وتی: بەدبەخت ئەو کەسەی لەبەراجیمەوە بۆ میوانی دێت. دواتر فەرمانیدا ئەویشیان خستە ناو ئاگرەوە. لەبەرئەمە فەرزدیق بۆ سەرکۆنە کردنی جەریری دەڵێت:

این الذین بنار عمرو احرقوا   ام این اسعد فیکم المسترضع

واتاکەی: لەکوێن ئەوانەی بەئاگری عەمرۆ سوتان، ئەسعەد کەبۆ شیر خواردن هاتە ناوئێوە، بۆ کوێ ڕۆشت؟

لەمەبەدوا خەڵکان، تەمیمیەکانیان بەسك پەرەستی سەرکۆنە دەکرد چوونکەن پیاوی بەرجەمی چاوی تەماحی بڕیە کەباب بەلاَم لەئاگرەکەیدا سوتا. یەکێك وتی:

اذا مامات میت من تمیم   فسرك ان یعیش فجیء بزاد
بخبز او بلحم او بتمر   او الشیء الملفف بالبجاد
تراه ینقب البطحاء حولا   لیاکل رأس لقمان بن عاد

واتاکەی: ئەگەر کەسێك لەتەمیم بمرێت و بتەوێت زیندوو ببێتەوە، توێشوێك بەرز بکەرەوە، نانێ، گۆشتێ، خورمایەك، یا شتێکی پێچراو لەجلێکی ڕاڕا. ئەو دەبینی کەسەراسەری بیابان لەیەك ساڵدا دەپێوێت تابێت و سەری لوقمان کوڕی عاد

بخوات (یا بیابان چاڵ دەکات تا سەری لوقمان کوڕی عاد بەدەست بێنێت و بیخوات).

دەستەیەك دەڵێن: ئەحنەف کوڕی قەیس هاتە لای معاویە کوڕی ئەبو سوفیان و معاویە پێی وت: ئەی باوکی بەحر، ئەو شتە پێچراوە لەجلی ڕاڕا چییە؟ وتی: خۆراکی گەرم. خۆراکی گەرمیان بەهۆکاری سەرکۆنە کردنی قوریشیەکان دەزانی (ئەحنەف لەم ڕێگاوە سەرکۆنەی معاویەی کرد) بەهەمان شێوە کەتەمیمیەکانیان بەخۆراکی پێچراوە لەجلی ڕاڕا سەرکۆنە دەکرد. لەم دوانە (ئەحنەف و معاویە) گاڵتەچیتر نەبینراوە.

کوژرانی زوهەیر کوڕی جەزیمە و خالید کوڕی جەعفەر کوڕی کەلاب و حارس کوڕی زالم ئەلموری و شەڕی ڕەحرەحان

زوهەیر کوڕی جەزیمە کوڕی ڕەواحە کوڕی ڕەبیعە کوڕی مازین کوڕی حارس کوڕی قەتیعە کوڕی عەبسی عەبسی (کەباوکی قەیس کوڕی زوهەیر فەرماندەی شەڕی داحس و غەبرا بوو)بەسەروەری هۆزی قەیسی عەیلان دەژمێردرا. بۆ ڕێز گرتنی گەورەیی وسەروەری ئەو، نەعمان کوڕی ئەمرۆ ئەلقەیس باوەگەورێی نەعمان کوڕی مونزەر کچەکەی کردە هاوسەری ئەو. جارێك نەعمان پەیکی بۆ لای زوهەیر نارد و خوازیار بوو یەکێك لەمناڵەکانی بۆ دیداری ئەو بنێرێت. ئەو شاس کوڕە گەورەی خۆی نارد. پاشا ڕێزی لێگرت و بەخششی پێدا و بەزێر ڕازاندییەوە. شاس هاتەدەر و مەبەستی خەڵکەکەی خۆی کرد و لەسەرئاوێك لەئاوەکانی غەنی کوڕی ئەعسەر دابەزی. ڕەباح کوڕی ئەشەلی غەنەوی کەئەوی نەدەناسی، ئەوی کوشت و زێر و باروبنەکەی تالآن کرد. بەزوهەیریان وت: شاس لای پاشا هاتەدەر و دوایین جار کەئەویان بینیوە لەسەرزەمینی خەڵکی غەنی بووە و ئەوان هاوپەیمانانی مناڵەکانی عامیر کوڕی سەعسەعە بوون. لای زوهەیەر کۆبوونەوە، هەواڵی کوڕەکەی پرسی. سوێندیان خوارد کەهیچ هەواڵێکیان لەو نەبیستووە. زوهەیر وتی: بەڵام ئەزانم چی بەسەر هاتووە. باوکی عامیر پێی وت: چ شتێك تۆ لەئێمە ڕازی دەکات؟ زوهەیر وتی: یەك لەم سێ کارە، یا کوڕەکەم زیندوو بکەنەوە، یا مناڵەکانی غەنی بەمن بسپێرن تا لەجیاتی کوڕەکەم بیانکوژم، یا تا ئێمە بین و ئێوە بن لەنێوانماندا شەڕ بێت. وتیان: بۆ ئێمە هیچ ڕێگەیەکی دەرچوونت دانەنا. بەڵام زیندوو کردنەوەی کوڕەکەت جگە لەخوا کەس ناتوانێت. تەسلیم کردنی غەنی، ئەوان بەهەمان شێوە ڕێزی خۆیان دەگرن کەئازادەکان و بەڵام شەڕ، سوێند بەخوا ئێمە ڕەزامەندی تۆمان دەوێت نەتووڕەیی تۆ. ئەگەر دەتەوێت خوێنبایی دەدەین و ئەگەر بتەوێت بەدوای کوژەری کوڕەکەت بگەڕێ تا تەسلیم بەتۆی بکەین

یا لەخوێنەکەی خۆش بیت کە لەنێوان ئاشناکان و دراوسێکان ئەم بەخشینانە بەفیڕۆ ناڕوات. وتی: جگە لەوەی وتم هیچم ناوێت. کاتێك خالید کوڕی جەعفەر کوڕی کەلاب زۆرداری زوهەیری بەسەر خاڵۆکانی خۆی (مناڵەکانی غەنی) بینی، وتی: سوێند بەخوا تا بەم رۆژە نەمبینیوە کەس بەسەر خزمەکانی خۆی ئاوا زۆرداری بکات. زوهەیر وتی: ئایا دحتەوێت لەتۆی وەربگرم و واز لەمناڵەکانی غەنی بێنم؟ وتی: بەڵێ. زوهەیر گەڕایەوە و وتی:

فلولا كلاب قد اخذت قرينتى	برد غنى اعبدا و مواليا
و لكن حمتهم عصبة عامرية	يهزون فة الارض القصار العواليا
مساعير فى الهيجا مصاليت فى الوغى	اخوهم عزيز لا يخاف الاعاديا
يقيمون فى دار الحفاظ تكرما	اذا ما فنى القوم اضحت خواليا

واتاکەی: ئەگەر مناڵەکانی کەلاب نەدەبوون، بەرابەرەکەی خۆم دەگرت و خوێنی کوڕەکەم لێدەسەند و مناڵەکانی غەنیم دەکردە بەندە و کۆیلە. بەلاَم دەستەیەکی گەورە و بەهێز لەعامرییەکان پارێزەری ئەوان بوون خەڵکانێك کە لەزەوی ڕمە کورت و بڵندەکان تەکان دەدەن. سەرسەخت لەشەڕ، شمشێروەشێن لەکاتی جەنگ، هاوپەیمانی ئەوان بەرێزە و لەدوژمن ناترسێت. لەماڵێکی پارێزراودا دەژین وبەرێز ژیان بەسەر دەبەن. بەم شێوە بن تەنانەت ئەو کاتەی زەویی ماڵەکانی ئەم خەڵکە خالی لەپیاو بێت.

دواتر لەتە گۆشتی دابەژنێك و رەوانەی کرد و فەرمانیدا کارەکەی خۆی بەنهێنی بهێڵێتەوە. گۆشتی مەڕێکی قەڵەوی پێدا. ئەوەی بۆ سەرزەمینی مناڵەکانی غەنی نارد تا دەرمانە بۆنەخۆشکەرەکان بکرێت و لەچارەنوسی کوڕەکەی بپرسێت. ژن بەرەو سەرزەمینی مناڵەکانی غەنی ڕۆشت و ئەوەی زوهەیر وتبووی، ئەنجامی دا. ڕۆشتە لای ژنی رەباح کوڕی ئەشەل و پێی وت: کچەکەم بەمێرد داوە و لەبەرابەر ئەم گۆشتە دەرمانی بۆنخۆشکەرەم دەوێت. ژنی رەباح دەرمانی بۆن خۆشکەرەی پێدا و ئاگاداری کردەوە کەمێردەکەی کوڕی زوهەیری کوشتووە. ژن بۆ لای زوهەیر

گەڕایەوە و لەم وتەیە ئاگاداری کردەوە. ئەو سوارەکانی خۆی کۆکردەوە و بەردەوام هێرشی دەکرد سەر منداڵەکانی غەنی و ژمارەکی زۆری لەوان کوشت. لەنێوان منداڵەکانی عەبەس و منداڵەکانی عامیر شەڕ دروست هاتە ئاراوە و کارەکەیان روی لەدژواری کرد.

دواتر زوهەیر لەمانگی حەرام (کەتیایدا شەڕیان نەدەکرد) لەگەڵ بنەماڵەکەی خۆی هاتەدەر و روی لەعەکاز کرد. چاوی بەخالید کوڕی جەعفەر کوڕی کەلاب کەوت. خالید پێی وت: ئەی زوهەیر، زیانی زۆرت لەئێمەدا. زوهەیر وتی: سوێند بەخوا تا ئەو کاتەی هێزم بۆ تۆڵە سەندنەوە هەبێت ئەم کارە کۆتایی نایێت. هۆزی هەوازین هەر ساڵ لەعەکاز بەزوهەیر کوڕی جەزیمە باجیان دەدا و ئەو ستەمی لەوان دەکرد و دڵی ئەوان لێوانلێو بوو لەرق و بێزاری. خالید و زوهەیر بۆ لای خەڵکەکەی خۆیان گەڕانەوە. خالید بۆ سەرزەمینی هەوازین رۆشت وپێش دوژمنەکەی خۆی گەیاندە ئەو سەرزەمینە و خەڵکی خۆی کۆکردەوە و بۆ جەنگ دژی زوهەیر خۆی ئامادە کرد. ئەوان وەڵامیان دایەوە و ئامادەی شەڕ بوون و هاتنەدەر و مەبەستی زوهەیریان کرد ولەسەر رێگای ئەو بۆسەیان نایەوە. زوهەیر رۆشت و لەکەنارەکانی سەرزەمینی هەوازین دابەزی. کوڕەکەی قەیس پێی وت: خێرا بەرێکەوە و ئێمە لەم سەرزەمینە رزگار بکە چوونکە لەدوژمن نزیکین. زوهەیر وتی: ئەی ترسەنۆك، من لەهەوازین دەترسێنیت و لەزیانی ئەوان دەترسیت؟ ئەوان باشتر لەهەر کەسێك دەناسم. کوڕەکەی وتی: سەرسەختی مەکە و گوێ لەقسەکانی من بگرە و ئێمە لەم سەرزەمینە ببەرەدەر چوونکە لەزیانی ئەوان دەترسم.

تومازیر کچی شەرید کوڕی رەباح کوڕی یەقزەت کوڕی عوسەییەی سەلی دایکی منداڵی زوهەیر بوو. یەکێك لەبراکانی ئەم ژنە خوێنی رشتبوو و بۆ سەرزەمینی منداڵەکانی عامر هەڵاتبوو. لەناو ئەواندا دەژیا. خالید ئەوەی وەك دیدەوان نارد تا لەسوپاکەی زوهەیر ئاگاداری بکاتەوە. ئەو هات و گەشتە سەرزەمینی زوهەیرییەکان. قەیس کوڕی زوهەیر ئاگاداری کارەکەی بوو و هاورێ لەگەڵ باوکی بڕیاردا بیگرن و دیلی بکەن و لەگەڵ خۆیاندا ببیەن تا لەسەرزەمینی هەوازین دوور بکەونەوە. خوشکەکەی ئەوانی لەم کارە دوور خستەوە. ئەوان سوێند و پەیمانیان

لێوەرگرت کەهیچ نەڵێت. ئەویان ئازاد کرد. ئەو ڕۆشتە لای خالید و لەپاڵ دارێکدا وەستا و هەموو شتەکانی بەدارەکە وت (تا سوێندەکەی نەکەوتبێت). خالید و هاوەڵانی سوار بوون و مەبەستی زوهەیریان کرد. لێیانەوە دوور نەبوو. شەڕێکی قورس دەستی پێکرد و خالید و زوهەیر ڕوبەڕوی یەك بوونەوە و شەڕەکەیان درێژەی کێشا. باوەشیان بەیەکا کرد و هێزیان تاقی کردەوە و سەرئەنجام هەردووکیان کەوتنە سەر زەوی. وەرقا کوڕی زوهەیر پەلاماری خالیدا دا و بەشمشێر هێرشی کردەسەر بەڵام نەکوژرا چوونکە خالید دوو زرێی پۆشیبوو. لەم کاتەدا جۆندەح کوڕی بەکا، کوڕی ژنەکەی خالید هێرشی کردە سەر زوهەیر و کوشتی. خالید لەژێر پەیکەری ئەو هەستا و مناڵەکانی هەوازین بۆ سەرزەمینی خۆیان گەڕانەوە. کوڕەکانی زوهەیر لاشەی باوکیان هەڵگرت و بۆ سەرزەمینی خۆیان گەڕانەوە. وەرقا کوڕی زوهەیر لەمبارەوە وتی:

رأيت زهيرا تحت كلكل خالد ... فاقبلت اسعى كالعجول ابدر
الى بطلين يعتران كلا هما ... يريد رياش السيف و السيف نادر
فشلت يميني يوم اضرب خالدا ... و يمنعه منى الحديدا لمظاهر
فياليت انى قبل ايم خالد ... وز قبل زهير لم تلدنى تماضر
لعمرى لقد بشرت بى اذ ولدتنى ... فما ذا الذى ردت عليك البشائر
فلا يدعنى قومى ضريحا بحرة ... لئن كنت مقتولا و يسلم عامرا
فطر خالد ان كنت تسطيع طيرة ... تفارق منها العيش و الموت حاضر

واتاکەی: زوهەیرم لەژێر پەیکەری سەنگینی خالیدا بینی و بەپەلە بەرەو لایان ڕۆشتم بۆ ئەوەی کارێك کەبم. بەرەو لای دو پاڵەوان رام کرد کەباوەشیان بەیەکدا کردبوو و بەدوای شمشێردا دەگەڕان و شمشێری لێ نەبوو. دەستی راستم وشك بێت کەئەو رۆژەی بەشمشێر لەخالیدم دا و ئاسنی بەهێز ئەوی لەزیانی شمشێرەکەم پاراست و رزگاری کرد. خۆزگە تومازیر پێش لەرۆژی شەڕی خالید و زوهەیر منی نەدەهێنایە دنیا. بەگیانم سوێند ئەو کاتەی منت هێنایە دنیا، مژدەی زۆریان

پێدایی، ئێستا راست بڵێ کەمزدەکان هاتنە دی یانە. نەکا خەڵکان من بەئازاد زادە بانگ بکەن. ئەگەر بکوژرێم و عامیر زیندوو رزگاری بێت. ئەی خالید، ئەگەر ئەتوانی هەڵفڕیت، بفڕە و بەترسەوە بخەوە. ئەگەر زیندوو بمێنیت وابێت کەمەرگەکان بەزەربەیەك رووبکەنە تۆ و بەهۆیەوە ماڵئاوایی لەژیان بکەیت و مەرگ، ئامادەی گرتنی تۆبێت.

خالید ئەم قسانەی وت و منەتی کردە سەر هوازین کەدوژمنی ئەوان زوهەیری کوشتووە:

ابلغ هوازن کیف تکفر بعد ما	اعتقتهم فتوالدوا ابکارا
و قتلت ربهم زهیرا بعد ما	جدع الانوف و اکثر الاوتارا
و جعلت مهر نسائهم و دیاتهم	عقل الملوك هجائنا و بکارا

واتاکەی: پەیام بەهەوازین بگەیەنە چۆن ناسپاسی دەکەن دوای ئەوەی ئەوانم ئازاد کرد و ئەوان بەئازادی دەستیان بەزاوزێ کرد. سەروەری ئەوان زوهەیرم کوشت وئەمە دوای ئەوەی لووتی زۆر کەسی لەزەویدا و کەسانی زۆری دڵ سوتاو کرد. مارەیی ژنان و خوێنبایی ئەوانم لەخوێنبایی پاشا گەورەکان و کەسە سوکەکان دا.

زوهەیر سەروەری غەتەفان بوو. خالید زانی غەتەفانییەکان بەزووترین کات داوای خوێنی گەورەی خۆیان دەکەن. ئەو ڕۆشتە لای نەعمان کوڕی ئەمرۆ ئەلقەیس لەحیرە و داوای پەنای کرد و پێی بەخشرا. خێوەتێکی گەورەیان بۆ هەڵدا. مناڵەکانی زوهەیر کۆبوونەوە تا لەگەڵ هەوازین شەڕ بکەن. حارس کوڕی زاڵم مۆڕی وتی: ئێوە شەڕی هەوازین بەسەرکەووتویی کۆتایی پێبێنن تاخالید لەناو ببەم.

حارس بەرێکەوت و گەشتە لای نەعمان و ڕۆشتە لای و خالیدی بینی. ئەو دووانە خورمایان دەخوارد. نەعمان روی تێکرد، دەستی بە گفتوگۆ و پرسیار کردن کرد. خالید رژدی پێبرد و بەنەعمانی وت: لەنفرین بەدوور بیت، ئەمە پیاوێکە

قەرزێکی گەورە بەمن قەرزارە. من زوهەیر سەرومری غەتەفانم کوشت و ئەو بوو بەسەرومری غەتەفان. حارس وتی: بەزوترین کات قەرزەکەی خۆم دەدەمەوە. حارس دەستی بەخورما خواردن کرد بەلام لەرقی زۆر خورما لەدەستی دەکەوتە خوار. عوروە بەخالیدی برای وت: بۆ قسەت لەگەڵ کرد؟ ئەو پیاوێکی خوێنرێژ و پیاوکوژە. خالید وتی: چ ترسێکم لەوبێت؟ سوێند بەخوا ئەگەر لەخەودا بمبینێت ناتوانێت خەبەرەم بکاتەوە. خالید و براکەی هاتنەدەر و ڕۆشتنە خێوەتەکەی خۆیان و بەندەکانیان بەست. خالید خەوت و عوروە بەئاگا مایەوە و پاسەوانی لێکرد. کاتێك شەوی ڕەش و تاریك داهات، حارس بەرەو لای خالید ڕۆشت و بەندی خێوەتەکەی پچراند و بەعوروەی وت: ئەگەر قسە بکەیت تۆیش دەکوژم. دواتر خالیدی لەخەو هەستاند. کاتێك هەستا، وتی: من دەناسیت؟ وتی: حارسیت. وتی: ئێستا قەرزەکەی خۆت لەمن وەربگرە. ئەوی بەشمشێرە دەرکێشراوەکەی خۆی کوشت و لەخێوەتەکە هاتەدەر و سوار لەسەر ئەسپ غاریدا.

عوروە لەخێوەتەکە هاتەدەر و بانگی دادخوازی بەرز کردەوە و ڕۆشتە بەردەم ماڵی نەعمان و ئاگاداری کردەوە. ئەو پیاوەکانی بەدوای حارسدا نارد.

حارس دەڵێت: کاتێك کەمێك دوورکەوتمەوە، ترسام خالیدم نەکوشتبێت، لەبەر ئەمە بەنەناسراوی گەڕامەوە و تێکەڵ بەخەڵکان بووم و ڕۆشتمە خێوەتەکەی خالید و جارێکیتر بەشمشێر لێمدا تا ئەوەی لەکوژرانی دڵنیا بووم.

نەعمان بەدوای حارسدا دەگەڕا تا لەبەرابەر پەنابەرەکەی خۆیدا بیکوژێت و هوازین بەدوایدا دەگەڕان تا لەبەرابەر کوشتنی سەرومرەکەی خالید، ئەو لەناو بەرێت. حارس پەیوەستی زەمرە کوڕی زەمرە کوڕی جابر کوڕی قەتن کوڕی نەهشەل کوڕی دارم بوو و ئەو لەبەرابەر نەعمان و هوازین پەنایدا. کاتێك نەعمان زانی، لەشکرێکی رازاندەوە و کوڕی خەمسی تەغلەبی وەك فەرماندەیی دیاری کرد و بۆشەڕی مناڵەکانی دارمی نارد. حارس دەیویست تۆڵەی خوێنی باوکی بکاتەوە.

دواتر ئەحوەس کوڕی جەعفەر برای خالید، عامیرییەکانی کۆکردەوە و ئەوانی لەگەڵ خۆیبرد. ئەم سوپایە لەگەڵ سوپاکەی نەعمان بۆ شەڕی مناڵەکانی دارم یەکیان گرت. پێشڕەوییان کرد و کاتێك گەشتنە نزیکترین ئاوەکانی مناڵەکانی دارم،

ژنێکیان بینی کارگی هەڵدەکەند. وشترێکی لەگەڵدا بوو. یەکێك لەپیاوەکانی غەنی ئەوی گرت و لای خۆی رایگرت. کاتێك شەو داهات، ژن رۆشتە لای وشترەکەی، سوار بوو و بەغاردان دوور کەوتەوە وبەرەبەیان گەشتە لای منداڵەکانی دارم و مەبەستی سەرۆکەکەیان زەرارە کوڕی عەدەسی کرد، هەواڵەکانی بۆ گێرایەوە وتی: دوێنێ کەسانێك منیان گرت کەنەمدەناسین بەڵام بێ گومان مەبەستی کوشتنی تۆیان هەیە. زەرارە وتی: وەسفیان بکە. ژن وتی: پیاوێکم دی برۆکانی وەریبوون و ئەویان بەدەستارێك دەبەست. چاوی بچوکی هەیە و هەمووان لەو فەرمان دەبەن. زەرارە وتی: ئەو ئەحوەسە و سەروەری خەڵکەکەیەتی. ژن وتی: پیاوێکم بینی کەم قسەی دەکرد و کاتێك زمانی دەکردەوە، هەموویان لەدەوری کۆدەبوونەوە بەهەمان شێوە کەوشترە مێچکەکان دەوری وشتری نێری بەهێز دەگرن. جوانترینی پیاوەکان و دوو کوڕی لەگەڵدا بوو کەلێ جیانەدەبوونەوە. زەرارە وتی: ئەو مالیك کوڕی جەعفەر هاوڕێ لەگەڵ دوو کوڕەکەی عامیر و توفەیلە. ژن وتی: پیاوێکیتری بەهێز و چوارشانەم بینی دەتوت ریشی سوور و زەردە. زەرارە وتی: عەوف کوڕی ئەحوەسە. ژن وتی: پیاوێکی دیکەم بینی بالأبەرز، بەهێز و زۆرخۆر. زەرارە وتی: رەبیعە کوڕی عەبدوللە کوڕی ئەبی بەکر کوڕی کەلابە. ژن وتی: پیاوێکیترم بینی ڕەش و کورت کەلوتێکی داچەقیوی ئاوساوی بوو. زرارە وتی: رەبیعە کوڕی قۆرت کوڕی عەبدوللە کوڕی ئەبی بەکرە. ژن وتی: پیاوێکی دیکەم بینی برۆ پەیوەست و سمیڵێکی پڕو کاتێك قسەی دەکرد، ئاوی دەمی دەکەوتە سەر ڕیشی. زەرارە وتی: جۆندح کوڕی بەکایە. ژن وتی: پیاوێکی ترم بینی چاوی بچوك و ناوچاوانی گرژ و هەوساری ئەسپەکەی لەدەست تیردانێکی دارینی بێ پێست (یا پێستی بێ دار) کە لەدەستی دووری نەدەکردەوە. زەرارە وتی: رەبیعە کوڕی عوقەیل کوڕی کەعبە. ژن وتی: پیاوێکم بینی دوو کوڕی سور و سپی بوو، کاتێك دەهاتن خەڵك بەچاوی رێزەوە سەیری ئەو دوانەیان دەکرد و کاتێك دەگەڕانەوە و پشتیان لەخەڵك دەکرد هەمان هەڵس وکەوتیان لەگەڵ دەکردن. زەرارە وتی: سەعق کوڕی عەمرۆ کوڕی خومیلد کوڕی نۆفەیلە و ئەو دوو کوڕە یەزید و زەرعەن. ژن وتی: پیاوێکی دیکەم بینی قسەکانی لەتیغ تیژتر بوو. زەرارە وتی: عەبدوللە کوڕی جەعدە کوڕی کەعبە.

زەرارە بەو ژنەی وت بڕواتە ماڵەکەی خۆی. ئەوسا ناردی بەدوای شوانەکان و فەرمانیدا وشترەکان بێنن. ئەو کارەیان کرد. فەرمانیدا ژنان کەرەستە و کەل و پەلی ژیانیان باری وشترەکان بکەن و بەرەو سەرزەمینی بەغیز بەرێبکەون. ئەوسا پەیکەکانی لەناو منداڵەکانی مالیك و منداڵەکانی حەنزەلەدا بلاّو کردەوە کە هاتنە لای و ئەوانی لەپێشهاتەکان ئاگادار کردەوە. بەوانی وت بنەماڵە و کەل و پەلەکانی خۆیان باری وشترەکان بکەن و بۆ سەرزەمینی بەغیزی بنێرن. ئەوسا هەموویان بۆ شەڕ ئامادە بوون.

منداڵەکانی عامیر شەویان کردە رۆژ و پیاوی غەنەوی هەواڵی ئەو ژنە وشتر سوارە و راکردنی ئەوی لەشەودا گێڕایەوە. عامرییەکان شڵەژان و پەرێشان بوون و کۆبوونەوە و راوێژیان کرد. یەکێك وتی: دەزانم ئەو ژنە وشتر سوارە ڕۆشتۆتە لای خەڵکەکەی خۆی و لەهەموو شتێك ئاگاداری کردونەتەوە. بێ گومان ئەوان وشیار بوونەتەوە و ژنان و باروبنەی خۆیان بۆ سەرزەمینی بەغیز ناردووە و هەنوکە ئامادەی شەڕن و بەکەرەستەی شەڕ خۆیان تەیار کردووە. با سوار بین و شوێن کەل و پەل و سامانەکانی ئەوان بکەوین و تالاّنی بکەین چوونکە ئەوان ئاگادار نابنەوە تا ئەو کاتەی ئێمە کاری خۆمان ئەنجام دەدەین. سوار بوون و مەبەستی کەل وپەل و سامانی منداڵەکانی دارم و ژنانی ئەوانیان کرد. کاتێك زەرارە بینی دوژمن درەنگی کردووە بەخەڵکەکەی خۆی وت: ئەوان مەبەستی ژنان و وشترەکان و سامانەکانی ئێوەیان کردووە. بەرەو لای ئەوان غاربدەن. منداڵەکانی دارم بەغاردان ڕۆشتن و پێش ئەوەی ئەوان بەکاروان بگەن، ئەوانیان بینی و دەوریان گرتن. شەڕێکی قورس لەناو ئەواندا دەستی پێکرد. منداڵەکانی مالیك، حەنزەلە کوڕی خەمسی تەغلەبیان کوشت. ئەو فەرماندەی سوپای نەعمان بوو. منداڵەکانی عامیر، مەعبەد کوڕی زەرارەیان بەدیلی گرت. منداڵەکانی دارم خۆڕاگریان کرد تا ڕۆژ گەشتە نیوە و قەیس کوڕی زوهەیر و سوپاکەی گەشتن. منداڵەکانی عامیر و سوپاکەی نەعمان شکستیان خوارد و بۆ سەرزەمینەکانی خۆیان گەڕانەوە و مەعبەد کوڕی زەرارە لەدەستی منداڵەکانی عامیر دیل بوو. تا کاتی مردنی لای ئەوان مایەوە.

لەو ڕۆژانەدا زەرارە کوڕی عەدەس مرد.

سەبارەت بەپەنا بردنی حارس بۆ منداڵەکانی تەمیم ئاماژەیان بەگێڕانەوەی دیکەیش داوە. بەم شێوەیە: نەعمان بەدوای بیانوێك دەگەڕا تا زیان لەحارس بدات چوونکە خالیدی کوشتبوو و هەڵاتبوو. پێیان وت: حارس مەبەستی حیرەی کردووە و ڕۆشتۆتە لای هاورێکەی خۆی عیاز کوڕی دەیهسی تەمیمی. نەعمان کەسەکانی خۆی بۆ ئەوێ نارد و وشترەکانی عیازی گرت. حارس بێ درەنگ سوار بوو و بەنهێنی هاتە حیرە و سامانەکانی عیازی لەوشتردارەکان وەرگرتەوە و بۆی گەڕاندەوە. بەدوای بیانوێك دەگەڕا تا زیان لەنەعمان بدات. کوڕەکەی ئەو غەزبانی بینی وبەشمشێر لێیدا و کوشتی. نەعمان ئاگادار بوویەوە و بەدوای حارسدا گەڕا بەڵام ئەوی نەدۆزییەوە. حارس لەمبارەوە وتویەتی:

اخصیی حماربات یکدم بجمة — اتؤکل جاراتی و جارك سالم
فان تك اذوادا اصبت و نسوة — فهذا ابن سلمی رأسه متفاقم
علوت بذی الحیات مفرق رأسه — ولا یرکب المکره الا الاکارم
فتکت به کما فتکت بخالد — و کان سلاحی تحتویه الجماجم
بدأت بتلك و انثینیت بهذه — و ثالثة تبیض منها المقادم
حسبت ابا قابووس انك مخفری — و لما تذق ثکلا و انفك راغم

واتاکەی: ئایا دوو گونی کەرێك دەبێتە هۆی ئازاردانی ئەستێرەیەك؟ ئایا دراوسێکانی من ئازار ببینن و دراوسێکانی تۆ بەسلامەت رزگارپیان بێت؟ ئەگەر تۆ زیانت لەخێوەتییەکان و ژنانت ئازاردا و ئەوانت ڕەنجاند، ئێستا سەیری ئەم کوڕە سەلمییە سەر بڕاوە بکە. بەشمشێرێکی دوو سەر لەناوچاویم دا. جگە لەپیاوە گەورە و خاوەن شکۆکان کەس بەدوای کارە دژوارەکاندا ناڕوات. ئەوم کوشت بەهەمان شێوەی خالیدم کوشتبوو، کەرەستەکانی شەڕی من سەری سەردارەکان دەگرێتەوە. بەو یەکە دەستم پێکرد و ئەمەم کردە دووەم و کاتێك سێیەم بکوژم، ئازاکان لەترسا ڕەنگ دەدۆڕێنن. ئەی باوکی قابوس، گومانم برد تۆ پەنا دەری من بیت و هێشتا دڵ سوتاو نەبوویت و لوتت لەئەرز نەدرابوو.

بەمشێوەیە وتاری دەستەیەك لەوان. ئەوانیتر وتویانە: كوژرانی شەرەحبیل كوڕی ئەسوەد كوڕی مونزەر بوو. ئەسوەد كوڕی خۆی شەرەحبیلی لای سنان كوڕی ئەبی حارسە موری دانابوو تا ژنەكەی شیری پێبدات. لێرەوە سنان سامانی زۆری بەدەست هێنا. كوڕەكەی هیرەم لێی دەبەخشییەوە. حارس بەنهێنی هات وبەشێوەیەك كەسنان ئاگادار نەبوویەوە، زینەكەی ئەوی بەقەرز وەرگرت. دواتر هاتە لای ژنەكەی سنان و وتی: هاوسەرەكەت ئەڵێت شەرەحبیل كوڕی پاشا لەگەڵ حارس كوڕی زالم بنێرە تا لای ئەو پەنا بگرێت و ئەمە زینەكەی ئەوە كەنیشانێكی ڕاست بۆ ئەم پەیامەیە. ژن منالەكەی رازاندەوە و تەسلیم بەحارسی كرد. حارس ئەوی برد و كوشتی.

ئەسوەد ڕۆشتە شەڕی منالەكانی زۆبیان و منالەكانی ئەسەد لەشوێنێك بەناوی (شەتی ئەربەك) و كەسانێكی زۆری لەوان كوشت و دیلی گرت و سامانەكانیانی تالان كرد و سوێندی خوارد بێ گومان حارس دەكوژێت. حارس بەنهێنی ڕۆشتە حیرە تا ئەسوەد بكوژێت. رۆژێك كە لەماڵەكەیدا بوو، هاواری ژنێكی دادخوازی بیست: دەیوت: من پەنام بۆ حارسی زالم هێناوە. حارس لەبەسەرهاتی ئەو ژنە ئاگادار بوویەوە كە گایەلێك لەوشترەكانی ئەوی بەزۆر داگیر كردبوو. حارس رۆشتە لای ئەو ژنە و پێی وت: بەیانی وەرە فلان شوێن. حارس خۆی ڕۆشتە شوێنەكە و كاتێك وشترەكانی نەعمان سەرقاڵی لەوەڕین بوون، ئەوەی ملكی ژنەكەبوو، وەریگرت و پێی سپارد. لەناو ئەمانەدا وشترێك بەناوی ((لقاع))دەبینرا. حارس لەمبارەوە وتی:

اذا سمعت حنة اللقاع	فادع ابا ليلى فنعم الداعي
يمشي بعضب صارم قطاع	يفري به مجامع الصداع

واتاكەی: كاتێك بانگی لقاعت بیست، دەنگ هەڵبڕە و باوكی لەیلی بانگ بكە كە باشترین بانگ كردنە. بەردەوام بەشمشێرێكی تیژ و بڕەر بەرێدا دەڕوات و ناوچاوی نازاكان دەقلیشێنێت.

ئەوسا ڕۆشت و بەدوای پەنابەرێكدا گەڕا بەلام كەس لەخەلكان پەنای نەدا.

پێیان دەوت: کێ دەتوانێت تۆ لەهوازین و نەعمان پەنا بدات؟ تۆ کوڕی ئەوت کوشتووە. ئەو ڕۆشتە لای زەرارە کوڕی عەدەس و زەمرە کوڕی زەمرە و ئەم دووانە پەنایان پێدا.

دواتر عەمرۆ کوڕی ئیتنا خەزرەجی هەواڵی کوژرانی خالید کوڕی جەعفەری بیست. هاوڕێی بوو. عەمرۆ وتی: سوێند بەخوا ئەگەر ئەو بێدار بوایە، ئەوی نەدەکوشت. خۆزگە چاوم بەو دەکەوت. وتەکەی بەگوێی حارس گەشت. وتی: سوێند بەخوا لەناو کەسەکان و سامانەکانی دەڕۆمە لای و چاوم پێی ناکەوێت مەگەر ئەوەی شمشێر و کەل و پەلەکانی شەڕی پێبێت. ئەم وتەیە بەگوێی کوڕی ئیتنا گەشت و ئەو چەندین دێر شێعری هۆنییەوە کەئەم دوانە لەوانە:

ابلغ الحارث بن ظالم المو ـــت و الناذر النذور عليا
انما تقتل النيام و لا تقـ ـــتل يقظان ذاسلاح كميا

واتاکەی: پەیام بەگوێی حارس کوڕی زاڵم بگەیێنە و بەئاشکرا ئاگاداری بکەرەوە. تۆ خەوتوان دەکوژیت و ناڕۆیتە لای بێدار پیاوێکی ئازا و هەڵگری شمشێر و ئامرازی شەڕ.

شێعرەکەی بەگوێی حارس گەشت. ئەو ڕۆشتە مەدینە و لەماڵی عەمرۆ کوڕی ئیتنای پرسی. کاتێك نزیکی بوویەوە وتی: ئەی کوڕی ئیتنا فریام کەوە. عەمرۆ هات وتی: کێیت؟ وتی: پیاوێك لە فلاّن هۆز. هاتمەدەر بڕۆمە لای خزمەکانم کەچەند کەسێك لەنزیکەکان هاتن و سامانەکەیان ڕفاندم. لەگەڵ من سوار بە با لێیان وەربگرینەوە. عەمرۆ لەگەڵی سوار بوو وجل و بەرگی شەڕی لەبەر کرد و بەرێکەوت.

کاتێك لەماڵی عەمرۆ دوور کەوتنەوە، حارس پێی وت. خەوی یا بەئاگایت؟

عەمرۆ وتی: بەئاگا. حارس وتی: من باوکی لەیلیم و ئەمە شمشێری من (معلوب) (دەرکێشراو، لەکالاّن دەرهاتوو). ئیتنا شمشێر یا ڕمەکەی خۆی هاویشت و

وتی: پەلەت کرد، دەرفەتم پێبدە تا شمشێرەکەی خۆم هەڵبگرم. حارس وتی: هەڵیگرە. عەمرۆ وتی: دەترسم پێش هەڵگرتنەوەی بمکوژیت. حارس کوڕی زاڵم وتی: سوێند و پەیمانی باوکم بۆ تۆبێت تا دەست بۆ شمشێرەکە نەبەیت و هەڵی نەگریت نەتکوژم. عەمرۆ کوڕی ئیتنا وتی: هەڵیناگرم! حارس لێی خۆش بوو وگەڕایەوە وتی:

بلغتنا مقالة المرء عمرو	فالتقينا و كان ذاك بديا
فهممنا بقتله اذ برزنا	و وجدناه ذا سلاح كميا
غير مانائم يروع بالفتـ	ـكوري و لكن مقلدا مشرفيا
فمننا عليه بعد علو	بووفاء و كنت قدما وفيا

واتاکەی: وتاری عەمرۆ کوڕی ئیتنا بەگوێمان گەشت و ئێمە چاومان بەیەك کەوت و دیار بوو چی ڕوودەدات. مەبەستی کوشتنی ئەومان لەکاتی ڕوبەڕووبوونەوە کرد و ئەومان بەئازایەکی شمشێر بەدەست بینی. خەوتوو نەبوو تا لەخەو هەستێت و لەمردن ڕەنگ بدۆڕێنێت بەڵکو دلێرێکی تەیار بوو کەشمشێری (مشرفي)((دروستکراوی دێهاتەکانی مشرف))ی بەستبوو.

منەتمان خستە سەر و ئەمە دوای ئەوە بوو زاڵ بووین بەسەریدا. من لەکۆنەوە پارێزەری قسە و پەیمانی خۆم بووم.

کاتێك حارس زانی نەعمان بەدوایدا دەگەڕێت و هوازین دەست لەو هەڵناگرێت، نەناسراو ڕۆشتە شام و پەنای بۆ یەزید کوڕی عەمرۆ برد. یەزید پەنای دا و ڕێزی لێگرت. یەزید وشترێکی ڕاگرتبوو کەهیچ کەس بوێری زیان گەیاندن بەوی نەدەکرد. لەملی وشترەکەدا کێردێك و ئاگرگرمیەك و برێك خوێ بوو بۆ ئەوەی خەڵکەکەی پێ تاقی بکاتەوە (ئەگەر ئەتانەوێت ئەم کێردە هەڵگبرن وشترەکە سەر ببڕن، یا بەم ئاگرگرە ئاگر بکەنەوە و گۆشتی وشترەکە ببرژێن و خوێی پیاکەن وبیخۆن). ژنەکەی حارس بێزوی بەگۆشت و چەورییەوە کرد. حارس ئەو وشترەی هەڵگرت و بردییە دۆڵێك و کوشتی و لەچەوری و گۆشتەکەی بۆ ژنەکەی برد و

برێکی زۆرتری بۆ نیازی خۆی هەلگرت. بەشوێن مێچکە وشترەکەدا گەڕان و سەربڕاو لەدۆڵەکەدا دۆزییانەوە. پاشا ناردی بەدوای کاهین (فالگیر، پێشگۆ) وبەسەرهاتەکەی لەو پرسی. کاهین وتی: حارس ئەوی کوشتووە. پاشا ژنێکی بەدەرمانی بۆنخۆش کەر نارد تا بەهۆیەوە گۆشتی وشتر لەژنەکەی حارس بکرێت. حارس چاوی بەو ژنە کەوت و بینی گۆشتی کڕیوە. ئەوی کوشت و لەماڵەوە دفنی کرد. پاشا سەبارەت بەو ژنە لەکاهینی پرسی. وتی: کەسێك ئەوی کوشت کەوشتری سەربڕی. ئەگەر حەز ناکەیت ماڵەکەی بگەڕێیت، فەرمان بدە بڕواتەدەر و من بڕۆم و ماڵەکە بگەڕێم وپەیکەری ئەو ژنە بێنمەدەر. حارس ئەو کارەی کرد. کاتێك حارس ڕۆشتەددر، کاهین ماڵەکەی گەڕا و پەیکەری ژنەکەی هێنایەدەر. حارس دڵنیا بوو لەوەی زیانی پێدەگات. گەڕایەوە و کاهینی کوشت. حارسیان گرت وبردیانە لای پاشا. فەرمانی کوشتنی ئەوی دەرکرد. حارس وتی: پەنات بەمن داوە، پەیمانەکەی خۆت مەشکێنە. پاشا وتی: ئەگەر من یەك جار پەیمان شکێنی لەگەڵ تۆدا بکەم، تۆ هەزاران جار فێڵت کرد و پەیمانت شکاند. ئەوی کوشت.

شەڕی داحیس و غەبرا لەنێوان عەبەس و زۆبیان

هۆکاری ئەم شەڕە ئەوەبوو قەیس کوڕی زوهەیر کوڕی جەزیمەی عەبەسی ڕۆشتە مەدینە تا بۆ شەڕ لەگەڵ عامرییەکان ئامادە بێت و تۆڵەی خوێنی باوکی وەربگرێت.

ئەو ڕۆشتە لای ئۆحەیحە کوڕی جولاح تا ئەو زرێیانە بکرێتن کەپێشتر بۆی ئامادە کرابوو. ئۆحەیحە وتی: نایفرۆشم و ئەگەر مناڵەکانی عامیر سەرکۆنەیان نەدەکردم بەتۆم دەبەخشی بەلآم لەبەرابەر وشترێکی نێری دوو ساڵە لەمنی بکرە. قەیس ئەو کارەی کرد و زرێکەی وەرگرت. پێیان دەوت (زات الحواشی). ئۆحەیحە چەندین زرێی دیکەی پێ بەخشی. ئەو هاتە لای خەڵکەکەی خۆ و کاری تەیار کردن و خۆ ئامادە کردنی تەواو کرد. لەسەر ڕێگە لای ڕەبیع کوڕی زیادی عەبەسی تێپەڕی و داوای هاوکاری لێکرد تا دادی خۆی لەبکوژی باوکی وەربگرێت. ڕەبیع وەلآمی دایەوە و ڕازی بوو. کاتێك ویستی لێی جیا ببێتەوە، ڕەبیع سەیری کەل وپەلەکانی کرد وتی: چیت پێیە؟ وتی: کالآیەك کە ئەگەر بیبینی پێت خۆش ئەبێت. ئەو وشترەکەی خۆی خەواند و زرێی لەناو کەل و پەلەکانی دەرهێنا و نیشانی ڕەبیعی دا. ڕەبیع لای جوان بوو ، پۆشی. زرێکە ئەندازەی بوو. لەقەیسی سەند و پێی نەدایەوە. کەسەکان دەهاتن ودەچون. قەیس پێداگری دەکرد تا وەریبگرێتەوە و ڕەبیع سەرسەختی دەکرد تا نەیداتەوە. کاتێك ڕۆژگارێك بەمشێوە تێپەڕی، قەیس بنەماڵەکەی خۆی بۆمەککە نارد و بۆ وەرگرتنەوەی زرێکە ڕۆشت تا ڕەبیع بەتەنیا ببینێت.

ڕەبیع وشتر و مەڕ و مالآتەکەی خۆی بۆ لەوەڕگایەکی پڕ گیا برد و فەرمانی کۆچ کردنی بەبنەماڵەکەی خۆیدا. سوار ئەسپەکەی گەڕایەوە بۆ ماڵ. ئەم هەواڵە بەقەیس گەشت و لەگەڵ برا و کەسەکانی خۆی بەرێکەوت و هێرشی کردە سەر کاروانەکەی ڕەبیع و هەوساری وشتری دایکی فاتیمە کچی خەرشەب و هەوساری

وشتری ژنەکەی گرت و بەرێکەوت. دایکی رەبیع وتی: ئەی قەیس، چیت دەوێت؟ قەیس وتی: ئێوە دەبمە مەککە و لەبەرابەر زرێکەی خۆم دەتانفرۆشم. دایکی رەبیع وتی: ئێمە ئازاد بکە، پەیمان دەدەم خواستەکەت بەدی بێنم. قەیس ئەو کارەی کرد. کاتێك فاتیمە گەشتە لای رەبیع داوای لێکرد زرێکە بۆ قەیس بگەرێنێتەوە. رەبیع سوێندی خوارد کەنایگەرێنێتەوە. ژن کەسێکی بۆ لای قەیس نارد و ئەم هەواڵەی پێ گەیاند. قەیس هێرشی کردە سەر مەڕ و ماڵاتەکەی رەبیع و چوارسەد وشتری گرت و بردییە مەککە و فرۆشتی و ئەسپی چالاك و تیژپێی پێ کری. رەبیع شوێنی کەوت بەڵام پێی نەگەشتەوە. لەناو ئەسپەکانی ئەو، دوو ئەسپی گرانبایی بەناوی داحیس و غەبرا دەبینران.

دەستەیەك دەڵێن: داحیس لەئەسپەکانی مناڵەکانی یەربوعە. باوی ئەسپی پیاوێك لەمناڵەکانی زەببە بوو کەپێیان دەوت ئونەیف کوڕی جەبەبلە و ئەسپەکەیان بە(سەبت) ناو دەبرد. دایکی داحیس ئەسپی پیاوێکی یەربوعی بوو. پیاوی یەربوعی داوای لەپیاوی زەببی کرد تا ئەسپە نێرەکەی خۆی بۆ جووت گیری بۆ لای ئەو بنێرێت. ئەو رازی نەبوو. کاتێك شەو داهات، پیاوی یەربوعی رۆشتە شوێنی ئەسپەکانی پیاوی زەببی و ئەسپەکەی گرت و سواری مایینەکەی خۆی کرد. پیاوی زەببی هەستا و ئەسپەکەی خۆی نەبینی و داوای هاوکاری لەخەڵکەکەی خۆی کرد و بەهانایەوە چون. ئەو پیاوی یەربوعی گرت و بەسەرهاتەکەی بۆ خەڵکەکەی گەڕاندەوە. یەربوعی وتی: پەلە مەکەن. ئەمە بەهای تۆوی ئەسپەکەتان، وەریبگرن. خەڵك وتیان راست دەکات. پیاوێك لەم خەڵکانە پەلاماری مایینەکەی دا و دەستی بردە نا زێدانی مایینەکەی و تۆوەکەی هێنایە دەر. ئەم مایینە بێچوێکی بوو کەبەپێی ئەم داستانە بەداحیس بانگیان کرد.

پیاوی یەربوعی دوو کوڕی بوو. قەیس کوڕی زوهەیر هێرشی کردە سەر مناڵەکانی یەربوع و تالانی کرد و دیلی کرد. یەك لەو دوو کوڕەی بەسەر داحیسەوە بینی و ئەویتریانی بەسەر غەبرا. شوێنیان کەوت بەڵام ئەوانی بۆ نەگیرا. گەڕایەوە و دایك و دوو خوشکی ئەو کوڕانەی لەگەڵ خۆیدا برد و لەناو دیلەکانی خۆی دایان. ئەو شەیدایی داحیس و غەبرا ببوو. ئەمە پێش کێشەی نێوان قەیس و

ڕەبیع هاتە ئاراوە. ئەوسا وەفدی نوێنەرایەتی منالەکانی یەربوع هات و بەهای ئازادی دیلەکانی دا و هەموویانی ئازاد کرد بەلام دایك و دوو خوشکی کوڕەکەی هێشتەوە. وتی: ئەگەر ئەو دوو کوڕە ئەو بێچوە ئەسپە و ئەو ئەسپە خۆلەمێشیە بێنن، دایك و خوشکیان تەسلیم دەکەمەوە. دوو کوڕەکە ڕازی نەبوون. پیاوێك لەمنالەکانی یەربوع کە لای قەیس دیل بوو، ئەم شێعرانەی وت و بۆ کوڕەکانی نارد:

ان مهرا فدى الرباب و جملا	و سعادا الخير مهر اناس
ادفعوا داحسا بهن سراعا	انها من فعالها الاكياس
دونها و الذى يحج له النا	ـس سبايا يبعن بالافراس
ان قيسا يرى الجواد من الخيـ	ـل حياة فى متلف الانفاس
يشتري الطرف بالجراجرة الجـ	ـلة يعطى عفوا بغير مكاس

واتاکەی: ئەو ئەسپانەی ببنە بەهای ئازادی سێ ژن((ڕەباب و جەمل و سەعاد)، باشترین ئەسپەکانی جیهان. داحیس لەبەرابەر ئەمانە بدەن چوونکە کارێکی بیرمەندانەیە. لەوانە لەپێشترن ئەو دیلانەی بەبەهای ئەسپەکان بفرۆشرێن، سوێند بەوەی خەلك ئەرۆنە سەردانی مالەکەی (کەعبە)، بەمشێومیە. قەیس لەشوێنی لەناو چوونی گیان، ئەسپی باش بەهۆکاری ژیان ئەزانێت. ئەسپە چالاك و تیژپێکان دەگرێت و بێ چەند و چون ژنانی جوان وگرانبایی دەبەخشێت.

کاتێك ئەم قسانە بەگوێی منالەکانی یەربوع گەشت، ئەو دوو ئەسپەیان بردە لای قەیس و ژنەکانیان ئازاد کرد.

دەستەیەك دەلێن، قەیس داحیسی سوار مایینەکەی خۆی کرد و ئەو بێچوێکی هێنایە دنیا کەناویاننا غەبرا. قەیس لەمەککەدا مایەوە و خەلك لەبەرابەر ئەو شانازیان بەخۆیان دەکرد. ئەو پیاوێکی لەخۆرازی و خۆپەرەست بوو. قەیس وتی: لەبارەگە وکەعبەی خۆتان چاو بپۆشن وبلێن ئیتر چیتان هەیە. عەبدوللە کوڕی جەدعان وتی: ئەگەر لەبەرابەر ئێوە بەمالی ئاوەدان کراوەی خواوەند و بارەگا ئەمنەکەی شانازی نەکەین، شانازی بەچیەوە بکەین؟ قەیس لەشانازی کردنی ئەوان

بێزار بوو و مەبەستی کۆچ کردنی کرد. قورەیشیەکانیش شاد بوون چوونکە ئەوانیش لەفشە کردنەکانی ئەو بێزار ببوون. قەیس بەبراکانی وت: ئێمە لەناو قورەیشیەکان ببەنەدەر و گەرنە کینەی نێوان ئێمە و ئەوان زیانی لێدەکەوێتەوە. پەیوەستی منالەکانی بەدر ببن کە لەنەژاد هاوتای ئێوەن و کوڕە مامی ئێمە و لەمەزنیدا بەگەورەکان هەژمار دەکرێن. بەبوونی ئەوان رەبیع ناتوانێت دەستی بەئێمە بگات. قەیس و براکانی پەیوەستی منالەکانی بەدر بوون و ئەو لەمبارەوە وتی:

اسیر الی بنی بدر بامر — هم فیها علینا بالخیار
فان قبلوا الجوار فخیر قوم — و ان کرهوا الجوار فغیر عار
اتینا الحارث الحیر بن کعب — بنجر ان و ای لجا لجار
فجاورنا الذین اذا اتاهم — غریب حل فی سعة القرار
فیامن فیهم و یکون منهم — بمنزلة الشعار من الدثار
و ان نفرد بحرب بنی ابینا — بلا جار فان الله جاری

واتاکەی: بەرەو منالەکانی بەدر دەرۆم و کاری خۆم بەوان دەسپێرم تا لەهەرچی بۆ ئێمەی دەکەن، ئازاد بن. ئەگەر بەپەنا بردنی ئێمە رازی بن باشترین پەنادەرەکانن و ئەگەر رازی نەبن هۆکاری شەرمن. رۆشتینە لای پیاوی چاکەکار، حارس کوڕی کەعب لەنەجران و پەنای داین. لەپەنای ئەو کەسانەدا جێگەمان گرت وەك ئەو کەسانەی کاتێك پیاوێکی ناناشنا پەنایان بۆ ببات، لەگەرمی ئارامشدا بێت. لەناو ئەواندا بەئارامی بژیت و بۆ ئەوان وەك جلی ژێرەوە لەبەرابەر جلی سەرەوەدا بێت. ئەگەر تەنیا گرفتاری شەڕی خزمەکانی خۆمان بین و پەنادەرمان نەبێت، خوا باشترین پەنای من بێت.

ئەوسا رویکردە منالەکانی بەدر و لەمالی حوزەیفە دابەزی. ئەو و براکەی خەمەل کوڕی بەدر پەنایاندان و لەناو ئەواندا مایەوە. خۆی و براکانی خاوەنی چەندین ئەسپ بوون کە لەناو عەرەبەکاندا هاوتایان نەبوو. حوزەیفە هەموو

بەیانی و ئێوارەیەك دەرۆشتە لای قەیس کوڕی زوهەیر و سەیری ئەسپەکانی ئەوی دەکرد و رژدی پێدەبرد و ئەم رژدی بردنەی لەدڵدا دەشاردەوە. قەیس رۆژگارێك لەناو ئەواندا مایەوە و ئەوان، رێزیان لەخۆی و براکانی گرت. سەرئەنجام رەبیع کوڕی زیاد بێزار بوو و رەخنەی لەم رەفتارەی ئەوان گرت و کردیە هۆکاری کینە و ئەم وتانەی بەپەیامبەرێکدا بۆ ئەوان نارد:

الا ابلغ بنی بدر رسولا — علی ما کان من شنأو وتر
بانی لم ازل لکم صدیقا — ادافع عن فزارة کل امر
اسالم سلمکم و ارد عنکم — فوارس اهل نجران و حجر
و کان ابی ابن عمکم زیاد — صفی ابیکم بدر بن عمرو
فالجأتم اخا الغدرات قیسا — فقد افعمتم ایغار صدری
فحسبی من حذیفة ضم قیس — و کان البدْ من حمل بن بدر
فاما ترجعوا ارجع الیکم — و ان تابووا فقد اوسعت عذری

واتاکەی: ئەی پەیکی نامەبەر، لەگەڵ هەموو رِق و کینەیەك کە لەنێوان ئێمە و منداڵەکانی بەدردا بووە، ئەم پەیامە بەوان بگەیێنە. بڵێ: بەردەوام خۆشەویستی ئێوە بووم و هەر زیانێکم لە فەزارە دوور کردۆتەوە. لەگەڵ ئاشتی خوازی ئێوە بەرێگای ئاشتیدا دەڕۆشتم و سوارانی خەڵکی نەجران و حۆجرم لەئێوە دوور دەکردەوە. باوکی من زیاد، کوڕە مامی ئێوە بوو و ئەو بەهەڵبژێردراوی باوکی ئێوە بەدر کوڕی عەمرۆ هەژمار دەکرا. ئێوە رێزتان لەئەنجامدەری هەموو فێڵەکان قەیس کوڕی زوهەیر گرت و دڵی منتان لێوانلێو لەرِق و تووڕەیی کرد. لەحوزەیفە ئەوە بۆ من بەسە کەقەیسی پەیوەستی خۆی کرد، سەرەتای ئەم کارە لەحەمەل کوڕی بەدر بوو. ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ لای ئێوە دەگەڕێمەوە و ئەگەر خۆتان دوور بخەنەوە ئاگادار بن کەمن ئاگاداری پێویستم داوە و لەپێشەوە زۆر داوای لێبوردنم کردووە و رێگەم بۆ هیچ بیانوێك نەهێشتۆتەوە.

ئەوان لەپەنادان بەقەیس پەشیمان نەبوونەوە و رەفتاری خۆیان نەگۆڕی. رەبیع تووڕە و منالەکانی عەبەس بەهۆی تووڕە بوونی ئەو تووڕەتر. ئەوسا حوزەیفە لەقەیس بێزار و ویستی دەری بکات بەلام بیانوی دەست نەکەوت. قەیس مەبەستی عەمرەی کرد و بەهاوەلانی خۆی وت: مەبەستی عەمرەم لەسەردایە بەلام ئاگادارتان دەکەم نەکا بەهیچ بیانوێك لەگەڵ حوزەیفە دەرگیر ببن چوونکە زیانم لەروخساری ئەودا بینیوە. بەهەر کارێك لەکارەکانی ئەو بەخۆڕراگرییەوە رازی ببن تا دەگەرێمەوە لاتان. ئەو ناتوانێت رقی خۆی لەئێوە بستێنێت و بیانوی دەست کەوێت مەگەر ئەوەی لەسەر کێبڕکێ ئەسپ سواری گرێوی لەگەڵ بکەن. هەرکات قەیس پێشبینی شتێکی دەکرد، تووشی هەڵە نەدەبوو. ئەو رۆشتە مەککە. لەم کاتەدا گەنجێك بەناوی وەرد کوڕی مالیك هاتە لای حوزەیفە و لای ئەو دانیشت. وەرد بەحوزەیفەی وت: چەند باش ئەبێت ئەسپێکی نێر لەئەسپەکانی قەیس هەڵگریت تاببێتە هۆی ئاوس بوونی مایینەکەی تۆ و بنچینەی ئەسپە رەسەنەکانی عەرەب بۆ تۆبن. حوزەیفە وتی: ئەسپەکانی من باشتر لەئەسپەکانی قەیسن. هەردوك لەسەر وتەکەی خۆیان پێداگریان کرد تا ئەوەی لەسەر دوو ئەسپ لەئەسپەکانی قەیس و دوو ئەسپ لەئەسپەکانی حوزەیفە گرێویان کرد. بەهای کێبڕکێ کەیان بە دە (زود) دیاری کرد.

وەرد بەرەو مەککە بەرێکەوت و هاتە لای قەیس و ئاگاداری کردەوە. قەیس وتی: دەبینم ئێمەت لەگەڵ منالەکانی بەدردا توشی گێژاو کرد و خۆت لەگەڵ من کەوتیتە هەڵدێری گێژاوەوە. حوزەیفە پیاوێکی ستەمکارە کەبەحەق بەسەندە ناکات و ئێمە بەبێدادی ئەو رازی نابین. قەیس لەعەمرە گەڕایەوە و خەڵکەکەی کۆکردەوە. ئەوان سوار ئەسپ بوون و رۆشتنە لای حوزەیفە. قەیس داوای لەحوزەیفە کرد گرێوەکە هەڵبووەشێنێتەوە. ئەو رازی نەبوو. دەستەیە لەخەڵکانی عەبەس و فەزارە داوایان لێکرد هەڵیبوەشێنێتەوە، بەلام نەیکرد. حوزەیفە وتی: ئەگەر ئێستا قەیس رازی بێت کەئەسپەکانی من چالاکتر لەئەسپەکانی ئەومن و ئەو گرێوەکەی بەمن دۆڕاندووە، رازی دەبم و گەرنە تا کۆتایی گرێوەکە دەرۆم. باوکی جەعدە فەزاری وتی:

ال بدر دعو الرهان فانا قد مللنا اللجاج عند السباق
و دعوا المرْ فی فزارة جارا ان ما غاب عنكم كالعيان
ليت شعری عن هاشم و حصين و ابن عوف و حارث و سنان
خين ياتيهم لجاجك قيسا رأی صاح اتيت ام نشوان

واتاکەی: ئەوەی بەدرییەکان، واز لەگرێو کردن بێنن کەئێمە لەپێداگرتن و سەرسەختی لەسەر گرێو بێزار بووین و هیلاك. ڕێگە بەم پیاوە بدەن پەنابەری فەزارە بێت. ئەوەی لەچاوی ئێوە شاراوەیە، وەك خۆر ئاشکرایە. خۆزگە دەمزانی کاتێك هاشم و حەسی و کوڕی عەوف و سنان و حارس ئەم داستانە ببیستن و سەختگیری تۆ لەسەر قەیس بزانن، بڵێن باوەڕی پیاوێکی وشیارت دەربڕیوە یا هاوشێوەی مەستەکان قسەت کردووە.

براکان وسەروەرانی خەڵکی حوزەیفە داواین لێکرد گرێوەکە هەڵوەشێنێتەوە و ئەو سەرسەختی کرد. قەیس وتی: لەسەرچی لەگەڵ من گرێو دەکەیت؟ حوزەیفە وتی: لەسەر دوو ئەسپەکەی تۆ داحیس و غەبرا و لەسەر دوو ئەسپەکەی من خەتار و حەنفا. دەستەیەك دەڵێن: گرێو لەسەر دوو ئەسپەکە داحیس و غەبرا بوو. قەیس وتی: داحیس چالاکترە. حوزەیفە وتی: غەبرا چالاکترە. بەقەیسی وت: ئەمەوێت ئاگادارت بکەمەوە کەچاوی من سەبارەت بەئەسپەکان تیژتر و وردبینتر لەچاوی تۆیە. وتاری یەکەم ڕاست ترە. قەیس پێی وت: ماوە و شوێن دیاری بکە و گرێوەکەت ببەسەر. حوزەیفە وتی: ئەوە بێت لە(ئۆبلی) تا (زات ئەلساد) بەغاردان بڕۆین کەبەرابەرە لەگەڵ هاویشتنی سەد و بیست تیر. گرێو ئەوە بێت دۆڕاو سەد وشتر بدات. ئەوان ئەسپەکانیان لاغر و دەستەمۆ کرد. ئەسپەکانیان ڕازاندەوە و زینیان کرد و کاتێك لەم کارە تەواو بوون، ڕۆشتنە شوێنی تایبەت و کۆبوونەوە و جل و بەرگی ئەسپ سواریان لەبەر کرد و مەرجی گرێوەکەیان (سەد وشتر) دایە دەست عیقال کوڕی مەروان کوڕی حەکەمی قەیسی و چەندین کەسیان وەك ئەمین بەتاودانی ئەسپەکان دیاری کرد تا داوەری بکەن.

حوزەیفە پیاوێکی لەمناڵەکانی ئەسەد لەسەر ڕێگا دانیشاند و فەرمانی پێدا

ئەگەر داحیس پێشی کەوت لەزات ئەساد بیگرێت و بۆ کۆتایی دۆڵەکەی هەڵبدات.

کاتێك ئەسپەکان بەرێکەوتن و غاردانیان دەست پێکرد، داحیس بەشێوەیەکی ئاشکرا پێش کەوت و خەڵك سەیریان دەکرد و قەیس و حوزەیفە لەگەڵ خەڵکانی خۆیان لەشوێنەکەدا وەستابوون. کاتێك داحیس بەرەو خواروی دۆڵەکە ڕۆشت، پیاوی ئەسەددی قامچی لەسەری ئەسپەکەدا و خستیە ناو ئاو. نزیك بوو ئەو و سوارکار هەردووك لەناو ئاودا بخنکێن. کاتێك هاتنەدەر، ئەسپەکان پێشیان کەوتبوون ودوور کەوتبوونەوە. سوارکاری غەبرا کاتێك درەنگ کردنی داحیسی بینی، ڕێگەی گۆڕی و لەڕێگەی داحیسەوە نەڕۆشت، ڕێگەی خوار کرد و دواتر هاتە سەر ڕێگا و هاوشانی ئەسپەکانی حوزەیفە غاریدا.

لەم کاتەدا حەفنا دواکەوت و غەبرا و خەتار بەجێمان و بەردەوام بوون لەڕۆشتن. کاتێك ئەم دوو ئەسپە گەشتنە زەمینێکی ناڕێك، خەتار پێش دەکەوت و کاتێك دەگەشتنە زەوینێکی ڕێك و تەخت، غەبرا پێش دەکەوت. کاتێك نزیك بوونەوە و لێرەدا گەشتنە زەوینێکی ناڕێك، حوزەیفە وتی: ئەی قەیس، ئەسپەکەی من لەئەسپەکەی تۆ پێش کەوت. قەیس وتی: کەمێك ئارام بە، پیاوی بەشانس براوە بێت. ئەم وتەیە بوو بەپەند. کاتێك گەشتنە زەوینێکی ڕێك (و غەبرا پێش کەوت)، حوزەیفە وتی: سوێند بەخوا ئەم پیاوە فێڵی لێکردین. قەیس وتی: ئەو کەسەی سەد و بیست مەودای تیر غاربدات، فێڵ ناکات. ئەم وتەیە بوو بەپەند. ئەوسا غەبرا پێشتر لەهەمووان گەشت و بەدوای ئەو خەتار و دواتر حەفنا کەئەسپەکانی حوزەیفە بوون، دەرکەوتن. دواتر داحیس بەئارامی هات. سوارکارەکەی جڵەوەکەی گرتبوو.. کوڕی سوارکار (یا کۆیلەی سوارکار) بەقەیسی وت کەچییان لەئەسپەکەی کرد. حوزەیفە وتی: درۆیە. ئەو بێدادگەرانە خوازیاری وەرگرتنی (سەد وشترەکە)بوو و وتی گرێوەکەی بردۆتەوە. حوزەیفە وتی: دوو ئەسپەکەی من بەردەوام دەهاتن. قەیس و هاورێکانی دەڕۆشتنە شوێنێك کەداویان بۆ داحیس دانابوو. ئەو کەسانەیان بینی داحسیان گرتبوو. بابەتەکە ئاڵۆز بوو.

هەواڵی ئەم ئاڵۆزییە بەرەبیع کوڕی زیاد گەشت و شادمانی خۆی دەربڕی. بەهاورێکانی خۆی وت: سوێند بەخوا قەیس کەوتە لێواری هەڵدێری لەناوچوون.

ئەزانم ئەگەرحوزەیفە ئەو نەکوژێت، دێتە لای ئێوە و پەناتان بۆ دەبات. سوێند بەخوا ئەگەر ئەم کارە بکات ناچار دەبێت وەریبگرن.

دواتر ئەو پیاوە ئەسەدییە لەگرتنی داحیس پەشیمان بوویەوە و ڕۆشتە لای قەیس و بێزاری خۆی لەگوناحەکەی دەربڕی. حوزەیفە جنێوی پێدا.

دوای ئەمە منداڵەکانی بەدر لەڕێزگرتنی قەیس و براکانی کەمتەرخەمیان کرد و بەردەوام تانەیان لێدەدان. قەیس ئەوانی سەرکۆنە کرد و ئەوان ستەم و ئازاریان زیاد دەکرد.

لەم ناوەدا قەیس و حوزەیفە سەبارەت بەگرێو و هۆکاری گرێو (سەد وشتر) ڕێککەوتن بەشێوەیەك کەویستیان بەزۆر بەهای گرێوەکە وەربگرن. خەڵك ڕێگەیان لێگرتن و زۆرداری و ستەمکاری حوزەیفە بۆ ئەوان ئاشکرا بوو. حوزەیفە لەوەرگرتنی سەد وشترەکە پێداگری دەکرد و کوڕەکەی نەدبەی ناردە لای قەیس و خوازیاری وشترەکان بوو. قەیس بەشمشێر لێیدا و کوشتی و ئەسپەکەی بەتەنیا بۆ لای باوکی گەڕایەوە. قەیس هاواری کرد: ئەی منداڵەکانی عەبەس، تێبکۆشن و هەرچی زووتر کۆچ بکەن. هەموویان سوار بوون. کاتێك ئەسپەکە گەشتە لای حوزەیفە زانی کوڕەکەی کوژراوە. لەناو خەڵکەکەی جاریدا و هاوەڵەکانی سوار بوون و بەرەو ماڵەکانی منداڵەکانی عەبەس بەڕێکەوتن بەڵام بەچۆڵیان بینی. حوزەیفە کوڕەکەی بەکوژراو بینی و نێوان دووچاوی ماچ کرد. خەڵك ئەویان بەخاك سپارد.

مالیك کوڕی زوهەیر هاوسەرێکی لەمنداڵەکانی فەزارە بوو ولەناو ئەواندا دەژیا. قەیس پەیامی بۆنارد: من نەدبە کوڕی حوزەیفەم کوشت و کۆچم کرد. خۆت بەمن بگەیێنە وەگەرنە دەکوژرێیت. وتی: قەیس ستەمی لەو کردووە، گوناحی من نییە. ئەو کۆچی نەکرد. قەیس کەسێکی بۆ لای ڕەبیع کوڕی زیاد نارد و داوای کرد بڕواتە لای و لای ئەو بمێنێتەوە چوونکە هەردووکیان لەخزمان و کەسەکانی یەك بوون. ڕەبیع ڕازی نەبوو و نەبووە پشتیوانی. ئەو لەمبارەوە بیرمەند بوو.

دواتر منداڵەکانی بەدر مالیك کوڕی زوهەیر برای قەیسیان کوشت کە لەناو ئەواندا مابوویەوە. هەواڵی کوژرانی ئەو بەمنداڵەکانی عەبەس و ڕەبیع کوڕی زیاد گەشت و ئەم کارەیان پێ ناخۆش بوو. ڕەبیع کەسێکی بەنهێنی بۆ لای قەیس نارد تا

ئاگاداری کاروبارەکانی بێت و هەواڵی بۆ بێنێت. ئەو کەسە هات و قەیسی بینی شێعر دەهۆنێتەوە و دەگریت:

اینجو بنو بدر بمقتل مالك	و یخذ لنافی النائبات ربیع
و کان زیاد قبله یتقی به	من الدهر ان یوم الم فظیع
فقل لربیع یحتذی فعل شیخه	و ما الناس الا حافظ و مضیع
و الا فمالی فی البلاد اقامة	و امر بنی بدر علی جمیع

واتاکەی: ئایا مناڵەکانی بەدر مالیك دەکوژن و رزگاریان دەبێت؟ ئایا رەبیع ئێمە لەبەردەم ئەم پێشهاتە گیان برانە بەتەنیا جێ دێڵێت؟ پێش ئەو باوکی بەشێوەیەك بوو خەڵك پەنایان بۆ دەبرد و ئارامیان دەگرت و ئەگەرکێشەیەکی دژوار دەهاتە پێش، لەزیانی رۆژگار لەئەماندا دەبوون. بەرەبیع بڵێ رێچکەی پیرەکەی خۆی بگرێتە بەر چوونکە خەڵك دوو دەستە زیاتر نین: یا پەنادەری لێ قەوماوان یا لەناوبەری ئەوان. وەگەرنە من لەناو سەرزەمینەکان رێگەیەکم نییە چوونکە بەدرییەکان بۆ رشتنی خوێنی من هاوبەڵێنن.

کەسەکە بۆ لای رەبیع گەڕایەوە و ئاگاداری کردەوە. رەبیع بۆ مالیك گریا و وتی:

منع الرقاد فما اغمض ساعة	جزعا من الخبر العظیم الساری
افبعد مقتل مالك بن زهیر	یرجو النسأ عواقب الاطهار
من کان مسرورا بمقتل مالك	فلیات نسوتنا بووجه نهار
یجد النسأ حواسرا یندبنه	و یقمن قبل تبلج الاسحار
یضربن حر وجوهن علی فتی	ضخم الدسیعة غیر ما خوار
قد کن یکن الوجوه تسترا	فالیوم حین برزن للنظار

واتاکەی: خەو لەچاوی من کۆچی کرد و لەبیستنی ئەو هەواڵە سەخت و گران و باو لەناو خەڵکە، ناتوانم بۆ ساتێکیش چاوەکانم لێك نێم. ئایا ژنان دوای کوژرانی

مالیك كوڕی زوهەیر هیوای ژیانێكی پاك و ئارامیان هەیە؟ هەر كەس لەكوژرانی زوهەیر شاد بێت، دەبێت لەكاتی روناكی رۆژ بێتە لای ژنەكانی ئێمە. ژنان ببینێت كەسەر و روخساریان روت كردووە و بۆی دەگرین و پێش هەلآتنی خۆر هەڵدەستن چوونكە خەویان پەرێشان پچرپچڕە. بۆ گەنجێك شەقەزللە لەروخسار دەدەن كە لەكاتی میوانداری، قازانە گەورەكانی لەسەر زەوی دادەنا و دەنگی خۆی بەرز نەدەكردەوە. ژنانی ئێمە لەرێگەی داپۆشینەوە روخساری خۆیان دەشاردەوە بەلآم ئێستا بۆ بینەران ئاشكرا بوون.

ئەمە قەسیدەیەكی دوور و درێژە.

قەیس ئەم قەسیدەی بیست. لەگەڵ كەسەكانی سوار بوون و هاتنە لای زیاد كوڕی رەبیع و ئەویان بینی كەل و پەلی شەڕی خۆی دروست دەكات. قەیس هات و رەبیع هەستا. ئەو دووانە یەكیان لەئامێز گرت و گریان و بۆ كوژرانی مالیك شینیان كرد. خەڵك یەكیان بینی و دابەزین. دواتر قەیس بەرەبیعی وت: ئەوەی بۆ تۆ پەنا بێنێت ناتوانێت لەتۆ رابكات و ئەوەی داوای هاوكاری لەتۆ بكات بێ وەلآم نابێت. خراپترین رۆژم لەگەڵ تۆدا بوو، بەلآم تۆ باشترین رۆژت لەگەڵ من دەبێت. چاوی هیوام لەخەڵكەكەی خۆمە و تۆ چاوی هیوات لەخەڵكەكەی خۆت. ئەوان مالكیان كوشتووە. مەبەستی ئەنجامدانی كارێكی هەڵەم نییە چوونكە ئەگەر بڕۆمە شەڕی مناڵەكانی بەدر، مناڵەكانی زەبیان یارمەتیان دەدەن و ئەگەر ئەوان بێنە شەڕی من، مناڵەكانی عەبەس دەست لەهاوكاری كردنی من هەڵدەگرن مەگەر ئەوەی تۆ ئەوان لەدەوری من كۆبكەیتەوە. من و ئەوان لەخوێنرێژی بەرابەرین. من كوڕەكەیانم كوشت و ئەوان براكەم. ئەگەر هاوكاریم بكەیت چاوی تەماح دەبڕمە ئەوان و ئەگەر هاوكاریم نەكەیت ئەوان چاوی تەماح دەبڕنە من. رەبیع وتی: ئەی قەیس، هەنوكە لەبەرژوەندی مندا نییە بۆ تۆ ئەو گەورەییەم بووێت كەبۆ خۆم نامەوێت و لەبەرژەوەندی تۆدانییە بۆ من ئەوەت بووێت كە بۆتۆ نامەوێت. كوژرانی مالیك لای من گران و قورساییەكەی كەوتۆتە سەرشانی من و تۆ ستەمكار و ستەم لێكراویت. بۆ ئەسپەكانت ستەمیان لەتۆ كرد و تۆ بەخوێن ڕشتن ستەمت لەوان كرد. ئەوان

براکەی تۆیان لەبەرابەر کوڕەکەیان کوشتەوە. ئەگەر خوێن، خوێن بێنێت و ئاگری شەڕ کلپە بسێنێت، لەگەڵ تۆ دەبم. من خوازیاری دوو کارم: لەگەڵ منداڵەکانی بەدر ئاشتی بکەیت و شەڕ لەگەڵ هوازین بکەین. قەیس پەیکی بۆ لای کەسان و براکانی خۆی نارد کە هاتن و لای ڕەبیع مانەوە. عەنتەرە کوڕی شەداد ئەم شێعرەی لەپرسەی مالیکدا هۆنییەوە:

فلله عينا من رای مثل مالك — عقيرة قوم ان جری فرسان

فليتهمالم يطعما الدهر بعدها — و ليتهما لم يجمعا لرهان

و ليتهما ماتا جميعا ببلدة — و اخطاهما قيس فلا يريان

لقد جلبا جلبا لمصرع مالك — و كان كريما ماجدها لهجان

و كان اذا ما كان يوم كريهة — فقد علموا انی و هو فتيان

و كنا لدی الهيجأ نحمی نسائنا — و نضرب عند الكرب كل بنان

فسوف تری ان كنت بعدك باقيا — و امكننی دهری و طول زمانی

فاقسم حقا لو بقيت لنطرة — لقرت بها عيناك حين ترابی

واتاکەی: خۆزگە بەو چاوەی جوامێرێکی هاوتای مالیکی ببینیبێت. کوژراوی خەڵکێکە لەسەر غاردانی دوو ئەسپ گرێویان کرد. خۆزگە ئەو دوو ئەسپە لەدوای ئەوە هیچ خواردنێکیان لەجیهان نەدەخوارد و خۆزگە بۆ گرێو بەستن کۆنەدەبوونەوە. خۆزگە هەردووك لەسەرزەمینێك مردبوون و قەیس ئەو دووانەی لەدەست ئەدا و ئەو دوانە هەرگیز نەدەبینران. بەکوژرانی مالیك دەردێکی گەورەیان بەدیهێنا و زیانێکی گەورەیان بەجێهێشت. کەسێکی گەورە و بەشکۆ و بەخشەر بوو، ئەویان کوشت. کاتێك لەشەڕ، ڕۆژێکی سەخت دەهاتە پێش، هەمووان دەیانزانی من و ئەو دوو جوامێری لێهاتووین. لەکاتی شەڕ پاسەوانی ژنەکانی خۆمانمان دەکرد و لەکاتی دژواری هەموو پەنجەکانی دوژمنمان دەبڕیەوە. بەزوویی دەبینیت ئەگەر لەدوای تۆ پایەدار بم و ڕۆژگار ودرێژی زەمان دەرفەت بەمن بدات، بەراستی سوێند دەخۆم کەئەگەر یەك چاو تروکاندن زیندوو بم، لەهەمان زەمانە کورتەدا ئەو کارە دەکەم کەچاوەکانی تۆ ڕوون ببنەوە.

حوزەیفە گەشت لەهاوپەیمانی رەبیع و قەیس ئاگادار بوویەوە. ئەم کارە لای ئەو گران و خۆی بۆ کارێکی دژوار ئامادە کرد. دەستەیەك دەڵێن سەرزەمینی عەبەس گیرۆدەی وشکەساڵی بوو و خەڵکەکەی بۆ ئاو و گیا ڕۆشتنە سەرزمینی فەزارە. رەبیع هاوسێیەتی حوزەیفەی هەڵبژارد و لای ئەو مایەوە. کاتێك هەواڵی کوژرانی مالیك بەرەبیع گەشت، بەحوزەیفەی وت: بۆ کارێك، سێ رۆژ دێمە لای تۆ و دواتر دەڕۆم. حوزەیفە رازی بوو. رەبیع کوڕی زیاد ڕۆشتە لای منداڵەکانی فەزارە. ئەم هەواڵە گەشتە گوێی حەمل کوڕی بەدر برای حوزەیفە. بەبراکەی وت: بۆچوونێکی خراپ بوو پێی رازی بوویت و کارێکی خراپ بوو ئەنجامت دا. مالیکت کوشت و رەبیعت رەها کرد. سوێند بەخوا بێ گومان جیهان لەتۆ تەنگ دەکات و ئاگرێکی گەورە پێ دەکات و تۆ لەناویدا دەسوتێنێت. هەردووك بەدوایدا ڕۆشتن بەلاّم نەیاندۆزیەوە. دڵنیابوون لەوەی مەبەستی کارێکی زیانباری لەسەردا پەروەردە کردووە.

رەبیع و قەیس هاوپەیمان بوون و حوزەیفە لەگەڵ خەڵکەکەی بۆ شەڕ لەگەڵ عەبەسییەکان پەیمانیان بەست. رەبیع و قەیس، خەڵکەکەی خۆیان کۆکردەوە و ئامادەی شەڕ بوون. منداڵەکانی فەزارە هێرشیان کردە سەر منداڵەکانی عەبەس و تالاّنی و کوشتاریان کرد و دیلیان گرت. عەبەسییەکان پەرێشان بوون و بۆ هێرش کردن کۆبوونەوە. منداڵەکانی فەزارە لەم کارە ئاگادار بوونەوە. روبەرویان بوونەوە و لەشوێنێك بەناوی (عەزەق) چاویان بەیەك کەوت وئەمە یەکەم چاوپێکەوتن و یەکەم شەڕیان بوو. شەڕێکی سەختیان کرد. عەوف کوڕی یەزید لەسەر دەستی جوندەبی کوڕی خەلەف عەبەسی کوژرا. منداڵەکانی فەزارە شکستیان خوارد و بەسەختی کوشتار کران. رەبیع کوڕی زیاد، حوزەیفە کوڕی بەدری بەدلیلی گرت. حوڕ کوڕی حارسی عەبەسی سوێندی خواردبوو ئەگەر حوزەیفەی بەردەست کەوێت بەشمشێر بیکوژێت. ئەو شمشێرێکی تیژی بەناوی (ئەسرەم) بوو. ویستی حوزەیفە بەو شمشێرە بکوژێت چوونکە دەیویست سوێندەکەی بەجێبێنێت. رەبیع کەسێکی بۆلای ژنەکەی نارد تا شمشێرەکەی دابشارێت. ئەویان لەکوشتنی حوزەیفە ترساند و رێگەیان لێگرت و وتیان دواهاتێکی خراپی بەدواوە دەبێت. پێداگری کرد حوزەیفە بەشمشێر بکوژێت. پیاوانێکیان بۆ پاسەوانی کردنی ئەودانا بەلاّم ئەو بەشمشێر

لەحوزەیفەی دا. شمشێرەکە کاریگەری دانەنا و حوزیفە بەئەسیری مایەوە .

خەڵکی غەامفان کۆبوونەوە و بۆ سەقامگیر کردنی ئاشتی هەوڵیاندا. لەسەر ئەم بنەمایە ئاشتیان کرد کەخوێنی بەدر کوڕی حوزەیفە بەخوێنی مالیك کوڕی زوهەیر بەرابەر و هاوتا بکەن و بۆ عەوف کوڕی بەدر خوێنبایی بدەن و لەبەرابەر ئەو زەربەی حارسی عەبەسی لەحوزەیفەی دا، دوو سەد وشتری بەحوزەیفە بدەن بەو مەرجەی وشترەکان هەموویان مێچکەی سکپڕ بن و چواردە کۆیلەیان خستەسەر. حوزەیفە خوێنی کوژراوەکانی منالەکانی فەزارەی بەخشی و لەئەسیری رزگاری بوو.

کاتێك حوزەیفە هاتە لای خەڵکەکەی خۆی، لەکردەکەی خۆی پەشیمان بوویەوە و وقسەی ناشیرینی سەبارەت بەمنالەکانی عەبەس هێنایە سەرزمان. زوهەیر کوڕی قەیس و منالەکانی عەمارە کوڕی زیاد سوار بوون و ڕۆشتنە لای حوزەیفە و گفتوگۆیان لەگەڵ کرد. وەلامی ئەوانی دایەوە و بە قسەکانیان رازی بوو، رازی بەوەی وشترەکانیان بداتەوە. وشترەکان لای ئەو زابوون. لەم گفتوگۆیەدا بوون کەسەنان کوڕی ئەبی حارسە موڕی گەشت و ڕێگە چارەی حوزەیفەی بۆ ئاشتی بەقێزەون لە قەڵەم دا و وتی: ئەگەر ناچاری بەدانی وشترەکان، وشتری لاغر لەجیاتی وشترە قەڵەوەکان بەوان بدە و بێچوە وشترەکان لای خۆت بهێڵەرەوە. ئەم وتەیە لەگەڵ مەبەستی ناخی حوزەیفەدا یەکی گرتەوە بەلام قەیس و عەمارە رازی نەبوون.

دەستەیەك دەڵێن: ئەو وشترانەی لەویان وەرگرت، وشترانێك بوون پێشتر لەقەیسی وەرگرتبوو. هەروەها دەڵێن: مالیك کوڕی زوهەیر پێش روداوەکەی پێش کوژرابوو. حومەید کوڕی بەدر لەمبارەوە وتی:

قتلنا بعوف مالکا و هو ثارنا   و من یبتدع شیئا سوی الحق یطلم

واتاکەی: ئێمە لەبەرابەر مالیك سەرقاڵی کوشتنی عەوف بووین کەخوێنبایی ئێمە بوو و هەر کەس جگە لەراستی و دروستی کارێك دەست پێ بکات، ستەم دەبینێت و گەمەکە دەدۆڕێنێت.

سەنان بەئامادە بوونی هاوەڵانیان سەبارەت بەشەڕ لەگەڵ حوزەیفە قسەی کرد. ئەوسا ئەنسار لەمەبەستی ئەوان ئاگادار بوونەوە. دواتر دەستەیەك لەگەورەكانیان پەیمانیان بەست. ئەوم كەسانە لەناویاناندا دەبینران:

عەمرۆ كوڕی ئیتنابە، مالیك كوڕی عەجلان، نۆحەیحە كوڕی جولاح، قەیس كوڕی خەتیم و... ئەوان بەرێكەوتن تا بۆ ئاشتی هەوڵ بدەن. گەشتنە لای خەڵكەكەی حوزەیفە و سەبارەت بەسازان گفتوگۆ و هاتوچۆیان كرد بەڵام حوزەیفە رازی نەبوو و ستەمكاری خۆی نیشاندا. ئەوان لەدواهاتی خراپەكارییەكانی ئاگاداریان كردەوە و گەڕانەوە.

حوزەیفە هێرشی كردە سەر منداڵەكانی عەبەس و منداڵەكانی عەبەس بۆ سەر فەزارە. زیانەكان روی لەزیاد بوون كرد. حوزەیفە براكەی حەملی نارد و هێرشی كرد و ریان كوڕی ئەسلەع كوڕی سوفیانی ئەسیر كرد و بەتوندی بەستییەوە و هێنایە لای حوزەیفە. حوزەیفە ئازادی كرد تا دوو كوڕەكەی خۆی هاورێ لەگەڵ كوڕی براكەی عەمرۆ كوڕی ئەسلەع وەك بارمتە دابنێت. ریان ئەو كارەی كرد. دواتر قەیس بەرێكەوت و روبەروی دەستەیەك لەوان بوویەوە كەمالیك كوڕی بەدر لەناو ئەواندا دەبینران. ئەوی كوشت و منداڵەكانی فەزارە شكستیان خوارد. لەم كاتەدا حوزەیفە رویكردە دوو كوڕەكەی ریان و ئەوانی كوشت. ئەوان تا كاتی گیاندان هاواریان دەكرد: (ئای باوە گیان). ویستی كوڕی براكەیشی بكوژێت بەڵام خاڵەكانی نەیانهێشت.

كاتێك مالیك و ئەو دوو كوڕە كوژران، شەڕی نێوان ئەم دوو دەستە پەرەی سەند و كوژراوەكان زیاتر لەفەزارەیان و هاوەڵەكانیان بوون. چەند رۆژ شەڕ و كوشتاریان كرد و بەسەختی هەوڵیاندا و شەڕ تا دوایین رۆژ درێژەی كێشا. ریان كوڕی ئەسلەع، زەید كوڕی حوزەیفە بینی. هێرشی كردە سەری و خوێنی رشت. زوبیان و فەزارە شكستیان خوارد. حارس كوڕی بەدریان گرت و كوشتیان. كاتێك زیاد و حارس كوژران، حوزەیفە هەموو منداڵەكانی زوبیانی كۆكردەوە و كەسێكی بۆ لای ئەشجەع و ئەسەد كوڕی خەزیمە نارد و ئەوانی كۆكردەوە. ئەم هەواڵە گەشتە منداڵەكانی عەبەس و ئەوانیش كەسەكانی خۆیان كۆكردەوە. قەیس كوڕی زوهەیر وتی: پێش

لەوان دەبێت خۆیان بەناوی عەقیقە (عەفیفە) بگەیێنن. ئەم کارمیان کرد. حوزەیفە لەگەڵ دارودەستەکەی خۆی بەرەو لای عەبەسیەکان غاریدا. ناوبژیوانان لەم ناوەدا هاتوچۆیان دەکرد. حوزەیفە سوێندی خوارد تا لەناوی عەقیقە نەخواتەوە، ئاشتی ناکات. قەیس مەشکەیەکی لەو ئاوە پڕ کرد وبۆی نارد و وتی: رێگە نادەم حوزەیفە فێڵم لێبکات. لەسەر ئەم بنەمایە ئاشتیان کرد کەمناڵەکانی عەبەس بەهای خوێنی کوژراوەکانی حوزەیفە بدان. بارمتەیان لای ئەو دانا تا خوێنباییەکان کۆبکەنەوە. ژمارەیان بە دە، دەگەشت. یەکێك لەبارمتەکان کوڕێك لەکوڕەکانی زوهەیر بوو و ئەویتریان کوڕی رەبیع کوڕی زیاد. یەك لەم دوانەیان بەقوتبە کوڕی سەنان سپاردبوو و ئەویتریان بەپیاوێکی کوێر لەبەکر کوڕی وایل. دەستەیەك لەخەڵك سەرکۆنەی حوزەیفەیان کرد کە بۆ خوێنبایی وەرگرتووە. ئەو و براکەی حەمل ڕۆشتنە لای قوتبە کوڕی سەنان و ئەو کوێرە بەکرییە و وتیان: دوو کوڕەکە بەئێمە بسپێرن تا پۆشتەیان بکەینەوە و بیاننێرینەوە. قوتبە کوڕەکەی پێ سپاردن بەڵام کوێرە بەکرییەکەی رادەست نەکردنەوە. ئەوەی لای قوتبە بوو، کوڕی قەیس بوو. کاتێك کوڕەکەی قەیسیان وەرگرت، گەڕانەوە و لەرێگادا یەکێك لەکوڕەکانی عومارە کوڕی زیادی عەبەسیان لەگەڵ کوڕە مامەکەی بینی. ئەو دوانەیان گرت و هاورێ لەگەڵ قەیس هەر سێکیان کوشت.

کاتێك ئەم هەواڵە بەمناڵەکانی عەبەس گەشت، ئەو خوێنباییانەی وەریانگرتبوو (زیاتر وشتر بوو)، کۆکردەوە و خەڵکانیان سوار کرد و کەرەستەی شەڕیان کڕی. دواتر قەیس لەگەڵ دەستەیەك هاتەدەر. ئەوان یەکێك لەکوڕەکانی حوزەیفەیان لەگەڵ چەندین سوار لەمناڵەکانی زوبیان بینی و ئەوانیان کوشتار کرد. حوزەیفە کەسەکانی خۆی کۆکردەوە و هێرشی کردە سەر عەبەسیەکان. ئەوان لەسەر ئاوێك بەناوی عەراعەر بوون. لەوێ شەڕیان کرد و سەرکەوتن بەفەزاریەکان بڕا و تەندروست بۆ ماڵەوە گەڕانەوە. حوزەیفە لەشەڕ پێداگری دەکرد و براکەی نەیاری شەڕ و لەوەی رویدابوو، پەشیمانی خۆی دەربڕی. پێشنیاری ئاشتی بەبراکەی دا، بەڵام حوزەیفە رازی نەبوو. ئەو چەندین دەستەی لەئەسەد و زوبیان و تیرەکانی دیکەی غەتەفان کۆکردەوە و روی کردە مناڵەکانی عەبەس. مناڵەکانی عەبەس

کۆبوونەوە و راوێژیان کرد. قەیس کوڕی زوهەیر بەوانی وت: ئێستا لەشکرێك هێرش دەکاتە سەر ئێوە کەتواناى خۆراگری لەبەردەم ئەوانتان نییە. منالەکانی بەدر جگە لەخوێنی ئێوەیان ناوێت و خوازیاری زیادەڕۆیی لەسەر ئێوەن. کەسانیتر جگە لەتالآنی خوازیاری هیچیتر نین. باوەڕی من وایە سامانەکانمان لەشوێنی خۆمان بەجێبێڵین و لێرە دوو سوار دابنێین کەیەکیان سوار لەسەر داحیس بێت و ئەویتر سوار لەسەر ئەسپێکی چالاك. ئێمە دەڕۆین و لەدوورییەکی نزیك لەسامانەکان بۆسە دەنێینەوە. کاتێك ئەم خەڵکە هاتنە لای سامانەکانی ئێوە، دوو سوارەکە بەغاردان بێنە لای ئێمە و ئێمە لەهاتنی ئەوان ئاگادار بکەنەوە. خەڵك بەتالآن کردنی هەرچی زیاتری سامانەکان سەرقاڵ دەبن و ئەگەر بیرمەندەکانی ئەوان رێگەی ئەم کارەیان لێبگرن، خەڵکانی دیکە رازی نابن و نافەرمانی دەکەن. ئامادەیی ئەوان لێك دەپچڕێت و هەر کەس سەرقاڵی پاسەوانی کردن لەسامانە تالآنییەکانی خۆی دەبێت. ئەوان کەرەستەکانی شەڕی خۆیان دەخەنە پشت وشترەکان و لەئەماندا دەبن. کاتێك دوو سوارەکە ئێمەیان ئاگادار کردەوە، دەگەڕێینەوە و لەو حاڵەدا گەمارۆ دەدەین. لەم کاتەدا هەر کەس لەبیری رزگاری خۆیدا دەبێت و کەس یارمەتی ئەوی دیکە نادات.

ئەو کارەیان کرد و حوزەیفە و کەسەکانی گەشتن و سەرقاڵی تالآن کردن بوون. حوزەیفە و کەسانیتر رێگەی ئەم کارەیان لێگرتن بەلآم خەڵك گوێیان لێ نەگرتن. کارەکە بەوشێوە قەیس پێشبینی کردبوو، دەڕۆشتە پێش. منالەکانی عەبەس گەڕانەوە و بینیان منالەکانی ئەسەد و کەسانیتر بلآوبوونەوە و منالەکانی فەزارە لەدرێژایی خەڵکان بەجێ ماون. لەهەر لایێکەوە هێرشیان کردە سەریان. لەم کاتەدا مالیك کوڕی سەبیعی تەغلەبی گەورەی غەتەفان کوژرا و منالەکانی فەزارە هاوڕێ لەگەڵ حوزەیفە (کە هاوڕێ لەگەڵ چەند کەسێك بوو) شکستیان خوارد. حوزەیفە لەگەڵ پێنج کەس بەتەنیا مایەوە و هەلآت. هەواڵی هەلآتنی ئەو بەمنالەکانی عەبەس گەشت. لەم کاتەدا، قەیس کوڕی زوهەیر و رەبیع کوڕی زیاد و قێراوش کوڕی عەمرۆ کوڕی ئەسلەع و ریان کوڕی ئەسلەع (کە حوزەیفە دو کوڕی کوشتبوو) بەدوایدا ڕۆشتن و شەوانە شوێنی کەوتن. قەیس وتی: دڵنیام ئەم خەڵکە

لەسەر ئەستێری جەفرۆ ئەلهبائە دادەبەزن بۆ ئەوەی وچان بگرن. قەیس و هاوەڵانی سەراسەری شەو بەغاردان ڕۆشتن تا لەکاتی هەڵاتنی هەتاو، ئەوانیان لەسەر ئەستێری جەفرۆ ئەلهبائە گرت. ئەوان ئەسپەکانی خۆیان بەرەڵا کردبوو، بەرەو لایان ڕۆشتن بەڵام قەیس و هاورێکانی رێگەیان لێگرتن. براکەی حوزەیفە، حەمل کوڕی بەدر و کوڕەکەی حیسەین کوڕی حوزەیفە و کەسانیتر لەگەڵیدا بوون. قەیس و رەبیع و هاورێکانیان هێرشیان کردە سەریان و هاواریان دەکرد: گەشتین! گەشتین! مەبەستیان ئەوە بوو ئێستا وەڵامی ئەو منالانە دەدەنەوە کە لەکاتی کوژران هاواری (ئاخ باوەگیانیان) سەردابوو. قەیس بەوانی وت: ئەی منالەکانی بەکر، دواهاتی ستەمکاریتان چۆن بینی؟ ئەوان، ئەوانیان بەخواوەند و خزمایەتی سوێند دا کەدەست لەکوشتار هەلگرن بەڵام قەیس و هاورێکانی رازی نەبوون؟ قێراوش کوڕی عەمرۆ سوڕا و خۆی گەیاندە پشت حوزەیفە و زەربەتێکی لێدا و کەمەری شکاند. حوزەیفە خۆی قێراوشی پەروەردە کردبوو و تا تەمەنی گەورەیی لەماڵی ئەودا دەژیا. حەملی برای حوزەیفەیشیان کوشت و سەری هەردووکیان بڕی و حیسەین کوڕی حوزەیفەیان بەرەڵا کرد چوونکە منالْ بوو. لەم شەڕەدا لەفەزارە، ئەسەد و غەتەفان زیاتر لەچوارسەد کەس کوژران. فەزارە ئەم شەڕەی بەشەڕی (بەوار) ناوبرد. قەیس کوڕی زوهەیر وتی:

اقام على الهباءة خير ميت و اكرمه حذيفة لا يريم
لقد فجعت به قيس جميعا موالى القوم و القوم الصميم
و عم به لمقتله بعيد و خص به لمقتله حميم

ئەمە قەسیدەیە درێژ، هەروەها دەڵێت:

الم تر ان خير الناس طرا على جفر الهباءة لا يريم
فلو لا ظلمه ما زلت ابكى عليه الدهر ما طلع النجوم
و لكن الفتى حمل بن بدر بغى وا لبغى مرتعه وخيم

واتاکەی: لەئەستێری هبائە باشترین مردووەکان لەخاکدا خەوتوون، بەرێزترینی ئەوان حوزەیفەیە کە لەشوێنی خۆی ناجوڵێت. لەمردنی ئەو هەموو قەیسیەکان خەمبارن، چ کۆیلەکان و چ ئازاد ئەندێشەکان. دوردەستەکانیش گرفتاری خەمی کوشتنی ئەو بوون وخزمانی نزیك بەتایبەتی خەمبار بوون. ئایا نەتبینی باشترینی خەڵك لەئەستێری جەفرۆ ئەلهبائەیە و لەشوێنی خۆی ناجوڵێت؟ ئەگەر ستەمکاری ئەو نەدبوو، رۆژگارەکان، تا ئەو کاتەی ئەستێرەیەك لەئاسمان بەربێت، بۆ ئەو دەگریام. بەلاَم ئەم لاوە، حەمل کوڕی بەدر، ستەمی کرد و ستەمە لەوەرگای نەخۆشی زابێت.

ئەوسا عەبەسیەکان لەکردەی خۆیان لەشەڕی جەفرۆ ئەلهبائە پەشیمان بوونەوە و یەکتریان سەرکۆنە کرد. مناڵەکانی فەزارە لای سەنان کوڕی ئەبی حارسە کۆبوونەوە و لەوەی بەسەریان هاتبوو، گازندەیان کرد و گریان. ئەو، ئەم خەمەی بەگەورە زانی و عەبەسیەکانی سەرکۆنە کرد و سوێندی خوارد کە بێ گومان عەرەبەکان لەدەوری خۆی کۆدەکاتەوە و تۆڵەی مناڵەکانی بەدر و فەزارە دەگرێت.ئەو نێردراوەکانی خۆی بەرێکرد. لەعەرەبەکان خەڵکانێکی زۆر کۆبوونەوە. ئەو بەهاوەلاَنی خۆی وت دەست لەسامانەکان نەدەن و تالاَنی نەکەن و خۆڕاگر بن. ئەوان بەرەو عەبەسییەکان بەرێکەوتن. عەبەسیەکان لەهاتنی ئەوان ئاگادار بوونەوە و قەیس بەخەڵکەکەی خۆی وت: بۆچونی پەسەند ئەوەیە شەڕیان لەگەڵ نەکەین چوونکە ئەوانمان خەمبار کردووە. هەنوکە ئەوان خوازیاری خوێن و تۆڵەی کۆنن. دوێنێ بینیان بەهۆی تالاَنییەوە چییان بەسەر هات. ئەمجارە ئەو کارە ناکەن، ئەوەی دەبێت هەنوکە بیکەین، ئەوەیە ژنان و مناڵاَن و سامانەکان بەرەو مناڵەکانی عامیر بنێرین کەخوێن پێش لەوان (ژنان و مناڵاَن) لەگەردنی ئێمەدایە و ئەوان هێرش ناکەنە سەریان. لێرە تەنیا پیاوانی بەهێز و سوارچالاك لەسەر ئەسپەکان بمێننەوە و ئێمە شەڕ لەزیانی ئەوان درێژ دەکەینەوە و ئەوان هیلاك دەکەین و مەبەستی ئاشتی دێنینە پێش. ئەگەر لەسەر شەڕ پێداگریان کرد، ژنان و کەسەکان و سامانەکانی خۆمان رزگار کردووە، لەگەڵ ئەوان شەڕ دەکەین و خۆڕاگری دەنوێنین.

ئەگەر سەرکەوین، بەمەبەستی خۆمان گەشتوین و ئەگەر نا، خۆمان ئامادە دەکەین و سوار لەسەر ئەسپە تیژ پێکان پەیوەستی کەسەکان و سامانەکانی خۆمان دەبین.

ئەم کارەیان کرد. منالەکانی زوبیان و هاوەڵەکانیان هاتن و لە(زاتی جەراجێر) خۆیان بەمنالەکانی عەبەس گەیاند. لەو رۆژدا شەڕێکی قورسیان کرد و دواتر لەیەك جیابوونەوە. بۆ بەیانی، بۆ شەڕ هاتنەوە و قورستر لەرۆژی پێش شەڕیان کرد. لەم رۆژەدا دلێری عەنتەرە کوڕی شەداد ئاشکرابوو. کاتێك خەڵك قورسی شەڕەکەیان ببینی و چاویان بەکوژراوە زۆرەکان کەوت، سەرکۆنەی سەنان کوڕی ئەبی حارسەیان کرد لەبەر ئەوەی رێگەی ئاشتی لەگەڵ حوزەیفە نەگرتەبەر. فاڵی خراپیان لێدا و پێیان وت زیاتر لەمە خوێن نەرێژێت و لەدرگای ئاشتی بدات. ئەو رازی نەبوو، ویستی لەسێیەم رۆژیشدا درێژە بەشەڕ بدات. کاتێك سستی و ئاشتی خوازی هاورێکانی خۆی بینی، جڵەوی گرت و گەڕایەوە. کاتێك ئەو کۆچی کرد، قەیس و منالەکانی عەبەس رۆشتنە لای منالەکانی شەیبان و منالەکانی بەکر و بوونە دراوسێی ئەوان. رۆژگارێك لای ئەوان مانەوە. قەیس لەدەست کوڕەکانی منالەکانی شەیبان کاری ناشیرینی زۆری بینی وەك زیان گەیاندن بەسامانەکان و ئازاردانی ژنان. پشتی لەوان کرد و کۆچی کرد. دەستەیەك لەمنالەکانی شەیبان شوێنیان کەوتن. منالەکانی عەبەس لەبەرابەر ئەواندا خۆراگریان کرد و شەیبانییەکان شکستیان خوارد. عەبەسیەکان بۆ هیجر کۆچیان کرد تا ببنە هاوپەیمانی پاشای ئەوێ، معاویە کوڕی حارسی کیندی. معاویە مەبەستی ئەوەی کرد شەوانە هێرش بکاتە سەریان. هەواڵەکە بە گوێی منالەکانی، عەبەس گەشت و بەپەلە رایان کرد. معاویە بەخێرایی شوێنیان کەوت. رێنیشاندەر بەئەنقەس ئەوانی بۆ رێگەیەکی دیکە برد تا لەدوای هیلاکی خۆیان و ئەسپەکانیان رووبەرووی عەبەسییەکان ببنەوە. هاورێکانی معاویە لە(فرووق) پێیان گەشتنەوە وشەڕێکی قورسیان دەستپێکرد و دەرئەنجام بەشکانی معاویە و خەڵکانی هەجەر کۆتایی هات. عەبەسیەکان شوێنیان کەوتن و دەستیان بەسەر سامانی ئەواندا گرت و ژمارەیەکی زۆریان لەوان کوشت و گەڕانەوە و لەئاوێك بەناوی (عۆراعێر) کە بەشێك لەکەلب لەوێدەژیان، دابەزین. خۆیان ئامادە کرد تا لەگەڵ منالەکانی عەبەس شەڕ بکەن.

رەبیع هاتەدەر و داوای سەرکردەی ئەوانی کرد. ئەو کەناوی مەسعود کوڕی مساد بوو، هاتە لای رەبیع. ئەو دوانە شەڕیان کرد و کەوتنە سەر زەوی. مەسعود هەوڵی دا رەبیع بکوژێت بەلام لەم کاتەدا خودەکەی مەسعود کەوتەخوار و پیاوێك لەعەبەسیەکان تیرێکی لەقورگیدا و دەستبەجێ کوژرا. رەبیع پەلاماریدا و سەری بڕی. عەبەسیەکان هێرشیان کردە سەر کەلبییەکان و سەر براوەکەیان بەرمەوە کرد. کەلبیەکان تێك شکان و عەبەسیەکان ژن و سامانەکانی ئەوانیان تالان کرد. ئەوسا ڕۆشتنە یەمامە و لەگەڵ خەڵکەکەی لەمناڵەکانی حەنیفە بوونە هاوپەیمان و سێ ساڵ لەناو ئەواندا مانەوە. حەنیفییەکان رێزیان لەدراوسێیەتی ئەوان نەگرت و تەنگیان پێ هەڵچنین. عەبەسییەکان لەوێش کۆچیان کرد. ئێستا زۆربەی ئەوان بلاو ببوونەوە و زۆریشیان کوژراو بوو. چوارپێکانی ئەوان بەرەو لەناوچون دەرۆشتن و عەرەبەکان داوای خوێنیان دەکرد. لەم زەمانەدا مناڵەکانی زەببە پەیامیان بۆ ناردن وپێشنیاری مانەوە لەناو خۆیانیان پێدان تا بۆ شەڕ کردن لەگەڵ تەمیمیەکان هاوکارییان لێوەربگرن. عەبەسییەکان رازی بوون و لەدراوسێیەتی ئەوان دابەزین.

کاتێك کێشەی نێوان تەمیم و زەببە کۆتایی هات، مناڵەکانی زەببە ویستیان مناڵەکانی عەبەس تالان بکەن. مناڵەکانی عەبەس شەڕیان لەگەڵ کردن وسەرکەوتن و سامانەکانی ئەوانیان تالان کرد. عەبەسیەکان دوای ئەوە بۆ لای مناڵەکانی عامیر کۆچیان کرد و بوونە هاوپەیمانی ئەحوەس کوڕی جەعفەر کوڕی کلاب. ئەو لەهاتنی ئەوان شادمان بوو چوونکە دەیویست لەوان بۆ شەڕ لەگەڵ تەمیمیەکان کەلك وەربگرێت چوونکە دەیزانی لەقیت کوڕی زورارە دەیەوێت شەڕی عەمارییەکان بکات و خوازیاری خوێنی براکەی مەعبەدە. تەمیمیەکان مەبەستی ئەوانیان کرد و شەڕی (شەعب جەبەلە) رویدا کەبەخواستی خوا ئاماژەی پێ دەدەین.

دواتر زوبیانییەکان ڕۆشتنە شەڕی مناڵەکانی عامیر کوڕی سەعسەعە و مناڵەکانی عەبەسیان لەناو ئەواندا بینی. شەڕ رویدا و عامرییەکان شکستیان خوارد و قێرواش کوڕی هونەی عەبەسی ئەسیر کرا بەلام کەس نەیناسییەوە. کاتێك

ئەویان هێنایە ناو هۆزەکەیان، ژنێك لەوان ئەوی ناسییەوە. ئەویان بەحەسەن کوڕی حوزەیفە سپارد کەکوشتی. دوبارە عەبەسیەکان لەناو ئەمان کۆچیان کرد و لەناو منالّەکانی تیم ئەلرباب دابەزین. تیم ستەمی لەوان کرد و شەڕێکی قورسی لێکەوتەوە. منالّەکانی تیم ئەلرباب لەوان زۆرتر بوون و زۆر لەعەبەسییەکانیان کوشت. عەبەسییەکان کۆچیان کرد و ئیتر لە شەڕ و خوێن ڕشتن بێزار ببوون و ژمارەی پیاوەکانیان کەمی کردبوو. سامانەکانیان کەم و چوارپێ و مەڕ و مالأتەکەیان فەوتابوو. قەیس پێی وتن: چارە لەچیدا دەبینن.؟ وتیان: بەرەو لای خەلّك و براکانمان لەمنالّەکانی زوبیان دەڕۆین کە مەرگ لەگەلّ ئەوان باشتر لەمانەوە لای کەسانیترە. عەبەسییەکان بەرێکەوتن و شەوانە ڕۆشتنە لای حارس کوڕی عەوف کوڕی ئەبی حارسە موڕی یا هەرێم کوڕی ئەبی سەنان کوڕی ئەبی حارسە. ئەو لەم کاتەدا لای حیسن کوڕی حوزەیفە کوڕی بەدر بوو. کە هاتەوە و ئەوانی بینی، بەخێرهاتنی کردن و پرسی: میوانەکان کێ بن؟ وتیان: براکانت لەمنالّەکانی عەبەس. ئەوان نیازەکەی خۆیان وت: هەرێم وتی: باش بن و بەخێر بێن. بڕۆم و حیسن کوڕی حوزەیفە ئاگادار بکەمەوە.

گەڕایەوە لای حیسن وتی: پێویستییەکەم بەتۆهەیە بۆیە شەوانە لەمالّەکەی تۆ ئەدەم. حیسن وتی: نیازەکەت بەدی دێنم. وتی: نوێنەری عەبەسییەکان لەمالّەکەی مندان. حیسن وتی: لەگەلّ خەلّکەکەی خۆتان ئاشتی بکەن. بەلأم من نەخوێنباییم دەوێت نەخوێنبایی دەدەم. باوکان و مامەکانی من بیست کەس لەعەبەسیەکانیان کوشت. ئەو گەڕایەوە لای عەبەسییەکان و ئاگاداری کردنەوە. داتر عەبەسیەکانی بردە لای حیسن. کاتێك حیسن ئەوانی بینی، قەیس و ڕەبیع کوڕی زیاد وتیان: سوارانی مەرگین. حیسن وتی: نەسوارانی ئاشتین. ئەگەر ستەمتان لەخەلّکەکەی خۆتان کردووە، ئەوانیش ستەمیان لێکردوون. لەگەلّ ئەوان هاتەدەر و هەموویان ڕۆشتنە لای سنان و حیسن وتی: کاری خەلّکەکەت ڕێکبخە وئاشتی لەناو ئەواندا سەقامگیر بکە و لەم کارەدا هاوکاریت دەکەم. ئەو کارەی کرد و ئاشتی سەقامگیر بوو و عەبەسییەکان گەڕانەوە.

دستەیەك دەلّێن: قەیس کوڕی زوهەیرلەگەلّ عەبەسییەکان نەڕۆشتە لای

مناڵەکانی زوبیان و وتی: نامەوێت چاوی هیچ ژنێکی غەتەفانی بەمن بکەوێت چوونکە برا یا مێرد یا کوڕ یا ئامۆزای هەرکام لەوانم کوشتووە. ئێستا بۆ لای خوا دەگەڕێمەوە. ئەو بووە پارێزکار و دەستی بەگەڕان کرد تا گەشتە عەمان و ماوەیەك لەوێ مایەوە. حوج کوڕی مالیکی عەبدی ئەوی بینی و ناسییەوە، کوشتی و وتی: خوا من نەبەخشێت ئەگەر تۆ ببەخشم.

دەستەیەك دەڵێن: قەیس لەنەمیر کوڕی قاست ژنێکی کردە هاوسەر و ئەمە لەکاتێکدا بوو عەبەسیەکان بۆ لای زوبانییەکان دەگەڕانەوە. بۆ ئەو کوڕیکی هێنایە دنیا کە ناوی نا فەزاڵە. ئەو هاتە لای پێغەمبەر و پێغەمبەر ئەوی کردە سەرکردەی خەڵکەکەی خۆی کە نۆ کەس بوون و ئەو دەیەمین. شەڕی داحیس و غەبرا کۆتایی هات. سپاس بۆ خوا.

شەڕی شەعب جەبەلە

لەقیت کوڕی زوراره مەبەستی شەڕی منداڵەکانی عامیر کوڕی سەعسەعەی کردبوو تا تۆڵەی براکەی مەعبەد وەربگرێت. پێشتر ئاماژەمان پێدا کەئەو ئەمیری ئەوان و لەئەسیریدا مرد. پێش مردن خۆی بۆ شەڕ ئامادە کرد. لەهاوپەیمانی منداڵەکانی عەبەس و منداڵەکانی عامیر ئاگادار بوویەوە. بەبیستنی ئەو هەواڵە لەهێرش کردنە سەر ئەوان چاوی پۆشی و بۆ هەموو ئەو هۆزانەی دوژمنایەتیان لەگەڵ منداڵەکانی عەبەسدا هەبوو، پەیامی نارد و خوازیاری هاوپەیمانی و هاوپشتی بۆ شەڕی منداڵەکانی عەبەس و منداڵەکانی عامیر بوو. بەدوای ئەوە، منداڵەکانی ئەسەد و منداڵەکانی غەتەفان و عەمرۆ کوڕی جەون و معاویە کوڕی جەون لەدەوری کۆبوونەوە و پەیوەندی دۆستایەتییان لەگەڵدا بەهێز کرد و ژمارەیان زیادی کرد و بەرێکەوتن. معاویە کوڕی جەون ئاڵاکانی هەڵکرد. منداڵەکانی ئەسەد و منداڵەکانی فەزاره لەژێر ئاڵاکەی ئەودا کۆبوونەوە. ئەو ئاڵای حاجب کوڕی زوارەی بۆ عەمرۆ کوڕی تەمیم، ئاڵای حەسان کوڕی هوسامی بۆ رباب، ئاڵای دەستەکانی لەهۆزەکانی تەمیم بۆ عەمرۆ کوڕی عودەس و هەموو حەنزەلەی بۆ لەقیت کوڕی زوراره بەست. دەختەنوس کچی لەقیت لەگەڵ ئەودا بوو. ئەو ئەم کچەی لەگەڵ خۆی بۆ شەڕدەبرد، لەگەڵ ئەودا شەڕی دەکرد و لەکارەکاندا راوێژی پێدەکرد.

ئەمانە لەگەڵ سوپایەکی زۆرەوە بەرێکەوتن و گومانیان نەبوو کەمنداڵەکانی عامیر و منداڵەکانی عەبەس لەناو دەبەن و تۆڵەی خۆیان لەوان دەستێننەوە. لەقیت لەسەر رێگای خۆی کەربی کوڕی سەفوان کوڕی حوبابی سەعدی بینی. ئەو پیاوێکی بەرێز بوو. لێی پرسی: بۆ لەگەڵ ئێمەدا بۆ شەڕ نایێت؟ کەرب وتی: بەدوای وشترە گوم بووەکانمدا دەگەڕێم. لەقیت وتی: وانییە، بەڵکو دەتەوێت دوژمنەکەمان لەهاتنی ئێمە ئاگادار بکەیتەوە. تۆ ئازاد ناکەم مەگەر ئەوەی سوێند بخۆیت ئەوان ئاگادار نەکەیتەوە. ئەو سوێندی خوارد کەئەوان ئاگادار ناکاتەوە و تورە لای لەقیت کوڕی زوراره ڕۆشت. کاتێك کەرب کوڕی سەفوان لەمنداڵەکانی عامیر نزیك بوویەوە،

پارچەیەی هەڵگرت و ئەمانەی تیا جێکردەوە: حەنزەلێك (شوتییەکی تاڵ بەناوی شوتی ئەبو جەهل)، بڕێك خاك، بڕێك دڕك، دو تیکە پارچەی یەمەنی، تیکە پارچەیەکی سور و دە دەنك زیخی ڕەش. ئەوسا ئەم پارچەی لەگەڵ هەموو شتەکانی ناوی هەڵگرت و لەو شوێنەی منداڵەکانی عامیر لەدەوری ئاو کۆببوونەوە و مەڕ و ماڵاتی خۆیان ئاو دەدا، بۆ ئەوان هاویشت و قسەی نەکرد. معاویە کوڕی قوشەیر ئەوانی هەڵگرت و بردییە لای ئەحوەس کوڕی جەعفەر و پێی وت: ئەمانە لە کاتێکدا مەڕ و ماڵاتی خۆمان ئاودەدا، ڕێبوارێك هاویشتی و هیچی نەوت. ئەحوەس بەقەیس کوڕی زوهەیر عەبەسی وت: چی لەمەدا دەبینی؟ قەیس وتی: ئەم کارە، کاری خوایە. ئەم پیاوە کەسێك بووە پەیمانیان لێوەرگرتووە قسە نەکات. ئەو بەئێوە دەڵێت دوژمنانێك بەئەندازەی خاکەکان (زیخەکانی بیابان) هێرش دەکەنە سەر ئێوە. دوژمنەکانتان زۆر بەهێزن. حەنزەل وەك بڵێی سەرکردەی سوپای دوژمنە. دو پارچەی یەمەنی یانی دوو تیرە لەهۆزەکانی یەمەن. پارچەی سور نیشانەی حاجب کوڕی زورارەیە و دە دنکە زیخەکە نیشانەی ئەوەیە دوژمنان تا دە شەوی دیکە هێرش دەکەنە سەر ئێوە. ئێوەم ئاگادار کردەوە. ئازاد بن و خۆراگری بکەن بەهەمان شێوە کە گەورە پیاوە بەڕێزەکان دەیکەن.

ئەحوەس کوڕی جەعفەر وتی: ئەم کارە دەکەین و بۆچونەکانی تۆ لەگوێ دەگرین چوونکە هیچ دژواریەك بۆ تۆ نەهاتە خوار مەگەر ئەوەی ڕێگەچارەت بۆ دۆزییەوە. قەیس کوڕی زوهەیر وتی: ئێستا کە دەتانەوێت گوێ لەباوەڕ و بۆچونی من بگرن، چوارپێ و مەڕ و ماڵاتەکەی خۆتان بۆ دۆڵی جەبەلە ببەن و ئاویان مەدەن و بۆ چەند ڕۆژ بەتینویەتی بیانهێڵنەوە. کاتێك دوژمنان هاتن، وشترەکان بەرەولای ئەوان بەرەڵا بکەن و بەشمشێر و ڕم ئازاریان بدەن تا ترساو و تینو بەرەو لای ئەوان ڕەم بکەن و ئەوان پرژ و بڵاو بکەنەوە. ئەوسا ئێوە بەدوای وشترەکانی خۆتان بێنەدەر ودڵی خۆتان لەخواردنەوەی خوێنی ئەوان فێنك بکەنەوە.

کەرب کوڕی سەفوان گەڕایەوە و چاوی بەلەقیت کەوت. لەقیت پێی وت: ئەم خەڵکەت ئاگادار کردەوە؟ کەرب سوێندەکەی خۆی دوبارە هێنایە سەر زمان کەهیچ قسەیەکی نەکردووە. لەقیت ئەوی ئازاد کرد. دەختەنوس کچی لەقیت بەباوکی

خۆی وت: من بۆ لای کەسەکانم بگەڕێنەرەوە و گرفتاری عەبەسییەکان و عامرییەکانم مەکە چوونکە ئەم پیاوە بێ گومان ئەوانی ئاگادار کردۆتەوە. ئەو کچەکەی خۆی بە ناعاقڵ و نەزان ناوبرد و لەوتەکەی رەنجا و ئەوی گەڕاندەوە.

لەقیت بە سوپا زۆر و شەڕانییەکەی خۆی کەدەنگی حیلە ئەسپەکانیان گوێی ئاسمانی کەڕ دەکرد، گەشتە بەردەمی دۆڵەکە. سوپاکەی جگە لەناو مەبەستێکیان نەبوو و دەیانویست بەخێرایی بەرەو لای ئاوەکە بڕۆن. ئەوان هاتنەسەر ئاوەکە. قەیس کوڕی زوهەیر وتی: هەر ئێستا وشترەکان بەرەڵا بکەن. وشترەکان ترساو و تینو رویان لەئاوەکە کرد و عەبەسییەکان و عامرییەکان بەدوایاندا و ئەوانیان بۆ پێشوە دەبرد و ئازاری کەلەکە و سکیان دەدان. وشترەکان، تەمیمیەکان و هاوەڵەکانیان پێ شێل و پرژ و بلاّو کرد و لەدۆڵەکەوە بۆ بیابان راویان نان و رێکخستنی ئەوانیان تێکدا. سوپاییەکان لەئالأکانی خۆیان دوور کەتنەوە و عەبەسیەکان و عامریەکان هێرشیان کردە سەریان و شەڕێکی قورسیان لەگەڵدا کردن. کوژراودکانی مناڵەکانی تەمیم روی لەزیاد بوون کرد.

یەکەم کەس لەگەورەکانی ئەوان کە لەناو خوێنی خۆیدا تلایەوە، عەمرۆ کوڕی جەون بوو. معاویە کوڕی جەون و عەمرۆ کوڕی عەمرۆ کوڕی عودەس، مێردی دەختەنوس کچی لەقیت و حاجب کوڕی زوراره بەدیلی گیران. لەقیت کوڕی زوراره روی کردە گۆڕەپانی شەڕ و بانگی خەڵکەکەی خۆی دەکرد کەژمارەیەکی کەم لەدەوری کۆبوونەوە. ئەو ئالأکەی خۆی لەدەوری کێوەکە هەڵکرد و دواتر هێرشی کردە سەر ئەوان و کوشتی و بریندار کرد و گەڕایەوە و هاواری کرد: من لەقیتم. دوبارە هێرشی کردە سەریان، کوشتی و بریندار کرد و گەڕایەوە. سوپاکەی روی لەزیاد بوون کرد. لەداوێنی کێوەکە بەخێرایی هاتەخوار و ئەسپەکەی خۆی تاودا بەلأم لەم کاتەدا عەنتەرە کوڕی شەداد پەلاماریدا و بەشمشێری لێیدا و بڕبڕەی پشتی قەڵشاند. قەیس کوڕی زوهەیر بەشمشێر ئەوی لەخوێنی خۆیدا تلأندەوە. لەقیت کوڕی زوراره کچەکەی دەختەنوسی بیرهێنایەوە و هۆنییەوە:

یا لیت شعری عنك دختنوس	اذا اتاها الخبر المرموس
اتحلق القرون ام تمیس	لابل تمیس انها عروس

واتاکەی: خۆزگە دەمزانی کاتێك ئەم هەواڵە نهێنی و داپۆشراوە بەگوێی دەختەنوس دەگات، چی دەکات. ئایا قژی خۆی دەتاشێت یا سوراو و سپیاو لەروخساری دەدات. نە، بێگومان روخساری دەرازێنێتەوە چوونکە تازەبووکێکی گەنجە.

ئەوسا مرد. تەمیمیەکان و غەتەفانییەکان شکستیان خوارد و حاجب کوڕی زوراره لەگەڵ پێنسەد وشتر و عەمرۆ کوڕی عەمرۆیان بەدوسەد وشتر کڕییەوە و ئەوانەی تەندروست رزگاریان ببوو، بۆ ماڵەکانی خۆیان گەڕانەوە. دەختەنوس چەندین قەسیدەی لەپرسەی باوکیدا وت کەیەکێك لەوان بەمشێوەیە:

عثر الاغر بخیر خنـ	ـدف کهلها و شبابها
و اضرها لعدوها	و افکها لرقابها
و قریعها و نجیبها	فی المطبقات و نابها
و رئیسها عند الملو	ك و زین یوم خطابها
و اتمها نسبا اذا	رجعت الی انسابها
فرعی عمودا للعشیـ	ـرة رافعا لنصابها
ویعولها و یحوطها	و یذب عن احسابها
و یطا مواطن للعد	و فکان لا یمشی بها
فعل المدل من الاسو	د لحینها و تبابها
کالکوکب الدری فی	سیماء لا یخفی بها
عبث الاغر به وکـ	ـل منیة لکتابها
فرت بنو اسد فرا	ر الطیر عن اربابها
و هوازن اصحابهم	کالفار فی اذنابها

واتاکەی: مەرگ بۆ باشترین پیاوانی هۆزی خیندەف، لەپیر و گەنج، هاتە خوار. ئەوەی بۆ دوژمن مەترسیدارترین بوو و زیاتر لەهەموو کەسانیتر دیلەکانی رزگار دەکرد، سەروەری خەڵکی خۆی و گەورەی ئەوان بوو و پاسەوانی ئەوان لەدژوارییە گەورەکان و رێزداری ئەوان. سەرکردەی ئەوان لای شاکان و رازێنەرەوەی رۆژی وتاردانی ئەوان. ئەوەی کاتێك خەڵك نەژادنامەی خۆیان دیاری دەکرد، نەژاد نامەیەکی تەواوتری لەهەمووان بوو. ستونی خەڵکەکەی خۆی هەڵدەکرد و بەشی ئەوانی بەرز رادەگرت. بەدەوری خەڵکەکەی خۆی دەسوڕا، چاودێری دەکردن و رێزی لێدەگرتن. خواردنی دەدان و ئاگای لێیان بوو و لەنەژاد و شکۆمەندی ئەوان، لەبەرابەر ناحەزان بەرگری دەکرد. لەو شوێنانە لەخاکی دوژمن پێشڕەوی دەکرد کەهیچ بوێرێك بوێری ئەو کارەی نەبوو. کارێك کەشێرانی ژیان و ئازا دەیکەن و لەدژواری و سەختی و لەناوچون ناترسن. وەك ئەستێرەیەکی درەوشاوە لەئاسماندا بوو کە لەبەرچاو ون نەدەبوو. مەرگ گەمەی بەچارەنوسی دەکرد. هەر سەرەتایەك نوسراوێکی هەیە. ئەسەدییەکان هاوشێوەی مەلانێك کە لەخاوەنەکەی خۆیان هەڵدێن، هەڵاتن و مناڵەکانی هوازین وەك مشکەکەکان خزانە ناو کونەکانی خۆیان.

موحەمەد کوڕی ئیسحاق سەبارەت بەشەڕی دۆڵی جەبەلە گێڕانەوەیەکی جیاوازی لەگێڕانەوەکەی ئێمە ئاماژە پێداوە. دەڵێت: هۆکاری ئەم شەڕە ئەوە بوو منالەکانی خیندەف لەنزیك قەیس لەوەرگایەکیان بوو کە(قعدە) کانی (خزمەکانی) خیندەف بەکاریان دەبرد. ئەم لەوەرگایە لەناو ئەوان بوو تا بەتەمیم گەشت و لەتەمیم بەدەست منالەکانی عەمرۆ کوڕی تەمیم کەکەمترین و بچوکترین تیرە بوون. قەیس لەدانی لەوەرگا خۆی دوورخستەوە. تەمیمیەکان کۆبوونەوە و لەگەڵ عەرەبەکانیتر یەکیان گرت و بەرەو لای قەیس بەرێکەوتن. درێژەی داستان ئەوەیە کەئێمە ئاماژەمان پێدا هەرچەندە لەهەندێ بەشدا جیاوازی هەیە بەلام پێویست بەئاماژەدان ناکات.

لەم رۆژەدا عامیر کوڕی تفیل عامیری لەدایك بوو.

دەستەیەك لەزاناکان وتویانە: دەستەیەك لەعەرەبەکانی بەحرەین ئاینی گبران(ئاگرپەرستەکانیان)بوو. لە ناو ئەوان زورارە کوڕی عودەس و حاجب و لەقیت و ئەقرەع کوڕی حابس و..لەسەر ئایینی ئاگر پەرستی بوون. ئەو لەگەڵ کچەکەی خۆی دەختەنوس پەیوەندی ژن و مێردایەتی بەست و ئەم ناوە فارسییەی لێنا. کاتێك کوژرا هاوسەری ئەم کچە بوو. لەبەر ئەمە ئەم شێعرەی بۆ وت:

یا لیت شعری دختنوس

تا کۆتایی بەیتەکان.

وتاری یەکەم راسترە و خوا زاناترە.

شەڕی زات نەکیف

مناڵەکانی بەکر کوڕی عەبد مەناف دوژمنی قورەیشیەکان بوون و ڕقی ئەوانیان لەدڵدابوو. ئەم دوژمنایەتی و ڕق هەڵگرتنە لەو کاتەوە دەستی پێکرد کەقوسەی ئەوانی هاوڕێ لەگەڵ خوزاعە لەمەککە دەرکرد و شارەکەی خۆی بۆ چەندین کۆڵان و گەڕەك دابەش کرد و بەقورەیشیەکانی سپارد. کاتێك ڕۆژگاری عەبدئەلموتەلیب گەشت، هەوڵیاندا قورەیشیەکان لەبارەگایی خوایی دەربکەن، شەڕ لەگەڵ ئەوان بکەن و تا سەرکەوتنی تەواو درێژبە شەڕ بدەن. مناڵەکانی بەکر هێرشیان کردە سەر دەستەیەك لەچوارپێ و مەڕ و ماڵاتەکەی هوازین و ئەوانیان ڕەم دا و دواتر شەڕکەرانی خۆیان کۆکردەوە و قورەیشیەکانیش خۆیان کۆکردەوە و سوپاکەی خۆیان ئامادە کرد. عەبدئەلموتەلیب لەنێوان قورەیش وئەحابیش پەیمانی بەست و ئەوانی کردە هاوپەیمان. ئەحابیش ئەمانە بوون: مناڵەکانی حارس کوڕی عەبدمەنات، مناڵەکانی هون کوڕی خەزیمە کوڕی مۆدرەکە و مناڵەکانی مستەلەق لەخوزاعە. ئەوان ڕوبەڕوی مناڵەکانی بەکرو هاوەڵەکانیان بوونەوە. فەرماندەی قورەیشیەکان عەبدئەلموتەلیب، باوەگەورێی پێغەمبەر بوو. هەردوولای شەڕ لەشوێنێك بەناوی (زات نەکیف) چاویان بەیەك کەوت و شەڕیان دەست پێکرد. مناڵەکانی بەکر شکستیان خوارد و کوشتار کران و ئیتر شەڕی قورەیشیان نەکردەوە. کوڕی شوعلەی فێهری لەمبارەوە وتی:

فلله عينا من راى من عصابة — غوت غى بكر يوم ذات نكيف

انا خوا الى ابياتنا و نسائنا — فكانوا لنا ضيفا بشر مضيف

واتاکەی: خوا فریایی دەستەیەك بکەوێت کەوەك بەکرییەکان لەشەڕی زات نەکیف گرفتاری گومرایی بوون. سوارەکانی ئەوان ڕویان لەماڵ و ژنانی ئێمە کرد و بوونە میوانمان بەلام لای مەترسیدارترین میوانەکان دابەزین کەخواردنی مەرگیان بۆ هێنان.

لەم ڕۆژەدا عەبد ئەلسەفاحی قاری لەهۆزی قارە، قتادە کوڕی قەیس برای بەلعا کوڕی قەیسی کوشت کەناوی مساحق کوڕی قەیس بوو. لەم ڕۆژەدا بوو ئەم پەندە عەرەبیە هاتە ئاراوە: هەرکەس تیر بۆ قارە بهاوێت، داد بەدیدێنێت. قارییەکان لەمناڵەکانی هون کوڕی خەزیمە بوون و ئەو لەمناڵەکانی عەزەل کوڕی دیش. یەکێك لەپیاودکانی ئەوان وتی:

دعونا قارة لا تنفرونا   فنجفل مثل اجفال الظليم

واتاکەی: بە قاریەکانمان وت ئێمە مەتارێنن تا وەك وشترمله نێرەکان ڕەم بکەین و هەڵبەز و دابەز بکەین.

دەڵێن: ئەم شێعرە بوو ئەوانی بەناوی قارە بەناوبانگ کرد. قاریانیەکان بەناوی (تیرهاوێژان بۆ کاسەی چاو)ناودەبرد.

شەڕی یەکەم و دووەمی فەجار

لە شەڕی یەکەمی فەجار شتێکی ئەوتۆ روینەدا کە شیاوی ئاماژە پێدان بێت. لەبەر ئەوە ئاماژەمان پێدا کە دوای ئاماژەدان بەفەجاری دووەم و روداوەکانی گومان نەکرێت فەجاری یەکەم هاوشێوەی ئەم جەنگە بووە و ئێمە لەبیرمان کردووە. لەبەر ئەمەیە ئاماژەی پێدەدەین.

کوڕی ئیسحاق دەڵێت: شەڕی فەجاری یەکەم لەنێوان قورەیشیەکان و هاورێکانیان (هەموو کەنانە) و قەیس کوڕی عەیلان رویدا. هۆکارەکەی ئەوە بوو پیاوێك لەکەنانە قەرزێکی لەملی بەسود پیاوێك لەمناڵەکانی نەسر کوڕی معاویە کوڕی بەکر کوڕی هوازین بوو. پیاوی کەنانی فەقیر و نەیتوانی قەرزەکەی خۆی بداتەوە. پیاوی نەسری لەگەڵ مەیمونێك هاتە ناو بازاری عەکاز و جاڕیدا: کێیە ئەم مەیمونە لەبەرابەر قەرزەکەم لە فلاّن پیاوی کەنانی بەمن بفرۆشێت؟ ئەم قسەی وەك سەرکۆنەکردنی ئەو پیاوە و هەموو کەنانیەکان هێنایە سەرزمان. پیاوێکی کەنانی لەوێوە تێدپەڕی و کاتێك ئەمەی بیست شمشێری کێشا و لەرێگەی گەورەییەوە لەبەرابەر ئەوەی پیاوی نەسری دەیوت، مەیمونەکەی کوشت. پیاوی نەسری داوای یارمەتی لەقەیسیەکان کرد و پیاوی کەنانی لەکەنانییەکان. خەڵك کۆبوونەوە و گفتوگۆیان کرد و ئەوەندەی نەما بوو شەڕ روبدا بەلاّم ئاشتیان کرد.

دەستەیەك دەڵێن: هۆکارەکەی ئەوەبوو چەند کەس لەگەنجەکانی قورەیش رویان کردە ژنێکی جوان لەمناڵەکانی عامیر کەروبەندێکی لەروخساردا بوو. پێیان وت: پەردە لەسەر روخسارت هەلگرە تا روخساری مانگ ئاسات ببینین. ئەو نەیکرد. یەکێك لەگەنجەکان داوێنی کراسەکەی لەپشتەوە بەشانیەوە بەستە و ژنەکە هەستی بەهیچ نەکرد. کاتێك هەستا سمت و ڕانە بلورینەکانی دەرکەوت و ئەوان پێکەنین و وتیان: روخسارت لەئێمە داپۆشی، ئێمە قونتمان بینی. ژن هاوار و شین و ڕۆڕۆی کرد و وتی: ئای عامرییەکان ریسوا بووم! خەڵك کۆبوونەوە و مشت و مڕ دەستی

پێکرد. زۆری نەمابوو شەڕ هەڵگیرسێت. دواتر بینیان شتێکی زۆر گەورە روی نەداوە. لەبەر ئەمە ئاشتیان کرد. دەستەیەك دەڵێن: پیاوێك لەمناڵەکانی غەفار کەپێیان دەوت باوکی مەعشەر کوڕی مێکرەز کەپیاوێکی ئازا و لەخۆرازی بوو، لەبازاری عەکازدا بوو. ئەو رۆژێك لەبازار دانیشت و قاچەکانی خۆی درێژ کرد وتی:

نحن بنو مدركة بن خندف	من يطعنوا في عينه لا يطرف
و من يكونوا قومه يغطرف	كانه لجة بحر مجرف

واتاکەی: ئێمە مناڵەکانی مەدرەکە کوڕی خەندەفین. ئەو کەسەی رم لەچاوی بدەین، هیچ نابینێت و کوێر دەبێت و پشتیوانی هەرە کەسێك بین، شانازی بەخۆیەوە دەکات، وەك بلێی شەپۆلەکانی دەریایی خرۆشاوە.

سوێند بەخوا من رێزدارترین پیاوی عەرەبەکانم. هەر کەس گومان دەکات لەمن بەرێزترە، بەشمشێر لەقاچی من بدات. پیاوێك لەقەیسیەکان بەناوی ئەحمەر کوڕی مازن دەستی بۆ شمشێر برد و لەقاچیدا و رووشانێکی نەچەندان گەورەی دروست کرد. خەڵك سەرەتا مشت ومڕیان کرد بەڵام دواتر ئاشتیان کرد.

فەجاری دووەم بیست ساڵ دوای داستانی فیل و دوانزە ساڵ دوای عەبد ئەلموتەلیب بوو. هیچ کام لەشەڕەکانی عەرەب نەگەشتە سەختی و ناوداری ئەم شەڕە. لەبەر ئەمە ناویان ناوە فەجار (شەڕی گوناحکارانە) چوونکە هەردوو لای شەڕکەر کەنانییەکان و قەیسیەکان کاری ناڕەوایان تیا کرد کەتەنانەت لەناو ئایینی ئەو وەحشیانەیشەدا ناڕەوا بوو. پێش لەوە، رۆژی شەڕی جەبەلە لەشەڕە ناودارەکانی عەرەبەکان بوو. فەجار لەویش قورستر بوو.

هۆکاری ئەم شەڕە ئەوە بوو بەراز کوڕی قەیس کوڕی رافعی زەمری پیاوێکی پیاو کوژ و خوێنرێژ و هەرزە بوو کەخەڵکەکەی بەهۆی کارە ناڕەوا و ناشیرینەکانی لەخۆیان دووریان کردبوویەوە. خەڵك بۆخوێنرێژی نمونەیان بەو دەهێنایەوە و دەیانوت: ((خوێنرێژتر لە بەراز). یەکێك بەتێروانینەوە پێی وت:

و الفتی من تعرفتة اللیالی فهو فیها کالحیة النضناض
کل یومخ له بصرف اللیالی فتکة مثل فتکة البراض

واتاکەی: لاوی شەڕکەر ئەو کەسەیە شەوانە ئەو بناسێتەوە و ئەو لەشەودا وەك مارێکە ئارامی نییە. هەر ڕۆژ کەتێپەڕێت و شەو دابێت، هاوشێوەی بەراز خوێنێکی ڕشتبێت.

ئەو ڕۆشتەدەر بۆ لای نەعمان کوڕی مونزەر. نەعمان ساڵانە ئەندازەیەك لەپارچە گرانبابییەکان و مادە بۆنخۆشکەرەکانی لەگەڵ کاروانێك دەنارد بۆ بازاری عەکاز تا لەوێ مامڵە و بازرگانی بکات و سودێك بەدەست بێنێت. سێ بازاری عەرەب یانی عەکاز، زوئەلمەجاز و مەجەنە بازارێکی ئەمن بوون کەعەرەبەکان لەکاتی حەج کردن (لە مانگەکانی حەرام) تیایدا کۆدەبوونەوە و تا کۆتایی هاتنی کاتی بازارەکان، لەیەك ئەمین بوون و یەکتریان نەدەکوشت. مەجەنە لەزەهران بوو، عەکاز لەنێوان تایف و نەخلە، و زوئەلمەجاز لەلای چەپ کاتێك ڕوبەڕووی شوێنی سەردان کەرانی ماڵی خوا دەوەستایت. ڕۆژێك کەبەراز و عەروە کوڕی عەتەبە کوڕی جەعفەر کوڕی کەلاب (ڕەحال)(گەشتیار: لەبەر ئەوەی بەردەوام لەسەفەر بۆ لای پاشاکان بوو)، لای نەعمان بوون، وتی: کێ کاروانەکەی من بەسلامەتی بۆ عەکاز دەبات؟ بەراز وتی: لەنفرین بەدور بیت، من لەبەرابەر کەنانە دەیپارێزم؟ نەعمان وتی: من خوازیاری ئەو کەسەم ئەم کاروانە لەبەرابەر کەنانە و قەیس بپارێزێت. عەروە وتی: لەنفرین بەدور بیت، ئایا کەسێکی بەرەلا و دورخراوە لەخەڵکەکەی دەتوانێت ئەو کاروانە بۆ تۆ بپارێزێت؟ من لەبەرابەر خەڵکی شەیح و قەیسوم لەنەجدییەکان و پاشماوەکانی تەهامە دەیپارێزم. بەراز تووڕە بوو، وتی: ئەی عەروە، لەبەرابەر کەنانەیش دەیپارێزیت؟ عەروە وتی: لەبەرابەر هەموو خەڵکان.

نەعمان کاروانەکەی بە عەروەی گەشتیار سپارد و فەرمانی ڕەوانە کردنی پێدا. بەراز ڕۆشتەدەر و شوێن عەروە کەوت. عەرە ئەوی دەبینی بەلام لێی نەدەترسا. کاتێك عەروە گەشتە ناو خەڵکەکەی خۆی و هاتە ناو دۆڵێك لەپانتایی فەدەك کە پێیان دەوت تەیمەن، بەراز کوڕی قەیس ئەوی بینی و تیرە فالگیرییەکانی خۆی

هێنایەدەر و لەبارەی کوشتنی عەروە فالّی گرتەوە کەنایا بکوژێت یان نا. عەروە لای تێپەڕی و پرسی: چی دەکەیت بەراز؟ وتی: لەبارەی کوشتنی تۆ فالّ دەگرمەوە بۆ ئەوەی فەرمانەکەی بەمن بدەن یا رێگەی ئەو کارەم لێبگرن. عەروە وتی: فونی تۆ تەنگتر لەوەیە! بەراز بەشمشێر هێرشی کردە سەر و کوشتی. کاتێك راسپێردراوان وشترەکان و بارەکان عەرومیان بەکوژراو بینی، هەلاّتن. بەراز کاروانەکەی گرت و یەکسەرە روی کردە خەیبەر. دو پیاو لەقەیس شوێنی کەوتن.یەکیان غەنەوی بوو و ئەویتریان غەتەفانی. ناوی غەنەوی ئەسەد کوڕی جەوەین و ناوی غەتەفانی مساوێر کوڕی مالیك. بەراز لەخەیبەر پێش هەر کەسێك چاوی بەوان کەوت و لێی پرسین: ئێوە دوو پیاو کێ بن؟

وتیان: لەقەیسیەکانین، هاتوین بەراز بکوژین. ئەو ئەم دوانەی هێنایە خوار و وشترەکانی بەستنەوە. دواتر پرسی: کام یەك لەئێوە لەو نازاتر و لەدەرکێشانی شمشێر دەست رەنگین ترە؟ غەتەفانی وتی: من. بەراز ئەوی هەلگرت و لەگەلّ خۆیدا بردی تا بەگومانی خۆی بەرازی نیشان بدات. بەغەنەویەکەی وت: ئاگای لەدوو وشترەکە بێت. غەنەوەی رازی بوو. بەراز، غەتەفانی لەگەلّ خۆی برد تا گەشتە کەلاوەیەك لەمالّەکان و دواتر بەغەتەفانی وت: بەراز لەم کەلاوەدایە و لێرەدا پەنا دەگرێت. دەرفەت بەمن بدە بزانم ئێستا لێرەدایە یانە. غەتەفانی وەستا و بەراز رۆشتە ناو و دواتر هاتەدەر و وتی: بەراز لەم کەلاوەدا خەوتووە، شمشێرەکەتم نیشان بدە بزانم بەکەلّك دێت یان نا. پیاوی غەتەفانی شمشێرەکەی پێدا. بەراز هەر بەشمشێرەکەی خۆی لێیدا و کوشتی و دواتر شمشێرەکەی شاردەوە و بۆ لای پیاوە غەنەوەیەکە گەڕایەوە و وتی: پیاوێکی ترسەنۆکتر لەهاورێکەی تۆم نەبینیوە، ئەوم بردە مالّی بەراز کەتیایدا خەوتبوو بەلاّم نەیتوانی لەخەودا بکوژێت. پیاوی غەنەوی بەبەرازی وت: کەسێك بدۆزەرەوە تا ئاگای لەم دوو وشترە بێت، خۆم دێم و دەیکوژم. بەراز وتی: وشترەکان بەجێ بێلّە. دواتر هەردووکیان بەرەو کەلاوەکە رۆشتن و بەراز ئەویشی کوشت و کاروانەکەی هەلگرت و رێگەی مەککەی گرتەبەر. لەوێ پیاوێکی لەمنالّەکانی ئەسەد کوڕی خەزیمە بینی. بەراز پێی وت: پاداشتێکت پێ دەدەم تا بڕۆیتە لای منالّەکانی حەرب کوڕی ئومەییە و

دواتر بڕۆیتە لای کەسەکانی من چوونکە خەڵکانی تۆن و خەڵکانی من (چوونکە ئەسەدی کوڕی خەزیمە لە خیندەفە). ئاگاداریان بکەرەوە کەبەراز کوڕی قەیس عەروەی گەشتیاری کوشتووە. دەبێت ئەوان لەبەرابەر قەیس ئاگایان لەخۆیان بێت. بەراز بۆ ئەو پیاوە دە وشتری دیاری کرد تا بروات و پەیامەکەی بگەیەنێت و وشترەکان وەربگرێت. پیاوی ئەسەدی بەرێکەوت و رۆشتە عەکاز کەدەستەیەك لەخەڵکان لەوێ بوون. ئەو ڕۆشتە لای حەرب کوڕی ئومەییە و بۆی باس کرد. حەرب کوڕی ئومەییە کەسێکی بۆ لای عەبدوللە کوڕی جۆدعان تەیمی، هشام کوڕی مەغیرەی مەخزومی (باوکی ئەبوو جەهل) کە لەبەتەممنەکان و گەورەکانی قورەیش بوون، هەموو هۆزەکانی قورەیش (کەلەهەرکام پیاوێکی بانگ کرد) و حولەیس کوڕی یەزیدی حارسی گەورەی ئەحابیش نارد و ئەوانی ئاگادار کردەوە. ئەوان بۆ راوێژ کردن کۆبوونەوە و وتیان:

دەترسین قەیسییەکان خوێنی کوژراوەکەیان لەئێمە داوا بکەن چوونکە ئەوان بەم کارە رازی نابن کە لەبەرابەرنەو پیاوێکی بەرەڵا و هەرزە لەمناڵەکانی زەمرە بکوژن. بڕیاریاندا بڕۆنە لای باوکی بەرای عامیر کوڕی مالیك کوڕی جەعفەر کوڕی کەلاب (**ملاعب الاسنه**) (ڕم باز) کە لەو کاتەدا گەورە و سەروەری قورەیش بوو و پێی بڵێن: لەنێوان نەجد و تەهامە پێشهاتێك رویداوە بێ ئەوەی ئێمە ئاگادار بین. ئێستا لەناو خەڵکدا بگەرێ بۆ ئەوەی لەم کارە ئاگادار ببیتەوە.

ئەوان ڕۆشتنە لای و ئاگاداریان کردەوە. ئەو لەناو خەڵکدا گەڕا و ئەوی بەوانیان وتبوو، بە گوێی ئەوانی گەیاند. دواتر دەستەیەك لەقورەیشییەکان هەستان و وتیان ئەی خەڵکی عەکاز، لەناو خەڵکانی ئێمە لەمەککە پێشهاتێك رویداوە و ئێمە لێی ئاگادار بووینەوە. دەترسین ئەگەر لەوان دواکەوین، کارەکەمان دژوار بێت و لەخراپ خراپتر بێت. لەبەر ئەمە رۆشتنی ئێمە بەدڵ مەگرن. ئەوسا سوار هەر چاروێ و وشترێك بوون و خۆیان گەیاندە مەککەد. لەکۆتایی رۆژ ئەم هەواڵە بەعامیر کوڕی مالیك گەشت. وتی: قورەیشییەکان ناجوامێریان کرد و حەرب کوڕی ئومەییە منی هەڵخەڵەتاند. سوێند بەخوا هەرگیز کەنانە بۆ عەکاز نایێت. دواتر بەدوای ئەوان سوار بوون و ئەوانیان لەنەخلە بینی. شەڕ لەنێوان ئەو دوو دەستە دەستی پێکرد و

قەیسییەکان ئەوەندەی نەمابوو بەسەر قورەیشیەکاندا زاڵ بن. بەڵام ئەوان و پاسەوانەکانیان مەبەستی بارەگایی خواییان کرد تا لەوێ لە ئەمن و ئەماندا بن. مانەوە و شەوانە ڕۆشتنە ناو ماڵی خوایی.

پێغەمبەری خوا لەگەڵ ئەوان بوو. لەو کاتەدا بیست ساڵ تەمەنی بوو.

زوهری دەڵێت: پێغەمبەری خوا لەگەڵ ئەوان نەبوو چوونکە ئەگەر هاورێیەتی ئەوانی دەکرد، شکستیان نەدەخوارد. ئەم وتەی زوهری راست نییە چوونکە پێغەمبەری خوا دوای گەشتنی وەحی و گەشتن بەپێگەی پێغەمبەری شکستی دەخوارد و هاورێکانی دەکوژران. لەبەر ئەمە ئەگەر پێش لەپێغەمبەری لەناو دەستەیەکدا بێت و شکست بخۆن، لەراستیەوە دوور نییە.

کاتێك قورەیشییەکان ڕۆشتنە ناو بارەگایی خوایی، قەیسییەکان دەستیان لێ هەڵگرتن و وتیان: ئەی قورەیشییەکان، ڕێگە نادەین خوێنی عەروە بەفیڕۆ بروات. شوێنی چاوپێکەوتنی ئێمە ساڵی داهاتوو لەبازاری عەکاز بێت. هەموویان گەڕانەوە بۆ سەرزەمینەکانی خۆیان و بۆ عەروە گریان و یەکتریان بۆ شەڕ هاندەدا.

دواتر قەیسییەکان سوپاکەی خۆیان کۆکردەوە و سەقیف و کەسانیتر لەگەڵ ئەواندا بوون. قورەیشییەکانیش لەشکری خۆیان کۆکردەوە و هەموو کەنانە، ئەحابیش و ئەسەد کوڕی خەزیمە لەگەڵیان بوون. قورەیشییەکان کەل وپەلی شەڕیان لەناو خەڵکدا بلاّو دەکردەوە. عەبدوللە کوڕی جودعان کەرەستەی شەڕی بەسەد کەسی بەخشی.

قورەیشییەکان رۆشتنە شوێنی دیاری کراو وبۆ هەرتیرەیەك لەوان فەرماندەیەك: بۆ منداڵەکانی هاشم، زوبەیر کوڕی عەبدنەلموتەلیب هاورێ لەگەڵ پێغەمبەر و براکانی ئەبو تالیب و عەباس و حەمزە کوڕەکانی عەبدنەلموتەلیب، بۆ ئومەوییەکان و هاوپەیمانەکانیان، حەرب کوڕی ئومەییە، بۆ منداڵەکانی عەبدنەلدار، عێکرەمە کوڕی هاشم کوڕی عەبد ئەلمەناف کوڕی عەبدنەلدار، بۆ منداڵەکانی ئەسەد کوڕی عەبدنەلعوزەی، خوەیلید کوڕی ئەسەد، بۆ منداڵەکانی مەحزوم، هێشام کوڕی موغەیرە باوکی ئەبو جەهل، بۆ منداڵەکانی تەمیم، عەبدوللە کوڕی جودعان، بۆ منداڵەکانی جەمح، مەعمەر کوڕی حەبیب کوڕی وەهب، بۆ منداڵەکانی سەهم، عاس

کوڕی وایل، بۆ منالّەکانی عودەی، زەید کوڕی عەمرۆ کوڕی نوفەیل باوکی سەعید کوڕی زەید، بۆ منالّەکانی عامیر کوڕی لۆئەی، عەمرۆ کوڕی عەبدئەلشەمس باوکی سوهەیل کوڕی عەمرۆ، بۆ منالّەکانی فێهر، عەبدولله کوڕی جەراح باوکی عوبەیدە، بۆ ئەحابیش، حولەیس کوڕی یەزید و سوفیان کوڕی عومێف وەك فەرماندە دیاری کرابوون. ئەحابیش ئەمانە بوون: منالّەکانی حارس کوڕی عەبد مەنات کەنانە و عەزەل و قارە و دیش لەمنالّەکانی هون کوڕی خەزیمە و موستەلیق کوڕی خوزاعە. لەبەر ئەوە پێیان ووتن ئەحابیش چوونکە بوونە هاوپەیمانی منالّەکانی حارس. (تەحبووش) بەمانای کۆبوونەوەیە. فەرماندەی منالّەکانی بەکر، بەلعا کوڕی قەیس بوو. بۆ منالّەکانی فەراس کوڕی غەنەم لەکەنانە، عومەیر کوڕی قەیس کوڕی جێزەل تەعان، بۆ منالّەکانی ئەسەد کوڕی خەزیمە، بیشر کوڕی ئەبی حازم و فەرماندەی هەموویان، حەرب کوڕی ئومەییە کە لەناو کوڕەکانی عەبد ئەلمەناف پێگەیەکی بەرزی و پیاوێکی بەتەمەن و بەسالاّچوبوو.

قەیسییەکان پێش لەقورەیشییەکان هاتبوونە عەکاز. فەرماندەی منالّەکانی عامیر، بەرا، منالّەکانی نەسر و سەعد و سەقیف، سوبەیع کوڕی رەبیع کوڕی معاویە، منالّەکانی جوشەم، سەممە باوکی دوریەد، غەتەفان، عەوف کوڕی ئەبی حارسەی موڕی، منالّەکانی سەلیم، عەباس کوڕی زەعل کوڕی هەنی کوڕی ئەنس، فەرماندەی فەهم و عەدوان، کودام کوڕی عەمرۆ بوون.

قورەیشیەکان بەرەو عەکاز بەرێکەوتن و لەوێ دابەزین. قەیسییەکان لەوێ بوون. براکانی سوفیان و ئەبو سوفیان و عاس و باوکی عاس، منالّەکانی ئومەیە لەگەلّ حەرب کوڕی ئومەییەدا بوون. حەرب خۆی بەست (بەوشێوەی نەتوانێت هەلّبێت) و باوکی ئعاس و سوفیان خۆیان بەستەوە و وتیان: هیچ کام لەپیاوانی ئێمە لەشوێنی خۆی ناجولّێت تا بمرێت یا سەردەکەوێت. لەبەر ئەمە ئەوانیان بە(عنابس) (شێرەکان) ناوبرد. عنبس بەمانای شێرە. شەڕێکی قورس دەستی پێکرد کە لەسەرەتای نیمەڕۆ سەرکەوتنی قەیسییەکانی بەدواوە بوو و زۆربەی کەنانییەکان و قورەیشییەکان شکستیان خوارد. منالّەکانی عودەی و منالّەکانی زوهرە هەلاّتن و مەعمێر کوڕی حەبیبی جومەحی کوژرا و ژمارەیەك لەمنالّەکانی

فەراسیش هەلاّتن. حەرب کوڕی ئومەییە، منالّەکانی عەبد شەمس و هۆزەکانیتری قورەیش خۆراگریان کرد. سەرکەوتن تا نیمەڕۆ بۆ قەیسییەکان و زیان لەبەرژەوەندی قورەیشییەکاندا بوو. دواتر قورەیش و کەنانە سەرکەوتن و زۆر لەقەیسییەکانیان کوشت. شەڕەکە زیاتر گەرم و سەخت بوو. لەم رۆژەدا لەژێر ئالاّی منالّەکانی حارس کوڕی عەبدمەنات کوڕی کەنانە زیاتر لەسەد پیاوی شەڕکەر کوژران کەهەموویان خۆراگریان کرد. قەیسییەکان شکستیان خوارد و عەباس کوڕی عەلی سولەمی لەگەورەکانی ئەوان هاورێ لەگەلّ کەسانیتر کوژران. کاتێك باوکی سەیید مامی مالیك کوڕی عەوف ئەسری بینی خەلّکی کەنانە چۆن کوشتار دەکەن، هاواری کرد: ئەی منالّەکانی کەنانە، لەکوشتنی خەلّك لەئەندازە تێپەرین. کوڕی جودعان وتی: ئێمە خەلّکانێکین لەئەندازە تێدەپەڕین.

کاتێك سوبەیع کوڕی رەبیع کوڕی معاویە شکان و هەلاّتنی هۆزەکانی قەیسی بینی، خۆی بەستەوە و لەسەر زەوی خەوت و وتی: ئەی خەلّکی منالّەکانی ئەسەر، پارێزگاری و چاودێریم بکەن یا لەحالّی خۆمدا بەجێمبێلّن وبڕۆن. لەم کاتەدا منالّەکانی ئەسر و جەشە و سەعد کوڕی بەکر و فەهم و عەدەوان دەوریان گرت و هۆزەکانیتری قەیس هەلاّتن. ئەوسا هەر دوو لای شەڕ داوای ئاشتیان کرد. لەسەر ئەم بنەمایە ئاشتیان کرد کەکوژراوەکانی هەردوولا بژمێرن و هەرکام کوژراوی زیاتریان بێت، خوێنبایی خۆیان لەلاکەیتر وەربگرن. بینیان قورەیشییەکان و کەنانییەکان بیست کەسیان زیاتر کوشتووە. لەم رۆژەدا حەرب کوڕی ئومەییە کوڕەکەی خۆی یانی ئەبوسوفیانی لەبەرابەرخوێنبایی وەك بارمەتە لای ئەوان دانا. گەورەکانی دیکەیش هەرکەسەو بارمتەیەکی دانا. خەلّك لەروبەرووبوونەوەی یەك دەستیان هەلگرت وئاگری شەڕیان دامرکاند و ئەو دوژمنایەتی و رقەیان لەیەکتر بەئاوی ئاشتی شۆردەوە و پەیمانیاندا ئازاری یەکتر نەدەن و کاری بەراز و کوژرانی عەروەی گەشتیار لەبیر بکەن.

شەڕی زونەحەب

داستانی شەڕی زونەحەب بەو شێوە بوو کاتێك منداڵەکانی عامیر لەشەڕی جەبەلە زیانیان بەمنداڵەکانی تەمیم گەیاند، ئارەزویان کرد بەتەواوی لەناو ببەن. لەبەر ئەمە بۆحەسان کوڕی کەبشەی کێندی، یەکێك لەپاشاکانی کیندە، نامەیان نوسی. ناوی ئەو حەسان کوڕی معاویە کوڕی حوجر بوو. داوایان لێکرد هاوڕێ لەگەڵ ئەوان بڕواتە شەڕی لقی منداڵەکانی حەنزەلە لەهۆزی منداڵەکانی تەمیم. ئاگاداریان کردەوە کەسوارکاران و دلێرەکان و گەورەکانی ئەوانیان کوشتووە. حەسان کوڕی معاویە هاوڕێ لەگەڵ پیاوانی شەڕکەر و دەست پەروەردە و هاوەڵانی خۆی هاتە لای منداڵەکانی عامیر. کاتێك هەواڵی بەرێکەوتنی ئەوان بەگوێ منداڵەکانی حەنزەلە گەشت، عەمرۆ کوڕی عەمرۆ پێی وتن: ئەی منداڵەکانی مالیك ئێوە توانایی خۆڕاگری لەبەردەم ئەم پاشا و سوپا بێ ئەژمارەکەیتان نییە. ڕێگە چارە ئەوەیە لەنشینگەکانی خۆتان کۆچ بکەن. ئەوان لەسەرەوەی دۆڵ، ڕوبەڕوی ئەو شوێنە بوون کەدوژمنان لەوێوە دەهاتن. منداڵەکانی مالیك لەشوێنەکانی خۆیان هەستان و بەرێکەوتن و لەپشت سەری منداڵەکانی یەربوع دابەزین ومنداڵەکانی یەربوع ڕوبەڕوی دوژمن و سوپای پاشا بوونەوە.

کاتێك بینیان منداڵەکانی مالیك ئەم ڕێگە چارەیان هەڵبژاردووە، ئامادەی شەڕ بوون و ڕوبەڕوی پاشا بوونەوە. کوڕی کەبشە لەکاتی بەرەبەیاندا گەشت و بینی دوژمن ئامادەی شەڕە. شەڕێکی قورس ڕویدا. منداڵەکانی مالیك بینیان منداڵەکانی یەربوع ئازایانە شەڕ و خۆڕاگری دەکەن، ڕۆشتنە پاڵیان و دەستیان بەشەڕ کرد. حوشەیش کوڕی نێمرانی ڕیاحی زەربەیەکی لەسەری کوڕی کەبشەی پاشادا و ئەوی خستەسەر زەوی. ئەو لەخوێنی خۆیدا تلایەوە ومرد. عوبەیدە کوڕی مالیك کوڕی جەعفەریش کوژرا و توفەیل کوڕی مالیك سوار لەسەر ئەسپەکەی خۆی (قۆرزۆڵ) هەڵات. عەمرۆ کوڕی ئەحوس کوڕی جەعفەریش کەگەورە و سەرکردەی منداڵەکانی عامیر بوو، کوژرا. منداڵەکانی عامیر و دەست پەروەردەکانی کوڕی کەبشە شکستیان

خوارد. جەریر کە لەرۆژگاری ئیسلامیدا بوو، ئاماژەی بەو روداوە داوە و دەڵێت:

بذی نجب ذدنا و اکل مالك   اخا لم یکن عند الطعان بوواکل

واتاکەی: ئێمە لەشەڕی زونەحەب بەرگری و خۆراگریمان کرد بەلأم منالەکانی مالیك برایەکیان بەتەنیا جێهێشت کەهیچ کات لەکاتی دەرکێشانی شمشێر و وەشاندنی رِم دەستی لەهاوکاری هاورێکانی خۆی هەڵنەدگرت.

شەڕی نەعفی قوشارە

ئەمە ئەو شەڕە بوو سەرکەوتنی شەیبانییەکان بەسەر تەمیمیەکانی لێکەوتەوە.

باوکی عوبەیدە دەڵێت: بێستام کوڕی قەیس هێرشی کردە سەر منالەکانی یەربوع لەتەمیمیەکان و ئەمە لەکاتێکدا بوو ئەوان لەشوێنێك بەناوی نەعفی قوشارەدا بوون. ئەو لەکاتی نیمەڕۆدا گەشت، هەوا هەوری و تۆفانی بوو. ئەو روبەروی گایەلی چوارپێکان بوویەوە کەبۆ لەوەڕین بەرەلأیان کردبوون. هەموویانی کۆکردەوە و پێش خۆیدا وبەرەو لای خەڵك و ماڵی خۆی گەڕایەوە. منالەکانی یەربوع بۆ شوێنکەوتنی هانی یەکیتریاندا و خۆیان پێ گەیاند. لەم کاتەدا عومارە کوڕی عوتەیبە کوڕی حارس کوڕی شیهاب لەناویاندا بوو. بێستام هێرشی کردە سەری و کوشتی. مالیك کوڕی حیتانی یەربوعی بۆ هاوکاری کردنی هات بەلأم بێستام ئەویشی کوشت. هەروەها بوجەیر کوڕی باوکی مولەیل هەنگاوی بردە پێش و ئەویش لەسەر دەستی بیستام کوژرا. ئەوان دەستەیەکیان لەمنالەکانی یەربوع کوشت و ژمارەیەکیان بەدیلی گرت. یەکێك لەدیلەکان مولەیل کوڕی باوکی مولەیل بوو. ئەوان بەدەستی پڕ و تەندروست بۆ سەرزەمینەکەی خۆیان گەڕانەوە. لەم ناوەدا یەکێك لەدیلەکان روی کردە بێستام و وتی: ئایا دەتەوێت لەجیاتی من باوکی مولەیل دیلی تۆبێت؟ وتی: بەڵێ. وتی: ئەگەر ئەوت نیشان بدەم هەر ئێستا ئازادم

دەکەیت؟ بێستام وتی: بەڵێ. پیاو وتی: کوڕەکەی بووجەیر ئازیزترینی خەڵکی سەر زەوی بۆ ئەو بوو. هەر ئێستا لەگۆڕەپانی شەڕ دەیدۆزیتەوە کە کەوتۆتە سەر جەنازەی کوڕەکەی و ماچی دەکات. ئەو بەدیلی بگرە. بێستام گەڕایەوە و ئەوی لەو حاڵەدا بینی. ئەوی گرت وپیاوی یەربوعی ئازاد کرد. باوکی مولەیل پێی وت: بووجەیرت کوشت و من و کوڕەکەم یانی مولەیلت ئەسیر کرد! سوێند بەخوا تا ئەو کاتەی دیل بم دەم بۆ خواردەمەنی نابەم. بێستام ترسا بمرێت. لەبەر ئەمە بێ وەرگرتنی بەهای ئازادی، ئازادی کرد. بەڵام پەیمانی لێسەند کەبەهای ئازادی کوڕەکەی مولەیل بدات و بۆ تۆڵە سەندنەوەی خوێنی کوڕەکەی شوێنی نەکەوێت و زمان بۆ ئاژاوەنانەوە نەکاتەوە و کەسانیتر بۆ شوێنەکانی ئەو و شوێنە هەستیارەکانی ئەو یا ژن و منالەکان و سامانەکانی رێنوێنی نەکات و هیچ کات هێرش نەکات سەر خۆی و خەڵکەکەی. ئەو بۆ هەموو ئەم کارانە لەباوکی مولەیل پەیمانی وەرگرت. بێستام قژی ناوچاوانی بڕی و ئازادی کرد. باوکی مولەیل بۆ لای خەڵکەکەی گەڕایەوە و ویستی پەیمانەکەی لەگەڵ بێستام بشکێنێت و زیانی لێبدات. هەندێ لەپیاوانی منالەکانی یەربوع ئەم هەواڵەیان بەگوێی بێستام گەیاند. ئەو باوکی مولەیلی ئاگادار کردەوە. موتەممەم کوڕی نوەیرە لەمبارەوە وتی:

ابلغ شهاب بنی بکر وسیدها	عنی بذاك ابا الصهبأ بسطاما
اروی الاسنة من قومی فانهلها	فاصبحوا فی بقیع الارض نواما
لایطبقون اذاهب النیام ولا	فی مرقد یحلمون الدهر احلاما
اشجی تمیم بن مر لا مكایدة	حتی استعادوا له اسری و انعاما
هلا اسیرا فدتك النفس تطعمه	مما اراد و قدما كنت مطعاما

واتاکەی: بۆ ئەستێرەی منالەکانی بەکر و سەروەری ئەوان باوکی سەهبا بێستام لەمنەوە پەیامێك بنێرە. ڕمەکانم لەخوێنی خەڵکی خۆم تێراو کرد بەشێوەیەك لەسەوزەلانێك لەسەر زەوی خەوێکی هەمیشەییان لێکەوت. کاتێك خەوتووان بەئاگا بێنەوە، ئەوان پێڵو ناتروکێنن و لەئارامگاکەی خۆیان ناجوڵێن و تا کۆتایی رۆژگار

هیچ خەوێك نابینن. تەمیم کوڕی موڕی تەمیمی نە بەفێڵ کەبەزۆری بازو هانیدا بەشێوەیەك هەموویان بوونە دیل و بەندە و چاروێی ئەو. گیانم فیدای تۆبێت! بۆ بەیەکێك لەم ئەسیرانە لەوەی دەیویست، خواردنت نەدا؟ تۆ بەردەوام لەسەراسەری ژیانت رێزی میوانت گرتووە و رۆژی دەر بوویت.

شەڕی غەبیت

ئەم شەڕە لەنێوان شەیبانییەکان و تەمیمیەکان رویدا و بێستام کوڕی قەیسی شەیبانی ئەسیر کرا.

هۆکاری ئەم شەڕە ئەوەبوو بێستام کوڕی قەیس وحەوفەزان کوڕی شەریك و مەفروق کوڕی عەمرۆ هاورێ لەگەڵ دەستەیەك لەمناڵەکانی شەیبان هێرشیان کردە سەر مناڵەکانی تەمیم و پەلاماری سەعلەبە کوڕی یەربوع و سەعلەبە کوڕی زەببە و سەعلەبە کوڕی عودەی کوڕی فەزارە و سەعلەبە کوڕی زەبیانیان دا. ئەمانە لەبیابانی (فەلەج) هاوسێی یەکتر بوون. سەعلەبیەکان شکستیان خوارد و ژمارەیەکی زۆر لەوان کوژرا و مناڵەکانی شەیبان سامانەکانی ئەوانیان تالآن کرد. تالآنیکەران لەسەر رێگای خۆیان لای مناڵەکانی مالیك کوڕی حەنزەلە تێپەرین کە لە مناڵەکانی تەمیم بوون و لەبیابانی فەلەج و غەبیت ئەلودەرە دەژیان. وشترەکانی ئەوانیان کۆکردەوە و لەگەڵ خۆیان بردیان. لەملاوە یەربوعییەکان سوار بوون و شوێنیان کەوتن. لەناو ئەوان ئەتوانین ئاماژە بەم کەسانە بدەین: مناڵەکانی مالیك بەسەرکردایەتی عوتەیبە کوڕی حارس کوڕی شەهابی یەربوعی و سوارکارانی مناڵەکانی یەربوع کەهەموویان شوێن مناڵەکانی شەیبان کەوتن. هاورێ لەگەڵ ئەوان گەورەکانی تەمیم دەبینران: ئۆحەیمێر کوڕی عەبدوللە، ئۆسید کوڕی جەبات، حوڕ کوڕی سەعد و مالیك کوڕی نەویرە. ئەوان تالآنکەرانیان لەغەبیت ئەلودەرە بینی و شەڕیان لەگەڵ کردن. هەردولای شەڕ خۆراگریان کرد. مناڵەکانی شەیبان شکستیان خوارد ومناڵەکانی تەمیم چوارپێکان و سامانە تالآن کراوەکانی خۆیان

وەرگرتەوە. مناڵەکانی شەیبان، باوکی مەرحێب رەبیعە کوڕی حەسییەیان کوشت و عوتەیبە کوڕی حارس بەدژواری و پێداگرتن هێرشی کردە سەر بێستام کوڕی قەیس و ئەوی گرت وپێی وت: ئەی باوکی سەهبا، بەئەسیری رازی ببە چوونکە بۆ تۆ باشترم لەتینویەتی و بیابان. بێستام کوڕی قەیس خۆی تەسلیم کرد. مناڵەکانی سەعلەبە بەعوتەیبە کوڕی حارسیان وت: باوکی مەرحێب کوژرا و بێستام کوڕی قەیس، کوژەری مولەیل و بوجەیر و کوڕانی باوکی مولەیل و مالیك کوڕی حەتان و کەسانیتر، بەدیلی گیرا، بیکوژە. وتی: پیاوێکی خێزاندارم و شیرم دەوێت. وتیان: بەهای ئازادی لێ وەردەگریت و ئازادی دەکەیت و ئەو دەگەڕێتەوە و دەست بەکوشتاری ئێمە دەکاتەوە و سامانەکانمان تالأن دەکات. ئەو بەکوشتنی بێستام رازی نەبوو، هەڵی گرت و بردییە ناو مناڵەکانی عامیر کوڕی سەعسەعە تا کەس نەیگرێت و بیکوژێت. لەبەر ئەوە مەبەستی عامرییەکانی کرد کەپوڕی خولە کچی شیهاب هاوسەری یەکێك لەپیاوەکانی ئەو هۆزە بوو. مالیك کوڕی نەویرە لەمبارەوە وتی:

و لله عتاب بن مية اذرأى	الى ثارنا فة كفه يتلدد
ا تحيى امرا اروى بجيرا و مالكا	و اتوى حريثا بعد ماكان يقصد
و نحن ثارنا قبل ذاك ابن امه	غداة الكلابيين و الجمع يشهد

واتاکەی: خوا فریایی عیتاب کوڕی نومەییە بکەوێت کاتێك سەیری پیاوی خوێناوی ئێمەی دەکرد کە لەناو دوو دەستەکەی سەرگەردان بوو. ئایا پیاوێك بەزیندویی دەهێڵێتەوە کەبوجەیر و مالیکی کوشت و حەریسی لەناو برد کەمەبەستی ژیانی لەسەردابوو؟ ئێمە پێشتر کوڕی دایکی ئەومان جەرگبڕاو کرد و ئەمە لەکاتی بەرەبەیانی کەلابیەکان بوو کەژمارەیەکی زۆر بۆ سەیر کردن هاتبوون.

کاتێك عوتەیبە کوڕی حارس گەشتە ناو ماڵی عامرییەکان، بێستام قیژاندی: ئای شەیبانیان! بەلأم ئێستا هۆزێك بەناوی شەیبان بۆ من نەماوە! بەدوای ئەمە هاواری دادخوازییە، عامیر کوڕی توفەیل کەسی بۆ لای بێستام نارد و پەیامی دا: ئەگەر نەتوانی خۆت بگەیێنەرە خێوەتەکەی من تا پەنات بدەم و لەزیانەکان دوورت

بکەمەوە. ئەگەر ناتوانی، خۆت بخەرە ناو چاڵی ئاوەکان (ئەگەر هەیە بۆ ئەوەی لەناو چاڵەکان تێپەڕێت و خۆی بەدەرەوە بگەیێنێت). تابیعەی (عەرەبەکان گومانیان دەکرد هەندێ لەکەسانی بیرتیژ کە کاری وشیارانە دەکەن، هاوڕێی پەرییان هەیە. ئەم پەرییانەیان بەتابیعەی ئەو کەسە ناو دەبرد). جنۆکەی عوتەیبە کوڕی حارس هاتە لای وئاگاداری کردەوە. ئەو فەرمانی دا و ماڵەکەیان وێران کرد. ئەوسا جل وبەرگی شەڕی لەبەر کرد و کەرەستەی شەڕی هەڵگرت و سوار لەسەر ئەسپەکەی ڕۆشتە ناو کۆڕی منداڵەکانی جەعفەر کەعامیر کوڕی توفەیلی غەنەوی لەوێ بوو. سڵاوی کرد و دواتر بەعامیری وت: ئەی عامیر لەپەیامەکەی تۆ بۆ بێستام ئاگادار بوومەوە. ئێستا تۆ لەبەردەم سێ هەڵبژاردندا ئازاد دەکەم. عامر وتی: چین؟ عوتەیبە کوڕی حارس وتی: یەکەم ئەوەی ئەگەر بتەوێت ناونیشانی بنەماڵەکەی خۆت بەمن بدەیت تا ئازادی بکەم چوونکە ناونیشانی بنەماڵەکەی تۆکەمتر لەو نییە. عامیر وتی: هیچ ڕێگایەك بۆ ئەم کارە نییە. عوتەیبە وتی: خۆت بخەرە شوێنی ئەو (یانی لەجیاتی ئەو خۆت بکەرە دیلی من) چوونکە بەباوەڕی من تۆ کەم بەهاتر لەونیت. عامر وتی: ئەم کارەیش ناکەم. عوتەیبە وتی: هاوڕێ لەگەڵ من وەرە تا کاتێك لەم تەپۆڵکەیە تێپەڕمان کرد لەسەر ئەو، تا دوا هەناسە شەڕ بکەین. عامر وتی: زیاتر لەهەموان ڕقم لەم کارەیە. عوتەیبە (بێستامی) هەڵگرت و بەرەو منداڵەکانی عوبەید کوڕی سەعلەبە بردی. بێستام وشتری دایکی عوتەیبەی بینی و لەکەژاوەکەی لاواز و ژاکاوەکەی ڕوانی. وتی: ئەی عوتەیبە، ئایا ئەمە کەژاوەی دایکی تۆیە بەمشێوەیە ژاکاوە؟ عوتەیبە وتی: بەڵێ. بێستام وتی: سوێند بەخوا کەژاوەی دایکی هیچ سەروەرێکم بەمشێوە ژاکاوە نەبینیوە. عوتەیبە وتی: سوێند بەلات و مەنات تۆ ئازاد ناکەم تا دایکت کەژاوەکەی خۆی بۆ من دێنێت. کەژاوەکەی ئەو زیاد لەرادە گەورە و گرانبایی بوو. ئەمە ئەو شتە بوو بێستام دەیویست عوتەیبەی پێ تەماحکار بکات بۆ ئەوەی نەیکوژێت. بێستام کەسی نارد و کەژاوەی دایکی هێنا و خۆی بەدانی چوارسەد (و بەوتەی هەندێ کەس هەزار) وشتر و سی ئەسپ و ساز و بەرگ و کەژاوەکەی دایکی، ئازاد کرد. کاتێك رزگاری بوو، سیخوڕی بۆ عوتەیبە کوڕی حارس دانا تا چاودێری وشترەکانی بکەن و ئاگاداری

بکەنەوە. سیخوڕەکان هەواڵیان هێنا کە وشترەکانی لە(ئەرباب)ن. هێرشی کردە سەریان و هەموو وشتر و سامانەکانی وەرگرتەوە.

شەڕی شەیبانیان لەگەڵ تەمیمەکان

باوکی عوبەیدە دەڵێت: ئەقرەعی کوڕی حابس و براکەی فێراس لەمناڵەکانی تەمیم کەهەردووکیان کەچەڵ بوون، هاوڕێ لەگەڵ مناڵەکانی موجاشع لەهۆزی تەمیم بەرێکەوتن تا هێرش بکەنە سەر هۆزی بەکر کوڕی وایل و تاڵانیان بکەن. باوکی جۆعەل لەگەڵیاندا بوو. بێستام کوڕی قەیس شەیبانی و عیمران کوڕی مورە هاوڕێ لەگەڵ مناڵەکانی بەکر کوڕی وایل لەشوێنێك بەناوی (زوباله) روبەرویان بوونەوە و شەڕێکی سەخت دەستپێکرد کەبەکرییەکان سەرکەوتن و تەمیمەکان شکستیان خوارد و دوو(ئەقرەع) دوو کەچەڵ و باوکی جۆعەل و کەسانی زۆر ئەسیر کران. دوو ئەقرەع خۆیان لەبێستام کڕییەوە و سوێندیان خوارد بەهای ئازادی بدەن. بێستام ئەوانی ئازاد کرد بەڵام ئەوان دور کەوتنەوە و هیچیان نەنارد. لەناو ئەسیرەکان پیاوێك لەیەربوعیەکان دەبینرا. شەوێك بێستام کوڕی قەیس ئاوازی ئەوی بیست کەدەیوت:

فدی بووالدة علی شفیقة	فکانها حرض علی الاسقام
لو انها علمت فیسکن جاشها	انی سقطت علی الفتی المطعام
ان الذی ترجین ثم ایابه	سقط العشاء علی بسطام
سقط العشاء علی متنعم	سمح الیدین معاود الاقدام

واتاکەی: گیانم فیدایی دایکم بێت کە لەگەڵم مێهرەبانە و دەڵێی لەناو خەمەکان لەلێدان کەوتووە. خۆزگە دەیزانی (و پەرێشانیەکەی ئارام دەبوویەوە) کەمن لەدەست پیاوێکی میواندار دیلم. ئەو کەسەی لەوێ چاوەڕێی گەڕانەوەی دەکەیت، لەکاتی ئێوارێ بەدەست بێستام ئەسیر بووە. لەکاتی ئێوارێ کەوتۆتە دەست

پیاوێکی بەتوانا و بەخشەندە کەدەستەکانی بەخشندەیە و بەهەنگاوی بەهێز کاروبارەکان دەباتە پێش.

کاتێك بێستام ئەم قسانەی بیست، وتی: بەگیانی باوکت کەس جگە لەخۆت ئەم هەواڵە بەدایکت نادات. بێستام ئازادی کرد: کوڕی رەمیزی عەنزی دەڵێت:

جاءت هدايا من الرحمان مرسلة — حتى انيخت لدى ابيات بسطام
جيش الهذيل و جيش الاقرعين معا — و كبة الخيل و الاذواد فى عام
مسوم خيله تعدو مقانبه — على الذوائب من اولاد همام

واتاکەی: دیاری نێردراوەکان لەلایەن خوای مێهرەبانەوە گەشتنە بەردەم ماڵەکانی بێستام. سوپاییەکانی هوزەیل و سوپایەکانی دوو ئەقرەع پێکەوە، و ئەسپەکان بەباری گران و مەڕوماڵاتی زۆر لەیەك ساڵ کەران تا کەران. ئەسپەکانی بەساز وبەرگەوە و لەلەوەڕگاکان بەرەڵا کراون و قەڵەون و چوارپێیانەیی تاڵانی کردووە، بەخێرایی بۆ لای پیاوە پایەبەرزەکان لەمناڵەکانی هەمام نێردران.

ئەوس کوڕی حەجەر وتی:

و صبحنا عار طويل بناءه — نسب به مالاح فى الافق كوكب
فلم اريوما كان اكثر باكيا — و وجها ترى فيه الكابة تجنب
اصابوو البروك و ابن حابس عنوة — فظل لهم بالقاع ۆيوم عصبصب
و ان ابا الصباء فى دومة الوغى — اذا ازورت الابطال ليث كجرب

واتاکەی: شەرمێکی باڵا بەرز کەوتە سەرمان کەبینایەکی بەرزی هەیە و بەدوای ئەوە بەردەوام تا ئەو کاتەی ئەستێرەیەك لەقەراغەکانی ئاسمان بدرەوشێتەوە، جنێومان پێ دەدات. رۆژێکم نەبینی کەخەڵکان زیاتر لەو رۆژە چاو بەگریان بن و روخسارێك کەپەرێشانی لێدەخوێندرێتەوە. بروك و کوڕی حابسیان بەزۆر گرت و ئەمانە لەدەشت، رۆژێکی سەختیان بەسەر برد. باوکی سەهبا لەگەرماوگەرمی

شەڕەکە، ئەوساتەی پاڵەوانەکان خۆیان لەشەڕ بەدوور دەگرن، شێرە پیاوێکی بەئەزمونە.

باوکی سەهبا هەمان بێستام کوڕی قەیسە. وتاردەران سەبارەت بەم رۆژە قەسیدەی دور و درێژیان لەوەسفی بێستامدا نوسیوە کەئێمە بۆ کورت کردنەوەی قسە، ئاماژەمان پێنەدان.

شەڕی مەبایز

ئەم شەڕە سەرکەوتنی شەیبانییەکان و شکست خواردنی تەمیمیەکانی لێکەوتەوە.

باوکی عوبەیدە دەڵێت: ساڵێك تەریف کوڕی تەمیمی عەنبەری تەمیمی حەجی کرد. ئەو پیاوێکی چوارشانە بوو کە بە(موجەدەع) ناودەبرا. شاسواری خەڵکەکەی بوو. رۆژێك کەتەریف بەدەوری ماڵی خوادا دەسورایەوە، حەمسیسە کوڕی جەندەلی شەیبانی لەمناڵەکانی رەبیعە کەلاوێکی بەهێز و بوێربوو، چاوی پێی کەوت و ماوەیەکی زۆر لێی روانی. تەریف پێی وت: بۆ بەم شێوە سەیرم دەکەیت؟ حەمسیسە وتی: دەمەوێت نیشانەکانی تۆ بەباشی بەمێشك بسپێرم ئەگەری هەیە رۆژێك لەناو دەستەیەك سوپا بتبینم و بتکوژم. تەریف سەری بۆ ئاسمان بەرز کردەوە و وتی: خواوەندا ساڵ مەسوڕێنە تا چاوم بەو دەکەوێت. حەمسیسەیش بەهەمان شێوە لەخوا پاڕایەوە. تەریف وتی:

او کلما وردت عکاظ قبیلة — بعثوا الی عریفهم یتوسم
لا تنکرونی اننی انا ذاکم — شاکی السلاح و فی الحوداث معلم
حولی فوارس من اسید جمة — و من الهجیم و حول بیتی خصم
تحتی الاغر و فوق جلدی نثرة — زغف ترد السیف و هو مثلم

واتاکەی: ئایا هەرجار کەهۆزێك دێتە عەکاز، روخسارناسانی خۆی بۆ لای من دەنێرێت تا بەدوای نیشانەکانی مندا بگەرێت؟ من بەنەناسراو مەزانن، ئەو کەسەم کەدەزانن. سەرتاپێ لەناو کەرەستەکانی شەڕدام و لەشەڕەکان پێشڕەو و کارزان و ناسراوم. لەدەوری من شاسوارانێکی زۆر لەهۆزی ئەسید کۆبوونەتەوە، پیاوانێك لەهوجەیم و دەوروبەری ماڵەکەی منیان گرتووە. لەژێر پێی من ئەسپێکی ناچاو سپیە و لەسەر پێستەکەم زرێیەکی ئەستور و بەهێز و بڵند کەشمشێر کاری لێناکات و دەگەڕێتەوە.

ئەم قەسیدەیە بەیتی دیکەیشی هەیە.

بەرێکەوت مناڵەکانی ئەبی رەبیعە کوڕی زوهەل کوڕی شەیبان و مناڵەکانی مورە کوڕی زوهەل کوڕی شەیبان شەڕ و ئاژاوە کەوتە ناویان و شەڕێکی کورت خایەن رویدا. لەم شەڕەدا خوێن نەرژا. هانی کوڕی مەسعود سەروەری مناڵەکانی ئەبی رەبیعە بەخەڵکەکەی وت: حەز ناکەم ئاژاوە لەناو ئێمەدا پەرە بستێنێت. کۆچی بەوان کرد و لەسەر ئاوێك بەناوی مەبایز نیشتەجێی کردن. ئەم ئاوە لەنزیکی ئاوەکانی مناڵەکانی تەمیم بوو. بۆ مانگێك لەوێ مانەوە و هەواڵی هاتنیان بەگوێی تەمیمیەکان گەشت. ئەوان بۆ یەك پەیك و تەتەریان نارد و وتیان: ئەوان هۆزێکی تەك و تەنیان. ئەگەر ئەوان لەناو ببەن، بەکر کوڕی وایلتان سست و لاواز کردووە. ئەوان کۆبوونەوە و سییان فەرماندەیی ئەوانیان گرتەدەست: باوکی جەدعای تەهەوی فەرماندەی مناڵەکانی حەنزەلە، کوڕی فەدکەی مێنقەری فەرماندەی مناڵەکانی سەعد و تەریف کوڕی تەمیم فەرماندەی مناڵەکانی عەمرۆ و مناڵەکانی تەمیم. کاتێك گەشتنە نزیك مناڵەکانی ئەبی رەبیعە، ئەوان ئاگادار بوونەوە و بۆ شەڕخۆیان ئامادە کرد. هانی کوڕی مەسعود قسەی بۆ کردن و ئەوانی بۆ شەڕ هاندا. وتی: کاتێك هاتن بۆ ماوەیەك شەڕیان لەگەڵ بکەن و دواتر پشتیان تێبکەن و کاتێك سەرقاڵی تالآنی بوون، هێرشیان بکەنەسەر و خوێنیان برێژن ودڵی خۆتان فێنك بکەنەوە تا سەرکەوتن بەدەست بێنن.

تەمیمیەکان لەکاتی بەرەبەیان هێرشیان کردە سەریان و ئەمان ئامادەی شەڕ بوون. هەردوولای شەڕکەر بەسەختی شەڕیان کرد و منالەکانی شەیبان ئەو کارەیان کرد کەهانی فەرمانی پێدابوون: منالەکانی تەمیم سەرقالی تالانی بوون. یەکێك لەوان لای منالێك لەهانی کوڕی مەسعود تێپەڕی و وتی: ئەمە بۆ من بەسە. ئەو منالەکەی هەلگرت و ئەسیری کرد. تەمیمییەکان لەگەڵ دیلەکان و تالانییەکان مانەوە. منالەکانی شەیبان گەڕانەوە و ئەوانیان شکستدا و کوشتاریان کردن و ئەسیریان گرت و هەر کارێك ویستیان، کردیان. تەمیمیەکان شکستێکی لەوچەشنەیان ئەزمون نەکردبوو، کەمێك لەوان بەسلامەتی رزگاری بوو. کەس هاوکاری کەسی نەکرد. تەریف هەلات وحەمسیسە شوێنی کەوت، گرتی و کوشتی. شەیبانییەکان ئەسیر و تالانییەکانی خۆیان وەرگرتەوە و زیادە لەوە سامانی تەمیمیەکانیان تالان کرد و زۆر لەوانیان گرفتار کرد. هانی کوڕی مەسعود سەد وشتری وەك بەهای ئازادی کوڕەکەی دا و وەریگرتەوە. یەکێك لەشەیبانییەکان سەبارەت بەم رۆژە وتویەتی:

و لقد دعوت طريف دعوة جاهل غر و انت بمنظر لا تعلم
و اتيت حيا فى الحروب محلهم و الجيش باسم ابيهم يستهزم
فوجدتهم يرعون حول ديارهم بسلا اذا حام الفوارس اقدموا
و اذا اعتزوا بابى ربيعة اقبلوا بكتيبة مثل النجوم تلملم
ساموك درعك و الا غر كليهما و بنو اسيدا سلموك و خصم

واتاکەی: تەریفت بانگ کرد، بانگ کردنی نەزانێکی هەڵخەڵەتاو، تۆ لەدیدگا بوویت و نەت دەزانی. لەچەندین شەڕ لەجێگەی هۆزێك شەڕی ئەوانت کرد و سوپا بەناوی باوکی خۆی بەشێوەیەك نیشاندا کەشکستی خواردووە. ئەوانت بینی کەرێزی مالەکانی خۆیان دەگرن، خەڵکانێکی بوێرن، کاتێك سوارەکان سەرگەرمی شەڕن، هەنگاو دەبەنە پێش، کاتێك بەئەبی رەبیعە پشت ئەستور بن، لەگەڵ سوپایەك بەئەندازەی ئەستێرەکان کۆدەبنەوە و روو لەدوژمن دەکەن. زرێ و ئەسپە ناوچاو

سپیەکەتیان لێ سەندی و منداڵەکانی ئەسید، هەموو دۆست و هاورێیانی تۆیان بۆ دوژمن بەجێهێشت.

عەمرۆ کوڕی سەواد بۆ مەرگی تەریف ئەم شێعرەی هۆنییەوە:

لا تبعدن يا خير عمرو بن جندب — لعمري لمن زار القبوور ليبعدا
عظيم رماد النار لا متعبسا — و لا مويسا منها اذا هو اوقدا
و ما كان وقافا اذا الخيل احجمت — و ما كان مبطانا اذا ما تجردا

واتاکەی: ئەی باشترین منداڵەکانی عەمرۆ کوڕی جوندەب، دوور مەبە، بەڵام بەگیانی خۆم سوێند هەرکەس بەرەو گۆڕ بڕوات دوور دەکەوێت، ئاگری زۆرت هەڵدەگیرساند و خۆڵەمێشی زۆرت بەجێدەهێشت (چوونکە میوانی زۆرت بوو) نەروت گرژ دەکرد ونەکەست لەئاگرەکەی خۆت بێ هیوا دەکرد، کاتێك ئاگرت دەئایساند. کاتێك ئەسپەکان درەنگیان دەکرد لەشوێنی خۆت نەدەچەقایی و کاتێت تەنیا دەبوویت، ورگ پەرەست نەبوویت.

شەڕی زویرەین

باوکی عوبەیدە دەڵێت: سەرزەمینی بەکر کوڕی وایل گیرۆدەی وشکەساڵی بوو و ئەوان بۆ ئاو و لەوەڕگا رویان لەسەرزەمینی تەمیمییەکان لەنێوان هیجر و یەمامە کرد. کاتێك نزیك بوونەوە، هەر پیاوێکی بەکری کەتەمیمییەکی دەدی، دەیکوشت و هەرتەمیمییەك کەپیاوێکی بەکری دەبینی، لەناو خوێنی خۆیدا دەیگەوزاند. هەر کام سامانی ئەویتری دەرفاند. زیان لەناو پەرەی سەند و بارودۆخیان دژوار بوو. لەم کاتەدا، حەوفزان کوڕی شەریك و وادك کوڕی حارس (هەردوك شەیبانی) هاتنەدەر تا هێرش بکەنە سەر منالەکانی دارم. پێشهاتەکە وابوو کەلەم کاتەدا تەمیمییەك لەگەڵ دەستەیەکی زۆر لەهۆزی عەمرۆ کوڕی حەنزەلە، رەباب، سەعد و کەسانیتر کۆبوونەوە و بەرەو هۆزی بەکر کوڕی وایل غاریاندا. فەرماندەی تەمیم باوکی رەئیسی حەزنەلی بوو. ئەم هەواڵە بەهۆزی بەکر کوڕی وایل گەشت. ئەوانیش رویان تێکرد و فەرماندەیی ئەوان لەدەست ئەم کەسانەدا بوو: ئەسەم، عەمرۆ کوڕی قەیس کوڕی مەسعود باوکی مەفروق، حەنزەلە کوڕی سیاری عێجلی، حومران کوڕی عەبد عەمرۆی عەبەسی و کەسانیتر. کاتێك دوی لای شەڕ جەنگیان دەستپێکرد، تەمیمییەکان و رەبابییەکان دوو وشتریان رازاندەوە و چەندین کەسیان بۆ پاسەوانی کردنیان دانا. ئەو دوو وشترەیان لەشوێنێکی گۆڕەپانی شەڕ لەسەر ئەژنۆ دانا و ناویان نا (زویرەین) دووخوا، وتیان: لەگۆڕەپانی شەڕ راناکەین تا ئەم دوو وشترە رادەکەن. کاتێك باوکی مەفروق دوو وشترەکەی بینی، لەچۆنیەتی ئەم کارەی پرسی. بەسەرهاتەکەیان بۆ گێرایەوە. وتی: من (زویری) ئێوە بم. ئەو لەناو دوو ریزدا کەوتە سەر ئەژنۆ و وتی: دەوری من بگرن و لەدەوری من شەڕ بکەن و تا من رانەکەم، ئێوە رامەکەن. خەڵك شەڕێکی قورسیان کرد. شەیبانییەکان بەدوو وشترەکە گەشتن و سەریانبڕی. شەڕ لەسەر دوو وشترەکە قورستر بوو. تەمیمییەکان شکستیان خوارد و باوکی ئەلرەئیس رێبەر و فەرمانده‌ی ئەوان لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر کوژرا. حوفزان کوڕی شەریك گەشتە ژنان و سامانەکان و بینی پیاوان لەوان

دوورکەوتونەتەوە و رویان لەگۆڕەپانی شەڕ کردووە. بەکرییەکان دەستیان بەسەر ژنان و سامانەکانی ئەواندا گرت و ژمارەیەکی زۆریان بەدیل گرت. حوفزانیش هەموو ئەوەی پیاوان بەجێیان هێشتبوو، تالآنی کرد و ژنان و سامانەکانی هەڵگرت و تەندروست بۆلای هاورێکانی خۆی گەڕایەوە. ئەعشا وتاردەری بەناوبانگی عەرەب لەبارەی ئەم شەڕەوە وتویەتی:

یا سلم لا تسالی عنا فلا کشفت — عند اللقاء و لاسود مقاریف
نحن الذین هزمنا یوم صبحنا — یوم الزویرین فة جمع الاحالیف
ظللوا و ظلت تکر الخیل و سطهم — بالشیب منا و بالمرد الغطاریف
تستانس الشرف الا علی باعینها — لمح الصقور علت فوق الاظالیف
انسل عنها بسیل الصیف فانجردت — تحت اللبوود متون کالزحالیف

واتاکەی: ئەی سەلەمی، سەبارەت بەو دەشتە پان و بەرینە هیچ مەپرسە، دەشتێك کە لەکاتی دیداری دوو سوپا، کەران تا کەرانی کرایەوە. هەروەها سەبارەت بەمارە زیاندەرەکان هیچ مەڵێ. ئێمە لەو رۆژەدا کەبەرەبەیان شەڕ دەستپێکرد، لەگۆڕەپانی شەڕی زویرەین لەناو هاوپەیمانانی خۆمان، دوژمنانمان تێکشکاند. ئەو رۆژەیان کردە شەو و ئەسپە تیژپێکانیش لەناو ئەواندا لەبەیانییەوە تا شەو شەڕیان کرد و غاریاندا و لەسەر ئەم ئەسپانە، پیرەپیاوان و گەنجە جوان روخسار و دلێر و شەڕکەرەکانی ئێمە دەبینران. لەپێشترینی گەورەییەکان لەچاوانی ئەوان ئاشنایی وئارامشیان پێبڕا بەشێوەیەك ژمارەیەکی زۆر لەلاشخۆرەکان لەسەر بەرزایی ئاسمان چاویان بڕییە کاوێژکەران لەسەر زەوی. بەگەشتنی لافاوە ماڵ وێرانکەرەکانی هاوین، خۆی لەوان کێشایەوە..

وتاردەران سەبارەت بەم شەڕە زۆریان قسە کردووە. بەتایبەت ئەغلەبی عێجلی. لەناو ئەوانە ئەرجوزەیەك بەم دەسپێکە:

ان سرك العز فججج بجشم

واتاکەی: ئەگەر بەرێزی تۆ شادمان دەکات، بە شکۆمەندییەوە بەرەوپێش برۆ.

لەم ئەرجوزەدا دەڵێت:

جاؤوا بزويريهم و جئنا بالاصم — شيخ لنا كالليث باق من ارم
شيخ لنا معاود ضرب البهم — يضرب بالسيف اذاالرمح انفصم
هل غير غار صك غارا فانهزم

واتاکەی: ئەوان دوو زویر (دوو خواکەی) خۆیان هێنا و ئێمە پاڵەوانە گەردنکێشەکانی خۆمان. پیرەپیاوێکی لێهاتوو هاوشێوەی شێری ژیان کە لەرۆژگاری ئەرەم بەجێمابوو بۆ ئەم زەمانە. پیرەپیاوێك لەئێمە کەسات ناسات هێرش دەکاتە سەر ئەسپە زمان بەستراوەکان و کاتێك رم بشکێت، بەشمشێر دەوەشێنێت. ئایا لەگەڵ هیچ غارێك شەری کرد کە لەبەردەم ئەو رای نەکرد.

مەبەستی لەدوو (غار) لەم دێرەدا، پیاوانی شەرکەی مناڵەکانی تەمیم و مناڵەکانی بەکرە. هەروەها ئەرجوزەیەکی دیکەی هەیە کە لەسەرەتاکەیدا دەڵێت:

يا رب حرب ثرة الاخلاف

واتاکەی: چەن زۆرن ئەو شەرانەی چاوە شەرکەرەکان لێوانلێو لەفرمێسك دەکات.

لەم ئەرجوزەدا لەو رۆژە دەدەوێت.

دیل کرانی حاتەمی تایی

باوکی عوبەیدە دەڵێت: حاتەمی تایی هاورێ لەگەڵ سوپایەك لەخەڵکەکەی خۆی

هێرشی کردە سەر بەکر کوڕی وایل و شەڕیان لەگەڵ کردن. هۆزی تەی شکستی خوارد و زۆر لەوان ئەسیر یا کوژران. لەناو دیلەکان حاتەم کوڕی عەبدوللە تایی دەبینرا. ئەو لای پیاوێك لەعونەیزە بەدیلی مایەوە. ڕۆژێك ژنێك بەناوی عالیە وشترێکی بردە لایی و وتی: ڕەگی ئەمە ببڕە. ئەو سەری بڕی. کاتێك ژن وشترە کوژراوەکەی بینی، ترسا و قیژاندی. حاتەم ئەم شێعرەی وت:

عالی لا تلتد من عالیة — ان الذی اهلکت من مالیه
ان ابن اسماء لکم ضامن — حتی یؤدی آنس ناویه
لا افصد الناقة فة انفها — لکننی اوجرها العالیه
انی عن الفصد لفی مفخر — یکره منی المصد الالیه
و الخیل ان شمس فرسانها — تذکر عند الموت امثالیه

واتاکەی: ئەی عالیە، پشت مەکەر خوێنی فیچقە کردووە، ئەوەی بەفیڕۆمدا لەسامانی خۆم بوو. کوڕی ئەسما پارێزەری ئێوەیە تا ئەو کاتەی گەنجێك دێت و وشترەکە بەئێوە دەسپێرێت. لوتی وشتر کون ناکەم بەڵکو ڕمێکی درێژ لەسینەیدا جێ دەکەمەوە. من پشت دەکەمە ڕەگ لێدان و ئەم کارە دڵخۆشم ناکات. ئەگەر ئەسپ سواران خۆیان ئازار بدەن، لەکاتی گیاندان کەسانی وەك من بیر دێننەوە.

ڕەمیزی عەنزی وەك شانازی کردن بەئازایەتی خەڵکەکەی لەم شەڕەدا وتویەتی:

و نحن اسرنا حا تما و ابن ظالم — فکل ثوی فی قیدنا و هو یخشع
و کعب ایاد قد اسرنا و بعده — اسرنا ابا حسان و الخیل تطمع
و ریان غادرنا بووج کانه — و اشیاعه فیها صریم مصرع

واتاکەی: ئێمە حاتەم و کوڕی زاڵم مان گرفتار کرد و ئێستا هەردوك لای ئێمە ئەسیرن و کورنوش بۆ ئێمە دەبەن. دوای ئەوان کەعب کوڕی ئەیاد و باوکی حسانمان ئەسیر کرد و ئەسپەکان ئارەزوی هێرش و غاردنیان بوو. بەخێرایی (ریان)مان پێوا

و دەورمان گرت بەشێوەیەك خۆی و دەوروبەرەکەی لەوێ، لەدەستە گیایەکی بڕاو دەچون و لەخوێنی خۆیاندا دەتلانەوە.

یەحیا کوڕی مەنسور زوهەلی قەسیدەیەکی هۆنییەوە و شانازی بەشەڕەکانی خەڵەکەکەی خۆیەوە کرد. قەسیدەکە دوور و درێژ و ڕێنوێنی باشی لەخۆ دەگرت. بۆ ئەوەی د.ڕێژدادڕی نەبێت، لەباس کردنی چاومان پۆشی. دەسپێکەکەی بەم شێوەیە:

امن عرفان منزلة و دار   تعاورهاالبووارح و السواری

واتاکەی: ئایا (عیرفان) شوێنی مانەوە و ماڵی هەیە؟ شوێنێك کەشەوەکان بەردەوام لێی بەسەر دەچن و هەورە شەوانەکان بەردەوام بەسەر سەری دەسورێنەوە.

باوکی عوبەیدە دەڵێت: کاتێك ئیسلام هات، لەسەراسەری عەرەب کەسێك ماڵێکی بەرێزتری لەشەیبانییەکان نەبوو و باشتر پاسەوانی پەنابەرانی خۆی نەدەکرد و هاوپەیمانی زیاتری لەگەڵدا نەبوو. عەنینە لەلەخم لەناو هاوپەیمانەکانی دەبینرا. لەمەککە کوڕی کیندە لەگەڵ منالەکانی هیند دراوسێ و عێکرمە لەتەی و حەوتەکە لەمنالەکانی عوزرە و بوونانە، هەموو ئەمانە لەهەژماری منالەکانی حارس کوڕی هەمام بوون. عایدە لەقورەیش و حەواس و زەببە لەکێندە هەموویان لەمنالەکانی ئەبی رەبیعە هەژمار دەکران. سەلیمە لەمنالەکانی عودەی، قەیس لەهەژماری منالەکانی ئەسعەد کوڕی هەمام و وەسیلە لەمنالەکانی سەعلەبە و منالەکانی خەیبەری لەتەی لەناو شەیبانییەکان دەژیان و عەوف کوڕی حارس لەکیندە هاورێی منالەکانی موحەلیم بوون.

هەمووی ئەمانە ئەو هۆزە و لقانە بوون کەهاوسێیەتی منالەکانی شەیبانیان هەڵبژارد و لەم رێگەوە گەورەیی و شکۆمەندییان پێبڕا و ژمارەیان زیادی کرد.

شەڕی موسحولان

باوکی عوبەیدە دەڵێت: ڕەبیعە کوڕی زیادی کەلبی لەگەڵ سوپایەك لەخەڵکەکەی خۆی هاتەدەر و مەبەستی شەڕی کرد و ڕووبەڕوی لەشکرێك لەمناڵەکانی شەیبان بوویەوە کەزۆربەیان لەمناڵەکانی باوکی ڕەبیعە بوون. ئەم دوو سوپایە بەسەختی شەڕی یەکیان کرد. مناڵەکانی شەیبان سەرکەوتن و ئەوانیان شکستدا و ژمارەیەکی زۆریان لێ کوشتن. ئەمە لەشەڕی موسحولان ڕوویدا. خەڵکێکی زۆریشیان بەئەسیری گرت. سەرکردەی شەیبانییەکان لەم ڕۆژەدا حەیتن کوڕی عەبدوللە کوڕی قەیسی موحەلیمی بوو. دەستەیەك دەڵێن: ڕێبەرەکەیان زیاد کوڕی مورسەد لەمناڵەکانی باوکی ڕەبیعە بوو: وتاردەری ئەوان وتی:

سائل ربيعة حيث حل بجيشه	مع الحى كلب حيث لبت فوارسه
عشية ولى جمعهم فتتابعوا	فصار الينا نهبه و عوانسه

واتاکەی: لەڕەبیعە بپرسە کەلەشکرییەکانی لەهەمۆ هۆزی کەلب لەکوێ دابەزین و سوارکارەکانی لەکوێ مانەوە. ئەو ئێوارێیە کەدەستەی ئەوان هەڵاتن و تالآنی سامانەکانی ئەوان بووە بەهرەی ئێمە و کچە مێردنەکردووەکانیان دەست ئێمە کەوت.

دواتر ڕەبیع کوڕی زیادی کەلبی پشتی کردە خەڵکەکەی خۆی و شەڕی ئەوانی کرد. ئەوان، ئەویان شکستدا. ئەو خۆیان لەوان دوورخستەوە و بەڕێکەوت و لەناو مناڵەکانی ·شەیبان نیشتەجێ بوو. پەنای بردە پیاوێك بەناوی زیاد لەمناڵەکانی باوکی ڕەبیعە بەڵام مناڵەکانی ئەسعەد کوڕی هەمام ئەویان کوشت. دواتر شەیبانییەکان دوسەد وشتریان وەك خوێنبایی بەکەلبیەکان دا و ڕازییان کردن.

شەڕی سولەیم و شەیبان

باوکی عوبەیدە دەڵێت: شەڕکەرانێك لەناو منداڵەکانی سولەیم بەفەرماندەیی نەسیبی سولەیمی هاتنەدەر و مەبەستی شەڕ لەگەڵ بەکر کوڕی وایلیان کرد. پیاوێك لەمنداڵەکانی شەیبان بەناوی سولەیع کوڕی عەبد غەنەم چاوی بەوان کەوت. ئەو سوار لەسەر ئەسپێك بەناوی (بحرا) و جل و بەرگی ئیحرامی لەبەردابوو (کەدەیوسیت حەجی پێوە بکات). بەوانی وت: مەبەستی کوێتان هەیە؟ وتیان: دەمانەوێت هێرش بکەینە سەر شەیبانییەکان و لەناویان ببەین. سولەیع وتی: کەمێك درەنگ بکەن چوونکە چاکەخوازی ئێوەم. سوێند دەخۆم ئەگەر دەست بۆ ئەوان درێژ بکەن سێسەد پیاوی سواری شەڕکەر لەسەر سێسەد ئەسپی خەساو هێرش دەکەنە سەر ئێوە و ئەمە جیاواز دەبێت لەئەسپە نێر و مێ کانی دیکە. ئەوان ئەم پەندەیان نەبیست و لەسەر هێرش کردن پێداگریان کرد. سولەیع کوڕی عەبد غەنەم ئەسپەکەی خۆی غاردا و بۆ لای خەڵکەکەی خۆی گەڕایەوە و ئاگاداری کردنەوە. شەیبانییەکان سوار بوون و خۆیان بۆ شەڕ ئامادە کرد. منداڵەکانی سولەیم هاتن و ئامادەیی ئەوانیان بۆ شەڕ بینی. شەڕێکی قورس رویدا و تیایدا شەیبانییەکان سەرکەوتن و سولەیمیەکان شکستیان خوارد و زۆریان لێ کوژرا و زۆریان بەدیلی گیران. جگە لەکەمێکیان رزگاری نەبوو. نەسیسب فەرماندەکەیان گرفتار بوو. عیمران کوڕی مورەی شەیبانی ئەسیری کرد و کوشتی. سولەیع وتی:

نهيت بنى زعل غداة لقيتهم	و جيش نصيب و الظنون تطاع
و قلت لهم ان الحريب و راكسا	به نعم ترعى المرار رتاع
و لكن فيه الموت يرتع سربه	و حق لهم ان يقبلوا و يطاعوا
متى تاته تلقى على الماء حارثا	و جيشا له يوفى بكل بقاع

واتاکەی: بەرەبەیان کەچاوم بەکوڕەکانی زەعل کەوت و سوپای نەسیبم بینی،

ئەوانم لەشەڕ ئاگادار کردەوە. بەوانم وت: لەشوێنێك(حەریب) و (راکس)چوارپێکانێك هەن کەگوڵی گەنم دەخۆن و لەلەوەڕان ناوەستن. بەڵام مەرگیش لەوێ ئامادەیە و بەخێرهاتنی میوانەکانی خۆی دەکات و ئەوان بۆ لەوەڕگای لەناوچون بانگ دەکات. شیاو بوو گوێ لەپەند بگرن و فەرمان ببەن. هەر زەمان بۆ ئەوێ بێیت، لەسەر ئاوەکەی پاسەوانێك دەبینی و چاوت بەو سوپاییانە دەکەوێت کەهەموو شوێنێکیان پڕ کردووە.

شەڕی جەدود

لەم شەڕەدا پیاوانی بەکر کوڕی وایل لەگەڵ منداڵەکانی مێنقەڕ شەڕیان کرد.

بەسەرهاتەکە بەمشێوەبوو: حوفزان یانی حارس کوڕی شەریکی شەیبانی لەگەڵ منداڵەکانی سەلیت کوڕی یەربوع، دۆستایەتی و پەیوەندی بوو. ئەو مەبەستی خیانەتی لەوان کرد و منداڵەکانی شەیبان و زوهەل و لەهازمی کۆکردەوە و فەرماندەیی ئەوانی بەحومران کوڕی عەبد عەمرۆ کوڕی بیشر کوڕی عەمرۆ دا. دواتر بۆ شەڕ بەرێکەوت و هیوای خواست شوێنێکی سست و لاواز لەمنداڵەکانی یەربوع بدۆزێتەوە یا بێ ئاگایی و کەمتەرخەمییەکی لەوان دەستکەوێت تا لەو رێگەوە هێرش بکاتە سەریان. کاتێك گەشتە سەرزەمینی منداڵەکانی یەربوع، عوتەیبە کوڕی حارس کوڕی شیهاب لەمەبەستە خراپەکەی ئاگادار و خەڵکەکەی خۆی ئاگادار کردەوە. ئەوان رێگەی ئاویان لەحوفزان گرتبەر. حوفزان بەعوتەیبەی وت: من لەگەڵ تۆ جگە لەکەس و کارت نابین بەڵام لەگەڵ من دەستەیەکی زۆر لەبەکریەکانن، ئەگەر بەسەر ئێوەدا زاڵ ببم، ژمارەی ئێوە کەم دەبێتەوە و دوژمنان چاوی تەماح دەبڕنە ئێوە. ئەگەر ئێوە بەسەر مندا زال بن، جگە لەناسراوە دوورەکانی من ناکوژن. من لەسەرەتاوە مەبەستی ئێوەم نەبوو. ئێستا پێشنیارتان پێدەکەم لەگەڵ ئێمەدا بەئاشتی هەڵبکەن و خورماکانی ئێمە بگرن کەسوێند بەخوا هیچ کات یەربوعییەکان ئازار نادەم. ئەو خورماکانی ئەوانی گرت و ئازادی کردن. بەکرییەکان ڕۆشتن و هێرشیان کردە سەر منداڵەکانی رەبیع کوڕی حارس و ئەو لەجەدود دەژیاد و بە(دواکەوتوو) (مقاعس) ناودەبرا. لەبەر ئەوە بەم شێوە بانگیان دەکرد کە لەپەیمانی منداڵەکانی سەعد خۆی کێشایەوە و دواکەوت. حوفزان هێرشی کردە سەریان. ئەوان لەکەسەکانی خۆیان دوور بوون. ئەو ئەسیر و چوارپێکانی کۆکردەوە. منداڵەکانی ردبیع دادخوازی خۆیان بۆلای منداڵەکانی کولەیب نارد کەوەڵامیان نەدانەوە و هاوکاریان نەکردن. دادخواز ڕۆشتە لای منداڵەکانی مێنقەر کوڕی عوبەید. پیاوەکانی بۆ گەڕان بەشوێن دوژمن سوار بوون و رویان کردە بەکر

کوڕی وایل. حوفزان لەسێبەری دارێکدا دانیشتبوو کە لەناکاو ئەهتەم کوڕی سومەی کوڕی سنانی مێنقەری لەسەر سەری خۆی بینی. سوار ئەسپەکەی خۆی بوو و ئەهتەم هاواری کرد: ئەی سەعدییەکان! حوفزان هاواری کرد: ئەی بنەماڵەی وایل! منداڵەکانی مێنقەر هاتنە ناو گۆڕەپانی شەڕ. بەکرییەکان شکستیان خوارد و ئەسیر و تالانییەکانیان بەجێهێشت و مێنقەرییەکان شوێنیان کەوتن و ژمارەیەکی زۆر لەوانیان بەدیل گرت و ژمارەیێکیشیان لێ کوشتن. ئەهتەم، حومران کوڕی عەبد عەمرۆ فەرماندەی سوپایی دوژمنی بەئەسیری گرت. قەیس کوڕی عاسمی مێنقەری جگە لەکوشتن یا گرتنی حوفزان مەبەستێکی دیکەی نەبوو. سوار لەسەر ئەسپ شوێن حوفزان کەوت و حوفزان پەڕییە سەر ئەسپێکی تیژ پێ و هەڵات. قەیس لەحوفزان نزیک بوویەوە بەڵام نەیتوانی بیگرێت. کاتێك ترسی ئەوەی لێ نیشت کە لەدەستی رابکات، ڕمێکی بۆ پشتی هاویشت. حوفزان بەپەلە رایکرد و خۆی لێ دوور خستەوە و تەندروست رزگاری بوو. لەو رۆژەوە حوفزان بە(راکەڕی بەپەلە) ناوی دەرکرد. سەبارەت بەناو نانی ئەو ئامازەیان بەگێڕانەوەی دیکەیش داوە. ئەهتەم سەبارەت بە دیل کردنی حومران بەدستی خۆی دەڵێت:

نيطت بحمران المنية بعدما	حشاه سنان من شارعة ازرق
دعا يال قيس و اعتزيت بمنقر	و كنت اذا لاقيت فى الخيل اصدق

واتاکەی: مەرگ حومرانی گرتەوە و شەڕی لەگەڵ کرد و ئەمە دوای ئەوە بوو کە ڕمێکی کەومیی لەشوراعە ئەوی پێکا. ئەو قەیسییەکانی بانگ دەکرد و من مێنقەرییەکان. کاتێك سوار لەسەر ئەسپ روبەروی دوژمن دەبمەوە، راست دەڵێم و دروست هەڵس وکەوت دەکەم.

سوار کوڕی حییان مێنقەری وەك شانازی کردن بەخۆی لەبەرابەر پیاوێك لەبەکەرییەکان وتویەتی:

و نحن حفرنا الحوفزان بطعنة	كسته نجيعا من دم البطن اشكلا

و حمران قسرا انزلته رماحنا	فهالج غلا فی ذراعیه مثقلا
فیالك من ایام صدق نعدها	کیوم جواثا و النباج و نبتلا
قضی الله انا یوم تقتسم العلی	احق بها منکم فاعطی فاجزلا
فلست بمسطیع السمأ و لم تجد	لعز بناه الله فوقك منقلا

واتاکەی:

ئێمە گورزێکمان لەحوفزان دا و جلێك لەخوێنی ڕەش و ڕەنگاورەنگ، سکی ئەوی داپۆشی. ڕمەکانی ئێمە بەزۆر حومرانیان دیل کرد و ئەو میوانداری زنجیرێکی گرانباری لەسەر دوو بازوی خۆی کرد. چەند زۆرن ئەو ڕۆژ دروست و پیاوانەی کەدەتوانین بۆ خۆمانی بژمێرین: ڕۆژی جواسا و نەباج و ڕۆژی نەبتەل (کێوێك لەسەرزەمینی تەی). خوا بەمشێوە فەرمانیدا کاتێك ریزدارییان دابەش دەکرد، ئێمە لەئێوە شیاوتربین بۆی، لەبەرئەمە بەئێمەی بەخشی و زۆری بەئێمە بەخشی. تا نەتوانی لەگەڵ چارەنوسی ئاسمان شەڕ بکەیت و ناتوانیت لەشکۆیەك کەخوا بەسەر سەرت هەڵیکردووە، بۆ شوێنێکی دیکە کۆچ بکەیت.

شەڕی ئەیاد
(شەڕی ئەعشاش و شەڕی عوزالەی)

لەبەر ئەوە پێی دەڵێن شەڕی عوزالەی چوونکە تیایدا بێستام کوڕی قەیس و مەفروق کوڕی عەمرۆ و هانی کوڕی قەبیزە لەسەر فەرماندەیی درگیر بوون. بەکرییەکان لەژێر فەرمانی ئێرانییەکان و خوسرەو شای شاکانی ئێران بوون. ئێرانییەکان خواردن و ساز وبەرگیان پێ دەدان. ئەوان لەدەستەیەکی سێسەد کەسی و هاوپشت لەلای فەرمانداری عەین ئەلتەمەر بەرێکەوتن و هیوایان بەوە بەست کەمناڵەکانی یەربوع بەرەو (حوزن) (سەرزەمینە ناهەموارەکان) بڕۆن. لەبەر ئەمە مناڵەکانی عوتەیبە و مناڵەکانی عوبەید و مناڵەکانی زوبەید لەحوزن دابەزین و مناڵەکانی زەبید لە(حەدیقە) (بێستان). مناڵەکانی عوبەید و مناڵەکانی عوتەیبە لە(**روضة الثمد**) (بێستانی کەم ئاو) دابەزین. سوپای بەکریەیکان هات و لە(**حضبة الحصى**) (داوێنی زیخەلآنی کوێستان) مایەوە. بێستام لەحەدیقە ڕەشاییەکی بینی و سەیری گەنجێکی کرد و ناسیەوە چوونکە لەو کاتەوەی عوتەیبە ئەوی بەدیلی گرتبوو، لاوەکانی مناڵەکانی سەعلەبەی دەناسییەوە. بێستام سەبارەت بەو ڕەشاییە لەو لاوە پرسیاری کرد. لاو وتی: مناڵەکانی زوبەیدن. بێستام پرسی، ژمارەیان چەندە؟ لاو وتی: پەنجا بنەماڵە. بێستام پرسی: ئەی مناڵەکانی عوبەید و مناڵەکانی عوتەیبە لەکوێن؟ لاو وتی: لە**روضة الثمد** و خەڵکانیتر لەخوفافند. (خوفاف ناوی شوێنێکە). بێستام بەخەڵکەکەی وت: ئەی بەکرییەکان، ئایا لەمن فەرمان دەبەن؟ وتیان: بەڵێ. بێستام وتی: بەباشی دەزانم ئەم هۆزە بەتەنیا جێماوە تالآن بکەن (یانی مناڵەکانی زوبەید) و سەلآمەت بگەڕێنەوە. وتیان: مناڵەکانی زوبەید چییان هەیە تالآنی بکەین؟ وتی: بەسلآمەت ڕزگار بوون یەکێك لەدوو تالآنییەکەیە. وتیان: عوتەیبە کوڕی حارس (دوژمنی تۆ) مردووە. مەفروق وتی: ئەی باوکی سەهبا، سنوری خۆت بەزاندووە. هانی وتی: خەفە بە. بێستام وتی: ئەسید کوڕی جەبات

شەو ورۆژ لەماینە سورەکەی خۆی جیا نابێتەوە. کاتێك دەنگی سمی چوارپێکان و هاواری ئێوە ببیستێت، سواری دەبێت و دەرواتە سەر مەلیحە و هاوار دەکات: ئەی کوڕەکانی سەعلەبە! لەم کاتەدا ئەو گورزانەتان بەردەکەوێت کەتالأنی لەبیر ئێوە دەباتەوە و هیچ کام لەئێوە نازانێت هاورێکەی لەکوێدا لەخاك و خوێندا تلاوەتەوە. ئێوە نافەرمانی منتان کرد و من شوێنکەوتووی ئێوەم و بەزویی هەموو شتێك رون دەبێتەوە.

ئەوان هێرشیان کردە سەر منالەکانی زوبەید و دواتر رویان کردە منالەکانی عوبەید و منالەکانی عوتەیبە. ماینەکەی ئەسید کوترانی سمی چوارپێکانی لەسەر زەوی بیست و سمی لەزەوی کوتا. ئەسید سواری بوو و روی کردە مەلیحە و بەم شێوە بانگی منالەکانی یەربوعی کرد: ئەی هاوار لەم بەرەبەیانە شوومە! ئەی بنەماڵەی سەعلەبە کوڕی یەربوع! هێشتا خۆر هەڵنەهاتبوو کەئەوان گەشتن و شەڕێکی قورس دەستیپێکرد. منالەکانی شەیبان دوای کوشتنی ژمارەیەك لەشاسوارەکانی ئەوان، شکستیان خوارد و لەشەیبانییەکانیش ژمارەیەك کوژران و دیل کران. یەکیان هانی کوڕی قەبیسە بوو، ئەسیر کرا و بەهای ئازادی خۆیدا و خۆی کڕییەوە. موتمەم کوڕی نویرە سەبارەت بەم شەڕە وتویەتی:

لعمری لنعم الحی اسمع غدوة	اسید و قد جد الصراخ المصدق
واسمع فتیانا کجنة عبقر	لهم ریق عند الطعان و مصدق
اخذن بهم جنبی افاق و بطنها	فما رجعوا حتی ارقوا و اعتقوا

واتاکەی: بەگیانی خۆم سوێنك کەگەنجانێکی شایستە بوون ئەوانەی لەکاتی بەرەبەیان هاورێ لەگەڵ ئەسید هاتن و من دەنگیانم بیست و بینیم دەنگی پیاوە شەرکەرەکان بەرز بۆتەوە. دەنگی لاوانی شەرکەرێکم بیست کە لەپەریانی عەبقەر دەچوو(عەبقەر شوێنێکە عەرەبەکان گومان دەکەن سەرزەمینی پەرییەکانە) و لەکاتی هاتنە خوارەوە شمشێر و ڕم، بەباشی غاریان دەدا و شەڕیان دەکرد. لەگەڵ ئەوان دوولای (ئافاق) و دەوروبەریان گرت، لەشەڕ نەوەستان تا دوژمنانیان کردە

کۆیلەی خۆیان و دواتر ئازادیان کردن.

عەوام سەبارەت بەم شەڕە دەڵێت:

قبح الاله عصابة من وائل — يوم الافاقة اسلموا بسطاما
و راى ابوو صهباء دون سوامهم — طعنا يسلى نفسه و زحاما
كنتم اسودا فى الوغى فوجدتهم — يوم الافاقة فى الغبيط نعاما

واتاکەی: خوا ناشیرین کات دەستەیەك لەوایل کە لەرۆژی ئافاق بێستامیان بەتەنیا جێهێشت. باوکی سەهبا لەبەرابەر چوارپێکانی ئەوان گورزی دەوەشاند و خۆی و خەڵکەکەی ئارام دەکرد. ئێوە لەگۆڕەپانی شەڕ شێرانی ژیان بوون و لەرۆژی ئافاقە لەغەبیت چاوتان بەگایەلی وشترملەکان (دوژمنە بێ زاتەکان) کەوت.

عەوام وتاری زۆری سەبارەت بەم شەڕە هەیە. کاتێك پێداگری کرد، بێستام وشترەکەی گرت. دایکی وتی:

ارى كل شعر اصاب بشعره — خلا ان عواما بما قال عيلا
فلا ينطقن شعرا يكون جوازه — كما شعر عوام اعام و ارجلا

واتاکەی: هەر وتاردەرێك دەبینم کە لەرێگەی هۆنراوەکانی خۆیەوە بەشوێنێك دەگات جگە لەعەوام کەهەوساری ئەسپەکەی خۆی بەهۆی هۆنراوەکانییەوە لەدەست دا. نەکات لەدەم بێتەدەر ئەو هۆنراوەی کەپاداشتەکەی وەك پاداشتی هۆنراوەکانی عەوام بێت کەپەتی پچراند وخۆی پیادە کرد.

شەڕی شەقیقە و کوژرانی بێستام

لەم ڕۆژەدا لەنێوان منداڵەکانی شەیبان و زەببە کوڕی ئود شەڕ رویدا و بێستام کوڕی قەیس ڕێبەری شەیبانییەکان کوژرا.

هۆکاری ئەم شەڕە ئەوە بوو بێستام کوڕی قەیس کوڕی مەسعود کوڕی خالید کوڕی عەبدوللە زی ئەلجەدەین شەڕی منداڵەکانی زەببەی کرد و براکەی سەلیل کوڕی قەیس هاوڕێیەتی دەکرد. هاورێ لەگەڵ ئەوپیاوێك لەمنداڵەکانی ئەسەد کوڕی خەزیمە بەناوی نەقید بوو کە بەباڵندەکان فاڵی دەگرتەوە و پێشگۆیی دەکرد. کاتێك بێستام بەشێکی ڕێگەی بڕی، شەوێك لەخەودا بینی پیاوێك هاتە لایی وپێی وت: (سەتڵی پڕ دێتە سەر و دەگاتە خلیزگە و سەرەوخوار دەبێت و ئاو دەڕژێت). خەوەکەی خۆی بۆ نەقید گێرایەوە و نەقید بەخراپی لێکی دایەوە و وتی: بۆ نەتوت (دەگەڕێتەوە و پڕ دەبێتەوە) تا خراپیەکەی نەمێنێت؟ بێستام ڕوی کردە ڕێگا و ڕۆشتە پێش. کاتێك گەشتە تەپۆڵکەیەك بەناوی (حەسەن) لەسەرزەمینی زەببە، ڕۆشتە سەری تا بەرچاوی خۆی ببینێت. لەناکاو بینی چوارپێکان و ئەسپەکان سەراسەری بیابانیان پڕ کردەوە و لەناو ئەوان هەزار وشتری مێی مالیك کوڕی مونتەفیقی زەببی لەمنداڵەکانی سەعلەبە کوڕی سەعد کوڕی زەببەیە کە چاوی وشتری نێری ئەوانیان کوێر کردووە، دەبینرێت. لەسەردەمی جاهلی کاتێك ژمارەی وشترەکان بەهەزار دەگەشت، چاوی وشتری نێریان کوێر دەکرد تا چاوەزاری نەوێت. وشترانێکی لەوەڕاوی بەهار و قەڵەو بوون و مالیك کوڕی مونتەفیق سوار لەسەر ئەسپ لەناویاندا دەسوڕایەوە.

کاتێك بێستام ڕۆشتە سەر تەپۆڵکەکە ترسا ببینین و ئاگادار ببنەوە. لەبەر ئەمە ڕاکشا و بەهێواشی هاتە خوار و خۆی گەیاندە لای کەسەکانی، وتی: ئەی منداڵەکانی شەیبان، تا ئەمڕۆ هاوشێوەی ئەمەم نەبینیوە کە ئەم هەموو چوارپێیە بەڕەڵا بن و خواوەندەکانیان لێیان بێ ئاگا و بتوانرێت بەهێرشێکی لەناکاو هەموویان بگرین. نەقید سەیری ریشی بێستامی کرد و بینی خۆڵاوی بووە چوونکە لەسەر زەوی

خزاوە. دوبارە فاڵی خراپی لێدا و وتی: ئەگەر مەل راست بکات، ئەو یەکەم کەس دەبێت دەکەوێتە سەر زەوی و دەکوژرێت. پیاوی ئەسەدی مەبەستی جیابوونەوە لەبێستامی کرد بەلاّم لەئەندێشەی دووری و جیای لەو، لەرزە دایگرت. لەبەر ئەمە وتی: ئەی باوکی سەهبا بگەڕێرەوە چوونکە دەترسم بکوژرێیت. بێستام گوێی نەگرت و نەقید لێی جیابوویەوە.

بێستام و هاوەڵانی سوار بوون و هێرشیان کردە سەر وشترەکان و ئەوانیان بۆ پێشەوە برد. وشتری نێر مالیك بەناوی (باوکی شاعیر) کە چاوێکێکی کوێر بوو، لەناویاندا دەبینرا. مالیك پەڕییە سەر ئەسپەکەی خۆی و بەسلاّمەت رزگاری بوو و کاتێك گەشتە سەر تەعشار، هاواری کرد: ئای خەڵکینە، دوژمنان گەشتن! ئەوسا گەڕایەوە. سواران گەشتنە تالاّنیکەران و بینیان گایەلی وشترە تالاّنییەکە بۆ پێشەوە دەبەن. وشتری نێری ئەو باوکی شاعیر بۆ دواوە رایدەکرد تا بگەڕێتەوە و وشترەکان شوێنی دەکەوتن. هەر وشترێکی مێ کەشوێنی دەکەوت بێستام دەیکوشت. کاتێك مالیك بینی بێستام و هاورێکانی چی دەکەن، هاواری کرد: ئەی بێستام، ئەمە چ ناعەقڵییەکە! مەیان کوژە کە یان هی ئێمە دەبن یان هی تۆ. بێستام گوێی نەگرت. بێستام لەدوای خەڵکەکەی خۆی سوار لەسەر ئەسپێك بەناوی زەعفەران و پاسەوانی پیاوەکانی خۆی دەکرد. کاتێك سوارەکانی زەببە گەشتن، مالیك بەوانی وت: تیر لەمەشکی ئاوەکانیان بدەن. ئەوان تیریان بۆ مەشکی ئاوەکان هاویشت و کونیان کردن. منالّەکانی سەعلەبە گەشتن و لەپێش هەموویانەوە پیاوێکی نەزان بەناوی عاسم کوڕی خەلیفەی سەباحی بوو. ئەو پێشتر ڕمێکی بەدوای خۆیدا دەکێشا. پێیان دەوت: ئەی عاسم چی بەمە دەکەیت؟ دەیوت: بێستام دەکوژم. کاتێك دادخواز هات، عاسم بێ فەرمانی باوك سوار ئەسپ بوو و خۆی گەیاندە سوارەکان. بەیەکێك لەپیاوەکانی زەببەی وت: سەرکردە کامەیە؟ وتی: ئەوەی لەسەر ئەسپە ڕەشەکەیە. عاسم غاریدا تا گەشتە بەرابەری، ئەوسا ڕمەکەی لەنێوان گوێچکەیدا چەقاند بەشێوەیەك لەگوێچکەکەی دیکەیەوە هاتەدەر. بێستام کەوتە سەر دارێك بەناوی (ئالائە). کاتێك شەیبانییەکان ئەمەیان بینی، چوارپێکانیان بەجێهێشت و هەڵاتن. زۆریان کوژرا و زۆریان ئەسیر کران. منالّەکانی سەعلەبە نەجاد کوڕی قەیس برای

بێستامیان هاورێ لەگەڵ هەفتا شەیبانی ئەسیر کرد. عەبدوللە کوڕی عەممەی زەببی هاوسێی شەیبانییەکان بوو. ترسا بیکوژن.

مناڵانی زەید کوڕی عەمرۆ کەڕ بوون و هیچ کوژراوێك هاوتای بێستام نابێت. ئەو کەوتە سەر داری ئالالە و کەس لەژێر سەر یا پەیکەری سەرین و جێگە راناخات، وەك بڵێی ناوچاوی ئەو شمشێرێکی درەوشاوە بوو. ئەگەر مناڵەکانی باوکی شینی بۆ بکەن شیاوە چوونکە پرسەیەکەی گەورە روی تێکردون و پیاوێکی مەزنیان لەدەست داوە. پیاوێکی رۆژیدەر کەوشترانی کلك قوتی بێچو لەشیر گرتو دەکوژێت و گۆشتەکەی دەبرژێنێت و دەیهێنێتەوە وبۆماڵ و لەسەر سفرە دایدەنێت.

چوونکە بێستام پێگەیەکی بڵندی هەبوو، هیچ ماڵێك لەناو بەکەر کوڕی وایل نەبوو، لەمەرگی ئەو پرسەگێڕ نەبێت و بۆ دایکی بێستام کوڕی قەیس لەپرسەکەیدا وتی:

لبيك ابن زي الجدين بكر بن وائل	فقد بان منها زينها و جمالها
اذا ما غدا فيهم غدا و كانهم	نجوم سماء بينهن هلالها
فلله عينا من راى مثله فتى	اذا الخيل يوم الروع هب نزالها
عزيز المكر لا يهد جناحه	و ليث اذا الفتيان زلت نعالها
و حمال اثقال و عائذ محجر	تحل اليه كل ذاك رحالها
سيبكيك عان لم يجد من يفكه	و يبكيك فرسان الوغى و رجالها
و تبكيك اسرى طالما قد فككتهم	و ارملة ضاعت و ضاع عيالها
مفرج حومات الخطوب و مدرك الـ	ـحروب اذا صالت و عز صيالها
تغشى بها حينا كذاك ففجعت	تميم به ارماحها و نبالها
فقد ظفرت منا تميم بعثرة	و تلك لعمرى عثرة لا تقالها
اصيبت به شيبان و الحى يشكر	و طير يرى ارسالها و حبالها

واتاکەی: دەبێت مناڵەکانی بەکر کوڕی وایل بۆ کوڕەکەی زو ئەلجودەین بگرین و شین بکەن چونکە جوانی و رازاوەیی لەوان جیابوویەوە و دور کەوتەوە. کاتێك

لەگەڵ ئەوان بەرێکەوێت، بەشێوەیەك خەرامان دەبن کەدەڵێی ئەستێرەکانی ئاسمانن و مانگێکی نوێ لەناو خۆیان هاورێ لەگەڵ ئەوان دەرکەوتووە. کاتێك لەرۆژی شەڕ و ترسی پاڵەوانەکان، روبەروبوونەوەی سوارەکان لەگەڵ یەك دەست پێ بکات، خۆزگە بەو چاوەی جوامێرێکی وەك ئەوی ببینیبێت. هاوشێوەی رێزداران هێرش دەکات و بارەگای ئەو بەهێرش کردن دادەڕمێت و لاواز نابێت. کاتێك پێی لاوەکان بخزێت، ئەو شێرێکی بوێرە. دەچێتە ژێر بارە گرانەکانی خەڵکەکەی خۆی و بێ بەشەکان تیمار و نیازمەندان خۆیان دەپێچنەوە و رووی تێدەکەن. گرفتارێك کەکەسی دەست نەکەوێت بەندەکانی بپچڕێنێت، بۆ تۆ دەگریت و سوارە بەئەزمونەکانی خەڵکەکەی خۆت لەشەڕ لەگەڵ سوارەکانی ئەو بۆ تۆ دەگرین چوونکە بەردەوام بۆ ئازادی ئەوان هەوڵ دەدا و بێوەژنەکان دەگرین چوونکە پێشێل کراون و ناندەری ئەوان کوژراوە. چارەسەرکەری گرێ دژوارەکان لەپێشهاتە گیانبڕەکان و شەڕە دژوارەکان و کاتێك ئاگری شەڕ خۆش و زۆپای جەنگ سور دەبوویەوە، روی لەگۆڕەپانی شەڕ دەکرد و کاروبارەکانی دەگرتە دەست و کارە قورسەکانی لەسەر شانی کەسانیتر هەڵدەگرت. بەمشێوەبوو کە پەیامبەری نەمان ئەوی گرت و بردی و تەمیمیەکان بەکوشتنی ئەو ئێمەیان پرسەگێڕ کرد و تیر و ڕمی خۆیان تێراو کرد.

تەمیمییەکان دەستیان بەسەر هەڵەیەك لەئێمە گرتووە بەڵام سوێند دەخۆم بەگیانی خۆم کە بەبیانوی ئەوان بۆ ئەم هەڵەیە رازی نابن و لەگوناحی ئەوان خۆش نابن.

لەمەرگی ئەو لەشکریان و خەڵکی هۆزەکەی پرسەیان گێڕا و ئەو باڵندانەی بۆ ئاسمان بەرەلا دەکران، پەڕ و باڵەکانیان دەبەسترا یا خۆیان دەگەڕانەوە.

شەڕی نێسار

نێسار ناوی زنجیرە کێوێکی پەیوەستە کەشەڕەکە تیایدا رویدا. ئەم زنجیرە کێوە لەناو عەرەبەکان بەناوبانگە.

هۆکاری ئەم شەڕە ئەوە بوو منداڵەکانی تەمیم کوڕی موڕ کوڕی ئود رۆژی مامەکانی خۆیان منداڵەکانی زەببە کوڕی ئود و منداڵەکانی عەبد مەنات کوڕی ئودیان دەخوارد و لەسامانەکانی ئەوان رۆژگاریان دەگوزەراند. جارێکیان واپێشهات منداڵەکانی زەببە کوڕی ئود هێرشیان کردە سەر دەستەیەك لەتەمیمیەکان. منداڵەکانی تەمیم شوێنیان کەوتن بەڵام دەستەی رەباب لەگۆڕەپانی شەڕ دوورکەوتنەوە و هەڵاتن. ئەمانە پێك هاتبوون لەم کەسانە: تیم، عودەی، سور ئەتحەل، عوکل، منداڵەکانی عەبد مەنات کوڕی ئود و زەببە کوڕی ئود. لەبەر ئەوە پێیان دەوتن رەباب چوونکە لەکاتی هاوپەیمان بوون، دەستەکانی خۆیان کردە ناو گوشراوی میوە (روب) (دۆشاو) و پەیوەستی منداڵەکانی ئەسەد بوون کەلەم کاتەدا هاوپەیمانانی منداڵەکانی زوبیان کوڕی بەغیز بوون. فریاد خوازی منداڵەکانی زەببە هاواری کرد: ئەی منداڵەکانی خێندەف، فریام کەون! منداڵەکانی ئەسەد فریایی کەوتن. ئەمە یەکەم رۆژ بوو منداڵەکانی زەببە فریادخوازی بەرنە لای خێندەف و داوای هاوکاریان لەهاوپەیمانەکانی خۆیان زەببی و غەتەفان کرد. سەرکردەی ئەسەدییەکان لەشەڕی نێسار عەوف کوڕی عەبدوللە کوڕی عامر کوڕی جەزیمە کوڕی نەسر کوڕی قەعین و بەوتەی هەندێ کەس، خالید کوڕی نەزەڵە بوو. سەرکردەی رەبابیەکان ئەسوەد کوڕی مونزەر برای نەعمان کوڕی مونزەر بوو. بەڵام ئەمە راست نییە. سەرکردەی هەموویان حێسن کوڕی حوزەیفە کوڕی بەدر بوو. سەبارەت بەم شەڕەیە زوهەیر کوڕی ئەبی سولەمی دەڵێت:

و من مثل حصن فی الحروب و مثلة — لانداد ضیم اولامر یحاوله
اذا حل احیأ الاحیف حوله — بذی نجب لجاته و صواهله

واتاكەی: بۆ لەناوبردنی ستەم یا كارێك كەمەبەستی ئەنجامدانی هەیە، كام كەسە وەك حێسن بێت و كام كەس وەك ئەو رودەكات گۆڕەپانی شەڕ؟ ئەو كاتەی تیرەكانی هاوپەیمان لەدەوری كۆبوونەوە، ئەمە لەزی ئەجەب رویدا كە شەڕكەران سوار لەسەر چوارپێ شەڕكەرەكان و ئەسپانی شەڕكەر سوار بوون.

كاتێك هەواڵی ئەم كارە بەتەمیمەكان گەشت، داوای هاوكاریان لەمناڵەكانی عامیر كوڕی سەعسەعە كردو ئەوان هاوكاریان كردن. فەرماندەی مناڵەكانی تەمیم حاجب كوڕی زەرارە بوو. عامر كوڕی سەعسەعەیان بە(جواب) دنیاگەڕ ناودەبرد و ناوی ئەو مالك كوڕی كەعب لەمناڵەكانی ئەبی بەكر كوڕی كەلاب بوو چوونكە جواب، مناڵەكانی جەعفەری بەرەو لای مناڵەكانی حارس و مناڵەكانی كەعب دەركردبوو و ئەوان ببوونە هاوپەیمانی ئەوان. دەستەیەك دەڵێن: سەركردەی عامر شورەیح كوڕی مالیكی قوشەیری بوو. دوو سوپا بەرێكەوتن و لەنێسار چاویان بەیەك كەوت و بۆ شەڕ وەستان. عامریەكان خۆڕاگریان كرد و لەبەر ژمارەی كوژراوەكانیان زیادی كرد. تەمیمیەكان لێك پچڕان و تەندروست رزگاریان بوو و ژمارەیەكی ئەوتۆیان لێنەكوژرا. شورەیحی قوشەیری سەركردەی عامرییەكان و عوبەید كوڕی معاویە كوڕی عەبدوللە كوڕی كەلاب و كەسانیتر كوژران. ژمارەیەك لەژنانی گەورەزادەكانی مناڵەكانی عامیر ئەسیر كران كە لەناو ئەوان دەتوانین سەلی كچی موخەلەف و عەنقا كچی هەمام ناو ببەین. سەلی ئەم قسانەی بۆ سەركۆنە كردنی (جواب) عامیر كوڕی سەعسەعە كرد:

لحى الاله ابا ليلى بفرته ... يوم السنار و قنب العير جوابا
كيف الفخار و قد كانت بمعترك ... يوم النسار بنو ذبيان اربابا
لم تمنعوا القوم ان اشلوا سوامكم ... ولا النساء و كان القوم احرابا

واتاكەی: خوا باوكی لەیلی ریسوا بكات كە لەشەڕی نێسار پشتی كردە دوژمن و هەڵات. هەروەها ریسوا بكات پێستی نێرینەی كەری جواب. چۆن دەتوانی شانازی بەخۆت بكەیت كەئەم هەڵاتنە لەرۆژی شەڕدابوو، رۆژی شەڕی نێسار كەمناڵەكانی

زوبیان خاوەنەکانی بوون. ئەو خەڵکانەی چوارپێکانی ئێوەیان بۆ پێشەوە دەبرد و تالأنیان کرد و ژنانی ئێوەیان لەدەستی خۆیان گرفتار کرد، ڕێگەتان لێ نەگرتن و لەنشینگەی خۆتان دورتان نەکردنەوە.

پیاوێکیتر بۆ سەرکۆنەکردنی جواب و توفەیل بۆ هەلأتن لەدوو هاوسەرەکەی، ئەمەی وت:

و فرعن ضرتيه و جه خارئة　　　و مالك فر قنب العير جوابا

واتاکەی: ئەو بەروخسارێکی گلأو بەپیسی لەبەرابەر دوو ژنەکەی رایکرد. مالیکیش رایکرد یانی ئەو دنیاگەڕە کە لەپێستی کەرێکی نێر دەچێت، هەلأت.

قنب: پێستی نێرینەیە. جواب ناوێکی دیکەیە بۆ مالیك.

لەبەر ئەمە بەم ناوە بانگیان دەکرد چوونکە بەدنیادا دەگەڕا یانی شوێنی پێی هەلأتوانی هەڵدەگرت و دەیدۆزینەوە. بیشری کوڕی ئەبی خازم سەبارەت بەشکستی حاجب وتی:

و افلت حاجب جوب العوالى　　　على شقراء تلمع فى السراب
و لو ادركن راس بنى تميم　　　عفرن الوجة منه بالتراب

واتاکەی: حاجب رویکردە (جوب العوالى) و هەلأت، سوار ماینێکی سورموو بوو کە لەناو تراویلکەدا دەدرەوشایەوە. ئەگەر ئەوان سەرکردەی تەمیمیەکانیان دەست دەکەوت روخساریان لەزەوی دەدا.

شەڕی نێسار دوای شەڕی جەبەلە بوو کەلەقیت کوڕی زەرارە تیایدا کوژرا.

کاتێك ساڵێك لەشەڕی نێسار تێپەڕی، ئەو عەرەبانەی لەم شەڕەدا ئامادەبوون، کۆبوونەوە، سەرکردەکانیان لەشەڕی جێفار هەمان سەرکردەکانی شەڕی نێسار بوون. جگە لەوەی بەوتەی هەندێ کەس، سەرکردەی مناڵەکانی عامر لەم شەڕە عەبدوللە کوڕی جەعدە کوڕی کەعب کوڕی رەبیعە بوو. دوو لەشکر لەجێفار روبەروی یەك بوونەوە و بۆ شەڕ ریزیان بەست. شەڕی جێفاریان بە(صیلم) بوونیاد روخێن ناوبردووە چوونکە لەم شەڕەدا پیاوانی زۆر کوژران. بێشر کوڕی ئەبی خازم سەبارەت بەپشتیوانی گەرم و دەمارگیریانەی تەمیمییەکان لەعامرییەکان وتویەتی:

عصبت تميم ان يقتل عامر	يوم النسار فاعقبووا بالصيلم
كنا اذا نفروا لحرب نفرة	نشفى صداعهم براس صلدم
نعلو الفوارس بالسيوف و نعتزى	و الخيل مشعلة النخور من الدم
يخرجن من خلل الغبار عوابسا	خبب السباع بكل ليث ضيغم

واتاکەی: تەمیمییەکان گرفتاری تورەیی بوون کەعامرییەکان کوشتار بکرێن. ئەمە لەرۆژی شەڕی نێسار بوو. کاتێك تورە بوون شەڕێکی بوونیاد روخێن بەدوای ئەوە بەرۆکی ئەوانی گرت. ئێمە بەشێوەیەك بووین کاتێك دوژمنەکانمان رویان لەشەڕ دەکرد، سەر ئێشەی ئەوانمان بەسەرێکی سەخت و بێزار نەبوو چاك دەکردەوە. بەشمشێرە دەرکێشراوەکان لەسەری سوارەکانمان دەدا و دڵی خۆمان فێنك دەکردەوە. لەم کاتەدا، سەر و سینگی ئەسپەکان لەبارانی خوێن دەدرەوشایەوە. لەناو تەپ و تۆزی گۆڕەپانی شەڕ، رو گرژ دێنەدەر بەشێوەیەك درندەکان لەبەرابەر شێرەکانی ژیان هەڵدێن.

ئەم قەسیدەیە دێری زۆرە. هەروەها دەڵێت:

يوم الفجار و يوم النساء	ركانا عذابا و كانا غراما
فاما تميم تميم بن مر	فالفاهم القوم روبى نياما
و اما بنو عامر بالجفار	و يوم السنار فكانوا نعاما

واتاكەی:

شەڕی جێفار و شەڕی نێسار بووە هۆی ئەشكەنجە و تاوانی دوژمنانی ئێمە. بەلأم تەمیمییەكان یانی منالەكانی تەمیم كوڕی موڕ، پیاوانی ئێمە لەكاتێكدا دەوریان گرتن كەرێگەیەكی درێژیان پێوابوو و خەوێكی قورس دایگرتبوون. بەلأم عامرییەكان، لەشەڕی جێفار و شەڕی نێسار هاوشێوەی وشترملەكان لەبەردەم پلنگەكان هەلأتن.

شەڕی سەفەقە و کولابی دووەم

هۆکاری شەڕی سەفەقە ئەوە بوو بازان فەرماندار و نوێنەری خوسرەو پەرویز لەیەمەن، کاروانێك لەسامانەکان و دیاریەیکانی بۆ دەرباری خوسرەو نارد. کاتێك کاروان گەشتە شوێنێك بەناوی (نەتاع) لەسەرزەمینی نەجد، تەمیمیەکان هێرشیان کردە سەری و نێردراوان و ئەسوارانی خوسرەویان تالآن کرد. تالآن کراوەکان، ڕۆشتنە لای هودە کوڕی عەلی حەنەفی فەرمانداری یەمامە. ئەو ڕێزی لێ گرتن و جل و بەرگی پۆشاندن. پێشتر هەر جارێك خوسرەو پەرویز کاروانێك لەمادە بۆنخۆشکەرەکان و کالآ دەگمەنەکان و پارچە گرانباییەکانی بۆ یەمەن دنارد تا لەوێ بیانفرۆشێت، هوزە کوڕی عەلی حەنەفی، ساز وبەرگ و کەرەستەی شەڕ و باروبنەی دەبەخشی بەنێردراوانی خوسرەو و پەنای دەدان و ڕێزی لێدەگرتن. خوسرەو خوازیاری ئەوە بوو ببینێت و پاداشتی کارەکانی بداتەوە. کاتێك لەم دواییەنە جار چاکەی لەگەڵ ئەو کەسانە کرد کەگرفتاری تەمیمییەکان ببوون، پێیان وت: شای شاکان بەردەوام باسی تۆ دەکات و خوازیاری ئەوەیە بڕۆیتە سەردانی. ئەو لەگەڵ ئەوان بەرێکەوت. کاتێك گەشتە لای شای شاکان، ڕێزی لێگرت و گفتوگۆی لەگەڵدا کرد تا هەست بەئاستی زانین و عەقڵی بکات. شای شاکان ئەو شتانەی لێبینی کەبووە هۆکاری شادمانی. لەبەر ئەمە فەرمانیدا و زێر و سیمی فراوانیان پێدا و تاجێك لەتاجەکانیان خستە سەر.

هوزە پیاوێکی مەسیحی بوو. خوسرەو فەرمانی پێدا هاورێ لەگەڵ موکەعبەر و سوپایی شایی بڕواتە شەڕی تەمیمییەکان. ئەوان بەرێکەوتن و لەموشەقەر دابەزین. موکەعبەر و هوزە لەڕۆشتنە ناو سەرزەمینی تەمیمییەکان ترسان چوونکە خەڵکانی ئەوێ قەلآ نشین بوون و ئێرانییەکان نەیاندەتوانی بەسەریاندا زاڵ بن. لەبەر ئەمە، چەندین پیاویان لەمناڵەکانی تەمیم نارد و ئەوانیان بۆ میوانی بانگ کرد. ساڵێکی سەخت و دژوار بوو. ئەوان سوار هەر چوارپێ و ئەسپ و وشترێك بوون و بەپلە رویان کردە میوانییەکە. موکەعبەر ئەوانی پێنج پێنج یا دە دە یا زیاتر و کەمتر

لەدرگاییێکەوە دەبردە نا و وای نیشان دەدا لەدرگاییێکیتر دەیانکاتەدەر. هەر کەس دەڕۆشتە ناو لەملی دەدا. کاتێك ئەم کارە درێژی کێشا و بینیان هەر کەس دەڕواتە ناو و نایێتە دەرەوە، چەندین پیاویان نارد تا لەم کارە ئاگادار ببنەوە. پیاوێك لەعەبەس بەدژواری ڕۆشتە پێش و زنجیری پچڕاند و ئەو کەسانەی لەناوەوە بوون هێنایە دەر. موکەعبەر فەرمانیدا دەرگاکان ببەستن و هەموو خەڵکانی ناو شار بکوژن. ئەو ڕۆژە جەژنی (فصح) بوو. هوزە داوای گیانی سەد کەسی لەموکەعبەر کرد کەموکەعبەر ئەوانی پۆشاند و لەرۆژی جەژنی فصح ئازادی کردن. ئەعشا لە قەسیدەیەك بۆ وەسف کردنی هوزە دەڵێت:

بها يقرب يوم الفصح ضاحية   يرجوالاله بما اسدى و ما صنعا

واتاکەی: لەوێ لەرۆژی فصح چەندین قوربانی هێنایە درگای خواوەند، لەم کارە چاکەی ئەنجامیدا، تەنیا چاوی لەپاداشتی خواوەند بوو.

لەسەر ئەم بنەمایە ڕۆژی (مشقر) بوو بەپەند. ئەمە هەمان ڕۆژی سەقەفەیە (لێکدان، بەریەك کەوتنی دەست و درگا و هاوشێوەکانی) چوونکە درگا کرایەوە و بەسترا. شەڕی سەقەفە کاتێك رویدا کەپێغەمبەر بۆ پێغەمبەری هەڵبژێردرابوو بەلاَم بۆ مەدینە کۆچی نەکردبوو.

بەلاَم داستانی شەڕی کەلابی دووەم بەم شیوە بوو: پیاوێك لەمناڵەکانی قەیس کوڕی سەعلەبە لەسەرزەمینی نەجران ڕۆشتە لای مناڵەکانی حارس کوڕی کەعب کەخاڵەکانی بوون. لەو سەبارەت بەو خەڵکەی بەجێی هێشتوون، پرسیاریان لێکرد. پێی وتن: درگای مشقر لەسەر مناڵەکانی تەمیم داخراوە و پیاوە شەڕکەرەکانیان کوژراون و ژن و مناڵ و سامانەکانیان لەناو ماڵە بێ بەرگریکارەکان بەجێ ماون. لەبەر ئەمە مناڵەکانی حارس لەمزحەج و هاوپەیمانەکانی لەنەهد و جەرم کوڕی رەبان سوپایەکی گەورەیان کۆکردەوە کەژمارەی پیاوە شەڕکەرەکانی دەگەشتە هەشت هەزار کەس. لەسەردەمی جاهلی، لەم سوپایە و سوپای خوسرەو لەشەڕی زی قار و لەشکرییەکانی شەڕی جەبەلە، سوپایەکی گەورەتر نەبینرابوو. هەموویان بۆ شەڕی

تەمیمییەکان بەرێکەوتن. کاهینێك بەناوی سەلە کوڕی موغەففەل لەمناڵەکانی حارس وشیاری دایە ئەوان کەشەڕی تەمیمیەکان نەکەن. ئەو بەشێوەی ئەو رۆژگارەی کاهینەکان، بەوتەی مەبەستدار پێی وتن: ئێوە بە ئاشکرا دەڕۆن نە لەشەوی ڕەش، شەڕی بەردەوام ناکەن بەڵکو سات نا ساتێك شەڕ دەکەن لەگەڵ سەعد و ریانی بێ پەنا، لەسەر ئەو ئاوانە دادەبەزن، خۆراگرن و بەهێزن خوازراو و نەخوازراو، شەڕ دەکەن لەگەڵ ئێوە لەبەرەبەیانەوە تا ئێوارێ، بەهەرمیەك بەدەست ناهێنن مەگەر خاك، ببیستن ئامۆژگاری پیاوێکی ئاگا، بگەڕێنەوە لەشەڕی تەمیمییەکان تا نەکەونە ناو چاڵ. ئەوان گوێیان لەئامۆژگارییەکەی نەگرت و درێژەیان بەرێگای خۆیان دا. ئەم هەواڵە بەتەمیمیەکان گەشت. پیاوە زاناکانی ئەوان لای ئەکسەم کوڕی سەیفی کەلەو کاتەدا سەد و نەوەد ساڵ تەمەنی بوو، کۆبوونەوە. پێیان وت: ئەی باوکی جیدە، ئەم کارە بە ئەنجام بگەیێنە کەئێمە تۆمان بەسەرکردەی خۆمان هەڵبژاردووە. وتی:

و ان امرا قدعاش تسعين حجة	الى مائة لم يسام العيش جاهل
مضت مائتان غير عشر و فاؤها	و ذلك من عد الليالى قلائل

واتاکەی: پیاوێك کە سەد و نەوەد ساڵ بژیت و لەژیان بێزار نەبێت، نەزانە. دوسەد ساڵ جگە لەدەساڵی سەراسەر، بەسەر چوون و ئەمە لەناو شوماری زەمان کەمە.

دواتر وتی: پێویستم بەسەروەری نییە بەڵام بۆ ئێوە بەباشی دەزانم مناڵەکانی حەنزەلە کوڕی مالیك لەدەهنا بێستن و سەعد کوڕی زەید مەنات و رەباب، یانی هەمان زەببە ئود و سور و عەکەل و عودەی مناڵەکانی عەبد مەنات کوڕی ئود، لەکەلاب جێگە بگرن. هەرکام لەم دوو رێگا دوژمن بیگرێتە بەر، هەر یەك لەم دوو سوپایە لەوێ خۆراگری بکات و قورسایی شەڕ لەسەر شانی سوپاکەی تر هەڵبگرێت. ئەوکات پێی وتن: گوێ لەئامۆژگاری من بگرن، ژنانە مەهێنن بۆ ناو گۆڕەپانی شەڕ

کەپیاوانی پەست پشت دەکەن دوژمن و ژنان بۆ دوژمنان بەجێ دێڵن، ناسازگاری لەگەڵ فەرماندەکانی خۆتان وەلابنێن، لەهاوار کردنی زۆر لەشەڕ خۆ بپارێزن کەئەمە خۆی نیشانەی سستییە، پیاو خوازراو و نەخوازراو سست و ناتەوان دەبێت، نەزانانەترین کارەکان خراپەکارییە و وشیارترینی وشیارەکان خۆپارێزن، لەوتار و کردار هاودەست و یەکدڵ بن چوونکە کار بەکۆمەڵەکان بەسەرکەوتن کۆتایی دێن، لەناسازگاری خۆبەدوور بگرن کەهەر کەس گیرۆدەی بەربلاوی بێت، شکست دەخوات، نەزۆر درەنگ بگەن نەزۆر بەپەلە بن کە لەناو دوو سوپای شەڕکەر ئەوەی ئارامتر و خۆڕاگرتر بێت، سەرکەوتن بەدەست دێنێت و چەند زۆر ئەو پەلە کردنانەی کارەکان خاو دەکەنەوە. کاتێك براکەت سەرئەفرازی بکات، تۆ سەر دانەوێنە. جل و بەرگی پڵنگ بپۆشن و وەك شێری ژیان برۆنە گۆڕەپانی شەڕ، شەو بکەنە زرێ و قەڵغانی خۆتان و سوار بن چوونکە شەو هەموو شتێك دادەپۆشێت، خۆڕاگری لەبەهێزی باشترە، بەچێژترین سەرکەوتن، فراوانی دیلەکانە و باشترین تالانییەکان، گرتنی سامانە بێ کۆتاییەکان، لەشەڕ لەمەرگ مەترسن کەروبەرو و لەپشت سەری ئێومیە و دڵدان بەیار لەکاتی شەڕ هۆکاری هەڵە و لاوازییە. باشترین فەرماندەکانی ئێوە نەعمان کوڕی مالیك کوڕی حارس کوڕی جەساسە کە لەمناڵەکانی تەمیم کوڕی عەبد مەنات کوڕی ئودە. ئەوان گوێیان لەبۆچوونەکانی گرت و مناڵەکانی عەمرۆ کوڕی حەنزەلە لەدەهنا جێگەیان گرت و سەعد و رەباب و مزحەج و هاوەڵانی لەقوزاعە رویان کردە کولاب. هەواڵی ئەم کارە بەسەعد و رەباب گەشت. کاتێك مزحەجییەکان نزیك بوونەوە، شمیت کوڕی زەنباعی یەربوعی ئەوانی ئاگادار کردەوە. ئەو سوار وشترەکەی خۆی روی کردە سەعد و هاواری کرد: ئای خەڵکینە! دوژمنان گەشتن، ئەی مناڵەکانی تەمیم، دێو سرشتەکان هاتن. خەڵك راپەڕین. مزحەجییەکان روویان کردە چوارپێکان و خەڵك ئەوانیان تالان کرد و شێعرخوێنەکەیان ئەمەی دەخوێند:

فی کل عام نعم ننتابه   علی الکلاب غیبت اصحابه

یسقط فی آثاره غلابه

واتاکەی: ساڵانە ئەو چوارپێیانە هەن کەدەورمیان دەگرین، لەسەرزەمینی کولابن و خاوەنەکانیان لێیان دور. سەرکەوتوو شوێن ئەوان دەکەوێت

لەم کاتەدا قەیس کوڕی عاسمی مێنقەری و نەعمان کوڕی جەساس و مالیك کوڕی مونتەفیق لەگەڵ خەڵکەکەی خۆیان بەپەلە گەشتن. قەیس لەوەڵامی ئەو شێعر خوێنەدا وتی:

عما قليل تلتحق اربابه	مثل النجوم حسرا سحابه
ليمنعن النعم اعتصابه	سعدوفرسان الوغى اربابه

واتاکەی: بەزووی خاوەنەکانیان دەگەن، هاوشێوەی ئەستێرەکانن کەهەورەکان لەبەرابەر ئەوان خۆیان لا دابێت.

ئەوسا قەیس هێرشی کردە سەریان و ئەمەی وت:

فى كل عام نعن تحوونه	يلحقه قوم وتنتجونه
اربابه نوكى فلا يحمونه	ولايلاقون طعانا دونه
انعم الابناء تحسبوونه	هيهات هيهات لما ترجونه

واتاکەی: هەر ساڵە چوارپێیانێك هەن کەئێوە دەوریان دەگرن، پیاوانێك ئەوان دەگرن و ئێوە لەسەر ڕێگاکانیان دادەنیشن، ئەوان لەبەرابەر ئەم کارە خۆراگری ناکەن. ئایا ئەوان بەچوارپێکانی بنەماڵەی خۆتان دەزانن؟ دووره دوور، ئەوەی چاوی تەماحتان تێبڕیوە.

لەو ڕۆژەدا تەمیمیەکان بەسەختی شەڕیان کرد و سەراسەری ڕۆژیان لەجەنگدا

بەسەر برد. دواتر یەزید کوڕی شەنان کوڕی قینانی حارسی هێرشی کردە سەرنەعمان کوڕی مالیك کوڕی جەساس و تیرێکی بۆ هاویشت و ئەوی لەناو برد. فەرماندەیی گەشتە قەیس کوڕی عاسیم. ئەوەندە شەڕیان کرد تا شەو جیایی خستە نێوانیان. شەویان تا بەیانی بەچاودێری کردنی یەکتر کردە ڕۆژ و کاتێك بەرەبەیان هات، شەڕیان دەست پێکردەوە. قەیس کوڕی عاسیم و مزحەجیەکان سوار بوون. تەمیمیەکان لەڕۆژی پێشتر زیاتر شەڕیان کرد. یەکەم کەس لەمزحەجییەکان کەشکستی خوارد، مودریج ئەلریاح یانی عامیر کوڕی مەجون کوڕی عەبدوللە جەرەمی نالأدارەکەیان بوو کەئالأی فڕێدا و هەلأت. پیاوێك لەمنالەکانی سەعد گەشت و ئەسپەکەی ئەوی کوشت. ئەو دابەزی و بەراکردن هەلأت. قەیس کوڕی عاسیم هاواری کرد: ئەی تەمیمیەکان، ڕوو لەسوارەکان بکەن و واز لەپیادەکان بێنن. ئەوان خۆیان گرفتاری ئێوەن. ئەو گرتن و بەستنەوەی ئەسیرەکانی دەست پێکرد.

عەبد یەغوس کوڕی حارس کوڕی وەقاسی حارسی سەرکردەی مزحەجییەکان ئەسیر کرا و لەبەرابەر نەعمان کوڕی مالیك کوڕی جەساس کوژرا. عەبد یەغوس پیاوێکی شاعیر بوو. پێش کوشتنی زمانیان بەست تا خراپەیان نەلێت. ئەو بە نیشارە ئەوانی تێگەیاند تا زمانی بکەنەوە و بەلێنی دا خراپەیان نەلێت. کاتێك زمانیان کردەوە، وتی::

الا لا تلومانی کفی اللوم ما بیا — فما لکما فی اللوم نفع و مالیا
الم تعلما ان الملامة نفعها — قلیل و ما لومی اخا من شمالیا
فیاو اکبا اما عرضت فبلغن — ندامای من نجران الا تلاقیا
ابا کرب و الا یهمین کلیهما — وقیسا باعلی حضرموت المانیا
اقول و قد شدوا لسانی بنسعة — معاشرتیم اطلقوا من لسانیا
کانی لم ارکب جوادا و لم اقل — لخیلی کری کرة من ورائیا
ولم اسباؤ الزق الروی ولم اقل — لایسار صدق عظموا ضوء ناریا
و قد علمت عرسی ملیکة اننی — انا اللیث معدوا علیة و عادیا
لحی الله قوما بالکلاب شهدتهم — صمیمهم و التابعین الموالیا
و لو شءت نجتنی من القوم شطبة — تری خلفها الکلمت العتاق توالیا

و كنت اذا ماالخيل شمصها القنا	لبيقا بتصريف القناة بنانيا
فيا عاص فك القيد عنى فاننى	صبوور على مر الحوادث ناكيا
فان تقتلونى تقتلوا بى سيدا	و ان تطلقونى تحربوونى ماليا

واتاکەی: های ئەی دوو یاری نازەنینی من، سەرکۆنەم مەکەن چوونکە ئەوەی بەسەرم هاتووە. بەسمە و پێویستم بەسەرکۆنەکردن نییە و نەنێوە لەسەرکۆنە کردن سودێکتان دەست دەکەوێت، نەمن. ئایا نازانن سوودی سەرکۆنە کردن کەمە؟ چ سوود لەوەی برادەرێك لای خۆم سەرکۆنە بکەم؟ ئەی پیاوی سوارکار، ئەگەر ڕێت کەوتە سەرزەمینی من، بەدوو هاوپیاڵەکەی من لەنەجران بڵێ: بێ من لەسەر سفرەی بادە خواردنەوە دامنیشن، باوکی کرب و هەردوك (ئەیهەم)، و قەیس کە لەحەزرەموت لەسەرەوەی یەمەن جێگایان هەیە، لەمنەوە سڵاو بۆ هەموویان بێت. ئێستا لەکاتێکا زمانی منیان بەڕشتەیەك پێست بەستۆتەوە، دەڵێم: ئەی دەستەی تەمیمییەکان، زمانی من بکەنەوە، وەك بڵێی من سوار سەمەندی تیژپێ نەبووم، دەڵێی بەئەسپی تیژ پێ و چالاك و سوارانی ژێر دەستی خۆم فەرمانم نەداوە: شوێنم کەون و بەدوای مندا هێرش بکەن. دەڵێی مەشکی پڕ بادەی بەتامم بۆ خواردنەوە نەکڕیوە، بەتاوڵە بازانی دەوروبەری خۆم نەوتووە، ئاگری میوانخانەکەی من گەرمتر بکەن و گەورەتر تا میوانی زیاتر روی تێبکەن. ژنە گەنجەکەم خاتوو(مەلیکە) باش دەزانێت من شێری ژیانم، چ ئەسیر بم چ ئازاد، چ گرفتار بم چ ئامادەی شەڕ، خوا ناشیرین کات ئەو خەڵکانەی لەسەرزەمینی کەلاب چاوم پێیان کەوت، چ ئازادەکانی ئەوان، چ بەردەکانیان و چ پەیوەندیدارەکان بەوان. ئەگەر دەمویست ئەسپە گەنجەکەم بەدوای ئەو ئەسپە سور و سپی و ڕەسەنانەوە بێت، منی لەم گێژاوە رزگار دەکرد. بەشێوەیەك بووم کاتێك سوار چوارپێکان دەبووم و ئەسپەکانم بەڕمەکان غاردەدا، پەنجەکانم لەسوڕاندن و کارکردنی ڕم لەهەر کەسێك نەرمتر و بەئەزموونتر بوو. ئێستا ئەی عاسیم، بەندی من بکەرەوە کەمن بۆ بەسەر بردنی پێشهاتە گیانبڕەکان خۆڕاگر و بەتاقەتم. ئەگەر بمکوژن سەروەرێکی گەورەتان کوشتبێت و ئەگەر ئازادم بکەن هەموو سامانەکانی من بەدەست دێنن.

باوكی كرب بێشر كوڕی عەلقەمە كوڕی حارسە و دوو ئەیهەم ئەسوەد كوڕی كوڕی عەلقەمە كوڕی حارس و عاقب یانی عەبدئەلمەسیح كوڕی ئەبیەز و قەیس هەمان قەیس كوڕی مەعدی كەربە. مێژوو نوسان گومانیان بردووە قەیس وتویەتی: ئەگەر ناوی منی لەسەرەتاوە وپێش ناوی كەسانیتر دەهێنا هەموو سامانەكەی خۆم دەكردە بەهای ئازادی ئەو. ئەو كوژرا و بەبەهای ئازادییەكەی رازی نەبوون.

شەڕی زەهروئەلدەهنا

ئەم شەڕە لەنێوان تەی و ئەسەد کوڕی خەزیمە رویدا.

هۆکاری ئەم شەڕە ئەوە بوو ئەوس کوڕی حارسە کوڕی لامی تایی لەنێوان خەڵکەکەی خۆی سەروەرێکی فەرمانڕەوا، بەخشەرێکی بەدڵ و لەکارەکان پێشەنگ بوو. لەگەڵ حاتەمی تایی ڕۆشتنە لای عەمرۆ کوڕی هیند (پاشای عەرەب). ئەو ئەوسی بانگ کرد وپێی وت: تۆ لەپێشتری یا حاتەم؟ ئەوس وتی: ئەی پاشا، لەنفرین بەدور بیت، حاتەم تاقانەی هۆزە و من یەکێك لەخەڵکانی هۆز. ئەگەر حاتەمی تایی من و منداڵەکانم و خزمەکانمی لەدەستا بووایە، لەیەك ڕۆژدا دەیبەخشین. دوای ئەو حاتەمی بانگ کرد و پرسی: تۆ لەپێشی یا ئەوس؟ حاتەم وتی: لەنفرین بەدوور بیت، باسی ئەوست کرد کەتەنانەت یەکێك لەمنداڵەکانی لەمن لەپێشترە. قسەکانی ئەوان بووە هۆی دڵخۆشی ئەو، پاداشت دانەوە و ڕێزی گرتن.

دواتر دەستەی نوێنەرانی عەرەب لەهەر تیرەیەك لای نەعمان کوڕی مونزەر کۆبوونەوە و ئەوس لەناویاندا بوو. ئەو جلێکی جوانی لەجلی شایانە داوا کرد و بەنوێنەرانی وت: بەیانی وەرنەوە کەئەم جل و بەرگە دەکەمە بەری ڕێزدارترینی ئێوە. کاتێك بەیانی گەشت، هەموویان جگە لەئەوس هاتن. پێیان وت: بۆ نەهاتیت؟ وتی: ئەگەر مەبەستی پاشا کەسێك جگە لەمن بێت هەمان باشتر کە لەوێ نەبم و ئەگەر مەبەستی من بێت بەدوامدا دەنێرێت. کاتێك نەعمان لەسەر تەخت دانیشت و ئەوسی نەبینی، وتی: بڕۆنە لای ئەوس وپێی بڵێن: وەرە ئێرە کەلەوەی دەترسیت لەنەماندایت. ئەو هات و پاشا جلی شاهانەی لەبەر کرد. خەڵکێك لەکەسانی خۆی ڕژدیان پێبرد وبەحەتیئەیان وت: خراپەی ئەو بڵێ تا سێسەد وشترت بدەینێ. وتی: چۆن خراپەی پیاوێك باس بکەم کەهەرچی سامان و ساز وبەرگ و باروبنە لەماڵەکەمدایە هی ئەوە؟ دواتر وتی:

کیف الهجاء و ماتنفك صالحة	من اهل لام بظهر الغیب تاتینی

واتاکەی: چۆن خراپەی بنەماڵی (لام) بڵێم کەهەر ڕۆژ چاکەیەکی تازە لەوان بەمن دەگات.

لەم کاتەدا بێشر کوڕی ئەبی خازم بەوانی وت: من بۆ ئێوە خراپەی ئەو دەڵێم، وشترەکان بدەن بە. ئەو خراپەی وت و ئەوان وشترەکانیان پێدا. ئەو لەخراپە وتنی خۆی وشەی ناشیرین و قێزەونی بەکار برد و بەخراپی لەدایکی، یانی سەعدی، ئاخاوت. کاتێك ئەوس ئاگادار بوویەوە، هێرشی کردە سەر وشترەکان و هەموویانی گرت. ئەوس بەدوایدا گەڕا وبێشر رایکرد و پەنای بردە هۆزکەی خۆی منالّەکانی ئەسەد کەرێزیان گرت و تەسلیم کردنی ئەویان بەدوژمن بەشەرم دەزانی. ئەوس پیاوانی شەڕکەری هۆزی تەی کۆکردەوە و لەگەڵ ئەوان ڕۆشتە شەڕی منالّەکانی ئەسەد. روبەرووبوونەوە لەدەهنا لەبەرابەر تیما رویدا و شەڕێکی قورس دەستی پێکرد. منالّەکانی ئەسەد شکستیان خوارد و بەسەختی کوشتار کران. بیشر رایکرد بەلاّم پەنای دەبردە بەر هەر هۆزێك و داوای هاوکاری کرد، لەوەرگرتنی ئەولەبەرابەر ئەوس خۆیان بەدوور گرت. دواتر ڕۆشتە لای جیندەب کوڕی حیسنی کەلابی لەسەرەوەی (سەمان). ئەوس کەسێکی نارد و بێشری داوا کرد. ئەو بێشری بۆ لای ئەوس نارد. کاتێك بێشر گەشت خەلکەکەی پێشنیاریان کرد بیکوژێت. ئەوس ڕۆشتە لای دایکی خۆی سەعدی و خوازیاری بۆچونی ئەوبوو. ژنی فرمزان پێشنیاری بەکوڕەکەی خۆی کرد سامانەکانی ئەو (وشترەکانی بۆ بگەرێنێتەوە) و لێی خۆشبێت و ڕێزی لێبگرێت چوونکە خراپە وتنی ئەو تەنیا بە رێز گرتن و وەسف کردنی خۆی دەتوانێت وەلاّمی بدرێتەوە. بۆچونەکەی دایکی پەسەند کرد و ڕۆشتە لای بێشر وتی: ئەی بێشر گومان دەکەی لەگەڵ تۆ چی دەکەم؟ بێشر وتی:

انی لارجو منك يا اوس نعمة — و انی لاخری منك يا اوس راهب
و انی لا محو بالذی انا صادق — به كل ما قد قلت اذانا كاذب
فهل ينفعنی اليوم عندك اننی — ساشكر ان انعمت والشكر واجب
فدی لابن سعدی اليوم كل عشيرتی — بنی اسد اقصاهم و الاقارب
تداركنی اوس بن سعدی بنعمة — و قد امكنته من يدی العواقب

واتاکەی: ئەی ئەوس من هیوای لێخۆشبوونم لەتۆهەیە بەلاّم لەهەمان کات لەو کارەی تر(کوژران) دەترسم. ئێستا قسەی راست و دروست دەڵێم و ئەوەی بەدرۆ وتبووم بەقسەی پاکی خۆم راست دەکەمەوە. ئایا ئەمرۆ ئەمە لای تۆ سود بەمن دەگەیێنێت کەبەردەوام سپاسگوزاری تۆدەبم چوونکە سپاس کردن کارێکی پێویستە. فیدایی کوڕی سەعدی بن هەموو کەسەکانی من لەمناڵەکانی ئەسعد، هەموو ناسراوە نزیك و دورەکانم و هەموو خزمەکانم. ئەوس کوڕی سەعدیَ کاتێك لەمن خۆشبوو کە دەستم بەستراوەو و بۆ هەر سزایەك شیاو بووم.

ئەوس منەتی بەسەردا کرد و ئەوی سوار ئەسپێکی ڕەسەن کرد، ئەوەی لێسەندبوو بۆی گەڕاندەوە و لەسامانەکەی خۆی سەد وشتری بۆ زیاد کرد. بێشر وتی: بەناچار تا ئەو رۆژەی زیندوو بم، جگە لەتۆ وەسف کەس ناکەم. دواتر ئەوی بەقەسیدەیەکی دورودرێژ و ناوداری خۆی وەسف کرد کەسەرەتاکەی بەمشێوەیە:

اتعرف من هنيدة رسم دار بحرجى ذروة فالى لواها
و منها منزل ببراق خبت عفت حقبا و غيرها بلاها

واتاکەی: ئایا پاشماوەکانی ماڵی دڵدارەکەی من هیندە بیر دێنیتەوە؟ لەبەرزایی لوتکەی کێوێك با لەولای شوێنی سوڕانەوەیەتی. هەروەها ماڵێکی لەسەرزەمینی (براق خبت) هەیە، ماڵێك کەرۆژگاری درێژ و ئەزمونەکانی کۆنیان کردووە و ناو ونیشانەکەیان لەبناغەکەی سڕیوەتەوە.

ئەم قەسیدەیە دور و درێژە.

شەڕی وەقیت

هۆکاری ئەم شەڕە ئەوەبوو لەهازیم کۆبوونەوە تا لەناکاو هێرش بکەنە سەر تەمیمیەکان و ڕێگەنەدەن ئەوان لەهیچ ئاگادار ببنەوە. لەناو ئەوانەی کۆببوونەوە دەتوانین ئاماژە بەمانە بدەین: قەیس، تیم ئەللات کوڕانی سەعلەبە کوڕی عوکابە کوڕی سەعب کوڕی عەلی کوڕی بەکر کوڕی وایل، هاوڕێ لەگەڵ عێجل کوڕی لوجەیم و عەنزە کوڕی ئەسەد کوڕی ڕەبیعە کوڕی نزار. پیاوی یەك چاو یانی ناشب کوڕی بەشامەی عەنبەری کە لەناو منداڵەکانی قەیس کوڕی سەعلەبە ئەسیر بوو، ئەمەی بینی. بەوانی وت: کەسێك بەمن بدەن تا بینێرم بۆ لای کەسەکانی خۆم و نیازەکانی خۆم لەوان داوا بکەم. وتیان: بەبوونی ئێمە قسەی لەگەڵ دەکەیت؟ ناشب وتی: بەڵێ، لاوێکیان هێنا. ناشب وتی: ئەزانێکتان بۆ لای من هێناوە! کوڕ وتی: سوێند بەخوا نەنەزانم ئەحۆل. ناشب وتی: کەواتە شێتیت! کوڕ وتی: شێت نیم. ناشب وتی: بیرمەندی؟ کوڕ وتی: بەڵێ، بیرمەندم. ناشب وتی: ژمارەی خۆر و مانگ زیاترە یا ئەستێرەکان؟ کوڕ وتی: ئەستێرەکان، بەڵام هەموویان گەورەن. ناشب دەستی خۆی پڕ کرد لەزیخ وتی: لەدەستی مندا چەند دەنك زیخ هەیە؟ کوڕ وتی: زۆرە، ژمارەکەی نازانم. ناشب خۆری بەپەنجە نیشاندا و پرسی: ئەوە چییە؟ کوڕ وتی: خۆرە. ناشب وتی: کەواتە تۆ بیرمەندی. بڕۆ لای خەڵك و کەسەکانی من و سلاویان بگەیێنە و بڵێ لەگەڵ ئەسیرەکانی خۆیان بەباشی هەڵس وکەوت بکەن کەمن لەناو خەڵکێکدا ئەسیرم کە بەباشی هەڵس وکەوتم لەگەڵ دەکەن و ڕێزم دەگرن. بڵێ سوار وشترە موو سورەکەی من ببن و وشترە سپی و کەوەییەکی من بۆ خۆیان بەجێ بێڵن و نیازەکانی من لای منداڵەکانی مالیك بەجێبێنن. ئەوان ئاگار بکەرەوە کە (عوسج(چقڵی دار) گەڵای کردووە، ژنان (اشتکا) (گلەیی، ڕەنج) یان هەیە. لەفەرمانی هەمام کوڕی بەشامە سەرببێچن چوونکە پیاوێکی شوومە و لەئێمە دابڕاوە. فەرمانی هەزیل کوڕی ئەخنەس ببەن کەپیاوێکی دوورئەندێش و پیرۆزە و هەواڵی بەسەرهاتی من لەحارس بپرسن.

کوڕکە هات و پەیامەکەی ئەوەی بەخەڵکەکەی گەیاند. کەس نەیزانی دەیەوێت چی بڵێت. حارسیان هێنا و ئەم هەواڵیان پێ راگەیاند. بەنێردراوی وت: لەسەرەتاوە بۆم باس بکە. نێردراو هەموو بەسەرهاتەکەی لەسەرەتاوە تا کۆتایی باس کرد. حارس وتی: سلاوی ئێمەی بۆ بەرە و بڵێ فەرمانەکانی بەجێدێنین. کوڕ رۆشت. دواتر حارس بەمناڵەکانی عەنبەری وت: ناشب کوڕی بەشامە هەواڵی کاری دوژمنانی بۆ ئێوە رون کردۆتەوە. ئەو زیخەی لەدەستیدا بووە نیشانەی ئەوەیە لەشکریانێکی زۆر هێرش دەکەنە سەر ئێوە، خۆر نیشانەی ئەوەیە ئەم کارە لەهەتاو روشنترە، وشتری سور موو و دواتر کەوەیی نیشانەی ئەوەیە ئەو بەجێبێڵن یانی لەوێ کۆچ بکەن، وشتری سپی و کەوەیی نیشانەی ئەوەیە برۆنە دەهنا و لەوێ پەنا بگرن. مەبەستی لەمناڵەکانی مالیك ئەوەیە ئەوانیش ئاگادار بکەنەوە، گەلا دەرکردنی چقڵی دار نیشانەی ئەوەیە خەڵك جلی شەڕیان پۆشیوە، داستانی (اشتکا)ی ژنان ئەوەیە کەژنان (شکا)یان پینە کردۆتەوە یانی مەشکی ئاوی شەڕکەرانیان پڕکردووە و هەموو شتێك بۆ شەڕ ئامادەیە.

مناڵەکانی عەنبەر وشیار و ئاگادار بوونەوە و بەرەو دەهنا ڕۆشتن و مناڵەکانی مالیکیشیان ئاگادار کردەوە بەلام ئەوان باوەڕیان نەکرد.

دواتر لەهازیم و عێجل و عەنزە رۆشتنە لای مناڵەکانی حەنزەلە و بینیان عەمرۆ پەنای بۆ کوێشتان بردووە. ئەوان لەلەقیت هێرشیان کردە سەر مناڵەکانی دارم و شەڕ لەناو ئەوان دەستی پێکرد. مناڵەکانی رەبیعە دەستەیەك لەگەورەکانی مناڵەکانی تەمیمیان بەئەسیری گرت لەناو ئەوان: زەرار کوڕی قەعقاع کوڕی مەعبێد کوڕی زورارە کەقژی ناوچاویان بڕی و ئازادیان کرد، عەسجەل کوڕی مەئمون زورارە، جومیرە کوڕی بەدر کوڕی عەبدوللە کوڕی دارم. ئەمیان ئەسیر بوو تا ئەوەی رۆژێك بینی ئەوان بادە دەخۆنەوە. لەم کاتەدا ئەم شێعرەی وت و ئەوان بیستیان:

و قائلة ما غاله ان یزورنا ‌‌ ‌ ‌ ‌ وقد کنت عن تلك الزیارة فی سغل
و قد ادرکتنی و الحوادث جمة ‌ ‌ ‌ ‌ مخالب قوم لاضعاف و لا عزل

سراع الى الجلى بطاء عن الخنا رزان لدى الباذين فى غير ما جهل
لعلهم ان يمطرونى بنعمة كما صاب ماء المزن فة البلد المحل
فقد ينعش الله الفتى بعد ذلة و قد تبتنى الحسنى سراة بنى عجل

واتاكەی: ژنێکی جوان بەردەوام دەیوت بۆ نایێتە بینینی ئێمە، بەڵام نازانێت ئێستا گرفتارتر لەوەم سەر لەژنان بدەم و لەوان چێژ وەربگرم. لەم کاتەدا روداوە دژوارەکان، دەستی خەڵکانێك منی گرتووە کەنەسست و ناتەوانن وخاڵی لەکەرەستەی شەڕ. بەرەو کارە دژوارەکان بەپلە دەڕۆن و لەوتاری ناشیرین بەدوورن. کاتێك بادەی (بازین) دەخۆنەوە سەقامگیر و ئارامن و لەنەزانی خۆبەدور دەگرن. ئەگەری هەیە بارانی بەخشینی ئەوان من بگرێتەوە بەهەمان شێوە کەهەوری پڕ باران دەبارێتە سەر زەوی وشك. هەندێ کات رودەدەات خوا گەنجێك دوای پەستی بەشادمانی دەگەیێنێت و دەکرێت بەفەرمانی خوا، سەروەرانی منداڵەکانی عێجل رێگە چاکەکاری بگرنە بەر.

کاتێك ئەم قسانەی ئەویان بیست ئازادیان کرد.

هەروەها نوعەیم و عەوف کوڕی قەعقاع کوڕی مەعبێك کوڕی زورارە و کەسانیتر بەئەسیری گیران. ئەمانە لەگەورەکانی منداڵەکانی تەمیم بوون. حەکیم کوڕی جەزیمە کوڕی نۆسەیلەعی نەهشەلی کوژرا و لەمنداڵەکانی نەهشەل کەس جگە لەو بۆ ئەم شەڕە نەهاتبوو. بەکرییەکان گەڕانەوە و دوای کۆتایی هاتنی شەڕ لەسەر رێگای خۆیان سێ کەس لەعەنبەریەکانیان بینی کەلەگەڵ خەڵکەکەی خۆیان کۆچیان نەکردبوو، کاتێك ئەوانیان بینی وشترەکانی خۆیان غاردا و لەبەکریەکانیان وەرگرتنەوە.

شاعیران سەبارەت بەم شەڕە زۆریان نوسیوە. لەوانە وتارەکەی باوکی مەهوەشی فەقعەسیە کەتەمیمیەکان بۆ سستی لەشەڕی وەقیت سەرکۆنە دەکات و دەڵێت:

فما قاتلت يوم الوقيطين نهشل ولاالانكد الشؤمى فقيم بن دارم
و لا قضبت عوف رجال مجاشع ولا قشر الا ستاه غير البراجم

واتاکەی: لە دوو شەڕی وەقیت، ئەهشەل شەڕی نەکرد و لەگەڵ ئەو زیاندەرە شومە فەقیم کوڕی دارم. شێر، پیاوانی موجاشعی هەڵنەدڕی، جگە لەپەنجەکانی دەست هیچ شتێك قونەکانی نەخوراند.

باوکی توفەیل عەمرۆ کوڕی خالید کوڕی مەحمود کوڕی عەمرۆ کوڕی مورسد وتی:

حکت تمیم برکها لما التقت رایاتنا ککو اسرا لعقبان
دهموا الوقیط بجحفل جم الوغی ورماحها کنوازع الاشطان

واتاکەی: کاتێك ئاڵاکانی ئێمە وەك هەڵۆکان گەشتنە گۆڕەپانی شەڕ، تەمیمییەکان دەستیان بەخوراندنی سینەی وشترەکانی خۆیان کرد. بەسوپایەکی گەورە رویان کردە گۆڕەپانی وەقیت و ئاگری شەڕیان هەڵایساند و ڕمەکانی ئەوان هاوشێوەی تیرە سنگ قەڵشێنەکان یا کەمەندەکان بەڕشتە بڵندەکانن.

شەڕی مەروت

ئەم شەڕە لەنێوان منداڵەکانی تەمیم و منداڵەکانی عامیر کوڕی سەعسەعە رویدا.

هۆکاری شەڕەکە بەمشێوە بوو قەعنەبی کوڕی عەتابی ریاحی لەبازاری عەکاز چاوی بە بەحەیری کوڕی عەبدوللە کوڕی سەلەمەی عامیری کەوت. بەحەیر ب قەعنەبی وت: چیت لەئەسپە سپیەکەی خۆت کردووە؟ قەعنەب وتی: لای خۆمە، بۆ دەپرسیت؟ بەحەیر وتی: چوونکە ئەم ئەسپە لە فلان و فلان رۆژ تۆی لەدەستی من و چنگی مەرگ رزگار کرد. قەعنەب وتی: شتی وا نەبووە. ئەو دوانە دەستیان بەجوین دان و دۆعایان لەیەکتر کرد تا مەرگی درۆزن لەسەر دەستی راستگۆ بێنێتەدی. زەمانێکی درێژ، تا ئەو کاتەی خوا ویستی چاوەروانیان کرد. ئەوسا بەحەیر منداڵەکانی عامیری کۆکردەوە و لەگەڵ ئەوان بەرێکەوت و لەشوێنێك بەناوی (ئێرەم کەلبە) هێرشی کردە سەر منداڵەکانی عەنبەر کوڕی عەمرۆ کوڕی تەمیم. ئەمانە لەخەڵکەکەی خۆیان دوا کەوتبوون. ئەو چوارپێ و ئەسیری گرت و خۆراگری زۆری لەبەردەمدا نەکرا. دواتر فریاد خواز رۆشتە لای منداڵەکانی عەنبەر کوڕی عەمرۆ کوڕی تەمیم و منداڵەکانی مالیك کوڕی حەنزەلە کوڕی مالیك کوڕی زەید مەنات کوڕی تەمیم کوڕی یەربوع کوڕی حەنزەلە و داوای هاوکاری لەوان کرد. ئەوان سوار بوون و بەشوێن تالانچیەکان گەڕان. منداڵەکانی عەمرۆ کوڕی تەمیم بۆ پێشەوە غاریاندا. کاتێت بەحەیر گەشتە شوێنێك بەناوی مەروت، وتی: ئەی منداڵەکانی عامیر، بڕوانن ئایا شتێك دەبینن. وتیان: سوارانێك دەبینین ڕمەکانی خۆیان بەپانی لەسەر شانی ئەسپەکانیان خەواندووە. وتی: ئەمانە منداڵەکانی عەمرۆ کوڕی تەمیمن و بەهایان نییە. منداڵەکانی عەمرۆ کوڕی تەمیم هاتن و ماوەیەك شەڕیان کرد و دواتر لەگۆڕپانی شەڕ رۆشتنەدەر. بەحەیر بەردەوام بۆ پێشەوە دەڕۆشت. دواتر وتی: ئەی منداڵەکانی عامیر بڕوانن ئایا شتێك دەبینن. وتیان: سوارانێك دەبینین ڕمەکانیان خۆیان راست لەدەستا گرتووە. وتی: ئەمانە منداڵەکانی مالیك کوڕی حەنزەلەن و بەهایان نییە. منداڵەکانی مالیك کوڕی حەنزەلە گەشتن و

ماوەیەك شەڕیان کرد و دواتر لەگۆڕەپانی شەڕ ڕۆشتنەدەر. بەحەیر دەڕۆشتە پێش و لەم کاتەدا پرسی: ئەی منالەکانی عامیر ئایا شتێك دەبینن؟ ویتان: سوارانێکی بێ ڕم دەبینین کەدەڵێی منالن سوار ئەسپ بوون. وتی: ئەمانە منالەکانی یەربوعن کەڕمەکانی خۆیان بەدرێژایی گوێچکەی ئەسپەکانیان بەستۆتەوە. لە مەرگی لەناکاو بترسن و خۆراگری بکەن هەرچەندە گومان ناکەم ڕزگارتان بێت.

یەکەم کەس کە لەمنالەکانی یەربوع گەشت، بەواقیعە ناودەبرا کەهەمان نەعیم کوڕی عیتابە. لەبەر ئەمە پێان دەوت واقیعە (پێشهاتی مەترسیدار) کە شەڕکەرێکی تێکۆشەر و خوێنرێژ بوو. ئەو هێرشی کردە سەر مەسلەمی قوشەیری و ئەسیری کرد. قوشەیرییەکان هێرشیان کردە سەر دەوکەس کوڕی واقید کوڕی حوت و ئەویان کوشت. هەروەها نەعیم کوڕی عیتاب هێرشی کردە سەر موسەفای قوشەیری و کوشتی. کێدام کوڕی بەجیلەی مازنی هێرشی کردە سەر بەحەیر و پەلاماریدا. قەعنەب جگە لەبەحەیر کەسی نەدەویست. ئەو سەیری شەڕی بەحەیر و کێدامی کرد. بەرەو لای ئەوان غاریدا. کێدام وتی: ئەی قەعنەب، ئەمە ئەسیری منە. قەعنەب وتی: ئەی مازن سەرت لابە تا شمشێرەکەم جیایی نەکاتەوە. کێدام دەستی لەبەحەیر هەلگرت و قەعنەب هێرشی کردە سەری و کوشتی. هەروەها قەعنەب هێرشی کردە سەر سەهبان (کە دایکی ژنێکی مازنی بوو) و ئەسیری کرد. مازنییەکان پێیان وت: ئەی قەعنەب، ئەسیرەکەی ئێمەت کوشت، کوڕی برا (یا کوڕی خوشکەکە)مان لەجیاتی ئەو بۆ وەگەڕێنە. ئەو سەهبانی لەجیاتی بەحەیردا بەوان و ئەوان لەم کارە شادمان بوون. منالەکانی یەربوع سامانەکانی منالەکانی عەنبەر و چوارپێ و ئەسیرەکانی ئەوانیان لەمنالەکانی عامیر وەرگرتەوە و گەڕانەوە.

شەڕی فەیفونەلریح

ئەم شەڕە لەنێوان عامیر کوڕی سەعسەعە و حارس کوڕی کەعب رویدا. داستانی ئەم شەڕە بەمشێوە بوو منالّەکانی عامیر لەمنالّەکانی حارس کوڕی کەعب داوای خوێنی زۆریان دەکرد. حوسەین کوڕی یەزید کوڕی شەدادی قەنانی حارسی کەپێیان دەوت (ذوغصه)، بۆ شەڕ کردن لەگەڵ ئەوان دەستی بەکۆکردنەوەی سوپا کرد. ئەو لەتیرەکانی جوعفی و زوبەید و هۆزەکانی عەشیرە، موراد، سودا، نەهد، خەسعەم، شەهران و ناهس داوای یارمەتی کرد. ئەوان کۆبوونەوە و بۆ شەڕی منالّەکانی عامیر بەرێکەوتن. عامرییەکان لەشوێنێك بەناوی فەیفونەلریح لەوەڕگایان هەڵبژاردبوو. ژنان و منالّەکان لەگەڵ مزحەج بوون تا رانەکەن. منالّەکانی عامیر کۆبوونەوە و عامیر کوڕی توفەیل بەوانی وت: با هێرش بکەینە سەر ئەم خەڵکە هیوادرام سامانەکانیان تالأن و ژنەکەیانیان ئەسیر بکەین. رێگە مەدەن ئەوان هێرش بکەنە سەر ئێوە. گوێیان لەوتەکانی گرت و هێرشیان کردە سەریان. کاتێك گەشتنە نزیك منالّەکانی حارس و مزحەج، دیدەوانەکانیان ئاگاداریان کردنەوە و پیرەکانیان گەڕانەوە و ئەمان ئاگادار بوونەوە. دوو لەشکر بۆ ماوەی سێ رۆژلە بەرەبەیانەوە تا ئێوارێ لەشوێنێك بەناوی فەیفو ئەلریح جەنگان. سومەیل کوڕی ئەعومری کەلابی و عەمرۆ کوڕی سوبەیحی ئەهدی چاویان بەیەك کەوت. عەمرۆ بەرم لێیدا و سومەیل بەپشتا کەوت و دەستی کردە ملی ئەسپەکەی خۆی. پیاوێك لەخەسعەم ئەوی بینی و کوشتی و ئەسپ و جل و بەرگەکانی فڕاند.

لەم رۆژەدا منالّەکانی نومەیر لەپاڵ منالّەکانی عامیر کوڕی توفەیل بوون و شەڕیان کرد. بەو رۆژە دەڵێن (**حریجه الطعان**) (دارستانی ڕمەکان)، چوونکە هەردولای شەڕ بەڕمەکانی خۆیان هاتن و خۆیان نیشاندا. (حریجە) بەمانای چڕی دارەکان دێت.

هۆکاری کۆبوونەوەکەیان ئەوەبوو: منالّەکانی عامیر هێرشیان کردە سەر شوێنێك

بەناوی عورقوب. عامر کوڕی توفەیل سەیری دواوەی کرد و بینی مناڵەکانی نومەیر دەستیان لەشەڕ کردن هەڵگرتووە. گەڕایەوە و دەستی بەهاوار کردن کرد: ئای دوژمنەکان! ئەی نومەیرییەکان! دوژمنان گەشتن! لەمەڕۆ بەدواوە من نومەیرم نابێت! ئەسپەکەی بەغاردان لەناو ئەو خەڵکەدا دەسوڕایەوە و ورەی بەرز دەکردنەوە. منالەکانی عامر گەڕانەوە. لەم کاتەدا عامر کوڕی توفەیل لەچاڵی ژێرچەنە تا ناوکی بیست برینی بەرکەوتبوو. ئەو لەناو خەڵکدا دەسوڕایەوە و لەحاڵی دەپرسین و بەیەکیەکیانی دەوت: پیاو، نەمدیوە کارێکت کردبێت، ئەگەر کەسێك شتێکی کردووە، شمشێر یا ڕمەکەی خۆی نیشانی من بدات. ئەوەی بۆ پێشەوە نەڕۆشتبوو، بەم پێداگرتنە بۆ پێشەوە دەڕۆشت و شەڕی دەکرد. هەر کەس بەباشی شەڕی کردبوو، دەهاتە لای و شمشێر یا ڕمەکەی نیشان دەدا.

لەم کاتەدا پیاوێك لەحارسییەکان کەناوی (موسهێر) بوو، هاتە لای عامیر کوڕی توفەیل و وتی: ئەی باوکی عەلی، بڕوانە چیم لەدوژمن کردووە! سەیری ڕمەکەم بکە! کاتێك عامر ڕوی تێکرد، موسهێر بەڕم لێدا و ناوچاوی تەقاند و چاوی کوێر کرد. ئەو ڕمەکەی خۆی دانا و گەڕایەوە بۆ لای خەڵکەکەی. لەبەر ئەمە ئەو کارەی لەگەڵ عامیر کرد چوونکە بینی عامر بەزۆر و پێداگرتن خەڵك بۆ شەڕ دەنێرێت. بەم شێوە بوو کەوتی: ئەو پیاوە لەناوبەری خەڵکەکەی منە. عامر کوڕی توفەیل لەمبارەوە وتی:

لعمری و ما عمری علی بهین	لقد شان حر الوجه طعنة مسهر
فبئس الفتی ان کنت اعور عاقرا	جبانا و ما اغنی لدی کل محضر

واتاکەی: سوێند بە گیانم_ و گیانم بەهای بۆم نەبێت_ کەروخساری جوان، بەهۆی لێدانەکەی موسهێر قێزەون و ناشیرینی بوو. خراپە گەنجێکی وەك من ئەگەر یەك چاو و نەزۆك و پەست بژیم و لە شەڕەکان هیچ کارێك نەتوانم بکەم.

لەم ڕۆژەدا منالەکانی عامیر، سەروەری موڕادییەکانیان بەبریندراری ئەسیر کرد.

کاتێك برینەکانی چاك بوونەوە، ئازادیان کرد. لەو کەسانەی لەم رۆژەدا بوێرانە شەڕیان کرد، ئەربێدی کوڕی قەیس کوڕی حوڕ کوڕی خالید کوڕی جەعفەر و عوبەید کوڕی شورەیح کوڕی ئەحوەس کوڕی جەعفەر بوون. لوبەید کوڕی رەبیعە یا عامر کوڕی توفەیل سەبارەت بەم شەڕە وتی:

اتونا بشهر ان العريضة كلها — و اكلبها فى مثل بكر بن وائل
فبتنا و من ينزل بنامثل ضيفنا — يبت عن قرى اضيافه غير غافل
اعاذل لو كان البداد لقوبلوا — و لكن اتانا كل جن و خابل
و خثعم حى يعدلون بمذحج — فهل نحن الامثل احدى القبائل

واتاکەی: لەگەڵ سوپا فراوانەکەی شەهران و کەلبەکانی ئەوان کەهاوشێوەی بەکر کوڕی وایل بوون، هێرشیان کردە سەر ئێمە، شەومان کردە رۆژ و هەر کەس وەك میوان بێتە لای ئێمە، لەمیوانداری میوانەکانانی بێ ئاگا نابێت. ئەی سەرکۆنەکەر، ئەگەر هاوتاکانیی خۆمان هێرشیان دەکردە سەر ئێمە، لەبەرابەر ئەوان خۆراگریمان دەکرد بەلأم سوپایەك هاوشێوەی پەری و دێوەکان هێرشیان کردە سەرمان، خەسعەم هۆزێکە دەتوانێت لەگەڵ مزحەج بەرابەری بکات، ئایا ئێمە لەهۆزێك زیاترین؟

کوشتار لەنێوان هەردولای شەڕ زیادی کرد. ئەوسا لەیەك جیابوونەوە و لەم شەڕەدا دوور لەشێوەی عەرەبەکان، سەرقاڵ بوون بەتالأنی ئەوانی لەکوشتنی یەکتر دور نەخستەوە. خۆراگری و شەڕکەری و گەورەیی لەم شەڕەدا بۆ منالّەکانی عامر مایەوە.

شەڕی یەحامیم (شەڕی قارات حوق)

ئەم شەڕە تایبەکان لەناو خۆیاندا دروستیان کرد.

هۆکاری ئەم شەڕە ئەوەبوو حارس کوڕی جەبەلەی غەسانی لەنێوان خەڵکی هۆزی تەی ئاشتی سەقامگیر کردبوو و کاتێك مرد، شەڕی ناوخۆیی لەناو ئەمان پەرەی سەند. غەوس و جەدیلە لەشوێنێك بەناوی (غەرسان) چاویان بەیەك کەوت. فەرماندەی مناڵەکانی جەدیلە ئەسبەع کوڕی عەمرۆ کوڕی لام مامی ئەوس کوڕی خالید کوڕی حارسە کوڕی لام کوژرا و پیاوێك لەمناڵەکانی سنبس کەپێیان دەوت مەسعەب هەر دوو گوێچکەی بڕی و پێلاوەکانی خۆی پێ پینە کرد. باوکی سروەی سنبسی لەمبارەوە وتی:

نخصف بالاذان منكم نعالنا   و نشرب كرها منكم فى الجماجم

واتاکەی: بە گوێچکەی ئێوە پێلاوەکانی خۆمان دەدورینەوە و لەروی دوژمنایەتی لەگەڵ ئێوە، لەکاسەی سەرتان دەخۆینەوە.

ئەم دوو هۆزە لەمبارەوە شێعری زۆریان هۆنییەوە و بۆ یەکیان نارد. ئەوەی غەوس کردی، لای ئەوس کوڕی خالید کوڕی لام ناخۆش و گران کەوتەوە و مەبەستی ئەوەی کرد خۆی بڕواتە گۆڕەپانی شەڕ و ئاشی مەرگ لەسەر دوژمن بسوڕێنێت. لەشەڕەکانی پێشو نە ئەو ئامادە دەبوو نەگەورە و سەروەرانی تەی وەك حاتەم کوڕی عەبدوللە و زەید ئەلخەیل و هاوشێوەکانیان. کاتێك ئەوس ئامادەی شەڕ و دەستی بە کۆکردنەوە و رازاندنەوە و تەیار کردنی مناڵەکانی جەدیلە کرد، باوکی جابر وتی:

اقيموا علينا القصد يا آل طى   و الافان العلم عند التحاسب

فمن مثلنا يوما اذا الحرب شمرت ومن مثلنا يوما اذا لم نحاسب

فان تقطعينى او تريدى مساوتى فقد قطع الخوف المخوف ركائبى

واتاکەی: ئەی بنەماڵەی تەی، دوبارە مەبەستی ئێمە بکەن و گەڕنە دوای ئەوەی لەدوولا دەست بەژماردن بکەین، لاواز لەبوێر جیا دەبێتەوە. کاتێك ئاگری شەڕ دایسێت، چ کەسێك وەك ئێمە بێت، چ کەسێك لەکام رۆژ وەك ئێمە بێت کەترسمان نەبێت؟ ئەی دولبەر، ئەگەر دەتەوێت لەمن ببڕیت یا خراپ لەگەڵم هەڵس وکەوت بکەیت، ترس و زراوچون، ورەم دەبات بەشێوەیەك ناتوانم ساز وبەرگ ئامادە بکەم و هێرش بکەمە سەر دوژمن.

غەوسیان ئاگادار بوونەوە لەوەی ئەوسییەکان بۆ شەڕ کۆدەبنەوە. ئاگرەکەی لەشوێنێك هەڵگیرسا کەپێیان دەوت (مەناع) و لەسەر لوتکەی کێوی (ئەجا) بوو. ئەمە یەکەم رۆژ بوو ئاوا ئاگرێك لەوێ هەڵدەگیرسا. هۆزەکانی عەرەب یەك یەك هاتن و هەر هۆزێك لەگەڵ سەروەرەکەی خۆی. لەوان زەید ئەلخەیل و حاتەم. منداڵەکانی جەدیلە بەفەرماندەیی ئەوس کوڕی حارسە کوڕی لام گەشتن. ئەوسیەکان سوێندیان خواردبوو لەشەڕی تەی نەگەڕێنەوە مەگەر بگەنە سەر دو کێوەکەی ئەوان (ئەجا و سەلمی) و لەوێ نیشتەجێ بن و کەسانی ئەوێ باجیان پێبدەن. ئەم دووانە، لەژێر ئالآکەی خۆیان لە(قارات حوف) چاویان بەیەك کەوت و سوپایەکی گەورەیان کردە سەر یەك و شەڕیان کرد. لەم شەڕەدا ئاشی مەرگ بەسەر منداڵەکانی کوڕی جەندەب سوڕا و لەناوچون. عودەی کوڕی حاتەم دەڵێت: رۆژی یەحامیم لەشوێنێك وەستابووم و سەیرم دەکرد کەخەڵك یەکتر کوشتار دەکەن. لەناکاو زەیدئەلخەیلم بینی لەگەڵ دوو کوڕەکەی موکەنەف و حورەیس گەشتۆتە کەلێنێکی دەرنەچوو و پێیان دەڵێت: منداڵەکانم، بەزەییتان بەخەڵکەکەی خۆتان بێتەوە و ئەوان بەزیندوویی بهێڵنەوە چوونکە ئەمرۆ رۆژی لەناوچوونە و ئەگەر ئەمانە مامی ئێوەن، ئەوان خاڵۆی ئێوەن. پێم وت: دەڵێی شەڕت لەگەڵ خاڵەکانی خۆت پێ خۆش نییە! دەڵێت: چاوەکانی لەتوڕەییدا سوربوویەوە و بەتوڕەییەوە سەیری کردم تا چاوم هەڵگرت. سەیری زینەکەی ژێریم کرد و دەترسام پەلامارم بدات. سوار

ئەسپەکەم بووم و لێی دورکەوتمەوە. ئەو چاوی لەمن هەلگرت و سەرقالی گفتوگۆ لەگەڵ کورەکانی بوو. ئەوان وەك دوو هەلۆ هێرشیان کرد. قەیس کوری عازب هێرشی کردەسەر بووحەیر کوری زەیدئەلخەیل کوری حارسە کوری لام و گورزێکی لەسەریدا کەبووحەیر لەزیانەکەی خۆی خستە سەر ملی ئەسپەکە و رایکرد. منالەکانی جەدیلە شکستیان خوارد و بەسەختی کوشتار کران. زەیدئەلخەیل لەمبارەوە وتی:

تجئ بنلا لام جیاد کانها	عصائب طیر یوم طل و حاصب
فان تنج منها لایزل بك شامة	اناء حیا بین الشجا و الترائب
و فر ابن لام ۽ اثقاة بظهره	یردعه بالرمح قیس بن عازب
وجاءت بنو معن کان سیوفهم	مصابیح من سقف فلیس بایب
و مافر حتی اسلم ابن حمارس	لوقعة مصقول من البیض قاضب

واتاکەی:ئەسپە تیژپێکان هێرشیان کردە سەر منالەکانی لام کە لەدەستەی بالندەکان لەرۆژێکی باراناوی و پر تەرزە دەچوون. ئەگەر لەئێمە دوورکەویتەوە، بەردەوام نیشانەیەك لەسەر تۆدەبێت و ناوێکی قورگ گر کە لەنێوان سینە تا قورگت دەگوشێت. کوری لام رایکرد و پشتی کردە شمشێر وشێن و قەیس کوری عازب رم بەدەست دوای کەوت. منالەکانی مەعن هاوشێوەی ئەو چرایانەی لەسەقفی مالەکانەوە هەلواسرابن، لەرێگەوە گەشتن. هەلنەهات مەگەر دوای ئەوە کوری حەمارس جەستەی سپاردە شمشێرێکی درەخشان و برەر.

دوای شەری یەحامیم کەسی زۆر لەجەدیلە زیندو نەمایەوە. پاشماوەکانی ئەوان رۆشتنە سەرزەمینی کەلب و بوونە هاوپەیمانی ئەوان و لەوێ مانەوە.

شەڕی زی تولوح

(سەمەد) و (ئود)یش ئەمە دەڵێن. ئەم شەڕە لەنێوان بەکرییەکان و تەمیمییەکان رویدا. داستانی ئەم شەڕە بەم شێوەیە: عەمیرە کوڕی تارق کوڕی ئەرسەمی یەربوعی تەمیمی لەگەڵ مورمییە کچی جابر عێجلی خوشکی ئەبجەر پەیوەندی ژن و مێردایەتی بەست و رۆشتە لای منالەکانی عێجل تا یەکەم شەوی زاوایەتی لەباوەشی ژنەکەی بەسەر ببات. ئەو ژنێکیتری ناسراو بەناوی (کچی ئەتف) لەمنالەکانی تەمیمی هێنابوو. ئەبجەر هات تا چاوی بەخوشکەکەی خۆی بکەوێت. هاوسەرەکەیشی لەوێ بوو. ئەبجەر بەخوشکەکەی خۆی وت: هیوادارم کچی ئەتف گرفتار بکەم و بیهێنمە لای تۆ تا هاوسەرەکەی تری مێردەکەت کەنیزی تۆ بێت. عەمیرە وتی: وای دەبینم دەست لەمن هەڵناگریت تا من لەبنەماڵەکەم جیامبکەیتەوە. ئەبجەر پەشیمان بوویەوە و بەعەمیرەی وت: من مەبەستی شەڕم لەگەڵ خەڵکەکەی تۆنییە بەڵام دەمەوێت لەم بەشەی تەمیم ئەسیرێك بگرم. ئەبجر وحەوفەزان کوڕی شەریکی شەیبانی دەستیان بە کۆکردنەوەی سوپا کرد. حەوفزان فەرماندەی شەیبانییەکان و ئەبەجەر فەرماندەی لەهازیم بوو. ئەم دوانە کەسێکیان بۆ عەمیر دانا تا چاودێری بکات و رێگە نەدات خەڵکەکەی ئاگادار بکاتەوە. سوپاییەکان بەرێکەوتن. عەمیرە چاودێرەکەی خۆی هەڵخەڵەتاند و رایکرد وبەپەلە بەرێکەوت تا گەشتە منالەکانی یەربوع و ئاگاداری کردنەوە: سوپایەك لەبەکر کوڕی وایل دێتە شەڕی ئێوە. ئەوان منالەکانی سەعلەبەیان ئاگادار کردەوە کەتیرەیەك لەوان بوون. چەندین پێشەنگیان ڕەوانە کرد و سێ رۆژ چاوەڕێ بوون. بەکرییەکان گەشتن و یەربوعییەکان سوار بوون. دوو لەشکر لەزی تولوح روبەروی یەك بوونەوە. عەمیرە سوار بوو، چاوی بە ئەبجەر کەوت و خۆی پێ ناساند. دوو سوپا دەستیان بەشەڕ کرد و یەربوعییەکان سەرکەوتن. بەکرییەکان شکستیان خوارد و حوفزان و کوڕەکەی شەریك و کوڕی عەمەی شاعیر ئەسیر کران. ئەم پیاوە لەدەستی منالەکانی شەیبان مایەوە تا موتەمەم کوڕی ئەویرە بەهای ئازادی ئەویدا و ئازادی

کرد. بەشی زۆری سوپایی بەکرییەکان ئەسیر کران. کوڕی عەنمە بۆ سپاس کردنی موتەمەم ئەم شێعرەی وت:

جزى اللّه رب الناس عنى منمما بخير الجزاء ما اعف و اجودا
اجيرت به ابناؤنا و دماؤنا و شارك فى اطلاقنا و تفردا
ابا نشهل انى لكم غير كافر ولا جاعل من دونك المال سرمدا

واتاکەی: خواوەند کەپەروەردگاری خەڵکە، موتەمەم باشتر لەمن پاداشت بدات. چەند داوێن پاك و پیاوێکی بەخشەرە. کوڕەکانمان پەنایان بۆبرد و لەخوێن ڕژانی زیاتری ئێمە ڕێگری کرد، لەئازاد کردنی ئێمە بووە شەریك و بەتەنیایی بەم کارە هەستا. ئەی باوکی نەشهەل، ئێمە ناسپاسی ئێوە ناکەین و تا هەمیشە لەکەسێکی ئێوە سامان وەرناگرین.

شەڕی ئەقرون

باوکی عوبەیدە دەڵێت: عەمرۆ کوڕی عەمرۆ کوڕی عەدوسی تەمیمی لەگەڵ عەبەسییەکان شەڕی کرد و وشترەکانی ئەوانی گرت و چەندین کەسی لەوان ئەسیر کرد و گەڕایەوە. کاتێك گەشتە خوارەوەی تەپۆڵکەی ئەقرون، لەگەڵ یەکێك لەکچە ئەسیرەکان خەوت و پەردەی کچێنی هەڵگرت. ئەوانەی شوێنی کەوتبوون، پێی گەشتن و شەڕێکی قورس رویدا و ئونس ئەلفوارس کوڕی زیادی عەبەسی، عەمرۆ و کوڕەکەی حەنزەلەی کوشت و شەڕکەران، ئەسیرەکان و سامانە تاڵان کراوەکانیان وەرگرتەوە. جەریر هەواڵی ئەم مەرگەی بەمناڵەکانی دارم گەیاند و وتی:

اتنسون عمرا يوم برقة اقرن و حنظله المقتول اذهو يافعا

واتاکەی: ئایا ئەو شەڕەی لەسەرزەمینی سەخت و نالەباری ئەقرون رویدا، لەبیر دەکەن؟ ئایا حەنزەلە لەبیر دەکەن کە لەمێردمنداڵیدا کوژرا؟

عەمرۆ پیاوێکی پیس وپێست سوتاو بوو. ئەو و هاوەڵەکانی لەکاتی گەڕانەوە، گەردنەی رێگایان بەهەڵە بڕی ولەرێگا دوورکەوتنەوە و گیرۆدەی دژوارییەکان بوون. عەنتەرە لەمبارەوە وتویەتی:

كان السرايا يوم نيق و صارة عصائب طير ينتجين لمشرب
شفى النفس منى اودنا لشفائها تهورهم من حالق متصوب
و قد كنت اخشى ان اموت و لم تقم مراتب عمرو وسط نوح مسلب

واتاکەی: وەك بڵێی شەڕکەران لەوڕۆژەدا لوتکە و دژواری (ڕۆشتنە سەر و دابەزین) ئەو دەستە لەباڵندەکان بوون کە لەسەر شوێنی ئاو خواردنەوە دابەزین.

دڵم حەسایەوە یا ئەوەندەی نەما بوو بحەسێتەوە چوونکە بینیم خراپەکاران لەبەرزایی و هەڵدێر خزان و پەرپەڕ بوون. ترسم لەوە بوو بمرم و نەیبینم ئایینی پرسە گێڕانی عەمرۆ لەناو ژنە شین کەرەکاندا .

دایکی سەماعە کوڕی عەمرۆ کوڕی عەمرۆ لەعەبەسییەکان بوو. خاڵۆی رۆشتە سەردانی و ئەوی لەبەرچاوی کوڕەکەیدا کوشت. مسکینی دارمی لەمبارەوە وتی:

و قاتل خاله بابیه منا   سماعة لم یبع نسبا بخال

واتاکەی: سەماعە کەخاڵۆی لەبەرچاوی باوکیا کوشت و نەژادی بەخوێنی کوژراوی خۆی نەفرۆشت، لەئێمەیە.

شەڕی سولان

باوکی عوبەیدە دەڵێت: منداڵەکانی عامیر کوڕی سەعسەعە خەڵکانێکی بەهەست بوون و ئەم (خەڵکە بەهەستە) قورەیشییەکان و خزمەکانی ئەوان بوون. ئەوان بە توندی پارێزگارییان لەدینەکەی خۆیان دەکرد. عامرییەکانیش خەڵکانێکی نافەرمان بوون و سەریان بۆ شاکان دانەدەنەواند. بەرێکەوت، خوسرەو پەرویز، پاشایەتی بەنەعمان کوڕی مونزەر بەخشی. ئەو ساڵانە کاروانێکی لەدەرمانە بۆنخۆشکەرەکان و کاڵا گرانباییەکان بۆ بازرگانی و کڕین و فرۆش بۆ بازاری عەکاز دەنارد. جارێکیان منداڵەکانی عامیر هێرشیان کردە سەر کاروانەکەی ئەو بەشێك لەکاڵا بازرگانییەکانی ئەویان تاڵان کرد. نەعمان لەم کارە توڕەبوو و کەسێکی بۆ لای زڕبرای دایکی خۆی وەبرە کوڕی رۆمانس نارد و هاورێ لەگەڵ ئەو (**وضايع**) و (صنايع)ی خۆی نارد. **وضايع** هاوشێوەی پیرەکانی هۆز بوون و صنايع ئەو دەست پەروەردانە بوون کەپاشا ئەوانی بۆ شەڕ پەروەردە دەکرد. ئەو کەسی بۆ لای منداڵەکانی زەببە کوڕی ئود و کەسانیتر لەردباب و تەمیم نارد و داوای هاوکاری لێکردن. ئەوان رازی بوون و لەدەوری کۆبوونەوە. زەرار کوڕی عەمرۆ و زەببی هاورێ لەگەڵ نۆ کەس لەکوڕەکانی کە هەموویان سوارکاری شارەزا و شەڕ دیتوبوون، لەگەڵ حەبیش کوڕی دولف کەئەویش سوارکارێکی بوێر بوو، رۆشتنە لای نەعمان. سوپایەکی گەورە کۆبوویەوە. نەعمان لەگەڵ ئەوان کاروانێکی ئامادە کرد و فەرمانی پێدا لەگەڵی بڕۆن. بەوانی وت: کاتێك بازاری عەکازتان تەواو کرد و مانگە حەرامەکانتان تێپەڕ و خەڵکان گەڕانەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان، مەبەستی منداڵەکانی عامیر بکەن کە لەنزیك ئێوە سولانن. ئەوان هاتنەدەر و فەرمانەکەیان بەنهێنی هێشتەوە. وتیان: لەبەر ئەوە بەم شێوە هاتین تا کەس زیان بەکاروانی پاشا نەگەیێنێت.

کاتێك خەڵك لەبازاری عەکاز تەواو بوون، قورەیشییەکان لەمەبەستی ئەوان ئاگادار بوونەوە. عەبدوللە کوڕی جودعان کەسێکی بۆ لای منداڵەکانی عامیر نارد و

ئەوانی ئاگادار کردەوە. کەسەکە هەواڵەکەی گەیاند. ئەوان وشیار بوونەوە و خۆیان بۆ شەڕ ئامادە کرد و دیدەوانیان دانا. عامرییەکان گەڕانەوە و فەرماندەکەیان عامر کوڕی مالیکی ڕمباز بوو. لەسولان چاویان بەیەك کەوت و شەڕێکی قورس رویدا. لەگەرماوگەرمی شەڕەکە، یەزید کوڕی عەمرۆ کوڕی خومیلێدی سەعق لەوەبرە کوڕی رۆمانس برای نەعمانی روانی و لەشکۆ و زێر و زیو و جل و بەرگە گرانباییەکانی ئەو هاتە جۆش. هێرشی کردە سەری و ئەسیری کرد. لەکاتی ئەسیریدا، سوپاکەی مەبەستی پاشەکشێی کرد بەڵام زەرار کوڕی عەمرۆ زەبی رێگەی لەوان گرت و فەرماندەیی ئەوانی گرتە دەست و هاوڕێ لەگەڵ کوڕەکانی خۆی شەڕێکی بوێرانەی کرد. کاتێك باوکی بەرا عامیر کوڕی مالیك سەیری کرد کەهاوڕێ لەگەڵ کوڕەکانی چی لەعامرییەکان دەکات، هێرشی کردە سەر. باوکی بەرا بازوی بەهێز و ئەستور بوو. کاتێك هێرشی کردە سەر زەرار، شەڕ لەنێوان ئەم دوانەدا دەستی پێکرد. زەرار کەوتە سەر زەوی و کوڕەکانی جەنگان و رزگاریان کرد. ئەو سواربوویەوە. ئەوپیاوێکی پیر بوو. کاتێك سوار بوو، وتی: (هەر کەس کوڕەکانی شادی بکەن، لەخۆی ناشاد دەبێت) (یانی کاتێك کوڕەکان گەورە دەبن، باوك پیر و بێ کەڵك دەبێت و لەژیان بێزار). ئەم وتەیە بوو بەپەند. مەبەستەکەی ئەوەبوو کاتێك کوڕەکانی دەبنە پیاو و بەپیاوەتی دەگەن و دەبنە هۆکاری شادمانی باوك، ئەو پیر و سست و دەبێت و لەم چارەنوسە بێزار.

باوکی بەرا بەردەوام بەدوای زەراردا دەگەڕا بۆ ئەوەی ئەسیری بکات و بۆ ئازاد کردنی بەهایەکی گەورە وەبگرێت. کوڕەکانی پارێزگاریان لێدەکرد. کاتێك باوکی بەرا ئەمەی بینی، بەزەراری وت: یا دەمریت یادەمرم و لەرێگەی ئەسیر کردنی تۆ دەکوژرێم. کەواتە پیاوێك نیشانی من بدە کە بەهای ئازادییەکەی زۆر بێت. زەرار بەدەست، حەبیش کوڕی دولفی نیشاندا. ئەو سەروەرێکی بەشکۆبوو. باوکی بەرا هێرشی کردە سەر و ئەسیری کرد. حەبیش ڕەش و ناشیرین و لاغر بوو. کاتێك باوکی بەرا ئەمەی بینی، وتی: پەنا بەخوا، کەسانی تر باری خۆیان بەست و من گیرۆدەی ئەم شانسە خراپە بووم! کاتێك حەبیش ئەمەی بیست ترسا بیکوژێت. پێی وت: ئەی پیاو، ئەگەر شێر(یانی وشتر) دەویست، بەدەستت هێنا. ئەو خۆی بە

چوارسەد وشتر کرییەوە و سوپاکەی نەعمان شکستی خوارد. هەڵاتووان بۆ لای نەعمان گەڕانەوە و لەوەی رویدابوو، ئاگاداریان کردەوە کەبراکەی ئەسیر کرا و زەرار فەرماندەیی گرتەدەست و ئەو لەگەڵ باوکی بەرا چییان وت و چییان کرد. وەبرە کوڕی رۆمانس خۆی بەهەزار وشتر و ئەسپ لەیەزید کوڕی سەعق کرییەوە، یەزید دەوڵەمەند بوو. پێشتر سوالکەرێکی بەدبەخت بوو. لوبەید سەبارەت بەشەڕی خەلکەکەی خۆی وتی:

انی امرؤ منعت ارومة عامر　　　ضيمی و قد حنقت علی خصوم

لەم قەسیدەدا دەڵێت:

و غداة قاع القريتين اتاهم　　　رهوا يلوح خلالها التسويم

بكتائب رجح تعود كبشها　　　نطح الكباش كانهن نجوم

واتاکەی: من پیاوێکك کەنەژادی بڵندی عامری منی لەستەم کردن دورخستەوە و دوژمن، دڵی لەڕقی من پڕ کرد. لەدەشتی رێکی دو لادێ لەکاتی بەرەبەیان بەسوپایەکی گەورە هێرشیان کردە سەریان بەشێوەیەك ئەسپە تیژپێکان لەناویاندا ئاشکرابوون. لەگەڵ ئەو شەڕکەرە زۆرانەداهات کەهاوشێوەی دەریا شەپۆلیان دەدا و فەرماندەکەیان عادەتی بوو شاخ لەشاخی دوژمن بکوتێت، ژمارەی ئەم شەڕەکەرانە بەئەندازەی ئەستێرەکان بوو.

مەبەستی لەدەشتی نێوان دولادێ هەمان سولانە کە شەڕەکە لەوێ رویدا.

شەڕی زی عەلەق

ئەمە ئەو شەڕەیە منالەکانی عامیر کوڕی سەعسەعە لەگەڵ منالەکانی ئەسەد لەشوێنێك بەناوی زی عەلەق هەڵیانگیرساند. لەشەڕەکەدا، باوکی لەبیدی شاعیر یانی ڕەبیعە کوڕی مالیك کوڕی جەعفەر کوڕی کەلابی عامری کوژرا و عامرییەکان شکستیان خوارد. خالید کوڕی نەزلەی ئەسەدی و کوڕەکەی حەبیب هەروەها حارس کوڕی خالید کوڕی موزەلەڵ شوێنیان کەوتن و سوربوون لەسەر کارەکەیان. ئەمان لەناکاو بینیان باوکی بەرا عامیر کوڕی مالیك، لەپشتەوە لەگەڵ چەند لەهاوڕێکانی خۆی هێرشی کردونەتە سەر. ئەو بەخالیدی وت: ئەی باوکی مەعقەل، ئەگەر بتەوێت ئەتوانیت لەگەڵ ئێمەدا ڕێکەویت بەشێوەیەك هەردووك بریندارەکانی خۆمان هەڵگرین و کوژراوەکان بەخاك بسپێرین. خالید وتی: رازیم. ئەوان ڕێککەوتن. باوکی بەرا وتی: ڕەبیعە چی بەسەر هات؟ خالید وتی: بەکوژراوی بەجێم هێشت. باوکی بەرا وتی: کێ ئەوی کوشت؟ خالید وتی: من شمشێرەم لێدا و سامت کوڕی ئەفقەم سەری بڕی. کاتێك باوکی بەرا هەواڵی کوژرانی ڕەبیعەی بیست، لەگەڵ هاوەڵەکانی هێرشی کردە سەر خالید. خالید و دوو هاوڕێکەی لەم کارە دووریان خستنەوە و کەرەستەی شەڕی حەبیبی خالدییان گرت و ئەسەدییەکان گەشتن و پەنایان بەهاوڕێکانی خۆیاندا. جومەیح لەمبارەوە وتی:

سائل معدا عن الفوارس لا — اوفوا بجيرانهم و لا سلموا
يسعي بهم قرزل و يستمع الـ — ـناس اليهم و تخفق اللم
ركضا وقد غادروا ربيعة في — الاثار لما تقارب النسم
في صدره صعده و يخلجه — بالرمح حران باسلا اضم

واتاکەی: بەمەعدییەکان بڵێ کە نە پەنابەرانی خۆیان پەنادا و نەخۆیان بەسلامەت رزگاریان بوو. ئەسپی (قرزل) ئەوانی بۆ پێشەوە دەبرد و خەڵك گوێیان

دەگرت و سوپاییەکان دەجولاّن و دەخرۆشان، هەموویان بەراکردن ڕۆشتن و رەبیعەیان بەکوژراوی بەجێهێشت و خوێنی ئەویان لەبیرکرد و باکان هەڵیان کرد. لەسینەیدا ڕمێك بوو کەپیاوێکی بوێر نەترس و تینوی خوێن لەسینەی چەقاند.

(قەرزل) ئەسپی توفەیل باوکی عامر کوڕی توفەیل بوو.

عامر لەقەسیدەیەك لەبیرەوەری باوکیدا دەڵێت:

ولامن ربيع المقترين رزئته　　　　بذى علق فاقنى حياءك و اسبرى

واتاکەی: لەبەهاری هەژاران لەزی عەلەق داغدار نەبووم، کەواتە ڕێز لەشەرمی خۆت بگرە و خۆڕاگر بە.

شەڕی رەقەم

باوکی عوبەیدە دەڵێت: منداڵەکانی عامیر کوڕی سەعسەعە هێرشیان کردە سەر غەتەفان و لەم رۆژەدا عامر کوڕی توفەیل ئامادە بوو. ئەو هێشتا گەنجێکی تازە پێگەیشتو و پێگەی سەروەری بەدەست نەهێنابوو. ئەوان گەشتنە گوندەی رەقەم و لێرە منداڵەکانی مورە کوڕی عەوف کوڕی سەعد هاوڕێ لەگەڵ دەستەیەك لەئەشجەع کوڕی رەئیب کوڕی غەتەفان و دەستەیەك لەفەزارە کوڕی زوبیان نیشتەجێ بوون. ئەوان لەمەبەستی عامرییەکان ئاگادار بوونەوە و ترسان. عامرییەکان لەرەقەم (دۆڵێك لەنزیکی تەزرۆع) هێرشیان کردنە سەر و شەڕێکی قورس دەستی پێکرد. عامر کوڕی توفەیل هاتە پێش و ژنێك لەفەزارەی بینی و لەناو و نەژادی پرسی. ژن وتی: من ئەسما کچی نۆفلی فەزارەییم. دەستەیەك دەڵێن: ئەو ئەسما کچی حیسن کوڕی حوزیفە بوو. لەهەمان کات کەعامر لەگەڵ ئەو ژنەدا گفتوگۆی دەکرد، لەناکاو خەڵکە تێکشکاوەکەی هاتنە لای و منداڵەکانی مورە بەدوایانەوە بوون. کاتێك عامر ئەمەی بینی، زرێکەی خۆی بۆ ئەسما فرێدا و هەڵات. ماوەیەك دوای ئەوە ئەو ژنە زرێکەی بۆ گەڕاندەوە. منداڵەکانی مورە بەدوای هەڵاتواندا ڕۆشتن و فەرماندەکەیان سنان کوڕی حارسە کوڕی ئەبی حارسە بوو. ئەشجەعیان هەرکەسیان لەمنداڵەکانی عامیر ئەسیر دەکرد، سەریان دەبڕی و ئەمە لەبەرابەر ئەو ستەمە بوو پێشتر عامرییەکان بەرابەر بەمان ئەنجامیان دابوو. ئەم تیرە لەمنداڵەکانی ئەشجەع بەناوی منداڵەکانی مزجەح دەناسران. ئەوان هەفتا عامرییان سەربڕی. عامر کوڕی توفەیل لەیادی غەتەفان و گفتوگۆی خۆی لەگەڵ ئەو ژنەدا وتویەتی:

قد ساءلت اسماء و هی خفیة   لضحائها اطردت ام لم اطرد
فلا بغینکم القنا و عوارضا   و لا قبلن الخیل لابة ضرغد
ولا برزن بمالك و بمالك   و اخی المرورات الذی لم یسند

واتاکەی: ئەسما کەخۆی داشاردبوو و بەنهێنی قسەی دەکرد، پرسی: ئایا من راونرام یا راونەنرام. بێ گومان بۆ شەڕ لەگەڵ ئێوە ڕمی سینگ قەڵشێن هەڵدەگرم و رووداوەکان دەخولقێنم. بێ گومان سوارکاران لەسەرزەمینی (لابة ضرعد) غارپێ دەدەم. بێ گومان بۆ شەڕی مالیك دەرۆمەدەر و رێگە لەو کاروانانە دەگرم کەرێبەر و کارواندارەکەی ئەو نەبێت.

ئەم قەسیدەیە دوور ودرێژە. کاتێك ئەم وتارە بەگوێی غەتەفانییەکان گەشت، دەستەیەك لەوان خراپەیان وت. لەم کاتەدا نابغەی زوبیانی لەناو خەڵکەکەی خۆی نەبوو و لای پاشاکانی غەسان دەژیا. ئەو لەنەعمان کوڕی مونزەر رایدەکرد (لەبەر ئەوەی ژنە جوانەکەی نەعمانی خستبووە تۆڕەوە و چێژی لێوەرگرتبوو). کاتێك پاشای عەرەب نەعمان لەگوناحەکەی خۆش و ئەوەی بەخشی، گەڕایەوە بۆ لای خەڵکەکەی خۆی و لەوانی پرسی بۆچی لەشێعرەکانی خۆیان خراپەی عامر کوڕی توفەیلیان وتووە. ئەمان وتار و قەسەکانی خۆیانیان بۆ گێڕایەوە. نابغە وتی: جنێوتان داوە. نابێت یادی کەسێکی وەك عامر بەم قسانە بکرێتەوە. ئەوسا ئەم شێعرانەی وت و سەرکۆنەی عامری کرد کەبۆ چی لەیەکێك لەشێعرەکانی خۆی ئاماژەی بەیەکێك لەژنە بەرێز و ئابروودارەکانی هۆزی دوژمن داوە:

فان يك عامر قد قال جهلا   فان مطية الجهل الشاب
فانك سوف تحلم او تباهى   اذا ما شبت او شاب الغراب
فكن كابيك او كابى براء   توافقك الحكومة و الصواب
فلا تذهب بحلمك طاميات   من الخيلاء ليس لهن باب

واتاکەی: ئەگەر عامر لەروی نەزانییەوە قسەیەکی کردووە، ترسێك نییە چوونکە نەزانە ئەو چوارپێیەی گەنجەکان سواری دەبن. تۆ بەزوترین کات دەبیتە فرەزان یا وشیار دەبیتەوە و ئەمە لەکاتێکدایە پیربوویت یا سەرومەری و راست کرداری ببێتە هاوئامێزت. کەواتە رێگە مەدە پێشهاتە تێپەڕەکان کە لەخۆپەسەندییەوە سەرچاوە دەگرن و بەرێگەیەکی راست ناگەن، ئاوز لە تۆ

بسڕنەوە.

تا کۆتایی قەسیدەکە. کاتێك عامر ئەمەی بیست، وتی: پێش لەمە خراپەی منیان نەوتبوو (ئەوەی وتبوویان، خراپ وتن نەبوو بەڵکو هەڵبەست و پێیت بوو).

شەڕی ساحوق

باوکی عوبەیدە دەڵێت: منداڵەکانی زوبیان لەشوێنێك بەناوی ساحوق هێرشیان کردە سەر منداڵەکانی عامیر و فەرماندەی زوبانییەکان، سنان کوڕی ئەبی حارسەی موڕی بوو. ئەو ساز و بەرگ و کەرستەی شەڕ و وشتری پێدابوون. زوبانییەکان لەم شەڕە تاڵانی زۆریان بەدەست هێنا و گەڕانەوە.

عامرییەکان شوێنیان کەوتن و ئەوانیان بەدەست هێنا و شەڕێکی قورسیان لەگەڵ کردن. بەڵام عامرییەکان شکستیان خوارد و چەندین پیاویان لێ کوژرا، لەبەر ئەمە رویان کردە بیابان و زۆربەیان لەتینویەتیدا مردن چوونکە هەوا گەرم بوو. کار گەشتە ئەو شوێنەی هەر کات زوبیانییەك عامرییەکی دەبینی، دەیوت: بووەستە، کەل وپەلی شەڕ دابنێ تا لەگیانت خۆشبم. ئەویش ئەم کارەی دەکرد. بۆ عامرییەکان رۆژگارێکی سەخت بوو. عامر کوڕی توفەیل و براکەی حەکەم شکستیان خوارد و هەلاتن. لەم کاتەدا حەکەم سست و ناتەوان بوو و ترسا ئەسیر بکرێت. لەبەر ئەمە تەنافێکی هەڵگرت و رۆشتە سەر دارێك و سەرێکی بەلقێك بەستەوە و سەرەکەی دیکەی کردە ملی و خۆی هەڵواسی و خۆی کوشت. هاوشێوەی ئەم کارە پیاوێکی دیکە لەمنداڵەکانی غەنی کردی بەڵام کاتێك خۆی فرێدا پەشیمان بوویەوە و دەستی بۆ ملی دەبرد و هاواری دەکرد. خەڵك بەرەو لای رۆشتن و رزگاریان کرد و بۆ گریان و شین کردنەکەی سەرکۆنەیان کرد. عوروە کوڕی وەردی عەبەسی لەمبارەوە وتی:

ونحن صبحنا عامرا فی دیارها — علالة ارماح و ضربا مذکرا

بکل رقاق الشفرتین مهند — ولدن من الخطی قد طر اسمرا

عجبت لهم اذ یخنقون نفوسهم — و مقتلهم تحت الوغی کان اجدرا

واتاکەی: ئێمە بەرەبەیان هێرشمان کردە سەر عامرییەکان و ئەوانمان کردە خۆراکی ڕمە تیژەکان و شمشێر خوێنڕێژەکان. بەشمشێرە هیندیەکان کە هەردوو لێوەکەیان باریك و تیژە و ڕمە دروست کراوەکانی خەت (دروستکراوی گوندی خەتی بەحرەین) گیانی ئەوانمان گرت. سەرمان لەوان سورماوە بۆچی خۆیان دەخنکێنن لەگەڵ ئەوەی مەرگیان لەگۆڕەپانی شەڕ شیاوتر بوو.

شەڕی ئەعیار و شەڕی نەقیعە

موسلیم کوڕی موشەجەری عایزی زەببی دراوسێی منالەکانی عەبەس بوو. رۆژێك لەگەڵ عومارە کوڕی زەیاد کەپیرێکی شارەزا و لێهاتوبوو، تاوڵەی کرد. عومارە دە بەچکە وشتری لێ بردەوە. موسلیم داوای لێکرد ئازادی بکات تا بڕواتە لای کەسەکانی خۆی و قەرزەکەی خۆی بنێرێت. عومارە ئەم کارەی نەکرد. ئەو کوڕەکەی خۆی شێرحاف کوڕی موسلیمی لای عومارە وەك بارمتە دانا و گەڕایەوە بۆ لای خەڵکەکەی خۆی و بەچکە وشترەکانی وەرگرت و بردی بۆ عومارە و کوڕەکەی خۆی ئازاد کرد.

کاتێك باوك و کوڕ بەرێکەوتن، کوڕ وتی: ئەی باوکە (**معضال**) کێ بوو؟ باوك وتی: پیاوێك لەئامۆزاکانی تۆ کەڕۆشت و تا ئێستا هیچ نیشانێکی نییە. شێرحاف وتی: من کوژەرەکەی دەناسم. باوك وتی: کێیە؟ شێرحاف وتی: ئەو عومارە کوڕی زیادە چوونکە رۆژێك کەشەرابی خواردبوو، بەخەڵکەکەی خۆی وت کە **معضالی** کوشتووە بەلآم کەس بەدوایدا نەگەڕاوە.

رۆژگارێك بەسەر ئەم رووداوەدا تێپەڕی و شێرحاف گەورە بوو و گەشەی کرد. ئەوسا عومارە دەستەیەکی زۆری کۆکردەوە و لەگەڵ ئەوان هێرشی کردە سەر منالەکانی زەببە. تالآنکەران وشترەکانی ئەوانیان گرت و فڕاندیان. منالەکانی زەببە سوار بوون و خۆیان گەیاندە لەوەڕگاکانی ئەوان. کاتێك شێرحاف سەیری عومارەی کرد، وتی: ئەی عومارە، دەمناسیت؟ عومارە وتی: کێیت؟ وتی: شێرحافم. کوڕە

مامەکەم بۆ بگەڕێنەرەوە. ئەو رۆژەی بەدەستی تۆ کوژرا، وێنەی نەبوو. شێرحاف هێرشی کردە سەر عومارە و کوشتی. عەبەسییەکان و منالەکانی زەببە بەقورسی شەڕیان کرد و منالەکانی زەببە وشترەکانی خۆیان وەرگرتەوە. شێرحاف وتی:

الا ابلغ سراة بنی بغیض — بما لاقت سراة بني زياد
و مالاقت جذيمة اذ تحامى — و ما لاقى الفوارس من بجاد
تركنا بالنتيعة آل عبس — شعاعا يقتلون بكل واد
و ما انا فاتنا الا شريد — يؤم القفر فى تيه البلاد
فسل عنا عمارة آل عبس — و سل و ردا و ما كل بداد
تركتهم بووادى البطن رهنا — لسيدان القرارة و الجلاد

واتاکەی: بەگەورەی منالەکانی بەغیز بڵێ چی بەسەر گەورەی منالەکانی زیاد هات. جەزیمە لەگۆڕەپانی شەڕ چی بینی و سوارکارانی بجاد چیان بینی. لەئاوگرەکەی نەقیعە روبەروی منالەکانی عەبەس بووینەوە، بلاّو بوونەوە و لەهەر دۆڵێکدا دەکوژران. کەس لەدەست ئێمە رزگاری نەبوو مەگەر ئاوارەیەك کە لەبیابانە وشك و بێ بەرهەمەکان، سەرگەردان بەدەوری خۆیدا دەسوڕایەوە. ئەی عومارە، سەبارەت بەئێمە لەعەبەسیەکان بپرسە، لەوەرد بپرسە هەرچەند هەموویان رکەبەری ئێمە نەبوون. ئەوانمان لەقولایی دۆڵ بۆ گورگەکانی ئاوگر و دەشتە نارێکەکان بەجێهێشت.

شەڕی نەبات

باوکی عوبەیدە دەڵێت: عامرییەکان لەماڵەکانیان هاتنەدەر و مەبەستی غەتەفانییەکانیان کرد تا ڕقی کۆن و تۆڵەی خۆیان لەشەڕی ڕەقەم و ساحوق وەربگرنەوە. عەبەسییەکان لەشەڕی ڕەقەم بەشدار بوون نە لەساحوق. ئەوان هاوکاری غەتەفانییەکانیان نەکردبوو بۆ ڕوبەڕوبوونەوە لەگەڵ عامرییەکان. دەستەیەك دەڵێن: بەمشێوە نەبوو، بەڵکو ئەشجەعییەکان و فەزارییەکان و غەتەفانییەکانیتر، بەهەمان شێوە کەئاماژەی پێدەدەین، لەو شەڕانەدا بەشدار بوون. مناڵەکانی عامر هێرشیان کردە سەر چوارپێکانی مناڵەکانی عەبەس ومناڵەکانی زوبیان و مناڵەکانی ئەشجەع و ئەوانیان گرت وبەرەو سەرزەمینەکانی خۆیان بەرێکەوتن. ڕێگەیان هەڵە کرد و کەوتنە سەر ڕێگای دۆڵی نەبات و لەوێ دابەزین، نە ڕێگەییان بۆ پێشەوە برد ونە ئاوەیانی و ڕێگەی چونەدەرەوەمیان بەرچاو کەوت. درێژەیان بەرێگەکەدا. ئەوەندەی نەمابوو دو کێوەکە بدەن لەیەك لەناکاو ژنێك لەمناڵەکانی عەبەسیان لەسەر لوتکەی کێوەکەی بینی کە لەدارەکان گەڵای بۆ ئەوان لێدەکردەوە. ڕێگای چونەدەرەوەمیان لێپرسی. ژن وتی: ئەو سوارانە ڕێگەی چونەدەرەوەن. ژن لەسەر لوتکەی کێو سوارەکانی بینی رویان لەوێ دەکرد. مناڵەکانی عامر سوارەکانیان نەبینیبوو چوونکە لەناو دۆڵەکەدا بوون. ئەوان پیاوێکیان ناردە سەر لوتکەی کێوەکە تا لەدەوروبەر بروانێت. بەوانی وت: خەڵکانێك دەبینم هاوشێوە مناڵەکانن لەسەر ئەسپ و نوکی ڕمەکانیان بەدرێژایی گوێچکەی ئەسپەکانیان داناوە. وتیان: ئەمانە مناڵەکانی فەزارەن. دیدەوان وتی: دوبارە خەڵکانێکی پێست سپی و قژبژ دەبینم دەڵێی جل و بەرگی سوریان لەبەردایە. وتیان: ئەمانە مناڵەکانی ئەشجەعن. دیدەوان وتی: دوبارە خەڵکانێك هاوشێوەی کۆمەڵی لاشخۆرەکان دەبینم کەخۆیان لەسەر زینی ئەسپەکانیان لابردووە و دەڵێی لەسەر ڕانی خۆیان بەرێگادا دەڕۆن و سەری ڕمەکانیان بەدەستەوە گرتووە و بەدوای خۆیاندا دەیکێشن. وتیان: ئەمانە عەبەسییەکانن، مەرگی کتاوپڕ بۆ ئێوە

داباری! ئەوانیان لەناو دۆڵەکەدا بینی. عامر کوڕی توفەیل یەکەم کەس بوو پڕییە سەر ئەسپەکەی (ورد) یا (مربووق) و هەڵات. ئەسپەکە شەکەت بوو. عامر کوشتی تا فەزارییەکان بۆ جوت گرتن کەڵکی لێنەبەن. خەڵك روبەروی یەك بوونەوە و دەستیان بە کوشتاری یەك کرد و شەڕ لەناو ئەوان درێژەی کێشا. عامرییەکان شکستیان خوارد و کوشتار کران. لەم شەڕەدا لەگەورەکانی عامر ئەمانە کەوتنە سەر زەوی: بەرا کوڕی عامر کوڕی مالیك (ناوی باوکی باوکی بەرا لەو وەرگیراوە) نەهشەل، ئونس و هەزار کوڕی مورە کوڕی ئونس کوڕی خالید کوڕی جەعفەر، عەبدوللە کوڕی توفەیل برای عامر (کەبەدەستی رەبیع کوڕی زیادی عەبەسی کوژرا) و کەسانیر زۆریتر. شکانی مناڵەکانی عامر قورس و دژوار بوو.

شەڕی فورات

باوکی عوبەیدە دەڵێت: موسەنا کوڕی حارسەی شەیبانی کوڕی خوشکی عیمران کوڕی مورە هێرشی کردە سەر منداڵەکانی تەغلەب و ئەوان لەقەراغ فورات بوون. ئەم شەڕە بەر لەماوەیەك پێش ئیسلام رویدا. ئەو بەسەر ئەوان سەرکەوت و هەر کام لەشەڕکەرانی ئەوانی گرت، کوشتی و ژمارەیەکی زۆر لەوان کەوتنە فورات و لەناو ئاوەکەدا خنکان. سامانی ئەوانی هەڵگرت و لەناو هاوەڵانی خۆی دابەشی کرد. شاعیرەکەیان لەمبارەوە وتویەتی:

و منا الذی غشی الدلیکة سیفه ... علی حین ان اعیا الفرات کتائبه
و منا الذی شد الرکی لیستقی ... ویسقی محضا غیر ضاف جوانبه
و منا غریب الشام لم یرمثله ... افك لعان قد تناءی اقاربه

واتاکەی: لەناو ئێمەدا شەڕکەرێك بوو بەشمشێرەکەی خۆی دەلیکەی داپۆشی و لەهەمان کات، پیاوە شەڕکەرەکانی ئەو فوراتیان بێزار کرد. لەناو ئێمەدا ئەو کەسە بوو هێرشی کردە سەرچاڵ تا ئاوی پاك نۆش بکات، چاڵێك کەلێوارەکانی لێوانلێو نەبوو لەئاو. لەناو ئێمەدا ناناشنای شام بوو کەوەك ئەو نەبینراوە، پێش لەهەمووان ئەو ئەسیرانەی ئازاد دەکرد کەکەسەکانی دورکەوتبوونەوە.

دەلیکە ئەسپەکەی موسەنا کوڕی حارسە بوو. ئەوەی ئاوی لەچاڵ کێشایەدەر، مورە کوڕی هەمام بوو و ناناشنای شام کوڕی قلوس کوڕی نەعمان کوڕی سەعلەبە بوو.

شەڕی بارق

مەفزەلی زەبیی دەڵێت: منداڵەکانی تەغلەب و نەمر کوڕی قاست وچەندین دەستە لەمنداڵەکانی تەمیم شەڕی یەکیان کرد تا گەشتنە پانتایی بارق لەسوادی عێراق. چەند کەسێکیان لەناو خۆیان بەنوێنەرایەتی بۆ لای بەکر کوڕی وایل نارد و خوازیاری ئاشتی بوون. شەیبانییەکان و هاوەڵەکانیان کۆبوونەوە و مەبەستی تەغلەبییەکانیان کرد. زەید کوڕی شەریکی شەیبانی وتی: من پەنام بەخاڵۆکانی خۆم نەمری کوڕی قاستدا. ئەوان ڕێزیان لەپەنادانەکەی نەگرت و بەرێکەوتن و شەڕی منداڵەکانی تەغلەب و منداڵەکانی تەمیمیان کرد و ژمارەیەکی زۆریان لەوان کوشت بەرادەیەك تا ئێستا تەمیمییەکان ئەوەندەیان لێنەکوژرابوو. ئەسیرەکان و تالآنییەکانیان لەناو خۆیاندا دابەش کرد. ئەمە، خرابترین ڕۆژی ئەوان بوو کەپیاوەکانیان کوژرا و سامانەکانیان تالآن و ژنەکانیان ئەسیر کرا. باوکی کولبەی شەیبانی وتی:

و ليلة بساعدى لم تدع سندا	لتغلبى و لا انفا و لا حسبا
و النمر يون لولا سر من ولدوا	من آل مرة شاع الحى منتهبا

واتاکەی: ئەو ڕۆژە لەسوعادا بیربێنەرەوە کەهیچ پشتیوان و شکۆ و نەژادێکی بۆ هیچ تەغلەبییەك بەجێنەهێشت و نەمرییەکان بیربێنەرەوە کەنەگەر لەدایك بووانیان نەدەبوو، سەرپاکیان کوشتار و تالآن کرابوو.

شەڕی تێخفە

ئەم شەڕە مناڵەکانی یەربوع لەبەرابەر سوپاکەی نەعمان کوڕی مونزەر دەستیان پێکرد.

باوکی عوبەیدە دەڵێت: هۆکاری ئەم شەڕە ئەوەبوو (ردافت) کە لەناو عەرەبەکانی سەردەمی نەزانی وەك وەزارەت بوو و (ردیف) لەلای راستی پاشا دادەنیشت، تایبەت بوو بەمناڵەکانی یەربوع (لقێك لەتەمیمییەکان) کە لەیەك بەمیرات بۆیان دەمایەوە و بچوکەکان لەگەورەکانیان وەردەگرت. کاتێك رۆژگاری پاشایەتی نەعمان کوڕی مونزەر (یا کورەکەی مونزەر) گەشت، حاجب کوڕی زورارەی دارمی تەمیمی داوای ئەو پۆستەی لەنەعمان کرد تا بیدات بەحارس کوڕی بەیبەتی کوڕی قورتی کوڕی سوفیان کوڕی موجاشعی دارمی تەمیمی. نەعمان لەمبارەوە قسەی لەگەڵ یەربوعییەکان کرد و داوای لەوان کرد رفادت بەحارس کوڕی بەیبەت بدەن. ئەمان بەم کارە رازی نەبوون. شوێنی نیشتەجێ بوونی ئەوان لەنزیك تێخفە بوو. کاتێك ئەوان بەم کارە رازی نەبوون، نەعمان کوڕی خۆی قابوس و براکەی حسان (هەردووك کوڕی مونزەر) ناردە سەر ئەوان و سوپایەکی گەورەی لەگەڵدا بەڕێکردن کەدەست پەروەردەکان و بەکرێگیراوان و خەڵکانێك لەمناڵەکانی تەمیم و کەسانیتر لەناویدا بوون. قابووس فەرماندەی سوپا و حسان فەرماندەی پێشەنگەکان. ئەمان بەرێکەوتن تا گەشتنە تێخفە و روبەروی یەربوعییەکان بوونەوە و شەڕیان کرد. مناڵەکانی یەربوع خۆراگریان کرد و قابوس و سوپاکەی شکستیان خوارد. باوکی عومەیرەی تارق لەئەسپەکەی قابوسیدا و کوشتی و قابووسی ئەسیر کرد. ویستی قژی ناوچاوی ببڕێت کەقابوس وتی: لەگەڵ شازادەکان ئاوا هەڵس و کەوتێك ناکەن. ئەو قابوسی ئازاد کرد. بیشر کوڕی عەمرۆ کوڕی جوەین، حسانی ئەسیر کرد بەڵام بەزەیی پیایدا هاتەوە و ئازادی کرد. تێکشکاوان و هەڵاتووان بۆ لای نەعمان گەڕانەوە. لەم کاتەدا شێهاب کوڕی قەیس کوڕی کیاسی یەربوعی لای ئەو بوو. نەعمان پێی وت: ئەی شیهاب، کوڕ و براکەم بدۆزەرەوە کە

ەگەر ئەو دوانە بە زیندویی بدۆزیتەوە، بەداوای یەربوعییەکان رازی دەبم و رفادت بۆ ئەوان دەگەڕێنمەوە و ئەوەی کوشتویانە و تالآنیان کردووە، بەوان دەبەخشم و جیاواز لەوە دوو هەزار وشتریان پێدەدەم. شیهاب رۆشت و ئەوانی بەزیندویی بینی و ئازادی کردن وپاشا هەموو بەڵێنەکانی خۆی لەگەڵ یەربوعییەکان بردەسەر و رفادتی بۆ ئەوان هێشتەوە. مالیك کوڕی نویرە وتی:

و نحن عقرنا مهر قابووس بعدما رای القوم منه الموت و الخیل تلحب
علیه دلاص ذات نسج و سیفه جراز من الهندی ابیض مقضب
طلبنا بها انا مداریك نیلها اذا طلب الشاو البعید المغرب

واتاکەی: ئێمە ئەسپەکەی قابوسمان کوشت و ئەمە دوای ئەوە بوو خەڵکان مەرگی ئەویان بینی و ئەسپەکان دەدرەوشانەوە. جل وبەرگێکی درەخشانی جوان دوراوی لەبەردابوو، شمشێرەکەی تیژ و سپی و لەهیندەوە هێنابوویان، ئاسنی دەبڕی. ئێمە خوازیاری رفادت بووین و بەدەستمان هێنا و هەرکات مەبەستی نیشانە دوور و نەناسراوەکان بکەین، بەدەستی دێنین.

شەڕی نیباج و سیتەڵ

باوکی عوبەیدە دەڵێت: قەیس کوڕی عاسمی تەمیمی مێنقەری هاوڕێ لەگەڵ (موقاعێس) بۆ شەڕ بەرێکەوت. ئەوان چەندین بنەماڵە لەتەمیم بەم ناوانە بوون:

سەریم، رەبیع و عوبەید کوڕانی حارس کوڕی عەمرۆ کوڕی کەعب کوڕی سەعد. هەروەها هاوڕێ لەگەڵ ئەو منداڵەکانی سلامە کوڕی زەربی حیمانی لەحارسییەکان کەچەندین بنەماڵە لەتەمیم بوون وئەمانە لەناویاندا دەبینران، بۆ شەڕ بەرێکەوتن: حیمان، رەبیعە، مالیك و ئەعرەج کوڕانی کەعب کوڕی سەعد. ئەمان ڕۆشتنە شەڕی منداڵەکانی بەکر کوڕی وایل و ڕووبەڕوی لیهازم بوونەوە کەمنداڵەکانی قەیس و تیم ئەللات کوڕانی سەعلەبە کوڕی عوکابە کوڕی سەعب کوڕی عەلی کوڕی بەکر کوڕی وایل بوون. هاوڕێ لەگەڵ ئەوان منداڵەکانی زوهەل کوڕی سەعلەبە و عێجل کوڕی لوجەیم و عەنزە کوڕی ئەسەد کوڕی رەبیعە دەبینران. شەڕ لەنیباج و سیتەڵ رویدا. ئەم دوو دەستەدا هاتوچۆیان دەکرد. منداڵەکانی قەیس هێرشیان کردە سەر نیباج و منداڵەکانی سلامە ڕۆشتنە سیتەڵ تا هێرش بکەنە سەرخەڵکەکەی. کاتێك قەیس گەشتە نیباج، ئەسپەکانی خۆی ئاودا و دواتر هەموو ئاوە پاشەکەوت کراوەکەی، رژاندە سەر زەوی و بەهاوەڵانی خۆی وت: پیاوانە شەڕ بکەن چوونکە مەرگ لەبەردەمتانایە وبیابان لەپشت سەرتان. ئەو لەکاتی بەرەبەیان هێرشی کردە سەر خەڵکانی نیباج لەبەکرییەکان. بەکرییەکان پیاوانە ڕووبەڕوویان بوونەوە. بەکرییەکان شکستیان خوارد و ئەوەندە سامان وساز وبەرگ و توێشو بەدەست قەیسیەکان گەشت کە لەزۆری و فراوانیدا نەدەژمێردرا. کاتێك قەیس لەتاڵان کردنی نیباج تەواو بوو، بەپەلە ڕوی کردە سیتەڵ تا هاوکاری سەلامە و هاوەڵانی بکات. ئەوانی دۆزییەوە. هێشتا سلامە هێرشی نەکردبووە سەر خەڵکانی سیتەڵ. قەیس هێرشی کردە سەریان و شەڕیان لەگەڵدا کرد و شکستیان خوارد و قەیس تاڵانی هاوشێوەی نیباجی دەستکەوت. سلامە گەشت و وتی: ئەو کەسانەتان تاڵان کرد کەمن دەمویست تاڵانیان بکەم. ئەم دووانە مشتومڕیان کرد ئەوەندەی نەما بوو

شەرێك هەڵگیرسێت. دواتر ڕێکەوتن کەسامانە تاڵان کراوەکان بەسلامە بدەن. ڕەبیعە کوڕی تەریف لەمبارەوە وتویەتی:

فلا يبعدنك الله قيس بن عاصم فانت لنا عز عزيز و معقل
و انت الذى حربت بكر بن وائل و قد عضلت منها النباج و ثيتل

واتاکەی: نەبێت خوا دورت بکاتەوە ئەی قەیس کوڕی عاسم کەتۆ بۆ ئێمە بەرێز و ڕێزدار و قەلأیەکی بەهێزیت. تۆ بوویت بەکر کوڕی وایلت تالأن کرد و ئەمە لەکاتێکدا نیباج و سیتەڵ لەوان لیپاولیپ بوون.

قررەت کوڕی زەید کوڕی عاسم وتی:

انا ابن الذى شق المرار و قد راى بثيتل احياء الهازم حضرا
فصبحهم بالجيش قيس بن عاصم فلم يجدوا الا الاسئة مصدرا
سقاهم بها الذيفان قيس بن عاصم و كان اذا ما اورد الامر اصدرا
على الجرد يعلكن الشيكم عوابسا اذا الماء من اعطا فهن تحدرا
فلم يرها الراؤون الا فجاءة يثرن عجاجا كالدواخن اكدرا
وحمران ادته الينا رماحنا فنازع غلا فى ذراعيه اسمرا

واتاکەی: من کوڕی ئەو کەسەم کەمرار (گوڵەگەنمی) شکۆفاند و ئەمە لەکاتێکدا بوو بنەماڵەی لێهازمی لەسیتەڵ بینی. قەیس کوڕی عاسم بەسوپایەك لەبەرەبەیاندا هێرشی کردە سەر ئەوان و ئەوان جگە لەقامیشەلأن شوێنی چونەدەرەوەیان نەبینی. قەیس کوڕی عاسم لەوێ ژەهری کوژەری دەرخوارددان.ئەو پیاوێکە کاتێك کەسێك دەباتە شوێنی ئاوخواردنەوە، خۆی لەوێ دەیهێنێتەدەر. سوار لەسەر ئەسپە تیژپێکان بوون و هەوسارەکانی خۆیان دەجوو و بەهۆی ڕاکردنەوە، ئاو لەپشت و کەلەکەیانەوە دەباری. بینەران، ئەوانیان جگە بەشێوەیەکی کتوپڕ نەبینی، تەپ وتۆزیان بەرز کردەوە و بای گۆڕەپانیان هاوشێوەی دوکەڵ ڕەش کرد.

بەهۆی ڕەمەکانەوە حیمران بۆ ئێمە گەڕایەوە. ئەو دەستەکانی خۆی بە بەستراوی زنجیرێك بینی کە زۆرانی لەگەڵ دەکرد.

شەڕی فەلج

باوکی عوبەیدە دەڵێت: ئەم شەڕە بەکر کوڕی وایل لەبەرابەر تەمیم هەڵیگرساند.

هۆکاری ئەم شەڕە ئەوەبوو دەستەیەك لەبەکرییەکان لەزستان ڕۆشتنە شوێنە دژوار و بڵندەکان و کاتێك بەهار تێپەڕی گەڕانەوە و لەسەر دەشتی بەرین گوزەریان کرد و خەڵکانێك لەمناڵەکانی تەمیم لەمناڵەکانی عەمرۆ و حەنزەلەیان بینی. هێرشیان کردە سەر چوارپێ زۆرەکانی ئەوان و ڕۆشتن. فریادخواز ڕۆشتە لای مناڵەکانی عەمرۆ و مناڵەکانی حەنزەلە. ئەمان بۆ یارمەتیدانی خەڵکەکەی خۆیان هەڵخرێنران و بەپەلە شوێن بەکرییەکان کەوتن و دوو رۆژ و دوو شەو ڕۆشتن تا هیلاك بوون و بەرەو لای زەمینێك لەبەتن فەلج شۆڕبوونەوە. دوو پیاویان لەگەڵ دوو ئەسپی چالاکی تیژپێ هاوشێوە دیدەوان لەپشتەوە دانابوو تا ئەگەر دوژمن هێرشی کردنە سەر، ئاگاداریان بکاتەوە. کاتێك تەمیمیەکان گەشتنە دوو پیاوەکە، ئەم دوو پیاوە بەپەلە ڕۆشتن و خەڵکەکەی خۆیان ئاگادار کردەوە. کاتێك ئەوان گەشتنە فەلج، فریادخواز هات و هەواڵی بەرێکەوتنی تەمیمییەکانی راگەیاند. لەم کاتەدا حەنزەلە کوڕی یەساری عیجلی لەخێوەتەکەی خۆی هاتەدەر و خەڵکەکەی هاورێ لەگەڵ ئەو هاتن و ئامادەی شەڕ بوون. مناڵەکانی تەمیم گەشتن و مناڵەکانی بەکر کوڕی وایل بەسەختی شەڕیان لەگەڵ کردن. عەرفەجە کوڕی بوحەیری عیجلی هێرشی کردە سەر خالید کوڕی مالیك کوڕی سەلمەی تەمیمی و زەرەبەیەکی لێدا و ئەسیری کرد. لەم شەڕەدا ڕێبعی کوڕی مالیك کوڕی سەلمە کوژرا و تەمیمییەکان شکستیان خوارد و بەکرییەکان هەر بەلایەکیان پێخۆش بوو، بەسەر ئەواندا هێنایان.. دواتر عەرفەجە، خالید کوڕی مالیکی ئازاد کرد و قژی ناوچاوی بڕی. خالید وتی:

وجدنا الرفد رفد بنی لجیم　　　　اذا ما قلت الارفاد زادا

هم ضربووا القباب ببطن فلج — و ذادوا عن محارمهم ذيادا
وهم منوا على طلقوني — و قد طاوعت فى الجنب القيادا
اليسوا خير من ركب المطايا — و اعظمهم اذا اجنمعوار مادا
اليس هم عماد الحى بكرا — اذا نزلت مجللة شدادا

واتاکەی: کاتێك بەخششەکان رویان لەکەمبوون و تەواو بوون کرد، بەخششی منالەکانی لوجەیمم بەباشترین بەخشش بینی. ئەوان بوون کە لەگۆڕەپانی فەلج خێوەتیان هەڵدا و لەبنەماڵە و ژنانی خۆیان بەباشترین شێوە پارێزگاریان کرد. ئەوان بەزەییان بەمندا هاتەوە و لای ئەوان فەرمانبەریم دەکرد. ئایا ئەمانە باشترین خەڵکانێك نین کەسوار چوارپێکان بوون؟ ئایا ئەمانە باشترین خەڵکان لەکاتی کۆکردنەوەی خۆڵەمێش (خواردن لێنان و رێز گرتن لەمیوانەکانی خۆ) نین؟ ئایا ئەوان کۆڵەکەی بنەماڵەکەی خۆیان (بەکر) نین؟ بەکرییەکان ئەوانەن شکۆمەند روو دەکەنە گۆڕەپانی شەڕ و پیاوانە شەڕ دەکەن.

قەیس کوڕی عاسم لەسەرکۆنە کردنی خالیددا وتی:

لو كنت حرايا ابن سلمى بن جندل — نهضت و لم تقصد لسلمى ابن جندل
فما بال اصداء بفلج غريبة — تنادى مع الاطلال: يا لابن حنظل
صوادى لا مولى عزيز يجيبها — و لا اسرة تسقى صداها بمنهل
و غادرت ربيعا بفلج ملجا — و اقبلت فى اولى الرعيل المعجل
توائل من خوف الردى لا وقيته — كما نالت الكدراء من حين اجدل

واتاکەی: ئەی کوڕی سەلمی کوڕی جەندەل، ئەگەر پیاوێکی ئازاد دەبوویت، بۆ شەڕ هەڵدەستیایت نەبۆ رزگار کردنی گیانی سەلمی کوڕی جەندەل. لەکوێ بیستراون ئەو ئاوازە نەناسراوانەی لەشەڕی فەلج کەهاوڕێ لەگەڵ وێرانەی ماڵەکان هاواریان دەکرد: هاوار، ئەی کوڕی حەنزەل. تینو بوون و سوتاو، نەهاوڕێیەکی نازەنین بوو وەڵامیان بداتەوە و نەبنەماڵەیەك کەدڵی سوتاویان بەئاوێکی پاك و سارد

دامرکێنێتەوە. ڕەبعیت لەپانتایی فەلج بەتەنیا جێهێشت و پەیکەری لەت لەت بوو. لەگەڵ یەکەم دەستەی چوارپێکان، لەگۆڕەپانی شەڕ هەڵاتیت. هەڵاتو لەترسی لەناوچوون نەکا لێی بەدور بیت بەشێوەیەك هەر لافاوێکی ماڵ وێرانکەر هەر خانەدانێك لەبناغەوە هەڵدەتەکێنێت.

کوڕی نەسیر دەڵێت: ئەو سەرکۆنەی خالید دەکات کەداوای خوێنی براکەی ڕەبیعی و کوژراوەکانی دیکەی فەلجی نەکرد. دەڵێت: ئاوازی ئەوان هێشتا بەرگوێ دەکەوێت و کەس ئاو بەوان نادات. ئەمە لەسەر ئایینی جاهلییە. ئەگەر ترسی درێژدادڕی نەبووایە، زیاتر لەمە شرۆڤەمان دەکرد.

شەڕی شەیەتین

باوکی عوبەیدە دەڵێت: شەیەتین تایبەت بەبەکر کوڕی وایل بوو. کاتێك ئیسلام لەنەج دەرکەوت، بەکر بەرەو سواد ڕۆشت و موقایس کوڕی عومەر عایزی کوڕی عایزە لەقورەیش کە اوپەیمانی منالەکانی شەیبان بوو، لەشەیەتین مایەوە. کاتێك بەکرییەکان لەسواد نیشتەجێ بوون، نەخۆشی تاعون و پەتا لەناویاندا دەرکەوت. ئەم نەخۆشییانە لەرۆژگاری خوسرەو شیرویە بلاو بوونەوە. بەکرییەکان لەوێ هەلاتن و لەلەعلەع دابەزین. ئەم سەرزەمینە وشك و شەیەتین سەرسەوز و شادمان بوو. لەبەر ئەمە تەمیمییەکان ڕۆشتن و لەشەیەتین دابەزین. هەواڵی سەرسەوزی شەیەتین بەگوێی بەکرییەکان گەشت. ئەوان کۆبوونەوە و وتیان: هێرش دەکەینە سەر تەمیمیەکان چوونکە لەئایینی کوڕی عەبدنەلموتەلیب (یانی پێغەمبەری ئیسلام) بەمشێوەیە کەهەرکەس یەکیتر بکوژێت، لەخوێنی ئەودا دەکوژرێت. ئەم جارە هێرشیان دەکەینە سەر و دواتر دەڕۆینە سەر ئایینی ئیسلام. ئەوان لەگەڵ ژنان و منالان و سامانەکان لەلەعلەع بەرێکەوتن وسەروەرەکەیان بیشر کوڕی مەسعود کوڕی قەیس کوڕی خالید بوو. بەچوار شەو هاتنە شەیەتین لەکاتێکدا تا ئەوێ هەشت شەو رێگا بوو. پێش هەر هەواڵبەرێك کەوتنەوە و بەرەبەیان لەناکاو

هێرشیان کردە سەریان و بەسەختی شەڕیان کرد. تەمیمییەکان خۆڕاگریان کرد و سەرئەنجام شکستیان خوارد. رەشید کوڕی رومەیزی عەنبەری لەمبارەوە وتی:

و ما کان بین الشیطین و لعلع	لنسوتنا الا مناقل اربع
فجئنا بجمع لم یرالناس مثله	یکاد له ظهر الودیعة یطلع
بارعن دهم تنسل البلق وسطه	له عارض فیه المنیة تلمع
صبحنا به سعدا و عمرا و مالکا	فظل لهم یوم من الشراشنع
و ذاحسب من آل ضبة غادروا	بجری کما یجری الفصیل المفزغ
تقصع یربووع بسرة ارضنا	و لیس لیربووع بها متقطع

واتاکەی: بۆ ژنانی ئێمە لەلەعلەعەوە تا شەیەتین چوار شەو زیاتر رێگا نەبوو. سوپایەکی گەورە لەئێمە کۆبویەوە کەخەڵکان هاوشێوەی ئەویان نەبینیوە بەشێوەیەك ئەوەندەی نەمابوو پشتی زەوی لەقورسییەکەی شەق بەرێت. بەئەسپی لوت باریك و ڕەش کەئەسپی ڕەش و سپی لەناو ئەواندا دەدرەخشێت، ڕۆشتینە ئەو سەرزەمینە. ئەو روخسارێکی هەیە و مەرگ بەسەر دوژمندا دەبارێنێت. لەگەڵ ئەو لەکاتی بەرەبەیان هێرشمان کردە سەر سەعد و مالك و عەمرۆ و ئەوان رۆژگارێکی زیانبار و مەترسیداریان بینی. گەورەکان لەبنەماڵەی زەببە پشتیان کردە ئەوێ و بەهەلاتن ڕۆشتن بەشێوەیەك بەچکە وشترێکی ڕم کردو هەڵبێت. یەربوعییەکان لەناو سەرزەمینی ئێمە دابەزین لەگەڵ ئەوەی دەیانزانی مافی مانەوەیان نییە.

دواتر پێغەمبەر بۆ بەکرییەکان سەبارەت بەوەی هەیانە فەرمانی نوسی.

شەڕەکانی ئەنسار (شەڕەکانی ئەوس و خەزرەج)

ئەنسار (هاوەڵانی پێغەمبەری ئیسلام)، ناوێکە بۆ دوو هۆزی ئەوس و خەزرەج کوڕانی حارسە کوڕی سەعلەبە ئەلعەنقا کوڕی عەمرۆ کوڕی موزەیقیا کوڕی عامر مائەلسەما کوڕی حارسە کوڕی ئەلغیتریف کوڕی ئەمری ئەلقەیس ئەلبەتریق کوڕی سەعلەبە کوڕی مازن کوڕی ئەزد کوڕی غەوس کوڕی نەبت کوڕی مالك کوڕی زەید کوڕی کەهلان کوڕی سەبا کوڕی یەشجب کوڕی یەعرب کوڕی قەحتان. ئەم نازناوە پێغەمبەر بەوانی بەخشی چوونکە پێغەمبەر بۆ سەرزەمینی ئەوان کۆچی کرد و ئەوان ڕێزیان لێگرت و پەنایان دا. دایکی ئەوس و خەزرەج (قیلە) کچی کاهل کوڕی عوزرەت کوڕی سەعدە و لەبەر ئەمە پێیان دەوتن کوڕانی قیلە. لەبەر ئەوەو سەعلەبەیان بەناوی (عەنقا) باڵندەی ئەفسانەیی ناوبردووە چوونکە مل درێژ بوو. عامریان بۆیە بەمائەلسەما بانگ کردووە (باران، ئاوی ئاسمان) چوونکە زۆر بەخشەر و ڕێزی لەمیوان گرتووە و وەك دەڵێن هاوشێوەی باران هەموو شوێنێکی تێراو و زیندوو دەکرد. دەستەیەك دەڵێن بەهۆی گەورەیی و ڕێزداری ئەو بوو بەم ناوە بانگ کرا. بۆیە بەئەمرۆ ئەلقەیس یان دەوت بەتریق، چوونکە یەکەم کەس بوو لەعەرەبەکان دوای بەلقیس کەمناڵەکانی ئیسرائیل داوای یارمەتیان لێکرد. لەبەر ئەمە، ڕەحبعەم کوڕی سلێمان کوڕی داوود کردی بەبەتریق و خەڵك ناوی بەتریقیان پێدا. نشینگەی ئەزدییەکان لە(مەئرەب) لەیەمەن بوو تا ئەوەی پێشگۆکان عومەر کوڕی عامر کوڕی موزەیقیایان ئاگادار کردەوە کە لافاوی (عەرەم) سەرزەمینەکانی ئەوان لەناو دەبات و زۆربەی خەڵکەکەی لەناوادا دەخنکێنێت چوونکە نێردراوانی خوای گەورەیان بەدرۆزن ناوبردووە. کاتێك عەمرۆ ئەمەی زانی، هەرچی زەمین و باغ و سامان و کشتوکاڵی بوو، فرۆشتی و لەگەڵ شوێنکەوتوانی خۆی لە مەئرەب ڕۆشتەدەر. دواتر ئەوان لەناو سەرزەمینەکان بڵاوبوونەوە و هەر بنەماڵەیەك شوێنێکیان بۆ خۆیان دیاری کرد و تیایدا نیشتەجێ بوون. خوزاعە لەحیجاز مایەوە و غەسان لەشام.

کاتێك سەعلەبە کوڕی عەمرۆ کوڕی عامر لەگەڵ هاوەڵانی خۆی بەرێکەوت، لەمەدینە (کەپێشتر بەیەسرب ناودەبرا) تێپەریان کرد. لێرەدا ئەوس و خەزرەج کوڕانی حارسە لەگەڵ هاورێکانیان مانەوە و نیشتەجێ بوون. چەندین گوند و بازاری تیابوو و چەندین هۆز لەیەهودییەکان لەمناڵەکانی ئیسرائیل و کەسانیتر لەوێ نیشتەجێ بوون کەدەتوانین لەناو ئەوان ئاماژە بە کەلیمیەکان بدەین: مناڵەکانی قورەیزە، مناڵەکانی نەزیر، مناڵەکانی قینەقاع، مناڵەکانی ماسیلە، زەعورا و ..... ئەوان بۆ خۆیان چەندین دژ و قەلأیان دروست کردبوو کە لەکاتی ترس و مەترسی پەنایان بۆ دەبرد. ئەوس و خەزرەج ڕۆشتنە لای ئەوان و قەلأیان بۆ خۆیان دروست کرد. بەلأم فەرمانڕەوایی و زاڵبوون لەدەست یەهودییەکان بوو تا ئەوەی فێتیون و مالیك کوڕی عجلان چەندین کاریان کرد کە بەخواستی خوا ئاماژەیان پێدەدەین. دوای ئەوە فەرمانرەوایی گەشتە دەست ئەوس و خەزرەج. ئەوان بەردەوام دۆست و هاوپەیمانی یەك بوون تا ئەوەی شەڕی سومەیر لەناو ئەوان رویدا و بەخواستی خوا ئاماژەی پێدەدەین.

زاڵبوون ئەنسار بەسەر مەدینە و ناتەوان بوونی یەهودییەکان و کوژرانی فیَتیون

وتمان کاتێك ئەنسار لەمەدینە دابەزین، فەرمانڕەوایی ئەم سەرزەمینە لەدەست یەهودییەکاندا بوو. بەردەوام بەمشێوە بوو تا ئەوەی فیَتیون یەهودی بوو بەپاشایان. ئەو لەمناڵەکانی ئیسرائیل و دواتر لە ناڵەکانی سەعلەبە بوو. پیاوێك بوو گلاو و خراپەکار. یەهودییەکان فەرمانیان لێدەبرد و ئەو بێ ڕەحمانە فەرمانی بەسەردا دەکردن بەشێوەیەك هەر یەهودییەك کەژنی دەهێنا، پێش ئەوەی چێژی لێوەربگرێت، فیَتیونی ستەمکار لەئامێزی دەگرت. دەڵێن ئەم کارەی لەگەڵ ئەوس و خەزرەجیش دەکرد. وا ڕێکەوت کەیەکێك لەخوشکەکانی مالیك کوڕی عجلانی سالمی خەزرەجی شووی کرد و کاتێك شەوی بووکێنی گەشت، لەناو ئاپۆڕەی خەڵك کەبراکەیشی لەوێدا بوو، هاتەدەر و هەموو قاچی خۆی ڕوت کرد و جوانییەکەی خستەبەرچاو. مالیك پێی وت: کارێکی ناشیرینت کرد. ژنی جوان پێی وت: ئەوەی ئەمشەو بەسەرەم دێت، لەمە ناشیرینترە. ئایا برۆمە ئامێزی کەسێکیتر جگە لەمێردەکەم؟ ئەو گەڕایەوە. براکەی مالیك ڕۆشتە لای و وتی: خوشکە، هیچ کارێکی چاکت لەدەست دێت؟ کچ وتی: بەڵێ، چیت دەوێت؟ مالیك وتی: من هاورێ لەگەڵ تۆ لەگەڵ ژنان دێم و کاتێك ژنان برۆنەدەر و فیَتیون بێتە لای تۆ، دەیکوژم. کچ وتی: ئەم کارە بکە. کاتێك ژنان ئەویان بردە لای فیَتیون، مالیك بەجل و بەرگی ژنانەوە لەگەڵ ئەواندا ڕۆشت و شمشێری لەکەمەر بەست. کاتێك ژنان هاتنەدەر و فیَتیون ڕۆشتە لای ژنەکە، مالیك هێرشی کردە سەر و کوشتی و رایکرد. یەکێك لەو خەڵکە چەند دێرێکی لەمبارەوە هۆنییەوە کەیەکیان ئەمەیە:

هل كان للفطيون عقر نسائكم	حكم النصيب فبئس خكم الحاكم
حتى حباه مالك بمر شة	حمراً تضحك عن نجيع قاتم

واتاكەی: ئایا فێتیون شیاو بوو لەژنانی ئێوه چێژ وەربگرێت؟ ئەو كارەی دەكرد وەك بڵێی بەشی هەیە. خراپە ئەو فەرمانەی ئەم فەرمانداره فەرمانیداوه. سەرئەنجام شێره پیاو(مالیك). كەرەنگێكی سوری بوو و خوێناوی بەخوێنی ڕەش و لێڵ پێدەكەنی.

دواتر مالیك كوڕی عجلان راكردوو بەرێكەوت و خۆی گەیانده شام و ڕۆشته لای یەكێك لەپاشاكانی غەسان بەناوی باوكی جەبیلەی عوبەید كوڕی سالم كوڕی مالیك كوڕی سالم. ئەو یەكێك لەمناڵەكانی غەزەب كوڕی جوشم كوڕی خەزەرج بوو كە لەناو ئەوان پاشایەتی و گەورەیی پێبڕا. دەستەیەك دەڵێن: ئەو پاشا نەبوو بەڵكو لای پاشای غەسان پێگەیەكی بەرزی هەبوو. ئەمە راستە چوونكە لەناو پاشاكانی غەسان ناوا كەسێك نەبینراوه. ئەویش بەهەمان شێوه كەئاماژەی پێدرا، خەرزرەجی بوو.

كاتێك مالیك ڕۆشته لای، لەفێتیون لای ئەو گازنده و ئاگاداری كرد كەفێتیونی كوشتووه و هەنوكە چیتر ناتوانێت بۆ ماڵەوه بگەڕێتەوه. باوكی جەبیلە لەگەڵ خوا پەیمانی بەست كەبۆنی خۆش لەخۆی نەدات و نەڕواتە لای ژنان تا یەهودییەكان سوك و ریسوا بكات و ئەوس و خەزرەج بكاتە رێزدارترین خەڵكانی ئەو سەرزەمینە.

ئەو لەگەڵ سوپایەكی گەوەره لەشام ڕۆشتەدەر و وتی مەبەستی یەمەنی كردووه. كاتێك گەشتە مەدینە و لە(زی حۆرۆز) دابەزی، ئەوس و خەزرەجی لەمەبەستەكەی ئاگادار كردەوه. دواتر كەسێكی بۆ لای سەرۆكەكانی یەهودی نارد و ئەوانی بانگێشت كرد و وای نیشاندا دەیەوێت پاداشیان پێدات. سەرۆكەكانی ئەوان لەگەڵ كەسە تایبەتی و نۆكەرەكانی خۆیان هاتن. كاتێك لەماڵەكەی كۆبوونەوه، فەرمانیدا یەك یەك بیانبەنە لای. هەموویانی تا دوایین كەس كوشت. كاتێك ئەم كارەی لەگەڵ كردن، ئەوس و خەزەرج بوونە رێزدارترین خەڵكانی مەدینە و یەهودییەكان لەژێر دارخورماكان و ماڵەكان سوك و ریسوا بوون. ڕەمقی كوڕی زەیدی خەزرەجی باوكی جەبیلەی بەهۆنراوەیەكی درێژ وەسف كرد و دەڵێت:

و ابوو الجبیلة خیر من	یمشی و اوفا هم یمینا
و ابرهم برأ و اعـ	ـلمهم بهدی الصالحینا
ابقت لنا الایام و الـ	ـحرب المهمة تعترینا

واتاکەی: باوکی جەبیلە باشترین کەسێکە لەسەر زەویدا بەرێ دەڕوات، ئەو باشتر لەهەمووان سوێندەکەی خۆی بەجێهێنا. لەهەمووان زیاتر چاکە دەکات و لەهەمووان زیاتر کارە شایانەکان ئەنجام دەدات. ڕۆژەگارەکان ئەویان بۆ ئێمە هەڵگرت و شەڕە قورسەکانی بەسەر ئێمەدا داباراند.

شەڕی سومەیر

ئەنسار بەردەوام یەکدڵ و تەبا و هاوپەیمان بوون. یەکەم دژایەتی و شەڕ لەناو ئەواندا ڕوویدا، شەڕی سومەیر بوو.

هۆکاری ئەم شەڕە بەو شێوە بوو پیاوێك لەمناڵەکانی سەعلەبە لەسەعد کوڕی زوبیان کەپێیان دەوت کەعب کوڕی عجلان، ڕۆشتە لای مالیك کوڕی عجلانی سالمی. لەگەڵ ئەودا پەیمانی بەست و لەوێ مایەوە. ڕۆژێك کەعب لەماڵ هاتەدەر و ڕۆشتە بازاری قینەقاع و پیاوێکی لەغەتەفان بەئەسپێکەوە بینی. پیاو هاواری دەکرد: ئەم ئەسپە ڕێزدارترین پیاوی یەسرب بیکرێت. یەکێك دەیوت: فلاَن کەسە. یەکیتر دەیوت: ئۆحەیحە کوڕی جولاحی ئەوسییە و یەکیتر وتی: فلاَن کوڕی فلاَنی یەهودییە. پیاوی غەتەفانی ئەسپەکەی دا بەمالیك کوڕی عجلان. کەعب وتی: ئایا پێم نەوتن هاوپەیمانەکەی من، مالیك، باشترینە؟ پیاوێك لەئەوس لەمناڵەکانی عەمرۆ کوڕی عەوف کەپێیان دەوت سومەیر، لەم قسە تووڕە بوو و جنێوی بەکەعبدا. ئەو دووانە ڕۆشتن و کەعب تا ئەو کاتەی خوا دەیویست، مایەوە.

ئەوسا کەعب مەبەستی یەکێك لەبازارەکانی ئەوانی لەقەبا کرد. سومەیر ڕۆشتە ئەوێ و وەك سێبەر بەدوای کەعبدا ڕۆشت تا بازار لەخەڵك چۆڵ بوو. کەعبی کوشت و مالیك کوڕی عجلانی لەکوشتنی ئاگادار کردەوە. مالیك کەسێکی بۆ لای مناڵەکانی عەمرۆ کوڕی عەوف نارد و خوازیاری کوژەری کەعب بوو.

ئەوان پەیامیاندا: ئێمە نازانین کێ کوشتویەتی. خەڵکان لەناو ئەواندا هاتوچۆیان دەکرد. مالیك داوای سومەیری دەکرد و ئەوان حاشایان لەکوژرانی کەعب بەدەست سومەیر دەکرد. دواتر خوێنبایيان بۆ ئەونارد و ڕازی بوو. خوێنبەهایی

هاوپەیمان نیوەی خوێنبایی خزم و کەس و کاربوو. مالیك داوای خوێنبایی تەواوی کرد. ئەوان رازی نەبوون و وتیان: خوێن بەهایی هاوپەیمان دەدەین کەنیوەی خوێنبایی گشتییە. هەردولا پێداگریان کرد و کێشەکە بەشەڕ کۆتایی هات. هەردوولا کۆبوونەوە و روبەڕوی یەك وەستان و شەڕیان کرد و دواتر بلاوەیان لێکرد. بنەماڵەکانیتری ئەنسار پەیوەستی ئەم شەڕە بوون. دوبارە روبەڕوی یەك بوونەوە و شەڕیان کرد تا ئەوەی شەو جیایی خستە نێوانیان. لەو رۆژەدا سەرکەوتن بە ئەوسییەکان بڕا.

کاتێك بلاوەیان لێکرد ئەوسییەکان کەسێکیان بۆ لای مالك نارد و داوایان لێکرد مونزەر کوڕی حەرامی نەجاری خەزەرجی بە داوەری قەبوڵ بکات (باوەگەورەیی حسان کوڕی سابت کوڕی مونزەر). مالیك رازی بوو. هەردوو رۆشتنە لای مونزەر. ئەو بەم شێوە داوەری کرد کەخوێنبایی کەعب بەتەواوی بدەن و دواتر وەك جارانیان لێبێتەوە. ئەوان بەم کارە رازی بوون و خوێنباییان نارد و بلاوەیان لێکرد بەلام ڕق لەدڵیاندا جێگەی خۆش کرد و دژومنایەتی رەگی داکوتا.

شەڕی کەعب کوڕی عەمرۆ مازنی

دواتر لەنێوان منالەکانی جەحجەب لەئەوس و منالەکانی مازن لەخەزرەج شەڕ رویدا. هۆکاری ئەم شەڕە ئەوەبوو پیاوێك بەناوی کەعب کوڕی عەمرۆ مازنی ژنێکی لەمنالەکانی سالم هێنا و بەردەوام بۆ لای ئەو ژنە هاتوچۆی دەکرد. ئۆحەیحە کوڕی جولاح سەروەری منالەکانی جەحجەب فەرمانی بەدەستەیەك دا کەبۆسەیان بۆ نایەوە و کوشتیان. هەوالی ئەم کارە بەگوێی براکەی عاسم کوڕی عەمرۆ گەشت. ئەو فەرمانی بەخەلکەکەی خۆیدا. بۆ شەڕ ئامادە بوون و کەسێکیان بۆ لای منالەکانی جەحجەب نارد و بۆ شەڕ ئاگاداریان کردنەوە. ئەوان لە(رۆحابە) چاویان بەیەك کەوت و شەڕێکی قورسیان کرد. منالەکانی جەحجەب و هاوەلەکانیان شکستیان خوارد و هەلاتن و ئۆحەیحەیش رایکرد. عاسم کوڕی عەمرۆ شوێنی کەوت بەلام کاتێك پێی گەشت کەئۆحەیحە دەرۆشتە ناو قەلاکەی خۆی. تیرێکی بۆ

هاویشت و لەدەرگای قەڵاکە چەقی. عاسم یەکێك لەبراکانی نۆحەیحەی کوشت. دوای ئەوە چەند شەوێك مانەوە و نۆحەیحە ئاگادار بوویەوە لەوەی عاسم بەدوایدا دەگەڕێت تا لەناکاو بیگرێت و خوێنی بڕێژێت. نۆحەیحە وتی:

نبئت انك جئت تسـ ـري بين داری و القبابه
فلقد وجدت بجانب الـ ـضيحان شبانا مهابه
فتيان حرب فی الحـ ـديد و شامرين كاسدغابه
هم نكبووك عن الطريـ ـق فبت تركب كل لابه
اعصيم لا تجزع فا ن الحرب ليست بالدعابه
فانا الذی صبحتكم بالقوم اذدخلوا الرحابه
و قتلت كعبا قبلها و علوت بالسيف الذوابه

واتاکەی: هەواڵ بەمن گەشت کەتۆ هاتویت و لەنێوان ماڵ و خێوەتەکەی من هاتوچۆ دەکەیت. تۆ لای (ضیحان) لاوە مەترسیدارەکانت بینی. لاوانی شەڕکەر کەئاسنیان پۆشیوە و وەك شێرانی دارستان ئامادەی شەڕن. ئەوان بوون تۆیان لەرێ بەدەر کرد و ئێستا هەر کارێك ئەنجام دەدەیت. ئەی عاسمی هیچی پەست، مەگری کە شەڕ گاڵتە نییە. من بووم کاتێك شەڕکەران گەشتنە روحابە، بەرەبەیان هێرشم کردە سەریان. پێشتر شمشێرم هەڵگرت و لەناوچاوی کەعبم دا و ئەوم لەناو برد.

عاسم وەڵامی دایەوە:

ابلغ احيحة ان عرضـ ـت بداره عنی جوابه
و انا الذی اعجلته عن معقد الهی كلابه
رميته سهما فاخـ ـطاه و اغلق ثم بابه

واتاکەی: ئەگەر چاوت بەنۆحەیحە کەوت لە ماڵەکەی، ئەم پەیامەی منی پێ بگەیێنە کە پێش گەشتنی سەگەکانی هێرشم کردە سەر و هەر ئەوەندەی ئەوان

سەرقاڵ بوون، بۆ شەڕ ئەو ڕۆشتم، تیرێکم بۆ هاویشت کەبەری نەکەوت بەڵام لە ترسا درگاکەی لەسەر خۆی بەست.

ئەم قەسیدەیە چەندین دێری هەیە. ئەوکات ئۆحەیحە مەبەستی ئەوەی کرد لەناکاو شەوانە هێرش بکاتە سەر منالەکانی نەجار. سەلمی کچی عەمرۆ کوڕی زەیدی نەجاری (دایکی عەبد ئەلموتەلیب باوەگەورێی پێغەمبەر) لەماڵەکەی ئەودا بوو. ژن بەم کارە رازی نەبوو. کاتێك شەو داهات، لەگەڵ ئۆحەیحە بۆ شەو نشینی دانیشت تا خەو ئۆحەیحەی بردەوە. ئەوسا سەلمی ڕۆشتە لای منالەکانی نەجار و ئەم هەواڵەی پێدان و گەڕایەوە. ئەوان ئاگادار بوونەوە. ئۆحەیحە بەرەبەیان لەگەڵ خەڵکەکەی خۆی هێرشی کردە سەر منالەکانی نەجار و ئەوان بەکەرەستەی شەڕ و ئامادە، روبەروی بوونەوە. شەڕێکی کەم رویدا و ئۆحەیحە لەگۆڕەپانی شەڕ کشایەوە. دواتر بیستی سەلمی ئەوانی ئاگادار کردۆتەوە. لەبەر ئەمە زۆری لێدا و دەستی شکاند و بەرەلای کرد و قەسیدەیەکی هۆنییەوە کەئەم بەیتانە لەو قەسیدەیە:

لعمر ابيك ما يغنى مكانى	من الحلفاء آكلة غفول
تؤوم لا تقلص مشعلا	مع الفتيان مضجعه ثقيل
تنزع للجليلة حيث كانت	كما يعتاد لقحته الفصيل
و قد اعددت للحدثان حصنا	لو ان المرء ينفعه العقول
جلاه القين ثمت لم تخنه	مضاربه و لاطته فلول
فهل من كاهن اوى اليه	اذا ما حان من آل نزول
يراهننى و يرهننى بينه	و ارهنه بنى بما اقول
فما يدرى الفقير متى غناه	و ما يدرى الغنى متى يعيل
و ما تدرى و أن اجمعت امرا	باى الارض يدركك المقيل
و ما تدرى و ان انتجت سقبا	لغيرك ام يكون لك الفصيل
و ما ان اخوة كبروا و طابووا	لباقية و امهم هبوول
ستثكل او يفارقها بنوها	لموت او يجىء لهم قتول

واتاكەی: سوێند بەگیانی باوكت كەپێگەكەم، من لەكەنیزێكی بێ شەرم و زۆربڵە و زۆرخۆر بێ نیاز ناكات. تینو دەكات و هیچ مێچكەیەكی بەپەلەی تیژپێ بەپەلە بەرێ ناكات. خەوتنی ئەو لەگەڵ لاوەكان دژوارە. من بۆ روداوە دژوارەكان قەلایەكم ئامادە كردووە بەلام خۆزگە عەقلی پیاو سودی پێ دەبەخشی. بەردە ئەوی لەشارەكەی دەركرد، شمشێرەكەی ئەوی ریسوا نەكرد و كەلێنەكانی شمشێر رێگەی هاتنە خواریان لێنەگرت. ئایا هیچ كاهینێك هەیە كاتێك پێشهاتێكی تاڵ بۆ بنەماڵەیەك رودەدات، برۆمە لای ئەو؟ لەگەڵ من گریو دەكات، ئەو كوڕەكانی خۆی هاوشێوەی بارمتە بەمن دەسپێرێت و من لەسەر ئەوەی دەیڵێم، كوڕەكانم هاوشێوەی بارمتە بەو دەسپێرم. هەژار نازانێت كەی دەوڵەمەند دەبێت و دەوڵەمند نازانێت چ كاتێك خێزاندار و هەژار دەبێت. تۆ هەرچەندە كارەكانی خۆت بەهێز بكەیت، نازانی لەكام سەرزەمین خەوی مەرگت دەگات. تۆ نازانیت، هەرچەندە بەچكە وشترێكی نێر بزێیت، تۆ نازانیت كەهی تۆیە یا كەسێكی دیكە جگە لەتۆ. هەرچەندە براكان گەورە ببن و گەشە بكەن، كاتێك دینە گۆڕپانی شەڕ، دایكیان دڵسوتاو دەبێت. ئەو بەزویی دڵ سوتاو دەبێت و كوڕەكانی لێی جیادەبنەوە یا كوژەرێك دێت و ئەوان لەو دەرفێنێت.

شەڕی مناڵەكانی عەمرۆ كوڕی عەوف و مناڵەكانی حارس

(شەڕی سەرارە)

دواتر شەڕێكی قورس لەنێوان مناڵەكانی عەمرۆ كوڕی عەوف لەئەوس و مناڵەكانی حارس لەخەزرەج رویدا.

هۆكاری شەڕەكە ئەوەبوو پیاوێك لەمناڵەكانی حارس پیاوێكی لەمناڵەكانی عەمرۆ كوشت و مناڵەكانی عەمرۆ هێرشیان كردە سەر كوژەرەكە و لەناكاو كوشتیان. كەسەكانی شوێن ئەم كارە كەوتن و زانیان چۆن كوژراوە. لەبەر ئەمە خۆیان بۆ شەڕ ئامادە كرد و كەسێكیان بۆ لای مناڵەكانی عەمرۆ كوڕی عەوف نارد و شەڕیان راگەیاند. لەسەرارە روبەروی یەك بوونەوە. فەرماندەی ئەوس حوزەیر

کوڕی سیماك باوکی ئۆسەید کوڕی حوزەیر و فەرماندەی خەزرەج باوکی حباب عەبدوولله کوڕی سەلول بوو کەدوای هاتنی پێغەمبەر یەکێك بوو لەسەرکردە دووڕووەکان و خراپەخوازانی پێغەمبەر. شەڕێکی قورس رویدا و بۆ ماوەی چوار رۆژ لەبەرابەر یەك خۆڕاگریان کرد. ئەوسییەکان رویان لەماڵەکانی خۆیان کرد. خەزرەجییەکان لەم کارە شانازیان بەخۆیان کرد. حسان کوڕی سابت لەمبارەوە وتی:

فدی لبنی النجار امی و خالتی غداة لقوهم بالمثقفة السمر
وصرم من الاحیأ عمرو بن مالك اذاما دعوا کانت لهم دعوة النصر
فوالله لا انسی حیاتی بلاءهم غداة رموا عمرا بقاصمة الظهر

واتاکەی: فیدایی مناڵەکانی نەجار بن دایك و خاڵەکانی من، ئەو رۆژەی بەڕمە بەهێزە گیان برەکانیان هێرشیان کردە سەریان. دەستەیەك لەخەڵکان، کوڕانی عەمرۆ کوڕی مالیکن کەکاتێك بانگێشت دەکەن بانگێشتەکەیان سەرکەوتنی لێدەکەوێتەوە. سوێند بەخوا تا کۆتایی تەمەن شەڕە بوێرانەکەی ئەوان لەبیرناکەم. ئەو رۆژەی تیر یا رمێکی پشت شکێنیان بۆ عەمرۆ هاویشت و ئەویان کوشت.

هەروەها حسان وتی:

لعمر ابیك الخیر، بالحق مانبا علی لسانی فی الخطوب و لایدی
لسانی و سیفی صارمان کلاهما و یبلغ مالایبلغ السیفنذقدی
فلا الجهد ینسینی حیائی و عفتی و لا وقعات الدهر یفللن مبردی
اکثر اهلی من عیال سواهم و اطوی علی الماء القراح المبرد

هەروەها لەم قەسیدەیە:

و انی لمنجاء المطی علی الوجی و انی لنزال لما لم اعود
و انی لقوال لذی اللوث مرحبا و اهلا اذا ماریع من کل مرصد

واتاكەی: سوێند بەگیانی باوكت كەپێگەكەم، من لەكەنیزێكی بێ شەرم و زۆربڵە و زۆرخۆر بێ نیاز ناكات. تینو دەكات و هیچ مێچكەیەكی بەپەلەی تیژپێ بەپەلە بەرێ ناكات. خەوتنی ئەو لەگەڵ لاوەكان دژوارە. من بۆ روداوە دژوارەكان قەڵایەكم ئامادە كردووە بەلام خۆزگە عەقلی پیاو سودی پێ دەبەخشی. بەردە ئەوی لەشارەكەی دەركرد، شمشێرەكەی ئەوی ریسوا نەكرد و كەلێنەكانی شمشێر رێگەی هاتنە خواریان لێنەگرت. ئایا هیچ كاهینێك هەیە كاتێك پێشهاتێكی تاڵ بۆ بنەماڵەیەك رودەدات، بڕۆمە لای ئەو؟ لەگەڵ من گریو دەكات، ئەو كوڕەكانی خۆی هاوشێوەی بارمتە بەمن دەسپێرێت و من لەسەر ئەوەی دەیڵێم، كوڕەكانم هاوشێوەی بارمتە بەو دەسپێرم. هەژار نازانێت كەی دەوڵەمەند دەبێت و دەوڵەمند نازانێت چ كاتێك خێزاندار و هەژار دەبێت. تۆ هەرچەندە كارەكانی خۆت بەهێز بكەیت، نازانی لەكام سەرزەمین خەوی مەرگت دەگات. تۆ نازانیت، هەرچەندە بەچكە وشترێكی نێر بزێیت، تۆ نازانیت كەهی تۆیە یا كەسێكی دیكە جگە لەتۆ. هەرچەندە براكان گەورە ببن و گەشە بكەن، كاتێك دینە گۆڕپانی شەڕ، دایكیان دڵسوتاو دەبێت. ئەو بەزویی دڵ سوتاو دەبێت و كوڕەكانی لێی جیادەبنەوە یا كوژەرێك دێت و ئەوان لەو دەرفێنێت.

شەڕی مناڵەكانی عەمرۆ كوڕی عەوف و مناڵەكانی حارس

(شەڕی سەرارە)

دواتر شەڕێكی قورس لەنێوان مناڵەكانی عەمرۆ كوڕی عەوف لەئەوس و مناڵەكانی حارس لەخەزرەج رویدا.

هۆكاری شەڕەكە ئەوەبوو پیاوێك لەمناڵەكانی حارس پیاوێكی لەمناڵەكانی عەمرۆ كوشت و مناڵەكانی عەمرۆ هێرشیان كردە سەر كوژەرەكە و لەناكاو كوشتیان. كەسەكانی شوێن ئەم كارە كەوتن و زانیان چۆن كوژراوە. لەبەر ئەمە خۆیان بۆ شەڕ ئامادە كرد و كەسێكیان بۆ لای مناڵەكانی عەمرۆ كوڕی عەوف نارد و شەڕیان راگەیاند. لەسەرارە روبەروی یەك بوونەوە. فەرماندەی ئەوس حوزەیر

کوڕی سیماك باوکی ئۆسەید کوڕی حوزەیر و فەرماندەی خەزرەج باوکی حباب عەبدوللە کوڕی سەلول بوو کەدوای هاتنی پێغەمبەر یەکێك بوو لەسەرکردە دووڕوەکان و خراپەخوازانی پێغەمبەر. شەڕێکی قورس رویدا و بۆ ماوەی چوار رۆژ لەبەرابەر یەك خۆڕاگریان کرد. ئەوسییەکان رویان لەماڵەکانی خۆیان کرد. خەزرەجییەکان لەم کارە شانازیان بەخۆیان کرد. حسان کوڕی سابت لەمبارەوە وتی:

فدی لبنی النجار امی و خالتی	غداة لقوهم بالمثقفة السمر
وصرم من الاحیاٌ عمرو بن مالك	اذاما دعوا كانت لهم دعوة النصر
فوالله لا انسی حیاتی بلاءهم	غداة رموا عمرا بقاصمة الظهر

واتاکەی: فیدایی مناڵەکانی نەجار بن دایك و خاڵەکانی من، ئەو ڕۆژەی بەڕمە بەهێزە گیان بڕەکانیان هێرشیان کردە سەریان. دەستەیەك لەخەڵکان، کوڕانی عەمرۆ کوڕی مالیکن کەکاتێك بانگێشت دەکەن بانگێشتەکەیان سەرکەوتنی لێدەکەوێتەوە. سوێند بەخوا تا کۆتایی تەمەن شەڕە بوێرانەکەی ئەوان لەبیرناکەم. ئەو ڕۆژەی تیر یا ڕمێکی پشت شکێنیان بۆ عەمرۆ هاویشت و ئەویان کوشت.

هەروەها حسان وتی:

لعمر ابیك الخیر، بالحق مانبا	علی لسانی فی الخطوب و لایدی
لسانی و سیفی صارمان كلاهما	و یبلغ مالایبلغ السیفنذقدی
فلا الجهد ینسینی حیائی و عفتی	و لا وقعات الدهر یفللن مبردی
اكثر اهلی من عیال سواهم	و اطوی علی الماء القراح المبرد

هەروەها لەم قەسیدەیە:

و انی لمنجاء المطی علی الوجی	و انی لنزال لما لم اعود
و انی لقوالٌ لذی اللوث مرحبا	و اهلا اذا ماریع من كل مرصد

و انی لیدعونی الندی فاجیبه | و اضرب بیض العارض المتوقد
فلا تعجلن یا قیس و اربع فا نما | قصاراك ان تلقی بكل مهند
حسام و ارماح بایدی اعزة | متی ترها یا ابن الخطیم تلبد
اسود لدی الاشبال یحمی عرینها | مراعیس بالخطی فی كل مشهد

واتاكەی: سوێند بەگیانی باوكت چاكی و راستی و دروستی لەكاتی پێشهاتە گیانبڕەكان لەزمانی من نەسڕایەوە. زمان و شمشێرەكەم هەر دوو كیان بڕەڕن. ڕمەكەم لەوشوێنە دەچەقێت كەشمشێر كاریگەری دانانێ. نەهیلاكی و لەناوچونی شەرم، داوێن پاكیم لەبیر دەباتەوە و نەپێشهاتە تاڵەكانی ڕۆژگار هەسانەكەی من كول دەكات. كەسەكانم لەنانخۆرەكان زیاد دەكەم (نان خۆرانی دیكە پەیوەستی نان خۆرانی خۆم دەكەم) و بەئاوی پاك ڕۆژگار بەسەر دەبەم و بەسەندەی پێ دەكەم. من چوارپێ شەڕكەرەكان هەرچەندە سمەكانیان سوابێت، بەرەلا دەكەم و ئەوەی پەسەندی نەكەم، بەجێی دێڵم و بەسەختی شەڕی لەگەڵ دەكەم. بە زۆرداران و ئەو شەڕكەرانەی لەهەموو شوێنێك دەركراون، دەڵێم، دەس خۆش بەخێر بێن. بەخشین بانگێشتم دەكات و وەڵامی دەدەمەوە وبۆ میوانەكان ئاگر هەڵدەگیرسێنم و وشترە قەڵەوەكان سەردەبڕم. ئەی قەیس پەلە مەكە و خۆراگر بە چوونكە خراپترین بەلا كە بەسەر تۆبێت ئەوەیە بەشمشێری هندی هێرش بكەنە سەرت. شمشێر و ڕمەكان لەدەست پیاوانێكی بەرێز كەهەر كات (ئەی كوڕی خەتیم) ئەوان دەبینی، دەبینی و تێدەگەییت بەهایان چەندە. وەك شێرن لەنزیك بەچكە شێرەكانی خۆیان، پاسەوانی ماڵەكەی خۆیان دەكەن و لەهەر شەڕ و جەنگێك بەڕمی (**خطی**) (دروست كراوی گوندی **خطی** بەحرەین) زەربە دەوەشێنن.

ئەم قەسیدەیە دێری زۆرە. قەیس كوڕی خەتیم بەمشێوە وەڵامی دایەوە:

تروح عن الحسناء ام انت مغتدی | و كیف انطلاق عاشق لم یزود
تراءت لنا یوم الرحیل بمقلة | شرید بملتف من السدر مفرد

وجيد كجيد الريم حال يزينه	علة النحر ياقوت و فص زبرجد
كان الثريا فوق ثغرة نحرها	توقد فی الظلماء ای توقد
الا ان بين الشر عبی و راتج	ضرابا كتجذيم السيال المصعد
لنا حائطان الموت اسفل منهما	و جمع متی تصرخ بيثرب يصعد
تری اللابة السوداء يحمر لونها	و يسهل منها كل ربع و فدفد
فانی لاغنی االناس عن متكلف	يری الناس ظلالا و ليس بمهتد
لساء عمرا ثورا شقيا موعظا	الد كان راسه راس اصيد
كثير المنی بالزاد لا صبر عنده	اذا جاع يوما يشتكيه ضحی الغد
و ذی شيمة عسراء خالف شيمتی	فقلت له دعنی و نفسك ارشدی
فما المال و الاخلاق الا معارة	فما اسطعت من معروفها فتزود
متی ماتقد بالباطل الحق يابه	فان قدت بالحق الرواسی تنقد
اذا ما اتيت الامر من غير بابه	ظللت و ان تدخل من الباب تهتد

واتاکەی: ئایا ئێوارێیە کەلای دولبەری دڵڕفێن دێیتەوە یا بەیانییە؟ چۆن شەیدایەك کەتوێشوی هەڵنەگرتبێت، دەگەڕێتەوە؟ لەرۆژی جیابوونەوە بەچاوێکی حەیران و سەرگەردان لەبەرابەر ئێمەدا دەرکەوت و پرچە هۆنراوەکانی، بەگەردنێك هاوشێوەی ئاسکەکان، گەردنێکی بەرز کە لەسەر قورگی یاقوت و زەبەرجەد بوو. دەتوێت ئەستێرەی سوهەیلە لەسەر چاڵی قورگی دەدرەوشێتەوە هاوشێوەی ئاگرێك کە لەتاریکیدا هەڵیانگیرساندبێت، روناکی بوو. لەناو تەپۆڵکەکانی شەرعبی و راتج شەڕ و هەرایەکە کەئاوازێکی هاوشێوەی ئاوازی بڕینی چقڵەکانی لێوە بەرز دەبێتەوە. ئێمە دوو دیوار بەستمان هەیە بەیەسرب کەمەرگ داباریین لەوێوەیە و دەستەیەك، کەهەرکات داوای یارمەتییان لێبکەیت، هاوشێوەی باڵندەکان بۆ ئاسمان دەفڕن. زەوی بەبەردەڵانێکی ڕەش دەبینی کە لەزیانی ئەوان سوردەبێت و هەر دەشت و بیابانێك بەرێکی و تەختی.... سەرسەختە وەك بڵێی لە لەخۆبایی بوونەوە ناتوانێت سەری دانەوێنێت. زۆر تامەزرۆی توێشوە و ئۆقرەی نییە بەشێوەیەك کاتێك برسی بێت، تا نیمەڕۆی بەیانی زمان بۆ گلەیی ناکاتەوە. ئەویتریان عادەتێکی ناسازگاری بوو لەگەڵ عادەتەکەی من کەپێم وت:

لەمن خۆشبە و ڕێنوێنی خۆت بکە. سامان و عادەت و ئاکار دەکرێت لەهەر شوێنێك بەدەستیان بهێنیت، هەرچەندە دەتوانی، لەبەشە باشەکانی ئەم دوانە زیاتر هەڵبگرە. ئەگەر مەبەستت بێت ڕاستی و دروستی بکەیتە فەرمانبەری کەژی و چەوتی، خۆی دوور دەخاتەوە بەلاّم ئەگەر بەراستی و دروستی بانگی کێوەکان بکەیت، دەبنە فەرمانبرداری تۆ. ئەگەر بۆ هەر کارێك لەرێگای خۆیەوە نەچیت، گومڕا دەبیت و ئەگەر لەرێگەی خۆیەوە بڕۆیت، پێی دەگەیت.

ئەم قەسیدەیە دوور و درێژە. عوبەید کوڕی ناقد دەڵێت:

لمن الديار كانهن المذهب	بليت و غيرها الدهور تقلب

که تیایدا دەڵێت:

لكن فرار ابى الحباب بنفسه	يوم السرارة سىء منه الاقرب
ولى و التى يوم ذلك درعه	اذ قيل جاء الموت خلفك يطلب
نجاك منا بعد ما قد اشرعت	فيك الرماح هناك شد المذهب

واتاکەی: ئەم ماڵانە هی کێ بن؟ دەڵێی بوونەتە خۆڵە پۆتە، لەناوچون و سوڕانی ڕۆژگار گۆرانکاری بەسەر ئەواندا هێناوە. بەلاّم هەلاّتنی باوکی حباب لەرۆژی شەڕی سەرارە، کارێك بوو هەموو نزیکەکان لایان ناپەسەند بوو. کاتێك پێیان وت: مەرگ لەپشت سەرت وەستاوە و بەدوای تۆدا دەگەڕێت، زرێکەی فرێدا و هەلاّت. دوای ئەوەی ڕمەکانی ئێمە بۆ نێچیر کردنی تۆ هەڵگران و دروشانەوە، هەلاّتی و لەهەلاّتن پەلەت کرد.

قەسیدەیەکی دور و درێژ. باوکی حباب هەمان عەبدوللە کوڕی سلولە.

شەڕی حەسین کوڕی ئەسلەت

دواتر لەنێوان منداڵەکانی وایل کوڕی زەید لەئەوسییەکان و منداڵەکانی مازن کوڕی نەجار لەخەزرەجییەکان شەڕ رویدا.

هۆکاری شەڕەکە ئەوەبوو حەسین کوڕی ئەسلەتی ئەوسی وایلی شەڕی لەگەڵ پیاوێك لەمنداڵەکانی مازن کرد و کوشتی و گەڕایەوە بۆ لای کەسەکانی خۆی. دەستەیەك لەمنداڵەکانی مازن شوێنی کەوتن و ئەویان کوشت. هەواڵی ئەم کارە بەگوێی براکەی، باوکی قەیس کوڕی ئەسلەت گەشت. ئەو خەڵکەکەی خۆی کۆکردەوە و کەسێکی بۆ لای منداڵەکانی مازن نارد و ئاگاداری کردنەوە دەیەوێت شەڕیان لەگەڵدا بکات. ئەوان ئامادەی شەڕ بوون و هیچ کەس لەئەوس و خەزرەج خۆی نەدزییەوە. شەڕێکی قورسیان کرد کە لەهەردولا ژمارەیەکی زۆر کوژران و باوکی قەیس کوڕی ئەسلەت کەبراکەیان کوشتبوو، کوژرا. ئەوسییەکان شکستیان خوارد. وەحوح کوڕی ئەسلەت سەرکۆنەی براکەی خۆی یانی باوکی قەیسی کرد و وتی: بەردەوام لەخەزرەجییەکان شکست دەخۆیت. باوکی قەیس بەبراکەی باوکی حەسینی وەحوحی وت:

ابلغ ابا حصن و بعـ	ـض القول عندی ذوکباره
ان ابن ام المرء لیـ	ـس من الحدید و لا الحجاره
ماذا علیکم ان یکو	ن لکم بها رحلا عماره
یحمی ذمارکم و بعـ	ـض القوم لا یحمی ذماره
یبنی لکم خیرا و بنیا	ن الکریم له اثاره

واتاکەی: پەیامێکم هەیە بە باوکی حەسینی بگەیێنی چوونکە هەندێ وتە لای من گرانە و ناسازگار. کوڕی دایکی تۆ لەئاسن یا بەرد نییە. ئێوە چیتان بەسەر دێت ئەگەر لەشەڕدا خێوەتێکی ئاوەدانتان بێت، تا پاسەوانی ماڵەکەی ئێوە بکات هەرچەند هەندێ کەس پاسەوانی لەماڵی خۆیان ناکەن تا بۆ ئێوە بینایەکی بەرز

دروست بکات چوونکە هەر ڕێزدارێك نیشانێك لەخۆی بەجێدێڵێت.

شەڕی ڕەبیعی زەفەری

دواتر لەنێوان منالەکانی زەفەر لەئەوس و منالەکانی مالك لەخەزرەج شەڕ رویدا.

هۆکارەکەی ئەوەبوو ڕەبیعی زەفەری هاورێ لەگەڵ بار، یا بارەکان لەسامانی پیاوێك لەمنالەکانی نەجار بەرەو سەرزەمینی خۆی بەرێکەوت. پیاوێکی نەجاری رێگەی ئەم کارەی لێگرت. پرسەکەیان بەشەڕ کۆتایی هات و ڕەبیع ئەو پیاوەی کوشت. خەڵکی هەردولا کۆبوونەوە و شەڕێکی قورسیان کرد کە لەهەموو شەڕەکان دژوارتر بوو. منالەکانی مالك کوڕی نەجار شکستیان خوارد و قەیس کوڕی خەتیمی ئەوسی لەمبارەوە وتی:

اجد بعمرة غنيانها — فتهجرام شاننا شانها
فان تمس شطت بها دارها — و باح لك اليوم هجرانها
فما روضة من رياض القطا — كان المصابيح حوذانها
وعمرة من سروات النسا — ء ينفخ بالمسك اردانها

و دەلێت:

و نحن الفوارس يوم الربيـ — ـع قد علموا كيف ابدانها
جنونا لحرب وراء الصر — يخ حتى تقصد مرانها

واتاکەی: ئایا بەراستی عەمرۆ دەیەوێت دلدارێك هەلبژێرێت و لەکەسانیتر بەو بەسەندە بکات یا ئەو کار وپێویستی بەئێمە هەیە. کاتێك رۆژ بکەیتە شەو، دەبینی مالەکەت لەو دور کەوتۆتەوە و ئەوە رۆژێکە هەست بەدوری ئەو بکەیت و کاریگەر دابنێت. هیچ بێستانێك لەبێستانەکانی (قتا) کە (حوزان) (گوڵی بەرگ زەرد)ەکە وەك چرا بدرەوشێتەوە، باشتر لەعەمیرە نییە.

خۆشتر لەعەمرە نییە. عەمرە لەژنانی گەورە زادەی ئێمەیە، بۆنی خۆشی سەر و سینەی ئەو هۆش لەهەر کەس دەرفێنێت. ئێمە سوارکارانی شەڕی رەبیعین. خۆیان دەزانن پەیکەرەکانیان چەند خێرا کەوتۆتە سەر زەوی. پیاوانی ئێمە شێت ئاسا بۆ یاری ستەم لێکراوان دەڕۆن تا لاسکی گیاکانی بشکێت و هەڵوەرێت.

ئەم قەسیدەیە دوور و درێژە. حسان کوڕی سابتی خەزرەجی بەم قەسیدەیە وەڵامی دایەوە کەسەرەتاکەی بەمشێوەیە:

لقد هاج نفسك اشجانها	و غادرها اليوم اديانها

و:

و يثرب تعلم انا بها	اذا التبس الحق ميزانها
و يثرب تعلم انا بها	اذا اقحط القطر نو آنها
و يثرب تعلم اذ حاربت	بانا لدى الحرب فرسانها
و يثرب تعلم ان النبيـ	ـت عند الهزاهز ذلانها

و:

متى ترنا الاوس فى بيضنا	نهر القنا تخب نيرانها
و تعط القياد على رغمها	و تنزل ملهام عقبانها
فلا تفخرن التمس ملجا	فقد عاود الاوس اديانها

واتاکەی:... گیانت دەبزوێنێت، و گیانت هەڵدەخرێنێت و ئەمرۆ ئایینەکانی کار و شێوەکانی هەڵس و کەوتیماڵئاواییان لێکرد. یەسرب باش دەزانێت کاتێك تەرازوی راستی و دروستی هەڵواسرێت و پۆشراوبێت، ئێمە لەوێ ئامادە دەبین. یەسرب دەزانێت ئەگەر ئاوی باران هێرش نەکاتە سەر ئاوبەندەکان، ئێمە لەوێ دەبین و کاری باران دەکەین. یەسرب لەکاتی شەڕ دەزانێت ئێمە سوارکارانی ئەوین. یەسرب دەزانێت کەنەبیت (یانی عەمرۆ کوڕی مالك کوڕی ئەوس) لەبگرە و بێنە و شەڕەکان لەکەسە پەستەکانی ئەوە. هەرکات ئەوسییەکان ئێمە لەخودەکان بەشمشێرە ئاودراوە سپیەکان ببینن، ئاگری شەڕئەنگێزی ئەوان دادەمرکێتەوە.

بەریسوایی ئەو هەوسارە بەیەکیتر دەدرێت و لاشخۆرەکانی دادەبەزن تا لاشەی مردووەکانیان بکەنە خۆراك. ئیتر شانازی بەخۆت مەکە، بەشوێن پەناگایەك بگەڕێ چوونکە ئابینەکانی ئەوس بۆ یەسرب گەڕاوەتەوە.

شەڕی فارع لەسەر کوڕی قوزاعی

یەکێك لەشەڕەکانی عەرەبەکان لەسەردەمی جاهلی (نەزانی)، شەڕی فارغ بوو.

هۆکاری ئەم شەڕە ئەوەبوو پیاوێك لەمناڵەکانی نەجار، کوڕیکی لەقوزاعە لە (بلّی) کوشت. مامی ئەم کورە پەنای بردبووە بەر مەعاز کوڕی نەعمان کوڕی ئەمری ئەلقەیسی ئەوسی باوکی سەعد کوڕی مەعاز. کوڕ هاتە لای مامی خۆی تا بیبینێت و پیاوی نەجاری گرتی و کوشتی. مەعاز کەسێکی بۆ لای مناڵەکانی نەجار نارد و پەیامی دا: یا خوێنبایی پەنابەرەکەی من بدەن یا بکوژ تەسلیم بکەن تا بزانم چی لەگەڵدا بکەم. ئەوان بەم داوایە رازی نەبوون. پیاوێك لەمناڵەکانی عەبد ئەلئەشهەل وتی: سوێند بەخوا ئەگەر ئەم کارە نەکەن، جگە لەعامر کوڕی ئەتنابە ناکوژین (و ئەم پیاوە لەگەورەکانی خەزرەج بوو). ئەم وتە بەگوێی عامر کوڕی ئەتنابە گەشت و ئەمەی وت:

الا من مبلغ الا كفاء عنى — و قد تهدى النصيحة للنصيح
فانكم و ما ترجون شطرى — من القول المزجى و الصريح
سيندم بعضكم عجلا عليه — و ما اثر اللسان الى الجروح
ابت لى عزتى و ابى بلائى — و اخذى العهد بالثمن الربيح
و اعطائى على المكروه ما لى — و ضربى هامة البطل المشيح
و قولى كلما جشات و جاشت: — مكانك تحمدى او تستريحى
لا دفع عن ماثر صالحات — و احمى بعد عن عرض صريح
بذى شطب كلون الملح صاف — و نفس لا تقر على القبيح

واتاکەی: کێیە وتاری من بەهاوتاکان بگەیێنێت چوونکە هەندێ کات کەئاموژگاری بۆ چاکەخواز دەنێرین، رازی دەبێت. ئێوە بەو وتە ئاشکرا و نەرمانە کەسەبارەت بەداوا کردنی خوێنی من وتوتانە، دەستەیەکتان لەو خێراییەی لەم کارەدا کردوتانە پەشیمان دەبنەوە چوونکە هەندێ کات برینی زمان لەبرینی تیر کاریگەرترە. رێزداربوونی من و بەئەزموون بوونی من رێزم لێدەگرێت چوونکە من وەسف کردن بەبەهای گران دەکڕم. لەبەرابەر دژوارییەکان سامان دەدەم و لەناوچاوی پاڵەوانی گرژ و مۆن شمشێر دەدەم. کاتێك با دەکاتە خۆی و دەخرۆشێت، پێی دەڵێم: لەشوێنی خۆت ئارام بگرە کەوەسفی تۆ دەکەن یا لانی کەم خۆت ئاسودە دەکەیت. من مەبەستمە پاسەوانی لەعادەتی باش و ناوی چاکە بکەم و پاسەوانی ناوبانگی خۆم و هاوشێوەی کەسێکی گەورە و بەخشەر سەرومری خەڵکەکەم بم و لەئابروی راست بەرگری بکەم بەشمشێرێکی ناودار کەوەك رەنگی خوێ پاك و رۆشنە، بەگیانێك کە لەبەرابەر بینینی کاری ناشیرین ئارام ناگرێت.

رەبیع کوری ئەبی حەقیقی یەهودی لەبەرابەر ئەم وتارەی عامر کوری ئەتنابە بەمشێوە وەلامی دایەوە:

الا من مبلغ الاكفاء عنى	فلا ظلم لدى و لا افتراء
فلست بغائظ الاكفاء ظلما	و عندى للملمات اجتزاء
فلم ار مثل من يدنو لخسف	له فى الارض سيرو استواء
و ما بعض الاقامة فى ديار	يهان بها الفتى الاعناء
و بعض القول ليس له عناج	كمحض الماء ليس له اناء
و بعض خلائق الاقوام داء	كداء الشح ليس له دواء
و بعض الداء ملتمس شفاء	و داء النوك ليس له شفاء
يحب المرء ان يلقى نعيما	و يابى الله الا ما يشاء
و من يكعاقلا لم يلق بؤسا	ينخ يوما بساحته القضاء
تعاوره بنات الدهر حتى	تثلمه كما ثلم الاناء
و كل شدائد نزلت بحى	سياتى بعد شدتها رخاء

فقل للمتقى عرض المنايا : توق فليس ينفعك اتقاء
فما يعطى الحريص غنى بحرص و قدينمى لدى الجود الثراء
و ليس بنافع ذا البخل مال و لا مرز بصاحبه الحياء
غنى النفس ما استغنى بشىء و فقر النفس ما عمرت شقاء
يود المرء ما تفد الليالى كان فناء هن له فناء

واتاکەی: کێیە وتاری من بەهاوتاکانم بگەیێنێت چوونکە نەمەبەستی ستەم کردنم هەیە نەدەمەوێت درۆ بۆ کەسێك هەڵبەستم. مەبەستم نییە لەرێگەی ستەم کردنەوە هاوتاکانی خۆم تورە کەم و لەبەرابەر پێشهاتە ناسازگارەکان، ئەومندەم نییە، بێ نیاز بم. کەسم لەمە روو رەشتر نەبینیوە بەریسوایی رازی بێت و ئارام و بەهێز هەنگاو هەڵبگرێت. هەندێ کات مانەوە لەسەرزەمینێك، ئەگەر بەریسواییەوە بێت، جگە لەرەنج و مەینەتی بەرهەمی دیکەی نابێت. هەندێ لەوتەکان هیچ بنەماییێکیان نییە تا خۆیانی پێوە هەڵواسن ((سست و بێ بنەمان))، وەك ئاوێکی پاك و بەتام کەشەونەمی نەبێت و لەبەر ئەمە برژێتە سەر زەوی. دەستەیەك لەعادەتی خەڵکان ئازاردەرە وەك ئازاری زێر پەرەستی کەدەرمانی نییە. بۆ هەندێ لەنەخۆشییەکان دەتوانرێت دەرمانێك بدۆزرێتەوە بەڵام نەخۆشی نەزانی و پەستی دەرمانی بۆ نییە. پیاو بەردەوام دەیەوێت سامانێکی زۆری هەبێت بەڵام خوا جگە لەمەبەستەکەی خۆی بەکار نابات. هەر کەس بیرمەند بێت، گرفتاری بەدبەختی نابێت هەرچەند رۆژێك لەرۆژان چارەنوسی (مەرگ) وشتر لەبەردەمماڵەکەیدا بخەوێنێت. کشانی رۆژگار (شەو و رۆژ) بەردەوام لێی تێدەپەرن تا بیشکێنن بەوشێوەی شەونم لەزوەی بدەن و لەت لەتی بکەن. هەرچەند دژوارییەکان کە بەسەر بنەماڵەیەك دێت، دوای ئەو دژوارییە رۆژگاری ئاسودەیی رویان تێدەکات. بەو کەسەی لەمەرگ رادەکات بڵێ: خۆ بپارێزە کەخۆپاراستن لەمەرگ هیچ سوودێك بەتۆ ناگەیێنێت. ئەوەی تەماحی زێر و زیوی فراوانی هەیە، لەم رێگاوە دەوڵەمەند نابێت چوونکە بەردەوام لەکاتی بەخشندەییدایە سامانەکان زیاد دەکەن. ئەوەی زێر دەپەرستێت، سامانەکەی سودی پێ نابەخشێت و ئەوەی شەرم نیشان بدات، بەسوکی

نازانن. ئەوەی دڵی بێ نیاز بێت، لەهەموو شتێك بێ نیازە بەڵام هەژاری گیان، تا کۆتایی ژیان هۆکاری بەدبەختییە. پیاو بەردەوام پێی خۆشە شەوەکان بگەن (پەلە دەکات تائەو رۆژە هەرچی زوتر بێت) بەڵام نازانێت تێپەربوونی ئەوان هەمان تێپەر بوونی ژیانی ئەوە.

کاتێك نەعمان کوڕی مەعاز بینی منالەکانی نەجار نەخوێنبایی دەدەن و نەبکوژ تەسلیم بەبنەماڵەی کوژراو دەکەن، خۆی بۆ شەڕ ئامادە کرد. ئەو و خەڵکەکەی کەرەستەی شەڕیان هەڵگرت و لەشوێنێك بەناوی فارغ جەنگیان کرد. فارغ قەڵایەکی حسان کوڕی سابت بوو. شەڕەکە سەخت و درێژەی کێشا تا ئەوەی عامر کوڕی ئەتنابە خوێنبایی دا. کاتێك ئەم کارەی کرد هەر دولای شەڕ ئارامیان گرت و گەڕانەوە سەر دۆخی جاران. عامر کوڕی ئەتنابە لەمبارە وتی:

صرمت ظليمة خلتي و مراسلي — و تباعدت ضنا بزاد الراحل
جهلا و باتدری ظليمة انني — قد استقل بصرم غير الواصل
ذلل ركابي حيث شئت مشيعي — انی اروع قطا المكان الغافل
اظليم ما يدريك ربة خلة — حسن ترغمها كظبي الحائل
ما بت مالكها شارب قهوة — درياقة رويت منها و اغلي
بيضاء صافية يرى من دونها — قعر الاناء يضيء وجة الناهل
و سراب هاجرة قطعت اذا جرى — فوق الاكام بذات لون باذل
اجد مراحلها كان عفاءها — سقطان من كتفي ظليم جافل
فلنا كلن بناجز من مالنا — و لنشر بن بدين عام قابل
انی من القوم الذين اذا انتدوا — بداوا ببرالله ثم النائل
المانعين من الختي جيرانهم — و الحاشدين على طعام النازل
و الخالطين غنيهم بفقيرهم — و الباذلين عطاء هم للسائل
و الضاربين الكبش يبرق بيضه — ضرب المهند عن حياض الناهل
و العاطفين على المصاب خيولهم — و الملحقين رماحهم بالقاتل
و المدركين عدوهم بذحورهم — و النازلين لضرب كل منازل
و القائلين معا خذوها اقرانكم — ان المنية من وراء الوائل

خزر عيونهم الى اعدائهم يمشون مشى الاسد تحت الوابل
ليسوا بأكناس و لاميل اذا ما الحرب شبت اشعلوا بالشاعل
لا يطبعون و هم على احسابهم يشفون بالاحلام داء الجاهل
و القائلين فلا يعاب خطيبهم يوم المقالة بالكلام الفاصل

واتاكەی: نازەنینی من (زەڵیمە) رشتەی هاورێیەتی و پەیك و پەیامەکانی منی پچراند و دورکەوتەوە توێشوی رێبواری لەمن درێغ کرد. ئەم کارەی لەنەزانییەوە کرد چوونکە زەڵیمە نازانێت من خۆم هەندێ کات رشتەی خۆشەویستی دەپچرێنم و ئەو کەسەی خوازیاری بینینم نەبێت، بەرەڵا دەکەم. لەسەر سەمەندە تیژپێ و بلەزەکان سواردەبم و بۆ هەر شوێنێك بمەوێت، دەڕۆم، ئەوەندە خێرا دەڕۆم کە ەلی ئاگرخۆرە ددتارێنم. ئەی زەڵیمە، تۆچی دەزانی، چەند فراوان ژنی جوانی وەك تۆ کە بەهاورێیەتی گرتم و تورە بوونەکەیشی خۆش بوو، وەك ئاسکێك کە لەگەڵ نێرەکەیدا جوت بووبێت بەلآم سکی پڕنەبووبێت. شەوم دەکردە رۆژ و ئەوم لەئامێزدا بوو و بادەم دەخواردەوە و تینویەتی خۆم بەم و بەو دادەمرکاند. بادەیەکی سپی ۆ باك کە لەناوییەوە، قولآیی جامەکە دەبینرا و روخساری بادەنۆشی گەش دەکرد. چەند فراوان تراوێلکە ئاو نوێنەکانم لەنیمەڕۆ گەرمەکاندا پێوا وبەئەسپە خۆش رەنگەکەی خۆم تەپۆلکەکانم پشت سەرنا. ماڵ بەماڵی ئەو، زەمینە نارێکە و نالەبارەکان بوو، ئەو پەڕ و باڵانەی لەهەر شوێنێکیدا پرژ وبلآو بوون، شانەی وشترملێك بوو. بێ گومان ئێمە بە شادمانی خواردن دەخۆین و بەقەرزی ساڵی داهاتوو بادە. من لەو خەڵکەم کاتێك بەخشەندەیی بکەنە پیشە، بەناوی خوا دەست پێدەکەن و دواتر رودەکەنە کەسانیتر. زیان لەهاوسێکانی خۆیان دوردەکەنەوە و خەڵکانێکی زۆر بانگێشتی سەر سفرەکەی خۆیان دکەن. دەوڵەمەند و هەژار تێکەڵ دەکەن و بەخشینەکانی خۆیان تایبەت بەپرسیارکەر دەکەن. پاڵەوانی دوژمن بەشمشێری درەخشان و سپی لەناو دەبەن بەهەمان شێوەکە بەشمشێری هیندی پاسەوانی لەئاوگرەکانی خۆیان دەکەن. هەوساری ئەسپەکانی خۆیان بۆ گۆڕەپانی شەڕ دەسوڕێنن و ڕمی خۆیان لەقەبرغەی کوژەر دەچەقێنن.

گەمارۆی دوژمن دەدەن و داوای خوێنبایی لێدەکەن و بۆ روبەرو بوونەوە بۆ شەڕ لەئەسپ دادەبەزن. هەمووان پێکەوە بەیەك دەنگ دەڵێن گەمارۆی شەڕکەرانی رکەبەر بدەن چوونکە مەرگ لەوێ دادەبەزێت کە(وایل) بۆ شەڕ دەوەستێت. بەچاوی نیوە کراوە لەدوژمن دەڕوانن و هاوشێوەی شێرێك کە لەژێر بارانی زۆر رێگەی روبار و ترسیان نییە، هەنگاو لەسەر زەوی دادەنێن. نەسست و ناتەوانن و نەلارێ دەڕۆن. کاتێك ئاگری شەڕ هەڵگیرسێت، بەدەسەچیلەیەك هێرشی دەکەنەسەر. دڵەکانیان لەراستی و دروستی خراپ ناڕوانێت و رێز لەنەژادی خۆیان دەگرن. دەردی، نەزان بەزانایی خۆیان چاك دەکەنەوە. وتاردەرانی پایەبەرزن کە لەکاتی وتاردان، کەس وتاردەری ئەوان بەکەمی و هەڵیت و پڵیت بێژی ناکاتە قسەی سەر زمانان.

شەڕی حاتب

ئەوسا شەڕێکی ناودار بەناوی حاتب رویدا. ئەو حاتب کوڕی قەیس لەمناڵەکانی ئومەییە کوڕی زەید کوڕی مالیك کوڕی عەوف ئەوسی بوو. لەنێوان ئەم شەڕە و شەڕی سومەیر سەد ساڵ ماوە بوو. لەم ناوەدا چەندین شەڕ رویدا کەئەوانەی گرنگ بوون ئاماژەمان پێدان و ئەوەی گرنگ نەبوو، پشت گوێمان خست. جگە لەشەڕی (بووعاس) شەڕی حاتب دوایین شەڕی ئەوان بوو تا خواوەند ئیسلامی بۆ ناردن.

هۆکاری ئەم شەڕە ئەمە بوو:حاتب پیاوێکی رێزدار و گەورە بوو. پیاوێك بە مناڵەکانی سەعلەبە کوڕی سەعد کوڕی زوبیان گەشت و لای ئەو دابەزی. ئەم پیاوە رۆژێك رۆشتە بازاری مناڵەکانی قینقاع. یەزید کوڕی حارس ئەوی بینی. ئەم یەزیدەیان بەکوڕی فۆسحۆن ناودەبرد کەدایکی بوو. ئەو لەمناڵەکانی حارس کوڕی خەزرەجە. یەزید بەپیاوێکی یەهودی وت: عاباکەی خۆم بەتۆدەدەم ئەگەر ئەم پیاوە سەعلەبیی تێهەڵدان بکەیت. ئەو عاباکەی وەرگرت و هاتە ناو بازار و بەشێوەیەك لەو پیاوەی دا کەهەموو بازار ئاگادار بوونەوە. پیاوی سەعلەبی هاواری کرد: ئەی بنەماڵەی حاتب، بەشەق لەمیوانەکەتانیاندا ریسوایان کرد! حاتب لەم کارە ئاگادار بوویەوە. هاتە لای ئەو و پرسی: کێ لەتۆیداوە؟ ئەو یەهودییەکەی بەدەست نیشاندا. حاتب هات و بەشێوەیەك بەشمشێر لەپیاوە یەهودییەکەیدا کەناوچاوی تەقی. کوڕی فۆسحۆم ئەمەی بیست و پێی وترا کەحاتب یەهودی کوشت. ئەو شوێن حاتب کەوت و کاتێك پێی گەشت کەرۆشتبووە ماڵی کەسەکانی خۆی. پیاوێکی لەمناڵەکانی معاویە بینی و دەستبەجێ کوشتی. شەڕ لەنێوان ئەوس و خەزرەج رویدا و هەردوك کۆبوونەوە و خۆیان تەیار کرد و لەسەر پردی (ردم مناڵەکانی حارس کوڕی خەزرەج) روبەروی یەك بوونەوە. فەرماندەی خەزرەج لەم رۆژەدا عەمرۆ کوڕی نەعمانی بیازی و فەرماندەی ئەوس، حوزەیر کوڕی سیماکی ئەشهەلی. هەواڵی ئەم شەڕەی ئەوان بەخەڵکانی دەوروبەریان لەعەرەبەکانی ئەو سەرزەمینە گەشت. لەبەر ئەمە عویەیینەت کوڕی حسن کوڕی حوزەیفە کوڕی

بەدری فەزاری و خیار کوڕی مالك کوڕی حمادی فزاری سوار بوون و هاتنە مەدینە و سەبارەت بەئاشتی ئەوس و خەزرەج گفتوگۆیان کرد و دەستەبەری ئەوەیان کرد هەرکەس داوای هەرچی لەویتر بکات، بیدەن. ئەوان رازی نەبوون و شەڕەکان لەشوێنی پرد رویدا. خیار و عویەیینە لەوێ ئامادە بوون. ئەوان لەدژواری و سەختی شەڕەکان زۆر شتیان بینی کە لەئاشتی بێ هیوابوون. لەم رۆژەدا سەرکەوتن بەخەزرەجییەکان برا. ئەمە یەکێك لەناودارترین شەڕەکانی ئەوانە. دوای ئەوە چەند شەڕێکی دیکە رویاندا کەهەموویان لەشەڕی حاتبەوە سەرچاوەیان گرت. لەو شەڕانە دەتوانین ئاماژە بەم شەڕانەی خوارەوە بدەین:

شەڕی رەبیع

دوای شەڕ لەپرد، ئەنسار لەشوێنێك بەناوی رەبیع روبەروی یەك بوونەوە. ئێرە ناوی بێستانێك لەداوێنی تەپۆڵکە بوو. شەڕێکی قورسیان کرد بەرادەیەك ئەوەندەی نەمابوو یەکتر لەناو ببەن. ئەوسییەکان شکستیان خوارد و و هەڵاتن. خەزرەجییەکان شوێنیان کەوتن تا گەشتنەماڵەکانی ئەوان. پێشتر هەرکات یەك لەو دوو سوپایە شکستی دەخوارد و روی لەماڵەکانی خۆی دەکرد، سوپاکەیتر دەستی لەشەڕ هەڵدەگرت. کاتێك خەزرەجییەکان تا نزیك ماڵەکان شوێن ئەوسییەکان کەوتن، داوای ئاشتیان کرد. تیرەی مناڵەکانی نەجار لەخەزرەج بەئاشتی رازی نەبوو. ئەوسییەکان ژن و مناڵەکانی خۆیان لەناو قەلاَکاندا راگرت. لەم کاتەدا خەزرەجییەکان وازیان لێ هێنان. سەخر کوڕی سەلمانی بەیازی لەمبارەوە وتی:

الا ابلغا عنی سوید بن صامت — و رهط سوید بلغا و ابن الاسلت
بانا قتلنا بالربیع سراتکم — و افلت مجروحا به کل مفلت
فلو لا حقوق بالعشیرة انها — ادلت بحق واجب ان ادلت
لنالهم منا کما کان نالهم — مقانب خیل اهلکت حین حلت

واتاکەی: لەمن بەسوەید کوڕی سامت و دارودەستەکەی سوەید و کوڕی ئەسلەت بلێن. بلێن ئێمە لەگۆڕەپانی رەبیع گەورەکانی ئێوەمان کوشت و هەر کەس گیانی بەدەربرد، بریندار‌بوو. مەگەر ئەئەوە بوو ئێمە لەناو هۆز مافێکی شیاومان بوو کە دەبووا پارێزراو بێت. لەئێمە بەئێوە ئەوە دەگەشت کە پێشتر بەسەرتان هاتبوو، ئەو کاتەی ئەسپەکانمان بەسم هێرشیان کردە سەر دەستەی ئێوە و لەناویان بردن.

سوەید کوڕی سامت وەلاَمی دایەوە:

الا ابلغا عنی صخیرا رسالة — فقد ذقت حرب الاوس فیها ابن اسلت

فقتلنا سراياكم بقتلى سراتنا و ليس الذى ينجو اليكم بمفلت

واتاکەی: لەمن بەسەخری کەم و بێ بەها بڵێن تۆ تامی شەڕی ئەوس و کوڕی نەسلەتت چێشت. ئێمە گەورەکانی ئێوەمان لەبەرابەر گەورەکانی خۆمان کوشت و ئەوەی لەدەست ئێمە رزگاری بوو، بۆ لای ئێوە پاشەکشێی کرد.

یەك لەشەڕەکانیتر بەقیع بوو.

شەڕی بەقیع

دواتر ئەوس و خەزرەج لە(بەقیع غەرقەد) روبەروی یەك بوونەوە و شەڕێکی قورسیان کرد. لەم رۆژەدا ئەوسیسەکان سەرکەوتن. عوبەید کوڕی ناقدی ئەوسی وتی:

لما رأيتبنى عوف و جمعهم جاؤا و جمع بنى النجار قدحفلوا
دعوت قومى و سهلت الطريق لهم الى المكان الذى اصحابه حللوا
جادت بانفسها من مالك عصب يوم اللقاء فما خافوا و لافشلوا
و عاوروكم كؤوس الموت اذ برزوا شطر النهار و حتى ادبر الاصل
حتى استقاموا و قد طال المراس بهم فكلهم من دماء القوم قد نهلوا
تكشف البيض عن قتلى اولى رحم لو لا المسالم و الارحام ما نقلوا
تقول كل فتاة غاب قيمها : اكل من خلفنا من قومنا قتلوا
لقد قتلتم كريما ذا محافظة قد كان حالفه القينات و الحلل
جزل نوافله حلو شمائلة ريان و اغله تشقى به الابل

واتاکەی: کاتێك منداڵەکانی عەوف و دەستەکانی ئەوانم لەگەڵ منداڵەکانی نەجار بینی کەبۆ شەڕ کۆببوونەوە، خەڵکی خۆم کۆکردەوە و رێگام بۆ تەخت کردن تا هاتنە ناو گۆڕەپان و لەبەرابەر دوژمن ریزیان بەست. لەهۆزی مالك چەندین دەستە

گیانبازییان کرد و له‌رۆژی شه‌ڕ خۆڕاگریان کرده پیشه ونه‌ترسان و سست نه‌بوون. کاتێك ده‌رکه‌وتن، به‌رده‌وام باده‌ی مه‌رگیان ده‌رخواردی ئێوه‌دا، له‌نیمه‌رۆوه تا درەنگانێکی شه‌و. تا ئه‌و کاته خۆڕاگرییان کرد و درێژه‌یان پێدا و هه‌مووان له‌خوێنی دوژمن شادان بوون. په‌رده له‌سه‌ر ئه‌و کوژراوانه هه‌لگیرا که له‌خزمه‌کان بوون. ئه‌گه‌ر ئاشتی خواز و خزم نه‌ده‌بوون، هیچ که‌س جه‌سته‌ی ئه‌وانی له‌گۆڕه‌پان نه‌ده‌برده‌ده‌ر. هه‌ر کچێکی گه‌نج که‌سه‌رپه‌رسته‌که‌ی خۆی له‌ده‌ست دابوو، ده‌یوت: ئایا هه‌موو شه‌رکه‌رانی ئێمه کوژراون؟ ئێوه پیاوێکی گه‌وره و پارێزراوتان کوشت که له‌هه‌موو ژیانیدا هاوئامێزی کچانی مانگ روخسار و زێر و زیودار بوو. به‌خشینه‌کانی ئه‌و فراوان و عاده‌ته باشه‌کانی زۆر بوون، که‌سێك که له‌کاتی مه‌یخواردنه‌وه ده‌هاته لای، شادان له‌سه‌ر خواردنه‌وه هه‌لّده‌ستا. وشتری بله‌ز له‌ژێر رانه‌کانی ئه‌و بێزار ده‌بوو.

عه‌بدوللّه کوڕی ره‌واحه‌ی حارسی خه‌زره‌جی به‌مشێوه وه‌لامی دایه‌وه:

لما رأیتبنة عوف و اخوتهم ... کعبا و جمع بنی النجار قدحفلوا
قدما ابا حوا حماکم بالسیوف و لم ... یفعل بکم احد مثل الذی فعلوا

واتاکه‌ی: کاتێك منالّه‌کانی عه‌وف و براکانیان منالّه‌کانی که‌عب و ده‌سته‌ی منالّه‌کانی نه‌جارم بینی که‌بۆ شه‌ڕ کۆبوونه‌ته‌وه، زانیم له‌دێر زه‌مانه‌وه خێوه‌ته‌کانی ئێوه‌یان به‌شمشێر دڕیوه و که‌س ئه‌وه‌ی له‌گه‌لّ ئێوه نه‌کرد که‌ئه‌وان کردیان.

سه‌رکرده‌ی ئه‌وس له‌وکاته‌دا له‌شه‌ڕ، حاتب باوکی قه‌یس کوڕی ئه‌سله‌تی وایلی بوو. شه‌ڕی ده‌سپێکرد و خۆی له‌ئاسووده ی دوور خسته‌وه. دواتر روخساری گۆڕا و ره‌نگی په‌ڕی. رۆژێك هاته لای ژنه‌که‌ی و نه‌یناسیه‌وه به‌لام دواتر به‌ده‌نگ ئه‌وی ناسی. ژن وتی: تا قسه‌ت نه‌کرد، تۆم نه‌ناسییه‌وه. کوڕی ئه‌سله‌ت وتی:

قالت و لم تتصدلقيل الخنا :	مهلا فقد ابلغت اسماعی
و استنكرت لونا له شاحبا	والحرب غول ذات اوجاع
من يذق الحرب يجد طعمها	مرا و تتركه بجعجاع
قد حصت البيضة راسی فما	اطعم نوما غير تهجاع
اسعی علی جل بنی مالك	كل امریء فی شأنه ساعی
اعددت للاعداء موضونة	فضفاضة كالنهی بالقاع
احفرها عنی بذی رونق	مهند كاللمع قطاع
صدق حسام وادق حده	و منحن اسمر قراع

واتاکەی: ژنەکەم وتی - نەیدەویست خراپ بڵێت -: کەمێك چاوەڕێ بە تا دەنگی تۆ ببیستم و بتناسمەوە. ڕەنگی لێڵی منی بەناپەسەند زانی، بەڵێ، شەڕ دێوێکی ئازاردەرە. ئەوکەسەی شەڕ بچێژێت، تامەکەی دەزانێت، شەڕ ئەو دەخاتە تەنگانەوە. موی سەرم سپی بووە و جگە لەخەوێکی سووك، ئارامم نییە. لەبەرابەر هەموو منالەکانی مالك تێدەکۆشم، هەرکەسێك لەکاری خۆیدا کۆشایە. لەبەرابەر دوژمنان زرێیەکی بەربلاّو و رازاوەم هەیە کەهاوشێوەی ئاوگیرێك لەبیابان دەدرەوشێتەوە. بەشمشێری هیندی و ئاودراو دەیپارێزم کەدرەوشانەوەی هەیە و تا دڵ بخوازێت تیژە. ڕاست کردارە، تیژە، بڕەرە، چەماوەیە، گیانبڕە و بەردەوام خودە و زری دەکوتێت.

قەسیدەیەکی دوور و درێژە. دواتر باوکی قەیس کوڕی ئەسلەت ئەوسییەکانی کۆکردەوە و پێی وتن: من نەبوومە سەرکردەی هیچ خەڵکێك مەگەر ئەوەی شکستیان خوارد، یەکێتر بکەنە سەرکردەی خۆتان. ئەوان حوزەیر کەتایب کوڕی سیماکی ئەشهەلی باوکی ئوسەید کوڕی حوزەیریان کردە سەرکردەی خۆیان. کوڕەکانی لەهاوەڵانی پێغەمبەر بوون و ئوسەید کوڕی حوزەیر لەهاوەڵانی بەدری (ئامادە لەشەڕی بەدر) بوو. حوزەیر سەرپەرەستی کاروباری شەڕی ئەوانی دەکرد. دواتر ئەوس و خەزرەج لەشوێنێك بەناوی (غرس) شەڕیان کرد کەسەرکەوتن بە ئەوسییەکان بڕا. لەمبارەوە پەیکی ئاشتی و پەیامیان بۆ یەکتر نارد و لەسەر ئەمە

بنەمایە ئاشتیان کرد کە ژمارەی کوژراوەکان بەدەست بێنن و هەر کام شەڕکەری زیاتری لێ کوژرابوو، بەو ئەندازەیە خوێنبایی وەربگرێت. ئەوس لەخەزرەج سێ کوژراوی زیاتربوو. خەزرەجییەکان سێ کوڕیان وەك بارمتەی خوێنبایی بەواندا بەڵام ئەوسییەکان خیانەتیان کرد و سێ کوڕەکەیان کوشت.

فەجاری یەکەمی ئەنسار

ئەم شەڕە لەگەڵ فەجاری قەیس و کەنانە پەیوەندی نییە. کاتێك ئەوسییەکان ئەو کوڕانەیان کوشت، خەزرەجییەکان کۆبوونەوە و لە(حدایق) روبەرویان بوونەوە. فەرماندەی خەزرەج، عەبداللە کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول وفەرماندەی ئەوس، باوکی قەیس کوڕی ئەسلەت. شەڕێکی قورسیان کرد بەمەبەستی لەناو بردنی یەکتر. ئەمەیان بەیەکەم فەجار (گوناحکاری) ناوبرد لەبەر ئەوەی خیانەتیان کرد و ئەو سێ کوڕەیان کوشت. قەیس کوڕی خەتیم لەبێستانەکەی خۆیدا بوو و کاتێك گەڕایەوە بۆ شەڕ، بینی خەڵکەکەی بۆ شەڕ رۆشتونەدەر. ئەو لەوەرگرتنی کەرەستەی شەڕ ناتەوان و تەنیا شمشێری هەڵگرت و لەگەڵ ئەوان ڕۆشت. لەم رۆژەدا پێگەی بەرزبوویەوە چوونکە زۆر باش شەڕی کرد و لەچەند شوێنێکی جەستەی بریندار بوو. ماوەیەك ژیا وتیماری کرد. فەرمانی پێدرا لەخواردنەوەی ئاو خۆبپارێزێت. لەبەر ئەمە عەبدوللە کوڕی رەواحە وتی:

رميناك ايام الفجار فلم تزل　　　　حميا فمن يشرب فلست بشارب

واتاکەی: رۆژی فەجار تیرمان بۆت هاویشت و ناچار بوویت خۆت بپارێزیت بەشێوەیەك هەمووان ئاو دەخۆنەوە و تۆ ناتوانیت.

شەڕی موعەبەش و موزەرەس

دواتر لەشوێنێك بەناوی موعەبەس و موزەرەس چاویان بەیەك كەوت. ئەمانە ناوی دوو دیوارن. خەزرەج لەپشت موزەرەس و ئەوس لەپشت موعەبەس بوو. چەند رۆژێك مانەوە و شەڕیان كرد و ئەوسییەكان شكستیان خوارد و رویان لەماڵ و قەلاكان كرد. شكانێكی گەورەبوو و هیچ كات بەوشێوەیە تێك نەشكابوون. دواتر منالەكانی عەمرۆ كوڕی عەوف و منالەكانی ئەوس كوڕی مەنات لەگەڵ خەزرەجییەكان ئاشتیان كرد بەلام منالەكانی عەبد ئەشهەل و منالەكانی زەفەر و چەندین دەستەی دیكە لەبنەمالەكانی ئەوس بەئاشتی رازی نەبوون و وتیان: تا خوێنی خۆمان وەرنەگرین، ئاشتی ناكەین. خەزرەجییەكان لەئازاردان و تالان كردنی ئەوان پێداگریان كرد تا منالەكانی عەمرۆ كوڕی عەوف و ئەوس كوڕی مەنات بەئاشتی رازی بوون. ئەوسییەكان جگە لەمانەی ئاماژەمان پێدان، ویستیان لەمەدینە كۆچ بكەن. لەم كاتەدا منالەكانی سەلە لەسەرمێرگەجارێكی چڕ بەناوی (رەعل) لەگەڵ منالەكانی عەبد ئەشهەل كە اوەنی مێرگەجارەكە بوون، شەڕیان كرد. سەعد كوڕی مەعازی ئەشهەلی بەقورسی برینداربوو و منالەكانی سەلە هەڵیان گرت و بردیانە لای عەمرۆ كوڕی جەموحی خەزرەجی كە پەنایدا و مێرگەجارەكەی لەبڕین و سوتاندن پاراست. كاتێك شەڕی بەعاس هاتە پێش، بەهەمان شێوە كەئاماژەی پێدەدەین، سەعد پاداشی پێدا.

ئەوسییەكان ڕۆشتنە مەككە تا ببنە هاوپەیمانی قورەیشیەكان. بەمشێوەیان نیشان دا كەمەبەستی حەجی عەمرەیان لەسەردایە. شێوەی ئەوان بەمجۆرە بوو كاتێك یەكێك دەبەستی عەمرە یا حەجی دەكرد، دوژمن ئازاری پێ نەدەگەیاند و ئەو كەسەی بۆ عەمرە دەڕۆشت بێخی لقی دارخورمای بەخێوەتەكەی خۆیەوە هەڵدەواسی. ئەوان ئەم كارەیان كرد و بەرەو مەككە بەرێكەوتن و لەگەڵ قورەیشیەكان بوونە هاوپەیمان. لەم كاتەدا باوكی جەهل لەمەككە نەبوو، كاتێك گەڕایەوە، بەم كارە رازی نەبوو و وتی: مەگەر وتەی پێشینانتان نەبیستووە كەدەڵێن:: هاوار لەخانەخوێ لەدەست میوان! ئەمان لەژمارەدا زیاترن و هێزی

زیاتریان هەیە. هەرجار کەخەڵکانێك دەڕۆنە لای خەڵکانێکیتر بەسەریاندا زاڵ دەبن و ئەوانیان دەرکردووە. وتیان: چۆن پەیمانەکەی خۆمان بشکێنین؟ وتی: من چارەی ئەم کارە دەکەم. دواتر ڕۆشتە لای ئەوسییەکان و وتی: ئێوە لەگەڵ خەڵکەکەی من پەیمانتان بەستووە و من لێرە نەبووم. هاتوم لەگەڵ ئێوە پەیمان ببەستم و سەبارەت بەخۆم بڵێم تا لەمەدوا پابەندی بن. ئێمە خەڵکانێکین بەردەوام کەنیزەکانمان دەڕۆنە بازار و بەردەوام پیاوێك خۆی بەوان دەگەیێنێت و بەدەست لەسمتیان دەدات. ئەگەر ڕێگەی ئەم کارە لەگەڵ ژنەکانتان دەدەن، پەیوەستی ئێمە بن تا ببینە هاوپەیمانی ئێوە. ئەگەر ڕازی نابن، پەیمانەکەتان هەڵبووەشێننەوە. وتیان: ئەمە پەسەند ناکەین و بەرەوای نازانین. هەموو ئەنسار سەبارەت بەژنانی خۆیان دەمارگێر بوون. ئەوسییەکان پەیمانەکەیان لەگەڵ قورەیشییەکان هەڵوەشاندەوە و گەڕانەوە. حسان کوڕی سابت شانازی بەخەڵکەکەی خۆی کرد کەچییان لەگەڵ ئەوسییەکان کردووە . دەڵێت:

الا ابلغ ابا قیس رسولا — اذا القی لها سمعا تبین
فلست لعاصن ان لم تزرکم — خلال الدار مسبلة طحون
یدین لها العزیز اذا راها — و یهرب من مخافتها القطین
تشیب الناهد العذراء منها — و یسقط من مخافتها الجنین
یطوف بکم من النجار اسد — کاسد الفیل مسکنها العرین
یظل اللیث فیها مستکینا — له فی کل ملتف انین
کان بهاءها للناظریها — من الاثلاث و البیض الفتین
کانهم من الماذی علیهم — جمال حین یجتلدون جون
فقد لا قاك قبل بعاث قتل — و بعد بعاث ذل مستکین

واتاکەی: کێیە لەمن بۆ باوکی سەعد پەیامێك ببات، ئەم پەیامە کاتێك ببات کەگوێی بۆ رادێرێت. من پارێزەری خەڵکەکەی خۆم نەبم ئەگەر شەڕێك بەسەر ئێوەدا دانەبارێت کەخوێن ببارێنێت و ئێوە لەناو ببات. کاتێك ڕێزدار بیبینێت، ملی پێ دەسپێرێت و کاتێك دانیشتو بیبینێت، رادەکات. کچی کچێنی نەپرژاوی مەمك

قوت لەترسی پیر دەبێت و منالّی ناوسك لەترسا دەکەوێت. لەنەجارییەکان شێرەکان هێرش دەکەنە سەر ئێوە کەشێرانی دارستان دەکەنە کونەکەی خۆیان. شێر لەناوا شەڕێك دەبێتە رێوی و لەناو ئەم شەڕەدا دەگریت. وەك بڵێی گلەیی بۆ بینەرەکانی هاوشێوەی شمشێرە تیژ وسپی و بڕەڕەکانی هەمان شەڕ بێت. ئەو پیاوە شەڕکەرانە ئەوەندە لەناو کەرەستە ئاسنییەکانی شەڕ رۆچوون بەشێوەیەکن دەڵێی لەکاتی شەڕ کردن بەشمشێرەکان، وشترانێکی ڕەش یا سپین کەباری ئاسنیان پێیە. پێش لەبەعاس کوشتار رویکردە تۆ و دوای ئەوە ریسوایی هەمیشەیی.

فەجاری دووەمی ئەنسار

ئەوسییەکان داوایان لەمناڵەکانی نەزیر و مناڵەکانی قورمیزە کردبوو لەبەرابەر خەزرەجییەکان لەگەڵیان ببنە هاوپەیمان. ئەم هەواڵە بەخەزرەجییەکان گەشت و شەڕیان راگەیاند. یەهودییەکان وتیان: ئێمە خوازیاری شەڕ نین. خەزرەجییەکان بارمتەیان لێگرتن تا لەسەر بەڵێنەکەی خۆیان بمێننەوە. بارمتەکان چل کوڕ لەمناڵەکانی نەزیر و مناڵەکانی قورمیزە بوون. رۆژێك یەزید کوڕی فۆسحۆم بادەی خواردەوە و مەست بوو و شێعرێکی خوێند و ئەم روداوەی بیرهێنایەوە:

هلم الا الاحلاف اذرق عظمهم	و اذاصلحوا مالا لجذمان ضائعا
اذا ما امرؤ منهم اساء عمارة	بعثنا عليهم من بنى العير جادعا
فاما الصريخ منهم فتحملوا	و اما اليهود فاتخذنا بضائعا
اخذنا من الاولى اليهود عصابة	لغدرهم كانوا لدينا ودائعا
فذلوا لرهن عندنا فى حبا لنا	مصانعة يخشون منا القوارعا
و ذاك بانا حين نلقى عدونا	نصول بضرب يترك العز خاشعا

واتاکەی: برۆنە لای هاوپەیمانەکان کە ئێسقانەکانیان سست و سامانێکی زۆریان بەپەیمان شکێنندا کە لەناو دەچن. ئەگەر یەك لەوان هەڵس و کەوتێکی خراپ بگرێتە بەر، بەشمشێر رمگ و ریشەی دەقرتێنین. فریاد خوازەکانیان کۆچیان کرد و

یەهودییەکانمان کردە کالاّی خۆمان. لەیەهودییەکان دەستەیەکمان بەبارمتە گرت تا لەبەرابەر فێڵەکانیان لای ئێمە بن. لەتەنافەکانی ئێمە وەك بارمتە بمێننەوە و ریسوا و سازگار بن چوونکە لەهاتنە خوارەوەی شمشێرەکانی ئێمە دەترسن. ئەمە لەبەر ئەوەیە کاتێك ئێمە روبەروی دوژمنانی خۆمان بووینەوە بەشێوەیەك لەوان دەدەین کەرێزداره لەخۆ بووردووەکان کردیان.

ئەم وتەیە بەگوێی منالّەکانی نەزیر و منالّەکانی قورەیزە گەشت و ئەوان تورە بوون. کەعب کوڕی ئەسەد وتی: ئێمە بەوشێوەین کەشاعیر ئاماژەی پێداوە (ئەگەر هێرش ناکەیتە سەر ئەوان، ئەوسیەکانیان ئاوقا بکە). کاتێك خەزرەجییەکان ئەم وتەیان بیست، هەموو بارمتەکانی خۆیان لەکوڕەکانی منالّەکانی نەزیر و منالّەکانی قورەیزە کوشت و ژمارەیەك لەوانیان ئازاد کرد کەلە ناو ئەوان سولەیم کوڕی ئەسەدی قورەزی باوەگەوڕێی محەممەد کوڕی کەعب کوڕی سولەیم دەبینرا. لەم کاتەدا ئەوسییەکان و منالّەکانی نەزیر و منالّەکانی قورەیزە بۆ شەڕ لەگەڵ خەزرەجییەکان بوونە هاوپەیمان و شەڕێکی قورسیان کرد کە بەفەجاری دوەمی ئەنسار ناوبرا چوونکە خەزرەجییەکان کوڕە بێ تاوانە یەهودییەکانیان کوشت.

سەبارەت بەکوشتنی ئەم کوڕانە ئاماژەیان بەگێرانەوەیەکی دیکەیش داوە: عەمرۆ کوڕی نەعمانی بیازی خەزرەجی بەخەڵکەکەی خۆی منالّەکانی بەیازەی وت: باوکتان ئێوەی هێنایە شوێنێکی خراپ. سوێند بەخوا سەر و جەستەم بەئاو نەشۆم تا ئێوە لەناو مالّەکانی منالّەکانی نەزیر و منالّەکانی قورەیزە نیشتەجێ بکەم یا بارمتەکانی ئەوان بکوژم. مالّەکانی منالّەکانی نەزیر و منالّەکانی قورەیزە لەباشترین سەرزەمینەکان بوو. ئەو پەیامی بۆ منالّەکانی نەیزر و منالّەکانی قورەیزە نارد: یا مالّەکانی خۆتان بەئێمە بسپێرن یا بارمتەکان دەکوژین. ویستیان لەمالّەکانی خۆیان بڕۆنەدەر. کەعب کوڕی ئەسەدی قورەزی پێی وتن: ئەی خەڵکینە، مالّەکانی خۆتان بپارێزن و رێگە بدەن کوڕەکانی ئێوە بکوژن. یەك شەو بۆ ئەم کارە بەسە کە ئێوە بڕۆنە ئامێزی ژنەکانی خۆتان و کوڕیکی هاوشێوەی ئەو کوڕە کوژراوانە دروست بکەن! ئەمان وەلاّمیان دایەوە: ئێمە لەمالّەکانی خۆمان کۆچ ناکەین، لەبارمتەکانی ئێمە بڕوانن و رێز لەقسەکەی ئێمە بگرن و لەگەڵ ئەوان بەداد پەروەری هەڵس و

کەوت بکەن. عەمرۆ کوڕی نەعمان هێرشی کردە سەر بارمتەکان و ئەوانی کوشت. عەبدالله کوڕی ئەبی سەلوول بەم کارەی رازی نەبوو، وتی: ئەم کارە بێدادگەری و گوناحە. ئەوانی لەکوشتنی ئەوان و شەڕ کردن لەگەڵ ئەوسییەکان دوور دەخستەوە. پێی وت: دەڵێی تۆ دەبینم کەپەیکەرە کوژراوەکەتیان لەعابایەکەوە پێچاوە و چوار پیاو لەسەر شان هەڵیدەگرن. ئەو و ئەوانەی فەرمانیان لەو دەبرد هیچ کام لەکوڕە یەهودییەکانیان نەکوشت بەڵکو ئازادیان کرد، لەوانە: سولەیم کوڕی ئەسەد باوەگەوڕێی محەممەد کوڕی کەعب. لەم کاتەدا مناڵەکانی نەزیر و مناڵەکانی قورەیزە بۆ شەڕ لەگەڵ خەزرەجییەکان لەگەڵ ئەوسییەکان یەکیان گرت. شەڕێکی قورس رویدا کە بەفەجاری دووەم ناسرا. ئەم گێرانەوەیە راسترە تا ئەم شەڕە بەفەجار ناو ببرێت. بەپێی گێرانەوەی یەکەم، ئەوان بارمتەکانیان لەبەرابەر فریوی یەهودییەکان کوشت. کەواتە ئەو شەڕە بۆ خەزرەجییەکان فەجار نەبوو مەگەر لەبەر ئەوە بەفەجار ناو ببرێت کەیەهودییەکان پەیمانی خۆیان شکاند.

شەڕی بەعاس

مناڵەکانی نەزیر و مناڵەکانی قورەیزە پەیمانی خۆیان لەگەڵ ئەوس سەبارەت بەپاڵپشتی و هاوکاری تازە کردەوە و بەهێز بوون و لەشەڕەکان هەوڵیان دەدا. هۆزەکانی دیکە لەیەهوودییەکان جگە لەمانە پەیوەستیان بوون. کاتێك خەزرەجییەکان ئەمەیان بیست، کۆبوونەوە و هێزەکانی خۆیان ئامادە کرد و بۆ هاوپەیمانەکانی خۆیان لەئەشجەع و جوهەینە پەیك و پەیامیان نارد. ئەوسییەکان کەسیان بۆ لای هاوپەیمانەکانی خۆیان لەمۆزەینە نارد. چل رۆژ مانەوە و خۆیان بۆ شەڕ ئامادە کرد. لەشوێنێك بەناوی بەعاس لەگوندەکانی قورەیزە چاویان بەیەك کەوت و شەڕیان کرد. فەرماندەی ئەوس، حوزەیر کەتاییب کوڕی سیماك باوکی ئوسەید کوڕی حوزەیر و فەرماندەی خەزرەج، عەمرۆ کوڕی نەعمانی بەیازی. عەبدالله کوڕی ئەبی سەلول لەگەڵ شوێن کەوتوانی خۆی لەشاردا مایەوە. مناڵەکانی حارسە کوڕی حارس لەئەوسییەکانیش مانەوە. کاتێك روبەروی یەك بوونەوە،

چاویان بەیەك كەوت و بەسەختی شەڕیان كرد و خۆڕاگرییان كردە پیشە.

ئەوسییەكان تامی تاڵی شەڕیان چێشت و بەراكردن رویان لەعەریز كرد. كاتێك حوزەیر هەلاتنی ئەوانی بینی، هاوشێوەی وشتر خەوت و بەرم لەقاچی خۆیدا و هاواری كرد: هاوار لەسەر بڕان وەك سەر بڕانی وشتر! سوێند بەخوا ئاوڕ نادەمەوە تا بكوژرێم، ئەی ئەوسییەكان ئەگەر دەتانەوێت من بەدوژمن بسپێرن ئەو كارە بكەن. ئەوسییەكان پەیوەستی بوون. دو كوڕ لەمناڵەكانی عەبد ئەشهەل بەناوی مەحمود و یەزید لەپاڵ ئەو دەستیان بەشەڕ كرد تا كەوتنە سەر خاك. دواتر تیرێك كەهاوێژەرەكەی نەزانرا، لەئاسمانەوە هات و لەسینەی عەمرۆ كوڕی نەعمان فەرماندەی خەزرەجییەكان چەقی و كوشتی. لەم كاتەدا عەبدالله كوڕی ئەبی سەلول بە واری بە دەوری گۆڕەپانی بەعاس دەسورایەوە و هەواڵەكانی دەبیست. لەناكاو بینی جەستەی عەمرۆ كوڕی نەعمانیان لەعابایەكەوە پێچاوە و چوار پیاو لەسەر شان بەرەو گۆڕی دەبەن. بەو شێوەی لێهات كەپێش بینی كردبوو. عەبدالله وتی: تامی بێدادگەری بچێژە! خەزرەجییەكان شكستیان خوارد و ئەوسییەكان شمشێریان لەناو ئەواندا سوڕاند. جارچییەك جاریدا: ئەوی ئەوسییەكان، باش بڕوانن و واز لەبراكوژی بێنن كەهاوسێیەتی ئەوان بۆ ئێوە باشتر لەهاوسێیەتی روبهان (سەعالبەكان). ئەوسییەكان دەستیان هەلگرت و تالانیان نەكردن. مناڵەكانی نەزیر و مناڵەكانی قورەیزە دەستیان بەتالان كردن كرد. ئەوسییەكان حوزەیری برینداریان هەلگرت و بردیان. ئەو مرد. ئەوسییەكان ماڵ و بێستان و دارخواماكانی خەزەرجییان ئاگر تێبەردا. لەم كاتەدا سەعد كوڕی مەعازی ئەسهەلی، سامانەكان و ماڵەكانی مناڵەكانی سەلەی لەبەرابەر كارێك كە لەمێرگەجارەكەدا كردبوویان، خستە پەنای خۆی. پێشتر ئاماژەمان بەم داستانەدا. لەم رۆژەدا زوبەیر كوڕی ئەیسا كوڕی باتا، سابت كوڕی قەیس كوڕی شەماسی خەزرەجی رزگار كرد. ئەوی گرت و قژی ناوچاوی بڕی و ئازادی كرد. ئەمە یەكەم بەخشین بوو كە سابت كوڕی قەیس لەرۆژگاری ئیسلامی لەشەڕی مناڵەكانی قورەیزە پاداشتی پێدا. ئاماژەی پێدەدەین.

شەڕی بەعاس لەدوایین شەڕە ناودارەكان لەنێوان ئەوس و خەزرەج بوو. دواتر ئیسلام هات و قسەی خەڵك بووبە یەك و هەردوو دەستە بۆ هاوكاری ئیسلام و

شوێنکەوتوانی هاوپەیمان بوون و خواوەند قورسایی شەڕی لەسەر شانی خواپەرستان هەلگرت.

ئەنسار شێعری زۆریان سەبارەت بە بەعاس هۆنییەوە. لەناو ئەوان وتاری قەیس کوڕی خەتیمی زەفەری ئەوسی بوو:

اتعرف رسما كالطراز المذهب لعمرة ركبا غير موقف راكب
ديار التى كانت و نحن على منى تحل بنالولارجاء الركائب
تبدت لنا كالشمس تحت غمامة بدا حاجب منها و ضنت بحاجب

لەم قەسیدەیە:

و كنت امرأ لا ابعث الحرب ظالما فلما ابووا اشعلتها كل جانب
اذنت بدفع الحرب حتى رأيتها عن الدفع لا تزداد غير تقارب
فلما رأيت الحرب حربا تجردت لبست مع البردين ثوب المحارب
مضعفة يغشى الا نامل ريعها كان قتيريها عيون الجنادب
ترى قصد المران تلقى كانها تذرع خرصان بايدى الشواطب
و سامحنى ملكاهنين و مالك و ثعلبة الاخيار رهط القباقب
رجال متى يدعوا الى الحرب يسرعوا كمشى الجمال المشعلات المصاعب
اذا ما فررنا كان اسوا فرارنا صدود الخدود و ازورار المناكب
صدود الخدود و القنامتشا جر و لا تبرح الاقدام عند التضارب
ظارناكم بالبيض حتى لانتم اذل من السقبان بين الحلائب
يجردن بيضا كل يوم كريهة و يرجعن حمرا جارحات المضارب
لقيتكم يوم الحدائق حاسرا كان يدى بالسيف مخراق لاعب
و يوم بعاث اسلمتنا سيوفنا الى حسب فى جذم غسان ثاقب
فتلناكم يوم الفجار و قبلة و يوم بعاث كان يوم التغالب
اتت عصب للاوس تخطر بالقنا كمشى الاسود فى رشاش الاهاضب

واتاکەی: ئایا پاشماوەیەك لەماڵی دڵدار لەسەر نگاری جلێکی بەزێرچنراو دەبینی؟ بەکاروانێکەوە بۆ عەمرە رۆشت بەلاّم لەشوێنی سوارەکان درەنگی کرد. سەرزەمینەکانی ئەو دولبەری لەمەنا (مەنی) لەگەڵ ئێمەدابوو و ئەگەر هیوای

بەچوارپێ سوارییەکان نەدەبرد، لەگەڵ ئێمە دەمایەوە. ئەو وەك هەتاوێك کە لەژێر هەورێك بێتەدەر، لەبەرابەر ئێمە دەرکەوت، برۆیەکی لەسەر ئەو چاو ئاسك ئاسایانە دەرخست و لەنیشان دانی برۆکەیتری درێغی کرد. پیاوێك بووم هیچ کات شەڕێکی بێدادگەرانەم هەڵنەدەگیرساند بەلام چوونکە هاوشێوەی ئەمان جگە لەشەڕ بەهیچ رازی نەبوون، لەهەموو شوێنێك هەڵم گیرساند. ئاگادارم کردنەوە کەشەڕ مەکەن و خۆتانی لێ دوورخەنەوە بەلام بینیم خۆ دوورخستنەوە تەنیا دەبێتە هۆی نزیك بوونەوە. کاتێك بینیم شەڕ بەسەختی دەستی پێکردووە، لەسەر دوو کراسەکەی خۆم جلی شەڕم لەبەر کرد، زرێیەکی دو توێ کەقۆلەکانی پەنجەی دادەپۆشی، لەبەر کرد. دەتوت سەر مێخەکانی چاوەکانی (جەندەبن) (جۆرێك کولەیە). دەسکی ڕمەکان هاوشێوەی دارە ئاسن کوتراوەکان دەبینی کە لەدەست ژنانی چەرم خۆشکەردا بێت. هەنین و مالك و سەعلەبە کە لەدەستەی خەڵکانی پرسە ئافرێنن، سامانیان بەمن بەخشی. کاتێك هەڵبێین، خرابترین هەلاتنمان ئەوە بێت رووگرژ بکەین و دووبارە شان بسورێنین و روو لەگۆڕەپان بکەین. رووگرژ کردنی روخسار، هاورێیە لەگەڵ ڕم وەشاندن و لەکاتی وەشاندنی شمشێر و ڕم هەنگاوەکان نالەرزێت. بە شمشێرە تیژ و سپییەکان هێرشمان کردە سەر ئێوە و وامان نیشاندا مەبەستی چاکەمان لەگەڵ ئێوەدا هەیە، ئێوە بەشێوەیەك دەستەمۆ بوون کە لەبەچکە وشتر نێرەکان لەناو وشترە شیردەرەکان ریسواتر بوون. لەرۆژەکانی دژواری شەڕ، شمشێرەکانمان بەسپییەتی لەکالان دەرهێنا و سور لەخوێنی بوێرانی شەڕکەر کردمانە ناو کالان. ئێوەم لەشەڕی (حدائق) بێستانەکان بەسەر روت بینی و دەتوت دەستی من و شمشێرەکەم، لەدەسرێکی گەمەکردن دەچوو. لە شەڕی بەعاس شمشێرەکانمان ئێمەیان بەنەژاد و ریشەی قووڵ لەغەسان پەیوەست کرد. لەشەڕی فەجار و پێش لەوە ئێوەمان کوشتار کرد و رۆژی بەعاس رۆژی سەرکەوتنی ئێمە بوو. دەستە شەڕکەرەکان لەئەوس دابەزین، مەکانیان دەسوراند و بەشێوەیەك بەرێگادا دەڕۆشتن کەشێرانی دارستان لەژێر بارانە چڕەکان لەسەر تەپۆڵکەکان بەرێگادا دەڕۆن.

عەبدالله کوڕی ڕەواحە بەمشێوە وەڵامی دایەوە:

اشاقتك ليلى فى الخليط المجانب ... نعم فرشاش الدمع فى الصدر غالب
بكى اثر من شطت نواه و لم يقم ... لحاجة مخزون شكا الحب ناصب
لدن غدوة حتى اذا الشمس عارضت ... اراحت له من لبه كل غارب
نحامى على احسابنا بتلادنا ... لمفتقر او سائل الحث واجب
و اعمى هدته للسبيل سيوفنا ... و خصم اقمنا بعد مائج ثاعب
و معترك ضنك يرى الموت وسطه ... مشينا له مشى الجمال المصاعب
برجل ترى الماذى فوق جلودهم ... و بيضا نقيا مثل لون الكواكب
وهم حسر لا فى الدروع تخالهم ... اسودا متى تنشا الرماح تضارب
معاقلهم فى كل يوم كريهة ... معى الصدق منسوب السيوف القواضب

واتاکەی: لەیلی تۆی بەروخسارێکی ئاوێتە بەسوری و سپییتی کەخۆی دەپاراست، هێنایە سەر زەوق، بەڵێ بارانی فرمێسك لەسوتانی دڵ سەرچاوە دەگرێت و دەبارێت. چاو بەدوای کەسێك گریا کەماڵەکەی دوور کەوتەوە و ئەو نیازی دڵدادەیەکی شەیدای کە لەعەشقدا دەسوتا، بەراوەردە نەکرد. لەکاتی بەرەبەیان تا ئەو کاتەی خۆر ئاوا بوو، هەر ئاوابووێك بۆ ئاوزی ئەو داخی خوارد و بۆی گریا (رۆژێك کەئەستێرەکان دیار نین، بۆی گریان). ئێمە لەنەژادەکانی خۆمان بەسامانە پێشینەکان پاسەوانی دەکەین، بەنیازمەندی دەبەخشین یا بەشیاوێکی پێویستی دەدەین. چەند زۆرن ئەو کوێرانەی شمشێرەکانی ئێمە ئەوانی هێنایە سەر ڕێگای ڕاست و چەند زۆرن ئەو دوژمنانەی خوێنیان دەهێنایەوە و ئێمە ئەوانمان هێنایە سەرپێ. گۆڕەپانی ئەو شەڕانەی لەهەموو شوێنێکیەوە مەرگ دەباری و ئێمە هاوشێوەی وشترە کۆشا و نەترسەکان رومان تێدەکرد. بەهەنگاوە بەهێزەکان بەشێوەیەك زرێ بڵندەکانمان لەسەر پێستی خۆمان دەبینی و شمشێری سپیمان لەدەستابوو کە لەپاکی و ڕۆشنی لەئەستێرەکان دەچون. بەشێوەیەك دەچینە گۆڕەپان کەئێمە بەروت بزانن و گومان بکەن زرێمان لەبەردا نییە. ئەو شێرانەین هەرکات ڕمەکان بسوڕێنن، شەڕ لەگەڵ دوژمن دەست پێدەکەین. هێلانەکانمان لەهەر

ڕۆژێکدا گۆڕەپانی شەڕە، ڕاست کردار، خوازیاری ڕاستی، ڕازاوە بەشمشێرە تیژەکان.

ئەمە قەسیدەیەکی درێژە. لەیلی، کەعەبداللە کوڕی ڕەواحە بەناوی ئەوەوە خۆشەویستی کردووە، خوشکی قەیس کوڕی خەتیمە. عەمرە کە کوڕی خەتیم خۆشەویستی پێوە کردووە، خوشکی عەبداللە کوڕی ڕەواحەیە و ئەم ژنە دایکی نەعمان کوڕی بەشیری ئەنسارییە.

زاڵبوونی سەقیف بەسەر تایف
و شەڕی نێوان ئەحلاف و مناڵەکانی مالك

سەرزەمینی تایف لەکۆنەوە سەرزەمینی عەدەوان کوڕی عەمرۆ کوڕی قەیس کوڕی عەیلان کوڕی موزێر بوو. ئەو کاتەی ژمارەی خەڵکانی مناڵەکانی عامر کوڕی سەعسەعە کوڕی معاویە کوڕی بەکر کوڕی هەوازین کوڕی مەنسور کوڕی عێکرمە کوڕی خەسفە کوڕی قەیس کوڕی عەیلان زیادی کرد و ئەمان بەسەر تایفدا زاڵبوون، دوای شەڕێکی قورس ئەم سەرزەمینەیان لەدەست ئەوان دەرهێنا. مناڵەکانی عامر هاوینیان لەتایف بەسەر دەبرد و زستان لەسەرزەمینی خۆیان نەجد. شوێنی نیشتەجێ بوونی سەقیفییەکان لەدەوروبەری تایف بوو. خەڵك سەبارەت بەوان بەجیاوازی قسەیان کردووە. دەستەیەك بەئەیادیەکانیان دەزان و وتویانە ناوی سەقیف بەمشێوە بوو: قەیس کوڕی ئەبت کوڕی مونبە کوڕی مەنسور کوڕی یەقدم کوڕی ئەفسی کوڕی دوعمی کوڕی ئەیدا لەرەچەڵەکی مەعد. دەستەیەك ئەوانیان بەهەوازین زانیوە و وتویانە ناو و نیشانی ئەوان بەمشێوەیە: قەیس کوڕی مونبە کوڕی بەکر کوڕی هەوازین کوڕی مەنسور کوڕی عێکرمە کوڕی خەسفە کوڕی قەیس کوڕی عەیلان. سەقیفییەکان ئەم سەرزەمینەیان بینی و گژ و گیا و میوە پاکەکانی سەرنجی ئەوانی ڕاکێشا. ئەوان بەعامرییەکانیان وت: ئەم سەرزەمینە بۆ کشت و کاڵ نابێت بەڵکو بۆ ئاژەڵداری باشترە. پێشنیارتان پێدەکەین ئاژەڵداری بکەنە پیشە. ئێمە خەڵکانێکین ئاژەڵمان نییە. پێشنیار بەنێوە دەکەین ئاژەڵداری و کشتوکاڵتان پێکەوە هەبێت بێ ئەوەی هەزینەیەك بدەن. زەمینەکانی

خۆتان بەئێمە بسپێرن تا بیانکێڵین و داری تیا بروێنین و چاڵی ناو هەڵکەنین و هیچ خەرجییەك نەخەینە ئەستۆی ئێوە. کاتێك کاتی کۆکردنەوەی بەرهەم بگات و میوە بەر بێت، نیوەی تەواوی بۆ ئێوە و نیوەی بۆ ئێمە کەکارمان تیا کردووە. منداڵەکانی عامر ئەم پێشنیارەیان پەسەند کرد و پێی رازی بوون و زەمینەکانیان بەوان سپارد. سەقیفییەکان لەتایف مانەوە و لەناو خۆیاندا دابەشیان کرد و زەویان کێلا و کشت و کاڵیان تیا کرد و ترێ و میوەکانی دیکەیان بەرهەم هێنا و بۆ رۆژگارێك ئەوەی بەڵێنیان بەمنداڵەکانی عامر دابوو، جێبەجێیان دەکرد. لەبەرابەر ئەم کارە عامرییەکان لەمنداڵەکانی سەقیف لەبەرابەر هێرش و تالآنی عەرەبەکان پاسەوانیان دەکرد. کاتێك سەقیفییەکان زۆربوون و بەهێز، سەرزەمینەکانی خۆیان بەهێز کرد و دیوارێکیان بەدەوری تایفدا کێشا و قەڵای بەهێزیان تیا دروست کرد و ئەوەی بەعامرییەکانیان دەدا (نیوەی بەرهەم و میوەکان) لەوانیان گرتەوە و نەیاندا. منداڵەکانی عامر ویستیان لەوانی وەربگرن بەڵام نەیانتوانی و کاتێك شەڕیان کرد نەیانتوانی سەرکەوتن بەدەست بێنن. سەقیفییەکان دوو بنەماڵەیان هەبوو: ئەحلاف و منداڵەکانی مالك. ئەحلاف لەم کارە پشکێکی گەورەیان بوو. چوارپێکانیان فراوان بوون. ئەوان یەکێك لەزەمینەکانی منداڵەکانی نەسر کوڕی معاویە کوڕی بەکر کوڕی هەوازین کەپێیان دەوت (جلزان)، کردە شوێنی پاسەوانی کردن بۆ خۆیان. منداڵەکانی نەسر لەم کارە توڕە بوون و لەسەر ئەو زەمینە شەڕیان لەگەڵ کردن و شەڕەکەیان قوڵ بوویەوە. سەرکردەی منداڵەکانی نەسر، عوفەیف کوڕی عەوف کوڕی عوبادی نەسری یەربوعی و سەرکردەی ئەحلاف، مەسعود کوڕی قەعنەب. کاتێك شەڕ لەنێوان منداڵەکانی نەسر و ئەحلاف درێژەی کێشا، منداڵەکانی مالك و سەرکردەکەیان جەندەب کوڕی عەوف کوڕی حەرەس کوڕی مالك کوڕی حوتەیت کوڕی جەشم لەسەقیفیەکان (بەهۆی ئەو رقە کۆنانەی لەگەڵ ئەحلاف بوویان) ئەم دەرفەتەیان بەهەلّ زانی و لەگەڵ یەربوعییەکان لەبەرابەر ئەحلاف بوونە هاوپەیمان. کاتێك ئەحلاف ئەمەیان بیست هێزەکانی خۆیان کۆکردەوە. یەکەم شەڕ لەنێوان ئەحلاف و منداڵەکانی مالك و هاوپەیمانەکانی لەمنداڵەکانی نەسر (لەرۆژی تایف) رویدا. شەڕێکی سەختیان کرد ونەحلاف سەرکەوتن و ئەوانیان بۆ دۆڵێك

لەولای تایف بەناوی (لحب) دورخستەوە. ژمارەیەکی زۆر لەمناڵەکانی مالك و مناڵەکانی یەربوع کوژران. ئەم جەنگە لەدۆڵێکی ئەو کێوەدا روویدا کەپێیان دەوت (ئەبان). دواتر چەند جارێك شەڕیان کرد کەهەر شەڕە و ناوی خۆی پێبڕا: شەڕی (غەمر زی کێندە) لەلای نەخلە و شەڕی (کرونا) لەلای حیلوان. عوفەیف کوڕی عەوق یەربوعی بەشێوەیەك قیژاندی کە بەگومانی عەرەبەکان، هەفتا ژنی سکپڕ لەتاوا مناڵەکانیان فڕێدا. ئەوان سەختترین شەڕەکانیان دژی یەك خستەگەڕ و دواتر بلاوەیان لێکرد. مناڵەکانی مالك ویستیان ببنە هاوپەیمانی دوس و خەسعەم و هاوشێوەکانی ئەمانە تا لەبەرابەر ئەحلاف شەڕ بکەن. ئەحلاف رۆشتنە مەدینە و داوای هاوپەیمانیان لەئەنسار لەبەرابەر مناڵەکانی مالك کرد. مەسعود کوڕی موعتەب رۆشتە لای ئوحەیحە کوڕی جولاح یەکێك لەپیاوانی عەمرۆ کوڕی عەوق لە ەوس (کە لەگەورەکانی ئەنسار لەزەمانی خۆیدا بوو) و داوای هاوپەیمانی لێکرد. ئوحەیحە وتی: سوێند بەخوا هەر پیاوێك کە لەناو خەڵکەکەی خۆی بێتەدەر و خوازیاری هاوپەیمانی خەڵکانیتر بێت، بۆ بەرژەوەندی ئەوان شتێکی خراپتر لەوە دەگرێتە ئەستۆ کەلێی هەلاتووە و بۆ چارە کردنی بەدوای هاوپەیماندا دەگەڕێت. مەسعود پێی وت: من برای تۆم(ئەوان پێکەوە هاورێ بوون). ئوحەیحە وتی: برای تۆ ئەو کەسەیە لەپشت سەرت بەجێت هێشت. بۆ لای بگەرێرەوە و ئاشتی لەگەڵدا بکە هەرچەند بەبەهای برینی لوت و گوێچکەت بێت. ئەگەر لەگەڵ ئەودا ناسازگار بیت، کەس چاکە لەگەڵ تۆ ناکات. مەسعود لای ئوحەیحە هەستا و ئوحەیحە ساز وبەرگ و توێشو و کەرەستەی شەڕی پێدا و کۆیلەیەکی پێبەخشی کە لەمەدینە قەلای دروست دەکرد و دیوارەکانی بەرز دەکردەوە. ئەو بۆ مەسعود کوڕی موعتەب چەندین قەلای دروست کرد کە لەیەکەمین قەلاکانی تایف بوون و دوای ئەوە بوو قەلاکان لەتایف سەریان بەرز کردەوە. دوای ئەوە شەڕێکی شیاوی باس لەناو ئەوان روی نەدا. ئەوان سەبارەت بەشەڕەکانی خۆیان شیعری زۆریان وت. لەوان وتەکانی (موخەبیر) یانی هەمان رەبیعە کوڕی سوفیان یەکێك لەپیاوەکانی عەوف کوڕی عوقەدە لەئەحلافە کەدەڵێت:

و ما كنت ممن ارث الشر بينهم و لكن مسعودا جناها و جندبا
قريعى سقيف انشبا الشر بينهم فلم يك عنها منزع حين انشبا
عناقا ضروسا بين عوف و مالك شديدا لظاها تترك الطفل اشيبا
مضرمة شبا اشبا و قودها بايديهما ما اورياها و اثقبا
اصابت براء من طوايف مالك و عوف بما جرا عليها و اجلبا
كجمثورة جاؤوا تحطوا مآبنا اليهم و تدعو فى اللقاء معتبا
و تدعو بنى عوف بن عقدة فى الوغى و تدعو علاجا و الحليف المطيبا
حبيبا و حيا من رباب كتائبا و سعدا اذا الداعى الى الموت ثوبا
و قوما بكروثاءشنت معتب بغارتها فكان يوما عصبصبا
فاسقط احبال السناء بصوته عفيف اذا نادى بنصر فطربا

واتاکەی: لەو کەسانە نەبووم شەڕ و هەرا لەناو ئەواندا هەڵگیرسێنم. مەسعود و جەندەب ئەم شەڕەیان لەناو ئەواندا هەڵگیرساند. دوو دورخراوەی قورەیش کەناگری شەڕیان لەناو ئەم خەڵکەدا داگیرساند و کاتێك ئاگر بڵێسەی سەند، کەس نەیتوانی خۆی لێ رزگار بکات. پێشهاتێکی سەخت و گران و زیانبار لەنێوان عەوف و مالك، ئاگرێکی بەبڵێسە کەهەر منال و پیرێك لەناو دەبات. ئەو دوانە زەوییان هەڵکۆڵی و شەڕیان بەرێخست و شیاوی ئەوە بوون گیانبازان بەخاك بسپێرن چوونکە لەسەرەتاوە، شەڕێکی سەخت و مەترسیداریان داگیرساند. عەوف و بەرا بەو بەڵایانەی بەسەر بنەماڵەکانی مالکیان هێنا، ئەوانیان جەرگ سوتاو کرد. وەك تۆپەڵێك خۆڵ بۆ شوێنی گەڕانەوەی ئێمە هاتن و هێرشیان کردە سەر ئەوان و موعتەب خەڵکی بۆ شەڕ هان دەدا. کوڕانی عەوف کوڕی عوقەدە، عیلاج و ئەو هاوپەیمانانەی بەگولاو دەستیان شۆردبوو، پیاوانیان بۆ کوشتاری یەکتر هان دەدا. حەبیب و چەندین بنەماڵە لەرەباب ك دەستە شەرکەرەکانیان دروست کرد و سەعد لەو کاتەی جارچی مەرگ هاواری دەکرد، روی کردە ئەوێ. خەڵکانێك لەسەرزەمینی (مەکروسا) موعەتەب، بەهێرشەکانی خۆی هانیدان و رۆژێکی سەختی خولقاند. ئەوسا، کاتێك عوفەیف لەتوندی و سەختی شەڕ بێزار و بەدەنگی بەرز پیاوانی خۆی بۆ یارمەتیدان بانگ دەکرد، ژنە سکپڕەکان منداڵەکانیان فرێدا.